# هەڵوێستە

یەکێک لەو پرسیارە گرنگانەی بەردەوام ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵگایەک دەبێتەوە، مەسەلەی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و سبەینێیی ئەو کۆمەڵگایەیە. لە هیچ شوێنێکیشدا چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییە ئەوەندە ئاشکرا نییە، وەک لە پەیوەندی نێوان نەوەکاندا بەدەردەکەوێت. لەسەرانسەری دنیای ئەمڕۆدا کۆمەڵگایەک شکنابەین چەندان دەزگا و دامەزراو و کۆڕ و کۆمەڵ و پلان و نەخشە و تاکتیک و ستراتیژیەتی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە تێدانەبێت. زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین، یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە، چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانەیە کە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگایە بە ئێستایەوە و نەوەکانی دوێنێی بە نەوەکانی ئەمڕۆیەوە گرێدەدات.

بۆ کۆمەڵگایەک خۆی بە کراوە بزانێت و بیەوێت دیموکراسییەت بنیادبنێ و بپارێزێت، لەزۆر ڕووەوە ئەم بنیادنان و پاراستنە، وابەستەی ئەوەیە تاچەند پەیوەندی نێوان نەوەکان کراوە و تاچەند ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە لەسەر بناغەی قبووڵکردنی یەکدی ڕاوەستاوە و تاچەند پانتایی کراوە لەبەردەم نەوە نوێکاندا ئامادەیە، بۆئەوەی بتوانن دیدی خۆیان لە واقیعی خۆیاندا پیادەبکەن و ئەو فۆرمە بە ژیان و ئەخلاق و مامەڵەی خۆیانبدەن کە دەیانکاتە بوونەوەری بەختەوەر و بەرپرسیار و ئەکتیڤی ناو ئەو دنیایەی تێیدا دەژین. هیچ شتێک بەقەد ئەوە زیان لە دیموکراسییەت و مۆدێلی دیموکراسییانە ناگەیەنێت کە دەسکاریکردنی ئەو پەیوەندییانە و ڕێکخستنەوەی دیموکراسییانە، تەنها لەئاستی کۆمەڵێک وادە و بەڵێن و قسەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بمێنێتەوە. لەڕاستیشدا هەر دەسکاریکردنەوەیەکی ئەم پەیوەندییانە بەبێ ڕێکەوتن لەسەر ئەو مافەی، کە ئایندە موڵکی هەمووانە و هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لەسەر فۆرمی ئەو ئایندەیە بدوێ و ئەو وێناکردنەی بۆ ئایندە هەیەتی بێترس دایڕێژێت و بەرگری لێبکات و پراکتیکیشیبکات، شتێکی بێمانا و بێناوەرۆکە. بێگومان کەس ناتوانێت لە سەر ئایندەی خۆی و نیشتیمان و کۆمەڵگاکەی بدوێت، گەر لە ئێستادا مافی قسەکردنی لێسەندرابێتەوە، یاخود بەشێوەیەک پەراوێزکرابێت کە قسەکانی هەموو قوورساییەک و هەموو هەلێکی پیادەکردنیان لەناو واقیعدا لێسەندرابێتەوە. بەبێ بوونی فەزایەکی کراوە، هەموو قسەکردنێک لەسەر گوێگرتن لە دەنگی نەوە جیاجیاکان و بانگێشەکردنی گۆڕانی پەیوەندییەکان، جگە لە کۆمیدیایەکی بێئەنجام شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. تەنها لەفەزایەکی کراوەی پڕ لە گوێگرتن و ئاڵوگۆڕی ئەرگومێنت و بەرپرسیارێتیدا دەشێت خەیاڵی نەوەیەک لە نەوەکان ببێتە بناغەی کارکردنە عەقڵانییەکانی نەوەیەکی دیکە و مژدەکانی یەکێکیان ببێتە سەرزەمینی بەرهەمهێنانی ئینتیمای پتەوی ئەوانی دیکەیان.

بێگومان وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی داخۆ ئەم فەزایە چ فەزایەکە و ئەم کرانەوەیە چییە و چۆنە و لەکوێی کۆمەڵگا و سیاسەت و فیکردایە، کات و شوێنێکی زۆری ئەوێ و گۆڤارەکەی ئێمەش، گۆڤاری ڕەهەند، بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی دەستنیشانکردنی  چوارچێوە گشتییەکانی ئەو فەزایەی داوە و خۆشی بەیەکێک لە گەمەکەرە ئەکتیڤ و چالاکەکانی خوڵقاندنی ئەو فەزایە زانیوە و دەزانێت. بەڵام لێرەدا جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە دووبارەدەکەینەوە کە زەحمەتە بتوانین قسە لە بوونی فەزایەکی کراوە بکەین بەبێ بوونی ئیرادە و ئامادەگییەکی سیاسی و کولتووری و مەعریفی بەردەوام بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەو بنەما و شوێنگە (موقع) کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقی و مەعریفییانەی لەم ساتەدا لە کوردستاندا ئامادەن. ئەگەر خوازیاری ئەوەین کۆمەڵگایەکی کراوەمان هەبێت کەتێیدا نەوە جیاوازەکان بەشێکی ئۆرگانییانەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایە بن و کار بۆ بەرهەمهێنانی ئێستا و ئایندەیەک بکرێت کە هەمووان بە موڵکی خۆیانی بزانن، ئەوا دەبێت ئامادەبین بە کۆی ئەو ڕێککەوتن و پەیمانە (اتفاق ـ عقد) کۆمەڵایەتییانەدا بچینەوە کە کۆمەڵگای ئێمە لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بەرهەمیهێناون و لە ئێستادا بۆتە چوارچێوەیەکی گشتی، کە لە دووتوێدا دەستنیشانی هێز و دەسەڵاتی نەوە و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەی تێدا دەکرێت. ئەم سەرلەنوێ پێداچوونەوە و پێناسکردنەوەیە ئەمڕۆکە یەکێک لە گرنگترین کارەکانی سیاسەت و فیکر و ململانێی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا پێکدەهێنێت.

لەجەوهەردا هەموو پێداچوونەوەیەک بە پەیمانە کۆمەڵایەتییەکاندا پێداچوونەوەی چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵاتی مادی و ڕەمزی نێوان هێز و نەوە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە. لەم پرۆسەیەدا یەکێک لەو گۆڕانە گرنگانەی کە ڕوودەدات، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕەگەزەکانی ئەو سەرمایە ڕەمزییەیە کە

لەو کۆمەڵگایەدا باڵادەستە. ئێمە دەزانین بەشێکی گەورەی سەرمایەی ڕەمزی باڵادەست لەمڕۆکەی کوردستاندا وابەستەی ئینتیمای حیزبی، ناوچەیی، خێزانی و ئاینییە و دوورە لە پرنسیپەکانی عەدالەتخوازی کۆمەڵایەتی و بەهرە و توانا و سەلیقەی دیاریکراوی تاک و گروهە جیاجیاکانی ناو کوردستان. سەرمایەی ڕەمزی لای ئێمە سەرمایەیەکە لە ڕابردوویەکی دێرینی نادیموکراسی و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و باڵادەستی سەلەفییەتی سیاسی و ئەخلاقی و مەعریفییەوە هاتووە و وابەستەی هەلومەرجێکی تایبەتە کە ئەمڕۆ لەزۆر ڕووەوە لە کوردستاندا بوونی نەماوە. لەدوای ئازادی و کۆچ و شەڕی ناوخۆ و دەساڵی حوکمکردنی کورد خۆی و دابەشبوونی کوردستانەوە، جیهانێک لە کوردستاندا ئامادەیە کە جیهانی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین نییە. لەم جیهانەدا نەوەیەک یان چەند نەوەیەک هاتوونەتە کایەوە، کە سادەترین داواکارییان بریتییە لە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و پێداچوونەوەی کۆی ئەو پێناسانەی کە نەوەی پێشوو بۆ جیهان و کۆمەڵگا و ئەخلاق و سیاسەت و کولتوور و فیکر و ڕابردوو و ئێستا و ئایندە هەیەتی. ئەم نەوەیە چیدی نایەوێت لەنێو ڕابردووی حیزبی هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا بەندکرێت و ناتوانێت پێناسی بۆ سیاسەت گفتوگۆی شاراوە و ژێرپەردەی چەند حیزب و گروپ و سەرکردەیەک بێت لەنێو کۆمەڵێک ژووری داخراوی پڕنهێنیدا . ئەم نەوەیە خوازیاری ئەوەیە سیاسەت بێتە سەرجادە، بچێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان، ببێت بە بەشێک لە گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام و بەرفراوان، زیاد لە میدیایەک هەبێت بۆئەوەی لەخۆیگرێت، واتە مشتومڕێکی کۆمەڵایەتی گەورە فۆرمولەیکردبێت، فۆرمی ڕاپرسین و ڕیفراندۆم و دەنگدان وەرگرێت و ئەو بەڵێنانەی کە دەدرێن ببنە پراکتیک و جێبەجێبکرێن. بە کورتی سیاسەتێک کە بخوازێت زیاد لە نەوەیەک و زیاد لە هێزێک و زیاد لە دیدێک ئەکتیڤبکات. لە سەرەتاکانی ئەم هەزارە نوێیەدا ئەو کۆمەڵگایەی ئامادەنەبێت لەبەردەم گۆڕانە گەورەکان و لەبەردەم نەوە تازەکانیدا بەم پرۆسە بەرفراوانەی پێداچوونەوەی مانا و پێناس و میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتی ڕەمزی و نارەمزیدا بچێتەوە، جگە لە بنیادنانی دنیایەکی پڕ لە ناکۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی، هیچی دیکە دروستناکات. لە مێژووی کۆمەڵگاکانیشدا نموونەی گەشەسەندنی ئەو کێشە و ململانێیانە بۆ قەیرانی سیاسی و ڕاپەڕین و شۆڕش پێکدادانی توندوتیژانە زۆرن.

یەکێک لە جیاوازییە هەرە گەورەکانی نێوان کۆمەڵگا کراوەکان و کۆمەڵگا داخراوەکاندا لەوەدایە کە یەکەمیان بەردەوام لەبەردەم پێداچوونەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و ڕیزکردنەوەی شوێنگەکانی ناو کایە جیاجیاکانی هەناوی خۆیدایە، لەکاتێکدا لە دووهەمدا شتەکان بۆیەکجار دابەشکراون و بۆیەکجار ناونراون و بۆیەکجار پێناسکراون و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوە و ڕیزکردنەوەی شوێنگەکان بەریانپێدەگیرێت.

گەر سەرنجێکی ورد بدەینە دونیای پڕ لە مژدە و دژایەتی و ناکۆکی خۆمان، دەبینین لە کوردستانی ئەمڕۆدا چەندان حیزب و فەرمانڕەوایی ناوچەیی ئامادەن، ئابووری کوردستان ئەمڕۆکە لەزۆر ڕووەوە لە قۆناغەکانی بەر لە ئێستا چالاکتر و دەوڵەمەندتر و کراوەترە و ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بڵاوکراوانەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا دەردەچن لە مێژووی کوردیدا بێوێنەن. دەسەڵاتداران کوردن و توانای پەیوەندی و هاتوچۆیان بۆ ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لەناوچەکە و جیهاندا لە هەمووکات گەورەتر و کراوەترە. کوردستانی باشوور بەپێی بڕیارێکی نێونەتەوەیی شێوە پارێزراوە و تائەم چرکەساتەش هیچ ئاماژەیەک لەئارادانییە کە ناپارێزرێت. کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا ئەمڕۆکە لەزۆربەی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەکاندا داخستنێکی گەورە و بەرچاو دەبینین، هەڵهاتنێکی بێوێنەی نەوەی نوێ دەبینین، بە دەگمەن نەبێت گۆڕانێک نابینین کە ئاماژەبێت بۆ جۆرێک لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سیاسی. تا ئێستاش کۆی ئەو پەیمان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییانەی لە کوردستانی ئێمەدا باڵادەستن، بریتیین لە ڕێککەوتنی نەوە کۆنەکان. دنیای ئێمە لە وێناکردنەکانی ئەو نەوانەوە دەبینرێت و لە دیدی ئەو نەوانەوە پێناسدەکرێت و لە بۆچوونی ئەوانیشەوە ڕێکدەخرێت. تا ئێستا لە هیچ کایەیەک لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا ، لە سیاسەتەوە بۆ ئەخلاق، لە کولتوورەوە بۆ میدیا ، لە حیزبەوە بۆ خێزان پێداچوونەوەیەکی ڕاستەقینە بە پەیمان و ڕێکخستنە کۆنەکاندا لە ئارادا نییە و تا ئێستا نەوە کۆنەکە پێناس و مانا و دیدی خۆی بەسەر کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئەخلاقی و کولتووری ئێمەدا سەپاندوە. ئەم سەپاندنە بە ئەندازەیەکە تا ئێستاش سیستمی خوێندن لە سەرەتاییترین ئاستییەوە بۆ باڵاترین پلەی کە زانکۆیە لە میتۆدەکانی سیستمی خوێندنی بەعسیزم ڕزگاری نەبووە، میدیای ئێمە و لاپەڕەی گۆڤارەکان لەسەر هەمان مۆدێل ڕێکخراون و ڕێکدەخرێن، مەسەلەی دۆزینەوەی کار و وەرگرتن لە دەزگا گشتییەکاندا بەهەمان مۆدێلی حیزبی بەڕێوەدەچێ و زۆربەی دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ گرێدراون بە ئینتیمای حیزبی و خزمایەتییەوە. بێگومان ئەم قسانە مانای بێفەڕکردنی ئەم ئەزموونەی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیلێێن بچوکی ئەو کارانەیە لەچاو ئەو هەموو خراپەکارییە ستراتیژیانەدا کە کوردستان کورتدەکاتەوە بۆ ماڵی حیزب.

بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین «سیستمی سیاسی کوردی» لەم دەساڵەی دواییدا بە پلەی یەکەم بریتیبووە لە ئیدارەدانی ئەو ناکۆکییە کوشندە و وێرانکەرەی، کە لە نێوان پارتی و یەکێتی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە. لەم دەساڵەدا مانا سەرەکییەکانی سیاسەت لە کوردستانی ئێمەدا ئیدارەدانی ئەم ناکۆکییە ناوەکییە ناعەقڵانییە بووە کە ئەم دوو حیزبە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردیان کردۆتەوە. ئەم سیاسەتە نەک نەیتوانیوە گەنج و کەرتە لاوەکانی کۆمەڵگای ئێمە بدوێنێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ ناکۆکییە کۆنەکانی مێژووی ئێمەی بەسەر نەوە نوێکانی کوردستانیشدا سەپاندووە. بێگومان ئەم ناکۆکییانە نەک ناکۆکییەک نین نەوە نوێکان لە کوردستاندا بەرهەمیانهێنابێت یان لێی بەرپرسیاربن، بەڵکو بۆماوەی ناکۆکی نەوە کۆنەکانی کۆمەڵگای ئێمەن و ڕاستەوخۆ نەوە نوێکانی کوردستانی تێوەگلاوە. هێزێکی ڕاگەیاندن و ئابووری و چەکداری گەورەش لە کوردستاندا بۆ سەپاندنی ئەم ناکۆکییە دێرینانە بەسەر نەوە نوێکانی کوردستاندا خراوەتەگەڕ و لەهەر خانەیەکی کۆمەڵایەتییدا هەوڵیداوە ئەم ناکۆکییە بکاتە ناکۆکی نەوەی نوێ.

گەڕاندنەوەی هەر مانایەک بۆ سیاسەت، بەتایبەتی سیاسەتێک بخوازێت لەگەڵ نەوە نوێکانی کوردستاندا بدوێت، دەبێت ماڵئاوایی لەم مانا کۆنە بکات، کە هیچ ڕەهەندێکی نەتەوەیی و ئینسانی تێدانییە. ئەوەی کوردستان پێویستێتی سیستمێکی پەروەردەیی نوێیە، کە بتوانێت لە زمانی نەوە نوێکانی کۆمەڵگای ئێمە تێبگات و بە میتۆدی زانستی نوێ گۆشیانبکات، سیستمێکی سیاسییە کە ئامادەیی واڵاکردنی سنوورەکانی خۆی تێدابێت بۆ کۆمەڵێک پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی تازە. سیسمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە نەوەی نوێ لەهەناوی هەموو دەزگا و دامەزراو و پلان و وێناکردنانیدا بەشدار و ئامادەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە سیستمێکی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کراوە هەیە کە تێیدا هەر گروە و لایەن و تاکێک بتوانێت دەربارەی خۆی و کێشە و خەونەکانی بدوێ و فەزایەکی سیاسی کراوەیان لەبەردەمدابێت کە کێشەکانیان لە قسە و ئاخاوتنەوە بکەن بە بەرنامە و پراکتیکی چارەسەرکردنیان. ئەمڕۆکە کوردستان پێویستی بە زمانێک هەیە کە بە چەمکەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و قازانج و بەرپرسیارێتی گشتی بدوێت. زمانێک کە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی دروستکات و تێیدا نەوە نوێکان هەستبکەن کە کاری ئەوانە جیهانی دوای دەهەیەکی دیکە بەڕێوەبەرن و بەردەوامییەک بدەن بە مێژوویەک، کە ئەوان لە ئێستاوە یەکێک لە گەمەکەر و بکەرە سەرەکییەکانی ناوین.

گەر ئەم خاڵە وردتر بکەینەوە، دەکرێت بڵێین، کۆڵەکەی سەرەکی ڕێکخستنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کراوە لە کوردستانی سبەینێدا دواندنی ئەم نەوەیەیە و تێگەیشتنە لە کێشە و خواست و خەونەکانی. ئەرکی گوتاری سیاسی نوێ ئەوەیە کە ببێتە زمانی قسەکردنی دەسەڵاتێکی شەرعی لەگەڵ هاووڵاتییەکانیدا؛ ئێمە لێرەدا زۆر بە توندی پێ لەسەر چەمکی هاووڵاتی دادەگرین و دەیکەینە ئەلتەرناتیڤی ئینتیمای حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکی. کە دەشڵێین هاووڵاتی، مەبەستمان هاووڵاتیی ئازادی خاوەن ئیرادە و خەون و توانای هەڵبژاردنی سەربەخۆیە. غیابی چەمکی هاووڵاتی لە گوتاری سیاسی کوردیدا غیابێکی ترسناکە و لەپشتییەوە پرۆسەیەکی گەورەی بێبەریکردن و دابڕاندنی نەوەی نوێ لە بەشداربوون لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئامادەیە. بەردەوامبوون لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەدا دەرەنجامی کارەساتاوی لێدەکەوێتەوە و ململانێی چاوەڕواننەکراو بۆ دەسەڵاتی سیاسی دروستدەکات. گەر ئەمڕۆکە بە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری نەوەی نوێ ئەم قەیرانانە بەتاڵبکرێنەوە، سبەینێ ئەم دەرگایە بەکراوەیی نامێنێت و گۆی ئەو کێشانە دەگەڕێنەوە بۆ ناو وڵات.

بێگومان هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون چەمگەلێکی گرنگی فەلسەفەیەکی سیاسیین، کە کۆڵەکەکانی لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی ڕاوەستاوە. بەبێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ناکرێت قسە لە چەمکی هاووڵاتی و لە خەونی بەهاووڵاتیبوون بکرێت. عەدالەتی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی سەرمایەی ڕەمزیی و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و بناغەی هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوی هەیە. لە کوردستانی ئێمەدا ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایەتی و حیزبی و ناوچەیی و خێڵەکییانەی هێجگار گەورە هەیە، بنەبڕنەکردنی ئەم ناعەدالەتییانە لەڕێی دەسکاریکردنێکی ڕاستەقینەی یاسا و ئەخلاقیاتی سیاسی و سیستمی پەروەردە و میکانیزمەکانی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی شێوازە جیاجیاکانی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات. لەم ئاستەشدا کوردستان پێویستی بە سیستمێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی هەیە بە زمانێک بدوێت کە تەواو نوێ بێ؛ زمانێک کە بەناو لێپرسینەوەیەکی ئەخلاقی و سیاسی و نەتەوەیی بەرفراواندا تێپەڕێ و ڕووی لە ئایندەیەک بێت کە هەمووان بە ئایندەی خۆیانی بزانن. هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بە دەرئەنجامێکی زۆر سانا دەگەین: سیاسەت بۆئەوەی بتوانێت بەزمانی لاوان و گەنجانی وڵاتی ئێمە بدوێت، دەبێت خۆی گەنجببێتەوە.

سیستمی سیاسی دەبێت ئەو هەستە بە بەرپرسیارێتی لای لاوان دروستکات کە پاراستنی ئەم ئەزموونە پاراستنی کۆمەڵێک سود و دەسکەوت و قازانجی کۆمەڵایەتی و تازەکردنەوە و بەرفراوانکردن و

بەختەورەکردنی جیهانی ئەوانە. نەوەی نوێ دەبێت ئەو هەستەی لادروستببێت کە بەرگریکردن لەخۆی مانای بەرگریکردنە لەم ئەزموونە، نەک بەپێچەوانەوە لەنێوان بەرگیکردن لە خۆی و بەرگریکردن لەم ئەزموونە ناکۆکییەکی گەورە ببینێت و تاقە چارەسەریشی سەرهەڵگرتن بێت. مرۆڤ ڕۆحی هاووڵاتیبوونی تێدا دروستنابێت گەر هاتوو چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەئارادانەبێت، پێشوەخت کۆمەڵێک ماف و دەسکەوت و هەلومەرجی عەدالەتخواز و مژدەی واقیعییانەی بۆ دروستنەکرابێت. چونکە دروستبوونی هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو دنیایەی تێیدا دەژین بە نەسیحەت و وەعز و بەڵێن و مژدەی ئایدیۆلۆژییانە نایەتەدی، بەڵکو بە ئامادەگی چوارچێوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دێتەکایەوە کە مرۆڤەکان لەناویاندا بتوانن بەپشتئەستووربوون بە کۆمەڵێک ماف و پێدراوی پێشین، ژیانی خۆیان ڕێکخەن و مانایەک بەبوون و بەختەوری خۆیان ببەخشن. هاووڵاتیبوون چەند ئەرک و قورساییەکی مەعنەوییە کە مرۆڤ ووشیارانە دەیخاتە سەرشانی خۆی، بەهەمان ئەندازەش دەرەنجامی بوونی کۆمەڵێک مافی مەدەنی سەرەتایی و پێشوەخت پێدراوە لە فۆرمی چوارچێوەیەکی تایبەتدا بۆ ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. تەنها لەهەلومەرجێکی تایبەتی لەم بابەتەدایە گەنجان دەتوانن گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆیان ڕاستەوخۆ ببەستنەوە بە پاراستنی ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەوە کە لەناویدا دەژین.

خاڵێک کە دەبێت لای هەر حیزبێکی سیاسی لە کوردستاندا ئاشکرابێت، بەتایبەتی دوو حیزبە گەورەکە، ئەو ڕاستییە کە لە پشتی چوونی ژمارەیەکی بەرێژە گەورەی خەڵک بۆناو ڕیزەکانی ئەم دوو حیزبە، لەپاڵ پاڵنەرە ئایدیۆلۆژی و عەقایدییەکاندا، جۆرێک لە ناچاری و جەبری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئامادەیە. مۆنۆپۆڵکردنی ئابوری و دەسەڵات و هەلومەرجی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و میهەنی و هتد... وایکردوە ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لەناو دەزگاکانی حیزبدا دەسبەکاربن، ئەمەش بۆ حیزبێکی سیاسی کە خەمی ئایندە و نەوەکانی دواتر و خەمی ڕاستەقینەی خۆشی بخوات، نەک جێی دڵخۆشی نییە، بەڵکو دەبێت سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێ و خولیای گۆڕانی گەورە گەورەبێت. هەر لەم سیاقەشدا با جارێکی دیکەش پێ لەسەر ئەو خاڵە داگرین، کە هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی چیدی ناتوانێت تەنها لەسەر ڕابردووی خۆی و گەورەیی گۆڕستانی شەهیدەکانی بژی. زۆربەی ئەوانەی لە سەرەتای هەشتاکاندا لەدایکبوون نە بەعس و نە ڕابردووی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ناناسن. لەڕاستیدا ناسینی ئەم دووانەش بۆ ئەم نەوە نوێیە بەس نییە بۆ ئەوەی بیانکاتە بوونەوەرێکی بەرپرسیار و وایانلێبکات هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن. ئەم نەوەیە خەیاڵێکی سیاسی و خەیاڵێکی کۆمەڵایەتی و تاڕادەیەک مەعریفی جیاوازی هەیە. ئەو ڕووداوانەی کە لە دەساڵی ڕابردوودا، خەیاڵی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئەم نەوەیەی داڕشت، بریتیین لە ڕووداوە کوشندەکانی شەڕی ناوخۆ و ئەو سیاسەتی پاکتاوکردنی سیاسییەی بەجێیهێشتوە؛ لەپاڵ ئەمانەشدا ئەو ناعەدالەتییە گەورەیەی کە پرۆسەی بە حیزبیکردنی کۆمەڵگای لە کوردستاندا بەرهەمیهێناوە و، نەمانی زۆر حەرامی سیاسی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دیکەش وێنەکە تەڵختر و ترسناکتر دەکات. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لێرەدا جەغتی لێبکەین ئەو ڕاستییەیە، کە ئەم نەوە تازەیە هاتۆتە سەر ئەم پاشخانە تایبەتە، نەک ڕابردووی سیاسی بەعس و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان.

لێرەوە فرۆشتنی ڕابردوو بەم نەوەیە تاقە شتێکە کە کارناکات و، پڕکردنی میدیاکانی حیزب لە حیکایەتی سەروەری خودی حیزب و سەرکردە و ئەندامەکانی، جگە لە گەورەکردنی مەسافەی دابڕانی نێوان ئەم نەوە نوێیە و دەسەڵاتدران و نەوەی کۆن لە کوردستاندا هیچ دەرەنجامێکی دیکەی نابێت. ڕابردووی حیزبەکان تەنها لە کاتێکدا مانا پەیدادەکات کە ئێستا و ئایندەی ئەو نەوەیە بە کۆمەڵێک مژدەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری بارگاویکات. تەنها لەبەردەم کۆمەڵێک مژدەی واقیعیدا بە ئایندەیەکی جوان، ڕابردوو مانایەک پەیدادەکات. حیزبێکیش گرەوە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان دەباتەوە، کە دامەزراندنی شەرعییەتی خۆی لەسەر موڵکایەتی ڕابردوویەکی خەباتگێڕەوە بگوازێتەوە بۆ خەبات لەپێناوی بنیادنانی ئایندەیەکی ئاسودەی فرەدەنگ و ڕەنگ. جگە لەم خاڵە هەر حیزبێک بخوازێت ئایندە بباتەوە، دەبێت ببێتە دەرهێنەرێکی نەتەوەیی و ڕابردوو لەوە دەرکات کە ڕابردوویەکی حیزبی بێت. بەبێ ئەم گۆڕانە لە سیاسەتی یادەوەری و بەبێ بەدیموکراتیزەکردنی یادەوەری نەتەوەییمان و ڕیفۆرمی کۆی سیستمی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکەمان، زەحمەتە سەرەتاکانی سیاسەتێکی ڕاستەقینە و عەقڵانی لە کوردستاندا دامەزرێنین، کە نەوە نوێکانیش خۆیان بە درێژکراوەی بزانن و بەشێوەیەک لەشێوەکان وەک موڵکی خۆیان ببینن. سیاسەت لە وڵاتی ئێمە ئەبێت ئیدی پرسیارێکی ڕۆشنگەرانە بکات و لەدوای ئەو هەموو کارەساتەوە بپرسێت: چۆن بتوانین بەختەوەری و سەربەخۆیی و عەدالەت بۆ هەمووان دەستەبەرکەین؟ تەنها لە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارەدایە نەوە نوێکان دەتوانن خۆیان بە بەشێک لەو دنیایە بزانن کە ئەمڕۆ ناوی کوردستانە، نەک بە لێشاو وڵات بەجێبهێڵن و لە جوگرافیاکانی تردا بەدوای بەختەوەری و شوناس و هاووڵاتیبووندا بگەڕێن.

لێپرساوانی ژمارە

# کۆمەڵگا و منداڵە نامۆکانی
# خوێندنەوەیەک لە وێنە و ئەفسانەکانی سەفەر و تاراوگەبووندا

«بەشی یەکەم»

**بەختیار عەلی**

کارڵ شتات: ئەی ئەگەر غەریبەیەک داوای زانیارییەکی لە غەریبان کرد، «چی دەبێت» ؟
ڤالەنتین: زۆر ئاسانە، غەریبەیەک لە شارێکی غەریبدا، شتێک لە غەریبێک دەپرسێت، کە بەلایەوە غەریبە، ئەوسا غەریبەکە بە غەریبەکە دەڵێت، بەداخەوە ئەوا لای من غەریبە، چونکە منیش غەریبم.

کارل ڤالەنتین

ڕۆژێک دێت/ مرۆڤ دەیەوێت ڕووبکاتە غوربەت/ لەو جێگایەی لێیدەژی/ شتەکان هەموو بچکۆلانە دیارن/ ئەو ڕۆژە دێت / مرۆڤ بەرەو غوربەت کۆچدەکات/ ئیدی ناپرسێت/ لە پاشەڕۆژدا چی دەبێت/ ئەوەتا کەشتییەکی سپی .... دەریا تەیدەکات/ من دڵم بۆ دووری لێدەدا/ کەچی لە و سەرزەمینە دوورانەوە/ شەیدای ماڵ دەبمەوە/ لەوێ بە هەورو با دەڵێم/ هەڵمگرن لەگەڵ خۆتان/من هەموو وڵاتانی غەریبی/ بە سەفەرێکی نیشتیمان دەگۆڕمەوە

فریدی کوین

کە هەنگاو لێی نزیکدەبێتەوە، هەنگاوەکانی خێرادەکات،
ناچێت ئێواران خۆبەخۆ پیاڵەیەک فڕکات
چونکە تائێستا غەریبی هەر لە سیمایایەتی
من پێیدەڵێم لەیادیکە ... لەیادیکە، تۆ بۆ ئێمە غەریب نیت
ئەو دەڵێت : زۆرو گرانە، ئەوەی تۆ داوایدەکەیت

گۆرانی ناو فلیمێکی دۆکۆمێنت

وێنەکانی شوێن خەونەکانی کۆمەڵگان

سیگفرید کراکاوەر

پێویستیم بە دۆست نییە، دوژمنانم پێ چاکترن

دیلان تۆماس «پزیشک و ئەهریمەن»

غوربەتی باوکم بوو بە نیشتیمانی من، نیشتیمانی باوکم بوو بە غوربەتی من

نامەی گەنجێکی پازدەساڵی تورک

ئەم باسەی بەردەستتان باسێکە دەربارەی ماناکانی کۆچ و ئەگەرە ناوەکییەکانی ناو ئەم داستانە تازەیەی دونیای ئێمە، هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو خیانەتە گەورانەی کۆچبەری ئێمە لە نامۆبوونی خۆیی دەکات. ئیشکردنە بە ئاڕاستەیەکی دیکە لەسەر غوربەت. غوربەتێک کە تەنیا ڕەهەندی تراژیدی نییە، بەڵکو دۆخێکی پۆزەتیڤە. قورسایی ئەم باسە لەسەر خوێندنەوەی پەیوەندی نێوان کۆچبەرو نیشتیمانی خۆیەتی، نەوەک کۆچبەرو وڵاتەکانی تاراوگە. بانگەوازێک نییە بۆ کۆچ، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بەکارهێنانی نامۆبوون وەک چەکێکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی کاراکتەری کەسی کۆچبەر. بەدیوێکی دیکەشدا ئەم باسە تەرخانە بۆ سەیرکردنی شوێنی ئەفسانە لە ژیانی کۆچبەردا. ئەفسانە بەو مانایەی وشەکان و دیاردەکان لە دونیای کەسی نامۆدا هەرگیز بە مانا ڕاستەقینەکانی خۆیان بە کارناهێنرێن، بەڵکو بەردەوام مانایەکی تریان هەیە و پابەندی ویستێکی دیکەن، پەردەپۆشییە لەسەر هەقیقەتێکی دیکە، قسەکردنە لەسەر ئەو نەفرەتەی کۆچبەر لە کۆمەڵگای خۆی دەکات و دواتر لێی پەشیماندەبێتەوە، قسەکردنە لەسەر ئەو نەفرەتەی کۆمەڵگا لە کۆچبەری دەکات و دواتر ئەویش لێی پاشگەزدەبێتەوە، قسەکردنە لەسەر ئەو یاری عەشق و کینەیەی لە نێوان کۆچبەر و نیشتیماندا هەیە...

لەبەرئەوەی دونیای کۆچبەر دەریایەکی ئاڵۆزە لە زۆر شوێندا ناچارم تەنیا لەدەرگای بابەتەکان بدەم و ئاڕاستەیەکیان تیا دیاریبکەم و هەقیقەتێکی سەرەتاییان تیا بدۆزمەوە، لە کاتێکدا دەکرێت بۆ هەر تەوەرێک لەو تەوەرانە شوێنی زیاتر بپشکنین و ڕێگای زیاتر تاقیبکەینەوە. بەجۆرێک دواجار ئەم باسە وەک کۆمەڵێک تێبینی و زنجیرەیەک تێڕامانی خێرا دەمێنێتەوە کە دەکرێت بۆ هەر بەشێکی شتی دیکە زیادبکەین و دووبارەو چەندبارە بەسەریانبکەینەوە.

**سەرەتا**

بێدەنگییەکی گەورە ئەزموونی سەفەری ئێمەی داپۆشیوە، زۆرجار کە تەماشای مێژووی نوسراوو یادەوەری خۆمان دەکەین واهەستدەکەین ئێمە میللەتێکی بێ «گەڕاڵ»ین، گەڕیدەیەکمان نییە، ئەدەبیاتی سەفەری ئێمە بێبەرهەم و بێتێکستە. مێژووی ئێمە مێژووی داخرانی خۆمانە... لە قووڵایی کولتووری ئێمەدا بێدەنگییەکی قووڵ دەرهەق بەسەفەر هەیە، زمانی قسەکردنمان لەسەر سەفەر ناڕاستەوخۆو مەجازییە، سنووری ئەو سەفەرانەی ئێمە وەک سەفەر تەماشامانکردوون گەشتی بچوک و کورتن. ئەزموونی سەفەر لای ئێمە هاوشانی چەند هەستێکی نەگۆڕ بووە دەرهەق بە غوربەت و دووری لە «وەتەن». بە هەرحاڵ پرسیاری ئێمە لێرەدا گەشتێکە بە دۆخی ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە تازەیە کە لە مێژووی کورددا کاراکتەرێکی نوێیە کە ئەویش کاراکتەری مرۆڤی «تاراوگەنشین»ە. وەدووکەوتنی دیاردەیەکی نوێی ناو دیاردەکانی دنیای ئێمەشە کە دیاردەی «تاراوگە»یە.

کۆچ لە دونیای ئێمەدا تا ئەندازەیەک دیاردەیەکی کوتوپڕە، بەراوردی کۆچی ئێمە بە کۆچی گەلانی نزیکمان تا ئەندازەیەک ئەوەمان بۆ دەردەخات کە داستانی سەفەرو تاراوگەبوونی ئێمە بەراورد بە میللەتانی دی لە دواوە بووە، عەرەب و فارسەکان لەسەدەی نۆزدەوە بە شەپۆلی گەورە بە زۆر شوێنی دونیادا بڵاوبوونەتەوە، تەمەنی ئەدەبی مەهجەری عەرەب تەمەنێکی درێژە، بەڵام شەپۆلی ڕاستەقینەی سەفەری ئێمە تەنیا لە نەوەدەکاندا بە تەواوی دەردەکەوێت... دیارە لە پەنجاکانەوە کوردانی باکوورو لە حەفتاکانەوە کۆچی کوردی باشوور، وەک شەپۆلی چکۆلە چکۆلە بەردەوام هەبووە، بەڵام لە باشوور وەک دیاردەیەک ببێتە بەشێکی گرنگی پێکهاتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە، تەنیا لەدوای ڕاپەڕین شێوەگیردەبێت و ڕوخساری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و تائەمڕۆ

بەردەوامـە، تا دەگـاتە ئـاسـتـێک، لەوە دەکـەوێت پرسـیـاری هـەندێ فـەردبـێت لە چارەنووسـی خـۆیان، بەڵکو دەبێتە پرسیاری کۆمـەڵگا لە چارەنووسـی خۆی. لەوە دەکـەوێت پرسـیاری هـەندێ کـەس بێت لە ژینگەیەکی سیاسـی و کولتووری و دەبێتە گومانی سـەرتاپای کۆمەڵگا لە خۆی.

دیارە کێشـەی سـەفـەر بە هـەردوو ئـاستـەکەیدا گـرنگە... واتە لەو ئاستـەشدا کـە پرسـیـاری فـەردە لە چارەنووسـی خۆی و پرسیاری کۆمەڵگاشە لە چییەتی و چۆنێتی خۆی. واتە لە بنەڕەتدا دوو پرسیارن تەواو گرێدراوی یـەکن، پرسـیـاری یەکـەمـیـان پرسـیـاری مـرۆڤـەکـانـە، کـاتێک دەپرسن بۆ لـێرە بڕۆین؟ پرسیاری دووەمـیشیان پرسیاری کۆمەڵگایە کاتێک دەپرسێت بۆ ڕۆڵەکانم لێرە ناژین؟ بۆ منداڵەکانم جێمدەهێڵن؟ پرسـیـاری دووەمـیـان کـە پرسـیـاری کـۆمـەڵگـایـە لە خـۆی، لە دوای ڕاپەڕینەوە گـرنگی و قـورسـای خـۆی وەردەگـرێت... هـۆکـانی هـەڵـهـاتن لە فـاشـیـیـەت ئـاشکراو داڕێژراوە، بـەڵام هـۆکـانی هـەڵهـاتن لە دونیـای دوای ڕاپەڕین نائاشکراو ئاڵۆزە. لێرەوەیە پرسـیـاری تاراوگە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبێتە پرسـیـارێکی کـۆمـەلایەتی، دەبێتە ئەو پرسـیـارەی کۆمەڵگای ئێمە بۆ یەکـەمـجـار ڕاستـەوخـۆ لە خۆی دەکات. شـەپۆلی کـۆچ لە دوای ڕاپەڕین نیشانەی تۆرانی نێوان کوردو خاکێکی داگیـرکراو نییە، بەڵکو نیشانەی تۆرانی مـرۆڤی ئێمەیە لە یەکەمین ئازادی خۆی. لێرەوە قسـەکردن لەسـەر کۆچ لەدوای ڕاپەڕینەوە تەواو جیاوازە لە قسـەکردن لە کـۆچ لە پێش ڕاپەڕین. کۆمـەڵگای ئێمـە لەدوای ڕاپەڕین بە جۆرێکی دی لەگەڵ کۆچدا کارلێکدەکات... ئەو دۆخـە ویژدانیـیـەی کۆچبەر لـەگەڵ کـوردسـتـانی دوای ڕاپەڕیندا تووشـیـدێت، تەواو جـیـاوازە لەو دۆخـە ویژدانیـیـەی، کـۆچبـەر لەگـەڵ عـێـراقی بەعـسـدا ڕووبەڕوویدەبێتەوە، وەک چۆن ئەو برینە ویژدانییەی کۆچ دەیکاتە جەستـەی کۆمەڵگای دوای ڕاپەڕین لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی تردا کە جیاوازە لە فەزای بەعس سەوزدەبێت.

کۆچ لەدیوێکدا وازهـێنانێکی کاتییـە لە خەونی گـۆڕینی کۆمەڵگاو گـۆڕینێتی بۆ خـەونی گـۆڕینەوەی کۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی قسە لە کۆچ بکەین، دەبێت لەسـەرەتاوە دوو ئاست جیابکەینەوە، دوو چەمک دابڕێژین کە یارمـەتیـماندەدەن لە خـوێندنەوەی دیاردەکـەدا. چەمکی یەکـەمـیـان ناودەنێین «کـۆچ لە شـوێن» و ئەوی دیان ناوودەنێین «کۆچ بەرەو شوێن»

**کۆچ لە شوێن**

بریتییە لەوەی کە سەنتـەری کۆچ لە بنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە شـوێنێک نەوەکو بـۆ گەیشتن بە شوێنێکی دی. چەقی قورسـایی کۆچ لێرەدا لەسەر بنەمای خۆڕزگارکردن لە جێگایەکی دیاریکراو لەنگەردەگرێت، بێئـەوەی لە جـەوهـەردا چییـەتی و چۆنێتی ئەو جـێگایەی دیکە لە بەرچـاو بگرێت کـە بەرەو ڕووی دەڕوات. لێرەدا کـەسـی کۆچبـەر کـەسێکە زۆر لەسـروشـتی ئەو جێگایە دەکـۆڵێتـەوە کـە خۆی تیادەژی، تۆران و نامـۆبوونی لەو خـاکەیە کە خـۆی لەسـەری دەژی، واتە چەقی کـۆی پرۆسـەکـە دەکـەوێتـە سـەر سـروشـتی ئەو جێگایەی کـە کۆچبەر دەیەوێت لێی هـەڵبێت، ئیـدی ماهـیـیـەتی جـێگای دووەم «واتە ئەو جـێگایەی کـۆچی بۆ دەکـات» وەک جـێگای یەکـەم ئەو بایەخـە قـووڵەی نییـە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە جێگای یەکەم دەرچین. لێرەدا دەربازبوون لە نیشتـمان گرنگترە لە چییـەتی مەنفا. چییەتی نیشتیـمان دینەمۆی ئەو گەشتـەیە بەرەو دەرەوە، ناشیرینی ڕووی نیشـتیـمان و هـەڵنـەکردن تیایداو نەگونجان لەگەڵیدا وامان لێدەکات سەفەربکەین. ئەمجـۆرە کۆچبەرە لە شـوناسی ئەو خاک و ئاوو کۆمەڵگایانە ناپرسێتەوە کە بەرەو ڕوویان کۆچدەکات، بەڵکو پرۆژەی گەورەی ژیانی حـاشاکردن یان پشتکردن یان هەڵهاتنە لە زەمینێکی جەهەنەمی و لە ژینگەیەک تیا ئۆقرەناگرێت کە نیشتیمانە. کۆچبەری ڕاستـەقینە ئەو کـەسەیە کە دوای تێکچوونێکی قووڵ لەگەڵ دونیـای خۆیدا دێتـەدەرێ، لەم جـۆرە کـۆچەدا کـۆچبـەر سـەفـەرناکـات بۆ خـۆرئاوا لـەبەرئەوەی خـۆرئاوا جـوانـە، بەڵکو تـەواو بە پێچەوانەوە بەڵکو لەبەرئەوەی نیشتیمان دۆزەخە.

جۆری دووەم لە کۆچبەریی، شێوە کۆچێکە تیایدا بایەخی زەمینی دووەم مۆتیڤ و بزوێنەرو دروستکەری کۆی پرۆسەی سەفەرە. لێرەدا چییەتی خاکی یەکەم و چۆنێتی نیشتیمان بەو ئەندازەیە گرنگ نییە وەک ئەوەی چۆنێتی و چییەتی خاکی دووەم گرنگە. لێرەدا موسافیر لە نیشتیمان هەڵنایەت، بەڵکو بەرەو جێگایەکی دی کۆچدەکات. ئەمەیان کۆچ نییە لە نیشتیمان، دابڕان و جیابوونەوەو تێکچوونی پەیوەندییە ڕۆحییەکان نییە بەو خاکەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆچە بەرەو جێگایەکی تر، لێرەدا شوێنی دووەم بایەخێکی ژیانبەخشی بۆ پەنابەر هەیە، بێئەوەی شوێنی یەکەم هیچ لە ماناو بایەخ و گرنگی و مەرجەعییەتی خۆی بدۆڕێنێت. ئەمەیان کۆچ نییە «**لە**»، بەڵکو کۆچە «**بۆ**». ئەمجۆرەیان لە کۆچبەر کەمبایەخترو سادەترەو زیندەگیشی ڕووکەشترە. چونکە زیندەگی کۆچبەر لەو کاتەدا شێوازێکی تراژیدی وەردەگرێت کە بە هۆشمەندییەکی بریندارەوە دێتەدەرێ.

کۆچی کوردی تەواو گیرۆدەیی ئەو دوو هاوکێشەیەیە، هەردوو ئەمجۆرە موسافیرە لە دونیای ئێمەدا و لە پرۆسەی کۆچی ئێمەدا ئامادەن. ئامادەگی ئەم دوو جۆرە کۆچبەرە لە بنەڕەتدا دوو جۆر دونیای جیاوازیشیان دروستکردووە، جۆرێک لەکەرتبوونی ناوەکی دونیای پەنابەری کوردیش نیشاندەدەنەوە، یەکێکیان «کۆچبەرێکی تراژیدییە» کە هوشیارییەکی قووڵی بە قەیرانی خۆی هەیە، جۆرە مرۆڤێکە گرفتی قووڵی لەگەڵ دونیای خۆی و ڕیشەی خۆی و شوناسی کولتووری خۆیدا هەیە، کۆچی دەرەنجامی جۆرێک «هوشیاری نائاسوودە»یە لەگەڵ دونیای خۆیدا، ئەمجۆرە لە کۆچبەر لەهەر جێگایەک بێت تراژیدیای پەیوەندی خۆی بە نیشتیمانی خۆیەوە دەژی. لێرەوە بینینی قووڵایی ڕۆحی و ویژدانی ئەمجۆرە لە کۆچبەر بایەخێکی بێوێنەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە کۆی سەربوردی ناوەکی دونیای ئێمە. بەڵام بەودیودا کۆچبەری چەشنی دووەم کۆچبەرێکی تراژیدی نییە، کۆچبەرێکە پتر لە ئاسوودەیی زیاتر دەگەڕێت، لە جەهەنەم ڕاناکات، بەڵکو عەودالی بەهەشتێکی بەرینترە. ئەفسانەو بینین و خەون و دونیای ئەم دووجۆرە کۆچبەرە تەواو جیاوازن. هەر یەکەیان بە جۆرێک سەفەردەکەن و بە جۆرێک بیردەکەنەوەو بە جۆرێک ئەفسانە دروستدەکەن و بە جۆرێکیش دەژین.

ئەم جیاوازییە نیشانەی ناکۆکی و هەمەڕەنگی ناو دونیای کۆچ خۆیەتی، دونیای کۆچ دونیایەکە لەقووڵاییدا کەرتبۆتە سەر دوو زەمینی جیاواز. یەکێکیان زەمینی کەسێکە کە کۆچکردنی بەرەنجامی دیدێکی تراژیدییە بۆ ژیان و دەوروبەر، ئەویدیان کۆچی یەکێکە بەرەو ژیانێکی ئاسوودەترو دینیزۆسی تر. لێرەدا لەم باسەدا لەزۆر جێگادا دەشێت ئەم دوو کۆچبەرە تێکەڵاوی یەک ببنەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی لە غوربەت جێگیردەبن و ماوەیەکی درێژ بەناو یەکجۆرە ئەزموونی هاوبەشدا دەڕۆن، بەڵام بەگشتی ئەوەی لای من زۆر گرنگە، ئەو جۆرەیە لە کۆچبەر کە بە نامۆبوونێکەوە دێتە دەرێ، بە دڵشکاوییەک و برینێکی قووڵەوە لە نیشتیمان دێتەدەرێ، واتە سیحری کۆچ و نهێنییەکانی کۆچ پتر لەو کاراکتەرانەدا بەرجەستەدەبن کە بە هوشیارییەوە لە ماڵ دێنەدەرێ. کۆچبەریی و غوربەت وەک هەر دیاردەیەکی تر پەیوەستی سروشتی هوشیاربوونمانە پێی... دەشێت ساڵەهای ساڵ لە مەنفا بژین بێئەوەی سێبەرێک لە سێبەرەکانی کاراکتەری کۆچبەرمان تیابێت... کۆچ تەنیا بریتیی نییە لە گواستنەوەی شوێنی ژیان و شوێنی کارکردن، بەڵکو بریتییە لە گۆڕانکارییەکی قووڵ لە هەموو ڕەهەندە وجودییەکانی مرۆڤدا . جۆرە پەیوەندییەکی تازەیە بە ژیان و دونیاوە، کە لە هەموو بەشێکی ژیاندا ڕەنگدەداتەوە... کۆچ دۆخێکی فیکری و عەقڵییە، لە ئازارێکەوە دەستپێدەکات و دەگات بە هیوایەک، لە ترس و نیگەرانییەکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە ماڵاواییەک لە دونیاکانی جاران، دۆخێکە ماکەکەی دەبێت لە ناو عەقڵ و ویژدانەوە بێت، نەوەک لەناو ویستی بچوکی مرۆڤە بچوکەکانەوە... لێرەوە کە باس لە کۆچدەکەم چاوم لەسەر ئەو کەسانەیە کە بەر لەوەی پێبخەنە غوربەتەوە ئەزموونێکی دوورودرێژی غوربەتییان هەیە... بەر لەوەی کۆچەربن نامۆن و کۆچ جۆرە درێژەدانێکی دیکەیە بە نامۆبوونیان. واتە وێستگەی یەکەم کە مەرجی هەموو ئەزمونێکی قووڵی

غوربەتە، ئەوەیە بە «کۆچ لە ...» نیشتیمانەوە دەستپێبکات، بە پچڕانێک دەستپێبکات، بە دروستبوونی نابەردەوامییەک لە نێوان کۆچبەر و نیشتیماندا دەست پێبکات. هەر کۆچێکیش لەو وێستگەیەوە دەست پێنەکات، کۆچێکی نوقسان، ڕیاکار، کەمنرخە.

بەر لەوەی بەقووڵی بێمەوەسەر قسەکردن لەسەر کاراکتەری کۆچبەر، دەبێت لەسەر کاراکتەری کۆچ خۆی قسەبکەم، لەسەر نیگای کۆمەڵگایەکی وەک ئێمە بۆ سەفەر، لەسەر سەیرکردنمان وەک مرۆڤ بۆ سەفەر، دەبێت ئاوڕێک لە ناخی خۆمان بدەمەوە تا ببینم، ئەو وێنەو خەیال و فەنتازیاو ترسانە چیین کە لە ناوماندا دەرهەق بە سەفەرکردن خەوتوون. ئەو نیگارە خورافیانە چین کە لەسەر کەسی کۆچبەر هەمانە.

## ترس و ئەخلاق وەک دوو هێزی گەورەی کۆمەڵگا دژ بە سەفەر

### سەفەرو ترس

لێرەدا قسە لەسەر چەمکێکی تەقلیدی ترس ناکەم کە گەلەک زۆر لە ئەدەبیاتی تایبەت بە تاراوگەبوون و کۆچ و غوربەتدا دەردەکەوێت، ئەویش چەمکی «کسینۆفۆبیا ـ ترس لە بێگانە». لەبەرئەوە نا کە ئەم چەمکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چالاک نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە «ترس لە بێگانە» لە کۆمەڵگای کوردیدا ترسێکی گەورەو بەرجەستەیە کە ساڵ بەساڵ ڕەهەندی خراپتر وەردەگرێت. لەدوای ڕاپەڕینەوە ترسی ناوەکی لە غەریب چەندین جار بەهێزتر بووە. لێرەدا قسەم لەو ترسە نییە، بەڵکو باس لە کۆمەڵگایەک دەکەم وەک کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی غوربەت کاردەکات، کۆمەڵگایەک خۆی منداڵانی نامۆ بە خۆی و بە جیهان بەرهەمدەهێنێت. باس لە ترسی خودی ئەو کۆمەڵگایە دەکەم لە کۆچی خۆی و لە لەیەکترازانی خۆی. واتە قسە لە ترسی کۆمەڵگایەک ناکەم کە غوربەتییان ڕووی تێدەکەن، بەڵکو قسە لە ترسی کۆمەڵگایەک دەکەم کە جێدەهێڵرێت. کۆمەڵگایەک منداڵەکانی دەبنە نامۆو غەریبەی سەر زەوییەکانی دیکە.

قسەکردن لەسەر سەفەر لە قسەکردن لە ئەفسانە جیانابێتەوە، سەفەر چۆن لە جیهانی کۆندا هاوڕێ و هاوشانی ئەفسانە بووە، لە دونیای نوێشدا ئەو ڕەهەندە ئەفسانەیی و خورافیانەیەی وننەکردووە. بەئەندازەیەک دەکرێت بڵێین ئەفسانەکان هەمیشە برێکی زۆری بابەت و هەوێن و کەرەستەی خۆیان لەسەفەرەوە وەرگرتووە، دیارە ئەو ئەفسانانەی کە شانۆی ڕوداوو کارەسات و سەربوردەکانیان نێو چوار دیواری ماڵە گەلەک کەم و دەگمەنن، بۆئەوەی شتێکی گرنگ ڕوبدات دەبێت مرۆڤەکان لە ژوورەکانی خۆیان بەدەرکەون و لەدەرەوە فەرمانێک لە ئەستۆ نێن و بەرەو ڕووی شتێکی دیارکراو بچن. کولتووری هەر میللەتێک هەڵدەینەوە پڕە لە ئەفسانەکانی سەفەر، پڕە لەو دێوو درنج و گیانەوەری حەوت سەر وئەژدیهای گڕلەزار و دەعجانی یەکچاو کە دێنە سەر ڕێی ڕێبواران. ئەفسانەی میللەتێک نییە خاڵی لە درنج و جنۆکەو شەوتۆقکەرە کە ڕێگا بە پاڵەوانەکان و کاروان و ڕێبواری تاقکەوتوو دەگرن.

ئەفسانەکانی سەفەر و چیرۆکی ئەو سەربوردە سەیرو ترسناکانەی کە هاوڕێن بەسەفەر، کاراکتەری مرۆڤی کۆچبەر بە کاراکتەری کەسی سەرکێش و قارەمانەوە گرێددەنەوە، کەسی گەڕاڵ و گەڕۆک، قارەمان گەلێکی وەک ئۆدسیۆسن کە لەسەفەری گەڕانەوەدا لە تەرەادەوە بای خوداوەندان کەشتییەکەی دەبەن و لە گەشتێکەوە بۆ گەشتێک و لە زەمینێکی ترسناکەوە بۆ زەمینێکی پڕتالوکە تر هەڵیدەگرن، سندبادی بازرگانە کە گەشتەکانی پڕن لە سەربوردی زەمینگەلی سەیرسەیرو

جانەوەری نەبینراوو دەریای پڕ لە نهێنی و دوورگەی بە مارئاواو مورغی چەند سەر. گلڤەرە کە لە عەردێکدا گەورەیە وەک دێو، لە نێو گەلێکی دیکەدا چکۆلانەیە وەک مێرووله. بەگشتی لەگەڵ مرۆڤدا شێوەیەک لەئەدەبیات هاوڕێی سەفەرو دووریی بووە کە نیشانەی نیگەرانی و ترسی قووڵی مرۆڤە لەسەفەر. بیرکردنەوە لەسەفەری دوور، هاوڕێیە بە ترسێکی ناوەکی.

بە جۆرێک ئیدی دەتوانین بڵێین کۆچ و کۆچبەری لە ئەفسانە ناترازێنرێت لە هەمانکاتیشدا لە ترس جیانابێتەوە.

دەبێت لە خۆمان بپرسین بۆ سەفەر ترسناکە؟ ئەو ڕەگەزانە چین کە ئەم ترسە دروستدەکەن و بەهێزیدەکەن، چی وادەکات کۆچ لە وێنە ئەفسانەیی و دێرینەکەیدا کۆچێکی سامناک بێت و وەرگەڕێتە سەر ئەزموونێکی پڕ ئێش.

کاتێک پاڵەوان لە حکایەتە دێرینەکاندا لەماڵ دێتەدەر، زۆربەی جار فەرمانێکی لەسەر شانە، کەسێکی بیمارەو دەبێت بەدوای هەتوانێکی سیحراویدا بگەڕێت، کچێکی دەوێت مەرجی مارەیشی گەوهەرێک، مەرجانێک یان کاڵایەکی دەگمەن و نەزانراوە. لە خەونیدا عاشقی کچی پاشای چین و ماچین یان کیژی قەڕاڵی فەرەنگ بووە و دەبێت بۆی بگەڕێت. فەرمانێکی پێیە لە خاک و مەملەکەتێکی دووردا دیلێک یان سیحرلێکراوێک یان بەندییەک لە سیحری دێوو ئەجەندەکان ئازادبکات، کێشەی ئەم حکایەتانەش ئەوەیە کە پاڵەوان ناتوانێت بەبێ جەنگ لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی دەیان جار لە خۆی گەورەتر و بەهێزتردا ئامانجەکەی بهێنێتەدی. ترس لەم حکایەتانەدا هەمیشە هەڵقولاوی تێکچوونی پەیوەندییە بە شوێنەوە.

گومان نییە کە بڕێکی زۆری ئەم ترسە ترسێکی ڕەمزیەو تەعبیر نییە لە ترسی ڕێگاوبان یان ترس لە دێودرنجی ڕاستەقینە. بەمانای ترسێکی پەردەپۆشکراوەو لە ڕێگای وێناکردنی ترسناکی فەزایەکەوە جوانی و ئاسوودەیی فەزایەکی دی بەرجەستەدەکرێت.

کاتێک سەفەر وەک کردەیەکی پڕ مەترسی بەرهەمدەهێنرێت، ئەم ترسە نیشانەی تێکچوونی پەیوەندییە بە شوێنەوە. چەمکی شوێن چەمکێکی ناوەندی و گرنگە لە تێگەیشتنی کۆچدا، هەروەک چۆن «گرێ چەمک»ێکیشە لە نێوان بابەتی کۆچ و کۆمەڵێک چەمکی دیکەدا، واتە چەمکێکە دەتوانێت بابەتی کۆچ بە کۆمەڵێک تەوەری فەلسەفی گرنگەوە گرێبدات.

تێکچوونی پەیوەندی بە شوێنەوە دیاردەیەکی دوو دیوە، یا ئەوەیە کۆچبەر ناتوانێت لە شوێنی خۆیدا بژی. یان ئەوەیە کاتێک بۆ جارێک لە ماڵ دێتەدەرێ، ئیدی ناتوانێت بگەڕێتەوە. هەموو ئەو ئەفسانەو چیرۆک و خەون و خەیاڵ و ختوورانەی دەیانەوێت وێنەیەکی جوان بۆ نیشتیمان بکێشن، ئەو ترسە لە کۆچبەردا سەوزدەکەن، کە سەفەرەکەی کۆچی هات و نەهات بێت. زاراوەگەلی «سەفەری هات و نەهات» پێکهێنێکی قووڵی دیدو ڕوانینی نائاگای ئێمەیە بۆ سەفەر. پاڵەوانی زۆربەی خورافەتە کوردییەکان کە لەماڵەوە دێنەدەرێ، لەبەرابەر سەفەرێکی هات و نەهاتدا دەوەستن. ئەم وێنە ترسناکەی سەفەر کە گرێدراوی مەرگە، گرێدراوی کۆتایی و نەگەڕانەوەو ونبوونی هەمیشەییە، لە جەوهەردا گەشتی ئەمرۆی کورد بۆ دەرەوەی نیشتیمان بەرجەستەدەکات کە ئەویش لەسەرەتادا سەفەرێکی هات و نەهاتە. کۆچی ئەمرۆی کورد هەڵگری ئەزمونێکی ئەوتۆ تاڵە کە کۆی ئەو ڕەهەندە ئەفسانەیی و خەوتووانە لە نائاگاماندا زیندوودەکاتەوە، کۆچی کورد کۆچێکی ئەفسانەییە، بەڵام لەسەردەمی مۆدێرنەدا. کۆچێکە هەموو ڕەگەزە سەرەتاییەکانی سەفەری تیایە، زۆر دوور نییە لەسەفەرەکانی ئۆدسیۆس و سندبادەوە، بەڵام لە دونیایەکی نوێدا... کۆچی ئێمە هەموو ڕەگەزەکانی سەرهەڵدانی جۆرە میتۆلۆگیایەکی مۆدێرنی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

ترس لەسەفەرو ترساندنی کۆچبەر تا ئەمرۆ بەشێکی کولتووری مامەڵەکردنی ئێمەیە لەگەڵ سەفەردا، لەمجۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەدا جیهان دەکرێتە دوو کەرتەوە، دونیا دابەشدەبێتە سەر دوو

بەش، بەشێکیان جیهانی ماڵەوەیە، ئەوی دیکەیان جیهانی دەرەوەی ماڵە. لەو دوو کەرتبوونەدا «جیهانی ماڵ» دونیای گەرمی و ئاسوودەیی و ئاسایشە، جیهانی پەیوەندی نەگۆڕ و سیمای دۆستەکانە، بەڵام «جیهانی دەرەوەی ماڵ» جیهانی کۆچکردن و غوربەتە، جیهانی مەترسییە گەورەکانە، ئەو دونیایە کە تیایدا کۆچبەر تووشی درنجەکان دەبێت، تووشی سیحربازان دێت، ڕووبەڕووی ئەو تەلیسمانە دەبێتەوە بۆی ناکرێنەوە، ئەو مەتەڵانەی بۆی حەلناکرێن. گەشتی کۆچبەر لەم دونیا نائاسوودەیەدا، گەشتێکە لەو شەپۆلانەدا کە قووتیدەدەن، بۆ لای ئەو دێوانەی دەیخون، بە ناو ئەو دارستانانەدا کە دەیخەنە سەر ڕێگای کەسنەزان.
ئەم وێنانە بە کۆ نیگارێکی ترسناک دەبەخشنە سەفەر، کۆچبەر لێرەدا دەبێت کەسێکی سەرکێش و چاونەترس و قارەمانێکی ئەفسانەیی بێت، تا بتوانێت دەرەقەتی گرفتەکانی سەفەر بێت.

کاتێک کۆچبەر لە وێنەی قارەمانێکی نائاساییدا وێنادەکرێت، خودی ئەو وێناکردنە کاری ترساندنی هەموو مرۆڤە ئاساییەکانە کە نە قارەمانن و نە دێوبەزێن، بەڵکو ئادەمی بچوکن. بە مانایەکی تر، بەردەوام مەبەستێکی کۆمەڵایەتی لە پشت وێناکردنی سەفەرەوەیە وەک ئەزموونێکی ڕەش و تاریک. ناشیرینکردنی ڕووی سەفەر و گەڕێدانەوەی بە هات و نەهاتەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە بە مەبەستی پاراستنی یەکێتی ناوەکی کۆمەڵگا ئیشدەکات، بۆ پاراستنی خێزان و پەرتنەبوونەوەی. بۆیە هاوڕێ بە سەوزبوون و گەورەبوونی ئارەزووی سەفەر، ئارەزوویەکی تر سەوز دەبێت کە ئارەزووی زیندووکردنەوەی کولتووری ئەفسانەییە. کردنەوەی دەرگا لەسەفەر لەهەمانکاتدا کردنەوەی دەرگایە لەسەر ترس لە بۆسەی پێشهاتەکان، لە نادیارو چاوەڕواننەکراو، لە مەخلوقاتی نەبینراوو نەناسراو.

## ترس لەسەفەر لە نێوان ئێستا و جاراندا

پێدەچێت ترس لەسەفەر هاوڕێیەکی هەمیشەیی مرۆڤ بێت، چونکە دونیای ئەمڕۆی ئێمە وەک دونیای جاران هێشتا دونیایەکی ترسناکە بۆ کۆچبەر. ترسی جاران لە کۆچ، ترسێک بوو تێکەڵاوە بە ترس لە سروشت و لەو خاکە تاریک و نادیارو غەریبانەی پێشتر مرۆڤ پێی تێنەناون، ترس بوو لەو هەرێمانەی نازانرێت کێیان تیادەژی و چ جۆرە مەخلوقێکیان پەروەردەکردووە. دونیای کۆن دونیای پەیوەندییە دوور و کەم و سنووردارەکان بوو، لێرەوە ترسەکانی سروشتێکی سەیرئامێز «غرائبی»یان هەبوو.

تا زیاتر لە زەمەندا بچینە پێشێ سیستمی کۆمۆنیکاسیۆن و پەیوەندی گەورەتر و فراوانتر و بەهێزتر دەبێت. ئەوە سیستمە بەربڵاوەکانی پەیوەندییە وادەکات دونیای ئێمە جیاواز بێت لە دونیای سەندباد. تا جیهانەکان لەیەکتر دووربن و کەمتر یەکتر بناسن ترسیان لەیەک زیاترە. دونیای کۆن، دونیای کۆمەڵێک کۆمەڵگاو ئیمپراتۆرییەتی لەیەکدی دوورن، نیگاری هەر جیهانێک لەم جیهانانە بۆئەوی دی پڕە لە وێنەی خورافی جۆراوجۆر، تا جیهانەکان پتر بەسەر یەکدا دەکرێنەوەو یەکدی دەناسن، ترس کەمتر دەبێتەوەو ماناکانی خۆی زیاتر لەدەستدەدات. کۆمەڵگای بێپەیوەندی کۆمەڵگایەکی ترسنۆکترە لە کۆمەڵگاکانی تر. دیارە کۆمەڵگای ئێمە یەکێک بووە لە داخراوترین کۆمەڵگاکانی دونیای کۆنیش، هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە لە هەندێ ساتی مێژووی کۆنی ئێمەدا شارو شارۆچکەی کراوەو بزۆک و گەڕۆک دروستنەبووە، بەڵام ڕووبەری هەرە گەورەی دونیای ئێمە تا ئەوڕۆش لە گۆشەگیری و داخراندا دەژی... خوێندنەوەی مێژووی داخران و گۆشەگیری و کاریگەری لەسەر عەقڵییەتی مرۆڤی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی دەبێت پتر خۆمانی پێوە خەریکبکەین، چونکە بەشێکی کاراکتەری ئێمە لە ژێر فشاری گۆشەگیریدا دروستبووە.

ترسی ئێمە لەدەرەوە (ئیدی گەورەبێت یان بچوک، بەردەوام بێت یان تاوناتاو) هەمان ئەو ترسەیە کە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیای دێرین دەرهەق بە دەرەوەی خۆیان هەیانبووە، ترسێکی سایکۆلۆژییە، ئایین و ئەفسانەو سیاسەت بەرهەمیانهێناوەتەوە. ترسیش لەدەرەوە، واتە ترس لەسەفەر.

کۆمەڵگای داخراو واتە کۆمەڵگایەک ڕۆڵەکانی ئارەزوو ویستی ناسینی دونیاکانی دەرەوەی خۆیان نییە. ئارەزووی ناسین و دۆزینەوەو بینینی ڕووی ڕاستەقینەوەی دەرەوەی خۆیان نییە. دیارە هاتنی مۆدێرنەو کورتبوونەوەی مەوداکان و کشانی ئیمپریالیستیانەی خۆرئاوا بۆدەرەوەی خۆی هێزی شکێنەر بوون بۆ گۆشەگیری بەشە داخراوەکانی دونیا. خودی مۆدێرنە، هاوڕێی تێکچوونی پەیوەندییەکانە بە شوێنگەوە. هاتنی مۆدێرنە هاوڕێی گۆڕانی دیدی مرۆڤە بۆ شوێنگەش... مۆدێرنە لەگەڵ هەرەسی وێنەی کۆنی دونیادا دەستپێدەکات کە شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی لەتەک خۆیدا دەیهێنێت. شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی ، گێڕانەوەی شوێنی زەوییە بۆ جێگا ڕاستەقینەکەی خۆی لە ناو گەردوندا... بەڵام جگە لەم هەرەسە کۆسمۆلۆژییەی نیگای دێرین بۆ گەردون، تەکنیک گۆڕانکاری قووڵی لە ئاست پەیوەندی نێوان شوێن و کات و مرۆڤدا دروستکرد. سەرهەڵدانی پیشەسازی هاوڕێ بوو بە گەورەبوونی شارەکان و پوکانەوەی نیشتەجێ بچوکەکانی سەردەمی فیودالیزم، ئەمە جگە لەوەی شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشێکی بنچینەیی لە هۆکانی گواستنەوەدا بەرپاکرد، فەزای نوێی سازاند، کە تەواو لە شوێنگەو فەزای سەردەمانی دی جیاوازبوو. بەڵام گرنگترین گۆڕانێک کە مۆدێرنە دروستیکرد تێکەڵبوونی خۆرئاوابوو بە دونیای دەرەوەی خۆی ، بەرخوردی ڕووبەڕووی شارستانگەلێکی جیاواز بوو لەگەڵ یەکدیدا. مۆدێرنە بزوێنی شەپۆلێکی گەورەی کۆچ و ئاڵوگۆڕو دونیا دۆزینەوەو دونیاناسین و یەکتر پشکنین بوو.

ئەم توانایە بۆ گەیشتن بە جیهانەکانی تر، ئەم ئارەزووە قووڵە بۆ پەلکێشان ڕووەو دەرەوە هاوڕێی سەرهەڵدانی وێنەیەکی ترسناکی دەرەوەش بوو، جیهانی دەرەوەی خۆرئاوا تەنیا کانگایەکی کانزاو میتاڵ و کاڵای خاو نەبوو، بەڵکو جیهانێکی گەورەبوو لە وێنەو خەیاڵات و فەنتازیا. وێناکردنی گەلێک هەرێمی گەورەی دونیا وەک زەمینی مرۆڤی مرۆڤخۆر و ئادەمی جانەوەرئاسا، سەرەتای سەرهەڵدانی وێنەیەکی دیکەبوو بۆ سەفەر، ئەدەبیاتی خۆرئاوا لای دانیال دیيڤۆ، کارل مای، هیرمان میلڤیل، کیپلینغ، جۆزیف کۆنراد،... ئەدەبیاتێکە کە لەسەر وێناکردنی دەرەوەی خۆرئاوا، وەک زەمینێکی پڕ مەترسی کاردەکات. بەهەرحاڵ دیارە ئەوە بابەتی ئێمە نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی بچوکمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەویش تێکەڵبوونی وێنەی سەفەری ترسناکە بە وێنەی میللەتانی دڕندەو ترسناک، کە کۆلۆنیالیزم لەسەرەتاوە دەرهەق بە میللەتانی دی پەخشیدەکردەوە. واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان ترس لەسەفەر لەجەوهەردا هاوشانی جۆرە ترسێکی کولتوورییە بەرابەر سروشتی مرۆڤ لە کولتوورەکانی تردا.

هەرچی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، جگە لە حکایەتە خورافییەکانی خۆمان سەرچاوەیەکی گرنگی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، تا نیگاو دیدی مرۆڤی کۆنی خۆمان دەرهەق بە کۆچبەریی و سەفەر بپشکنین. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەی بیستیشدا کەم تا زۆر کۆمەڵگای ئێمەش دەکەوێتە بەردەم ڕەشەباکانی مۆدێرنەوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرفەتەکانی سەفەرو کۆچ ئاسانترو خێراتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی ئێمە ئارەزوویەکی قووڵ و گەورە بۆ سەفەر نیشانناداتەوە.

ئەمڕۆ لەگەڵ گەورەبوونی شەپۆلی کۆچبەرانی کورددا بۆ خۆرئاواو گۆڕانی بۆ دیاردەیەک کە کۆمەڵگای کوردیی و خۆرئاواش بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوە ترسێکی نوێ دەرهەق بەسەفەر دروستبووە، گومان نییە کە سەفەری کوردی سەفەرێکی نوێ نییە، بەڵکو سەفەرێکە بە کەرەستە زۆر سەرەتاییەکانی ئینسان، بەپێ و بەبەلەمی کۆن و شکاو، بە پەڕینەوەی قاچاغ لە

سنوورەکـان، بەترسی مـەرگـەوە لەهەمـوو وێسـتگەیەکـدا، سـەفـەرێکە هـەمـوو هێزە ئـەفسـانەیـەکـانی مـۆدێرنە ڕێگای پێدەگرن، ئەم گـەشـتـە جـەنگێکە لە نێوان توانا سـروشـتـییـەکـانی مـرۆڤ و توانای سیستمـە مۆدێرنەکـان لە چاوەدێری و نیگاداری سنوورەکـانی خۆیانـدا، بریتییە لە بەگژداچوونەوەی هـەمـوو بەربەسـتـە سـروشـتـی و سیـاسـی و تەکنیکییەکـان، بریتییە لـە پەڕینەوە لە شـەپۆلەکـانی دەریاو سـەختی زەوییەوە بۆ پەڕینەوە لە ڕۆبۆتەکانی پۆلیس و پاسـەوانە کۆمپیوتەرییەکان.

کۆچبەری نوێی کـورد، لەگـەڵ خۆیـدا جۆرێک لە داسـتـانی تازەی پێیـە، ئـەو خـۆشـی ئۆدسـیـۆسـێکی نوێیـە، کـە بە پێچەوانەی ئۆدسیـۆسـەوە ناگـەڕێتـەوە، بەڵکو هـەڵدێت. لەگـەڵ کـۆمـەڵێک هێزی مـەزنتـرو دیسـپـلینکراوتردا لەو هێـزانەی ئۆدسـیـۆس بەرابـەریان جـەنگیـوە شـەڕدەکـات، لێرەوە دیـاردەیەکی سروشـتییـە سـەفـەری ئێمـە لـەسـەفـەری «کـوڕەکەچەڵە»ی ناو چیرۆکە دێرینەکانمان ترسناکتر بێت ... ئەگەر دێوی حکایەتە کۆنەکان دێوی خەیاڵی بێت، دێوەکانی مۆدێرنـە دێوی خـەیاڵی نین. ئەگـەر گـەیشـتن بە شـانشـینی «قـەڕاڵی فـەرەنگ» لە دونیـای جـارانـدا خـەوی عـاشـقی نـاو حکـایەتێک بێت، ئـەم خـەونە خـەیاڵییەی ئـەمـرۆ خـەونێکی ڕاسـتـەقینـەیە. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو ترسـەی کـە کـۆچی ئێـمـەی گـەمـارۆداوە، تەنیـا تـرس نییـە لە ڕێگاوبانەکـان، ترس نییـە لە دێوە تازەکـانی مـۆدێرنە، بـەڵکو ترسی کۆمەڵگای کوردی خـۆیـەتی لەسـەفـەر. تۆقاندنی کۆچبەری کـورد، تەنیا تۆقاندنی نییە لە پێشـهاتەکانی ڕێگا، بەڵکو تۆقـاندنیشێتی لەوەی کە دوای خـۆی جێیدەهێڵێت و ئەوەی کە بۆی دەچێت، تۆقـاندنێتی لە تارمـایی ئەو ڕابـوردووەی هـەمـیشـە بە دوایەوەیەتی، لەو داهـاتووە نـادیارەی چاوەڕوانیدەکـات. ئـەم ترسـە ترسـێکی کـۆمـەڵایەتی و سـیـاسـییـە، کـۆچبـەری کـورد زۆرجـار بە ویژدانـێکی نـاڕەحـەتەوە دێتـە دەرێ... گـەر وەک هـەڵهـاتوویەک کە ژیانی خـۆی دەربازکردووە حـیسـاب بۆ خـۆی نەکـات، ناچارە وەک ڕاکردوویەک کە بێوەفایی دەرهەق بە نیشتیمان کردووە خۆی وێنابکات.

سـەفـەری ئـەمـڕۆی ئێمـە جـۆرە سـەفـەرێکە شـێوازی سـەفـەرە کـۆن و ئەفسـانەییـەکـان تیاییـدا تێکـەڵ بووە بە تەکنیکـەکـانی مـۆدێرنەو دیاردەکـانی جیـهـانگەرایی، لێرەوە خـودی ئەو ترسـەش کە ئەمـجـۆرە کـۆچـە دروسـتـیدەکـات، ترسـێکی تێکەڵاوە لە ترسـی ئـەفسـانـەیی و ترسی مـۆدێرن... گـەشـتـێکە لە سـەرەتادا بەبنـدەسـتی فـاڵگرەوەو فاڵچییـەکاندا دەڕوات، دواتـر بەبندەسـتی بەڵگەگـۆڕەکـاندا «مزوری الوثائق»، دواتر بە ژێرباڵی پاسـەوانەکانی سنوورو خواسـتی نەخوێندراوەی مـافیاکانی سەفەرو هێزی نادیاری خـاک و دەریاکـانـدا. بەوەدا هـەوڵێکە بۆ خـەڵەتاندنی شـەیتـان و خـەڵەتاندنی ئامـێـرە تەکنیکییـەکـانیش، هەوڵێکە بۆ بەزاندنـی سـروشـت لەلایەک و قـەدەر لەلایەکی تر. ئەم جـۆرە کـۆچـە ترسـێکە لە توڕەیـی قـەدەر و هێـزە نادیارەکـانی، ترسـێکیـشـە لە هـێـزی تەکنیک و ئامـێـرو چـاوە مـۆدێرنەکـانی. دەگـمـەنن ئەو حـاڵەتانەی تیـایدا بەو جـۆرە مـرۆڤ ناچار دەبێت لە یەککاتدا دژی سروشت و تەکنۆلۆژیاش شەڕبکات.

دیارە وەک گووتم ترس لەسـەفـەر کۆمـەڵێک دەموچاوی هـەیە، ترس لە سـەفـەر تێکـەڵەیەکی گەورەیە لە کـۆمـەڵێک ترسـی تر، تێکـەڵەیەکە لە تـرسـە کـۆن و دێرینـەکـان و ترسـە تـازەکـان. ترس لە ئەخـلاقیش یەکێکە لەو تەوەرە سەرەکییانەی ترسی کۆمەڵایەتی لەسەفەر.

## کۆچ و ئەخلاق

یەکێ لە ترسە گـەورەکان لەسـەفـەر ترسـە لە ئەخلاقـی کەسـی کۆچبـەر و ئەخلاقی ئەو کۆمـەڵگایەش کە کـوڕەکـانی دەبنە کـۆچبەر. تێکـچـوونی پەیوەندی بە شـوێنەوە هـەمـیشـە ئاوێنەی تێکچونێکی قـووڵترە بە ئەخلاقـەوە. کەسـی کـۆچبـەر یەکێکە لە جوگرافیای کـۆمـەڵایەتی خۆی دەچێتـە دەرەوە، هـەمـوو ئەو تۆڕە دووروودرێژەی سـانسـۆریش کـە کـۆمەڵگا لەدەوری چنیویە وندەبێت، کۆچبەر دەڕوات و کـۆمـەڵگا پێیوایە

ئەو هیچ چاوێک لەگەڵ خۆیدا نابات، هیچ سانسۆرێک لەگەڵ خۆیدا ناگێڕێت. دەرچوون لە کۆمەڵگا، دەرچوونە لە هەموو جەبرە ئەخلاقییەکانیشی، کەسی پەنابەر کەسێکە دەچێتە دەرەوە ئەو سانسۆرە ئەخلاقییە کە مێژوویەکی درێژ کۆمەڵگا سەرقاڵی دروستکردن و ڕواندن و سەقامگیرکردنی بووە. لێرەوە هەمیشە ترسێکی قووڵ هەیە بەرابەر ئەخلاقی کەسێک کە سەفەردەکات و لەو تۆڕی سانسۆرە دووردەکەوێتەوە، بە ئەندازەیەک کۆمەڵگا ڕەنجێکی زۆر دەدات کەسانی کۆچبەر لەگەڵ هاوغوربەتیانی خۆیدا لەدەرەوە هەمان تۆڕو سیستمی سانسۆری ئەخلاقی دروستبکەنەوە... هیچ کۆمەڵگایەک و هیچ گروپێکیش چەندە بچوک بێت نایەوێت سانسۆری ئەخلاقی سەر فەردەکانی خۆی هەڵبگرێت. کۆچ هۆیەکە لە هۆکانی بەرپابوونی شەڕێکی ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا.
سەفەر و گوناه «خطیئة» ، دووری و بەرەڵابوونی ویستە چەپێنراوەکان هەمیشە هاوشانی یەکبوون.

گوناهی کۆچ تەنیا لەوەدا نییە، کە کۆچبەر خۆی لەسانسۆرە ئەخلاقییەکان دەدزێتەوە، بەڵکو کەسی کۆچبەر پیاو بێت یان ژن، کچ بێت یان کوڕ، لەدوای خۆی کەسانێک بەجێدەهێڵێت کە بوونی ئەو هەمیشە نرخێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەبووە بۆیان، کۆچی باوک هەمیشە کزبوونی ئەو سانسۆرە ئەخلاقییەشە کە لەسەر کوڕو کچانی هەیبووە، کۆچی برا گەورە ونبونی ئەو چاوی سانسۆرەیە کە پێویستە بۆ کۆنترۆڵی براو خوشکانی بچوکتر... لە دید و عورفی ئەم کۆمەڵگایەوە ئەوەی کۆچدەکات درزێک دەکاتە ناو سیستمی چاوەدێری ئەخلاقییەوە. لێرەوە وێنەی کۆچبەر، وێنەیەکە پەیوەندییەکی قووڵی بە گوناه «خطیئة»وە هەیە.

لە «*هەزار شەو ویەک شەودا* » شەهرەیار لە ماڵ دەڕواتەدەرێ بۆ ڕاوشکارو کە دەگەڕێتەوە ژنەکەی لە ئامێزی قوڵە ڕەشێکدا دەبینێتەوە. بەناوبانگترین کتێبە ئەفسانەییەکانی خۆرهەڵات بەو شێوەیە دەستپێدەکات. نادیاریی و دووری پیاو مایەی دەرکەوتن و سەراوکەوتنی ویستە پیسەکانی ئافرەتە. شەهرەیار دەبێت لە ماڵ بچێتەدەرێ، دەبێت بۆ ماوەیەک دووركەوێتەوە تا ئەو درزە دروستبێت کە تیایدا ژنەکەی هەموو ویستە حەرامەکانی بۆ خەوتن لەگەڵ کۆیلەیەکدا ئاشکرابکات. ئەوەی لەم چیرۆکەدا گرنگە ئەم بەشە نییە، بەڵکو ئەو لۆژیکەیە کە لەپشت بونیادنانەوەی بڕوای پیاوە بە ژن. شەهرەزاد لەزەتی چیرۆک گرێدەداتەوە بە لەزەتی ڕاگرتنی پیاوەوە. لەزەتی چیرۆکەکانی شەهرەزاد شەهرەیار دەبەستێتەوە بە ماڵەوە، مانەوە لە ماڵی چیرۆکدا وێنەیەکی مەجازی مانەوەیە لە ناو ماڵ خۆیدا کە خۆشەویستی و بڕوا دروستدەکاتەوە. چیرۆک ئەو هێزەیە کە شەهرەیار بە شەوەکانی شەهرەزادەوە گرێدەدات، شەهرەیار دەبێت نەڕوات دەبێت بمێنێتەوە، دەبێت هێزێک ڕایبگرێت، هەر ئەم مانەوەیەش وادەکات دیوە پاک و جوانەکەی ئافرەت ببینێتەوە. تەنیا مانەوەو لەنزیکەوە پێکەوە ژیان زامنی پاراستنی ئەخلاقن، نەوەک سەفەرو کۆچ و گەڕانی تاراوگەکان. مەرجی دروستبوونەوەی شەرەف دروستبوونی حکایەتێکە پیاو بە ماڵەوە گرێبدات... ئەوە یەکێکە لە مانا گەورەکانی گرنگترین تێکستی ئەفسانەیی ناو کولتووری ئێمە.
ئەم چیرۆکە پێماندەڵێت ئەوەی ماڵ ونبکات ئەخلاقیش وندەکات.

لە «*ئۆدیبی پاشا*» دا، هەمان شێوە، ئۆدیب پیاوێکە ماڵ وندەکات، ونکردنی ئۆدیب بۆ ماڵ لەدەرەوەی ویست و زانین و دەسەڵاتی خۆیەوەیەتی. ئۆدیب لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە پەیوەندی بە شوێنەوە تێکچووە، ئەم تێکچوونە وەک نەفرەتی ڕەش بەدوایەوەیەتی، نەفرەتی مەزنی ژیانی ئۆدیب ئەوە نییە کە فاڵگرەوەکانی دولفی پێشبینی ئەوە دەکەن کە دەبێتە بکوژی باوکی، بەڵکو ئەوەیە لەدەرەوەی ماڵی خۆی گەورەدەبێت. هەر منداڵێک لەدەرەوەی ماڵ گەورەببێت پڕۆژەی هەڕەشەیەکی گەورەیە لە ئاکارو ڕەوشت. ئودیب یەکێکە بۆ جارێک و بۆ هەتا هەتایشە ماڵی خۆی ونکردووە. ئەو کۆچبەرێکە قەدەر غوربەتی لە ناوچاوانی نوسیوە، ئۆدسیۆسێکە، لە غوربەتدا لەدایکبووە... گەشتی

گەڕانەوەی بۆ ماڵ وەک گەشتی ئۆدسیۆس درێژە، بەڵام ئەو نەدەزانێ لە غوربەت ژیاوە، نەشدەزانێت گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ. ئۆدیب کۆچبەرێکە بە یادەوەرییەکی سڕدراوەوە. ئەو وێنەی کۆچبەرێکە هەموو ڕابوردووی خۆی لەیادکردووە. بە مانایەک لە ماناکان هەموو دوورکەوتنەوەیەک لە ماڵ تەنیا دوورکەوتنەوە نییە لە چاوەدێری، بەڵکو لەتەک خۆیدا ئەگەری سڕینەوەی یادەوەرییەکانمانیشی پێیە.
سڕینەوەی ڕابوردوو، بێئاگایی لێی، هەوێنی کارەساتی گەورەیە. شانۆگەری «بەدحاڵیبوونی» کامۆش هەمان تێزە دووبارەدەکاتەوە.
«ماڵ ونی» ئۆدیب بەرەو گەورەترین گوناهی مێژوو دەبات، ئەویش خەوتن و سەرجێکردنە لەگەڵ دایکدا. ئەوەی ماڵ ونبکات دەشێت هەموو شەرەف و شەریعەت و یاسایەکی زەمین و ئاسمان ونبکات. ئەوەی ماڵ ونبکات، ماڵیش ونی دەکات، وەک ئەو پاڵەوانەی کامۆ کە بەدەستی خوشکی و دایکی دەکوژرێت.

دۆخی کەسی کۆچبەر نزیکە لە دۆخی ئۆدیپەوە، ونکردنی ماڵ لای ئۆدیب ئەگەرێکی هەمیشەیی پێشدەمی کەسی کۆچبەرە، سڕینەوەی یادەوەری و بێخەبەریی ئەگەرێکی کراوەیە بۆ هەموو کۆچبەرێک... ونکردنی ڕابوردوو یادەوەری لە هەمانکاتدا ونکردنی ئەخلاقیشە.
کۆچبەری کورد دوور نییە لەم مەترسیانە، ئەو کە لەماڵ دێتەدەرێ نازانێت ئایا دەتوانێت بگەڕێتەوە؟ نازانێت کەی دەگەڕێتەوە؟ نازانێت ئایا دەسەڵاتی بەسەر ئارەزووەکانیدا دەشکێت، یان ئەوانەی جێیاندەهێڵێت بە چ حاڵێک دەیانبینێتەوە؟. کۆچی کورد کۆچێکە بە پچڕانێکی زۆرجار قووڵ و زۆرجار درێژەوە لەگەڵ ڕابوردووی خۆیدا، کۆچێکە پڕە لە مەترسی لەدەستدان.

کۆچی ئێمە زنجیرەیەک حکایەتی یەک لە دوای یەکی لەدەستدانەکانە، لەدەستدانی یادەوەرییەوە بیگرە تا لەدەستدانی ڕیشەو لەدەستدانی کاراکتەر. هەموو ئەم لەدەستدانانەش وەک جۆرە سام و ترسێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و دینی وێنادەکرێن. لێرەوە نیشاندانی دزێوترین وێنەی ئەخلاقی بۆ کەسی «دوورە ماڵ» بەشێکی لەو پەیامە ئایدۆلۆژییەی کە کۆمەڵگا دەیداتە کەسی نامۆوان «مغترب».

کۆمەڵگای ئێمە پڕە لەو ترسانەی ژنان لە ئەخلاقی نێرەکان و نێرەکان لە ئەخلاقی ئافرەتەکانیان هەیە. کۆچی ئێمە کۆچێکە لەژێر فشارێکی ئەخلاقی گەورەدا بەرقەرار دەبێت. کۆچبەر پڕۆژەی ئەوەیە ببێتە کەسێکی نەناس، ببێتە کەسێکی گۆڕدراو کە هاوڕێ و دۆستەکانی نایناسنەوە. گۆڕینی کەسی کۆچبەر بۆ کەسێکی غەریب لەزەتێکی کۆنزەرەفاتیڤانەی قووڵ دەبزوێنێت. ڕووە پەرێزخوازەکەی کۆمەڵ لەزەت لەوە دەبینێت کۆچبەران بە جۆرێک وێنابکاتەوەو وا نیشانیان بدات ئیدی لەدەستچون و کاراکتەرو یادەوەرییان سڕدراوەتەوە.

سڕانەوەی یادەوەری و تێکچوونی کاراکتەر ئەو دوو دەروازەیەن، ڕمانی مۆراڵی کەسی کۆچبەر بەرجەستەدەکەنەوە.

چاندنی ترسی ئەخلاقی لەسەفەر یەکێکە لە کاراترین میکانیزمەکانی پەکخستن و گێڕانەوەو تیرۆرکردنی کەسی کۆچبەر. کەسی کۆچبەر لەم وێنە باوەدا ئەو کەسەیە کە ناتوانێت ڕەوشتی خۆیی و ڕەوشتی کەسانی نزیکی خۆی زامنبکات. لەم دیدەوە کۆچ یارییەکی ترسناکە بە ئاگرێکی کوشندە کە ئاگری ئەخلاقە. ئەوەی لە ماڵ دێتەدەرێ و ڕوو لە زەمینە تاریک و دوورەکان دەکات، ڕوو لە خۆرئاوادەکات بە هەموو نیگارە هەوەسبزوێنەکەی خۆیەوە. دەبێتە سمبولێکی ئازادی و بەربوون لە کۆتەکان، ئەو بۆیەکجار لەدەست کۆمەڵگا دەردەچێت و گیرانەوەشی ئەگەر ئەستەم نەبێت ئاسان نییە

## هەندێک لە دەرەنجامە دینی و دەروونییەکانی کۆچ

### کۆچ و کینە

لە ڕاسـتـیـدا کـۆچـبـەری کـورد کـە لەمـاڵ دێتـە دەرێ، نازانێت بۆ کـوێ دەچێت. ئەو وێنەیـەی لە خـەیاڵیـایەتی وەهمـە، وێنەی کـۆمـەڵێک سـەربوردو حـیکایەتی کەسـانـی پێشـخـۆیەتی. سـەفـەری ئەو سـەفـەرێکە بەرەو نادیار، بەرەو شـوێنگەیەک کە خـۆی پێشـتـر تاقینەکردۆتەوە، ترس لەسـەفـەر تەنیـا ترسـێکی ئـەخـلاقـی نییـە، ترس نییـە دەرهـەق بە کـاراکـتـەری مـرۆڤ، بەڵکو ترسـیـشـە بـەرابـەر بە پێوانەکان، بەرابەر سروشتی ئەو دونیایانەی تێیدەکەوێت.

کۆچ لە حەقیـقەتێکی سـادە، بەڵام کاریگەرەوە دەسـتپێدەکات، حـەقیـقـەتی ئەوەی کـەسـی کۆچبـەر چیتر لەگەڵ کەسـانـی نزیکی خـۆیدا ناژی. واتە زمانحـاڵی وەک دکتۆر ڕۆک لە شـانۆگەرییـەکی دیلان تۆماس دا دەڵێت «*پێویستیم بە دۆست نییە، دوژمنانم پێ چاکترن*». کەسێکە دۆستان جێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە مـاڵی نادۆست. کۆچکردن شکان وکـۆتاییـهێنانـە بە جـۆرێک لە پێکەوەژیـان. ئەو کـەسـەی کۆچدەکات پێیوایە کە چەشنێک لە پێکەوەژیان هـەیـە ئیدی مـانای نییـە. پێوەری یەکەم کە لە ژیانی کۆچبەردا دەشکێت، پێوەری هاوژیانییەتی لەگەڵ دەوروبەرە دێرینەکەیدا.
کۆچ گومانێکی قووڵە دەربـارەی ئەوانەی لە چواردەورمانن، هـەوڵدانیشـە بۆ جۆرێک لە تاکبوونەوە. لەگەڵ کۆچدا شـتـەکان وادێنە بەرچاو وەک ئەوەی لە هەناوی کۆمـەڵگای ئێمەدا ڕقێکی قـووڵ هـەبێت دەرهەق بەو کـۆمـەڵگایە، ڕقـێک شـەرمـدەکـات تەعبـیـر لە خـۆی بکات و کـۆچ دەبێتـە تاکە دەروازەی تەعبیرکردن لەو کینەیە.

مـەرج نییە ئەو کینەیە ئـاگاو هـەسـتنشین و هۆشـزەدە بێت، کینەیەک بێت بگاتە ئـاسـتی تەعبـیری ڕاستەوخۆ لە خۆی. کەم کەس جورئەتی ئەوە دەکات، ڕقی خۆی لە نیشـتیمان نیشـانبداتەوە، ڕقی لە هـاونیشتیمانییەکانی خۆی بخاتە سەر کاغەز. بەڵام کەسی کۆچبـەر، خاڵی نییە لە تووڕەییەکی گەورە، هیچ کۆچبـەرێکی کورد بـە خـەیاڵێکی هێمن و لە دۆخێکی ڕەزامـەندی تەواوەتیدا لە هـەمـوو شـتـەکان نایەتەدەرێ، بە پێچەوانەوە کۆچبەر کەسێکە زۆرجار لە کاتی هاتنەدەرەوەدا لە ناشیرینکردنی وێنەی کۆمەڵگاو مـێژوو کولتووری خـۆیدا پێدادەگرێت و شـتـەکان بەرەو ڕێگایەکی باریک دەبات. زۆربەی کۆچبـەران کەسـانی تووڕەن، کە دواتر خودی ئەو تووڕەییـە بەرەو پەشیمـانیان دەبات. «دواتر دێمـە سـەر هـاوکێشـەیی پەشیمـانییـەکانی کۆچبەر». هەندێ کۆچبـەر کە دێنە دەرێ باس لە دۆزینەوەی عـەردێک دەکەن کە چیـتر هـاووەتەن و هـاونەتەوەکانی خـۆیان نەبینن، باس لە گەڕان دەکەن بۆ شـوێنێک ئیـتر چاویان بـە چاوی کـورد نـەکەوێتـەوە. ئەم خـەون و گـوزارە پڕ لە کـینانە، ئـاوێنەی تووڕەییـەکی قـووڵن دەرهەق بەهەموو کۆمەڵگای خۆی. گومان نییە کینە دینەمۆیەکی گەورەی کۆچە، هیچ کۆچبەرێک نییە بەبێ جـۆرێک لە ڕق بتـوانێت بەرەنگاری ئەو هـەمـوو مەترسـییـە ببێـتەوە، کـۆچ یاخـیـبـوونێکی ڕەمـزی، بەڵام بێئـامانجە، جۆرە شۆڕشـێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرابەر چینێک یان توێژێک یان دەسـەڵاتێک بەڵکو بەرابـەر هـەموو کۆمەڵگا، نائومـێدی نییە لە سیاسـەت بەڵکو نائۆمـیـدییە لە کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی، نائومێدی نییە لە ئێسـتـای ژیانی کۆمەڵایەتی ئێـمـە، بەڵکو لە داهـاتووشـی. وەلێ ئەم نائومێدییە بێزمـانـە، نائومێدییـەکە لە شێـوەی ڕقێکی نەپاڵێوراوو نەسـازێنراوەوە دێتەدەرێ. کۆچ بە شـێوەیەک لە شێوەکان تەعبیـرە لەو بێزمانییـەی مرۆڤی ئێمـە، لەو ئـاستە نزمەی تەعبیرکردن، بەدرێژایی کـات مرۆڤی ئێمـە تووڕەییە لە شـتێک، دەیـەوێت خۆی لە شـتێک ڕاپسـکێنێت، بەڵام هـەرگـیـز ناتوانێت ئەو ڕقـە وەرگـێـڕێتـە سـەرزمـانێکی ڕوونی قـسـەکـردن، سـەر نـاونانی هـەمـوو پاڵنـەرو مۆتیڤەکان... کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە پێیەکانی دەینووسێت.

دیاره ئۆرگانه گرنگەکانی کۆمەڵ هەستێکی نهێنییان بەو تورەییە هەیە، ئەگەر کۆچبەر تورەیی خۆی نەکات بەسەفەر یان دەبێت وەک کردەیەکی توندوتیژ ئاڕاستەی خۆی یان دەرەوەی بکات. ئەگەر ئەو بێزارییەی لە ڕێگا دژوارەکانی سەفەردا خاڵینەکاتەوە دەبێت یان لە خۆیدا یاخود لەوانی دیکەدا خاڵیبکاتەوە. کۆچبەر کەسێکە ئەگەر ڕێگای ڕۆیشتنی لێبگریت لەوانەیە ببێتە کەسێکی ترسناک، کۆچبەر ئەو کەسەیە کە مانەوەی لە جێگایەکدا بۆنی مەترسی لێدێت، ئەو تەنیا بە ڕۆیشتن دەتوانێت خۆی بپارێزێت... بەرۆیشتن ڕێگا لەوە دەگرێت تورەییەکانی کوێربن و نابینا پەلاماری دەوروبەر بدەن.

زۆرجار کۆمەڵگا بەرابەر ئەو تورەییە بێدەنگدەبێت، کۆمەڵگا نایەوێت خۆی بە ناشیرینی لە ئاوێنەی منداڵەکانی خۆیدا ببینێتەوە، بەڵام بێدەنگبوونی لەو ڕقە مانای ئەوە نییە بە ڕقەوە تەماشای کۆچبەر ناکات. لێرەوە هەموو دەرفەتێک بەکاردەهێنێت بۆ ئازاردانی کۆچبەران و نامۆنشینان. لەو ساتەوەی کە کۆچبەر لە نیشتیمان دێتە دەرێ دەبێت بەدیوێکدا خۆی ئامادەی کینەیەک بکات و ڕازیبێت ببێت بە بابەتێکی ڕق. بەڵام ئەم کینەیە ساف نییە، بەڵکو پڕە لە پێکدادانی ویژدانی قووڵ و ناکۆک، چونکە لەپاڵ ڕقەوە هەمیشە خۆشەویستییەکی گەورە بۆ نیشتیمان هەیە، لەپاڵ کینەو بوغزاندنیشەوە کۆمەڵگا هەمیشە ئامێزێکی گەرمی بۆ منداڵەکانی خۆی هەیە.

## کۆچ و غەیب

تا ئەو کاتەی مرۆڤ لە ماڵی خۆیدایە، لە ناو دونیای شتە سادەو ئاساییەکانیشیدایە. ماڵ و نیشتیمان دوو وشەن ئاماژەن بۆ فەزایەک کە کەسی کۆچبەر درشت و وردیان دەناسێت، فەزایەکن کەمترین ئەگەری ڕێکەوتیان هەڵگرتووە، کەمجاریش قەدەر و چارەنووس لەناو دیوارەکانی ماڵدا گەمە بە ژیان دەکەن. مرۆڤ بۆئەوەی بکەوێتە سەرزەمینی ڕێکەوت و سودفەکان و ببێت بە یاریچەی قەدەر دەبێت لە ماڵ بێتەدەرێ... قەدەر و ڕێکەوت لە ماڵی خۆماندا درەنگ دەماندۆزنەوە، بەڵام کە دەستدەکەین بە داستانی کۆچ ئیدی بە ناو گەردەلوولی ڕێکەوتەکاندا دەڕۆین.

بەڕێکەوت لە سنوور دەپەڕینەوەو بە ڕێکەوتیش دەمرین، بە ڕێکەوت دەگەینە پایتەختە دوورەکان و بە ڕێکەوتیش دەگیرێین، بە ڕێکەوت پۆلیسەکان ناماننناسن و بە ڕێکەوتیش دەستگیرمان دەکەن، بە ڕێکەوت دەچینە سەر ڕێگایەک دەمانگەێنێتە خۆرئاوا، بە ڕێکەوتیش دەگێڕدرێینەوە بۆ ئەو دیو سنوور... بەڕێکەوت لە ڕێگا دەربازدەبین و بە ڕێکەوتیش لە ڕێگادا دەکوژرێین. سەفەری ئێمە یارییەکی ئاڵۆزە لەگەڵ ڕێکەوتدا، سەفەرێکە کە دەستپێدەکات جگە لە ئاڕاستەکەی هیچی دیکەی دیارنییە، تێکستێکی کراوەیە لەبەردەم هەموو ئەگەرەکاندا، شوێنێکە وشەگەلی وەک قەدەرو ڕێکەوت و بەخت و هیمدادی غەیبی تیا سەروەرە.

جیهانی ئەم جۆرە کۆچبەرە تازەیە داخراوتر و سەیرتر و ترسناکترە لە گەڕاڵ و دەربەدەر و غەریبەکانی جاران، ڕێژەی ڕێکەوت و گەمەکانی قەدەر لەسەفەری تازەدا لە چاو جاراندا گەورەترە. لە جیهانی کۆندا هەمیشە کۆمەڵێک نیشانە هەبوون کە پاڵەوانی چیرۆکەکانیان لە هەندێ شت ئاگاداردەکردەوە، هەندێ ڕێسا هەبوون یارمەتی قارەمانەکانیان دەدا لە پەڕینەوەدا . لە حکایەتە کۆنەکاندا پاڵەوان دەچێتە سەر ئاوێک ، ئاوێکی زەرد دێت نابێت بڕوات، ئاوێکی سوور دێت نابێت بڕوات، ئاوێکی ڕەش دێت نابێت بڕوات، بەڵام کە ئاوێکی سپی دێت دەڕوات. دەچێتە بەردەم سەگێک و ئەسپێک ئەسپەکە ئێسکی لە پێشدەمدایەو سەگەکەش ئالیکی لە بەردەمدایە، پاڵەوانەکە دەبێت ئێسکەکان بنێتە بەر سەگەکەو ئالیکەکە بنێت بەر ئەسپەکە، دەچێتە بەردەم «دە» دەرگای کراوەو

«دە» دەرگای داخراو، دەرگا داخراوەکان دەکاتەوەو دەرگا کراوەکان دادەخات... بە گشتی لە گەمەی حکایەتە کۆنەکاندا کەسی وێڵگەرد کۆمەڵێک یاسا هەیە کە زانینیان یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بەڵام سەفەری نوێ خاڵییە لەم ڕێسا ئەفسانەییانە. وەلێ چۆن لە جیهانی حکایەتە کۆنەکاندا پاڵەوان پێویستی بە کۆمەکی غەیبی هەیە، لە دونیای کۆچبەری تازەشدا هەمان شێوە، کۆچبەر پێویستی بە کۆمەڵێک ڕەگەزی غەیبی هەیە ڕزگاریبکات، لە حکایەتە کۆنەکاندا، پاڵەوان لە یەکێک لە وێستگەکانی سەفەردا کۆمەکی دێوێک یان پەریزادەیەک دەکات، لە وێستگەکانی دواتردا ئەویش بەرامبەر چاکەی کۆن دەگەڕێتەوەو کۆمەکی پاڵەوانەکە دەکات. دێوێک دێت و سێ مووی خۆی دەداتێ تا لەکاتی پێویستدا هەڵیکوزێنێت، جنۆکەیەکی چاکەکار دێت و پێیدەڵێت لە کاتی لێقەوماندا بانگمبکە و من دەگەمە فریات.

جیهانی کۆچبەری کورد تا ئەمڕۆ لەم جۆرە حکایەت و ئەفسانانە پاکنەبۆتەوە، کۆچبەری کورد لەهەموو وێستگەیەکدا پێویستی بە هەمان هێزی غەیبی هەیە تا ڕزگاریبکات. سەفەری مرۆڤی کوردو نیشتنەوەی لە خۆرئاوا گەشتێکە بە ناو دەریایەک ڕێکەوتدا، ئیشکردن لە ناو ڕێکەوتیشدا، ئیشکردنە نزیک بە سنووری خورافەت. کاتێک چارەسەرییەکان بە کۆ لە دەستی ڕێکەوتدابن، ژیان یارییەک بێت لە نێوان ئەگەر و نەگەردا، لەم کاتەدا باوەڕهێنان بەدەسەڵاتی غەیب دەبێتە بەشێک لە کۆی ئەزمونی ئێمە. خودی ئەم ئەزموونە وا لە خەیاڵی کۆچبەری ئێمەدەکات تادوائەندازە هەموو کولتووری خورافیانەی خۆی زیندووبکاتەوە. ئیرادەی سەفەر تەنیا بەشێکی چکۆلەی هێزی کۆچبەرانە، ئەوەی کە گەشتی ئێمە سەردەخات ئیرادە نییە، بەڵکو ڕێکەوتە... ئیرادە لێرەدا یەک وەزیفەی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئامادەبێت خۆی بخاتە خزمەتی ڕێکەوتەوە. زۆربەی کۆچبەری ئێمە پێیانوایە بۆئەوەی بگەنە خۆرئاوا هێزێکی خودایانە، توانایەکی غەیبی کۆمەکیکردون.

سەختی سەفەرو ڕەهەندە غەیبییەکانی، وادەکات جگە لە ڕێگای کۆچ، کەسی کۆچبەریش بارگاوی بێت بە کۆمەڵێک سەمبولی غەیبیانە. کە سەفەر ملنان بێت بۆناو تونی بابا، ملنان بێت بۆ جێگایەکی پڕمەترسی، گەشتێک بێت بە نادیاردا، پەڕینەوە بێت لە سەدان چیاو دەربەندو دەریا... لێرەدا کەسی کۆچبەر دەبێتە کەسێکی نائاسایی، کەسێک سیفەتی قارەمانی ناو چیرۆکەکانی هەیە، بەشێکی کاراکتەری هاوئامێزی غەیبیات بێت. ئەو دونیا نائاساییەی سەفەر وێنەی مرۆڤێکی نائاسایی دەداتە کۆچبەر، لێرەوەیە کەسی کۆچبەر خۆشی بۆ کۆمەکی ئەو هێزە غەیبیانە دەگەڕێت. زۆرن ئەوانەی بەر لەسەفەر خودانەناسن، لە کاتی سەفەردا دەبنە ئیماندار و کەدەگەنە جێگای مەبەستی خۆیان دووبارە پشتدەکەنەوە خودا. دیارە ئەم پابەندبوونە بە خواوە لە ڕاستیدا پابەندبوونێکی دینی نییە، واتە پەیوەندییەکی بە ئیمانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گەڕانەوە هەیە بە دوای هیمدادی غەیبیدا. ئەوەی ئەوانە بۆی دەگەڕێن خودا نییە، بەڵکو جۆرە کۆمەکێکی غەیبییە، کۆمەکێکە لە جنۆکەو شەیتان و ئیبلیسەکانیشەوە بێت، قبووڵکراوە. ئەوەی کۆچبەر لە ڕێگای سەفەردا نوێژی بۆدەکات خودا نییە، بەڵکو ئەو هێزە غەیبیانەن کە لەناو یادەوەری و نەستدا خەوتوون. کەسی کۆچبەر خودا لە خۆیدا وەئاگاناهێنێتەوە، بەڵکو ئەو کولتوورە غەیبییە بە ئاگادەهێنێتەوە کە یارمەتیدەدات لە پەڕینەوە سەختەکانیدا. خوداناسی و پاڕانەوە بۆ کۆمەکی غەیبی دوو شتی جیاوازن. ئەم وێنە غەیبییە لە ناوەوەش هاوڕێی هەموو بیرکردنەوەکانە لە کەسی کۆچبەر، خۆرئاوانشین هەمیشە یەکێکی بەهێزترە کە توانایەکی سیحراوی هەیە، دەتوانێت کێشەکان چارەسەربکات، سامانێکی بێشوماری هەیە، توانای دەرهێنان و ئازادکردنی خەڵکی تری هەیە، ئەو وێنەیەی کە هەیەتی وێنەی مرۆڤێک نییە بە دەسەڵاتە ئاساییەکانی مرۆڤەوە، بەڵکو وێنەی کەسێکی بان ـ مرۆڤە، وێنەی کاراکترێکی ئەفسانەییە کە توانایەکی گەورەی هەیە لە کۆمەککردن و بڕینیدا، لە یارمەتیدان و سزادانیشدا، توانایەک دەتوانێت موعجیزە چێبکات. دیارە ئەم وێنە غەیبییە تەنیا لایەنە بەهێزو سیحرییەکانی کەسی کۆچبەر ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی نیگەتیڤی زۆر قووڵیشی هەیە کە لە ڕەوتی باسەکەدا پتر

ئاشکرادەبێت. سەیرکردنی ئەو کەسانەی لە خۆرئاوا دەژین وەک کەسانی«بان ـ مرۆڤ» کە دەتوانن هەمـوو موعجیزەیەک دروستبکەن، سروشتی زۆر پێکەنیناوی هەیە، لە خەیاڵی میللی ئێمەدا ئەوەی دەگاتە خۆرئاوا، دەبێتە خاوەنی قودرەتێکی سیحری و دەبێتە سیحربازێکی پلە یەک.

## کۆچ و سزا

کۆچ یەکسانە بە دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، تاسەفەر سەختترو نیشتەجێبوون لە خۆرئاوا پڕ غەمتر بێت، کۆچ پتر سروشتی سزا وەردەگرێت، ئۆدسیۆس کە ناگاتەوە ماڵ و ئاوارەی دەریاو سەرزەمینە نەناسراوەکان دەبێت لە ژێر جەبری سزای خوداکاندا دەناڵێنێت . لە چیرۆکە خورافییەکانی ئێمەشدا پاڵەوان هەمیشە تووشی ڕیزێک ڕووداو دەبێت جار دوای جار پتر لە نیشتمانی دووردەخاتەوە. کەمنین ئەو پەناهەندانەی ئەمڕۆش نوشوستی و ئازار و غەریبی ئێرە وەک جۆرە سزایەکی خوداییانە تەماشادەکەن. تا کۆچ پتر هاوشانی هەستکردن بێت بە گوناه، پتریش هاوشانی هەستکردن دەبێت بە سزا.

خۆسزادان بەشێکی گرنگی کولتووری ئێمەیە، کۆچ زەمینەیەکی گەورەی سەرهەڵدانەوەی هەستە بە نەفرەت و دەرکردن. ئەو کەسەی لە نیشتیمان دێتەدەرێ، مۆتیڤەکانی سەفەری هەر چییەک بێت لە پاشخانی سایکۆلۆژیدا وەک یەکێک خۆی وێنادەکات کە هەموو ئاسۆو دەروازەکان لە پێشدەمیدا داخراون. سەرهەڵدانی هەستکردن بە نەفرەت، بە دەرکراوی، بە نەبوونی جێپێیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتای چیرۆکی زۆربەی کۆچەکانە. ڕاستە کۆچ یەک حکایەتی نییە، کۆچ لە بێشومار چیرۆک و بێشومار سیناریۆ دروستبووە، بەڵام هەموو کۆچبەرێک کاتێک هەموو شتەکانی دەفرۆشێت و ماڵاوایی لە دونیایەک دەکات کە تیا ژیاوەو گەورەبووە هەستێکی قووڵی بە دەرکردن و بێجێی و نەفرەت هەیە. کۆچبەر لە قووڵاییدا وەک دەرکراوێک سەیری خۆی دەکات... هەر کەسێک لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی خۆیدا بەدروستی شوێنی ڕاستەقینەو ئینسانی خۆی نەگرت وەک یەکێک تەماشای خۆیدەکات کە لە شوێنگە و فەزای کۆمەڵایەتی کرابێتە دەرێ.

«سیگمۆند باومان» لە لێکدانەوەیدا بۆ مانای «نامۆ ـ غریب ـ Fremde » قسە لەو جیاکارییە کڵێشەییە دەکات لە نێوان «دۆست» و «دوژمن» دا، پێشی وایە کە «نامۆ» کەسێکە نە دۆستەو نە دوژمن، واتە لە یەک کاتدا هەڵگری هەردوو ئەگەرەکەیە، دەکرێت ببێتە دۆست و دەکرێت ببێتە دوژمنیش «١».غەریب کەسێکە کە شوناسی دیار نییە. لێرەدا باومان قسە لە غەریبێک دەکات لە دەرەوەی کۆمەڵگاوە هاتۆتە ناوەوە، واتە لە ڕوانگەی ئەو ژینگەیەوە کە میوانداریدەکات قسە لە غەریب دەکات، ئەوەی من سەرەنجیدەدەم و لەم باسەدا مەبەستمە. پەیوەندی غەریب نییە بە کۆمەڵگاکانی غوربەتەوە بەتەنیا، بەڵکو پەیوەندییەتی بەو کۆمەڵگایەی لێیدوورکەوتۆتەوە، لای من ئەوەی بە پلەی یەکەم غەریب ئازاردەدات تەنیا پەیوەندی نییە بەو کۆمەڵگایانەی لە ناویاندا نیشتەجێبۆتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکی گەورەشی بەو کۆمەڵگایانەوە هەیە کە جێیهێشتوون، ئەوەی زۆر غەریب ئازاردەدات ئەو شوێنە نییە کە تیا دەژی، بەڵکو ئەو شوێنەشە کە لێی دورکەوتۆتەوە، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە کێشەکانی کۆچبەر لەگەڵ ژیانی مەنفادا گەورە نین، بەڵکو بەو مانایەیە مەنفا ئەگەر بەهەشتیش بێت و هەموو هەلومەرجەکانی ژیانێکی مرۆڤانەش بۆ کۆچبەر سازبکات تراژیدیایەک لە ناو ژیانی کۆچبەردایە ناڕەوێتەوەو دەست لە هەناسەی کۆچبەر هەڵناگرێت. ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەوەیە ئەو دۆخی نە دۆست و نە دوژمنەی باومان باسیدەکات، تەنیا جەوهەری پەیوەندی کۆچبەر نییە بە مەنفاوە، بەڵکو جەوهەری پەیوەندی کۆچبەرە بە کۆمەڵگای خۆشییەوە، ئەو چیتر نە ئەوەیە دۆستی ئەو کۆمەڵگایە بێت، نە ئەوەیە دوژمنیشی بێت، نە ئەوەیە بەشێک بێت لێی و

نە ئەوەشە لێیجیابووبێتەوە. ئەم حاڵەتە ژیانی کۆچبەر دەگۆڕێتە سەر گۆڕەپانی جەنگێکی گەورە، ئەمە ئەو دۆخە دۆزەخئاسایەیە کە کۆچبەر سزاکەی دەچێژێت و دەبێت هەوڵیشبدات لێی دەرباز بێت. لەم گەمەیەشدا وەک «تۆماس هوێنە» لە هەمان ئەو وتارەی سەرەوەدا ئاماژەیپێداوە، هیچ کات و بۆ هەتاهەتایە مانای وشەی غەریب بە تەواوی دەستنیشاننناکرێت.

گەورەترین دیاردەی کۆچی ئێمە ئەو ناکۆکییە ویژدانییەیە کە کەسی کۆچبەر لەتەک خۆیدا دەیگێڕێت. چیرۆکی کۆچ بە هەڵتەکان و توڕەیی و هەستێکی قووڵ بە بێشوێنی و بێهیوایی و بێئامانجی دەستپێدەکات، کۆچبەر کەسێکە بەبێ ئەو هەستکردنە بە دەرکردن ناتوانێت ئەو مۆتیڤە گەورەیەی هەبێت بیکات بە گژ چیاو هەردو تاریکی و دەریاکاندا. مۆتیڤی کۆچ ئێجگار بەهێزە، بەو مۆتیڤە بەهێزەشەوە نەبێت داستانی سەفەر ناگاتە جێگای خۆی، بەڵام پەنابەر هێندەی دەگاتە خۆرئاوا، کۆی ئەو هەستە قووڵ و بێبەربەستانەی سەرەتای بە شێوەیەکی قووڵ لەلا وەردەگەڕێن و سروشتێکی پێچەوانە وەردەگرن. کۆچبەری بریتییە لە دوو جۆر سەما لەسەر دوو جۆرە شانۆ، لەسەر دوو ئاوازی جیاواز.

ئەو ئاوازەی کە کۆچبەر لە نیشتیمانەوە بۆ خۆرئاوا دەبزوێنێت ئاوازێکی تەواو جیاوازە لەو ئاوازەی کەسی کۆچبەر لە تاراوگەوە بەرەو نیشتیمان دەبزوێنێت.

گەیشتن بە خاکەکانی مەنفا، هاوڕێیە بە هەڵگەڕانەوەیەک لە هەست و سۆزەکاندا. ئەو هەستەی سەرەتا بە زوڵم و دەرکردن و بێشوێنی و بێچارەنووسی لە مەنفا دەبێتە هەستێکی جیاواز، ئەوەی لەوێ خۆی وەک قوربانی تەماشادەکات لە بەردەم ئەو کولتوورە خەوتووەی ناوەوەی خۆیدا، «کولتووری هەستکردن بە گوناه» دەبێت تاوانبار. ئەو پەنابەرەی لێرە دۆخێکی دژوار دەژی لە قووڵایی نەستیدا پێیوایە سەختی کێشەکان و داخستنی دەرگاکان بەڕویدا دەرەنجامی تۆڵەیەکی ئاسمانییە، دەرەنجامی گوناهێکە ئەو دەرهەق بە نیشتیمان و کەس و کار کردوێتی. هیچ پەنابەرێک لە خۆرئاوا نییە کۆمەڵی پاڵهێزی دەروونی شاردراوەی بۆ خۆسزادان هەڵنەگرتبێت. ئەو هەستە قووڵە بەقەرزارباری پاڵ بەکەسی پەنابەرەوە دەنێت بەردەوام لە ڕێگای پارەو دیاری و ئیشی سەخت و وەفا نواندن و کۆمەکی بەردەوام و فەرامۆشکردنی زیندەگی تایبەتیی خۆیەوە بەدوای لێبوردن و پاکبوونەوەدا بگەڕێت.

پەناهەندە لە نیشتیمان یەکێکە هەستدەکات سزا دراوە، لە مەنفاش هەستدەکات دەبێت سزا بدرێت. ئەو لەوێوە بە کۆچکردن لە زوڵم ڕادەکات، لێرەشەوە بە کۆمەکی بەردەوام، بەپێشکەشکردنی خەڵات و دیاری و قوربانی دەیەوێت لە گوناه پاکببێتەوە.

ئەو لە خۆ بووردنە قووڵەی زۆربەی زۆری کۆچبەران نیشانیدەدەن، ئەوەی کۆچبەر هەموو ژیانی خۆی فەرامۆشدەکات و هەموو وزەی خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی دڵی ئەوانە ڕازیبکات کە لە نیشتیمان چاوەڕێیدەکەن و هەموو ژیانی خۆی دەکاتە ڕەنجێکی بەردەوام بۆ دڵخۆشکردنی ئەوانەی بەجێیهێشتون، ئەم لە خۆبووردنە قووڵە، ئەم خۆتەرخانکردنە بێوێنەیە هیچ نییە جگە لە ئاوێنەی هەستێکی قووڵ لە نائاگای پەنابەردا بە قەرزاری و بە گوناه. ئەو کینەیەی سەرەتا باڵ بە کۆچبەر پەیدادەکات بۆ فڕین، دواتر لە شێوەی ویستێکی زۆر بەهێزی خۆسزادانداا پاکدەکرێتەوە. ئەو دۆخەی کە پەنابەرانی کورد بە گشتی دەتوانن ئیشی زۆر سەختبکەن، ئیشی زۆر خراپ و ناخۆش و ناچیز قبووڵبکەن، زۆرجار ئاوێنەی پێویستییەکی ئابووری نییە بۆ ژیان، بەڵکو ئاوێنەی خۆ سزادانێکی نائاگایانەیە. من لەهەندێ شوێنی ئیشدا ڕێکەوتی ئەو کرێکارانەم کردوە کە سەختی ئیشەکەی خۆیان وەک جۆرێک لە سزا زانیوە دەرهەق بە ڕازینەبوون و مانەوە لە نیشتیمان... ناردنەوەی بەردەوامی پارەیان بە شێوەیەک لە شێوەکانی خۆپاکردنەوە زانیوە لە خراپەیەک کە ویژدانیانی سەنگینکردووە.

کۆچبەری کورد لەو ساتەدا کە کۆچدەکات و هەست بە سزاو زوڵم دەکات، لەو ساتەشدا کە خۆی سزادەدات و دەیەوێت ویژدانی خۆی پاکبکاتەوەو ئاسودەبێت لە هەردوو دۆخەکەدا لە ژێر فشاری کۆمەڵێک هێزی دەرونی و کۆمەڵێک وێنەی زهنی بارکراودا بە ئەفسانە دەجووڵێتەوە.

پەنابەری کورد هەرگیز لە دوو ئیدیای زۆر سەخت ڕزگاری نابێت، یەکەمیان ئەوەیە «کە لە نیشتیمان جێگای نابێتەوەو شوێن پێی نییە»، دووەمیشیان ئەوەیە «قەرزاربارێکی قووڵی هەموو ئەوانەیە کە بەجێیهێشتوون» . هەردوو ئەم هەستەش سروشتی دوو بیرۆکەی ترسناک و سایکۆلۆژی وەردەگرن، واتە دوو بیرۆکە نین، بەڵکو دوو «دنەسۆز ـ هاجس»ن کە ڕەهەندە دەروونییەکانیان لە زەمینە لۆژیکی و عەقڵییەکەیان پتەوو بەهێزترن.

## کۆچ و لاوازبوونی وێنەی نیشتیمانی جوان

یەکێک لەو تابۆ گەورانەی ئەدەبی کوردی لەسەری دروستبووە، بەخراپ ناونەهێنانی نیشتیمانە. بەدرێژایی سەدەی بیست ئەدەبی ئێمە ئەدەبی نیشاندانی نیشتیمانە وەک خاکی جوانی و سەرفرازی. بەخراپ باسکردنی نیشتیمان، گاڵتەکردن پێی، ڕق لێبوونی بەشێک نییە لە کولتووری ئێمە... ئێمە هەتا خۆفرۆشەکانیشمان خۆیان وەک عاشقی یەکەمی نیشتیمان نیشاندەدەنەوە.

قەدەغەکردنی هەموو گاڵتەوگەپێک بە وێنەو مانای نەتەوەو نیشتیمان پەیوەندی بەو لەرزۆکی و لاوازییەوە هەیە کەنەتەوەو نیشتیمانی ئێمە تیادەژین، نەوەکو پەیوەندی بە هێزو توانایانەوە هەبێت. وێنەی نیشتیمانێک کە خاکی گەوهەرەو ئاوی کەوسەرە، نیشتیمانێک زەرەیەک لە خاکەکەی نادەین بە قەسری قەیسەری، نیشتیمانێک لە جەنەت خۆشترەو خاکی زێروزیوە. بڕی هەرە گەورەی کولتووری ئێمەی دروستکردووە. ئەم کولتوورە لەگەڵ شاعیرە کلاسیکییەکاندا دەستپێدەکات و بەدرێژایی سەدەی بیست، تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، هەتا گۆران کە زۆرجار وەک شاعیری تەبیعەت قسەی لەسەر دەکرێت، شاعیری نیشتیمانە، گۆران سروشتی وەک سروشتێکی بێ شوناس خۆشنەویستووە، سروشتی گۆران ئدنتیتەیتێکی ناسیونالیانەی هەیە، ئەوەی دواتر شێرکۆ بێکەس بەشێوەیەکی گەورە پەرەی پێدەدا، لە جەوهەردا کەلەپووری جێماوی گۆرانە... بەخشینی شوناسی ناسیونالیستی بە سروشت، گرێدانەوەی سروشت بە ڕۆحی نەتەوەوە کە بەشێکی گرنگی کولتووری شیعری شێرکۆیە لە گۆرانەوە دەستپێدەکات. لەم کولتوورەدا ناوی نیشتیمان هەیبەت و حورمەت و سیحرێکی هەیە کە دەبێت بۆی بچەمینەوە... لەم کولتوورەدا کە بەرد لەسەر بەرد کاری ئەدەبی سەدان نوسەر و سیاسی دروستیکردووە، نیشتیمان شوێنێکی موبارەکە کە دەبێت هەموو لە پێناویدا بمرین، ئەوەشی نایەوێت بۆ نیشتیمان بمرێت ترسنۆک و نمەک حەرامەکانن...

کەسی کۆچبەر لەفەزایەکی کولتووری وادا لە نیشتیمان دێتەدەرێ... هاتنەدەرەوە لە نیشتیمان بە درۆ خستنەوەی چەمکی نیشتیمانی پاک و جوانە. کاتێک دەیان هەزار کەس لە نیشتیمان دێنەدەرێ بێئەوەی بەشی هەرە زۆریان کێشەیەکی سیاسییان هەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە ناشیرینکردنی وێنەی نیشتیماندا دەڕوات، گەر سەرەنجبدەین ئایدۆلۆژیستە حیزبییەکانی ئێمە ، ئەوانەی لە ئۆرگانی حیزبە گەورەکاندا ئیشدەکەن، گووتنی هەر شتێک کە شەرەفی ئیمارەتە حیزبییەکان بروشێنێت تەواو تورە و دەهرییان دەکات، لەلای ئەوان کۆچ نابێت دیاردەیەک بێت پاکێتی نیشتیمان بخاتە ژێر پرسیارەوە... بۆ نمونە لە دوای دروستبوونی کێشەی پەناهەندانی کورد لە کۆتایی ئازار ٢٠٠١ دا لە هۆلەندا، ڕۆژنامە حیزبییەکان گلەییان لەوەبوو کە پەناهەندە کوردەکان نابێت بڵێن کوردستان زەمینێکی سەلامەت و پڕ ئاسایش نییە، چونکە ئەم وێنەیە زیان بە ناوی حیزبە

دەسەڵاتدارە کوردەکان دەگەیێنێت... ڕۆحی ئەم کولتوورە کە لەسەر وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ نیشتیمان دروستبووە. مامەڵەیەکی دینی لەگەڵ نیشتیماندا دەکات. نیشتیمان لەم تێگەیشتنەدا قەوارەیەکی دینی موبارەکە کە هیچ شتێک پیسیناکات، کۆچبەریش کەسێکە دەبێت بەردەوام وێنەی خورافی و دینی نیشتیمان بەرهەمبهێنێتەوە نەوەک لاوازیبکات. لە قۆناغێکدا هەموو ئەو قودسییەتەی دەدرایە خودا دەدرێتە نیشتیمانیش، بە جۆرێک نیشتیمانپەروەری دەبێتە ئەلتەرناتیڤی دین و نیشتیمان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی یەزدان. چەرخی بیست لەئەدەبی کوردیدا چەرخی وەک خودا لێکردنی نیشتیمانە.

کۆچی کوردی لە نەوەدەکاندا سەرەتای هەرەسی ئەو وێنەیە ئەفسانەیی و دینییەیە کە ناسیونالیزمی کوردی بە درێژایی سەدەی بیست کاری لەسەر دەکرد. دیارە کۆچبەر ناتوانێت یەکسەر واز لە وێنەی «نیشتیمانی پاک و جوان» بێنێت . بۆیە خودی ئەم وێنەیە دەبێتە هەوێنی ململانێیەکی ناوەکی نێوان موقەدەسەکانی ئەم وێنەیەو خیانەت و پێشێلکردنی ئەم موقەدەسانە.

کۆچبەر لە هەر جێگایەکی دونیادا بێت لە نێوان دوو وێنەدا پارچەپارچەبووە، وێنەی نیشتیمانی پیرۆزو نیشتیمانی جەهەنەمی.

تۆران لە نیشتیمان تۆرانیشە لە هەموو ئەو ئایدۆلۆژیایانەی نیشتیمان موبارەک وێنادەکەن. بۆیە دواجار مەترسی ئەوەش هەیە کە ئاشتبوونەوە لەگەڵ وێنەی نیشتیمانی جواندا دەبێتە مایەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو ئایدۆلۆژیایانەدا . گومان نییە لەو درۆو نیفاقەی لە پشت هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی ئێمەوەیە دەرهەق بە کۆچبەران، ئەوان لەو ساتەدا کە ئیعلامییەکانی خۆیان فێردەکەن بە کۆچبەران بڵێن «بەرد لە جێی خۆی سەنگینە» و «زەرەیەک خاکی وەتەن مەدەن بە قەسری قەیسەری» لە هەمان ساتدا بە ئاسانی پۆستاڵی هەموو داگیرکەرێک دەهێننە سەر ئەو خاکەی کە نایگۆڕنەوە بە قەسری قەیسەری، لە هەمانکاتدا لەبەردەم هەموو ڕۆژنامەنووسێکی پلە دەدا کە لە سۆماڵ و مۆریتانیاشەوە هاتبن دەستدەدەن بە هەموو کتێبە پیرۆزەکاندا کە کوردستان بەشێکی ئەبەدیی عێراقە، نەوەک لەبەرئەوەی باوەڕیان بە پاشەڕۆژی هاوبەشی کوردو گەلانی تر هەیە، بەڵکو بۆئەوەی فاشیستەکان و شۆڤێنییەتی عەرەب زویرنەکەن. لەم نیفاقەدا ئاساییە کۆچبەر ببێتە بابەتێکی باش بۆئەوەی سیاسییەکان و توتییەکانی ئیعلامی حیزبی ئەوەی لە نیشتیمانپەروەری خۆیان لە جێگا ستراتیژییەکاندا دەیدۆڕێنن لە بەرابەری کۆچبەردا فەنتازیاییکەن و دروستیبکەنەوە.

کۆچبەر دواجار بۆ ئەوەی خۆی لەو وێنە ناکۆکە ئازادبکات، بۆئەوەی خۆی لەو شەڕە ویژدانییە ئازادبکات کە تیادەژی ناچارە بەدوای وێنەیەکی تری نیشتیماندا بگەڕێت، سەفەری کۆچ تەنیا سەفەری هەڵهاتن نییە لە نیشتیمان، تەنیا سەفەری دۆزینەوەی عەشقێکی دووبارە نییە بۆ نیشتیمان، بەڵکو سەفەرە لە وێنەیەکی دینی و فەنتازییەوە بۆ نیشتیمان بەرەو وێنەیەکی دیکە، نیشتیمان لە دیدی کۆچبەردا وەک نیشتیمان نییە لە دیدی ئەو گروپە لە شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیست کە دەیانگووت خاکی وەتەن گشتی زێڕو زیوە، بەڵکو نیشتیمانێکی دیکەشە کە گشتی ترس و ناهەقی و مەحرومییە، بەڵام حاشاکردن لە نیشتیمان و بینینیشی وەک قەوارەیەکی دزێو و ناشیرین لە قووڵایدا شوناس و شانازیی کەسی کۆچبەر بریندار‌دەکات کە بەرابەر بە میللەتان و کولتوورەکانی تر پێویستی بەو جۆرە شانازییە هەیە تا بژی و بمێنێتەوە. بەواتایەکی تر کەسی کۆچبەر بەرابەر بە وێنەی نیشتیمان تووشی دووبەشبوونێکی قووڵ دێت لەسەرێکەوە دەزانێت کە وێنەی نیشتیمان وێنەیەکی جوان نییە و لەسەرێکی تریشەوە دەزانێت ناتوانێت دان بەو وێنەیەدا بنێت، چونکە هەڵگرتنی ئەو وێنەیەو ئیشکردن پێی گورزێکی کوشندەیە لە شوناسی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی کە بەبێ ئەو شوناسە ناتوانێت بەرەنگاری واقیعی دەرەکی ببێتەوە.

## ڕیشەکانی عیبادەت لە ئەفسانەکانی کۆچدا

لە قووڵایی هەموو دونیایەکدا کۆمەڵێک هێزهەن دەیانەوێت مرۆڤ بە شوێنی سۆسیۆلۆگی خۆیەوە ببەستنەوە. هیچ کۆمەڵگایەک ئاسان دەستبەرداری ڕۆڵەکانی خۆی نابێت، بەوەی پێشکەش کۆمەڵگایەکی تریان بکات.

کۆمەڵگا پێیباشترە ڕۆڵەکانی خۆی بکوژێت، زیندانیان بکات نەوەک پێشکەشیانبکات. دیارە کۆمەڵگا داگیرکراوو ژێردەستەکان ئاسانتر ئەندامەکانیان دەبرێت و دەدزرێت، دزین و سڕینەوەی شوناسی کەسێکی ژێردەست خێراترو ئاسانترە لە دزین و سڕینەوەی شوناسی یەکێک کەسەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی بەهێزترە، لێرەوە کۆمەڵگا بندەستەکان هەستێکی تیژترو هەڵچووترو وریاتریان دەرهەق بە شوناسی تاکەکانی خۆیان لادروستدەبێت. لەناو ئەو گروپە ئەتنییانەدا کە لەبەردەم هەڕەشەدان چ خیانەتێک لەوە سەختتر نییە، پشتبکەیتە نیشتیمان و ببیتە خزمەتچی بێگانان.

هەموو کۆمەڵگایەک میکانیزمێکی تایبەت گەشەپێدەدات تا بتوانێت تاکەکانی خۆی توند بەخۆیەوە ببەستێتەوە. تا کۆمەڵگا بەهێزتر بێت ئەو میکانیزمانە نەرمتر قبووڵدەکرێن و فەردەکان خۆویستتر لەگەڵیدا دەسازێن، واتە کۆمەڵگا پایەدارو بەهێزەکان پێویستیان بە فشاری گەورە نییە تا ئەندامانی خۆیان گرێبدەنەوە بە خۆیانەوە، بەڵکو ئەندامەکانیان بەراورد بە کۆمەڵگا لاوازەکان گەلەک ئاسانتر دەلکێن بە جەستەی کۆمەڵگاوە .

کۆمەڵگاکانی لە بابەتی کۆمەڵگای ئێمە پێویستیان بە گەشەدان بە میکانیزمێکی ئاڵۆز هەیە تا ئەندامەکانیان بە خۆیانەوە ببەستنەوە . وروژاندنی ترسی ئەفسانەیی و غەیبی، ترسی ئەخلاقی، بوغزاندن، بارکردنی ویژدانی کەسی کۆچبەر بە کۆمەڵێک برین و ژانی دەروونی قووڵ، نیشاندانی کۆچبەریی وەک پرۆسەی تاککەوتنەوەو دابڕانێکی ڕەها لە هەموو شتێک ، ڕاکێشانی کەسی کۆچبەر بۆ خۆسزادان و نەفرەت لەخۆکردن، هەموو تێکڕا بەشێکن لە میکانیزمی ڕاگرتنی کەسی کۆچبەرو هێشتنەوەی لە فەزای کۆمەڵایەتی خۆیدا .

ترساندنی فەردەکان بەرابەر بە کۆچ بەشێکە لەو سیستمی تیرۆرەی کۆمەڵگا بۆ بەستنەوەی ئەندامەکانی بەکاریدەهێنێت. زۆربەی وەخت ڕەگەزی پشت ئەم ئەفسانەیەش لەسەر لاقی هەندێ دروشمی نیشتیمانپەروەرانە دەوەستێت... لێرەدا کۆمەڵگا نیشتیمانپەروەری دەکاتە ئەو دەمامکە سیاسییەی دەینێتە سەر ترساندن و ئازاردانە ڕۆحییەکانی.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا بێتە پێشێ ئەوەیە جیاوازی نێوان ئەمجۆرە گرێدانەوە سایکۆلۆژی و ئەفسانەییە بە نیشتیمان پەروەرییەوە چییە؟

بەکارهێنانی چەمکی نیشتیمانپەروەری وەک چەکێکی تێرور و چەمکێکی سیاسی بۆ تاوانبارکردن و چاندنی سزاو سەوزکردنی هەست بە گوناهکردن بەشێکە لە کولتووری ناسیونالیزم. هەڵگێڕانەوەی نیشتیمانپەروەری بە «ئێرەپەرستی»یەکی تەسک، یەکێکە لەو هەڵدێرە دژوارانەی دەشێت هەندێ لە بزاوتە ناسیونالیستەکان تێیبکەون. «ئێرەپەرستی» تەسکبوونەوەی چەمکی نیشتیمانپەروەرییە بۆ بچوکترین و تەسکترین ئاست. هەڵگەڕانەوەی چەمکی نیشتیمانپەروەرییە و گۆڕانێتی بۆ کۆسپێک لەبەردەم گەشەی خودی نیشتیماندا . گۆڕانی چەمکی وڵاتە بۆ زیندانی «هاووڵاتی»، نیشتیمانپەرستی و شوێنپەرستی دوو شتی جیاوازن... شوێنپەرستی بریتییە لە دیلکردنی مرۆڤ لەقاڵبی جێگایەکدا، لەکاتێکدا نیشتیمانپەروەری دیلبوون نییە، بەڵکو تەکانێکی بێوچانە ڕووەو ئازادی.

## ئێرەپەرستی چییە؟

ئێرەپەرستی بریتییە لە جۆرە گەمارۆیەکی ڕۆحی و ویژدانی کە جیگایەک دەیخاتە سەر فەردەکان، بە جۆرێک پەیوەندییەکی ئەفسانەیی و نۆستالژی لەگەڵدا دابمەزرێنن. هەوڵدانە بۆ بەرزڕاگرتن و نرخاندنی شوێن بە جۆرێکی ئەفسانەیی. لە شوێن پەرستیدا دونیا دابەشدەکرێتە سەر دوو هەرێمی جوگرافی «ئێرە» و «دەرەوەی ئێرە». لەم دابەشکردنە جوگرافییەدا هەموو دوورکەوتنەوەیەک لێرە سروشتی گەشتێکی ترسناک وەردەگرێت، واتە دونیا وا وێنادەکرێت وەک ئەوەی تاکە دەرفەتی مانەوەو ژیان تەنیا لێرەدا بێت، ئێرەپەرستی کوشتنی هەموو ماناکانی ژیانە لەدەرەوەی ئێرە، بەستنەوەی نرخ و کەرامەت و مانای ئینسانە بەو شوێنەوەی تیادەژی. ئەم عەقڵییەتە پێیوایە تۆدەبێت ژیان لێرە بخەیتە سەروو هەموو نرخێکی مرۆڤانەی دیکەوە. لەم ڕوانینەوە جەوهەری مرۆڤ پابەندی ئەو جێگایەیە کە لێوەی هاتووە، کەرامەتی مرۆڤ هاوشانی ئەو شوێنەیە تیادەژی. لەم دیدەوە مرۆڤ هێندەی لە ژینگەی خۆی چووەدەرێ نرخ و بەهاو مرۆڤایەتی خۆی دەدۆڕێنێت، هێندەی قاچی خستە ئەودیو جوگراڤیای نیشتیمانەوە ئیدی بووە بەیەکێکی دی، چونکە دواجار نرخی ئەو بە نرخی ئەو زەمینەوەیە کە لەسەری وەستاوە.

لێرەدا مانەوە لە نیشتیماندا، وەستان و دەستگرتن بە زەوی باووباپیرانەوە گرنگتر دەبێت لە نرخە باڵاکانی ژیان و ئازادی و بەختیاری، بەرزتردەبێت لە نرخی گەڕان و زانین و ناسین و فێربوون. ئێرەپەرستی مرۆڤ کورتدەکاتەوە بۆ بوونەوەرێکی لۆکاڵ و ناوچەیی، بەردەوامیش ئیشدەکات ڕەهەندە گەردوونییەکانی ناو مرۆڤ بکوژێت. دیارە ئێرەپەرستی بەگەڵەک زمان قسەدەکات، بە زمانی سیاسەت و بەزمانی ئەفسانە، بە زمانی دین و بە زمانی هونەریش. ئێرەپەرستی بریتییە لەسەپاندنی نرخ و بەهاکانی ئێرە وەک دوانرخ و باڵاترین نرخ و جوانترین نرخ. ئێرەپەرستی بریتییە لەوەی تا مردن لێرەوە تەماشای دونیابکەیت، نەوەک لەدەرەوەڕا بڕوانیتە ناوەوە. تامردن لە یەک گۆشەنیگاوە سەیری جیهان بکەیت کە ئەو گۆشەنیگایەیە لە نیشتیمان هەڵتگرتووەو فێری بوویت، لە مەنفاش بەرگرییەکی گەورەو ئەفسانەیی نیشان بدەیت دژی هەموو گۆڕانکارییەک کە پێچەوانەی ئەو سیستمی بیرکردنەوەو ڕوانینەیە کە لە نیشتیمان هەت بووە.

لە ئێرەپەرستیدا خودی مانەوە لە نیشتیمان دەبێتە خەبات، ئەوە بەسە قاچت لەسەر عەردی وڵاتەکەت بێت تا هەستێکی بەرزترت هەبێت لەوەی کە لەدەرەوەیە. خودی مانەوە لە نیشتیمان دەبێتە ئەو پێوەرەی بەرزو نزمی، خیانەت و نیشتیمانپەروەری دیاریدەکات. لەم نیگایەوە کۆچبەر پیاوێکی بێدەروەست و بێلایەنە، کەسێکە نامونتەمی بۆ نیشتیمان.

ئێرەپەرستی دواتر جۆرە نۆستالژیایەکی ترسناک دروستدەکات، کەسی کۆچبەر پێیوایە بە دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان ئیتر ڕووتبۆتەوە، بە دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان چیتر قاچی لەسەر زەوی نییە.

بەشی هەرە زۆری کۆچبەران هەستدەکەن خۆرئاوا زامێکی گەورەی کردۆتە غرورو شکۆی مرۆڤانەیانەوە، لێرەدا قسە لەوەناکەم کە خۆرئاوا زامسازێکی مەزنە کە دەتوانێت شانازی هەموو بێگانەیەک برینداربکات، بەڵکو قسەم لە خودی ئەو ڕووتییە سایکۆلۆژیەیە کە فەرد هەستیپێدەکات و پابەندی ڕوخانی سەقفی نیشتیمانە لەسەر سەری، ئێرەپەرستی بریتییە لە کورتبوونەوەی نیشتیمان بۆئەو چەترە سایکۆلۆژییەی فەردەکان دەپارێزێت و هاوسەنگییان ڕادەگرێت. بریتییە لەو لاوازی و بێتینییەی فەردەکان لەدەرەوەی جوگرافیای خۆیان هەستیپێدەکەن.

ئێرەپەرستی لاوازییەکی قووڵ لە مرۆڤدا بەرابەر دەرەوە دەچێنێت. ئێرەپەرستان پێیانوایە نیشتیمان ئاوەو مرۆڤەکان ماسین، ئەم ئەفسانەیەش ناودەنێن نیشتیمانپەروەریی... لە کاتێکدا

هەموو دەزانین نە نیشتیمان ئاوەو نەمرۆڤەکان ماسین. ئێرەپەرستی جۆرە پەیوەندییەکی نەخۆشە بە نیشتیمانەوە. مرۆڤ دەتوانێت لەهەموو جێگایەکەوە نیشتیمانەکەی خۆی خۆشبوێت، نیشتیمانپەروەری ئەوەیە بتوانین خۆمان لە نیشتیمانیش ئازادبکەین، بەو مانایە نا پشتی تێبکەین، بەڵکو بەو مانایەی بتوانین بە نیشتیمان بڵێین «تۆ جوان نیت، تۆ دزێویت، تۆ مەزن نیت، تۆ بچوکیت، تۆ لە دواوەیت، تۆ گەر بە فریای دەردی خۆت نەکەویت ناتوانیت بژیت...» نیشتیمانپەروەری واتە بتوانین مکیاجی ناشیرینییەکانی نیشتیمان نەکەین، بەڵکو حەقیقەتی خۆی پێبڵێین.

ئێرەپەرستی مکیاجکردنی نیشتیمانە، لە کاتێکدا نیشتیمانپەروەریی لابردنی مکیاجەکانە.

ئێرەپەرستی خۆبەستنەوەیەکی ئەبەدییە بەیەک جۆرە نیگاو یەکجۆرە شێوازی ژیانەوە. دڵسۆزییەکی هەتاهەتاییە بۆ ئەو نرخانەی ژینگەی یەکەم بۆ مرۆڤی فەراهەمدەکات. شوێنپەرست پیاوێکە شانازی بەوەوە دەکات هەرگیز ناگۆڕێت و هەر وەک خۆیەتی، شانازی بەوەوە دەکات لە هەرکوێیەکی دونیابێت ئەخلاق و بیروڕاو سروشتی هەر ئەو ئەخلاق و بیروڕایەیە کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە وەریگرتووە.

شوێن پەرستی دواجار کۆرسێکی کوشندەی گۆشەگیرییە، نزیک دەبێتەوەو دەشبێتە جۆرێک لە ڕاسیزم و فەندەمەنتالیەت. جۆرە هەستێکی کینەڕێژە دەرهەق بە هەموو دەربازبوون و کەمتەرخەمییەک بەرابەر بە نرخ و فەرمان و بەها مادی و مانەوەییەکانی کۆمەڵگا، جیاکردنەوەی فەردەکانە لە کۆی جیهانی دەرەوە لە ڕێگای تواندنەوەیانەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیاندا... جۆرە میکانیزمێکی گەورەیە بۆ کوشتنی هەموو فەردانییەتێک، جۆرە میکانیزمێکی تازەیە بۆ ئیفلیجکردنی کۆی ئەو دەرفەتانەی بۆ تاکەکان دەخولقێت تا ئاسۆکانی خۆیان گەورەتر بکەن.

ئێرەپەرست هەر پێی خستە ئەو دیو نیشتیمانەوە هەست بە غەریبی دەکات، نامۆیە بە هەموو زەوی، نامۆیە بەهەموو کولتوورەکان، لە هەموو شوێنێکدا هەست بە نامۆبوون دەکات. ئەمجۆرە عیبادەتە فەردی داخراوو ترساوو بێئاسۆ دروستدەکات... ئەمجۆرە لە ئالودەبوون بە شوێنەوە هەموو ئەو ڕەهەندە گەردوونییەمان تیادەکوژێت کە پێویستمان پێیەتی بۆ دەرچوون لە دیکتاتۆریەتی «تاک کولتووری». لە دیدی ئێرەپەرستەکانەوە شەریک دروستکردن بۆ نیشتیمان وەک شەریک دروستکردن بۆ خودا وایە.

لەناو هەر یەکێک لە ئێمەدا دوو ڕەهەند پێکەوە دەژین و پێکەوە گفتوگۆدەکەن و دەجەنگن و ئاشتدەبنەوە، دیوێکیان ئیلتیزامی ئێمەیە بە کۆمەڵگای خۆمان و کێشەکانییەوە، دیوێکیشیان ئەو ڕەهەندە سەراسەری و گەردوونیەیە کە ئێمە گرێدەداتەوە بە کۆی دونیاو مرۆڤایەتییەوە، کوشتنی ئەو ڕەهەندە گەردونییە لە مرۆڤدا، گۆڕینێتی بۆ کەسێک کە سنووری تێگەیشتنی لەدونیا لەو دیو دەرگای ماڵەکەی خۆیەوە تێناپەڕێت، گۆڕینێتی بۆ ناسیونالیستێکی گەمژە... عابیدەکانی «ئێرە» هەموو جۆرێک لە کۆچ وەک خیانەتێک لە نیشتیمان وێنادەکەن، بەڵام گەر هاتوو کۆچ بووە دیاردەیەکی هێند گەورە کە بەری پێنەگیرێت «وەک لە مرۆدا دەبینین» ، ئەو کات مەلاکانی ئەم عیبادەتە تازەیە، لیستێکی درێژ لە سانسۆری ئەخلاقی و سیاسی بۆ کۆچبەران دادەڕێژن تا دووبارە لە ناویاندا هەموو ئەو پردانە دروستبکەنەوە کە دەیانبەستێتەوە بەسەرەتاییترین و پریمیتیڤترین وێنەی نیشتیمانەوە.

ئایدۆلۆژیستەکانی ئەم عیبادەتە، تەنیا پیاوانی ئایین نین، بەڵکو ئەو ناسیونالیستانانەن کە لەسەر بە «دینیکردنی» پەیوەندی نێوان «فەرد» و «نەتەوە» دەژین، ئەو چەپانەن کە لەسەر بە دینی کردنی پەیوەندی نێوان «فەرد» و «واقیع» دەژین. ڕووی ڕاستەقینەی ئەم دیانەتە هێندەی لە تاراوگە دەردەکەوێت لە ناوەوە دەرناکەوێت، کۆچبەر لە دەرەوەی نیشتیمان پتر دەکەوێتە بەر وەسوەسەی «شوێنپەرستی». گومان لەوەدا نییە کە کۆچبەر هێندەی دەگاتە خۆرئاوا دەکەوێتە ناو دادگایەکی ئەخلاقی سەختترەوە لەو دادگایەنەی لە نیشتیمان چۆتە پێشدەمییان... هێندەی پێ دەخاتە خۆرئاوا

هەموو وەسوەسەو ترسە ئەخلاقی و ئایینی و سیاسییەکانی زیندوودەبنەوە. لێرەشدا جیاوازی گەورەی نێوان نیشتیمانپەروەری و شوێن پەرستی بەرجەستە دەبێت.

نیشتیمانپەروەری تەنیا لەو کاتەدا مانای هەیە کە خەباتی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ ئازادی و گەشەکردن بەرجەستەدەکات. نیشتیمانپەروەری لە هەوڵدان بۆ ئازادی سیاسی جیانابێتەوە، هەموو ئەوانەش کە لەدوای ئازادبوونی نەتەوە لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر قسە لە نیشتیمانپەروەری دەکەن، قسە لە جۆرێک لە نیشتیمانپەروەری فاشستیانەدەکەن. نیشتیمانپەروەری دۆخێکی ئەزەلی نییە، بەڵکو لەو حاڵەتانەدامانای هەیە کە شوناسی تۆ، سنووری ئازادیت و زمانت و کولتوورت لە مەترسیدایە، لەو کاتەدا مانای هەیە کە دەبێتە مایەی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دوو قەوارەدا کە هاوسەنگیان تووشی گرفتێکی گەورە بووە، گرفتێک وادەکات یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەویدی گەشەبکات. گومان نییە لەوەی کە نیشتیمانپەرەوەر جۆرە عاتیفەیەکی قووڵیشە بەرامبەر بە نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوون، بەڵام ئەم عاتیفەیە کە وەرگەڕایە سەر دیلبوون لە ناو یەک سیستمی کولتووری و یەک شێوازی ژیان و یەک ڕێکخستنی ئەخلاقی، کە بووە هەستێکی غوربەت بەرامبەر بە جیهان، کە بووە هێزێکی ڕێگر لەبەردەم ئەوەی هاوولاتییەکی گەردوونیش بین، سەر بە هەموو دونیا بین و سەر بە هەموو کولتوورەکان بین، کە بووە ترسێکی سایکۆلۆژی لەهەموو ژینگەیەکی دەرەکی، کە بووە نەفرەت لە هەموو بێگانەیەک، کە بووە دوورکەوتنەوە لە سێبەری هەموو شارستانییەتەکان، لێرەدا نیشتیمانپەروەری دەبێتە مۆتەکەیەکی گەورە.

ئەم بۆچونەی کە لای وایە نیشتیمانپەروەر ئەو کەسەیە کە تەنیا لە ناوەوە دەتوانێت خزمەتی نیشتیمان بکات، و هەرچی چووە ئەودیو سنوور ئیتر خزمەتی نیشتیمانی بۆ ناکرێت... کەسێکە عەقڵییەتی ئەکتیفیستێکی سیاسی هەیە، هێشتا لە ناو فۆرمە کۆنەکانی واقیع و دونیادا دەژی، هێشتا خزمەتی نەتەوە و نیشتیمان لە مانا زۆر کلاسیکییەکانیدا دەبینێت.

کۆچبەر دەشێت کەسێک بێت کاریگەری لەسەر ناوەوە گەورەتر بێت لە کاریگەری ئەوانەی لە ناوەوە دەژین... ئەمڕۆ کاریگەری کۆچبەران لەسەر هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری چەندین جار لە کاریگەری ئەوانەی لە ناوەوەن گەورەترە، بۆ نمونە، کاریگەری ئابوری کۆچبەران لەسەر ستراکتوری ئابوری و سیاسی لە کاریگەری چین و تاقمەکانی ناوەوە بەهێزترە، بە ئەندازەیەک دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ «ئابوریی مەنفا» بەشێکی سەرەکی دەرماڵەی گشتی کوردستانە، لە ڕووی فیکرییشەوە هەروەهایە.. لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە کاریگەر لەسەر کۆمەڵگا تەنیا لەناوەوەڕا پراکتیک دەکرێت، پێچەوانەی بچوکترین دراوی مێژوویشە، چونکە ئێمە خۆمان کۆمەڵگایەک بووین دواجار زۆربەی کاریگەرییەکانی سەرمان لەدەرەوە هاتوون و بەرهەمی ناوەوە نەبوون، لێرەوە ئەو گووتارەی کە دەڵێت «ئەوەی لەدەرەوەیە لە واقیع دادەبڕێت و کاریگەری لەسەر ناوەوە نییە» جگە لە درۆیەکی گەورە بەولاوە هیچی تر نییە... ئەو قسەیە گەر لە کۆمەڵگایەکدا بکرێت مێژووی ڕەنگدانەوەی کاریگەری دەرەوەی تیانەبێت و «کۆمەڵگایەکی خالیس» بێت کە لە ژێر زەبری دەرەوەدا ناجوڵێت، ئەوا مرۆڤ تێیدەگات، بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا بکرێت کۆی مێژووی لە ژێر کاریگەری و کارتێکەری هێزەکانی دەرەوەدا نەخشاوە، ئەوا نەوەک قسەیەکی دروست نییە، بەڵکو مەبەستی ئایدۆلۆژی تر دەشارێتەوە... کارتێکەرە مەزنەکانی مێژووی ئێمە، زۆربەیان لەدەرەوە هاتوون، ئیتر چۆن و بەپێی چ پێوەرێک لە سەردەمی نەمانی سنوورەکاندا ئێمە دەبین بە تەنیا کۆمەڵگایەکی سەر زەمین کە لەدەرەوە کارمان تێناکرێت و ئەوەی چووە ئەو دیوی ئیبراهیم خەلیل و فیش خاپور ئیدی دەوری لەسەر واقیعی ئێمە نامێنێت؟. ئەوەی لەپشت ئەم خورافەتەوەیە ترسێکی کولتوورییە لەدەرەوە... واتە ترسە لەسەر چۆنێتی کاریگەرییەکان. ئێمڕۆ شتێک نییە لە دونیادا ناوی خزمەتکردنی نیشتیمان بێت بێناسینی دونیا، بێئیشکردن لەسەر ئاستی گلۆبال.. هەموو میللەتێکی

ئەم زەمینە هەزاران کادری پێویستە لەدەرەوەی خۆی کاری بۆبکات، کێشەی ئێمە ئەوە نییە کە لەدەرەوەین، ئەوەیە کە لەدەرەوەش بە هەمان شێوەی ناوەوە ناتوانین چالاکبین... ئەو ئیفلیجییەی جالییەی کورد لەدەرەوە ئاوێنەی دۆخێکی ئیفلیج نییە کە کۆچ بۆ دەرەوە دروستیکردبێت، بەڵکو درێژکراوەی ئەو ئیفلیجییەیە کە لە ناوەوە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. بەڵام خودی ئەم بێتواناییە لە ئاستی ڕاگەیاندنی حیزبی و پەروەردەی حیزبیدا وەک ئەوە وێنادەکرێتەوە کە دەرەوە کەسانگەلێکی چالاکی ئیفلیج کردبێت، دواجار هەموو ئەوانەش زەبر وەشاندنی توندە لە چەمکی ڕاستەقینەی نیشتیمانپەروەری و گەشەدانە بە جۆرێکی تەسک لە شوێنپەرستی کە لە دونیای ئێمەدا درێژکراوەیەکی مۆدێرنی، فۆرمە دێرینەکانی تەسکبینی خێڵەکییە.

نیشتیمانپەروەری خاڵییە لە ترس لە جیهان، بەڵام «شوێن پەرستی» هەڵچنینی دیوارێکی سایکۆلۆژییە لە نێوان «فەرد» و «دەرەوە»دا... شوێن پەرستی خەبات نییە بۆ ئازادی، بەڵکو خەباتە دژی گۆڕان لە ناو ژینگەیەکی کولتووریدا، لەوانەیە ئەوانەی شوێن عیبادەت دەکەن، لەهەمانکاتدا لە ڕووی سیاسییەوە خەباتگێڕبن بۆ دەرکردنی داگیرکەران لەم پارچە یان ئەو پارچەی نیشتیمان، بەڵام خەباتگێڕ نین بۆ شکاندنی کۆتە کولتوورییەکان. لەوانەیە دژی ئەوەبن یەکێک وەک داگیرکەر پێبخاتە دونیای ئێمەوە، بەڵام دژی ئەوەشن ئێمە وەک بێگانە پێبخەینە سەر خاکی خەڵکی تر...

شوێنپەرستی جۆرە ڕاسیزمێکی هەڵگەڕاوەیە، ڕاسیستەکان لە خۆرئاوا دژی ئەوەن بێگانە پێبخاتە سەر خاکیان، ڕاسیستەکان لەلای ئێمە دژی ئەوەن ئێمە پێبخەینە سەر خاکی خەڵک، ڕاسیستەکانی خۆرئاوا پێیان وایە بێگانەکان خاکەکەیان پیسدەکەن، ڕاسیستەکانی لەمەڕ ئێمە پێیان وایە خاکی ئەوان ئێمە پیسدەکات، ڕاسیستەکانی خۆرئاوا پێیانوایە هاتنی ئێمە زیان لە ڕەسەنێتی خوێن و کولتووری ئەوان دەدات، ڕاسیستەکانی ئێمەش پێیانوایە خوێن و کولتووری ئێمە نابێت تێکەڵاوی خوێن و کولتووری ئەوان بێت، ئەوان پێیانوایە کچیان نابێت بەر کوڕمان بکەوێت، ئێمەش پێمانوایە کچمان نابێت بەر کوڕیان بکەوێت. ئەوان پێیانوایە دەبێت ئێمە گەمارۆبدرێین و لە کۆمەڵگاکانی ئەواندا بخرێینە پەراوێزەوە، ڕاسیستەکانی ئێمەش پێیانوایە کە دەبێت ئێمە بچینە دواوەو خۆمان گەمارۆبدەین تا ئەو وێنە ڕەسەنە و ئەو کولتوورەی لەگەڵ خۆماندا هێناومانە گەردنەگرێت. نیشتیمانپەروەری لای ڕاسیستەکانی خۆرئاوایە پاراستنی نیشتیمانە لە بێگانە، نیشتیمانپەروەری ئێمەش پاراستنی ئێمەیە لە نرخ و بەهای بالادەستی ناو نیشتیمانی ئەوان.

ڕەهەندێکی ترسناکی دیکەی ئێرەپەرەستی کوشتنێتی بۆ ئەو بەشە ناوەکییانەی مرۆڤ کە هیچ جۆرە سروشتێکی ناسیونالیستیانە یان کولتووریی نییە، سەیرکردنی مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی تاک کولتوور سادەکردنەوەی ئینسانە بۆ سەر جۆرە کلێشەیەکی ترسناک، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرتاپاگیرو ڤرەڕەهەندە. تا ئەو ئەندازەیەی یۆنگ دەڵێت «لە ناوەوەی مرۆڤدا دەنگێکی نامرۆڤانەش هەیە»«٢»

بەو مانایە چەندەها ڕەهەند کە درێژکراوەی جیهانی ئاژەڵ و ڕووکە هێشتا لە پێکهاتی مرۆڤدا دەژین، لە نەستیدا زیندوون و کاردەکەن. ئەگەر هەستی مرۆڤ شوێنی شتە خێراو ئامادەکان بێت، ئەوا نەستی ئەم مرۆڤە شوێنی «بەشە یۆنیفرسالەکان»ی ئەم مرۆڤەیە کە «یەکانگیرییە فیزۆلۆجی و دەروونی و ڕۆحییەکەی کە ڕیشەی گەردونیان هەیە لەوێدا نیشتەجێیە». شوێنپەرستی دابڕینی مرۆڤە لەو هەموو ڕابوردووەی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو ڕابووردووەی کە نە پەیوەندی بە کولتوورە ئیسلامییەکەیەوە هەیە، نە پەیوەندی بە شوناسی نەتەوەییەوە هەیە. شوێنپەرستی گەمارۆدانی مرۆڤ و خنکاندنی چەمکە گشتییەکانێتی کە چەمکی بان کولتوورو بان سیاسەتن.
گەر وردتر تەماشابکەین بەشێک لە ئەفسانەو وێنە خەیاڵییەکانی ئێمە دەرهەق بەدەرەوە

هەڵقولاویی تارمایی ئەو عیبادەتەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سێبەری بەسەر رۆحی هەموومانەوە هەیە «عیبادەتی شوێن». ئەمجۆرە عیبادەتە وادەکات مرۆڤ چۆن ئایین لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت هەمان شێوە جێگایەکی پیرۆزیش لەگەڵ خۆیدا بگێڕێت... جێگایەک کە هەموو شتێکی شایستەی عیبادەتە

خۆپاکردنەوە لە ئەفسانەکان و ناسینەوەیان وا پێویستدەکات، کۆی ئەو بارگە خورافی و غەیبییەی لەسەر چەمکگەلی نیشتیمان و غوربەت نیشتووە بتەکێنرێت و کۆی ئەو وێنە ئایدۆلۆژیانەش ئاشکرابکرێت کە لە پشت ئەو وێنانەوەن. بەدرێژایی ئەم باسە هەر قسەکردنێک لە ئەفسانەکانی کۆچ. قسەکردنیشە لەگەڵ شوێن پەرستی و ئەو میکانیزمانەی مرۆڤ لە ویژداندا بۆ خۆگونجاندن لەگەڵیدا دەیخاتەکار، بۆدەرچوون لە حوکمە ترسناک و بێڕەحمەکانی، بۆ دروستکردنەوەی نیشتیمانی یەکەم لە غوربەت. شوێنپەرستی هەوڵێکی بێوچانە بۆ گۆڕینی میعماری ژیان بە شێوەیەک لەهەموو جێگاکاندا یەک پێکهاتی هەبێت کە پێکهاتی یەکەمی نیشتیمانە.

ئارمین ناسیحی لە یەکێک لە تێزەکانیدا سەرهەڵدانی «تێگەیشتنی مۆدێرن لە کەسی غەریب گرێدەداتەوە بە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەوە. کەسی غەریب ئەوەیە کە سەر بەنەتەوە نییە، بەوەشدا هەموو مافەکان لە نەتەوەوە هەڵدەقولێن و کەسی نامۆش ئەو کەسەیە کە سەر بەگەل و نەتەوە نییە، واتە هاولاتی نییە، هاولاتیش تاکە کەسێکە کە لە دەوڵەتی نەتەوەدا ماڤە ئینسانیەکانی دەبێت بپارێزرێت و دەستوور بۆ دیاریکردنی ماڤەکانی ئەو نەوەک غەریبەکان نوسراوە. ناسیحی ڕستەیەکی گرنگ لە جولیا کریستیڤا وەردەگرێت و دەنوسێت «لە نێوان مرۆڤ و هاولاتیدا، برینێک زاری کردۆتەوە کە ناوی غەریبەیە»«٣».

واتە خودی فۆرمی دەوڵەتی نەتەوە بە شێوازە قانونی و حقوقییەکەی سەرچاوەی ئەو ترسەیە لە شوێنی تر. بە مانایەک لە ماناکان و بە ئیحا لە ڕستە زۆر گرنگەکەی جولیا کریستیفاوە دەتوانین بڵێین « مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێت بە هاولاتی دەبێت غەریب نەبێت». یان بە پێچەوانەوە « هاولاتی بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ دەبێت غەریب نەبێت« یان «غەریب بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤ دەبێت ببێتە هاولاتی» ئاشکرایە لێرەدا چەمکی هاولاتی وەک چەکێک و وشەیەک و چوارچێوەیەکی قانونی و کولتووری دژ بە وشەی غەریب بەکاردەهێنرێت.

فۆرمی دولەتی نەتەوە لە هەناوی خۆیدا دژایەتی غوربەتی هەڵگرتووە.

سەرچاوە بەدەکانی شوێن پەرستی و عیبادەتی سنوور پەیوەستێکی بەهێزیان بە ئایدۆلۆژیای پشت دەوڵەتی نەتەوەوە هەیە.

ترس لە شوێنەکانی تر، ترسە لە دەرکردن لە نەتەوەو فۆرمە حقوقییەکەشی.

جگە لەو مۆتیڤ و پاڵنەرانەی کە دەبنە ڕێگر بۆ کۆچ و ڕستێک وێنەی نێگەتیڤ دەبەخشنە کۆچبەران، کۆمەڵێک پاڵنەرو هێزی دیکە هەن دەرگاکانی کۆچدەکەنەوەو وادەکەن کۆچبەران سنووری هەرێمەکانی خۆیان بشکێنن و ڕوو لە دونیایەکی بەرینتر بکەن. کۆمەڵگا تەنیا هێزی ڕێگر بۆ کۆچ بەرهەمناهێنێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا هێزی بزوێن و هاندەریش بۆ کۆچ بەرهەمدەهێنێت.

کۆچبەر و هەموو ئەو هێزانەی یارو دۆستی کرانەوەی کۆمەڵگان، بەرامبەر بە وێنە نەگەتیڤەکانی سەفەر ڕستێک دەرگاو تەوەرەی دیکە دەکەنەوە کە ترس لەسەفەر دەڕوێننەوەو کۆچ و گەڕان و دوورکەوتنەوە لە کولتوور دەکەنە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵایەتی. چۆن لەناو هێزە خۆپارێزەکانی کۆمەڵگادا وێنەیەکی ترسناک هەیە بۆ کۆچ، لە خەیاڵی ئەوانەشدا کە کۆچدەکەن وێنەیەکی ترسناک بۆ کۆمەڵگا هەیە... کۆمەڵێک هێزی گەورە هەن کە بەکۆ شەرعییەت دەبەخشنە کۆچ و شەرعییەت دەدەنە بڕیارەکانی کۆچبەر. ئەم هێزانە بەشێکی هەڵقولاوی دونیای مۆدێرنن و پەیوەندییان بە میکانیزمەکانی کارکردنی مۆدێرنەوە هەیە لە کوردستاندا. بەشێکیشیان پابەندی لەدایکبوونی کولتوورێکی لایەنگرە بۆ کۆچ لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا، بریتییە لەو هەوڵدانە گەورەیەی کۆمەڵگا

دواتر دەیدا بۆ بەدەستخستنەوەو ڕاکێشان و سوود وەرگرتن لە ڕۆڵە کۆچبەرەکانی. کە کۆچ بوو بە حەقیقەتێکی گەورەی ناو ژیان چیتر سیاسەتی ترساندن و نەفرەت بەکارنایەت، بەڵکو سیاسەتی بانگکردنەوەو دەستەمۆکردنەوەو ڕاکێشانەوە دەستپێدەکات. لەم ستراتیژەشدا کۆچبەر وەک شەیتانێک تەماشاناکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێجار وەک قارەمانێک تەماشادەکرێت. سیاسەتی نەفرەت لە کۆچبەرو دواتر ستایشکردنی لە جەوهەردا یەک سیاسەتن، بەڵام بە دوو دەموچاوی جوداوە.

چۆن کۆچبەر لەتەک خۆیدا دوو وێنەی سایکۆلۆژی بۆ کۆمەڵگا هەڵگرتووە کە تەواو جودان لەیەکتر. وێنەیەکی نیشتیمان پێش سەفەر کە وێنەیەکی دۆزەخی و تاریکە، دواتریش کە دەگاتە غوربەت ئەو وێنەیە هەڵدەگەڕێتەوەو نیشتیمان دەبێتە بەهەشت و غوربەت دەبێتە دۆزەخ، کۆمەڵگاش هەمان دووفاقی بەرمبەر کەسی کۆچبەر وێنادەکاتەوە. هەر کات گووتارەکان ئاڕاستەی ئەوانە کران کە لە نیشتیمانن و دەیانەوێت سەفەربکەن و بێنە دەرێ، لەم سیاقەدا کۆچبەران وێنەیەکی شەیتانی و ئەهریمەنییان پێدەدرێت تا لە ڕێگای ئەو وێنەیەوە، کۆمەڵگا بتوانێت پتر کار لەسەر ئەوانەبکات کە لە قۆناغی بیرکردنەوەو خۆئامادەکردنان بۆ کۆچ و پەشیمانیانبکاتەوە، بەڵام کە سیاقەکان گۆڕدران و قسەهاتە سەر ئەوانەی لەدەرەوە دەژین و کۆچبەرن، ئەو زمانەش دەگۆڕدرێت کە بەکاردێت ، لێرەدا کۆچبەران بە شێوە زمانێکی تر قسەیان دەربارە دەکرێت.

خودی ئەم دوو فاقییە لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا تا دوا ئەندازە ڕەنگیداوەتەوە. دەستگای ڕاگەیاندنی حیزبی ئێمە باشترین ئاوێنەی ئەو دوو فاقییەن، لەسەرێکەوە وێنەیەکی شێواو دەربارەی کۆچ و کۆچبەران و سەفەرکردن و ژیان و ئەخلاقیاتی خۆرئاوا بڵاودەکەنەوە کە پڕە لە بارگەی ئاینیی و سیاسی کۆنزەرڤاتیڤانە، لەسەرێکی دیشەوە خودی ئەم دەزگایانە هەموو کۆلکە خوێندەوارو سیاسییەکی خۆرئاوا دەگۆڕنە سەر قارەمانێک کە گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان دەبێتە ئاهەنگێکی گەورە. لێرەدا ناکۆکی و زەیفی قووڵی میدیا کوردییەکان بەرامبەر بە کۆچ تەواو ئاشکرادەبێت، لە دیوێکدا سەرقاڵی دروستکردنی وێنەیەکی شەیتانئاسان بۆ کۆچبەر و لە دیوێکیشدا گەڕانەوەو سەردانی هەموو کۆلکە خوێندەوارێکی تاراوگەنشین وەک گەڕانەوەی ئۆدسۆس بۆ ئێساکا تەماشادەکەن. ئەم ناکۆکییە قووڵە بەشێکی گرنگی ژیانی ئێمەیە. هەر بەرێکی ئەم دوو فاقییە کۆمەڵێک ئەفسانە دروستدەکەن کە ئەفسانەی تایبەتن بە خۆیان، لەسەرەوە تیشکێکی خێرام هاویشتە سەر هەندێ تەوەری ئەفسانە ڕێگرەکان بۆ سەفەر، لێرەشەوە تیشکێک دەنێمە سەر ئەو هۆکارانەی وادەکەن کۆچ و سەفەر بەرەو خۆرئاوا ئەو توانای کێشکردن و موگناتیسییەتە گەورەیەیان هەبێت. کۆچبەر تەنیا وێنەی خائینی نییە، بەڵکو هەندێجار دەبێتە هەڵگری وێنەی قارەمانیش... لە وێنەی خائینەوە بۆ وێنەی قارەمان میکانیزمێکی وێناکردن کاردەکات، کە کەم تا زۆر نەواقیعی کۆچ و نە واقیعی کۆمەڵگا نابینێت

سەرەتا بۆ ئەوەی لە کۆچ تێبگەین دەبێت نیگایەک لە پەیوەندی نێوان کۆچ و مۆدێرنە بگرین، چونکە تەماشاکردنی کۆچ وەک بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی نوێ، کەرتێکی گرنگی کولتووری مۆدێرنەیە.

### کۆچ و وێنە ئەفسانەییەکانی خۆرئاوا

هیچ کۆمەڵگایەک نییە تا سەر بتوانێت دژی سەفەر بوەستێتەوە. کۆچ و گەشت و دونیاناسی جەوهەری مۆدێرنەیە. ناوگەلێکی لە بابەت «سەردەمی خێرایی» ناوێکی دیکەن بۆ سەردەمی سەفەر. خێرایی چییە جگە لە توانای مرۆڤ بۆ هاتووچۆ لە نێوان شوێنەکان و نیشتیمانەکان و کیشوەرەکان

و کولتوورەکاندا. سەردەمی خێرایی واتە سەردەمی سەرهەڵدانی توانای گەشت و توانای دوورکەوتنەوە، لەم سەردەمانەدا ناسینی دونیا بەشێکی گەورەی هێزی کۆمەڵگاکان پێکدەهێنێت.

کۆمەڵگا چەندە پێویستی بە وێنەی ترسناک و فۆبیایی هەیە بۆ سەفەر، هێندەش پێویستی بە وێنەی ئیجابی و بزوێن هەیە بۆ سەفەر. مرۆڤی مۆدێرن لە نێوان دوو ئەفسوندا دەوەستێت، ئەفسوونی ماڵ و ئەفسوونی سەفەر، لێرەدا مەبەستم نییە قسە لەم دیاردەیە بکەم، بەو جۆرەی مرۆڤی خۆرئاوایی تیادەژی، چونکە سەفەر لە دیدی خۆرئاواییەکەوە ئەزموونێکی سەد دەر سەد جیاوازە وەک سەفەر لە ئەزموونی ئێمەدا. تاکە خاڵێکی هاوبەش ئەوەیە کە چۆن مۆدێرنەی خۆرئاوا دەرگای کۆمەڵگاکانی خستە سەر پشت و دۆزینەوەی دونیای تازەو داگیرکردنی زەمینی نوێ هەوێنی گەشەی قۆناغەکانی مۆدێرنە بوون. لە دونیای ئێمەشدا کۆچ لە دەلالەتە تازەکانیدا لە مۆدێرنە جیانابێتەوە. ئێمە چەندین سەدەیە تەنیا یەک ئەفسون دەناسین کە ئەفسونی ماڵە، بەلام لە دوای جەنگی جیهانییەوە، لەو کاتەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە ئاشنادەبێت بە بەرهەمەکانی گەشەکردنی تەکنیک، لەو کاتەوەی کە دەرفەتی کۆچ و سەفەرکردن لەدایکدەبێت، کۆمەڵگای ئێمە ئاشنای ئەفسونێکی دیکەش دەبێت کە ئەفسونی سەفەرە.

بە گشتی مۆدێرنە تەنیا لە ڕووی گەشەدان بە هۆو کەرەستەکانی سەفەر هاوبەشیناکات لە بزواندنی کۆچبەران و گەشتیاراندا، مۆدێرنە بەر لەوەی لە دایکبوون و گەورەبوونی هەلی سەفەر بێت، لە دایکبوونی ڕۆحێکە جیاوازە لە ڕۆحی قۆخەڵەنشینی سەردەمانی پێشووتر، مرۆڤی سەردەمانی مۆدێرن بەراورد بە مرۆڤی سەردەمەکانی دی ڕەهەندی گەردونی گەورەتری هەیە، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە ئەم مرۆڤە هەڵگری ڕەهەندی ناسیونالیستانەی زۆر توندڕەو نییە، لە ئەزمونی خۆرئاوادا ئیمپریالیزم توانی ناسیونالیزمێکی توندڕەو تێکەڵ بە ویست و ئارەزووەکانی سەفەرکردن بکات. پیاوی خۆرئاوایی بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنی خۆی دەبایە لەدەرەوەی سنووری نەتەوە ئیشبکات. پرۆژەی دۆزینەوەی بازاڕ و کردنەوەی دەرگای زەمینی تازە پێویستی بە کۆمەڵێک سەرکێش و گیانی کۆچخواز بوو، کە ڕازیبن بۆ ماوەی درێژ لە نیشتیمانی خۆیان دووربکەونەوە.

مۆدێرنە گەورەبوونی خواستی سەفەر و داگیرکردن و ناسینی دونیا نەناسراوەکانیش بوو.

دیارە مۆدێرنە لەسەرتاسەری دونیادا جوڵەیەکی ناوەکی خێراتری دروستکرد، هاریکاری گەورەی مۆدێرنە تەنیا هاریکارییەکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو هاریکارییەکی ڕیشەیی تر بوو، کە تایبەت بوو بە ستراکتوری فەلسەفی مۆدێرنە، مۆدێرنە چۆن بەرهەمهێنی ناسیونالیزم بوو، لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنی ئەنتەرناسیونالییەت و کۆسمۆپۆلییەتیش بوو. دۆزینەوەو یەکدی ناسینی کولتوورەکان بەشێکی گرنگی کۆی پرۆسەی مۆدێرنەیە. مۆدێرنە کۆی کۆمەڵگاکانی خستە پێشدەم ڕاستییەکی گەورە کە هێزی کۆمەڵگا لە ناسینی خۆیدا نییە بە تەنیا، بەڵکو ناسینی جیهان مەرجی سەرەکی و گەورەی هەموو ژیانێکی داهاتووە. مۆدێرنە جۆرە چێژێکی دیکەی خستە سەر چێژەکانی مرۆڤ، چێژی گەشت و ناسین و تێکەڵاوبوون بە کولتوورەکان و بینینی زەمینە تازەکان. ئەوە زەمینەی بۆ فەلسەفە سەرتاسەرییەکانیش خۆشکرد، ئەو فەلسەفانەی چارەنووسی مرۆڤایەتییان بەستەوە بەیەک هێڵی گەشەی سەرەکییەوە.

کاتێک کۆچبەری کورد بیر لەسەفەر دەکاتەوە، وێنەیەکی تایبەتی دونیا لە خەیاڵیایەتی، گومان لەوەدا نییە ئێمە زەمانێکی دوورو درێژە کۆمەڵگایەکی داخراوبووین، جیهانی دەرەوە بۆ ئێمە تەنیا دونیایەکی فەنتازی بووە. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کۆچ تیا لاوازە، بە فەنتازیا دونیای دەرەوە بۆ خۆیان وێنادەکەنەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی مۆدێرنەدا وێنە فەنتازیاکانی خۆرئاوا بە هەموو سەر زەمیندا بڵاوبووەوە، مرۆڤی کوردیش بەتایبەت ئەو چین و توێژ و تاقمە خوێندەوارانەی

کە لە شارەکاندا دەژیان تا ئەندازەیەک کەوتنە بەردەم کاریگەری ئەو وێنە فەنتازییەی خۆرئاوا کە سینەماو کتێب و تەلەفزیون بەرهەمیاندەهێنا. لە ڕاستیدا هێزی ئەم وێنانە لەسەر خەیاڵی مرۆڤی ئێمە دەرەنجامەکانی درەنگ دەرکەوت. ناسینی خۆرئاوا وەک ئەو خاکی تەلیسمەی کە دەبێت کۆچی بۆ بکەین و بیبینین و تیا بژین لە سەدەی نۆزدەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان ئامادەبووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا وەک پرۆژەیەکی فەردی شەرمن پتر سەرهەڵدەداو دواتر لە نەوەدەکاندا وەک پرۆژەیەکی دەستەجەمعی لە خەیاڵی مرۆڤی کورددا تەواو گەلاڵە دەبێت و دەبێتە نیازێکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو کە شەپۆلێکی مەزنی کۆچبەران لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. واتە لە نەوەدەکاندا کۆچ دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە تەنیا پەیوەندی بە سروشت و هەڵبژاردنی فەردەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دروستبوونی نیگایەکی ترەوە هەیە بۆ دونیا. دیارە ئەو تین و تاوەی کۆچ لە نەوەدەکاندا بە خۆیەوە دەبینێت، هۆکەی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی دەرگاکانی کۆچ و شەڕی ناوخۆ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش.

کۆمەڵگای ئێمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و ساڵانی دواتریش خۆرئاوای وەک زەمینی ئیمپریالیزم سەیردەکرد، جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی پادشاهی و ئینگلیزدا وێنەیەکی ڕەشی بەخشیبووە خۆرئاوا، ئەو وێنەیە لەگەڵ باڵادەستی بزاوتە چەپ و مارکسیستەکاندا بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هەمیشە برەو بە خۆیەوە دەبینێت. هەرەسی گەورەی وێنەی خۆرئاوای شەیتان لە خەیاڵی میللی کوردیدا لە باشوور لە ساڵانی نەوەددا دەستپێدەکات دوای ئەوەی هەرەسی کۆمۆنیزم لەتەک خۆیدا وێنەی دزێوی سیستمە ئەلتەرناتیڤەکانی ئاشکراکرد، دوای ئەوەی خۆرئاوا لە دوای کۆڕەوی ساڵی نەوەدویەک لە شێوەی فریادەرەسێکی غەیبیدا دێتەمەیدان، دوای ئەوەی کە وێنەی «خۆرئاوای شەیتان» لەوە کەوت وێنەیەک بێت میللەتان و خەڵک ئیشی پێبکەن و هەڵگری بن، بەڵکو بووە ئەو وێنەیەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە بابەتی عێراق و ئێران هەڵیدەگرن. بووە ئەو چەکەی ڕژێمە ستەمکارەکانی دەوروبەری ئێمە لە بەرابەر ماقی خەڵکدا بەرزیدەکەنەوە، لێرەوە وێنەی خۆرئاوای شەیتان ئەو زەمینە جەماوەری و سیاسییەی خۆی دۆڕاند کە لە سەردەمی حوکمی پادشایەتی و فەرمانڕەوایی شاهەنشاییدا لە ئێران هەیبوو. لەگەڵ باڵادەستی فەندەمەنتالیزم لە ئێران و وەرچەرخانی سەدام حوسەین بۆ دوژمنێکی سەرسەختی خۆرئاوا، خۆرئاوا لە دیدی بڕێکی زۆر لە خەڵکدا لەوە کەوت «شەیتانی گەورە»بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وێنەی «فریشتەی گەورە»ی وەرگرت.

مرۆڤی وڵاتی ئێمە لە ڕۆژگاری خەباتی ڕزگاریخوازدا خۆرئاوای وەک شەیتان و نیشتیمانی وەک دایک و فریشتەو فریادەرەس تەماشادەکرد، کەم نین ئەو شاعیرانەی ئێمە کە هاواریان لە دایکی وەتەن دەکرد بە فریای ڕۆڵەکانییەوە بێت، بەڵام دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالییەکان و دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە وێنەکەیان تەواو پێچەوانە کردەوە. ئەو وەحشیەتەی دەوڵەتە تازەکان نیشانیدەدەن وادەکات خۆرئاوا زۆر لە وێنە شەیتانییەکانی خۆی بدۆڕێنێت. نەوەدەکان لەگەڵ خۆیدا وێنەیەکی فریشتە ئاسای خۆرئاوا بەرهەمدەهێنێت، وێنەیەک کە کورتخایەن، ئایدۆلۆژی، درۆزنانەیە، بەڵام خودی ئەو وێنەیە سیحرێکی گەورە دەبەخشێتە کۆچ.

گۆڕان لەم وێنەیەدا پاڵهێزێکی گەورەی خێرابوونی ڕەوتی کۆچە. گۆڕانی وێنەکانی خۆرئاوا، هێزێکی گەورەی بەخشییە ئاڕاستەکانی سەفەر. من پێموایە هەر لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لەسەر سەفەر دەبێت بە قووڵی ئەو گۆانکاریانەی وێنەی خۆرئاوا لە کولتووری سیاسی ئێمەدا بخاتە حیسابەوە.

بەڵام پرسیارێکی سەرەکی کە لێرەدا بە هەموو قورسایی خۆیەوە ئامادەیە ئەوەیە: ئایا کۆچ بۆ خۆرئاوا هەڵهاتنە لە خود یان باوەشکردنە بە دونیادا؟ کە پرسیارێکی جەوهەرییەو هەوڵدەدەین «لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا بۆ وەڵامەکەی بگەڕێین».

## کۆچبەر وەک پاڵەوانێکی ئیجابی

«مـارتن بلومنتـریت » دەڵێت: نامـۆبوون مـەسـەلەیەکی ڕێژەییـە جـارێک ترس پـەخـشـدەکـات و جارێکیش کامەرانی»«٤». ئەم ڕێژەییە لە تەک خۆیدا ناکۆکییەکی قووڵ بەرجەستەدەکات، ناکۆکییەک دەخزێتـە هەمـوو جێگاکـانی ژیانی کـۆچبـەرەوە لە سـادەترین خـانـەی زیندەگی ڕۆژانەوە بۆ قـووڵترین جێگای یادەوەری.

لە چوارچێوەی ئـەو ناکۆکیـانەدا کـۆچبـەر لـەپاڵ نیگارو وێنە نیگـەتیڤـەکانیـدا زنجیـرەیەک نیگارو ئەفسـانـەی پۆزەتیـڤیش هـەیە کە پۆلی پێچـەوانـەی نیگارە سـەلبییـەکانێـتی. ئەو ژمـارەیەش لە وێنەو ئەفسانەی پۆزەتیڤ، پێویسـتیـان بەسـەرەنج و ڕامان هـەیە. «دیارە هـەریەک لە وشـەگەلی پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ لەم باسەدا لە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە تەماشاکراوە، واتە مـەرج نییـە ئەوەی بۆ نیگای باوو باڵادەستی کۆمەڵگا نیگەتیڤە یان بە پێچەوانەوە پۆزەتیڤە، لە جەوهەردا نیگەتیڤ یان پۆزەتیڤ بن»

دیارە وەک چۆن وێنەو ئەفسـانە سلبییـەکان دوو سـەرچاوەیان هـەیە کە یەکێکیـان ژیانی کـۆچبـەر خـۆیەتی و ئـەوی دییـان کـۆمـەڵگایە. وێنە پۆزەتیـڤـەکـانیش دوو سـەرچاوەیان هـەیە کـە یەکـێکیـان کـۆچبـەران خـۆیانن و ئـەوی دییـان کـۆمـەڵگایە. دیارە جـیاکـردنـەوەی سنووری ئەم وێنـانە لە ڕووی پراکتیکییەوە زۆر ئەسـتەمە، لەیەکێک لە بۆچوونە گرنگەکانیدا جۆرج زیمل لە کتێبی « سۆسیۆلۆگی» دا دەڵێت «هـەر گـەردیلەیەکی ناو کۆمـەڵگادا » دوو بوونی هـەیە «یەکێکیـان بوونێکە بۆ کۆمـەڵگا و ئەوی دیان بوونێکە بۆ خـود»«٥ ». ئەم دوو جـۆرە لە بوون دوو جـۆر لە سـیسـتـمی ئەفـسـانـەیی «هەندێـجار ناکۆک و هەنـدێجار تەواو کار» نیشـاندەدەنەوە. بۆ نمونە نـیشـاندانی کـۆچبەر وەک کـەسێکی مـولتەزم ویستێکی کۆمـەڵایەتی و کولتوورییـە کە کۆچبـەر بێئـاگای خۆی تێیدەکەوێت و دووبـارەیدەکاتەوە. یان نیشاندانی کـۆچبەر وەک میوانێکی کاتی لەسـەر زەمینێکی دەرەکی «کە ئامانجی ختوکەدانی خـەیاڵی گـەڕانەوەیە» وێنەی کـۆمـەڵگایە بـۆ منداڵە غـوربەتیـیـەکانـی خـۆی، بەڵام نیشـاندانی کـۆچبـەر وەک سـەمبولێکی سیـاسـی یان جنسـی یان ئاینی لە دروسـتکراوی جیـهانی کـۆچبەران خـۆیانە کە دەشـێت کۆمەڵـهاش تەواو قبووڵیبکات. واتە هەندێ لەو وێنانە ئاوێنەی ئەو خەونە دەستـە جەمعییـەن، ئاوێنەی ئەو بـوونەن بۆ کـۆمـەڵگا کـە زیمل نـاویدەبات و هـەندێکی دیکەیان ئاوێنەی ئەو بوونـەن بۆ خـود کـە نیشـاندەرەوەی ویستـە فـەردیی و خـەونە تایبـەتی و وێناکردنە ئەفسـانەییـەکانی کـەسی کۆچبـەرە بۆ خۆی.

لێرەدا قسە لە پەیوەندی کۆچ و ئیلتیزام ، کۆچ و ئەفسون، کۆچ و خەبات، کۆچ و پاکی دەکەم وەک کۆمەڵێک تەوەر کە هەریەکەیان سەرچاوەی کۆمەڵێک ئەفسـانەو وێنەی ترن بۆ کۆچبـەران. ئەم وێنانە بە کۆ ڕەهەندەکانی ئەو کاراکتەرە نیشاندەدەنەوە کە لە کەسی کۆچبەردا دروسـتدەبێت، کاراکتەرێک پێیوایە مولتـەزیمە بە دونیای خـۆیەوە، ئەفسونێکی هەیە سـەرەنجی کۆمەڵگای خۆی ڕادەکێشـێت، خـەباتگێڕبووەو خەبـاتگێڕە، جۆرە نێرێکی ناوازەشـە پلەیەکی باڵای ئیـرۆتیکییـەتی هەیە. لەسـەرێکی تریشـەوە پاڵەوانی کـولتـوورەکـەی خـۆشـییـەتی و نوێنـەری ئەوەو بە ناوی ئەوەوە شکۆو سـەرکـەوتن تۆماردەکات.

## کۆچ و ئیلتیزام

دابەشبوونی وێنەی کۆچبەر لە نێوان وێنەی پاڵەوانێکی سەلبی و پاڵەوانێکی ئیجابیدا، پاڵەوانێک کە دەشێت بکرێتە نمونەی بێوەفایی و دورکەوتنەوە لەکۆمەڵگاو وەرگرتنی ئەخلاقیاتی نامۆ، لەگەڵ پاڵەوانێکدا کە نمونەی خۆفیداکارییە و دەکرێت و بکرێتە «وێنەیەکی باڵا»، ملکەچی یەک میکانیزمن، میکانیزمی بەرگریکردنی کۆمەڵگا لەیەکێتی ناوخۆی خۆی.
دروستکردنی وێنەیەکی جوان بۆ کۆچبەر، بەشێکی گرنگی ڕاگرتنی یەکێتی ناوخۆی کۆمەڵگایە.

تا ئەو شوێنەی کۆچبەران گروپێکی بچوکن دەکرێت وێنەیەکی ناشیرینیان بدرێتی، بەڵام کە دەگەینە ئەو قۆناغەی نیوەی کۆمەڵگا یان کۆچبەری ڕاستەقینەن یان «کۆچبەرن بە ئەگەر» واتە کۆچبەری ئیحتیمالین. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگا سەروکاری بەتەنیا لەگەڵ کۆچبەراندا نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ سەدان هەزار خێزاندایە کە دابەشبوون، سەروکاری لەگەڵ هەموو ئەوانەشە کە ناتوانن کۆچبەران لە ژیانی خۆیان بکەنە دەرەوە. سەروکاری لەگەڵ جوگرافیایەکی دیکەی دابەشبووندایە، لەم دۆخەدا کۆمەڵگا دەبێت وێنەی دیکە لەوانە دروستبکات، ڕێگای دیکە بدۆزێتەوە بۆ دواندن و بەستنەوەو بانگهێشتنیان، واتە شێوەی تر لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە کە ئەندامانی ناوەوە و دەرەوە پێکەوە گرێبداتەوە. لێرەوە چۆن کۆمەڵگای میکانیزمی گوناهبارکردن و قورسکردنی ویژدانی کۆچبەر بەکاردەهێنێت بۆ ئازاردانی، لە هەمان کاتدا چیرۆکی وەفاداری و نمونەی پۆزەتیڤ لە منداڵانی خۆی دروستدەکات، تا ئەوە بسەلمێنێت غوربەت مانای پچڕانی پەتەکان نییە، غوربەت زەدەش یەکێک نییە تەرە بووبێت، بەڵکو هەمیشە بە هەزاران پەتەوە بە کۆمەڵگا بەستراوەتەوە.

هەندێ لە چیرۆکەکانی سەفەر لە کۆن و تازەشدا کۆچبەرمان وەک یەکێک بۆ وێنادەکەن کە بە نیازێکی پیرۆز لە ماڵ دەچێتە دەرێ، لە ئەفسانە کۆنەکاندا پاڵەوان زۆرجار بۆ دەرمانێکی ئەفسوناوی بۆ سێوی ژیان، یان بۆ ئاوی حەیات دەگەڕێت، بۆ هەتوانێک دەگەڕێ بۆ پاشا، یان بۆ گوڵێک کە ئەمیرەیەکی خەوتوو وەئاگابهێنێتەوە یان بیخاتە پێکەنین. لە ئەفسانە هاوچەرخەکانی کۆچیشدا کۆچبەر کەسێکە بۆ ژیانێکی خۆشتر بۆ خێزانەکەی دەگەڕێت، بۆ پاشەڕۆژێکی ڕووناکتر بۆ منداڵەکانی، بۆ کۆمەکی ئەوانەی کە جێیاندەهێڵێت، بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاکەی لە داهاتوودا.

کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەم مۆتیڤانەوە، لە ڕێگای ئەم سیستەمی پاساودانەوە بۆ نامۆنشینان هەوڵدەدات پردێکی عاتیفی لە نێوان کۆچبەرو ناوەوەدا دروستبکات. کۆچبەر ئەو قارەمانەیە کە لە بەر خاتری ئێمە، لەبەر خاتری ئەوانەی جێیهێشتوون هاتۆتەدەرێ، کۆچی ئەو جۆرێکە لە قوربانی، جۆرێکە لە ئیلتیزامی بێسنوور بە نیشتیمانەوە.

ئێمە لەهەر کوێ بین کۆمەڵگا دڵسۆزی و وەفامان تاقیدەکاتەوە، هەموو کۆچبەرێکیش بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبەردەم ئەو دادگایەدایە، دادگایەک ڕیشەکانی لەناو نەستماندایە. لەهەمو دانیشتن و کۆبوونەوەیەکدا تارمایی ئەو دادگایە ئامادەیە. ئەو دادگایەی هەرگیز ناپرسێت نیشتیمان چی بۆ کردووین بەڵکو هەمیشە دەپرسێت چیت بۆ نیشتیمان کردووە؟
لەم تاقیکردنەوەیەدا کۆچبەر ئەو پیاوە نییە کە لە غوربەتدا ئەخلاقی تێکدەچێت بەڵکو ئەو کەسەیە کە لە غوربەتدا پارێزگاری ئەخلاقی خۆی دەکات و غوربەت دەبێتە زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی مەزن. کۆچبەر ئەو کەسە نییە کە وێنەی نیشتیمانی جوان لەلای لاواز بووە، بەڵکو ئەو کەسەشە کە وێنەی نیشتیمانی جوان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و بەرجەستەیدەکات... لێرەدا کۆچ تاقیکردنەوەیەکە، هەموو ژیانی کۆچبەر دەبێتە شانۆکەی.

ڕۆژنامەگەری ئێمە لە ماوەی ئەو دەساڵەی داهاتوودا پڕبووە لەو داواکاری و ئەرک و ئیلتیزامانەی لە ناوەوە و ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان بۆ کۆچبەریان دیاریکردووە. کۆچبەر دەبێت بەردەوام ئیلتیزامی خۆی بە نیشتمان، بە خێزان، بە کولتووری خۆیەوە نوێبکاتەوە. ئەمجۆرە ئیلتیزامە موبارەکە وەک دەزوویەکی نەهێنی لەدوورەوە دووبارە هەمو ڕووبەرەکانی ئازادی و بیرکردنەوەی سەربەخۆی کۆچبەر داگیردەکاتەوە.

کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کۆچبەر نابێت ئیلتیزامی هەبێت، بەڵکو ئەوەیە ئەو جۆرە ئیلتیزامە لەسەر دەستەمۆکردنەوەی فەرد دروستبووە. لەسەر ڕامکردنەوە و گێڕانەوەی بۆ ناو داوە دێرینەکان، بۆ ناو ئەو فەزایانەی کە لێی دوورکەوتۆتەوە.

ئەمجۆرە ئیلتیزامەی کە هێزە باڵادەستەکانی کۆمەڵگا داوایدەکەن، ئیلتیزامە بە خزمەتکردنی سیستمەوە، نەوەک بە ڕەخنەکردنی. ئەو پەلامارە هیستیرییەی لە دوو ساڵی ڕابوردوودا لەلایەن دەزگا حیزبییەکانەوە دەکرێت سەر وەزیفەی ڕەخنەو کەسانی ڕەخنەگر، شاهیدی ئەو ڕاستییەیە کە چەمکی ئیلتیزام لە عورفی دەزگا حاکمەکانی ئەمڕۆدا، ئیلتیزامە بە سیستمەوە نەوەک بە کۆمەڵگاو دادپەروەری و نوێگەری و دەنگی خەڵکانی خوارەوە. ئیلتیزام بۆ کۆچبەران ئەوە نییە کە دیدێکی دیکە بهێننەوە، وێنەیەکی تری دونیا پێشکەش کۆمەڵگای خۆیان بکەن، بەڵکو ئەوەیە لە ناو ئەوەدا کاربکەن کە هەیە و پێی ڕازیبن، تا ئەو ئەندازەیەی یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە حیزبییەکان لە یەکێک لە ستوونەکانیدا دەنووسێت «مەپرسە نیشتیمان چی بۆ تۆ کردووە، بپرسە تۆ چیت بۆ نیشتیمان کردووە». ئەمە ئەو جۆرەیە لە ئیلتیزام کە دەبێت کۆچبەرانیش ملکەچی بن، ئیلتیزامی ئەوە نا کە مافی تۆ چییە، ئیلتیزامی ئەوەی مافی حاکمەکان چییە؟. کۆچبەری ئێمە لە مەنفاوە دەچێتە ناو هەمان یاری، ئەو بارە ویژدانییە قورسە بەرەو ئیلتیزامی سەختی دەبات بە هەندێ وێنەو چەمکەوە لە ڕابوردووی خۆی، ئەوانەی کە لە وڵات سیاسی بوون، لێرەش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵدەدەن فەزای کۆمەڵە دروستکردن و کۆڕو کۆبوونەوە گەرمبکەن، ئاشکرایە بەشی هەرە زۆری ئەم حاڵەتان لە نمایشێکی بێناوەڕۆک زیاتر هیچی تر نین، ئیفلیجی ئەو دەزگاو سەنتەر و ناوەندە سیاسی و کولتوریانەی کورد لە خۆرئاوا دروستیکردوون، نیشانەی ئەوەیە ئەو جۆرە ئیلتیزامەی کۆچبەر دەیەوێت بەرابەر هاوڕەگەزەکانی خۆی نیشانیبدات، ئیلتیزامێکی ڕوکەش، سەتحی و بێکاریگەرە. مۆتیڤی پشت ئەم هەوڵانە ئەوەیە کەسی کۆچبەر لە ڕێگای ئەو ناوەندو دەزگایانەوە دەیەوێت، دووبارە وەفای خۆی بسەلمێنێتەوە، بیکاتە پردێک لە نێوان خۆی و ئەوانی تردا، ئەوەی لە نێوان ئەوو هاوڕەگەزەکانیدا ڕوخاوە دروستیبکاتەوە... ئەمجۆرە ئیلتیزامە، هێندەی خزمەتی وێنە تایبەتییەکانی ناو خەیاڵی کەسانی بەرپرس دەکات، خزمەتی ئەو ڕۆحە ناکات کە لە ڕووی ستراتیژییەوە کورد وەک نەتەوە پێویستی پێیەتی. زۆربەی ئەو دەزگایانە بە ئیفلیجی لە دایکدەبن و دەمێننەوەو دەمرن، چونکە دواجار هێندەی وەڵامدانەوەی کێشە ڕۆحی و دەروونی و سیاسییەکانی ئەو کەسانەیە کە دروستیدەکەن، وەڵامدانەوەی تێڕوانینێکی کۆنکرێت نییە، بۆ واقیعی نەتەوە... ئەم جۆرە ئیلتیزامە نمایشە نەوەک وەڵامی ئەرکە ڕاستەقینەکانی جالییەک لە تاراوگە، خۆنواندنە لە بەردەم ئەو دادگا ئەخلاقییەدا کە کۆمەڵگا بۆ کۆچبەری دەگێڕێت، لەبەردەم ویژدانی نائاسوودەو ناڕەحەتی کۆچبەردا، نەوەک لەبەردەم ئەرکە سەختەکانی ناو خۆرئاوادا، لێرەوەیە ئەو سەدان ناوەندە کوردییەی لە سەرتاسەری ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە، نە ڕۆڵیان هەیە، نە دەتوانن کاریگەری و بوونێکی ڕاستەقینەیان هەبێت.

مەبەستی پشت زۆربەی ئەو ناوەندەو سەنتەرە کوردیانە نیشاندانی وێنەی «کۆچبەری مولتەزیمە»، ئەو کۆچبەرەی دەیەوێت بیسەلمێنێ کوڕی هەمیشەیی وڵاتەکەیەتی، بێئەوەی ئەو جۆرە لە ئیلتیزام بدۆزێتەوە کە نیشتیمانەکەی پێویستی پێیەتی، بێئەوەی بۆ دۆزینەوەی مانای ئیلتیزام، خۆی ماندووبکات.

## کۆچبەر وئەفسونەکانی

ئەوەی کۆچدەکات بەهەمان وێنەی جارانەوە ناگەڕێتەوە، کۆچبەران باق و بریق وبریسکەیەکی دیکەیان هەیە. کۆچبەر لە یەکێکی ئاساییەوە کە پێوەری دونیا نازانێت، بووە بە کەسێک بۆنی ئەو خاکانەی لێدێت کە نەمانبینیون، بۆنی ئەو زەوی و زەریانەی لێدێت ئێمە تەنیا بە خەیاڵ فەنتازیایان دەکەین، واتە بۆنی عەردێکی لێدێت کەسانی دی تەنیا وەک خەون بینیویانە.

کۆچبەر لە ناوەوەو لە بەر دیدەی هاو نیشتیمانییەکانی دیکەدا ئەو شەفافییەتە وندەکات کە کەسانی تر هەیانە، ژیاننامەی ئەوانی دی ژیاننامەیەکی ئاشکرایە، ڕوبەری نهێنی لە زیندەگیاندا ڕووبەرێکی پچوکە، لێرەوە هەر شێوە تەلیسمێک لە کەسایەتی و بوونیاندا ئاسانتر و خێراتر چارەدەکرێت و دەڕەوێتەوە، بەڵام کەسی کۆچبەر وەک کاراکتەرێکی پڕ نهێنی دەگەڕێتەوە، ئێمە نازانین بە کویادا تێپەڕیوە، نازانین چۆن ژیاوە، بیرۆکەمان دەربارەی ئەو زەمین و وڵات و ژینگەو شوێنگانەی ئەو تیاژیاوە زۆر کەمە. ئەو لەو ساتەوەی پێدەخاتە سەر خاکی ئەو وڵات و میللەت و نەتەوانەی لەلای ئێمە نهێنین، خۆشی دەبێتە نهێنی. لە ژیانی ئەودا کۆمەڵێک وێستگە هەیە وەک تەمومژ دەمێنێتەوە، دورکەوتنەوەو دابڕان و بێئاگاییمان لێی وادەکات لە بری ژیانە ڕاستەقینەکەی خۆی ژیانێکی فەنتازی بۆ دروستبکەین، چۆن خۆرئاوا خۆی زەمینێکی فەنتازییە کە وێنەکانی پابەندی خەیاڵاتی خۆمانن و پەیوەندییەکیان نییە بە حەقیقەتی خۆرئاوا خۆیەوە، وێنەشمان بۆ کۆچبەر دەکەوێتە ناو هەمان فەزای فەنتازییەوە. کاتێک کۆچبەر پێدەخاتە سەر خۆرئاوا« زەمینی فەنتازیاکان»، ژیانی ئەویش دەکەوێتە بەر پرۆسەی فەنتازیاکردنەوە. واتە چیدی لەوە دەردەچێت مرۆڤێکی ئاسایی بێت، بەڵکو سەرلەنوێ لەسەر ڕۆشنایی خەیاڵ و خورافەتەکانی خۆمان وێنایدەکەینەوە.

مرۆڤی ئاسایی کەسێکە ڕوبەرێک لە ژیانیدا نەماوەتەوە بۆ خەیاڵاتی ئێمە، کاراکتەرێکی هەیە لە هەموو لایەکەوە دەبینرێت، نهێنییەک لە ژیانیدا نییە نەیزانین. تەلیسمێکی تیا نییە سەرەنجمان ڕاکێشێت. مرۆڤی ئاسایی لە هەر چوار لاوە ئاشکرایە. ئەو چەندە نائاسایی بێت لەو ژینگە و شوێنگە ئاساییە جیانابێتەوە کە ئێمە هەموو کونج و کەلەبەرێکی شارەزاین، چەندە نائاسایی بێت بەشێکە لە سیستمێکی ئاسایی، چەندە خۆی لە شتە ناسراوو سواوەکان دووربخاتەوە، دواجار بەشێکە لە سیستمی ئەو شتە سادەو سواوانە، مرۆڤی خۆماڵی و خانەنشین ناتوانێت بەرزبێتەوە بۆ ئاستی «نهنێنی».

لێرەدا وشەی نهێنی بە هەموو چەمکە ستاتیکیەکانییەوە بەکاردەهێنم، نهێنی وەک ئەو ڕەگەزەی هەندێجار بەرەو شتەکانمان ڕادەکێشێت و هەندێجار لە شتەکانمان دووردەخاتەوە. هەندێجار ترسمان تیا دروستدەکات و هەندێجار خواستێکی قووڵمان تیا دەبزوێنێت بەرەو ڕووی بڕۆین. ستاتیکای نهێنییەکانی کۆچبەر لەو هێزی ڕاکێشان و دوورخستنەوەدایە کە لە یەککاتدا کۆی فەزای کۆمەڵایەتی دەوروبەری خۆی پێڕەنگدەکات. کۆچبەر یەکێکە کە ڕووبەرێک لە ژیانیدا هەیە، خاڵییە لەو ڕوون و شەفافییەتەی لە ژیانی کەسانی تردا هەیە.

«نهێنی» سەرچاوەیەکی ئیستاتیکی گەورەیە. هیچ جوانییەک نییە بێ نهێنی. ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا هەمیشە جوانی بە سیحرەوە گرێدەدەینەوە، کاریگەری جوانی لەسەر خۆمان بەسیحرلێکردن ناودەبەین، شیعری کلاسیکی کوردی مەیدانێکی بەرینی شوبهاندنی جوانییە بە ئەفسون و جوانان بە جادووبازان. سیحریش بریتییە لەو دیاردانەی کە تەفسیرمان بۆیان نییە. لە سەرەتاوە خەیاڵی کۆمەڵایەتی میللەتێکی داخراوی وەک ئێمە دەرەوەی خۆی وەک نهێنی بینیوە، ئەو

کولتووره دێرینـه لەسـەردەمی حوکمڕانی بەعسدا زیندووبوونەوەو گەشەیەکی قووڵی بە خۆیەوە بینی. قـەدەغـەکـردنی سـەفـەر لە عـێـراقـدا زەمـینـەیەکی کـاریگەربوو بۆ لە دایکبـوونەوەو زیندوبوونەوەو گەشەکردنی کولتووری «جیهانی پڕ نهێنی»، کولتووری تەماشاکردنی هەمـوو شـتێکی غـەریب وەک شتێکی بەنرخ. لەو جێگایەدا کە سەفـەر قەدەغەیە، مرۆڤ ناچارە بە فەنتازیا وێنەی دەرەوەی خـۆی دەکات. وێنەی خۆرئاوا وەک زەمینی جوانی، ئازادی، هەمەڕەنگی، خۆشی بێ سنوور، تاکە وێنەیەکە کە لە ژێر سـایەی سیسـتـمـە داخـراوەکاندا گەورەدەبێت و گەشـەدەکات. لەم فـەزایەدا کۆچبـەر ئەو کەسـەیە کە لەو زەمینی ئەفسونـەوە هاتۆتەوە، لێرەوە سـتاتیکای نهێنی دەبێتە بەشێک لە جـوانی و ئەفسونی ئەویش.

هەمـوو نهێنییەک جوانە، نهێنی کۆچبـەریش دەبێتـە جۆرێک لـە سیحرو وزەی ئیرۆتیکی. کۆچبـەر دەبێتـە بوونەوەرێکی جوان، ئەو هەمـوو ئەو شـتانەی دیوە کە ئێمـە نەمانبینیـون، لەو جیگایانەدا ژیاوە کە نە ژیاوین ، ئەو ئافرەتانەی بۆنکردووە کە ئێمـە نەمـانکردوون، ئەو جل و بەرگانە لەبەردەکات کە لەبەرمـاننەکـردوون، جۆرێک بریسکەو ڕەونەق و درەوشـانـەوەی هـەیە کە ئـێمـە نیـمـانـە. ئەمـە دەرگـا لەسـەر ئەفسانە جنسییەکانی کۆچبەریش دەکاتەوە. ئیرۆتیکییـەتی کۆچبـەر کە گەورەترین دیاردەی ناو ژیانی جنسی نەوەدەکانی کۆمـەڵگای ئێمـەیە، لەوەوە هاتووە کـە کـۆچـبـەر بە خـۆی و بە هـەمـوو ئەفسـانەکانی دەورییەوە وەک یەکێک دێتە پێشێ کە سەر بە جیهانێکی ترە. ئەم دۆخە خـودی کەسی پەنابەر پارچەپارچـەدەکات، لە نێوان وێنـەی ڕاستـەقینەی خـۆی و پێکهـاتی مرۆڤـانەیی و ئەو قـاڵب و کلێشە کۆمەڵایەتییەی لەسـەری دروسـتبووەو بڵاوبۆتەوە زۆرجار کۆچبەر دەچێتە ناو وێنەکان و خودی خۆی جێدەهێڵێت. ژیانی پەنابەر ئەوکاتە وێراندەبێت کە لە بری ئەوەی سەیری کاراکتەرو پێویستییە ڕاسـتـەقـینـەکـانی خـۆی بکات سـەیری ئەو وێنەیە دەکات کـە لەسـەری بڵاوبۆتەوە. کـۆچبـەر چەندە کوشـتـەی ئەفسـانە نێگەتیـڤەکانە، هـێندەش قوربانی ئەفسانە پۆزێتیـڤەکـانە، چەندە لەوێنـەکانی نەگەتیڤەکانی خۆی دەترسێت و ئازاریدەدەن، هێندەش بە وێنە پۆزێتیڤەکان دەسـخـەڕۆ دەبێت. ئەو دەبێـتـە دیلی وێنـەیەکی ئەفـسـانەیی بۆ خـۆی، دیلی وێنـەی کـەسـی جـوان و سـیـحـراویی و بە هـێز و بەتوانا... ئـەو دەزانێت ئەو ئیـرۆتیکیـیـەت و قـورسـایی و ئەفسـونەی هـەیەتی لە کـاراکـتـەری خـۆیەوە نەهاتـوون، بەڵکو لەو وێنـەیەوە هاتوون کـە ئەو لەسـەر زەمـینێکی پڕ نـهێنییـەوە هاتووەو توانـایەکی گـەورەی هەیە و سـتـاتیکای هـەمـوو ئەو کۆمـەڵگایانەشی لە پشـتـە کـە لە خـەیاڵی مـرۆڤی ئێـمـەدا مـەڵبـەندی هێـزو سـێکس و سـتـاتیکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا تەواو تـەسلیـمی ئەوڕۆڵـە دەبێت کـە لە گەڕانەوەکانیدا خۆی وەک قارەمانێکی پڕ ئەفسون و سەرەنجڕاکێش نمایشبکات.

بە کـورتی لە نێـوان کۆچبـەر و کـۆمـەڵگای خـۆیدا گـەمـەیەکی درۆزن دروسـتـدەبێت. لەسـەرێکەوە کۆمەڵگا خـۆی وا وێنادەکات کە شتێک نییە پشتی تێبکرێت، فەرامۆشبکرێت، بەشبکرێت و شـەریکی بۆ بدۆزرێتـەوە، لەسەرێکیشـەوە ئامادەیە کـۆچبـەر وەک بەشە دەرەکی و بەهـێزو بە ئیرادەکەی خـۆی وێنابکات و هـەر کاتێک هـەر کەسێکی گەڕایەوە وێنەی قـارەمان و ئەسـتێرەی میـدیاکانی بداتێ کە دەبێت لە هەموو کەناڵەکانی میدیاوە دەرکەوێت.

کـۆچبـەریش هەمـان گـەمـە لە کـۆمـەڵگادا دەکـات، لەسـەرێکەوە خـۆی وەک بـەشـێک لە کـۆمـەڵگا نیشاندەداتەوە و لەسـەرێکی دیشـەوە بەو مەرجـە دێتە ناو گەمەکانەوە کە حسـابی شتێکی گرنگترو ئەفسـوناوی و نائاسـایی بۆ بکرێت. مەرجی سـەرەکی کۆچبـەر لەگەڵ کۆمـەڵگای خۆیدا ئەوەیـە کە ئەو سـەرمـایە ڕەمـزییـەی لێنەسـێنرێتـەوە کە لە خـەیاڵی کۆمـەڵایـەتیدا دروسـتیکردووە، ئەو فـاسـیلـەیەی لێنەسـێنرێتـەوە کە لە وێنە ئاساییـەکانی مرۆڤی ئاسـایی دروسـتیکردووە، هـەر بۆیە لە گـەڕانـەوەیدا هـەمـیـشـە ئەو وەزیفـە گـرنگ و پۆسـتـە بڵندانە وەردەگـرێت کـە خـودی ئەو فـاسـیلـەیەی بۆ دەپارێزن و برێک لەو ئەفسونەی بۆ دەهێڵنەوە.

زۆربەی ڕەفتارەکانی کۆچبەر لەکاتی سەردانیدا بۆ وڵات، ملکەچی پێداویستیەکی گەورە نین. زۆر لەو ڕەفتارانەی کەسی کۆچبەر دەیکات، ملکەچی ئەو مۆتیڤی خۆنمایشکردنەن کە ئەو وێنەیە دەیسەپێنێت، ئەو دەبێت بیسەلمێنێت بەهێزە، دەسەڵاتێکی دارایی مەزنی هەیە، کولتوورێکی تری پێیە، پاشەڕۆژێکی دیکەی هەیە. ئەو دەبێتە دیلی وێنەیەکی خەیاڵی و نیگایەکی خەیاڵی کە خۆی دروستینەکردووە.

بۆ ئەوەی زیاتر بەم چەمکەدا برۆینە خوارێ و قووڵببینەوە، دەبێت لە خودی ئەو ململانێیە تێبگەین کە چەمکی نامۆ هەڵگرێتی. کۆچبەر کە دەبێتە نهێنی، کە وای لێدێت وەک کەسێکی نائاسایی تەماشابکەین کە جۆرێک لە کاراکتەری دەدەینێ کە کاراکتەری ئێمە نییە، لێرەدا ئەویش بۆتە غەریبێک و دەبێت وەک نامۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. واتە لێرەدا قسە لەسەر نامۆبوونی کۆچبەر ناکەین لەدەرەوە، بەڵکو قسە لە جۆرێک لە نامۆبوونی دیکە دەکەین لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگای خۆمانەوە. ئەم نامۆبوونە جیاوازو پلەدارە، واتە لە کاتی جیاوازدا مانای جیاوازی هەیە.

کاتێک کۆچبەر لە نیشتیمان دێتەدەرێ نامۆبوونی نامۆبوونێکی تراژیدییە، نامۆبوونی یەکێکە کە ناگونجێت و هەست بەدەرکردن دەکات، هەست بەوە دەکات کە جێگای نابێتەوە، بەڵام کەدوای چەند ساڵێک وەک قارەمانێکی ئیجابی دەگەڕێتەوە، کە هەردەم گەڕانەوەکەی «هیثکلیف»مان لە ڕۆمانی «بەرزاییەکانی وزرنج»دا بەیادادەهێنێتەوە، وەک نامۆکەی یەکەمین جار ناگەڕێتەوە، بەڵکو نامۆییەتەکەی لێرەدا لە نامۆی و جودایی کەسی دەسەڵاتدارو ئەرستۆکرات دەچێت لە خەڵکی ڕەشۆکی. لە دۆخی یەکەمدا دێتەدەرێ و ئەو خەڵکی وڵاتەکەی وەک نامۆ بە خۆی تەماشادەکات، لە دۆخی دووەمدا دەگەڕێتەوەو خەڵکی وڵاتەکەی بە چاوی نامۆیەکەوە سەیری ئەو دەکەن. ئاشکرایە هەموو کۆچبەرێک کەدەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و دێتەوە بۆ تاراوگە بە هەستێکی تایبەتی غوربەتەوە دەگەڕێتەوە. زمانی دەربڕین لەم غوربەتە لە کەسێکەوە تا کەسێکی دی دەگۆڕێت، بەڵام غوربەت خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو کۆچبەرانە کە دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. کێشەی هەرە سەنترال و وجودییانەی ئەم غوربەتە لە خودی ئەم وێنە جیاوازەوەیە کە بۆ کۆچبەر دروستدەبێت. کاتێک کۆی کۆمەڵگا بەچاوی نهێنی تەماشای کۆچبەربکات، خودی ئەو نیگایانە، خودی ئەو وێنەیە کۆچبەر دەکات بە نامۆ، واتە غوربەتی کۆچبەر لەوەوە نایەت کە دەگەڕێتەوەو دەبینێت هاوڕێکانی لەوێ نەماون، ژیان گۆڕدراوە، دەسەڵاتی کوردی ئەو دونیایەی بە شێوەیەکی هەڵگەڕاوە دروستکردۆتەوە، بەڵکو لەوەوە دێت ئەو لە چاوی کۆمەڵگاوە بووە بە کەسێکی نەناسراو، ئەم نەناسیینەش ئەفسون و سیحرو وێنەیەکی بۆ دروستکردووە، جودا لە کەسانی تر. بە کورتی کۆمەڵگا کۆچبەری گۆڕیوەتە سەر پیاوێکی پڕ ئەفسون، بەڵام لە هەمانکاتدا نامۆو نەناسراو.

نیتشە دەڵێت «خەڵک چۆن لە وشەی زانین تێدەگەن؟ کاتێک دەڵێن زانینمان دەوێت چییان دەوێت؟ ئەوان دەیانەوێت شتێکی نامۆ بگۆڕنە سەر شتێکی ناسراو. بەڵام ئێمەی فەیلەسوفان داخۆ کاتێک باس لە زانین دەکەین، چ شتێکی زیادتر حاڵیدەبین؟ ناسراو مانای ئەوەی شتێک پێیراهاتبین، شتێک چیدی پێی سەرسام نەبین..بەڵام ئایا پێویستییمان بۆ زانین وەک هەمان پێویستیمان نییە بۆ ناسراو؟ ئایا ناسراو ئەو ئیرادەیە نییە کە لەلای هەموو شتە غەریب و نائاساییی و پڕپرسیارەکان شتێک بدۆزینەوە کە چی دی پەشۆکانمان تیا دروستناکات؟ چونکە ئەوەی ناسراوە، زانراوە»«٦».
ئەمە نیگایەکی عادەتیانەیە بۆ ناسراوو زانراو. نیتشەش ئەو دیدە عادەتییە ڕەخنەدەکات. کۆچبەر کەسێکە بۆتە «نائاسایی» و «ناعادەتی»، واتە چیدی کەسێکی زانراو نییە، لێرەشەوە دەبێتە کەسێکی نەناسراو. کۆچبەر کەسێکە غوربەت بەرامبەر ئەفسون دادەنێت. لەم خاڵەدا برێکی زۆری ئەو درۆ هاوبەشەی نێوان کۆمەڵگای ئێمەو کۆچبەر ئاشکرادەبێت. کۆمەڵگا بە دیوێکدا دەیەوێت کۆچبەر نەبێتە کەسێکی نامۆ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیەوێت بیگرێتەوە ئامێز، دەبێت وەک نامۆیەک

مامەڵەیبکات و نامۆییەکەشی بپارێزێت، چونکە دواجار ناچارە وەک کەسێکی نائاسایی وەربیگرێت، وەک کەسێک کە خاوەنی ئەفسونێکە «کە وەک دیوارێک لە نێوان ئەو کەسانی دیکەدا هەڵچنراوە». کۆمەڵگای ئێمە، بەتایبەت لە ئاستە سیاسییەکەیدا تەواو پێویستی بەو سیحرە هەیە، بەو سەرمایە ڕەمزییە کە کۆچبەران هەیانە تا لە ناوەوە کۆڵەکەکانی شەرعییەتی خۆی ڕابگرێت.

درۆی کۆمەڵگا لەگەڵ کۆچبەردا ئەوەیە کە دەیەوێت بیهێنێتەوە ژێر کڵاوی خۆی، بەڵام وەک غەریبێک. درۆی کۆچبەریش لەگەڵ کۆمەڵگادا لەسەر هەمان تەوەر کاردەکات ئەو لەو ساتەوەی دەچێتە دەرەوە خەون بە گەڕانەوە دەبینێت بۆ ئامێزێکی گەرم و دایکانە، بەردەوام لە ژێر باری ئازارێکی قووڵی ویژدانیدا دەیەوێت بۆ کۆمەڵگای بسەلمێنێت کە ئەو بەشێکە لەو، بەڵام کە دەگەڕێتەوە، کە ئەفسونی خۆی دەبینێت لە چاوانی خەڵکدا کە ئەو شوێنە بەهێزە دەبینێت کە لە شوێنگەی کۆمەڵایەتیدا داگیریکردووە، کە هەست بەو دەسەڵاتە گەورەیە دەکات کە بەسەر شتەکاندا هەیەتی، ئەو دیوارە دەبینێت کە جیایکردۆتەوە، ئیدی دەیەوێت بەشێک لەو دەسەڵاتە لە ناکاوو تایبەتمەندێتییە کوتوپڕە بپارێزێت کە بەدەستیهێناوە. ئەو سەرەتا لە غوربەتی خۆی ڕادەکات، بەڵام دواتر کەدەگەڕێتەوە دەبێتە خاوەنی جۆرێکی تر لە غوربەت، غوربەتی دەسەڵاتدار، غوربەتی ئەو کەسانەی لە خەڵکانی سادە ناچن و بوون بە شتێکی دیکە.

درۆی گەورەی کۆمەڵگا لەگەڵ کۆچبەردا ئەوەیە، دەیەوێت لە ئامێزی بگرێت و بیکاتەوە بەبەشێک لە خۆی ، بەڵام غوربەتی لێنەسڕێتەوە. درۆی گەورەی کۆچبەریش لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەوەیە کە دەیەوێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگا تەماشابکرێت، بەڵام وەک کەسێکی نائاسایی و پڕ ئەفسون بمێنێتەوە. لە وێستگەیەکدا کە وێستگەی گەڕانەوەی کۆچبەرە، کۆمەڵگاو کۆچبەریش پێکەوە پێویستیان بە دروستکردنی وێنەیەکی ئەفسانەیی و ئەفسوناوی هەیە، هەردووکیان سوود لەو وێنەیە دەبینن، بەڵام هەردووکیان زیانی کوشندەو قووڵیشیان بەردەکەوێت.

## کۆچبەر و ئەفسانە نوێکانی نێرایەتی

کۆچی ئێمە لەسەرەتاوە پرۆسەیەکی نێرانەیە، ئەمە بەو مانایە نییە ئافرەت سەفەرناکات و خەونی کۆچی نییەو نایەوێت کۆچبکات و خۆی ناچێتە ژێر باری سەفەر. تەواو بە پێچەوانەوە کۆچ خەونێکی مێیانەو نێرانەشە. ئەمە ئەگەر نەڵێم کە ئەو وێنانەی لە خەیاڵی ئێمەدا بەرابەر خۆرئاوا هەن ختوکەیەکی توندتری خەیاڵی بریندارو تاریک و چەپێنراوی ئافرەت دەدەن، کە دواجار خۆرئاوا لای ئەو دەبێتە دەروازەی ڕزگارییەکی هەمیشەیی بەرابەر چەوسانەوەیەکی هەمیشەیی.

خۆرئاوا لەسەر خەیاڵی ئافرەتی کورد، ئەفسونێکی بێئەندازە گەورەی هەیە، خودی ئەو ئەفسونە وادەکات نێری کورد بڕێک لەو ئەفسونە هەڵگرێت و گەیشتن بە خۆرئاوا وەک جەنگێکی نوێی نێرایەتی ببینێت.

یەکێک لەو گۆڕانکارییە گەورانەی دوای ڕاپەڕین دێتە مەیدان. ئەو گرفتەیە کە زمانی تەعبیرکردنی پیاوی کورد لە نێرایەتی خۆی تووشی دێت. لە هەموو ئەو کۆمەڵگا پیاوسالارەکاندا، بە تایبەت کە پیاوسالاری هێشتا لەسەر هوشیارییەکی تەسک و سەرەتایی بەندەو لە ڕەفتارو دەرکەوتەیدا مۆدێلی پەتریارکییەتی کۆنی تێنەپەڕاندووە، زمانی تەعبیرکردنی نێر لە خۆی تەنیا لە ڕێگای هێز و سامانەوەیە. هیچ کۆمەڵگایەک نییە نێرەکانی لەدوای دۆزینەوەی زمانێکی تەعبیرنەبن لە خۆیان. زمانێک لە ڕوی ڕەمزییەوە دواندن و ئاماژەناردنە بۆ مێکان.

کۆچ ئەمڕۆ ئەو شارێگایەیە لەڕێگایەوە کۆچبەر دەبێتە سەمبولێکی جنسی.

لەدەساڵی ڕابوردوودا موگناتیسییەتی سیکسی کەسانی کۆچبەر، یەکێک بووە لە دیاردە گەورەکانی ژیانی کۆمەڵگای ئێمە. ئەم هێزیڕاکێشانە جنسییەی کە لە کەسانی کۆچبەردا هەبووە سەدان داستانی عەشقی لە ناوەوە کوشتووەو سەدان تراژیدیاشی لە پەیوەندی نێرومێی کورددا لەدەرەوە دروستکردووە، بەڵام تا ئەم ساتە کۆچبەر هێشتا لەو ئەفسونە سێکسوالییەی خۆی لەدەسەتنەداوە.

ئەو هۆیانە زۆرن کەسی کۆچبەر دەکەنە سەمبولێکی سێکس، لەوانە کۆچبەر کە دەگەڕێتەوە کۆمەڵگای خۆی وەک غەریبێک تەماشادەکرێت و لە دونیا داخراوەکانیشدا هەموو غەریبێک هێزێکی کارتێکردنی جنسی بەهێزتری هەیە. کەدەگەڕێتەوە شتێکی نوێی هەڵگرتووە کە پتر لە شتە ئاسایی و ڕۆژانەو دووبارەکان سەرەنج ڕادەکێشێت. ناگەڕێتەوە بۆئەوەی بمێنێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خۆی دەرخات و جارێکی تر ونببێتەوە، واتە بێزاری لەدەوروبەری خۆی دروستناکات، یان بەزمانی خەڵکی سادە کەس تێری لێناخوات. خودی ئەو دەرکەوتنە فلاش ئاسایە، ئەو دەرکەوتن و ونبوونەوە بەردەوامە، ئەو تەمومژو ناڕوونییەی کە لەدەورێتی، ئەو کۆنترۆڵنەکردنە سەیرەی دۆخی کۆچبەر هەڵگرێتی، هەموو بزوێنێکی گەورەن بۆ خەیاڵی سێکسوالییانە.

تا ئەمڕۆ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جیدی لە سەر خەیاڵی سێکسوالیانەی ئافرەتی کوردو فەنتازیاکانی نییە، بەڵام ئەو ئەفسونەی لەم دەساڵەدا کاراکتەری کەسی کۆچبەر لە فەنتازیاکانی ئافرەتی ئێمەی کردووە، ئەوە دەردەخات خودی ئەم خەیاڵە سەرشارە بە وێنەی چەپێنراوی خەوتن لەگەڵ کەسانی نامۆو کەسانێکدا لەدەرەوەی ژینگەی ڕۆژانەو ئاسایی خۆی. خەیاڵێکە زۆر زوو وێنەی دونیا دوورەکان دەیوروژێنێت. بە ئەندازەیەک دەکرێت بڵێین ئافرەتی ئێمە کاراکتەرێکی خەیاڵی هەیە کە پتر خەون بە دوورکەوتنەوەو دابڕانەوە دەبینێت لەو شوێنەی تیادەژی، واتە لە قووڵایی ژنانی ئێمەدا ویستێکی گەورە هەیە بۆ پچڕان و دەرچوون و دوورکەوتنەوە لە هەموو پەیوەندییەکانی ئێستایان. ڕیشەی ئەم ویستە لە ئاستی سێکسدا وەک خەون بە سێکسەوە لەگەڵ غەریبەیەکدا لە زەمینێکی غەریبدا دەردەکەوێت. گومانیش نییە ئافرەتی ئێمە دەبێت زۆر بە توندی و خێرایی هەموو ئەو وێنە نەستییانە بخنکێنێت و بیانباتەوە بۆ ئەو جێگا تاریکانەی دواتر تەنیا لەڕێگای ڕستێک میکانیزمی «ئاڵوگۆڕکردن»ەوە دەگەڕێنەوە. پرۆسەی ئەم چەپاندنە زۆرجار ڕەهەندێکی پێچەوانە بە خۆی وەردەگرێت کە ترسە لە هەموو شتێکی غەریب، یان زۆرجار بێزاریی و خۆئازاردانە لە هەقی ئەو گوناهەی کە لە نەستی خۆیدا هەڵیگرتووە. لێرەوە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی ئاساییە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی لە کوردستانەوە دێن و شوو بە کەسانێک دەکەن لە خۆرئاوا لێرە تووشی نارەحەتی دەروونی زۆر سەخت دێن. من گەلەک ئافرەتم بینیوە بەگەیشتنیان بە خۆرئاوا هەموو ویست و ئارەزویەکی ژیان وندەکەن و دەکەونە ناو گێژاوێکی قووڵی خەمۆکییەوە. دیارە تەفسیرە سادەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کچەکە یادی کەسوکاری دەکات و غوربەتی پێخۆش نییە، بەڵام بەبۆچوونی من ڕەگی قووڵی ئەمجۆرە خەمۆکییە توندە لە ناو نەستدایە، لەو دۆخەوە هاتووە کە خەون بە هەڵهاتن و سێکسکردن لەگەڵ غەریبەیەکدا بەشێکی بنچینەی نائاگای ئافرەتی کوردە کە زۆر دڵڕەقانە دەچەپێنرێت و دەبرێتە دواوە، دواتر کە ئافرەتی کورد شوو بە غەریبەیەک دەکات خودی ئەو شووکردنە وەک وەدیهێنانی ئەو ویستە حەرامە دەردەکەوێت. لێرەوە هەست و بەرزەمن پەرچەکردارێکی توند بەرابەر ئەو شووکردنە نیشاندەدەنەوەو وەک تێرکردنی ئارەزوویەکی حەرام سەیریدەکەن، کە دەرەنجامەکەی لە دەرکەوتنی ململانێیەکی دەرونی کوشندەو توندو زیان بەخشدا دەردەکەوێت کە زۆرجار پاڵ بە کچی کوردەوە دەنێت بە خێرایی پەیوەندیی بە مێردەکەیەوە بپچڕێنێت یان لە خەمۆکییەکی بەردەوامدا بژی. دیارە سایکۆلۆژیستەکانی خۆرئاوا بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لەم دیاردەیە نزیکببنەوە، چونکە ڕیشەکانی لەناو کولتووری ئێمەدایە، کوردیش خۆی دەرونشیکارێکی ڕاستەقینەی نییە، لێرەوە کچی کورد لە ئاستی دەروونیدا بێ کۆمەک و هاوڕێ دەمێنێتەوە.

لە ڕاستیدا من هیچ ئامارێکم لەبەردەستدا نییە. دروستکردن و پەیداکردنی ئەو ئامارانەش لە تواناو سنووری ئیمکانیاتی بچوکی مندا نییە، بەڵام لەسنووری تێبینی تایبەتی خۆمدا ئەوە دەبینم کە ئەو خێزانانەی پێکەوە دێنە خۆرئاوا کێشەیان کەمێک لەو خێزانانە کەمترە کە پیاوەکانیان لە خۆرئاوابوون و ئافرەتەکانیان لە کوردستانەوە هاتوون... کە پێموایە گەر بەو شێوەیە بێت ئەو دۆخە تەواو پشتگیری ئەو تێزەی سەرەوە دەکات دەربارەی «خۆسزادانی دەروونی» لەلای ئافرەتی کورد بەرابەر بە تێرکردنی خەونە حەرامەکانی خۆی لە خەوتن لەگەڵ غەریبەیەکدا.

دیارە پیاوی کورد خۆشی خاڵی نییە لە ئارەزووی خۆدابڕان لە ژینگە و دوورکەوتنەوە لە شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێ، خودی ئەم خەونە لە ئاستی جنسیدا لای پیاویش لە وێنەی خەوبینین بە جنسەوە لەگەڵ ئافرەتانی دەرەوەی دەوروبەردا دەردەکەوێت، بەجیاوازیی ئەوەی کە ئەو پێویستی بەوە نییە تەواو ئەو خەونانەی بکوژێت، واتە توندوتیژو سزای دەرونی لەسەر پیاو بەراورد بە ئافرەت گەلەک لاوازترە. لێرەوە گەڕانەوەی بەردەوامی بۆلای ئافرەتی کورد «کەدواتر لە بەشێکی تردا بەدرێژی باسیدەکەم» بەجۆرێک لە جۆرەکان دەچێتەوە ناو سیستەمی سزای دەرونی، دیارە ڕیشەکانی ئەم سزایە لای پیاو تەنیا ئەخلاقی نییە، بەڵکو لە سروشتی سیاسیدا دەردەکەوێت، وەک ئەوەی پشتکردنە ئافرەتی کورد دەبێتە پشتکردنێکی ڕەمزی لە نیشتیمان و گەڕانەوە بۆ لای ئەم ئافرەتە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی دووەمە بۆ نیشتیمان. لێرەوە نێری کۆچبەری کورد کە هەست بە موگناتیسییەتی جنسی خۆی دەکات لای ئافرەتی کورد، هەموو ئەو چەکانە دەخاتەکار کە زەبری ئەو موگناتیسییەتە بەهێزتربکات و خۆی تەواو وەک جۆرە کەسێکی جیاوازو بەهێزو دڵڕفێن وێنادەکات. لەم ساتەوە کۆچ وەک مەڵبەندی جۆرێک لە جۆرەکانی ئەفسانەی نێرایەتی تازە بۆ تاکی کورد دەردەکەوێت.

ئەو ڕاستییەی ئافرەتی کورد لە نائاگادا دەیەوێت لەگەڵ غەریبەیەکدا بڕواو خۆی ئازادبکات، پیاوی کۆچبەر، کە دەتوانێت ڕۆڵی ئەو غەریبە ئەفسوناوییە ببینێت کە دەردەکەوێت و هاوکێشەکانی ژیان دەگۆڕێت، دەکات بە سەمبولێکی جنسی. ئەم نیگا جنسییە بۆ کاراکتەری کەسی کۆچبەر تێکەڵ بە کۆمەڵێک هەلومەرجی گەورە دەبێت کە بە کۆ لە خزمەتی بەسێکسیکردنی کۆچبەردایە، وەک بوونی پارە، شوێن، پاشەڕۆژ، دڵنیایی... دواتریش ئەفسونی کەم دەرکەوتن و نادیاری و کاریگەری سێکسوالییانەی تەمومژ و غموض. بۆیە دواجار خودی نێری ئێمە ئەو دەرفەتە بەکاردەهێنێت بۆ زیندووکردنەوەو دامەزراندنی کۆمەڵێک ئەفسانەیی نێرانەی نوێ. سەفەر و کۆچ دوو هۆکاری گرنگی نوێکردنەوەو بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاون بەسەر ئافرەتدا.
کۆچی ئێمە سەرەتایەکی نێرانەی هەیە. پیاو بزوێن و دەستپێکەرێتی، جڵەوە گرنگەکانی لەدەست نێرایە. سەرەتا پیاو کۆچدەکات و دواتر ئافرەت. یان گەر پێکەوەبن پیاو ئەندازیارەو ئافرەت پاشکۆیە. سەختی سەفەرو دژواری ڕێگا وادەکات تەواوکردنی ئەم داستانە پێویستی بە هێزێکی مەزن هەبێت، هێزێک دووبارە ئەفسانەی نێری بەهێزو سنووربەزێن زیندوودەکاتەوە. ئەو توانایەی سەفەر دەیەوێت دەبێتە سەرەتای دروستبوونی ئەفسانەیەکی دیکەی نێری ئێمە. ئەو حەقیقەتە تاڵەی ئافرەت بەبێ کۆمەکی پیاو ناتوانێت سەفەربکات، جارێکی تر بە شێوەیەکی زۆر بێماناو تراژیدی ژن دەکاتەوە بە پاشکۆی پیاو.

بەر لە ڕاپەڕین نێری ئێمە لە ڕێگای خۆهەڵواسین بە جاهوجەلالی دەسەڵات، یان بەرگریکردن و دژایەتی دەوڵەتەوە تەعبیری لە پیاوەتی خۆی دەکرد. لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزب دەبێتە تاکە نێری کۆمەڵگای ئێمە. پیاوانی پلە یەکی حیزب زۆربەی دیاردەو دەرکەوتەکانی «نێرایەتی مۆدێرن» بۆخۆیان پاواندەکەن. ڕەمزەکانی پیاوی مۆدێرن لە ماشێن و ماڵ و ئەکسسوارەکانی دەسەڵات، دەبێتە تاپۆی ئەوان، تاکە گروپێک کەدەتوانێت لە ئاستی ڕەمزیدا شێوەیەکی باڵاتر لە نێرایەتی سیاسەتمەدارانی

حیزب پێشکەشبکات، ئەو کۆچبەرانەن کەدەگەڕێنەوە. ئەوان جۆرێک لە نێری مۆدێرنی کۆمەڵگای ئێمەن کە لەپاڵ پارەو ماشێن و دیاردەکانی باڵادەستی چینایەتییەوە، ئاسۆی سەفەرو دونیا بینینیش تێردەکەن، ئەمە جگە لەوەی وێنە شاردراوەکەیان لە خەیاڵگەی ئافرەتی ئێمەدا گرێدراوی وێنەی خۆرئاوایە کە بۆ خۆی وێنەیەکی پڕ لە هێماو ئاماژەی جنسییە. سەفەر ئەو وەهمە لە کۆچبەراندا سەوزدەکات کە «سوپەرنێر»ی دونیای خۆیانن.

لێرەوە شەڕی نێوان نێرەکانی ناوەوەو دەرەوە دەبێتە جەنگێک لەسەر چەمکی نێرایەتی. پیاوان لە ناوەوە بۆ ئەوەی زیان لەو وێنە سکسوالییە بەهێزەی پیاوانی دەرەوە بدەن کە لە بەرابەریدا هیچیان بۆناکرێت، بەتوندی ئەو وێنەیە لەسەر «خارجییەکان ـ بەزاراوەی میللی ـ» بڵاودەکەنەوە کە پیاوێکی نێرەمووکن. لە سکێچە تەلەفزیونییەکان و لە لاپەڕەی گالتەو کاریکاتێرەکاندا کوردی دەرەوە زۆربەیکات پیاوێکی قژدرێژی ڕەفتار ژنانەیە کە خۆی نازکدەکاتەوە. کەسێکە درۆزن و دەستبڕ، کە شەهامەت و ڕەسەنی پیاوی کوردی تیانەماوە... ئەم جۆرە نیگایە پەڕیوەتە ناو زنجیرە تەلەفزیونییەکانیشەوە، بەتایبەت لای ئەو دەرهێنەرە بێتوانایانەی ناتوانن خەیاڵی خەڵکی سەرجادە بەرەو خەیاڵێکی هونەری کامڵتر جێبهێڵن.

شوبهاندنی گەنجانی دەرەوەی وڵات بە ژن کە ڕوبەری سەرەکی تەنزی ڕۆژنامەگەری و تەلەفزیونی ئێمەی داگیرکردووە. لەسەر زیانگەیاندن لە پیاوەتی و گومان لە نێرایەتی دروستبووە. خودی ئەم هەڵوێستە لە ئاستی نەستدا تەعبیرە لە وێنە پێچەوانەکەی نێری کۆچبەر کە ئەفسونێکی جنسی بێئەندازە توند دەدات بەدەرەوەی خۆی. من پێمولیە دوای لەدایکبوونی ئەمجۆرە نێرە... کۆمەڵگای ئێمە لە ناوەوە ، لە نەستی تاک و کۆکاندا تووشی شۆکێکی مەزن دەبێت، کە ناچارماندەکات بە قووڵی بە ناو ژیان و ماناو ڕەهەندە شاردراوەکانی سێکسوالییەتی کۆمەڵگای خۆماندا بگەڕێین. نێری ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی ئەفسانەیەکە جیاواز لە ئەفسانەی جەنگ و شکۆی حیزبی و خێڵەکی... کە شکۆی کۆچە. کۆچ چیتر سەفەرکردنێکی سادەو ئاسایی نییە، بەڵکو زمانێکی ترە لە زمانەکانی نێرایەتی، نوێبوونەوەی دەسەڵاتی نێرە بەشێوەیەکی ترو زیندووبوونەوەی وێنەی «نێری مەزنە» کە ناچارە لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا بچێتە جەنگەوە بۆ پاراستنی ئەو سیحرەی بێئاگا و بێویستی خۆی بەدەستیهێناوە. «لە بەشی داهاتوودا لە ڕێگای دییەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە»

## کۆچبەر وەک نوێنەری کولتووری خۆی

مۆدێرنە لەدیوێکدا یەکدی ناسینی کولتوورەکانە بە یەکدی، لەدیوێکی دیکەشدا جەنگ و بەریەککەوتنیانە لەگەڵ یەکدا .

تێکەڵبوونی میللەتان و دروستبوونی میترۆپۆلە گەورەکان کە زەمینی تێکەڵاوبوونی ژمارە گەلێکی زۆر نەتەوەو کولتوورو شوناسن، وەزیفەی نوێی خستە سەر شانی هەموو نەتەوەو کولتوورەکان. مۆدێرنە لە بنەڕەتدا دروستکەری فەزایەکی دیکەی ژیان و فەزایەکی دیکەیە بۆ کولتوور. لەم فەزایەدا کولتووری خالیس بوونی نییە، هەموو میللەتێک لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ میللەتانی دیکەو هەموو کولتوورێک لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ کولتوورەکانی دیدا . پێکەوەژیان و تێکەڵبوون حەتمییەتێکی بێچەندو چوونە. واتە هیچ سیستمێکی ژیان دابڕاو لە کۆی سیستمەکانی تر تەفسیرناکرێت و ڕەفتاری لێکنادرێتەوە. لە جۆرە هەلومەرجێکی وادا هەموو کولتوور و میللەتێک هەوڵدەدات هێزو موعجیزەکانی خۆی دەرخات. ژیان لەگەڵ کولتوورەکاندا جیهان دەگۆڕێتە سەر شانۆیەکی گەورە کە هەر کولتوورەو دەیەوێت هێزی خۆی و ڕەنگەکانی خۆی نیشانبداتەوە. چ لە دۆخی ململانێ و چ لە دۆخی دیالۆگدا کولتوورە جیاوازەکان جیهان دەگۆڕنە سەر گۆڕەپانی خۆ نیشاندان و خۆ نمایشکردنێکی گەورە.

لە جیهانی نوێدا کولتوورەکان ناچاران بە توندی گەشە بە ڕەهەندە سەمبولییەکانی خۆیان بدەن، جیهانی نوێ جیهانی گەشەی ڕەهەندە خۆنمایشکارەکانی کولتوورە. لە جۆرە جیهانێکی وادا ژیانی کۆچبەر دەبێتە زەمینی ئەو شانۆگەرییە، دەبێتە شوێنی هەموو نمایشە کولتوورییەکان، ئەو لەیەککاتدا دەبێتە ئەکتەرو دەبێتە بینەریش، ئەکتەرە چونکە تێکستێکی پێیە کە تێکستی کولتووری خۆیەتی و بینەریشە چونکە لەهەمان ئەو ساتەدا کە ڕۆڵی خۆی نمایشدەکات، دەبێت چاوی لەسەر نمایشی کولتوورەکانی تر بێت. هەموو کۆچبەرێک تا پلەیەکی دیاریکراو ناچارە هەڵوێست لەو نمایشە وەرگرێت. مرۆڤ یان نمایشی ڕۆڵی خۆی دەکات، یان دەستبەرداری ئەو ڕۆڵە دەبێت و نمایشی ڕۆڵێکی دیکە دەکات.

کۆچ زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ کولتوورەکان.

ئاشکرایە هیچ کولتوورێک نایەوێت کولتووری کەمایەتی بێت، بەڵام هێندەی بووە کولتووری کەمایەتی مانای ئەوە نییە ئیدی ڕێگای سەرەوخوارەو بەرەو بێهێزی دەڕوات. ئەو کولتوورەی کۆچبەر لەگەڵ خۆیدا دەیباتە دەرەوە وەک خۆی دەبێتە کولتوورێکی ئاوارە، کولتووری کەمایەتی، بەڵام زۆربەی کات ڕەهەندە ویژدانی و دەروونییەکانی لە ژیانی کۆچبەردا نالەقێن. پاراستنی ئەو سیستمە ئەخلاقی و ئاینییەی کە کۆچبەر لەگەڵ خۆیدا دەیبات، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی ناوەکی بۆ کولتوورەکان. کۆچ پتەوی و کاڵنەبوونەوەو بەردەوامی نرخ و بەها ناوەکییەکانی کولتوورێک نیشاندەداتەوە کە ئەگەرچی دەکەوێتە بەر فشاری دەرەکی و لەسەر زەمینی فەرهەنگێکی دیکەدا نیشتەجێ دەبێت دەتوانێت درێژە بە خۆی بدات و خۆی نوێبکاتەوە.

لە ململانێی نێوان کولتوورەکاندا هەمان یاسا کاردەکات کە لە ململانێی نێوان تیپە وەرزشییەکاندا دەبینرێت، ئەوەی لەسەر زەمینی تیپی بەرامبەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، نرخی سەرکەوتنەکەی گرنگترە لەوەی کە لەسەر زەمینی خۆی سەرکەوتن وەدیدەهێنێت. بەدیهێنانی سەرکەوتن لە دەرەوە ئەفسونێکی تری هەیە، چونکە ڕەسانەیەتی و جاویدانێتی فەرهەنگی کۆچبەر بەرجەستەدەکات.

خۆرئاوا خۆی بەر لە هەموو فەرهەنگەکان وێنەی ئەو قارەمانە خورافیانەی دروستکردووە کە لەدەرەوەی خۆرئاوا دەبنە نمونەو ڕابەر و ڕزگارکەر. کولتوور بۆ ئەوەی لایەنە موعجیزەئاساکانی خۆی نیشانبداتەوە، دەبێت ئەوە دەرخات کە لە خراپترین هەلومەرجدا دەتوانێت بەهاکانی خۆی و هێزی ئەخلاقیاتی خۆی بەرجەستەبکات. ڕەنگە ڕۆبنسن کرۆسۆ، پاڵەوانی ڕۆمانە کلاسیکیەکەی دانیال دیڤۆ نمونەیەکی کلاسیکی بێت «کە لە ئەنگلزەوە بەردەوام ئاماژەی پێدەدرێت» بۆ ئەو پیاوە سپییەی بە کەرەستەیەکی کەم دەتوانێت لە جێگایەکی دابڕاو و دوور لە شارستانییەتدا ژیانێکی تەواو دروستبکاتەوە. ئەدەبی خۆرهەڵات و خۆرئاوا زەمینی فەنتازیایەکی کولتووری گەورەیە کە تیایدا هەر فەرهەنگەو لە دیدی خۆیەوە باڵادەستی خۆی نیشاندەداتەوە، توانای عەقڵ و زیرەکی سیاسی و هێزی ڕابەری وسیحری جنسی تاکەکانی خۆی بەرجەستەدەکات، کتێبەکانی ئەدوراد سەعیدو جۆرج تەرابیشی سەفەرێکی قووڵن، بەڵام بە دوو ئاڕاستەی جیاوازە لە ئەفسانەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا . سەعید گەشتی پاڵەوانەکانی خۆرئاوا لەدەرەوەی خۆرئاوا دەخوێنێتەوە، تەرابیشیش لە گەشتی درێژیدا لەگەڵ ڕۆمانی عەرەبیدا سەفەری قارەمانە ئاوارەکانی ئەدەبی عەرەبی لە خۆرئاوا لە تۆفیق حەکیمەوە تاسەر غادة سەمان و مونیف دەخوێنێتەوە. ڕەنگە بەراوردێکی سەرپێیش لە نێوان لۆرانسی عەرەب «قارەمانی خۆرئاوا لە خۆرهەڵات» و مستەفا سەعیدی «قارەمانی خۆرهەڵات لە خۆرئاوا »ی ڕۆمانی «وەرزی کۆچ ڕووەو باکور»ی «طیب الصالح» دا تەواو جیاوازی نێوان مەبەست و ستراتیژەکانی وێناکردنمان بۆ ئاشکرابکات.

کۆچبەر قارەمانی کولتووری خۆیەتی لەسەر زەمینەی کولتوورەکانی تر. لێرەوە نەفرەت لێکردن و دەرکردن و تەرەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە، بۆیە کاتێک کۆچبەر لە دەرەوە جێگیردەبێت گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر بایەخ و نرخیدا دێت... ئەو چیدی ئەو خائینە نییە کە نیشتیمانی جێهێشتووە، ئەو شەهوەتبازە نییە کە هەواو هەوەس هەڵیفریواندووە، ئەو ئیدی نوێنەری نیشتیمان و کولتووری نەتەوەیە، بۆیە بچوکترین سەرکەوتنی وەک ڕوداوێک و سەرکەوتنێکی گرنگ تەماشادەکرێت. هەتا چیرۆکە جنسییەکانیشی وەک غەزای کولتووری و دەرخستنی ئیرادەو هێزی نەتەوەیی حیسابی بۆدەکرێت. ئێمەی کورد نمونەیەکی باشی ئەو دیاردە سۆسۆلۆگییەین، ڕۆژنامەو میدیاکانی کورد لە ناوەوە لە خۆرئاواش زۆرجار دەبنە شانۆی ئەو سەرکەوتنە وەهمیانەی کورد لێرەو لەوێ بەدەستی دەهێنێت. هەر منداڵێکی کورد لە تیپێکی قوتابخانەکەی یان شارۆچکەکەی خۆیدا یاریبکات ڕۆژنامەکانی ئێمە لە ناوەوە لەدەرەوە وەک قارەمانی زەمان نیشانیدەدەنەوە، هەر کەسێکی کورد تەوقە لەگەڵ پەرلەمانتارێکی ئەورووپیدا بکات، وێنەکەی دەبێت لەگەڵ ڕاپۆرتێکدا بڵاوبکرێتەوە، هەر کوردێک لە ماڵەوە دانیشت و لەسەر مێزەکەی خۆی نامەیەکی بۆ کلنتۆن یان بوش یان تۆنی بلێر نووسی ئەمە دواتر لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکی کوردی داگیردەکات «دیارە ئەم دیاردانە لای ئێمە نەبێت لە هیچ ڕۆژنامەگەرییەکی دونیادا نییە»، هەر کەسێک توانی ببێتە مامۆستای دەرسی کوردی لە زانکۆیەکی خۆرئاوادا کە گەڕایەوە دەبێت لەلایەن هەموو سەرۆکەکانەوە پێشوازی بکرێت و ئەملاولای ماچبکرێت، جا گەر ئاستی ڕۆشنبیری ئەم پیاوە بەراورد بە ئاستی گەنجانی کوردستان چەندین جار لە خوارتریش بێت ئەوا هەر کێشە نییە، چونکە دواجار لە ڕووی سۆسۆلۆگییەوە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەو قارەمانانە هەیە کە لە ئاستی کولتووردا نوێنەرایەتیبکەن و سەرکەوتنی بۆ بەدەستبهێنن. هەڵبەت ماشێنێکی سیاسیش هەیە قاڵبڕێژی ئەم وێنەیە دەکات و بە مانای سیاسی تایبەتیش بارگاویدەکات. بەڵام ئەمە نیشاندەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە کەسی کۆچبەر کە دەگاتە سەر زەمینی کولتوورەکانی دی، وێنەکەی دەگۆڕێت و دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گەورە. لەگەڵ کەسی کۆچبەریشدا هەموو کولتوورەکەی دەکەوێتە بەر ئەو تاقیکردنەوەیەوە.

کولتوورەکانی ئەمڕۆی دونیا دەزانن ناتوانن بەبێ ئەو تاقیکردنەوەیە بژین و بەردەوامی بە خۆیان بدەن. ئەمڕۆ هیچ کولتوورێک ناتوانێت ڕەسەنێتی خۆی لەسەر زەمینی خۆی و لە حەوشی خانەی خۆیدا تاقیبکاتەوە.

کۆچبەر ئەو کەسەیە کە کولتوورەکان لە ڕێگای ئەوەوە خۆیان تاقیدەکەنەوە. چونکە گرەوی گەورەی ئەمڕۆی دونیا ئەوەیە هەر کولتوورێک بتوانێت بەرابەر ئەوانی دیکە خۆی لە بەهێزترین حاڵەتدا نمایشبکات. هێزی نەتەوەیەک و فەرهەنگەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت بنەماکانی لە ناو ژینگەکانی دیکەشدا هەربەکاربێت.

لێرەوە کۆچبەر کە لە ساتێکدا نوێنەری «هەڵهاتنە لە نەتەوە» لە ساتێکی دیکەدا دەبێتە نوێنەری «نەتەوە»... ئەوەش لە خۆیدا ئەگەرچی وەدستهێنانەوەیەکی مەعنەویی گەورەیە بۆ کۆچبەر، بەڵام جارێکی دی و بە شێوەکی دی ژیانی ناوەکی کۆچبەر تووشی قەیرانێکی گەورەدەکات. چونکە بە دنیایەک هەلومەرجی سەختی کولتووری گەمارۆیدەدات.

## کۆچبەر و خەباتی ئەفسانەیی

گەر یەکێک لە وێنە نەگەتیڤەکانی کۆچەر ئەوەبێت، هەندێکجار وەک خائین و بێدەروەست و هەڵهاتوو لە واقیع وێنابکرێت، ئەوا وێنەی بەرامبەری ئەو وێنەیەیە کە کۆچبەر خۆی دروستیدەکات و هەندێجاریش دەیسەپێنێت، وێنەی خەباتگێڕە.

پەندێکی بودی دەڵێت، «شـتـەکـان لە ڕۆحـەوە دێنە دەرێ، ڕۆح ڕێکـیـان دەخـات، لە ڕۆحـدا دروستدەکرێن» گەر ئەم گووتەیە بۆ زۆر شتی دونیا ڕاست نەبێت ئەوا بۆ کۆچبەری ڕاستە.
وشەی ڕۆح لێرەدا بە مانای ئەو ستراکتورە زەینییە تێیدەگەم کە لە پشت دەرکەوتن و ئیشکردنی دیاردەکانەوەیە، کۆچ بەر لەوەی هەر شتێک بێت خولیایەکی زەینییە، واتە لە ڕۆحدا گەورەدەبێت و خۆیدەگرێت و دەبێتە پرۆژە.

هۆلدەرلین نیشتیمانی وەک «فیکرە و هیوا» تەماشادەکرد«٧»، کۆچبەریش تاراوگە وەک «فیکرەو هیوا» تەماشادەکات. بەم مانایە من خەتی خۆم لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنانەدا جیادەکەمەوە کە کۆچ وەک دیاردەیەکی سیاسی یان ئابووری ڕووت تەماشادەکەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە من باوەڕم بە بوونی ستەمی سیاسی و ئابووری نییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵکو بەو مانایەیە کە تەنیا ئەم ستەمە سیاسی و ئابوورییانە لە پشت کۆچەوە ڕاناوەستن. مرۆڤی ئێمە هەمیشە لە دونیایەکی سیاسی ترسناک و لە دۆخێکی چەوساندنەوەی ئابووری دژواردا ژیاوە، لە زۆر قۆناغدا لە دۆخی ئابوری و سیاسی گەلەک سەختتردا لەمڕۆ ژیاوە، بەڵام بیری لە کۆچ نەکردۆتەوە، لە هەندێ وێستگەشدا شانسی سەفەرو کۆچ گەلەک لەمڕۆ ئاسانتر بووە، بەڵام کۆچ نەبۆتە خولیایەکی گشتی و نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بەرچاو، ئەمە جگە لەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کۆچدەکەن هوشیاری سیاسی سادەیان لەو مەیلە سیاسییە باوانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە جیانابێتەوە، ئەگەر نەڵێین زۆرینەی کۆچبەران هێشتا هەر لە دونیای جەنگی یەکێتی و پارتیدا دەسوڕێنەوەو ئەو جەنگەش دەگوازنەوە بۆ مەیدانەکانی خۆرئاوا، شێوەی ژیانی زۆربەشیان ئەو شێوە ژیانە دینی و موحافیزکارانە تەقلیدییەیە کە لەناوەوە هەیانبووە. ئەمە جگە لەوەی یەکێک لە مەرجەکانی کۆچ بۆ زۆربەی کۆچبەران بەرزی ئاستی ژیان و توانای داراییە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆچ لە ژێر ڕۆشنایی پەیوەندی بە پێکهاتی سیاسی ئێمەوە قسەی لەسەر ناکرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە بزوێنی سەرەکی بۆ کۆچ، کاریگەرییەکی سیاسی یان ئابووری ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو سیاسەت بەشێکە لەو فەزا گشتییەی کۆچی وەک «بیرۆکەو هیوا» تیادەخولقێت. لەگەڵ کزی ئەو بزوێنە سیاسیانەی لە پشت کۆچەوەن، کۆچبەر لە خۆرئاوا دەیەوێت لە خۆیدا وێنەی خەباتگێڕێک دروستبکاتەوە.
بەڵام چۆن کۆچبەر دەبێتە خەباتگێڕو ریشەکانی ئەم ئەفسانەیە لە کوێوە سەرهەڵدەگرێت. لە ڕاستیدا بەپێی تێگەیشتنی «سیگمۆند باومان» کەسی «نامۆ» بوونەوەرێکی گەردونییە، واتە لە دیدگایەکەوە تەماشایبکەین ریشەی نییە، لێرەوە خۆ وێناکردنەوەی وەک خەباتگێڕ ریشەی لە ڕابوردوودا هەیە، نەوەک لە ئێستای کۆچبەردا. باومان دەنوسێت : « نامۆ کەسێکە بەبێ خاسییەت، ئەو پیاوێکی ڕاستەقینەیە بەبێ سیفات، ئەو سیفەتانەی جەستەیەکی پێدەبەخشێت و لە بەتاڵی دەریدەهێنێت، بە حوکمی بەزەیی و ڕەحم دەیدرێتێ، لێرەوە دەکرێت بە ئارەزووش لێیحەرامبکرێتەوە، لەبەر نەبوونی جەوهەرێک، کەسی نامۆ، نمونەی یۆنیفەرسالییەت، بێ سەنگی، بێجەوهەرییە.... نامۆ گەردونییە، چونکە نە نیشتیمانی هەیەو نەڕیشە» «٨»
کە نامۆ کەسێکی بێ جەوهەربێت، بوویەکی گەردونی بێ ڕیشەبێت، خۆ وێناکردنی وەک خەباتگێڕ بریتییە لە گەڕانەوەیەکی هەمیشەیی بۆ ئەو وێنە دێرینەی کە لە نیشتیمان جێیهێشتووە.

کێشەکە لەوەدایە باومان لە گۆشەنیگای خۆرئاواوە بۆ بێگانە، بۆ نامۆیان و غەریبان دەڕوانێت، واتە باومان لەدەرەوەی جیهانی نامۆکانەوە تەماشای نامۆیەتی دەکات، بە پێوانەی ئەو جوگرافیا تازەیەی کە تیادەژین دەیانپێوێت و لەو گۆشە نیگایەوە دەیانخوێنێتەوە کە ئەو دۆخە وجودییە تازەیە بۆتە دۆخێکی چەسپیوو و نامۆکان دەتوانن خۆیان بە چاوی ئەو ژینگە تازەیە ببینن و تەواو بچنە ناو هاوکێشەکانییەوە. بەڵام کۆچبەر بە ئاسانی دان بەو ڕاستییەدا نانێت کە ئەو بۆتە کەسێکی بێ خەسڵەت، بۆتە «پیاوێکی بێ سیفات»، پیاوێک پاڵەوانی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ڕۆبەرت مۆزیلمان بەیادا دەهێنێتەوە کە هەمان ناونیشانیشی هەیە... کۆچبەری ئێمە هەمیشە لە جەنگدایە بۆ ئەوەی

نەبێتە کەسێکی «بێ سیفات»، نەبێتە یەکێک کە ڕیشەی نییە، داستانی کۆچ و ئەفسانەکانی هەموو لەو ڕاستییەوە سەرهەڵدەگرن کە کۆچبەری ئێمە جەنگێکی گەورە لەگەڵ حەقیقەتی خۆیدا وەک کۆچبەر دەکات. کۆچبەر ناتوانێت بەرامبەر بە ئێستای خەسڵەت و هێزە ڕاستەقینەو کاراکتەری قووڵی مرۆڤانەی بەرجەستەبکات، لێرەوە بەردەوام لە ڕابوردووەوە، لە نیشتیمانەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەنفا. کۆچبەر بۆ ئەوەی نەبێتە ئەو کەسەی کە ناونیشانی نییە، نەبێتە هەڵگری ئەو نیگایەی کە وەک بێگانەیەکی بێ سیفات و بێ ڕیشە تەماشایدەکات و ئەوەی لێدروستدەکات کەدەیەوێت، ناچارە شوناسێکی سیاسی بۆ خۆی دروستبکات، لێرەوەیە لە جێگایەکی وەک ئەڵمانیا بەرابەر «شانازی » ئەڵمانەکانەوە بە ئەڵمانی بوونیان، نوسەرێکی وەک شیڤۆ جۆزیفی کامیرۆنی قسە لە شانازیکردن دەکات بە پەناهەندەییەوە، چونکە دواجار پەناهەندە خەباتگێڕێکە بۆ دیموکراتییەت لە وڵاتی خۆیدا.

وێناکردنی خود وەک خەباتگێڕێک ڕاست بێت یاخود درۆ پەیوەندی بەو دۆخە وجودییە سەختەوە هەیە کە غوربەت مرۆڤی تیا دیلدەکات. کۆچبەر بەرابەر ئەو پرۆسەیەی کە دەیکاتە کەسێکی بێ کاراکتەر و بێ ڕیشە، شوناسی خەباتگێڕ دەداتە خۆی. سیفەتی خەبات کە لە جیهانی هەندێ پەناهەندەدا دەلالەتێکی زۆر سیحراوی و گەورە وەردەگرێت لەبەرئەوە نییە کە ئەو خەباتگێڕێکی سەرسەختە دژ بە سیستەمی سیاسی وڵاتەکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە شوناسێکی دەوێت ڕزگاریبکات لەو نیگایەی کە هەموو قورسایی مرۆڤانەی خۆی لێدەستێنێتەوە.

کە دەڵێم کۆچ «بیرۆکەو هیوا»یە بەو مانایەیە کە کۆچ لە ناوەوە لە زەین و ڕۆحی مرۆڤەکاندا دروستدەبێت، واتە مەرج نییە کۆچبەر بە بەیانێکی سیاسییەوە گیرابێت و لەدەست پیاوانی ئاسایش هەڵهاتبێت ئەوکات بیر لەکۆچ بکاتەوە، لە ڕاستیدا کۆچی سیاسی مانای دیاریکراوی هەیە، مانای ئەوەی تۆ بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانتەوە نەتوانیت چیتر لە نیشتیماندا بژیت، ئەم سیفەتەش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەمدا لە پەنابەرانی کورددا جووتدێتەوە. بەڵام کە کۆچ بوو بە هیوا بۆ ژیانێکی تر کە دەزانیت لە وڵاتی خۆتدا نایبینیت، لەم دۆخەدا تۆ نیشتیمان لەبەر سیاسەت جێناهێڵێت، بەڵکو لەبەر گەڕان بەدوای فەزایەکی تری ژیاندا جێیدەهێڵێت، نیشتیمان بەکارو کارتێکەری وێنەیەکی جیهان بەجێدەهێڵیت، کە هێدی هێدی لە خەیاڵماندا گەورەبووە.

زۆربەی ئەوانەی کۆچدەکەن لە ڕووی سیاسییەوە هەواداری حیزبە حوکمدارەکانن، هەندێکییان لێرە دەبنە لایەنگرێکی توندڕەوتری ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوایانە، واتە کێشەی سیاسیان لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئێستادا نییە، بەڵکو کۆچ جۆرە خولیایەکی ترە، پەیوەندی بە دروستبوونی هیوایەکی ترو وێنەیەکی ترەوە هەیە بۆ ژیان، وێنەیەک ئەو بڕوایەی لە خۆ نەگرتووە کە کۆمەڵگای ئێمە لە پاشەڕۆژی نزیکدا دەگۆڕێت. کۆچ لە سیاسەتەوە هەڵنەقوڵییەوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە لە نائومێدییەوە لە سیاسەت سەرچاوەی گرتووە، لەو نائومێدییەی کە سیاسەت ناتوانێت ژیانی ئێمە بگۆڕێت. لەساتی کۆچدا سیاسەت مردووە، کە کۆچبەر دەستدەداتە جانتاکەی بۆ هیوایەک دەگەڕێت کەدەزانێت لە جانتای سیاسەتدا نییە، ئەو ساتەی کە کۆچبەر پێڵاوەکانی لە پێدەکات، ناسیاسیترین دەقیقەی ژیانی کۆچبەرە، چونکە ئەوە ئەو دەقیقەیەیە کە کۆچبەر تێگەیشتووە هیچ کەرەستەیەکی بەدەستەوە نەماوە بۆ گۆڕینی واقیع. کۆچ هەوڵێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی ئازادی و ئاسوودەیی، بەڵام بەکۆمەڵێک کەرەستە کە کەرەستەی سیاسی نین، گەڕانە بۆ ئازادی بەبێ تێپەڕین بە کەناڵی حیزب و سیاسەتمەداراندا، بەڵکو بە کۆمەکی شۆفێری ترێلەو قاچاغچییەکانی ڕێگاو کەیسی بەردەم پۆلیسیخانەکانی خۆرئاوادا.

سیاسەت دواتر، وەک پێداویستییەکی وجودی بۆ ماناو ژیان، لەسەر زەمینی تاراوگە دروستدەبێتەوە.

دیارە دروستکردنی وێنەی خەباتگێڕ لە کۆچبەر زەمینەی زۆر بەهێزی لە ژیانی کۆچبەردا هەیە، چونکە خودی کۆچ لە خەیاڵی ئێمەدا وێنەیەکی هەیە هاوشان بەوێنەی خەبات. حیزبە سیاسییەکانی ئێمەش لەم خاڵەدا سیاسەتێکی دوو ڕووانەیان هەیە، بەدیوێکدا بە کۆچبەران دەڵێن تەنیا خزمەت ئەوەیە کە لە ناوەوە دەکرێت، و کۆچبەران تایەفەیەکی درۆزنن کە لەبەر ویستە تایبەتییەکانیان لە خۆرئاوان و ژیانی خۆرئاواو خەبات پێکەوە گرێنادرێتە وە دەڵێن ئەوانە خاکی وەتەنیان بە زەڕەیەک لە قەیسری قەیسری فرۆشتووە. بەدیوێکی دیکەشدا ئەو دەستەبژێرە لە نزیکانی خۆیان کە لە خۆرئاوا دەژین، وەک کاراکتەری ئەفسانەیی و خەباتگێری سوپەرمانی وێنادەکەن. لێرەدا شایەنی ئەوەیە ئاماژە بەو «پرسە» بدەم کە بۆ نووسەر و سیاسەتمەدار «ئیبراهیم ئەحمەد» کرا، ئەم خاڵە باشترین نیشاندەرەوەی ئەو سیاسەتە دوو فاقەیە بەرامبەر بە کۆچبەران، بەدیوێکدا کەسانگەلێکی زۆر لە نووسەران وەک نیشتیمانفرۆش وێنادەکرێن، لەبەرئەوەی لە خۆرئاوان، لەهەمان چرکەشدا کەسانگەلێکی دی کە پتر لە بیست و پێنج ساڵ لە خۆرئاوا ژیاون وەک سمبۆلی ئەفسانەیی خەبات سەیردەکرێن. ئەوە بۆ خۆی بەڵگەیەکی بنەبڕە کە ئەو سەیرکردنە باوانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە ڕیشەیان لە تەسکبیری حیزبایەتیدا قایم و ئەستوورە.

گەر لە واقیعی ئێمەدا بۆ هۆکانی کۆچ بگەڕێین، دەبێت بیکەینە سەر دوو تەوەر، تەوەرێکیان پەیوەندی بەو دۆخە زەینییەوە هەیە کە لەسەردەمی بەعسدا گەشەی سەندووەو ئەویتریان پەیوەندی بەو فەزا گشتییەوە هەیە کە لە دوای ڕاپەڕین دروستدەبێت، گێڕانەوەی کۆچ بەتەنیا بۆ شەڕی ناوخۆ و دابڕاندنی لەو وێنەیەی جیهان کە لەژێر سایەی بەعسدا دروستبووە هەڵەیەکی گەورەیە. هەر وەک چۆن بێگوناه نیشاندانی دونیای دوای ڕاپەڕینیش هەر هەڵەیەکی گەورەیە.

ئەو شەوقە گەورەیە بۆ کۆچ و بینینی دونیا کە لەدوای ڕاپەڕین سەرهەڵدەدات، لەو شەوقە دەچێت کە پاڵی بە ملیۆنەها هاووڵاتی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتەوە نا، لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین بڕژێنە ئەڵمانیای خۆرئاواوە. تینوێتی بۆ بینینی جیهان، دۆخێکە لەناو سیستمە داخراوەکاندا دروستدەبێت. بەعس جیهانێک دروستدەکات دیواری ئەستوور دەرەوەو ناوەوەی لەیەکدی جیادەکاتەوە. لەم سیستەمەدا سەفەر مۆنۆپۆڵی ئەوانەیە کە سەرانی ڕژێمن، هاووڵاتی ئاسایی گەر نەخۆشیش بێت دەبێت بە مەکرومەی سەرۆک بڕواتە دەرێ، لە ناویشەوە هەموو پەیوەندی بەستنێک بە بێگانەکانەوە قەدەغەیە، وێنەی بێگانە لە عێراقی بەعسدا دوو جەمسەرە، لەسەرێکەوە وێنەی ئەو زەحمەتکێشە میسری و سۆدانی و فلیپینیانەن کە بە بچوکتر و نزمتر لە مرۆڤی عێراقی تەماشادەکرێن و هیچ مافێکیان نییە، وێنەی دووەمیش ئەو بێگانەو ئەوروپیانەن کە هەریەکەیان ئەگەری سیخوڕێکی لەگەڵ خۆیدا پێیەو دەبێت بە چاوی گومان تەماشابکرێن، ئەو مەسەلەیەی ڕیشە ڕاستەقینەو ناماقووڵەکانی لە کێشەی «بازۆفت»دا ئاشکرابوو، واتە وێنەی بێگانە لە عێراقدا یان ئەوەیە کەسانێکی نزمن یان کەسانێکن شوێنی گومانن و نابێت لێیان نزیکبینەوە. ئەو کۆمەڵگا داخراوو ترسناکەی بەعس دروستیکرد، لەگەڵ خۆیدا ئەو بیرۆکەیەی پەروەردەکرد کە دەربازبوون لە عێراق دەربازبوونە لە دۆزەخ و لە دایکبوونەوەیەکی تازەیە.

لە ساڵانی هەشتادا بیرۆکەی سەفەر و دەرچوون لە عێراق هاوڕێی بیرۆکەی «هەڵهاتن بوو بەرەو بەهەشت». هەموو چوونە دەرەوەیەک لە عێراقی سەدام حوسەین لە کۆن و ئێستاشدا ، چوونە بۆ بەهەشت. بە مانایەکی تر ئەوەی ئەو زەمینە جێدەهێڵێت کە سەدام حوسەین حوکمیدەکات یەکسەر دەکەوێتە بەهەشتەوە. لە جۆرە واقیعێکی وادا ئیشکردن بۆ کۆچ وەک ئیشکردن وایە بۆ بەهەشت. ئیشکردنێکە گەرم و گوڕی و شەیداییەکی ئایینی تیایە، کە ئەو هێزە ئەفسوناوییە دەداتە کۆچبەری کورد بتوانێت هەموو بەربەستەکان بشکێنێت. لێرەوە خودی سەفەر جۆرە خەباتێکە، جۆرە بەرهەڵستی و ڕازینەبوونێکە، ڕاستە لێرەدا وشەی خەبات وشەیەکی تەواو مەجازییە، بەڵام لە

ویژدانی کۆچبەری ئێمەدا شەرعییەت دەداتە ئەو بڕیارەی کە خۆی وەک خەباتگێڕێک نیشانبدات. سەدام حوسەین کۆمەڵگایەکی هێندە تاریک و داخراو دروستدەکات، دەرچوون لێی دەبێتە جۆرێک لە شۆڕش. خودی ئەم دۆخە وادەکات کۆچبەر بە ئاسانی و بە ویژدانێکی ڕەحەتەوە خۆی وەک خەباتگێڕ ببینێت.

دۆخی دووەم، خودی ئەو چیرۆکەی کۆچبەر لێرە بۆ پەناهەندەیی پێشکەشیدەکات، ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت خۆی وەک قوربانییەکی سیاسی بناسێنێت. ئەو چیرۆکەی یەکەمجار چیرۆکێکی خەیاڵییە، دواتر دەبێتە ئەو ڕاستییەی ژیان و پاشەڕۆژی کۆچبەری لەسەر بەندە، لێرەوە کۆچبەر بۆ بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو فشارە ویژدانییەی ئەگەری مانەوەی لە تاراوگە لاوازدەکەن، ناچارە کاراکتەری خۆی وەک خەباتکەرێک لەبەردەم خۆی و دەرەوەشدا تۆختربکاتەوە. لێرەدا خەباتگێڕی وێنەیەکە واقیعی تاراوگە دروستیدەکات... ئەفسانەیەکە کۆچبەر لە ڕابوردووی خۆی دایدەتاشێت تا ئەو بێسەنگی و یۆنفرسالییەتە بکوژێت کە باومان باسیاندەکات.. کۆچبەر دەبێتە خەباتگێڕ تا ئەوەی ونیکردووە وەدەستبهێنێتەوەو دەست بە ڕیشەکانی خۆیەوە بگرێت.

زۆر لە کۆچبەران، ئەگەرچی دڵنیان چالاکی سیاسییان لە خۆرئاوا، چالاکییەکی کەم بەهاو نمایشکارانەیە، بەڵام سوورن لە سەر درێژەدان بەو نمایشە، ئەمشێوازە لە خەبات، لە جەوهەردا جەنگێکە دژ بە غوربەت، کۆچبەر نایەوێت غوربەتی خۆی بسەلمێنێ، ناتوانێت دۆخی وجودییانەی کەسێکی غەریب بژی، لێرەوە بەردەوام ئەو فەزایە دروستدەکاتەوە کە دووبارە ژینگەی نیشتیمانی بۆ دەسازێنێتەوە.

## کۆچبەر لە پەیوەندیدا بە غوربەتی خۆیەوە

### کۆچبەرو ناپاکی لە نیگاکانی

کۆچبەری کورد وەک یەکێک لە غوربەتی خۆی ڕابکات

مەسەلەی کۆچ لە ڕووی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە ساتەوەختێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێمەیە. هیگڵ دەڵێت: «هەر کات هێزی یەکخستن لە ژیانی ئادەمییەکاندا نەما، ناکۆکییەکانیش پەیوەندییەکانی زیندەگی و کارتێکردنی بەرابەری قەرەبووکردەوەو خۆگەرایی سەرکەوت. لەو کاتەدا پێویستی سەرهەڵدانی فەلسەفە دێتەپێشێ» ساتەوەختی کۆچ لە دونیای ئێمەدا، ساتە وەختێکی لەو جۆرەیە.

کۆچ تەعبیرە لە دۆخێکی جیاوازی ناو مێژووی ئێمە، ئەو ساتەیە هێزی یەکخستن لە بونیادی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەگاتە لاوازترین پلەی خۆی. لەگەڵ کۆچدا شتێک سەرهەڵدەدا فەرد بە کۆمەڵگاکەیەوە نابەستێتەوە. لێرەوە هەمان ئەو ساتە وەختەشە کە مرۆڤی کورد پێویستی بە فەلسەفاندنی کێشەکانی هەیە. ئەوەی لە جۆرە ساتێکی وادا لە دایکدەبێت نیگایەکی ترە، نیگایەک پێشتر لە مێژووی ئێمەدا نەبووە. ئیدی بۆ یەکەمجار کۆمەڵگای ئێمە لە ڕێگای خۆیەوە دەتوانێت خۆی وەک غەریبێک تەماشابکات. بەشێک لە دیدەی خۆی دەڕواتە دەرێ و دەتوانێ وەک چۆن سەیری نامۆیەک دەکات سەیری خۆشی بکات. کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی بەدەگمەن ئەو دیدانەی بەرهەمهێناوە کە لە ناو قەوارە مێژووییەکەیدا ناتوێنەوەو دەتوانن بێن بەو بەشەی کۆمەڵگا کە وەک نامۆیەک سەیریدەکاتەوە. واتە گرنگ نییە من چۆن تەماشای خۆم دەکەم، گرنگ ئەوەیە چاوێکی ترم هەبێت چاوێکی نامۆ بۆ تەماشاکردنی خۆم، چاوێک کە بەشێکە لەمن و وەک «نامن» ڕەفتاردەکات. کۆمەڵگا هێندەی لە ڕێگای نیگای نامۆوە لە خۆی دەگات، لەڕێگای ئەو چاوانەوە لە خۆی ناگات لە ناویدا تواونەتەوەو تەبان لەگەڵیدا...هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە نامۆبوون هەیە لە

خۆی، ئەو کۆمەڵگایەی سەرتاپا تەباییە، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، چونکە ناتوانێت مەودایەکی ئەوتۆ لە خۆی وەرگرێت، توانای بینین و خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی خۆی بداتێ... چاوی کۆچبەر پرۆژەی لەدایکبوونی ئەوچاوە جیاوازەیە. لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کێشەی کۆچ و کێشەی نامۆبوون وەک پرسیارێکی فەلسەفی لە ناو یەکدا بتوێنمەوە، بەڵام مەبەستیشم نییە نامۆبوونی کۆچبەر وەک ئەگەری نامۆبوونێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی نیگانەکەم.

گومان نییە کە چەمکی نامۆبوون ڕۆژ دوای ڕۆژ دەبێتە چەمکێکی قووڵ و بنچینەیی لە پێکهاتی مرۆڤی ئێمەدا، بە ئەندازەیەک یەکێک لە ڕستە بەناوبانگەکانی برێختمان وەیادا دەهێنێتەوە کاتێک دەڵێت «تەماشای دۆخی ئەم خەڵکە کەن، گەر نامۆش نەبن هەر نامۆن». بەڵام تراژیدیای نامۆبونی مرۆڤی کوردی ئەوەیە، ئەم مرۆڤە لە بری تێڕامان لەو نامۆبوونە، وردبوونەوەی قووڵ لەدەرەنجامە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی، لە هەڵهاتنێکی بەردەوامدایە لە نامۆبوونی خۆی. بە ئەندازەیەک دەکرێت یاری بەو ڕستەیەی برێخت بکەین و بڵێین «لە دونیای ئێمەدا خەڵکی گەر نامۆش بن نامۆ نین». داننەنان بە غوربەتدا بەشێکی بنچینەیی سایکۆلۆژییەت و کولتووری ئێمەیە. لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە چاوی نامۆکان هەیە بۆ بینینی ئەو شتانەی زیاتر لە دۆخی کۆمەڵگامان نزیکدەکاتەوە.

کۆچبەر کەسێکە ساتی لە دایکبوونی توانایەکی کۆمەڵایەتی تر بەرجەستەدەکات. کەسێک نییە ئێرە بەجێبهێڵێت، بەڵکو ڕۆحێکە دروستدەبێت، لەگەڵ سەرهەڵدانیشیدا وزەیەکی شاردراوەی گەورە دەتەقێتەوە، لە ناکاو وەک ئەوەی سەدان ساڵ لە قووڵایی ئەو کۆمەڵگایەدا هێزێکی مەزن و خواستێکی گەورە بۆ جیابوونەوە بە نهێنی ژیابێت، وەک ئەوەی ئەم هێزە چەپێنرابێت و دەستێک خنکاندبێتی و لەناکاو هەموو ئەو ئارەزووانە دەرگایەکییان بۆ ئازادی دۆزیبێتەوەو توانیبێتیان لەو فشارە دێرینە دەربازبن و ئیدی هیچ شتێک نەتوانێت بەریان پێبگرێت... کۆچی ئێمە لە بەرەڵابوونی لێشاوێک دەچێت سەدان ساڵ پۆنگی خواردبێتەوە.

ئەم ئازادبوونە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک وزەو ویست و نیگای تازە دەهێنێت. ئەم ویست و وزەو نیگایانە سەرەتا ئەگەرێکی ناو ژیانی فیکری و ویژدانی ئێمەن، توانای دەرکەوتن و هاتنەقسەیان پابەندی توانای مەعریفییانەی ئێمەیە... گەورەترین وزەی کۆچبەر ئەو توانایەیەتی ئەو یەک ڕەنگییەی ناو هوشیارییمان بشکێنێت. کۆچ ئەزمونێکی گرنگە، چونکە پێش کۆچ چەمکی «غەریب ـ نامۆ» هەمیشە چەمکێکی دەرەکی بووە، غەریب کەسێکە سەر بە ئێمە نییە، سەر بە زمانی ئێمەو کولتووری ئێمەی نییە، بەڵام لەگەڵ کۆچبەردا ڕەنگێکی تر لە غەریب دروستدەبێت کە بەشێکە لە ئێمەو جیابۆتەوە، بەشێکە لە خۆت و بۆتە شتێکی دەرەکی و نەناسراو. ئەمە ئەو ساتەیە کە نامۆبوون وەک هێزێکی پۆزەتیڤ لە کاردایە. لەسەرێکەوە کۆچبەر دەشێت ئەو چاوەبێت کە بە گومانەوە سەیردەکات و ئەو سەیرکردنەشی دەگەێنێتە ئاستی دارشتنی تێگەیشتنێکی تر لە کۆمەڵگا خۆی... واتە هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە نامۆبوون هەیە لە خۆی، و خودی نامۆبوون بریتییە لە هێزی نەتوانەوە.

نامۆبوون لە کۆمەڵگا دیاردەیەکی پڕمەترسی نییە، وەک چۆن کەسی نامۆ خۆی کەسێکی پڕمەترسی نییە. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ کە پەیوەندی بە کۆی ئەو تێزەیەوە هەیە کە لەوەوبەر خستمەڕوو... ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگای ئێمە چۆن ئەو دوو فاقییە دادەپۆشێت، لەسەرێکەوە پێویستی بە بەشێک لە نامۆبوونی نامۆیان هەیە وەک لە بەشی «ئەفسونەکانی کۆچبەر»دا باسمکرد، لەسەرێکی تریشەوە ترسێکی بێئەندازەی لە نامۆبوون هەیە... کۆمەڵگای ئێمە چ جۆرە نامۆبونێکی قبووڵەو چی جۆرە نامۆبوونێک دەکوژێت؟... کۆچبەر چ نامۆبوونێک پێشکەش بە دونیای خۆی دەکات و چی جۆرە نامۆبوونێک دەشارێتەوە.

ئەگەر سەرەنجبدەین کۆمەڵگای ئێمە، ئەو بەشەی کۆچبەری قبووڵ نییە کە دیدێکی تری بۆ کۆمەڵگای خۆی هەیە. کۆمەڵگای ئێمە و لکەشوناسەکانی ناوی «لە حیزب و دەزگاو ئەکادیمییاکانەوە بیگرە تا ناو خێڵ و خێزان» پێویستییان بە چاوی کۆچبەر نییە، پێویستییان بە نیگاکانی نییە، نیگای کۆچبەری ڕاستەقینە کە بەدیدێکی ترەوە سەیردەکات، هەمیشە وێنەیەکی تر بۆ ئەو دونیایە دەکێشێت جیاواز لەو وێنەیەی خۆی لەسەری خەوتووە. ئەوان پێویستیان بە چاوێک نییە شتەکان تێکبدات، پێویستییان بە نیگایەکی پێکاسۆ ئاسا نییە «ڕوانگەکان» بشکێنێت، بەڵکو پێویستییان بەو سەرمایە ڕەمزییەی کۆچبەرە کەوەک هەموو شتێکی غەریب لە کولتووری ئێمەدا هێزی خۆی تەنیا لە ئامادەگییە ڕەمزییەکەیەوە وەردەگرێت، نەوەک لە جیاوازییە قووڵەکانییەوە.

کۆمەڵگای ئێمە کاتێک بوار بۆ کۆچبەرەکان دەکاتەوە برێک لە سیحری نامۆبوونی خۆیان بپارێزن لەبەرئەوەیە کە دەسەڵات لە کۆی لکە شوناسەکاندا، کۆچبەر وەک ساتێکی تەبایی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەوە پێشەوە، هەیبەتێکی دەداتێ کە لە کەسانی سادە جیایبکاتەوە تا بەشێوەیەکی تر وەک هێمای هێزو یەکانگیری خۆی بەرجەستەیبکات. قبووڵکردنەوەی کۆچبەر وەک نامۆیەک قبووڵکردنی ئەو ساتی لەیەکترازانە نییە کە هیگڵ وەک ساتێکی پێویست بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە بەگرنگی دەزانێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵدانی کوشتنی ئەو ساتەیە. ئەو نامۆبوونەی کۆمەڵگای ئێمە دواتر لە کۆچبەری قبووڵدەکات، هەر هەمان ئەو هەیبەت و سیحرەیە کە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە ناوەوەو بۆ خۆیی فەراهەمکردووە، ئەو نامۆبوونە نامۆبوونی ناتەبایی نییە لەگەڵ کۆمەڵگادا، بەڵکو نامۆبوونی دەسەڵاتێکی ڕەمزییە کە دەیەوێت ئەفسونی خۆی نەدۆڕێنێت و شوێنگەی کۆمەڵایەتی خۆی بەهێزبکات. کاتێک مامۆستایەک یان سیاسەتمەدارێک دەگەڕێتەوەو لەناکاو بەسەر هەموو پلەوپایە کۆمەڵایەتیەکاندا سەردەکەوێت و بە خێرایییەکی سیحری دەچێتە سەرێ، پلەوپایەی تازەی کۆمەڵایەتیشی دەبێتە درێژکراوەی ئەو هێزە ڕەمزییەی لە خۆرئاواوە هێناویەتییەوە، لەجۆرە دۆخێکی وادا کۆچبەر ئەو ساتە نییە کە نایەکانگیری کۆمەڵایەتی نیشاندەداتەوە، بەڵکو ئەو ساتەیە کە ئەوە دەردەخات ڕۆڵەکانی نەتەوە لەهەر شوێنێک بن و بووبێتن و ببن ، نامۆ نین و «بەشێکن لە میللەتەکەیان». ئەمجۆرە پەخشانە ناسیونالیستییە کە پێموایە ڕۆژنامەو گۆڤاری ئێمە نییە لێی بێبەش بێت. پەخشانێکی ڕۆژانەیە کە تەعبیر لە «یەکێتییەکی یۆنیڤەرسالی و گەردونگەراییانەی کورد دەکات» کە لەهەر ئان و زەمانێکدا بێت هەمیشە بەشێکە لە نەتەوە. لە عورفی ئەم جۆرە ستراتیژیەتەشدا بوون بەبەش لەنەتەوە، واتە تەبابوون لەگەڵیدا نەوەک نامۆبوون لێی، لە عورفی ئەم تێگەیشتنەدا ناکرێت مرۆڤ سەر بەنەتەوەبیت و بەئاشکراش نامۆبوونی خۆی ڕابگەێنێت. ناکرێت بڵێیت من کوردم و بەڵام نامۆبوونی قووڵی خۆت لەو کوردبوونە باڵادەستەی ئەمڕۆش ئاشکرابکەیت، بڵێیت من هەموو ڕەنجم دڵسۆزییە بۆ نیشتیمان، بەڵام تاسەر ئێسقان ناتەباشم لەگەڵ ئەو دۆخەدا کە نیشتیمانی تیادەژی. ئەمە لە کاتێکدا نامۆکان نەوەک هەر بەشێکن لە میللەت و خەڵک، بەڵکو گرنگترین و جوانترین بەشیشن. ئەوەی من لە کۆچدا ستایشیدەکەم، ئەو جۆرە لە کۆچبەر نییە جانتاکەی دەدات بە شانیداو وڵاتەکەی خۆی دەگوازێتەوەو لەوە بترازێت کێشەیەکی وجودی لەگەڵ غوربەتدا نییە، بەڵکو ئەو کۆچبەرەیە کە کۆچی ئاوێنەی دابەشبوونی هوشیاری کۆمەڵایەتی و دروستبوونی جۆرە کەرتبوونێکی پێویستی هۆشمەندییە کە خۆی لە هەموو پێوەندەکانی هوشیاری تەقلیدی ئازادکردووە.

دواتر بەدرێژیی دەگەڕێمەوە سەر پەیوەندی نێوان کۆچ و ناسیونالیزم، لێرەدا ئەوەندە هەیە کۆچبەر کەدەگەڕێتەوە وەک نیگاو تێفکرین و ڕامان و بیرکردنەوە قبووڵ نییە، بەڵکو وەک بەشێک لە ڕەهەندە ڕەمزییەکانی دەسەڵات قبووڵە. کۆچبەر کەدەگەڕێتەوە نامۆبوونی نامۆکان ناژی، نامۆبوونی حوکمداران دەژی، لێرەوە هەڵپەیەکی گەورەی دەسەڵات دەست پێدەکات، دەسەڵات بە هەموو شێوەکانییەوە سیاسی و ناسیاسی. هەڵپەیەکی گەورەی داگیرکردنی پۆستە ئیداری و سیاسی و

ئەکادیمییەکان دەستپێدەکات. لێرەدا نامەوێت دەرگا لەسەر کاری ئەوانە داخەم کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا تیشکی بهاومەسەر ئەوەیە هەموو کۆچبەرێکی گەڕاوە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێت وەک دژێک، وەک جیاوازێک، وەک شتێکی دی خۆی دەرنەخات. کۆچبەری ئێمە دەبێت لەو وێستگەیەی نامۆبوون دەرچێت کە تەعبیر لە نایەکانگیری ئەو و کۆمەڵگا دەکات. دەبێت هەموو شتە تایبەتییەکانی خۆی لەو دیو سنوورەوە دانێت ئەوسا خۆی بکاتەوە بە نیشتیماندا. دەبێت ببێتەوە بەبەشێک لە سیستمێکی ئاسایی و لە ناو ئەو سیستمەدا بۆ بونیادنانی نامۆبوونێکی دیکە بگەڕێت... دەبێت ببێتەوە بەبەشێک لە یەکانگیرییەکی گشتیترو گەورەتر... جیاوازی ئەو دەبێت لە جیاوازی دەسەڵاتداران بچێت لە کۆمەڵگا، نەوەک لە جیاوازی شاعیران. ئەو دەبێت دەستبەرداری هەموو نامۆبوونە ستراتیژییەکانی خۆی بێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ دەسەڵاتدارانی بسەلمێنێت کە ئەو گەر جیاوازییەکی هەبێت، جیاوازی ڕۆح و ویژدان و جیهانبینی نییە، ئەگەر ناڕەحەتییەکی هەبێت ئەوا ناڕەحەتی نەگونجان و ناتەبایی و بێجێگایی نییە، بەڵکو جیاوازی ئەو جیاوازییە لە خەڵکانێکی سادە کە دەبێت لە شوێنێکدا بکرێتە فەرمانبەر و فەرمانڕەوا ئەو دوورییەی بۆ بپارێزێت و بە خەڵکانی دی تێکەڵینەکاتەوە.

نیگای کۆچبەری ئێمە ناگاتە پلەی نیگایەکی فەلسەفیانە، بە پێچەوانەوە غوربەت شاعیرو فەیلەسوفەکانی ناوەوەمان دەکوژێت. نەوەک لەبەرئەوەی لە تاراوگە کار زۆردەکەین و سەر بیرکردنەوەو تێرامانمان ناپەرژێت، بەڵکو لەبەرئەوەی نامانەوێت نامۆبین. گەورەترین تراژیدیای کۆچبەرانی ئێمە ئەوەیە کە لە شەرێکی گەورەدایین لەگەڵ نامۆبوونی خۆماندا...لە کاتێکدا نامۆبوون هێزو هونەرە. بە ئەندازەیەک مرۆڤ قسەیەکی سیگمۆند فرۆیدی دێتەوە خەیاڵ کە دەڵێت «نامۆکان پتر شوێنی بڕوان».

دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن نامۆبوون وەک هێزو هونەر بژین. کۆچبەریی دەرفەتێکی گەورەیە بۆ بوون بە شاعیرو دیدەوان «رائی»، بەو مەرجەی غوربەتی خۆمان وەک ئیرادە تاقیبکەینەوە، وەک جەنگاوەر لەگەڵیدا بژین و لەگەڵیدا بگەڕێینەوە، وەک دژ لە ناوەڕاستی تەباییەکاندا بوەستین. کۆچبەر کەسێکە هەنگاوێکی بەرەو غوربەتی خۆی ناوە، هەنگاوێک لە خۆی دڵنیا نییەو هەر خێرا دەلەرزێت و نوشووستی دەهێنێت و دەکەوێتە هەڵهاتن لە نامۆبوونی خۆی... کۆچبەری ئێمە ئەگەر دووریی فیزیکی لە نیشتیمانەوە قبووڵبکات، ئەوا کارلێکە ڕۆحییەکانی غوربەت و پچڕان و لە هەوادامانەوەی لەلا ئاسایی نییە... لە کاتێکدا نامۆ تەنیا ئەو کەسە نییە کە بەزۆر لە ڕیشەکانی خۆی دادەبڕێت، بەڵکو ئەوەشە کە دەتوانێت ئازادانە لەو ڕیشانە جیاببێتەوە. کۆچبەرانی ئێمە ئەمڕۆ وەک یەکێک دەگەڕێنەوە کە کۆمەڵگا لێبوردنی بۆیان دەرکردووە، یان وەک یەکێک بۆ وەرگرتنی ستایش و خەڵاتێک گەڕاوەتەوە، لە کاتێکدا نامۆی ڕاستەقینە، ئەو نامۆیەی کە نایەکانگیری دونیای ئێمە نیشاندەداتەوە، دەبێت وەک دژ و ناتەبایی و جیاوازیی بگەڕێتەوە.

نامۆی ڕاستەقینە کەسێکە دروشمی ئەوەیە «شەڕ لەگەڵ غوربەتی خۆتدا مەکە».

غوربەت لە ناوەوە بێت یان لەدەرەوە، ڕۆحێکی ناتەبای ناو کۆمەڵگابێت، یان گیانی کۆچبەرێک بێت کە لە نیشتیماندا ئارامناگرێت لەتەک خۆیدا نیگایەک دەهێنێت، جۆرە سەیرکردنێک دەهێنێت کە مەرجی سەرەکی گەشەی ژیان و نوێبوونەوەیە.

ئەدەبیاتی ئێمە لە نالییەوە تائەمڕۆ لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی تراژیدیی بۆ غوربەت دەژی. ئەم وێنە تراژیدییە بە کۆی ئەدەبیاتی ئێمەدا چۆتەخوار، سەیرکردنی «نامۆیی وەک هێز» نامۆیە بە دونیای ئێمە... سەیرکردنی نامۆبوون وەک نەفرەت، وەک کەساسی، وەک ئەو دۆخەی کە مرۆڤ تیایدا دەبێت بگری، هونەرو ئەدەبیاتی کوردی داپۆشیوە. ڕوبەری گەورەی ئەم ئەدەبە لەسەر سکاڵاکردن لە نامۆبوون دروستبووە. لە حاجی قادرەوە وێنەی غەریبی ئێمە، وێنەی مات و مەلولی و حەیرانییە،

غەریبی ئێمە کەسێکە سەراپا عەردی لێبووە بە زیندان. ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێمە بە توندی ئەو وێنە دوژمنکارو نێگەتیڤەی نامۆبوون بڵاودەکاتەوە. نامۆبوون لای من بەر لەوەی جۆرێک بێت لە ئازاری دابڕان لە شوێن، بریتییە لە جۆرێک لە ناتەبایی و نەگونجان لەگەڵ کۆمەڵگاو واقیعدا. کۆچ ئەگەر ئاوێنەی تێکچوونی پەیوەندییەک نەبێت بە واقیعەوە دیاردەیەکە شایستەی ئاوڕلێدانەوە نییە، گەڕانەوەش گەر نیشاندەرەوەی ئیرادەی ئەو نامۆبوونە نەبێت، دیاردەیەکە شایستەی لێکۆڵینەوە نییە. بەڵام مێژووی کۆچبەری ئێمە مێژووی حاشاکردنێتی لە نامۆبوونی خۆی... حاشاکردنێتی لە نیگاکانی.

## کۆچبەر وەک بوونەوەرێکی ڕەمزی

## کۆچبەری کورد وەک یەکێک کە ڕەهەندە ڕەمزییەکانی خۆی نابینێت

هۆرکهایمەر لە جێگایەکدا دەنوسێت «تا بڕوا بە ئازادی مرۆڤان بەهێزتربێت، ئارەزووکردنی قوربانی کەمتر دەبێت» «٩». بە مانایەکی تر مرۆڤ تا بڕوای بە ئازادی سەرتاسەری مرۆڤ گەورەتر بێت کەمتر دەستی دەچێتە خوێنی قوربانییەکانەوە، واتە وەک هۆرکهایمەر دەڵێت شاڕەگی خراپەکانی مرۆڤ پابەندی نەبوونی قەناعەتە بە بەختەوەریی کۆیی ئینسانەکان. گومان نییە کە کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان گەڕانە بەدوای بەختەوەریدا، لە بڕوایەکی قووڵیشەوە هاتووە کە ئەو بەختەوەرییە لێرە نییە. کۆچبەر بە مانایەک لە ماناکان ئەگەری بڕوایەکی تایبەتی هەڵگرتووەو تۆوی هیوایەکی گەورەی پێیە، تۆوی کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەی کراوەتر. کۆمەڵگایەکی کراوە بۆ بەختەوەری کۆی مرۆڤەکان. خودی کۆچ جەختکردنە بەو ئاڕاستەیەی کە بەختەوەری و خۆشی و جوانی موڵکی یەک کۆمەڵگاو یەک خەڵک نین. کۆچبەر ئەو کۆمەڵگایانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە کۆچیان بۆدەکات. پرسیارەکەش ئەوەیە «ئایا هیچ کۆمەڵگایەک هەیە باوەڕی بە بەختەوەری کۆیی ئینسان بێت؟» ئایا کۆمەڵگایەک هەیە «بەختەوەری خۆی بەشبکات»؟. دیارە وەک هۆرکهایمەر دەڵێت کۆچبەر ئەگەر پێیخستە سەر هەر زەمینێک ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خانەخوێکان دەکاتەوە «ئایا بڕوای ئێوە بە ئازادی و بەختیاریی کۆیی و دەستەجەمعی مرۆڤایەتی چەند بەهێزە؟» ئەگەر باوەڕیشتان بەوە نییە مرۆڤ لەسەر زەوی کەسانی تر بۆ بەختیاری بگەڕێت، « ئارەزووتان بۆ سازدانی قوربانی و دروستکردنی چەند بەهێزە ؟» واتە تا چەند ڕێبوارو غەریبەو هەڵهاتووەکان دەکەنە ئامانج و نیشانەی ڕق وکینەتان؟.

لێرەدا مەبەستم نییە زۆر لەسەر پەیوەندی کۆچبەری ئێمە بە خۆرئاواوە بوەستم، بەڵکو مەبەستمە ئاماژە بە ڕەهەندێکی ڕەمزی لە کۆچبەردا بدەم کە بەشێکی وجودی گرنگی بوونی کۆچبەرە. لە گۆشەنیگایەکەوە تەماشایبکەین کۆچبەر کەسێکی خۆپەرستە. لە کۆمەڵەکەی هەڵدێت، لەسەر خاکی خەڵکی تر بۆ کامەرانی دەگەڕێت، پشتدەکاتە ئازاری هەندێک و دەیەوێت لە خۆشیەکاندا هاوبەشی هەندێکی تر بکات. ئەم خوێندنەوەیە کە تاڕادەیەک خوێندنەوەیەکی باوە، تەماشاکردنێکی ئایینی و ئەخلاقییە بۆ کۆچ، بێئەوەی بتوانێت بچێتە سەر ماناکانی... کۆچبەری ئێمە چەندە فەردێکە بۆ ئازادی خۆی و کامەرانی خۆی دەگەڕێت «هەڵبەت لە دیدی مندا دواتر خیانەت لە هەردووکیان دەکات»، هێندەش بوونەوەرێکی ڕەمزییە. بوونی جۆرە ماناو دەلالەتێکی تر دەدات بە دونیای ئەمڕۆ.

کۆچبەر لە زۆربەی هەرە زۆری بارودۆخەکاندا وەک کەسێکی ئەبستراکت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دۆخە فەردییەکانی کۆچبەر و سیفەتە تاکگەراکانی بایەخێکی ئەوتۆیان نییە... ئەو هەمیشە بە پێی زمانی ڕۆژانەی خەڵک «کەسێکە دەچێت بۆ خارج» یان «لە خارجە». لە دەرەوەی وڵاتیش «بیانییە»یە. هەموو ئەم جۆرە وەسفانە کورتکردنەوەی کاراکتەری کۆچبەرە بۆ ئاستی زۆر

ئەبستراکت و زەمینە خۆشکردنە بۆ دابەزاندنی کۆمەڵێک حوکمی پێشوەخت. کۆچبەر بەهەرجێگایەکدا دەڕوات لەناو کۆمەڵێک کلێشەو قاڵبدایە. زاڵبوونی ئەم چەمکە ئەبستراکتە لە مامەڵەکردندا لەگەڵ کۆچبەردا بەهانەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی بەدیوێکی دیکەدا بەدوای ڕەهەندە ڕەمزیەکانیدا بگەڕێین. ئەگەر نیگای کۆمەڵایەتی بۆ کەسی نامۆ بەجۆرێک لە جۆرەکان هەمیشە لێوان لێوە لە حوکمی ئەفسانەیی، ئەگەر زەینی کۆمەڵایەتی سەرشارە بە وێنەی کلێشەیی بۆ کەسی کۆچبەر، ئەوا لە خوێندنەوەماندا بۆ کەسی نامۆ دەکەوین بەسەر سیستمتکی تر لە ماناو دەلالەتدا. جۆرج زیمل لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی نامۆ، کەسەرەتای هەوڵە سۆسۆلۆگییە نوێکانە بۆ نزیکبوونەوە لە کەسی «غەریب». پێیوایە «بابەتگەرایی» بەشێکی گرنگی کاراکتەری نامۆکانە. بابەتگەرایی لەلای زیمل «تەنیا دووری و ناهاوبەشی ناگەیێنێت، بەڵکو پێکهاتێکی تایبەتییە لە دووری و نزیکی، کەمتەرخەمی و بایەخدان»«١٠». بابەتگەرایی لەلای زیمیل پشتهەڵکردن نییە لە تێکەڵبوون و بەشداری، بەڵکو شێوەیەکی «زۆر پۆزەتیڤی بەشداریکردنە و لای زیمیل هاوشانی ئازادییە. «مرۆڤ دەتوانێت بابەتگەرایی وەک ئازادی تەماشابکات، کەسی بابەتگەرا بە هیچ پەیوەستێکی توندەوە گرێنەدراوە»«١١» ئەم نیگاکردنەی زیمل بۆ نامۆ وەک کەسێک کە دەتوانێت خۆی لە حوکمی پێشوەخت بپارێزێت. دیاردەکان باشترو ڕوونتر ببینێت، لە حوکمەکانیدا هەواوهەوەسی تایبەتی نەخاتەکار، وادەکات زیمیل وەک کەسێکی ئازاد تەماشایبکات. بە مانایەک لە ماناکان کەسی نامۆ هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزی گەورەیە کە ئاماژە بۆ شکانی هەموو نیگا تایبەتی و حوکمە خۆبەخۆکانی کۆمەڵگا دەکات. بە جۆرێک لە جۆرەکان نامۆبوون دەروازەیەکی گرنگی لەدایکبوونی تێگەیشتنێکی دروستە بۆ دیاردەکان... واتە ترس لە نامۆ ترسە لە تێگەیشتن. نامۆ دەتوانێت ڕوونتر ببینێت، چونکە ئەو کەسێکە لەدەرەوە تەماشادەکات و ئەوەشی لە دەرەوە تەماشادەکات ڕوونتر لەو کەسە دەبینێت کە لە ناوەوە تەماشادەکات. ئەو بە حوکمی ئەوەی لەدەرەوە هاتووە گومان لەو شتانەدەکات کە لە ناوەوەی گروپدا وەک بەڵگەنەویست وەردەگیرێن. «١٢»

چ ئێمەو چ خۆرئاوا لە ترسماندا دەرهەق بە غەریبان هاوبەشین. نامۆ تەنیا خۆی ناخاتە بەر تاقیکردنەوە، بەڵکو هەموو دونیا دەخاتە بەر تاقیکردنەوەوە. نامۆ کەسێکە بەدوای بەختەوەرییەکی سەرتاسەری و جیهانیدا دەگەڕێت، بەختیارییەک سنووری نەتەوەکان ببڕێت و هەمووان تیا بەشداربن، واتە هێزێکە پاڵ بە کۆمەڵگا ئینسانییەکانەوە دەنێت ئارەزویان بۆ نێچیر کەمتر و باوەڕیان بە بەختیاری لە سنووری نەتەوەدا نەوەستێت. وە هەروەها وەک یەکێکی بابەتگەرا کە دەتوانێت توتی هیچ سیستەمێک نەبێت و چاوێکی تری هەبێت کە کۆمەڵگا پەروەردەی نەکردووەو نیگایەکی هێشتا دەستەمۆنەکراوە. کاراکتەری کۆچبەر لەو ڕەهەندانەوە دروستدەبێت.
کۆچبەری لەگەڵ خۆیدا سەرەتای لە دایکبوونی کاراکتەرێکی مرۆڤانەی تازەیە...ئەگەر خۆی لەو کاراکتەرە تێنەگەیشت ناتوانێت ببێتە کۆچبەر. کۆچبەر گەر نەگەیشتە پلەی پرس لە سیستمی ئەمڕۆی دونیاو لەسیستمی کۆمەڵگای خۆی، ئەوا لەهەر جێگایەکی دیکەی دونیادا بێت هێشتا هەر لە ماڵی خۆیایەتی.
بە مانایەک لە ماناکان وەک چۆن کۆچ خۆی بیرۆکەو هیوایە، هەمان شێوە کۆچبەریش کۆمەڵێک دەلالەتە. ئێمە کە قسە لە کەسی کۆچبەر دەکەین قسە لە هەندێ مانادەکەین، بەبێ ئەو وێنەو مانایانە کۆچبەر بوونی نییە. کۆچبەر نرخێکی ڕەمزی هەیە، ئاماژەیە بۆ شتێک کە پەیوەستێکی قووڵی بەو هاوکێشە قووڵەوە هەیە کە دوورو نزیکی مرۆڤەکان لەیەکتر دەستنیشاندەکات.

پرسیای سەرەکی لێردا ئەوەیە «ئایا مرۆڤی ئێمە تا چەند دەتوانێت وەک نامۆیەک ، وەک غەریبەیەکی ڕاستەقینە بژی؟» واتە«تاچەند دەتوانێت لە مانا ڕەمزیەکانی کۆچ نزیک ببێتەوەو ببێتە کەسێکی ئازادو بابەتگەرا؟» ببێتە یەکێک دەتوانێت هەوڵبدات نە بەحوکمی پێشوەخت و نە بەبڕیارو وێنەی پێش خۆی حوکمی بەسەردا بدرێت، نەئەویش بە حوکمی پێش وەخت و بڕیاری کەسانی پێش

خۆی حوکمدەدات. بەمانایەکی تر هێزی گەورەی کۆچبەر تەنیا لەوەدا نییە کە خۆی دەبێت بابەتگەرا «ئۆبێکتیڤ» بێت، بەڵکو لەوەشدایە کە کۆمەڵگاکان ناچار بکات ئۆبێکتیڤ بن.

زۆربەی هەرە زۆری کۆچبەرانی ئێمە ژیانی کۆچبەر دەژین، بەڵام هوشیاریان بە مانای کۆچ و مانا ڕەمزییەکانی بوونی خۆیان نییە. مرۆڤ دەبێت سەرەتا باوەڕ بە نامۆبوونی خۆی بهێنێت تابتوانێت دواتر لەسەر ماناکانی ئیشبکات، بەڵام کۆچبەری کورد لە هەڵهاتنێکی گەورەدایە لە نامۆبوونی خۆی، لێرەوە ناتوانێت بزانێت چی ئەگەرێکی شاردراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کۆچبەری ئێمە ئاوێنەیەکی پێیە کە تەماشایدەکات هێشتا وێنە کۆنەکانی خۆی دەبینێت، کەسێکە لە ڕێگای ئەلبوومە کۆنەکانەوە دۆخی ئێستای هەڵدەسەنگێنێت، نایەوێت سەیری نیگاری نامۆی خۆی بکات. لێرەوە نە پەیامی کەسانی غەریبی بۆ کۆمەڵگای کوردی پێیە، نە پەیامی ئەو کەسانەشی بۆ جیهان پێیە. دونیای ڕاستەقینەی کۆچبەر نامۆبوونە، کە پشتی کردە نامۆبوون دەکەوێتە دونیایەکی دەستکردو درۆزنەوە.

ئەرنست بلۆخ ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت «بیرکردنەوە بریتییە لە تێپەڕاندن» یان دەکرێت بە «بیرکردنەوە بریتییە لە سنووربەزاندن» وەربیگێڕینە سەر کوردی تامانەکەی پتر بەرجەستە بێت، ئەم ڕستەیەی بلۆخ سەرچاوەی لە ڕستەیەکی زیمیلەوە وەرگرتووە کە پێیوایە «ژیان « تێپەڕاندنێکی بەردەوام خۆیەتی، واتە ژیان بریتییە لەبەزاندنی بەردەوامی سنووری ژیان خۆی.«١٣». تا کۆچبەر نەتوانێت ڕەهەندە ڕەمزییەکانی بوونی خۆی ببینێت ناتوانێت دۆخی جارانی خۆی تێپەڕێنێت. هێزێکی گەورە هەیە نایەوێت کۆچبەر خۆی تێبپەڕێنێت، هێزێکە دەیبەستێتەوە بە وێستگەیەکی دیاریکراوەوە بە فەزایەکی دیاریکراوەوەو بە شوێنەوە کە وەک بازنەیەکی ئەبەدی تەماشادەکرێت. لێرەوە لە کەسێکەوە کە خواستی دروستکردنی هەواداری و لایەنگری تازەیە دەیگێڕێتەوە سەر مانا کۆن و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی.

## کۆچبەر و سیستم

### کۆچبەری کورد وەک یەکێک کە یاری لەسەر شوناسەکان دەکات

.جۆرج زیمیل لەیەکێ لە ڕستە زۆر بەناوبانگەکانیدا دەڵێت «ڕێبوار ئەو کەسەیە کە ئەمڕۆ دێت و بەیانی دەڕوات». بە پێچەوانەی نامۆوە کە «ئەمڕۆ دێت و سبەی دەمێنێتەوە» «١٤»

برێختیش لە ساڵی ١٩٣٩ لە یەکێ لە قەسیدەکانیدا دەڵێت:

« هیچ بزمارێک بە دیوارەکەدا دامەکوتە
جلەکەت بدە بەسەر کورسییەکەدا
بۆ چوار ڕۆژ مشوری چی دەخۆیت؟
تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە».

گەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەم قەسیدەیەی برێخت و بۆچوونەکەی زیملدا زۆر شتمان بۆ ڕووندەبێتەوە... ئەوەی برێخت باسیدەکات «ڕێبوارە» یان دروستتر ئەوەیە «کەسێکە خۆی بە ڕێبوار دەزانێت»، لە کاتێکدا نامۆ کەسێکە دەمێنێتەوەو لە غوربەتدا مشور لە پاشەڕۆژی دەخوات.

ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕێبواردا وەک پیاوێک کە بۆماوەیەکی کەم دێت و دەڕوات، لە هاوکێشەی غووربەتدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. واتە ئەوەی دێت و دەڕوات وێنەیەکی هەیە، ئەوەی دێت و دەمێنێتەوە وێنەیەکی دیکەی هەیە، لێرەوە هەر یەکێک لەم دوو بوونەوەرە دوو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شوێن و لەسەر پەیوەندیی بە مرۆڤەکانی دییەوە هەیە. ئەوەی دێت و دەڕوات پەیوەندی بە کۆمەڵگاکەی خۆیەوە هەمیشە زیندووە، یاخود بڵێین لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا سەر بە

کۆمەڵگای یەکەمەوە نەبۆتە کەسێکی «جووت کۆمەڵ». یان دوو لانە واتە کەسێک ئینتیمای بۆ دوو جۆر کەشی کۆمەڵایەتی جیاواز نییە.

کێشەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کۆچبەری کورد ئەوەیە لەسەر سێ ئاستدا وەک ڕێبوار یان«کۆچەر»، نەوەک وەک غەریب یان «کۆچبەر» واتە وەک میوان تەماشادەکات و تەماشادەکرێت.
ئاستی یەکەم: ئاستی ئەو کۆمەڵگانەیە کە تیا دەژی. ئاستی دووەم: ئاستی نیگاو چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆیەتی. ئاستی سێهەم ئاستی خەون و پرۆژەکانی کۆچبەری کورد خۆیەتی بۆ ژیانی خۆی. ئەو کۆمەڵگایانەی کورد لە خۆرئاوا بەسەریاندا دابەشبووە، ئەگەرچی کراوەترین کۆمەڵگای سەر زەمینن، بەلام بیرۆکەی مانەوەی هەتاهەتایی بەشێکی زۆری کۆچبەرانی کورد بیرۆکەیەکی قورس و بێ پاشەڕۆژە. ئەم دیوەیان قسەی زۆر لەسەر کراوەو زۆریش قسەی لەسەر دەکرێت و ڕووی سادەو ڕاستەوخۆی دیاردەی کۆچیش دروستدەکات. لێرەوە پرسیاری گەورەی ئەم وتارە ئەو ویست و نیگارە کۆمەلایەتیەیە کە لەلای ئێمەوە دروستدەبێت و دەیەوێت کۆچبەر لەسەر زەمینەکانی تر میوان بێت، نەبێتە بەشێک لە پێکهاتی ئەو کۆمەڵگایانەو ئینتیمای خۆی دابەشنەکات.

باومان دەڵێت «نامۆ ئەو ئیقاعەی لە نێوان دووری فیزیکی و دەروونیدا هەیە تێکدەدات، ئەو لە ڕووی فیزیکییەوە نزیکە، بەلام لە ڕووی ڕۆحییەوە دوور دەمێنێتەوە» ئەمە ئەو دۆخە پێچەوانەیەیە کە کۆچبەر تێیدەکەوێت لە ڕووی جەستەییەوە لە شوێنێکەو لە ڕووی ڕۆحییەوە لە شوێنێکی تر. کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت ڕۆحمان هەمیشە بۆ ئەو بێت، لێرەوە هەموو ئاماژەیەک بۆ توانەوەو تێکەڵبوون لەگەڵ دونیاکانی تردا ئاماژەی ترسناکن. دروستکردنی ئەو فاسیلە هەمیشەییە وادەکات نەچەسپان، ڕاگوزەربوون، بێئاگایی و کەمخەمی لە کێشەی ئەو کۆمەڵگایانەی ئێمە تیادەژین لە بەرزترین ئاستدا بێت. دروستنەبوونی هیچ پردێکی ڕۆحی لە نێوان ئێمەو ئەو دونیایانەدا کە تیا دەژین، خولقێنەرێکی گەورەی دۆخی میوانە.

میوان کەسێکە کێشەکانی ماڵی خانەخوێکەی بە کێشەی خۆی نازانێت، ئەو بەردەوام خۆی وەک کەسێک نیشاندەدات کە ئەمرۆ هاتووەو بەیانی دەڕوات. ئەم ڕۆحییەتی میوانەی کۆچبەری کورد لەگەڵیدا دەژی، وادەکات وەک پێشتر ئاماژەم بۆکرد بەردەوام بۆ شوناسەکانی ڕابوردووی بگەڕێتەوەو هەموو ئەو ژینگەیە سازبکاتەوە کە لەوڵات هەیبووە، بەلام بەوەشدا کۆچبەری کورد لە پەیوەندیدایە بە وڵاتەوەو لە هاتوچۆیەکی بەردەوامدایە، ناچارە بەرابەر ئەویش جۆرە شوناسێکی دیکە وەرگرێت و جۆرە گەمەیەکی تر بکات.

بۆ زیاتر ڕامان لەم دۆخە دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێزە سەرەکییەی باومان دەربارەی پەیوەندی لە نێوان کەسی غەریب و ڕێکخستندا. بە بۆچوونی باومان خەسڵەتی سەرەکی مۆدێرنە «ڕێکخستنە»، واتە بەخشینی سیستمێکی دابەشکردنی ئاشکراو ڕوونە بە شتەکان، سیستمێک هەر شتەو شوێنی خۆی لە ڕێکخستنێکی تایبەتدا داگیردەکات. وەک لەسەرەوە ئاماژەمپێدا بە ڕای باومان کەسی «نامۆ» لە جەوهەردا لە دابەشکردنە ڕوکەش و سادەکەدا جێگای نابێتەوە. کە دابەشکردنە بۆ دۆست و دوژمن. لێرەوە نامۆ ناڕەحەتییەک و نائاسوودەییەکی گەورە لە دەوری خۆی بڵاودەکاتەوە. چونکە بڕیاری لەسەر نادرێت و قسەی کۆتایی لەسەر ناکرێت. واتە ناکەوێتە ناو سیستمەوە. لێرەوەیە دۆخی وجودییانەی کەسی نامۆو ئەو لۆژیکەی مۆدێرنەی لەسەر دروستبووە، دژی یەک دەوەستن. واتە گەر وردتر قسەبکەین لە نێوان «کرۆکی مۆدێرنە» و «کاراکتەری کەسی غەریب»دا ناتەبایی و دژایەتی هەیە. باومان خۆی دەڵێت «ئەوەی بڕیاری لەسەر نادرێت« لێرەدا باومان مەبەستی کەسی غەریبە کە بڕیاری لەسەر نادرێت ئایا دۆستە یان دوژمن. ب.ع» هەموو ئەو شتانەن کە نە ئەمەن و نەئەوەشن،

ئەمە بەومانایەیە کە ئەمەن و ئەوەشەن...لەبەرئەوەی هیچ نین، دەکرێت هەموو شتێک بن. ئەوان کۆتاییەک بۆ هێزی ڕێکخستنی شتە ناکۆکەکان دادەنێن، ئەوەی «بڕیاری لەسەر نادرێت» ئەگەری ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ شتە ناکۆکەکاندا ئیفلیجدەکات... ئەوەی لەدەرەوەیە دەیهێنێتە ناوەوە، بە گومانی ناڕێکی پشووی ڕێکی ژەهراویدەکات. نامۆکان ئاوەها دەکەن» «١٥ »

باومان پتر ئەو ڕەهەندە شیدەکاتەوە کە تایبەتە بە نیگای دەرەوە بەرابەر کەسی غەریب. واتە شوێنی غەریب لەناو کۆی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا تەماشادەکات. ئەوەی گرنگە لە کێشەی کەسی نامۆ خۆشی تێبگەین. کێشەی غەریبی کورد ئەوەیە کە لەسەرێکەوە دۆخی وجودی خۆی وەک کەسێکی نامۆ دەیخاتە ناو هەموو ئەو هاوکێشانەوە کە باومان باسیدەکات. واتە دەکەوێتە ئەو جیهانەوە کە کاراکتەری لێدەسێنێتەوەو دەیکاتە نەناسراوێک کە دەکرێت هەموو شتێکی لێدروستبکرێت و ببێت بە بابەتی فەنتازیایەکی ڕاسیستیانە، بەڵام جگە لەم زەوتکردنانە، کۆچبەری کورد بە مەبەستێکی تەواو جیاواز ئەو دۆخی بێشوناس و بێئاڕاستەیی و ڕێگاونییەیە خێراتر و بەهێزتر دەکات.

کۆچبەری کورد دەبێتە میوانی هەموو جیهانەکان، واتە لەبری ببێتە خاوەنی دوو ئینتیما بۆ دوو جیهان، لەهەردوو جیهانەکەدا وەک کەسێک ڕەفتاردەکات کە کەم و زۆر شتە گرنگەکانی ئەم دوو دنیایە پەیوەندییان بەوەوە نییە. کۆچبەری کورد ستراتیژێکی سەیر هەڵدەبژێرێت، نە سەد دەر سەد تێکەڵاوی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێت کە تیایاندا دەژی، نە سەد دەر سەد پاشەکشەدەکات، واتە میوانەو دەشمێنێتەوە، لەسەرێکەوە وەک کاراکتەری شیعرەکەی برێخت «بزمارێک بە دیواردا داناکوتێت» لەسەرێکیشەوە وەک وەسفەکەی «زیمیل» «کەسێکە ئەمڕۆ هاتووەو بەیانی دەمێنێتەوە». واتە غەریبێکەو وەک میوان دەژی، یان میوانێکەو وەک غەریب تەماشادەکرێت... ئەم ستراتیژە «لەڕووی سایکۆلۆژی و سۆسۆلۆژییەوە» لەپشت لاوازی و بەهێزییەکانی کەسی کۆچبەرە.
لەم خاڵەوە کۆچبەر هێزی مانەوەو یاریکردن بەدەستدەهێنێت. بەپێی باومان سیستم یارییەکی تراژیدی لەگەڵ کۆچبەردا دەکات بەو شێوەیەی کە نەدەیکات «بەم» و نەدەیکات «بەو». بەڵکو دەیگۆڕێتە سەر کەرەستەیەک چی بوێت و لە چ کاتێکدا لێیدروستدەکات. دیارە ئەم بۆچوونە سەد دەر سەد ڕاستە بەڵام ئەوەی کە ئێمە وەک کۆچبەر دەتوانین بۆ ئەو تێزەیەی زیادبکەین، ئەوەیە کۆچبەر خۆشی بە قووڵی هەمان گەمەدەکات، واتە نەدەبێتە ئەم و نەدەبێتە ئەو، خۆی دەکاتە کەرەستەیەک کە هیچیشی لێدروستنەکرێت و هەموو شتێکیش. دیارە هەریەک لە «سیستم» و «نامۆ» بە ستراتیژی جیاو بە ئاڕاستەی جیاو بۆ مەبەستی جیا ئەو پرۆسەیە دەکەن. کۆچبەر نایەوێت بچێتە ناو هیچ سیستمێکەوە تا ئیلتیزاماتەکانی نەخاتە ئەستۆی خۆی، لێرەوە جۆرێک لە هەڵوێستی میوانئاسا بەرابەر کێشەکان وەردەگرێت. ئەم بێلایەنییە جیاوازە لەو بابەتگەرایی «ئۆبێکتیڤیتەیت»ەی لە بەشی پێشودا باسمکرد، ئەم بێلایەنییە بەرەو ئەوەی دەبات لە پەراوێزی هەموو سیستمەکاندا بێت و نەگیرێت. ئەمجۆرە بێلایەنییە، یان ئەمجۆرە لە «بێبڕیاری» «بەپێی زاراوەی باومان» سەرەتای دروستبوون و فۆرمگیربوونی ئەو چەمکەیە کە بە «ناشوێن» ناویدەبەم. بڕیارنەدان لەسەر پرۆژەی خود، لەسەر کاراکتەرێک بۆ کۆچبەر، لەسەر مانایەک و ئاڕاستەیەک، لەسەر دیاریکردنی شوناسێکی وجودییانە بۆی. مانەوە لە بێشێوەیی و لە جیهانی «ئەگەر»و ئیحتیمالاتدا، واتە کۆچبەر دەیەوێت نە «ئەم» بێت و نە «ئەو» ، نە لێرە بێت و نە لەوێ. بەمانایەکی تر و بە کارکردن لەسەر هەمان زمانی ئیستعارەی باومان. ئەو دەیەوێت ئەمیش بێت و ئەویش بێت، لێرەش بێت و لەوێش بێت. واتە کوردیش بێت و خۆرئاوایش، لە کوردستان بێت و لە خۆرئاواش.
ئەم دۆخە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەگەر لە سەر خیانەت لە غوربەت دروستنەبووبێت، وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤ نایبینم. بەڵام ئەو گەمەیەی لە پشت ئەم دۆخەوەیە ئەوەیە کۆچبەر بەرامبەر

خۆرئاوا کوردبوونی وەک دژە شوناس بەرزدەکاتەوە. بەڵام بەرامبەر کوردستان شوناسی خۆرئاوابوونی خۆی نیشاندەداتەوە. ئەوەی لە کوردبوونی خۆی بەرابەر خۆرئاوا بەرزیدەکاتەوە بەرەو جۆرێک لە گۆشەگیریی کولتووری دەبات و ئەوەشی لە خۆرئاوابوونی خۆی بەرابەر بە کورد بڵندیدەکاتەوە، بەرەو داڕشتنی وێنەیەکی ئەفسووناوی درۆزن و کلێشەیی دەبات، کە هەیبەتی ژیانی خۆرئاوا بۆی دروستدەکات. لە هەردوو دۆخەکەشدا کۆچبەر لەبری ئەوەی «وەک نیگایەکی پێچەوانە» لە ناو سیستمەکەدا کاربکات، وەک یەکێک کە درۆ لەگەڵ ڕابوردوو و داهاتووی خۆیدا دەکات دەژی.

## لەنێوان چەمکی مەنفاو چەمکی غوربەتدا

پێموایە لەوەوبەر لە دوو چاوپێکەوتنی ڕادیۆیدا بە کورتی و سەرپێییەکی خێرا لە هێدی هێدی نەمانی چەمکی «مەنفا» قسەمکردووە. لەڕاستیدا بەر لەوەی بچمە ناو ئاستێکی دیکەی باسەکەمەوە و بۆئەوەی بتوانم لەسەر زەمینێکی ڕوونتر ئیشبکەم، بە پێویستی دەزانم ئەم چەمکە لە غوربەت جیابکەمەوە.

لە ساتێکدا گلۆبالیزم بچوککردنەوەی و نزیکبوونەوەی دونیایە لە ڕووی مەوداو دووری لە ئاستی ئابوری و سیاسی و تا ئەندازەیەکیش کولتووردا، بەڵام ئەم بچوکبوونەوەیەی دونیا بەمانای کەمبوونەوەی پلەکانی غوربەتی ڕۆحی و دەروونی مرۆڤ نییە لەیەکتر. کۆچبەری کورد لەدەساڵی ڕابووردودا لە دۆخێکی وادا ژیاوە بتوانێت بەردەوام سەفەربکاتەوەو بگەڕێتەوەو بێتەوە دەرەوە، واتە لە پەیوەندییەکی نەپساوو ڕاستەوخۆدا بووە لەگەڵ نیشتیمانەکەی خۆیدا، لەم جۆرە دۆخەدا قسەکردن لەسەر مەنفا مانایەکی کۆنکرێتی نییە، هاتوچۆی خێرای زانیاری و پەیوەندی خێراو ئاسان و بێسنوور وادەکات کۆچبەر بەردەوام لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدا بێت بە کێشەکانی نیشتیمانەوە. مەنفای کلاسیکی بۆیە دەبێتە مەنفا چونکە دوورکەوتنەوەیە لە دەنگ و ڕەنگ و هەواڵی نیشتیمان. بریتییە لە نەبوونی پرد، لە جیابوونەوە، لە ترازانێکی تەواو کە زەمینە بۆ جۆرە ژانێکی فەنتازی خۆشدەکات. مەنفای دێرین بۆیە ڕەهەندێکی ترسناکی هەبوو، چونکە مرۆڤ تەنیا لە یادەوەریدا دەیتوانی پەیوەندی بە نیشتیمانەوە ببەستێت، مەنفا دەبووە پچڕانێکی ڕیشەیی و خەونێکی بێدەروازە، دەبووە ئەو دۆخەی نیشتیمان تیایدا وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی وندەکرد و کەسی کۆچبەر لە فەنتازیادا نیشتیمانی دروستدەکردەوە. مەنفای ڕاستەقینە بریتییە لەو دۆخەی تیایدا وێنەیەکی فەنتازیی بۆ نیشتیمان شوێنی وێنە ڕاستەقینەکان دەگرێتەوە. کۆچبەر تەنیا لە خەیاڵ و فەنتازیادا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ منداڵی و گەنجی و بۆ لای کەس و هاوڕێکانی. ئێمە تا ئەو جێگایە لە تاراوگەداین کە دەبێت لە یادەوەری و خەیاڵدا بۆ نیشتیمان بگەڕێین، کە وێنەی نیشتیمان دەکەوێتە تەمومژەوە. بەم مانایە تا پردی پەیوەندی و زەمینەی بینینی واقیعی بۆ نیشتیمان بەهێزبێت، ئەزمونی مەنفا کاڵترو کاڵتر دەبێتەوە. ئەو کۆچبەرەی ساڵی دووجار دەتوانێت سەفەربکات و هەموو کاتێک دەقیقە بە دەقیقە دەتوانێت ئاگای لە نیشتیمان بێت، لە دۆخێکی ڕۆحی جیاوازدا دەژی لە و تاراوگەبووەی ساڵەهای ساڵ ناتوانێت پەیوەندی بە نیشتیمانەکەیەوە ببەستێت... لێرەوە پێموایە چەمکی تاراوگە لە دونیای نوێدا کەم کەم نرخێکی ڕاستەقینەی جارانی نامێنێت. تا ئەو جێگایەی کۆچبەر دەتوانێت فەزایەک سازبکات تیایدا بەردەوام لە نیشتیمان بێت ئەزموونی تاراوگەو ململانێی دەرونی و کولتووری کاڵتر دەبێت.

بەڵام تاراوگەبوون شتێکەو غوربەت شتێکی ترە.

تاراوگەبوون بەشێکی ئەزموونی کۆچبەرەو غوربەت بەشێکی ترێتی.

ئەزمـوونی نزیکی لە نیشـتـیـمـانەوەو کـاڵبـوونەوەی مـەنفـا وەڵامی کـۆمـەڵێک پرسـیـاری بنەڕەتی دەربارەی دۆخە وجودییـەکانی کەسی تاراوگەکراو ناداتەوە. ئەوەی بەردەوام نزیکبین لە نیشتیمانەوە مانای ئەوە نییە غوربەتمان کۆتاییهاتووە. نزیکی لە نیشتیمانەوە کێشە ستراکتورییەکانی کەسی نامـۆ چارەسـەرناکـات، ئاگـاداری بـەردەوام و گـەڕانەوەو هەواڵبـیـسـتن و خـوێندنـەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامـەکـانی نیـشـتـیـمـان و تەمـاشـاکردنی ڕۆژانـەی تەلەفـزیونەکـانی کـێـشـەی کـۆچبـەر لەگـەڵ ستراکتوری مەنفاو ستراکتوری نیشتیماندا چارەسەرناکات.

ئێزرا پارک کەسی نامۆ وەک «نیگاوانی کولتوورێکی نامۆ» پێناسەدەکات، واتە کەسێک کە ژیانی لە نیگاکردن و سـەیرکردن و چاوەدێرکردنی کولتوورێکدا دەباتەسـەر کە کولتووری خۆی نییە. بەپێی پارک تاراوگـەبوو ئەو کـەسـەیە کـە «لەسـەر سنوورەکـانی دوو کـولتـووردا دەسـوڕێتـەوە، و دەبێت کەرەسـەی تایبـەت بە خۆی بسازێنێت بۆ ئەوەی ئەو ملمـلانێ کولتوورییـە کۆمـەڵایەتییـە بە جۆرێکی فـەردی چارەسـەربکات». لێـرەوەیـە لای «پارک» تاراوگـەبوو وەک «پیـاوێکی پەراوێزیی» «marginal man» تەماشادەکرێت.«١٦»

جگە لە ئێزراپارک کـەسـێکی دی کـە لە بواری سـۆسـۆلۆگـیـای نامـۆبووندا کـاریکردووە ئالفـرێد شوتزە. ئەو نامـۆ وەک کەسێکی دزەکەر یان خۆخزێن «Eindringling» تەماشادەکات کە دەیەوێت لە ڕێگای ڕێکخستنێکی تەواو نوێی سیستمی شەخسی خۆیەوە، لە ستراکتورێکی تازەدا خۆجێی بکات و شوێنێک بۆ خۆی بکاتەوە.«١٧»

ناسیحی لە «پارک « و «شۆلتزەوە» هەندێ دەرەنجام وەردەگرێت کە دەشێت بۆ ئێمە گرنگ بن.

بە ڕای ناسیحی تاراوگەبوو کەسێکە هەوڵدەدات لە ناو گروپێکی دیکەدا وەربگیرێت، گەر ئەوەی بۆنەکرا ئەوا لە ناو تێکەڵەیەکی سەیری کولتووریدا لەسەر سنووری جیاوازی دوو گروپی جیاواز لە مۆدێلی شێوەژیانیاندا دەمێنێتەوە» «هـ.س.پ ٤٤٥».

گەر سەرەنجبدەین کێشـەی هەرە گەورەی کەسی تاراوگەبوو دووری نییـە لە نیشـتیمـان، چونکە سـەنگی ئەم کێشـەیە لە دونیای ئەمڕۆدا تا ئەندازەیەکی گەورە سووکدەکرێت و دەکرێت تا دواپلە لە ژان و ئازارەکانی کەمبکرێتەوە، بەڵام کێشەی گەورەی کەسی تاراوگە ئەو غوربەتەیە کە لە نێوان مـەرزە جیـاوازەکانی دوو کولتـووردا تووشـیدێت. بە پلەی یەکەم سروشتی مامـەڵەکردن لە نێوان دوو کولتووردا شێوەو ماناو پلەی غوربەت دیاریدەکات. لاوازبوونی چەمکی مەنفاو بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوان نیشـتیمـان و دەرەوەدا لەوانەیە لە ئاستی تێکچوونی پەیوەندی کولتوورییانەی کۆچبـەرەوە دەرەنجامی کوشندەی هەبێت.

مەنفا و دەلالەتەکانی لە ژیانی کۆچبەردا بەشێکی پرۆسەی غوربەتن، غوربەت گەورەترو قووڵتر و کـاریگەرترە لە مـاناکـانی مـەنفـا. غـوربـەت دیاردەیەکی ئاڵۆزە بـە کـۆمـەڵێک ئاست و فـۆرمی زۆرجیاوازەوە. ئاستی یەکەم ئاستی پەیوەندییە بە شوێنی یەکەمەوە، واتە بە نیشتمانەوە. ئاستی دووەم ئاستی پەیوەندییە لەگەڵ شوێنی دووەمدا کە وڵاتانی غوربەتە. ئاستی سێهەم پەیوەندییە بە وێنەی ئەو شـوێنە ئیـفـترازی و ئیدیالەی کۆچبـەر لە خـەیاڵیدا بۆی دەگـەڕێت. ئاسـتی چوارەم ئەو شوێنەیە کە لە کۆی ئەم شـوێنانەی تر درسـتـدەکرێت و تێکەڵەیەکی فـەنتـازییـە لە ڕەهـەندی هەمـوو جێگاکانی دیکە.

مـەنفـا تێکچوونی پەیوەندییـە بە جێگای یەکـەمـەوە، بەڵام غـوربـەت بە مـانا ڕۆحـییـە قووڵەکـەی خـۆنەدۆزینەوەیە لـە هیچ جـێگایەک لە جـێگاکـانی دیکەدا. غـوربەت لە ژیـانی کۆچبـەردا ڕەهـەندێکی

ڕەمزی هەیە کە بریتییە لە سوڕانەوە و تێکەڵکردنی هەموو شوێنەکان و هەموو وێنەکانی بەیەکتر، بریتیشە لە شوێنی کەسی کۆچبەر لە ناو ئەو شوێن و وێنانەدا، بریتییە لەو وەستان و ڕامان و تێکەڵبوون و سەرلێشێوانە لە نێوان ئەمبەرەو ئەوبەری دوو کولتووردا، وە بریتیشە لەو دۆخە پەراوێزیی و بچوکەی ئەو لە بەرابەر ئەو ژینگە جیاوازانەدا هەیەتی.

وێستگەی یەکەمی غوربەتەکانی کۆچبەر: شوێنێک هەیە کە نیشتیمانە ئەم بە مەرجەکانی خۆی قبووڵیناکات و ئەویش بە مەرجەکانی خۆی ئەو قبووڵناکات. ئەمە وێستگەی یەکەمە. ئەو وێستگەیەی کۆچبەرە کە هێشتا تەواو لە فەزای نیشتمان نەترازاوەو نەچۆتە سەر عەردی کولتوورێکی تر.

وێستگەی دووەم: گەیشتنە بە زەمینی دووەم بێبەرقەراربوون و خۆگیریی ، وێستگەی دەستپێکردنی ئەزموونی تاراوگەبوونە. لێرەدا غوربەت جۆرێکی دیکەیە، لەم وێستگەیەدا زۆربەی کۆچبەران لەگەڵ وێنەی نیشتیماندا ئاشتدەبنەوە، بێئەوەی قبووڵیبکەنەوە. واتە ئەو ساتەیە کە لە ناخی غوربەتیدا برینێکی قورسی هەستکردن بە تاوان سەر هەڵدەدات، «ئەو هەستەی لەسەرەوە باسمکرد»
لەم دۆخەدا کۆچبەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەچێتە ئەو خاڵەوە کە هەموو شتێکی نیشتیمانی قبووڵ بێت، تەنیا گەڕانەوە نەبێت بۆی. دۆخێکە کۆچبەر لە ئاستی سایکۆلۆژی و دەروونیدا لەگەڵ کولتوورو شێوازی ژیان و چاوەڕوانییەکان و ئینتیما سیاسییەکانیدا ئاشتدەبێتەوە، بەڵام ناچێتەوە ئاستی قبووڵکرنی نیشتیمان وەک شوێنی ژیان… واتە کرداری کۆچ لێرەدا دەبێتە کرداری گەڕان بەدوای شوێنێکی تردا، بێئەوەی کرداری گەڕان بێت بەدوای کاراکتەرێکی دیکەدا. لێرەدا کۆچبەر ئەگەرەکانی گەشەسەندنی کاراکتەری ئینسانی خۆی دەکوژێت و بە شێوەیەکی توند دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی کاراکتەری یەکەمی خۆی و زیندووکردنەوەو ئیشکردن بە هەموو خەون و پرۆژەو ئینتیماکانی. لێرەدایە یەکێتییەکان دەبنەوە بە یەکێتی و پارتییەکان بە پارتی و ئیسلامیەکان بە ئیسلامی. لێرەدایە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا کۆچبەر سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی گروپی ئەتنی بچوک بچوک لە هەناوی کۆمەڵگاکانی دیکەدا. لە ئاستی فەردیشدا دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی شێوە ژیانی خۆی لەوێ و نزیکترین کار و شێوازی پارەپەیداکردن دەگرێتە بەر کە لەگەڵ شێوازی ژیانیدا لەوڵات بگونجێت.«دواتر بە شێوەیەکی فراوانتر دەگەڕێمەوە سەر چەمکی ئاشتبوونەوەو چەمکی قەبووڵکردن» لە ژیانی کۆچبەردا.

وێستگەی سێهەمی غوربەت: شوێنێک هەیە وڵات و کولتوورەکانی غوربەتە، کۆچبەر بە مەرجەکانی ئەوان ڕازی نابێت و ئەوانیش ئەو لە بەردەم دەرگادا ڕادەگرن و لە پەراوێزی ژیان و دانپیانان و قەبووڵکردندا دەیهێڵنەوە. لێرەدا گومان و دوودڵی و بریندارکردنی هەست و بڕواو ئینسانییەتی کۆچبەر لە هەموو وێستگەکانی تر زیاترن. ئەمە ئەو ساتی ئاشکرابوونەوەیە کە هەر یەکێک لە خانەخوێ و غەریب قووڵ سەیری چاوی یەکتردەکەن و بێئەوەی هیچی گرنگ لە نیگای یەکتردا بخوێننەوە ڕوودەکەن بەودیوداو پشتدەکەنە یەکتر. ئەو ساتەیە کە قووڵ بە مێژووی کەسی کۆچبەردا دەچێتەخوارێ و تا مەرگ لە هەموو نیگایەکی خانە خوێدا دەیبینێتەوە. ئەوساتەیە کە تاراوگەبوو هەستدەکات ئەو نەگەیشتۆتە سەر ئەو زەمینەی بۆی دەگەڕێت و لەسەر زەوییەکی ترو لە شوێنێکی دیکەدا گیرساوەتەوە.

لەم وێستگەیەدا غەریب هەستدەکات ئەو کۆمەڵگایەی ڕووی تێکردووە یان قبووڵیناکات، یان وەک ئامێرێک قبووڵیدەکات. ڕۆبنسۆن کرۆزۆ لە ڕستەیەکی زۆر گرنگدا «کە بەش بە حاڵی خۆم هەرگیز ناتوانم لە یادی بکەم» دەڵێت: «وام لێکرد تێبگات ناوی «فرایدە»یە…کردمە فەرمانی خۆم هەموو ئەو شتانەی فێربکەم کە دەیکاتە یەکێکی سوودبەخش و یاریدەدەرو بەردەست». ئەم لۆژیکەی لە عەقڵی

ڕۆبنسۆن کرۆزۆدایە کاتێک مامەڵە لەگەڵ «فرایدە»یدا دەکات، تا ئەمڕۆ لە عەقڵی بەشێکی زۆری ئەوروپییەکاندایە کاتێک مامەڵە لەگەڵ بێگانەکاندا دەکەن. بەبۆچوونی من هیچ غەریبەیەک لە ئەوروپادا نییە بۆ ساتێک لە ساتەکان نەبووبێتە فرایدەی و بەو چاوە تەماشانەکرابێت و بەو چاوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرابێت. ئەو غەریبەیەی کە پێیوایە خۆرئاوا لە بەشێک لە بەشەکان و لەوێستگەیەک لە وێستگەکاندا بە توندی بێت یان ناسکی ڕۆحی مرۆڤانەی ئەوی بریندارنەکردووە، درۆیەکی گەورە لەگەڵ بوونی خۆیدا دەکات.

وێستگەی چوارەمی غوربەت: ئەو وێستگەیەیە کە کۆچبەر دەبێت کەرەستەی خۆژیان و خۆگونجان بدۆزێتەوە، دەبێت میکانیزمێکی تایبەتی و فەردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قبووڵنەکردن بدۆزێتەوە. لەم ئاستەدا کێشەی کەسی کۆچبەر کێشەیەکی ستراکتورییە، پابەندە بە سروشتی ئەو کەرەستەو ڕێگایانەی کە دەبێت بیگرێتە بەر بۆئەوەی جێگایەک بۆ خۆی هەڵکەنێت، لە پێکهاتی سەختی غوربەتدا درزێک بدۆزێتەوە بۆ چوونە ناو ستراکتورە نامۆکانەوە. ئەمە ئەو دۆخەیە کە تیایدا کۆچبەر دەبێت تێکەڵەیەکی کولتووری و ئەخلاقی لە خۆیدا پێکەوە بگونجێنێت. ئەو ساتەیە کە دەبێتە وێستگەی سەرهەڵدانی درۆگەورەکانی ژیانی کۆچبەر. ئەمە ساتی گونجان و گرێدانی جەمسەرە ناکۆکەکانە. ساتی دابەشبوونی ژیان و کار و ڕەفتارو ئینتیماو ئاکاری کۆچبەرە. ئەمە وێستگە سەرەکی و گەورەو دوورو درێژەکەی ژیانێتی، لێرەدا کۆچبەر دەبێتە ئەندازیاری شێوە دونیایەکی نوێ و شێوە مۆراڵێکی دیکە. ئەم وێستگەیە زۆرجار دەبێتە وێستگەیەکی هەمیشەیی کە بە درێژایی ژیانی غوربەت دەبێتە ماڵی کۆچبەر.

وێستگەی پێنجەمی غوربەت: ئەو هەوڵەیە کە کۆچبەر هەندێجار دەیدا بۆ هاتوچۆو ژیان لە نێوان شوێنی یەکەم و دووەمدا . خودی ئەم هاتوچۆیە درێژکراوەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەو جۆلانێکردنە مە جازییەی لە ژیانی کۆچبەردا لە نێوان ئێرەو ئەوێی ژیانیدا هەیە. لێرەدا کۆچبەر دەیەوێت دەست بە هەردوو جیهانەکەوە بگرێت، یەکێکیان بکاتە دونیای سەرەکی و ئەویتریان بە دونیای لاوەکی. لێرەدا کۆچبەر ئەزموونێکی تازە ناژی، بەڵکو تەنیا سروشتی ئەندازەیی ئەو ژیانە دەگۆڕێت و ڕێکدەخاتەوە کە لە غوربەت تیاژیاوە. «گەڕانەوەی کۆچبەر بابەتی تایبەتی بەشێکی ئەم باسەیە».

لێرەوەیە دەتوانین بڵێین لاوازبوونی چەمکی مەنفا بە لەدایکبوونی ئاستی تری غوربەت تەواو ببێت، نەوەک بە مردنی. لێرەوە دەگوازمەوە بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان مانای غوربەت بەمانای شوێنەوە. تا دواتر دەرگای ئەو ناشوێنە بکەمەوە کە کۆچبەر بەرەو نیشتەجێبوون دەڕوات لە ناویدا .

**تێبینی:**
**بەشێکی زۆر کەمی ئەم باسە لە ساڵی ١٩٩٨ دا بە کۆڕ پێشکەشکراوە.**
**بەشی دووەمی ئەم باسە لە ژمارەی داهاتووی ڕەهەنددا بڵاودەبێتەوە**

## سەرچاوەکان

1- Postmodern Perspectives- Paper 1998.Thomas Höhne.Kulturelle Fremdheit als Definitionsmacht und diskursiver Effekt in Medien und Wissenschaft
2- Romano Biancoli 1994: Erich-Fromm-Gesellschaft,Jahrbuch Band 5 (1994): Vom Umgang mit dem Fremden, S. 71-89.
3- Nassehi, Armin 1995: Der Fremde als Vertrauter. Soziologische Beobachtungen zur Konstruktion von Identitäten und Differenzen. In: Kölner Zeitschrift für Soziologie und Sozialpsychologie 47, 3, S. 443-463
4- Martin Blumentritt , Was ist eine multikulturelle Gesellschaft? www.comlink.de/cl-hh/m.blumentritt/agr101s.htm
5- Tango des Denkens, Johanne Saltzwedel. In: der Spiegel: 12/2000
6- bekannt - unbekannt - erkannt" Denkerische 'Fremdheit' und die Frage nach der Erkenntnis, Katja Neuhoff . In: Dreigroschenheft 4/1999
7ـ بڕوانە وتاری (Fluchtpunkt Exil) لە نووسینی: Bernhard Schlink لە ڕۆژنامەی (Der Tagesspiegel)، بەرواری (18. Dezember 1999)
8- www.hagalil.com/brd/rechts/jena/jena1.htm
9- Max Horkheimer Gesammelte Schriften Bd. 4: 104
10- Georg Simmel 1908: Exkurs über den fremden: 511
ئەم وتارەی زۆر گرنگەی زیمل بەشێکە لە کتێبێکی گەورە بە ناونیشانی «لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی فۆرمەکانی بە کۆمەڵگابوون»
11ـ هـ.س،پ
12- http// www.t-online.de/home home/o.spt/sozilo103.htm
13- Tango des Denkens, Johanne Saltzwedel. In: der Spiegel: 12/2000
14- Georg simmel 1908:. Exkurs über den fremden, 509
15- Bauman, Zygmunt 1991: Moderne und Ambivalenz. In: Bielefeld, Uli (Hrsg.): Das Eigene und das Fremde: Neuer Rassismus in der alten Welt? Hamburg, S. 23-49
16- Nassehi,Armin:Der Fremde als Vertrauter, S. 445
17ـ هـ. س . پ 445

# مەنفای کوردی لەنێوان
# سێ نەوە و سێ ئەزموونی مانای جیاوازدا

مەریوان وریا قانیع

## سەرەتایەکی گشتی

جیهان بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە مەنفایەکی گەورە. کەمنین ئەو دەنگانەی لەمڕۆدا باس لەوە ئەکەن کە لە ئێستادا و لەناو ئەو بەیەکداچوونە ئاڵۆزەی نێوان ئینسان و شوناس و کولتوورە جیاجیاکاندا هەمووان، بەمانایەک لە ماناکان، مەنفیین. کەمن ئەوانەی ئەمڕۆکە دەتوانن دەرگای ماڵەکانیان بێگرفت کلۆمکەن و خواحافیزی لە دنیای دەرەوە و کێشە و ئاڵۆزیی و مژدە هەمەلایەنەکانی ئەم دنیایە بکەن. ئەوەی ئەمڕۆ هەنگاو بە هەنگاو سات بە سات و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگۆڕێت کۆی ئەو سیستمی مانا و بەها و نرخانەیە کە جیهانی بەر لەئێستا لەهەلومەرجێکی مێژوویی تەواو جیاوازدا بەرهەمیهێناوە. دەگمەنن ئەوانەی ئەمڕۆکە و لە بەشە جیاجیاکانی جیهاندا ڕووبەڕووی چەندان پرسیاری گرنگی لەم بابەتە نەبنەوە: من کێم؟ شوناسم چییە؟ ماناکانی ژیان و بوون و بەختەوەری و ناڕەحەتیم لەکوێوە دێن؟ کوێ ماڵی منە و بەکوێ نامۆم؟ لێرەدا بژیم یان بۆ شوێنێکی دیکە کۆچبکەم؟ ڕەنگە یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی ئینسانی ئەمڕۆ کێشەی گەڕانی بێت بەدوای ماڵێکی جێگیردا لەناو کۆی ئەو هەموو جوڵە و گۆڕان و وەرچەرخانە لەپڕ و چاوەڕواننەکراو و ڕیشەییانەدا کەڕۆژانە لەناوەوەڕا دەسکارییەکی قووڵی ماناکانی ماڵ و تواناکانی لە بەخشینی ئارامییەکی ناوەکیدا دەکات. لەبەشێکی گەورەی دنیای ئەمڕۆدا هەموو ماڵێک بە تۆڕێک لە تەکنیکی نوێی پەیوەندییەوە بە بەشە جیاجیاکانی جیهانەوە گرێدراوە، ساتالایت، بەریدی ئەلەکترۆنی (ئی - مەیل)، ئینتەرنێت، فاکس و تەلەفۆن، فڕۆکە و شەمەندەفەر ، ئۆتۆمبیل و کەشتی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بێوێنە بەشە جیاجیاکانی دنیایان بەیەکەوە گرێداوە و کۆچی وێنە و مانا و ئینسانەکانیان لەم سەری زەوییەوە بۆ ئەو سەری زەوی فەراهەمکردوە. ئەمەش وایکردوە دنیای هەر ماڵێک لە ناو خۆیدا بۆ چەندان ماڵی جیاواز و ناکۆک و تەنانەت دژ بەیەک دابەشبێت، هەر بەشێکی ئەم ماڵانەش لە شوێنێکی دیکە و کولتوورێکی دیکە و سیستمێکی دیکەی بەرهەمهێنانی مانا و ئەخلاق و مۆراڵی کۆمەڵایەتییەوە هاتبێت. ئێمە لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا کۆتاییەکانی ماڵی داخراو و یەک مانا و یەک ئەخلاق دەژین. کە دنیا لە جوڵە و تێکەڵبوون و بەیەکداچوونێکی هەمەلایەندابێت، ئەوەی کە لەدەستی دەدەین بوونی ماڵێکی داخراو و نیشتەجێی دەرەوەی ئەم تێکەڵبوونە گەردوونییەیە.

بێگومان شتێکی تازە نالێین گەر بڵێین سەفەر لەمڕۆدا یەکێک لە پیشەسازییە هەرە گەورەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمە و بەشێکی گەورەی دنیا، چ لەناوەوە و چ لەدەرەوەی نیشتیمانە نەتەوەییەکاندا، لە جوڵە و ئاڵوگۆڕ و جێگۆڕکێیەکی بەردەوامدایە. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرگیز سەفەر بەئەندازەی ئێستا بەشێکی ئۆرگانی و ناوەکی ژیانی ئینسان و گروه و کۆمەڵگا جیاجیاکان نەبووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئینسان لە سەرەوەی زەوییەوە بۆ خوارەوەی، لە ڕۆژهەڵاتییەوە بۆ ڕۆژئاوا، لە چەپەوە بۆ ڕاست، کیشوەرە جیاجیاکان، نێو سنووری دەوڵەت و نیشتیمانە دوور و نزیکەکان دەبڕێت و لە جوڵە و هاتوچۆ و سەفەرێکی بەردەوامدا ماناکانی ژیانی خۆی و دەوروبەری و

پەیوەندییەکانی بەخۆی و بە دەرەوەی خۆیەوە دەستنیشاندەکات. سەفەر یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ساتەوەختەی جیهانی ئێمە. هەڵاتن و سەرهەڵگرتن و بەجێهێشتنی نیشتیمانیش یەکێکە لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی کۆتایەکانی سەدەی بیستەم؛ بە ملیۆنان کەس ئەمڕۆکە، چ لەژێر کاریگەری تووڕەبوون لە کۆمەڵگا و نەفرەتکردن لە نیشتیماندا، یان لەژێر کاریگەری گەڕان بەدوای بەهەشتێکی وون و دۆزینەوەی سەرزەمینێکی ئاسودەتردا، لە ماڵ و زادگا و نیشتیمانی خۆیان هەڵدێن و لەشوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا بەدوای نیشتیمانی دیکەدا دەگەڕێن. بەم مانایە دەشێت سەدەی بیستەم بەسەدەی هەڵاتن لە نیشتیمان و تووڕەبوون لە ماڵ و نەفرەتکردن لە زادگا ناوسنووسکەین.

ئەم هەموو جوڵە و سەفەر و هاتوچۆیەی ئەمڕۆ لە دنیادا ئامادەیە و ژیانی بەشێکی گەورەی دانیشتوانی زەوییان گرتۆتەوە تەواو پێچەوانەی هەلومەرجی ژیانی تاکەس و گروهە نیشتەجێکانی دنیای کۆنن. لەنێوان دنیای پڕ جوڵەی ئەمڕۆدا و لەنێوان دنیای کەمجوڵەی قۆناغەکانی پێشتری مێژووی مرۆڤایەتیدا ناکۆکییەکی گەورە و لێکنەچوونێکی ڕیشەیی هەیە. دنیای کۆن دنیایەک بووە تێیدا سنووری جوڵە و گەڕان و کۆچکردن سنوورێکی بەرتەسک و بچووک و داخراو بووە و سەفەر خۆشی لەزۆر ڕووەوە وەک دیاردەیەکی خراپ و نەفرەتلێکراو و مەترسیدار وێناکراوە. ئینسانی دنیای کۆن ئینسانی ناو ماڵە جێگیر و گوندە دابڕاو و ناوچە داخراوەکان بووە، سیستمەکانی مانا و ئەخلاق و پێناسەکردنی دیاردەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر هەڵقوڵاوی ئەو ژینگە بچووک و بەرتەسک و داخراوە بوون. ژیانی ناو ئەو دنیا سنووردارە تا ڕادەیەکی زۆر ژیانێکی سادە و پڕ دڵنیایی و بەریەکەوتنێکی ڕاستەوخۆی نێوان ئینسان و شتەکانی دەوروبەری بووە. دەرەوەی ئەو دنیا داخراوەش سەرزەمینی چیرۆکی ترسناک و دنیای بێڕۆح و ئینسانی نەناسراو بووە، لەخۆڕا نییە یۆنانییە کۆنەکان دانیشتوانی دەرەوەی شارەکانی خۆیان بە بەربەری لە قەڵەمداوە.

یەکەمین شتێک کە دنیای تازە تێکدەشکێنێت و تێیدەپەڕێنێت کۆی ئەو سنوورە بەرتەسک و داخراو و بچووکانەیە کە سەرچاوەی ئارامی و سادەیی و دڵنیایی ئینسانەکانی دنیای بەر لە ئێستا بووە. بەیەکداچوونی دنیاکان و ماناکان و سیستمەکان ئەو کارەکتەرە سەرەکییەیە کە دنیای نوێ لە دنیای کۆن جیادەکاتەوە. تێکەڵبوونی «بەربەرییەکان!» بە نیشتەجێکان و کۆچی نیشتەجێکانیش بۆ ناو سەرزەمینی دراوسێ «بەربەرییەکان» دنیایەکی تەواو نوێی هێناوەتەکایەوە، دنیایەک ڕیشەییانە جیاواز لە دنیاکانی بەر لە ئێستا. ئەم هەلومەرجە نوێیە وایکردوە هەمووان بەشێوەیەک لە شێوەکان غەریببین، لەیەککاتدا لە زیاد لە شوێنێکی کولتووری و دەلالی و مەعنەویدا ئامادەبین و ژیانمان بەتەنها دەرەنجامی ئەو سیاقە تایبەتانە نەبێت کە بەشێوەیەکی ڕۆژانە لەناویاندا دەژین و گەورەدەبین و دەمرین. بەم مانایەیە من دەڵێم زەوی خەریکە دەبێتە مەنفایەکی گەورە.

دنیای ئەمڕۆ بەبەراوردکردنی بە دنیای دووسەدە لەمەوبەر دنیایەکی زۆر بزۆکترە، چ ئینسانەکانی ناو ئەم دنیایە و چ وێنە و بیروبۆچوونەکانی و چ مژدە و کێشە و گرفتەکانیشی لە هی هەموو سەردەمەکانی دیکە بزۆکترن. ئەوەی ئەمڕۆ و لەم ساتەدا لە سلێمانی ڕوودەدات دوای چەند چرکەیەک دەشێت لە ئەمستردام بێت و ئەوەی لە پاریسدا ڕوودادەت دەشێت دوو چرکە دواتر لە تاران بێت. ئەم توانا خێرایەی گواستنەوەی ڕووداوەکانە وادەکات دنیای ئەمڕۆ تەواو لە دنیای دوێنی جیاوازبێت و بەم جیاوازییەشی ئێمە لەبەردەم چەندان سیستمی نوێی مانا و بەرهەمهێنانی دەلالەتدابین کە لە دنیای کۆندا یان بوونیان نەبووە یان بەدابڕاوی لەیەکدی حوکمی واقیعە جیاواز و لێکدابڕاوەکانیان کردوە. سەفەر کە لەدنیای ئەمڕۆدا وەک بەشێکی گرنگی ژیان و مافێک لە مافە گرنگەکانی ئینسانی هاوچەرخ دەبینرێت، لە دنیای کۆن و لەزۆربەی کولتوورە تەقلیدییەکاندا وەک مەترسی و دیاردەیەکی خراپ و جێی گومانکردن تەماشاکراوە. ئەوانەی کە سەفەریانکردوە ئەوانە بوون کە ناپاکیان لە گروهە لۆکاڵییەکان کردوە و ئولفەت و یاسا و بەهاکانی ئەو دنیایەیان تێکشکاندوە.

بێگومان دنیای کۆن سەرزەمینی جێگیربوونێکی ڕەها نەبووە و دەرگا و پەنجەرەکانی ئەو دنیایە سەد دەر سەد داخراو نەبوون، سەفەر بەشێکی تایبەتی ناو کۆمەڵگا تەقلیدیەکان و ژیانی ئینسانی ناو ئەو کۆمەڵگا تەقلیدیانە بووە. سەفەرە ئەفسانەییەکانی مێژوو، سەفەرەکانی سەندباد و ئۆلیسیس و سەرچڵەکانی دیکەی جیهانی کۆن نموونەی بەرچاوی ئامادەگی خولیای سەفەر و تووڕەبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوانەن کە لە باتی جێگیربوون سەفەریان هەڵبژاردوە و لەباتی مانەوە ڕۆیشتنیان وەک چارەنووسی هەڵبژاردوە. بوونی شەڕ و پێکدادان و لەشکرکێشی و بوونی چەندان گروهی کۆچەر و چەندان قوتابی و فەقێی زانست، کە وڵاتە و وڵاتیان کردوە و بەدوای زانستا ئامادەبوون تا چین بڕۆن، نموونەی دیکەی جوڵە و بزۆکی و جێگیرنەبوونی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسین لە دنیای بەر لە ڕۆژگاری مۆدێرندا. بەڵام هەموو ئەمانە بە بەراوردکردنیان بە توانای جوڵە و سەفەرکردن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جگە لەچەند هەنگاوێکی شەرمن و چەند سەفەرێکی دەگمەن و چەند یاخیبوونێکی چکۆلە زیاتر نەبوون. ئەم دەگمەنییەی سەفەرە وایکردوە کە هەم ڕێبواران و سەفەرکەرانی دنیای کۆن و هەم خودی سەفەرەکانیشیان ببنە چیرۆکی ئەفسانەیی و نەوە دوای نەوە وێنەکانیان زیندوو ڕاگیرێ و دەماودەم بڕوا و ئەم نەوە بۆ ئەویدیکەی بگێڕێتەوە.

کەمی سەفەر و جوڵە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا وایکردوە ئینسان بەردەوام لە دەلاقەی نیشتەجێبوون و سەفەرنەکردنەوە لەخۆی و دنیا و دیاردەکان ڕامێنێت و مانا و نرخ و بەهاکانیش هەر لەم دەلاقەیەوە دەستنیشانکات. دۆلۆز لەم بارەیەوە دەڵێت «مێژوو هەمیشە لە دەلاقەی نیشتەجێبوونەوە نوسراوەتەوە، (...) تەنانەت گەر باسی کۆچەریبوونیش کرابێت» (Deleuze and Guattari 1987: 23). نیشتەجێبوون بەردەوام وەک دۆخی سروشتی ئینسان بینراوە و کۆچەربوونیش وەک لادانێک لەم دۆخە. لێرەوە سەفەر و دوورکەوتنەوە هەمیشە وەک لادانێک لە دۆخی سروشتی و ئاسایی ئینسان و کۆمەڵگا بینراوە و هەمیشە ترسێک لە سەفەر و دوورکەوتنەوە و جێگۆڕکێ لەئارادابووە. کۆچبەر، نەناسرا و یان بیانی زۆربەی کات وەک کەسێکی گومانکلێکراو و مەترسیدار و تێکدەری کولتوور و بەها و نۆرمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بینراوە، جا چ لە پەیوەندیدا بەو گروهەوە کە بەجێیدەهێڵێت یاخود لە پەیوەندیدا بەو گروهەوە کە دەچێتە لای. کۆچبەر کەسێک بووە کە کولتوورێکی جێگیر و نەگۆڕی نەبووە و هەڵگری ئەو یاداوەرییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و وجودییەش نییە کە کەسە نیشتەجێکان هەڵگرین، کۆچبەر بەردەوام کەسێک بووە لە دەرەوەی ئەو دنیا ڕەمزییەی لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا نیشتەجێکانی بەیەکەوە گرێداوە، ژیاوە و کەسێک بووە لە دەرەوەی خەیاڵ و عەقڵییەت و وێناکردنەکانی گروهە نیشتەجێکاندا ئامادەبووە. ئەمەش وایکردوە کۆچبەر بەردەوام وەک کەسێک ببینرێت کە دەشێت پرسیاری نەشیاو و لەپڕ و یاساغ بکات، ئەو پرسیارانە بکات کە گروهێکی نیشتەجێ و خاوەن سیستمێکی کولتووری و ئەخلاقی و سیاسی جێگیر و دیاریکراو نەیانەوێت یان نەوێرن بیکەن. کردنی پرسیاری نەکراو و شارداراوە و تەنانەت چەپێنراو لە سیفەتە تایبەتەکانی ئەو کۆچبەرانەن کە دێنە سەرزەمینی ئینسانە نیشتەجێکانەوە. کۆچبەران کە سیستمی حەڵاڵ و حەرامی گروهە جێگیرەکان ناناسن و کە سەفەرکردن وایلێکردون زیاد لە سیستمێکی حەڵاڵ و حەرام و زیاد لە سیستمێکی ئەخلاقی و کولتووریان ئەزموونکردبێت، وایانلێهاتوە بوونەتە مرۆڤی ڕێژەگەر و هەقیقەت و ئەخلاق و کولتووری موتڵەقیان لانەبێت. لێرەوە ترس لە سەفەر دەبێتە ترس لەتێکچوونی هارمۆنییەتی ناوەکی پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و وجودی و کۆچبەرانیش دەبنە ئەو کەسانەی کە پرسیار دەربارەی شتە پرسیارلێنەکراوەکان دەکەن. بە باوەڕی جاک دیریدا لە فیکری یۆنانیدا بە گشتی و لای ئەفلاتوون بەتایبەتی بیانی ئەو کەسەیە کە پرسیار دەکات، ئەو کەسەیە کە پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە و پرسیارەکانیش دەکات (Derrida 1998: 34). لەم دیدەدا ڕێبوار یان کۆچبەر پیاوی دەرەوەی دۆگم و بەستەڵەکە عەقڵی و فیکرییەکانە، ئەو کەسێکە لەدەرەوەی یاسا کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەخلاقییە نیشتەجێکاندا بیردەکاتەوە و دەژی و لەهەمووشی ناخۆشتر و پڕمەترسیتر پرسیاردەکات. کۆچبەر کەسێکە بە زمانێکی دیکە

ئەدویێت و جۆرێک لە هەقیقەتی پێیە کە لە هەقیقەتی ئێمە ناچێت. لە یۆنانی کۆندا، وەک دیریدا لەو کتێبەی سەرەوەدا نیشانیئەدات، کۆچبەرەکان وەک کەسانێک بینراون کە تاوانی کوشتنی باوکیان ئەنجامداوە، بۆیە ئەوان دەبوایە بەردەوام بەرگری لەوە بکەن کە تاوانی کوشتنی باوکیان ئەنجام نەداوە و بکوژانی باوک ئەوان نین. بە مانایەکی دیکە کۆچبەران ویستوویانە ڕێ لەوەبگرن کە سەفەرەکانیان وەک دەرەنجامی بەگژاچوونەوەی یاسا و لۆژیکی بالادەستی باوکانە ببینرێت، ئەگەرچی لە ڕاستیدا ئەوان بەم کارە هەڵساون و سەفەرەکانیان دەرەنجامی تەحەداکردنی لۆژیکی باوکانە بووە (هـ. س .پ. ل٣٥). یەکێک لە سەرچاوەکانی خراپ هەڵسەنگاندنی چەمکی سەفەر و کۆچەریبوون لە قۆناغەکانی پێشوی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەو ڕاستییانەی سەرەوەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو ڕاستییانەی نیشانیئەدەن کە سەفەر و ئینسانی کۆچبەر دەشێت ئینسانی دەرەوەی دۆگم و یاسا و ڕاستییە بالادەستەکان بن و هێمابن بۆ توانا و ئەگەر و سیستمی دیکەی هەقیقەت و لەهەمانکاتدا بکوژانی باوک یان تەحەداکەرانی یاسا و نۆرم و بەها بالادەستەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراوین.

چەمکەکانی خێزان، نیشتیمان، دەوڵەت، نەتەوە، کولتوور هەموویان لەسەر دیدی نیشتەجێبوون بەرهەمهێنراون و لەپشتی هەریەکێکیانەوە وێناکردنێکی تایبەتی دنیا و ئینسان و کۆمەڵگا لەئارادایە کە نیشتەجێبوون یاسا هەرە سەرەکییەکەیەتی. لێرەوە ئەوانەی کە ڕۆیشتوون و سەفەریانکردوە وەک مەترسیەک بۆ سەر هەموو ئەو دەزگایانە بینراون کە شوناسیان لە نیشتەجێبوونەوە وەرگرتوە، بۆیە زۆرجار سەفەرکران و هەڵاتوان و نیشتەجێنەبووان تۆمەتی خیانەتیان دراوەتە پاڵ و وەک مەترسی بۆسەر مانەوە و یەکێتی و هاوئاهەنگی و نیشتەجێبووان تەماشاکراون. ئەوەی هەڵهاتوە، لە خێزان، لە نیشتیمان، لە نەتەوە، لە کولتوور لە کۆمەڵگا و دەوڵەت هەڵهاتوە، هەڵاتن لەمانەش وەک خیانەت و ناپاکی تەماشاکراوە. نەتەوە چییە جگە لە پێکەوەبوون و نیشتەجێبوونێکی کۆیی لە نیشتیمانێکی پێکەوەیی و سنووردار و کۆییدا، سەفەریش چییە جگە لە تێکدانی شێوە جیاجیاکانی کۆییبوون و نیشتەجێبوون، لە نیشتەجێبوون و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتییەوە بۆ نیشتەجێبوون و پێکەوەبوونی کولتووری و جوگرافی. ئەم بۆچوونە تایبەتەیە بۆ سەفەر و نیشتەجێبوون وایکردوە کە سەفەر و سەرهەڵگرتن لە دنیای بەر لە مۆدێرنە و تا ڕادەیەکیش لە سەرەتاکانی مۆدێرنەدا، واتە لە ڕۆژگاری بنیادنانی نەتەوە و دەوڵەت و کولتووری هاوبەشدا، باش نەنرخێندرابێت. هەرئەمەشە وادەکات سەفەر بەردەوام وەک مەترسییەک بینرابێت و وەک ئەفسانە کوردییەکان بۆماندەگێڕنەوە ئینسانی ڕێبوار بەردەوام لە پاڵ هەر ڕێگەیەکی (هات) دا ڕێگەیەکی (نەهات) یشی ڕووبەڕووبووبێتەوە. لەزۆر کولتووردا مانا قووڵەکانی ترس لە قەرەج و ترس لە سەفەر لە ترس لە تێکچوون و تێکدانی نیشتەجێبوونەوە هاتووە. هەرلێرەشدا پێویستە هێمایەکی خێرا بەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە بکەین کە لەنێوان غەریبوون و کوێری و غەریبوون و دێوانەییدا پێشنیاردەکرێت. لە زۆر کولتووری کۆندا غەریب بریتییە لەو ئینسانە کوێرەی کە سادەترین ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە نابینێت کە کۆچی بۆدەکات و تێیدا نیشتەجێدەبێت، غەریب هەڵگری چاوێکی دیکەیە کە پێدراوە سەرەتایی و بەڵگە نەویستەکانی ئەو شوێنەی کۆچی بۆدەکات نابینێت و بەم نەبینینەشی وەکو کوێرێک وێنادەکرێت. هەروەها غەریب ئەو دێوانەیەیە کە هەڵگری خوڕەوشت و هەڵسوکەوت و لۆژیکێکی دیکەیە تەواو جیاواز و هەندێکجاریش ناکۆکە بەو خوڕەوشت و هەڵسوکەوت و لۆژیکەی لەو شوێنەدا کە کۆچی بۆدەکات. ئەم دوو سیفەتە کە بە ئینسانی غەریب دراون جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدەنەوە کە سەفەر و کۆچکردن لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی وەک دیاردەیەکی خراپ بینراون و وەک دیاردەیەکی خراپ وێناکراون.

بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا سەفەر بۆتە بەشێکی گرنگی ژیانی ئینسان و نیشتەجێبوون لەلایەن نیشتەجێنەبوونەوە کێبەرکێی لەگەڵدا دەکرێت. ئەم گۆڕانە گەورەیەش وایکردوە ئینسان بۆ تێگەیشتن و تەماشاکردنی خۆی و شوناس و ئەو دنیایەی تێیدا دەژی پێویستی بە گۆشەنیگای دیکە هەبێت.

دۆڵۆز دەڵێت: «ئەو زانستەی ئەمڕۆ پێویستمان پێیەتی کۆچەرناسییە کە پێچەوانەی مێژوو (یان مێژووناسییە) (Deleuze and Guattari 1987: 23). مەبەستی دۆڵۆز لەم بۆچوونە ئەوەیە جیهانی هاوچەرخ جیهانی جوڵە و سەفەر و جێگۆڕکێیە، ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ناسینی ئەو جیهانە پێویستمانە بوونی زانستێکە لەم جێگۆڕکێ و فرەجوڵەییە دەستپێبکات و لە دیدی کۆچەرییەوە تەماشای جیهان و دیاردەکان بکات نەک لە دیدی نیشتەجێ و نیشتەجێبوونەوە، دۆڵۆز ئەو زانستە نوێیە ناودەنێت «کۆچەرناسی» (Nomadology).

بێگومان جیهانی ئەمڕۆ وەک کۆمەڵناسێکی گەورە دەڵێت تەنها جیهانی مرۆڤە سەفەرکەرەکان نییە، بەڵکو جیهانی بابەتە سەفەرکەرەکانیشە.(Featherstone 1995: 128). ئەوەی ئەمڕۆ لە جوڵە و سەفەردایە لەپاڵ ئینسان و شتومەکەکاندا، مانا و پێناس و وێناکردن و شوناسە جیاوازەکانیشە. لە دنیای کۆندا و تەنانەت لەناو بەشێکی گرنگی تیورە کۆمەڵەیەتییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵایەتیبوون تا ڕادەیەکی زۆر یەکسانبووە بە نیشتەجێبوون، سەفەر بەردەوام وەک چوونە دەرەوەی کۆمەڵگا و بەزاندنی سیستمی مانا و تێکدانی ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بینراوە. ئەوەی کۆمەڵگای دروست و لەشوێنێکدا بەرجەستە کردوە مەسەلەی پێکەوەبوون و مانەوە و نیشتەجێبوونە، ئەوەشی تەحەدای مانەوەی ئەم پێکەوەبوونەی کردوە سەفەر بووە. پێکەوە گرێدانی ترس و سەفەر یان ڕەگە قووڵەکانی ترس لە سەفەر لەم پێکەوەگرێدانەی کۆمەڵایەتیبوونە بە نیشتەجێبوونەوە. مانا قووڵەکانی دەرکردن و ڕاوەدونانی ئینسانیش بەرەو مەنفا لەوەدا بووە کە مەنفییەکان بەوە سزابدرێن کە لەدەرەوەی کۆمەڵگا و لە دەرەوەی هەر جۆرە پێکەوەبوونێکی کۆمەڵایەتیدا بژین. لێرەدا بیرۆکەی سزادان و بیرۆکەی سەفەر بەقووڵی بەیەکەوە گرێدراون و تاڕادەیەکی زۆر لێکدیجیاکردنەوەیان زەحمەتە. لەم سیاقەدا دەستەواژەی سەفەر دەستەواژەیەکە دژ بە بیرۆکەی نیشتیمان. ئەگەر نیشتیمان بەڵێنبێت بەو ماڵەی کە هەرگیز بەجێینەهێڵین ئەوا سەفەر تێکدانی ئەم بەڵێنە و بەجێهێشتنی ئەو ماڵەیە. هەر لەم ڕەوتەشدا مەنفا ئەو سەفەرەیە کە لەپشتیەوە مەودایەکی دیاریکراو بۆ گەڕانەوە نییە. مانا کۆمەڵایەتییەکانی سزای مەنفیبوون لەم وێناکردنەی نیشتیمان و لەو بەڵێنەوەیە بە بەجێنەهێشتن.

وەک ووتمان ئەم گۆڕانە گەورە گەورانەی دنیای هاوچەرخ تا ڕادەیەکی زۆر دەسکارییەکی ڕادیکاڵ و قووڵی ماناکانی ماڵ و خێزان و نیشتیمان و تەنیایی و شوناسیان کردوە و هەلومەرجێکیان بەرهەمهێناوە کە تێیدا تا ڕادەیەک جوڵە بەسەر وەستان و و کۆچەربوون بەسەر نیشتەجێبووندا و فرەشوناسی بەسەر تاکشوناسیدا باڵادەستبێت. لەم هەلومەرجە نوێیەدا ئەویدی و نەناسراو و نەنزانراو چیدی لەشوێنێکی دوور و دەستپێنەگەیشتو و داخراودا نییە، بەڵکو دانیشتووی ئەو گەڕەک و شار و ناوچەیەیە کە تێیدا دەژین، یان لانیکەم لەڕێگای شاشەی تەلەفیزیۆن و ساتالایتەکانەوە دێتە ژووری نووستنەکانمانەوە. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەم شوێن و کەس و کۆمەڵگا هەن یەکشوناس بن، زۆربەی هەرە زۆری شوێنەکان یان بوونەتە شوێنی فرەشوناس یان لەڕێگادان بەرەو ئەوەی ببنە شوێنی فرەشوناس. ئینسانیش بەردەوام لەبەردەم تێڕامان و تازەکردنەوە و گۆڕینی شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیدایە. بەم مانایەیە دنیای هاوچەرخ دنیایەکە لە مەنفایەکی گەورە دەچێت.

تەواو وەک تاکەکەس، گروهەکانیش ناچارن لەو کۆڵەکە گەورانە ڕامێننەوە کە بنەمای شوناسی کۆییانی ڕاگرتووە و لەپاڵیاندا ماناکانی ژیان و بوون و کاروکردەوەکانیان دەستنیشاندەکەن. ئەم ئاڵۆزبوونە گەورەیەی شوناس و ئەم بەیەکداچوونە هەمەلایەنەی وێناکردنە جیاجیاکانی ژیان و ئەم بەیەکەوە گرێدانەی بەشە دوورەکانی جیهانە بەیەکەوە وادەکات ئەمڕۆکە هەستێکی غەریبی گەردوونی بەشێکی گەورەی جیهانی داپۆشیبێت و هەم تاکەکان و هەم گروهەکان هەست بە جۆرێک لە نامۆیی و مەنفیبوون و پەرت پەرتبوون بکەن. ماناکانی بوونی گۆی زەوی بە مەنفایەکی گەورە و بوونی هەر کەسێک بە مەنفی لەو گۆڕانکارییانەی سەرەوەڕا سەرچاوەدەگرن.

بێگومان مەنفا بەهیچ مانایەک دیاردەیەکی هاوچەرخ نییە، دیاردیەک نییە بەرهەمی سەدە تازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و ژیانی هاوچەرخی ئینسان بێت. ڕەگەکانی مەنفا قووڵ بە مێژوو و بوون و خەیاڵی ئینسانیدا ڕۆچوونەتە خوارەوە و چیرۆکە سەرەتاییەکانی ئینسان چیرۆکێک نین لەدەرەوەی مەنفا و ئەزموونی مەنفاییدا. ڕەنگە بشێت سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بۆ یەکێک لەو مەنفیبوونە گەورانەی خەیاڵی ئایینی ببەینەوە کە ئینسان بێوەڕسبوون هەزارانساڵە دووبارە و چەند بارەی دەکاتەوە و وەک ڕووداوێکی ڕەمزی بەسەر ووشیاری و فانتازیا و وێناکردنەکانی خۆیدا سەپاندویەتی. مەبەستم لەو مەنفیبوونە، مەنفیبوونی ئادەم و حەوایە لە بەهەشتەوە بۆ زەوی، تەرەبوونی ئینسانە لە مەملەکەتی لەزەتەوە بۆ مەملەکەتی کار و گواستنەوەیە لە دنیای بەر لە مەعریفەوە بۆ دنیای ناو مەعریفە و لە گەردون و جوگرافیایەکی نادیار و ئاسمانییەوە بۆ ژیان و جوگرافیایەکی سەرزەمینیی. لەم حیکایەتە ئایینییەدا مێژووی مرۆڤایەتی لەم کۆچە گەردونییەوە دەستپێدەکات و ئەم کۆچەش وەک سزادانێکی ئەنتۆلۆژی بەشێکی دانەبڕاوە لە بوونی ئینسانی و لە خودی ژیان خۆی و لەو ئاییندەیەش کە ئینسان بەرەو ڕووی دەچێت. لە خەیاڵی ئایینی و وێناکردنەکانی ئاییندا بۆ ژیان کۆچی ئادەم و حەوا بۆ سەر زەوی سەرەتای پەیدابوونی مێژووە، سەرەتای پەیدابوونی زمان و ناونانی دیاردەکانی گەردوونە و سەرەتای سزادانێکە کە هەموو مرۆڤایەتی تێیدەکەوێت. کۆچی ئەم دوو بوونەوەرە سزادراو و یاخییە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێیە لە شوێنێکی نوێدا. هێزێک دێت و ئەم دوو بوونەوەرە دەردەکات، سزایانئەدات و لەو ماڵەی کە شوێنی ژیان و حەسانەوە و دڵنیایی بووە تەرەیان دەکات. بەهەشت لەدۆخی ئادەم و حەودا، ماڵێکە لەدوایانەوە نەک دنیایەک کە بەنیسبەت ئێمەوە دەکەوێتە پێشمانەوە. بەهەشت لای ئەم دوو بوونەوەرە مەنفییە بەشێکە لە ڕابردوویان، نەک ئاییندە، ماڵێکە ئەیدۆڕێن نەک سەرزەمینێک بیبەنەوە. بەهەشت لای ئەم دوو بوونەوەر تەنها و دەرکراوە گەرمی و دڵنیایی و لەزەتێکە لەناودەچێت نەک ئارامییەک کە دوای مەرگ دەستیانکەوێتەوە. ئەزموونی ئادەم و حەوا بە پلەی یەکەم ئەزموونی مەنفا و مەنفیبوونە، نەک ئەزموونی مژدە بە دنیایەکی پڕ لەزەت و بەختەوەری. مەنفا سزایەکە و دەکەونە ناوییەوە، نەک مژدە بە ئاییندەیەک کە بیبەینەوە. بەڵام چیرۆکی ئەم دوو بوونەوەرە دەرکراوە لەهەمانکاتدا چیرۆکی دوو ئیرادەیە کە بەوەفا نین بۆ ئەو یاسا و جەبر و سنوورانەی بەسەریاندا سەپێنراون، ئەمان بۆیە دەردەکرێن، چونکە سنووری ئەو حەرامە دەشکێنن کە نەدەبوو بیشکێنن. دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەرکردنی ئیرادەیەکە کە دەخوازێت ئازادبێت و بە کۆمەڵێک حەلاڵ و حەرام گەمارۆنەدرێت. لە پشتی ئەم سزایەوە ئیرادەیەکی ئازاد و بەرگرییەک لە خود و ویستەکانی خود ئامادەیە.

لەدوای مەنفای ئادەمەوە ئیدی مەنفای پێغەمبەرەکان دەستپێدەکات، کەم پێغەمبەر هەیە مەنفا بەشێکی گرنگ و جەوهەریی ژیان و بیر و پەیامی نەبووبێت. زۆربەی پێغەمبەرەکان قۆناغێکی گەورەی مەنفا لە ژیانیاندا ئامادەیە کە تێیدا کامڵدەبن و تێیدا بناغەکانی پەیامە فیکری و ئەخلاقی و ڕۆحییەکانیان پتەودەبێت. لەم ڕووەوە ئەزموونی موسا دیارترین نموونەی پێغەمبەرێکە کە نەک تەنها خۆی، بەڵکو هەموو میللەتەکەی بەرەو مەنفا دەبات.

لە ڕۆژگاری یۆنانیشدا مەنفا هەلومەرجێک بووە ڕووبەڕووی زۆران بۆتەوە و تەنانەت خوداکان خۆشیان مەنفایان ئەزموونکردوە. خودای وا هەبووە لە لایەن خودا بەهێزەکانەوە سزا دراوە و لە دیوەخانی خوداوەندان دەرکراوە و بۆ شوێنی دی دوورخراوەتەوە، ئەپۆڵۆ نموونەی خودایەکی نەفیکراوە (Claassen 1999: 37). یۆنانییەکان نەک تەنها خودای نەفیکراویان هەبووە، بەڵکو خودایەکی تایبەتیشیان بۆ غەریبان هەبووە، زیۆس خودای غەریبانە، خودای ئەو غەریبانەیە ناچارانە یان بەهەڵە نیشتیمانی خۆیان بەجێهێشتوە و ڕێیان کەوتۆتە شوێن و جێ و سەرزەمینی دیکەی نەناسراوەوە. پاڵەوانە گەورەکانی یۆنانیش، ئەو پاڵەوانانەی نیوەئینسان و نیوەخودابوون و نووسەر و سیاسییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەش ئەزموونی مەنفا و مەنفیبوونیان تاقیکردۆتەوە؛ ئۆڤید،

ئۆلیسیس، ئۆرێستوس، هێراکسل هتد... نموونەی ئەو مەنفییانەن کە مێژووی مەنفای ئەو ڕۆژگارەیان بەرهەمهێناوە (ھ. س. پ ٣٧، ٣٨، ٣٩). لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریشدا دیسانەوە دیاردەی مەنفا و مەنفیبوونیان بە بەردەوامی ئامادەبووە، لە دنیای ئیسلامیشدا کەمنین ئەو خوێندەوار و سیاسی و یاخیگەرانەی بەردەوام لەشوێن و جێی خۆیان هەڵکەندراون و ناچارانە بۆ سەرزەمین و شوێن و جێی تر غەوارەکراون.

مێژووی ڕۆژگارە تازەکانیش لەزۆر ڕووەوە مێژووی مەنفایە، لە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان و لە قۆناغی بنیادنان و دامەزراندنی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی و هاتنەکایەی بزاوتی ناسیۆنالیزمیدا مەنفا سەرچاوەی هاتنەکایەی دەیان بیر و بۆچوون و تێڕوانینی نوێیە. تازەبوونەوەکانی فیکر و داماڵینی جادوو لە دنیا و هاتنەکایەی ڕۆژگاری عەقڵ و بەرقەراربوونی ئیرادەی ئازادیش لەزۆر ڕووەوە ڕۆژگاری ئازاردان و ڕاونان و هەڵاتنی ئەو ڕۆحە ڕەخنەگر و ڕۆشنگەرانەبوون کە چوارچێوەکانی بیرکردنەوە و بینین و وێناکردنی مرۆڤی هاوچەرخیان کراوە و فراوان و هەمەلایەنە دەکردەوە. کەم فەیلەسوف و ڕۆشنبیر و زانای گەورە هەن لەم پرۆسە گەورەیەی داماڵینی جادو لە جیهاندا ڕووبەڕووی مەترسی کوشتن و ئاوارەبوون و هەڵاتن نەبووبنەوە و مەنفا بەشێکی گرنگ و جەوهەری ژیانیان نەبووبێت. دیکارت، سپینۆزا، مارکس، فرۆید، هەموو قوتابخانەی فرانکفۆرت، هانا ئارنت، ڤالتەر بنیامین و دەیان نووسەر و زانا و فەیلەسوفی هەڵاتوو لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی سەردەمانی کۆمۆنیزمدا نموونەی ئەوانەن کە مەنفیبوون.

ئێستا گەر بمانەوێت ماناکانی مەنفا بەو شێوەیەی لە ئایین و مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کورتکەینەوە، دەشێت ئەم چوار مانایە بە مەنفا و ئەزموونی مەنفایی بدەین:

١ ـ لەپشتی بیرۆکەی مەنفاوە بیرۆکەی سزادان ئامادەیە، ئەم سزادانەش دەرەنجامی پەیڕەوینەکردنی کەسی مەنفییە لەو یاسا و نۆرم و داخوازییە واقیعی و ڕەمزییانەی لەوکاتەدا باڵادەستن.

٢ ـ لەپشتی مەنفاوە هەمیشە دوورخستنەوە و دەرکردنێک هەیە کە وابەستەی سەفەرێکی بەزۆر و سەپێنراوە. ئەم سەفەرە دوورکەوتنەوە و و دەرکردن و بەجێهێشتنێکی زۆرکارییە لەو ماڵەی سەرچاوەی ئارامی و دڵنیایی و بەختەوەرییە. ترس، نائارامی، شوێنی نەناسراو، شوێنی بێیاداوەری و بێ دڵنیایی لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی سەفەری ڕوو لە مەنفان. لەم سیاقەدا مەنفا مانای گۆڕانی ئینسان لە بوونەوەرێکی خاوەن ماڵەوە بۆ بوونەوەرێکی بێماڵ، گۆڕانی ژیانی ئینسانی مەنفیشە لە گشتێکی یەکگرتوو ناسراوەوە بۆ ژیانێکی پەرتپەرتبوو و پارچە پارچە و بێ لەنگەر و نەناسراو.

٣ ـ مەنفا هەڵگری مانای کامڵبوون و ووشیاربوون و سەربەخۆبوونی ئینسانە لە هەڵبژاردنی ئەو شتانەدا کە باوەڕی پێیانە و دواجاریش ئامادەگی قبوولکردنی دەرەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە تایبەتانە. بە مانایەکی دیکە مەنفا ئەزموونێکە شانبەشانی هەستێکی گەورە بە بەرپرسیاریەتی لەدایکدەبێت، باجێکە ئینسان ئامادەیە بیدات وەک دەرەنجامی بەکارخستنی ئیرادەی ئازادی خۆی.

٤ ـ مەنفا بەرهەمهێنەری خەونێکی تایبەتیشە. لەپشتی هەموو مەنفا و مەنفییەکەوە خەونی گەڕانەوە بۆ ماڵ ئامادەیە، خەونی گەڕانەوە بۆ ناو ئەو دونیا پڕ ئولفەت و گەرمی و یاداوەری و دڵنیاییەی کە لەساتێک لە ساتەکاندا بزر دەبێ. لە خەیاڵی ئایینیدا ئەم ماڵە بەهەشتە و لە خەیاڵی ئینسانی مەنفیشدا زادگا یان نیشتیمانە.

بێگومان گرنگترین سیفەتێکی مەنفا لەناو ئەو مێژووە درێژەدا کە بەخێرایی هێمامان پێکرد، ئەوەیە کە مەنفا شتێکی بەزۆرە و لەپشتی مەنفیبوونەوە جۆرێک لە فشاربۆهێنان و ڕاونان و زەبروزەنگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەیە. کەسی مەنفی کەسێکی سزادراوە و مەنفا دەرنجامی هەڵبژاردنی ئازاد و ئارەزووکردنێکی تایبەت و ویستی کەسی مەنفی خۆی نییە. مەنفا کردەیەکی سیاسییە، بۆ نموونە سەرکردەیەک، ڕژێمێک، پادشایەکی دیاریکراو، کەسێک یان کۆمەڵێک کەس

ناچار بە هەڵاتن و سەرهەڵگرتن بۆ سەرزەمینی دیکە دەکەن. زۆرجاریش وابووە کە گۆڕانێکی سیاسی هاتبێتەکایەوە، بۆ نموونە ئەو پادشایە مردبێت یان ئەو ڕژێمە سیاسییە گۆڕابێت، ئیدی کەسی مەنفی گەڕاوەتەوە، زۆرجار ئەو گەڕانەوانەش وەک گەڕانەوەیەکی پاڵەوانانە نمایشکراوە. دیارترین نموونەی هاوچەرخی ئەم گەڕاندنەوەیە گەڕاندنەوەی نوسەری سۆڤێتی سۆلجینیستنە بۆ ڕوسیا دوای کەوتنی کۆمنیزم و گەڕاندنەوەی شێرکۆ بێکەسیش دوای ڕاپەڕین بۆ کوردستان شتێکی لەم بابەتە بوو.

بەڵام ماناکانی مەنفا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهاتووە، مەنفا لەمڕۆدا چیدی بەتەنها مانای سزادان و دەرکردن و هەڵاتنێکی بەزۆر نییە لە زادگا، چیدی بەتەنها دەرەنجامی ناچاریی و فشارێکی مەترسیئامێز نییە، چیدی مەنفا بەتەنها کردەیەکی سیاسی نییە و گۆڕانی ڕژێم و سەرکردە و حیزبە سیاسییەکان کۆتاییپێناهێنن. مەنفا لەم سی ساڵەی ڕابووردودا بۆتە جۆرێکی تایبەت لە تیوریزەکردنی دنیا و فیکر و دیدێکی تایبەت دەربارەی ئینسان و شوێنوجێی ئینسان لەناو جیهاندا. من لە لاپەڕەکانی پێشودا باسی ئەو گۆڕانە گەورەگەورانەم کرد کە بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا هاتووە و ئەوەشم ووت کە کەسێکی وەک دۆڵۆز داوای هاتنەکایەی زانستێکی نوێ وەک زانستی کۆچەرناسی دەکات. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بۆ ئەو بۆچوونانەی زیادکەم گۆڕانی ماناکانی مەنفا و مەنفیبوونە لە سزادانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە بۆ جۆرێک لە جیهانبینی، جیهانبینییەک کە تێیدا جیهان و دیاردەکان لەدیدی کەسێکی گەڕۆک و شکێنەری سنوور و نانیشتەجێ و فرەپێناس و تەحەداکەری مانا باڵادەستەکانەوە دەبینرێ و وێنادەکرێت. مەنفا لەم دیدەدا میتافۆری جیهانبینییەکە کە پایەکانی لەناو جوڵە و گەڕان و گۆڕاندایە، جیهانبینییەک کە کۆچدەکات و بە کۆچ دەژی و کۆچ دروستیدەکات، مەبەست لە کۆچیش لەیەککاتدا هەم کۆچی جوگرافی هەم کۆچی مەعریفی و مەنهەجی و فەلسەفییە. لەم دیدە نوێییەدا مەنفی ئەو کەسەیە لەیەککاتدا توانای دیتنی زیاد لە ئاراستەیەکی هەیە و لەسەر پارچە جیاوازەکانی زیاد لە سیستمێکی مانا وەستاوە و بەزیاد لە ئاراستەیەکدا بیردەکاتەوە. بۆیە مەنفا لەم وێناکردنەدا سزا نییە، بەڵکو پێدراوێکی سوودبەخش و گرنگ و دەوڵەمەندکەرە کە دنیا لە ئاڵۆزییە فیکری و فەلسەفی و شیعرییەکەیدا دەبینێت و ماناکان و شوێنەکان و پێناسەکان و دیدە جیاوازەکان بەیەکدی تێکەڵدەکات.

خاڵێکی دیکە کە سیفەتی مەنفای هاوچەرخە ئەو ڕاستییەیە کە بەشێکی گرنگی مەنفییەکانی ئەمڕۆ مەنفی سیاسی نین. لەپشتی تاراوگەبوونی زۆر مەنفییەوە فشارێکی سیاسی و مەترسیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژیان و بوونی مەنفییەکان لە ئارادانییە. ئێدوارد سەعید کە ئەمڕۆ بەیەکێک لە مەنفییە گەورەکانی ئەم ڕۆژگارە دادەنرێت پیاوێک نییە لەبەر مەترسییەکی سیاسی هەڵاتبێت و لەپشتی مەنفیبوونییەوە فشارێکی سیاسی تایبەت لەئارادا بێت. ئێدوارد سەعید سەر بەو نەوە تازەیەی مەنفا و مەنفیبوونە کە ماناکانی مەنفیبوون لە کردەیەکی سیاسیی و فشار و زۆربۆهێنانەوە بەدەستناهێنن. بەڵکو مەنفا لای ئەم پیاوە چ وەک فیکر و چ وەک شێوازی ژیان بۆتە جۆرێکی تایبەت لە جیهانبینی، سەعید کەسێکە مەنفیبوونی کردۆتە هەڵوێستێک لە فیکر و لە مەعریفە و لە جیهان.

ئیڤا هۆفمان Eva Hoffman لە پێناسی مەنفا و مەنفیبوونی هاوچەرخدا باس لە فشار و زۆربۆهێنان و ڕاوەدوونانی سیاسی ناکات، هۆفمان باس لە سێ شتی دیکە دەکات کە کارەکتەری سەرەکی مەنفا و مەنفیبوونی هاوچەرخ دەستنیشاندەکەن، ئەو سێ شتەش بریتین لە "بێشوێنی، بێئاراستەیی و پارچەپارچەبوون" (Buruma 2000: 7). بە مانایەکی دیکە مەنفا بریتییە لەو سەرزەمینە تایبەتەی بوون کە تێیدا یەکێتی و هاوئاهەنگی و گشتێتی وونە و لەباتی ئەوانە ژیان پڕیەتی لە جیاوازی و پارچەپارچەبوون و فرەئاراستەیی. لە چوارچێوەی تیۆرە تازەکانی فیکری پۆست مۆدێرندا ئەم نەمانی یەکێتییە، ئەم دابەشبوونە ناوەکی و ئەم فرەڕەهەندی و هەمەچەشنییەی

تەماشاکردن لەزۆر ڕووەوە مایەی ستایشکردن و بەرزنرخاندنن. لێرەدا دیدی مەنفی ئەو دیدەیە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و دنیای دەرەوەش لە هەمەڕەنگی و کورتنەکردنەوەیدا بۆ یەک وێنە و نەخشە و پێناسی جێگیر وێنادەکرێت. مەنفی ئەو کەسەیە کە بەنێو سنووری پێناس و مانا و نەخشە جیاجیاکاندا دێت و دەڕوات، بێئەوەی خۆی لە سنووری پێناسێک، مانایەک، یان نەخشەیەکی تایبەتدا بەندکات. مەنفی ئەو کۆچەرە فیکری و مەنهەجی و ئیستاتیکییەیە کە لە هیچ تێز و تیورە و ئایدیۆلۆژیا و پێناس و شوناسێکدا جێینابێتەوە و هەمیشە لەدووی جیهانبینییەکە کە دنیا لە ئاڵۆزی و ژیان لە فرە مانایی و شوناس لە فرە ڕەهەندیدا ببینێت. مەنفی ئەو گەڕیدە هاوچەرخەیە کە هەمیشە لەدەرەوەی سنوورەکاندایە و پێیەکی لێرەیە و پێیەکەی دی لەشوێنێکی دیکە، مانایەکی لە ڕۆژهەڵاتەوە هێناوە و مانایەک لە ڕۆژئاواوە، بەشێ لە شوناسی لە سەرەوەی گۆی زەوییەوە هاتووە و بەشەکەی دیکەی لە خوارە. لەم وێناکردنەدا مەنفی کەسێکە تا سەر ئێسقان بێماڵ، ئینسانێکە زەوی جێگەی خەوی و ئاسمان لێفەی سەر سەریەتی، بوونەوەرێکە بەناو هەموو مەنهەجەکاندا تێدەپەڕێت، بەناو هەموو تێز و تیورەکاندا دەڕوات، سەریدەکات بەماڵی هەموو کولتوورە سەرەکی و لاوەکییەکاندا، بە جوگرافیای جۆرە جیاوازەکانی یاخیبووندا ڕەتدەبێت، بەڵام لەهیچکامێکیاندا نیشتەجێنابێت و لەهیچشوێنێکدا ماڵێک دروستناکات. مەنفی هاوچەرخ ئەو بوونەوەرە فرەڕەهەندەیە کە ماڵی نییە و بە هیچ سنوورێک نابەسترێتەوە. مەنفی هاوچەرخ ئینسانێکە جیهان وەک گشتێک ماڵیەتی و فیکر وەک گشتێک سەرینەکەیەتی و جوانی کوورتناکاتەوە بۆ یەک نیگا.

بێگومان یەکەمین شتێک ئەم گەڕیدە گەردوونییە و ئەم کۆچەرە هاوچەرخە لەدەستی دەدات، دڵنیاییە؛ دڵنیایی کە یەکەمین و گرنگترین بەرهەمی بوونی ماڵ و نیشتەجێییە. مەنفا بەم مانایە نەمانی ئەو دڵنیاییە سادانەیە کە بەرهەمی ئەو قۆناغانەن کە تێیدا ئینسان ماڵی هەبووە، ماڵی جێگیر و نەگۆڕ و هەمیشەیی (بێگومان ماڵ لێرەدا میتافۆرە، میتافۆری دڵنیاییەکی هەمیشەیی، نەک ماڵ وەک شوێنی خەوتن و پشوودان). هەستکردن بە بێماڵی، هەستکردن بەوەی هەموو جیهان ماڵی تۆیە، هەستکردن بەوەی کە لەیەککاتدا سەر بە زیاد لە جوگرافیا و کولتوور و نیشتیمان و ماڵ و ئەزموونێکی حەیاتی و ئیستاتیکیت، هەستکردن بەوەی کە هەڵگری شوناسێکی هەزاران هەزار پارچەییت، هەستکردن بەوەی خەیاڵ و عەقڵ و خولیات سەر بە دەیان سەرزەمینی فیکری و مەنهەجی و ئیستاتیکی جیاوازن، ئەو مانا نوێیانەیە ئەمرۆکە بە مەنفا و ئەزموونی مەنفایی دەدرێت. بەڵام هەموو ئەمانە لەسەر حیسابی بوونی دڵنیاییەکی ناوەکی و پشوودان و پاڵدانەوەیەکی فیکری و مەنهەجی و وجودی.

بەکورتی ئینسان بۆئەوەی لە جیهانی ئەمرۆدا ببێتە گەڕیدەیەکی نوێ و ئەم گەڕیدەبوونەشی وەک هەڵوێستێکی فیکری و مەعریفی و ئیستاتیکی بەرامبەر بە جیهان بەرزبکاتەوە، مەرج نییە ڕاونراو و فشاربۆهێنراو و دەرکراوێکی سیاسیبێت. وەک ئێدوارد سەعید دەڵێت مەنفا لەم بۆچوونە تازەیەدا جۆرێکە لە میتافۆر، واتە ئیستیعارە، کە دەخوازێت شوێن و جێ و دنیای فیکری و ڕۆحیی و ئیستاتیکی ڕۆشنبیر لەناو ئاڵۆزییەکانی دنیای هاوچەرخدا دەستنیشانبکات و مەنفا بە بێماڵییەکی فیکری و مەعریفی و فانتازیی یەکسانکات. لە ڕاستیدا سەعید ڕای وایە کە تەنها لەم بێشوێنی و بێپێناسی و فرەشوناسی و فرەمەنهەجی و فرەدیدی و فرەڕەنگی و فرەدەنگییەدایە کە ڕۆشنبیر دەتوانێت لەمڕۆدا وەک بوونەوەرێکی ئەخلاقی بژی و بنووسێت و پەیوەندی خۆی بە ڕووداو و دیاردەکانی ناو ئەو جیهانەوە دەستنیشانکات کە تێیدا ئامادەیە (Buruma 2000: 7) . ئەو وێنەیەی سەعید بۆ مەنفی و ڕۆشنبیری مەنفایی هەیەتی وێنەی ئەدۆرنۆی فەیلەسوفی ئەڵمانی و یەکێک لەپایە گرنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە. ئەدۆرنۆ لە سەردەمانی هیتلەردا لە ئەڵمانیا هەڵدێت و دەچێتە ئەمریکا، ئەوەی بەلای سەعیدەوە گرنگە، خودی هەڵاتنەکەی ئەدۆرنۆ نییە و ئەو فشارە سیاسییەش نییە کە وا لە ئەدۆرنۆ دەکات ماڵەکەی بەجێبهێڵێت، گرنگی ئەدۆرنۆ لای سەعید لەوەدایە ئەو پیاوێکە لە ماڵەکەی خۆشیدا هەستی بە غەریبیکردوە. بەلای ئەدۆرنۆوە هەڵوێستی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیر

لەوەدایە لە ماڵی خۆیدا هەست بە غەریبی بکات و ئەم هەڵویستەش بەلای ئەوەوە تاقە هەڵویستێکی ئەخلاقی ڕاستەقینەیە. ڕۆشنبیر لەم دیدەدا ئەو کەسەیە کە پاسەوانی ئەو بەها ئەخلاقییانە دەکات کە ناهێڵێت دنیا لەناوەوەڕا بۆگەنبکات و ناهێڵێت بەناوی ماڵ و نیشتیمان و زادگاوە بەدڕەوشتی و بێحورمەتی بەرامبەر ئینسان و ژیان و کۆمەڵگا بکرێت. بەم مانایەیە هەم ئەدۆرنۆ و هەم سەعید ڕۆشنبیر وەک بوونەوەرێکی غەریب بە نیشتیمان و بە ماڵ و بە زادگا دەبینن و ئەم غەریبوونەشە ڕۆشنبیر لەدیدی ئەم دوو نوسەرەدا دەکاتە بوونەوەرێکی ئەخلاقی. بەم مانایە ڕۆشنبری ڕاستەقینە مەنفییەکی گەردوونییە و بەم مانایەش مەنفای هاوچەرخ بە تەنها مەنفایەکی سیاسی نییە.

**ئاستەکانی مەنفا**

پێش ئەوەی بێمە سەرباسکردنی مەنفای کوردی و نەوە جیاوازەکانی ناو ئەم مەنفایە، دەخوازم لێرەدا سێ ئاستی بەرجەستەبوونی مەنفا و سێ ئەزموونکردنی جیاوازی مەنفا لەیەکدی جیاکەمەوە:

**ئاستی یەکەم: مەنفا وەک سەرزەمینی خیبرەی بێشوێنی:**

لەم ئاستەدا مەنفا خیبرەیەکی فیزیاییە، خیبرەی بەریەکەوتنی هەستەکانی ئینسانی مەنفی و ئەو شوێنەیە کە دەکەوێتە ناویەوە، خیبرەی خۆدۆزینەوەیە لە شوێنێکدا تەواو جیاواز لە زادگا و نیشتیمانی ڕەسەنی خۆی. لێرەدا مەنفا ئەزموونی دەرککردنە بەو گۆڕانە بەرچاو و دیارانەی لە ژینگەدا دروستدەبێت. لەسەرێکەوە ئینسانی مەنفی ئەو وردەکارییە تایبەتانەی لێووندەبێت کە لە زادگادا وەک بەڵگەنەوێستێکی لۆژیکی و وەک درێژکراوەی هەستەکانی ئینسانیان لەناو ژینگەدا لێهاتووە، لەسەرێکی دیکەوە ئاشنابوونە بەهەندێک وردەکاری دیکەی شوێن کە ئامادەگییەکی نوێ لە هەستەکان و عادەتەکانی بینین و چێژتن و بۆنکردندا دەخوازن. بەمانایەکی دیکە ئەم ئاستە ئاستی لە دەستدانی ئەو وردەکارییە بچووکانەی شوێنە کە ئینسان تەمەنێکی درێژی لەناودا بەسەربردون و بوون بە بەشێک لەو وێناکردنە ناوەکییانەی کەسێک بەرامبەر بە دەوروبەر و شتەکانی ناوی هەیەتی و بێ ماندووبوونێکی زۆر دەتوانێت پەیوەندی و پێکهات و ماناکانیان دیاریبکات. بەڵام لەهەمانکاتدا ئاشنابوونیشە بە ئەزموونێکی دیکەی شوێن کە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کەسی مەنفی نەناسراوە. بێگومان شوێن تەنها ئەو توێژاڵە دەرەکییە نییە کە لەشێوەی تەرزێکی تایبەتی بیناسازی، جادە و شەقام، درەخت و سەوزایی، کەش و ئاوهەوا و بەرزی و نزمیدا دەردەکەوێت، بەڵکو ئەو متمانەپێکردن و ئولفەت و دڵنیاییانەشە کە شانبەشانی ئەو دەرکەوتە دەرەکییانە ئامادەیە. کێشەی مەنفا لەم ئاستەدا دەبێتە کێشەی بوون یان نەبوونی شوێنێک کە ئینسان باوەڕی پێبکات، شوێنێک بیناسێت و بزانێت دەبێت یان نابێتە نیشتیمانی ئەو، شوێنێک لەتوانایدابێت جۆرێک لە گەرمی و دڵنەوایی و دڵنیایی پێببەخشێت. ئەو کێشەیەی لەم ئاستەدا بۆ ئینسانی مەنفی دروستدەبێت کێشەی تێکچوونی سیستمی پەیوەندییەکانی ئینسانە بە شوێنەوە، لەدەستدانی شوێنێکی ناسراوە و کەوتنە ناو شوێنێکی نەناسراوە. ئەم ئاستەی مەنفا دەشێت بە ئاستی نۆستالژیای شوێن ناونووسیکەین.

**ئاستی دووهەم: مەنفا وەک سەرزەمینی خیبرەی پەیوەندی نوێ:**

ئەم ئاستەی مەنفا ئاستی گەڕانە بەدوای مانادا بەڵام نەک بەتەنها لە پەیوەندیدا بە دیوی دەرەوەی ئەو ژینگەیەی ئینسانی مەنفی دەکەوێتە ناویەوە، واتە نە بەتەنها وەک خیبرەی شوێن یان بێشوێنی، بەڵکو لە پەیوەندیدا بەو فەزا ناوەکییەوە کە تێیدا ماناکان بەرهەمدەهێنرێن. لێرەدا مەنفا خیبرەی پەیوەندیکردنە بەو دنیا ڕۆحی و فیکری و کولتووری و بەهاییەوە کە لەشوێنی کۆچبۆکردودا ئامادەیە. ئەم فەزا ناوەکییە فەزای زمان و نۆرم و بەها و نرخ و کولتوور و ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی و پێکهاتی مێژووی و ڕۆحی و فیکری و ئەدەبی و هونەری ئەو شوێنەیە کە تەعبیر لە شوناسی

باڵادەستی ئەو کۆمەڵگایە و ئەو ئینسانانە دەکات کە تێیدا دەژین. ئینسان لێرەدا بۆ بەرهەمهێنانی مانا تارادەیەکی زۆر ناچارە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بێت بەم ئاستە تایبەتەی مەنفاوە، ئەم پەیوەندییەش لە مەنفییەکەوە بۆ مەنفییەکی دیکە و لە گروهێکەوە بۆ گروهێک و لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێکی دیکە دەگۆڕێت. دەشێت ئەم پەیوەندییە شێوەی ناکۆکییەک یان جیاوزییەکی گەورە بگرێتەخۆی لە نێوان ناوەوەی ئینسانی مەنفی و ناوەوەی ئەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژی، دەشێت بەشێوەیەکیشبێت یەکێکیان ئەویدیەکەیان تەواوبکات، یاخود دەشێت دەربڕی تەباییەکی گشتی نێوان ئەو دوولایەنە بێت. مەسەلەی سەرەکی لێرەدا مەسەلەی لێکتێگەیشتن یان لێکتێنەگەیشتن، یەکدی قبووڵکردن یان نەکردن، کۆکبوون یان ناکۆکبوونی ئەو دوو دنیا ناوەکییەیە لەگەڵ یەکدا، مەبەستم دنیای ناوەکی ئینسانی مەنفی و دنیای ناوەکی شوێنی کۆچبۆکراوە. زۆرجار ئەم دوو دنیایە دوو دنیای ڕەمزی جیاوازن کە دوو زمان و دوو گراماتیکی جیاوازی بەرهەمهێنانی مانا و دەلالەت بەڕێوەیاندەبات. لێرەدا مەنفا خیبرەی بەردەوام پێناسەکردنەوەی ئێرە و ئەوێ، ئێستا و ئەوسا و من و ئەوانیدییە. لەم پێناسەکردنەوەیەدا بەردەوام ئێرە و بەردەوام ئەوێ و بەردوام من و بەردەوام ئەوان دەگۆڕێن. نیشتیمان چیدی شوێنێکی پێشتر پێدراو نییە، بەڵکو هەوڵێکی بەردەوامە بۆ دروستکردنی شوێنێک کە تێکەڵێکە لە شوێنە جێماوەکانی ناو یاداوەری و پارچە جیاجیاکانی ناو خەیاڵ و ئەو حیکایەتە بچووکانەی لە ئێستادا لەگەڵ هەندێک شوێنی ناو مەنفادا دروستدەبێت. نیشتیمان دەبێتە پرۆژەیەکی بەردەوامی دروستکردنەوە و بنیادنانەوە و داهێنان. لەم ئاستەدا ئینسانی مەنفی لەنێوان دوو دنیای جیاوازدا دابەشە و هەوڵی دروستکردنی فەزایەکی ڕەمزیش ئەدات کە تێکەڵێکە لە ڕەگەزەکانی هەردوو دنیاکە. لێرەدا هەستکردن بە گوناه و تاوانباری بەرامبەر بە هەردوو دونیاکە لە دەرکەوتە سایکۆلۆژییە هەرە دیارەکانی مەنفایە.

**ئاستی سێهەم: مەنفا** وەک جۆرێک لە هەڵاتن لە کۆی ئەو لێکدی - تێنەگەیشتنە - گەورانەی لەنێوان ئەو و کۆمەڵگای کۆچبۆکردوودا، لەلایەک و، ئەو و نیشتیمانی ڕەسەنی خۆیدا، لەلایەکی دیکەوە، دروستدەبێت. مەنفا لێرەدا یاخیبوون و تووڕەبوونێکی فرەڕەهەندە لە هەموو شوێنەکان و هەموو ئەو مانا و وێناکردن و پێناسانەی لەو شوێنانەدا ئامادەن. مەنفا لێرەدا هەڵوێستێکی یاخیگەرانە وڕۆمانسیانەیە لە شوێن و کۆمەڵگا و مێژوو، لە هەموو ئەو سیستمە ئەخلاقی و کولتووری و سیاسی و مەعریفییەی لەو ساتەدا ئامادەیە. لە ئاستی سایکۆلۆژیدا کەسی مەنفی لێرەدا لە پەیوەندییەکی سادۆ ماسۆشیدایە لەگەڵ خۆی و دنیا و دەوروبەر و بەتایبەت ئەو ترادیسیۆن و کولتوور و نیشتیمانەی کە بەجێیهێشتوون. گەر کەسی مەنفی تەسلیمی ئەم دۆخە سایکۆلۆژییە نەبێت، دەشێت ئەم ئاستەی مەنفا ببێتە ئاستی بوونی مەنفا بە جیهانبینی، ئاستی بوونی مەنفا بە جۆرێک لە عەقڵیەت و خەیاڵ و نائارامی و بێئۆقرەیی فیکری و ئیستاتیکی و دەلالی. لەقووڵاییدا ئەم ئاستە ئاستی تێکچوونی پەیوەندی ئینسانە بە هەموو جوگرافیاکانەوە و گەڕانە بەدوای جوگرافیایەکی ئیستاتیکی و دەلالی ناوەکیدا کە لە خود خۆیەوە دەستپێدەکات و بەرە و دەرەوە درێژدەبێتەوە.

بێگومان لە پەیوەندی ئەم ئاستانەدا بە شیعر و ئەزموونی شیعرییەوە دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە هیچ ئاستێک لەم ئاستانە لەویدیکەیان گرنگتر نییە. ئەم ئاستانە لە بەردەمی شیعر و ئەزموونی شیعریدا وەک یەکن و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەم ئاستەنە چۆن لە تێکستە شیعرییەکاندا ڕەنگیانداوەتەوە و بەچشێوەیەک لە ئەزموونێکی حەیاتییەوە کراونەتە ئەزموونێکی ئیستاتیکی. دواجار مانا جیاوازەکانی ئەم ئاستانە دەبنە مانای تایبەت لەناو شیعردا و لە ئەزموونی حەیاتییەوە دەگۆڕێن بۆ ئەزموونی شیعری. بەمەش هەر سێ ئاستەکە جارێکی دیکە لە ناو شیعردا بەرهەمدەهێنرێنەوە و دەبنە هەڵگر و خاوەنی ئیستاتیکایەکی تایبەت، ئەوەی گرنگ و بەهادارە چۆنیەتی ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی ئەو ئەزموونە ئیستاتیکیەیە، نەک ئەزموونە حایاتییەکە خۆی کە بەشێکە لە ژیانی شاعیرەکە لە دەرەوەی دەقە شیعرییەکاندا. لەکۆتاییدا ئەزموونە حەیاتییەکە

لەناو وردەکانی ژیانی ڕۆژانە و لەناو تەپوتۆزی تێپەڕینی ڕۆژەکاندا بزردەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەزموونە شیعرییەکە و بەرهەمهێنانەوەی ئەزموونە حەیاتییەکانە لەناو سەرزەمینی ئیستاتیکی و دەلالی دەقەکاندا.

خاڵێکی دیکە کە دەبێت بگوترێت ئەو ڕاستییەیە کە سنووری ئەم ئاستانە تا ڕادەیەکی زۆر بەناویەکدا چوون و ئەزموونی مەنفا تێکەڵبوونێکی بەردەوامی ئەم ئاستانەیە بەیەکدی. لێکجیاکردنەوەی ئەم ئاستەنە لەم نووسینەدا تەنها لێکجیاکردنەوەیەکی مەنهەجییە و هەوڵدانە بۆ پۆلینکردنی شێوە جیاوازەکانی ئەزموونکردنی مەنفا لەناو دەقە شیعرییەکاندا. بە مانایەکی دیکە بەهیچ جۆرێک دابڕانی ڕەها لەنێوان ئەم ئاستانەدا بوونی نییە.

**مەنفای کوردی**

سەرەتا با لەو ڕاستییەوە دەستپێبکەین کە هەڵەیەکی مەنهەجی گەورە دەکەین گەر قۆناغە جیاجیاکانی مەنفای کوردی بەیەکدی تێکەڵکەین و ڕۆژگارە جیاجیاکان و شێوە جیاوازەکانی ئەم مەنفایە بۆ یەک مانا و هۆکار و سیستمی دەلالی کورتکەینەوە. مەنفای هاوچەرخی کوردی نزیکەی دوو سەدە مێژووی هەیە و، هەڵەیە پێمانوابێت جیاوازی گەورە و ڕادیکاڵ لەنێوان قۆناغە جیاجیاکانی ئەم مەنفایەدا نییە و ژێرخانە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییەکانیان یەک ژێرخانە. وەک لە لاپەڕەکانی داهاتوودا نیشانیئەدەین ئەزموونی مەنفای ئێمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لای کەسێکی وەک نالی تەواو جیاوازە لە ئەزموونی مەنفا لای حاجی قادری کۆیی کە لە بەشی دووهەمی هەمان سەدەدا ژیاوە. بەهەمانئەندازە ئەو دوو ئەزموونەی سەدەی نۆزدەهەم تەواو جیاوازن لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەس لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا. لەپشتی هەریەکێک لەم ئەزموونانەوە دنیایەکی کۆمەڵایەتی و خەیاڵێکی فەرهەنگی و فانتازیایەکی سیاسی و کۆمەڵێک هەڵوێستی وجودییانەی جیاواز هەن کە ناتوانین بەهیچ مانایەک بۆ یەک ئەزموون و یەک دید و یەک شێوازی مەنفا و مەنفیبوون کوورتیانکەینەوە. لێرەوە یەکەمین شتێک من خۆمی لێلادەم دۆزینەوەی هاوبەشێکی کۆمەلایەتی و فیکری و مەعریفی و خەیاڵیی و سایکۆلۆژییە لەپشتی ئەم ئەزموونە جیاوازانەوە، چونکە بوون یان گریمانکردنی هاوبەشێکی لەو جۆرە جگە لە وەهمێکی فیکری و گریمانێکی مەعریفی هەڵە شتێکی دیکە نییە. لەباتی ئەمە من لێرەدا هەوڵی نیشتەجێکردنی هەریەکێک لەم ئەزموونانە لەناو سیاقی تایبەتی خۆیاندا ئەدەم و لەناو ئەو سیاقە تایبەتەشدا بەدوای ماناکانی مەنفا و مەنفیبوونی ئەم شاعیرانەدا دەگەڕێم. بەلاّم پێشئەوەی بەم کارە هەڵسم باچەند سەرنجێکی گشتی دەربارەی ئەزموونی مەنفا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ئاشکراکەم، چونکە من پێموایە مەنفای کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین کە لە قۆناغەکانی بەر لەم ساتەدا لەئارادا نەبوون.

ئەزمونی مەنفا لە کۆمەڵگای ئێمەدا و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا چیدی مەسەلەیەکی سادە و کاتی و تێپەڕ نییە، بەڵکو ڕاستییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی و سایکۆلۆژی و کولتووریشە. مەنفا ڕاستییەکی سیاسییە بەمانای ئەوەی بەشێکی گەورەی مەسەلەی کورد ئەمڕۆکە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بە ئامادەگی کوردەوە لەناو سێنتەری شارە گەورە و گرنگەکانی دنیادا و زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی ئەو ناوەند و سێنتەر و ڕێکخراوە کولتووری و سیاسی و کۆمەلایەتییانەی بۆ پاراستنی شوناسی سیاسی و کولتووری و کۆمەلایەتی کوردی دروستدەکرێن، ئەمە جگە لەوەی ئامادەگی ئەو ژمارە زۆرەی کورد لە مەنفادا ناڕاستەوخۆ چیرۆکی ئەو سیستمە تۆتالیتێر و ستەمگەرانە دەگێڕێتەوە کە کوردیان ناچار بە هەلاّتن و غەوارەبوون کردوە

ڕەهەندێکی دیکەی سیاسییبوونی ئەم مەنفایە لەو ڕاستییەدایە کە چیرۆکی تاڵی پەیوەندی نێوان

ئینسانی ئێمە و نیشتیمانی خۆی دەگێڕێتەوە، پەیوەندییەک کە هەندێکجار لە سنوورەکانی نەفرتلێکردن و ڕق و دژایەتیکردن نزیکدەبێتەوە. مەنفا مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیشە بەو مانایەی سەرچاوەی هاتنەکایەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری سۆسیۆلۆژی گرنگە چ لەناو خۆی کوردستان و چ لەناو کوردەکانی دەرەوەی کوردستاندا، مەنفا لە دوو دەیەی ڕابووردودا بۆتە سەرچاوەی هاتنەکایەی جێگۆڕکێیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو لەناو کۆمەڵگای کوردیدا و بۆتە هۆکاری هاتنەکار و دروستبوونی کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی، کەم تا زۆر، سەربەخۆ کە ڕاستە لە ئێستادا لاوازن، بەڵام بێگومان ئایندەیان لەبەردەمدا دانەخراوە. مەنفا ڕاستییەکی ئەدەبیشە بەو مانەیەی مەنفا تا ئەم ساتەی ئێستامان کۆمەڵێک دەق و ئەزموونی ئەدەبی و هونەری بەرهەمهێناوە کە خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراون و پێویستییان بە خوێندنەوە و تێگەیشتن و ناسین هەیە گەر بمانەوێت بەشێک لەو گۆڕانە ڕۆحییانەی ئینسانی ئێمە تێبگەین کە مەنفا سەرچاوە و شوێنی لەدایکبوونیانە. سەرەڕای ئەمانە مەنفا هەقیقەتێکی سیاکۆلۆژییشە بەو مانایەی کە لە پشتی هەڵاتن و سەرهەڵگرتنی کوردەوە لە نیشتیمان سایکۆلۆژیایەکی تایبەت کاردەکات کە لەزۆر ڕووەوە جیاوازە لەو سایکۆلۆژیای بەرگری و یاخیبوونەی فەزای سایکۆلۆژی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمی کۆمەڵگای ئێمەی ڕەنگرێژکردبوو، مەنفا شایەتی گۆڕانی سایکۆلۆژیای بەرگرییە بۆ سایکۆلۆژیای هەڵاتن و چەپاندنی یاداوەری و هەستکردن بە گوناە و خۆ سزادان. سایکۆلۆژیای مەنفا لەم ئاستەدا سایکۆلۆژیای لەبیرکردنی مێژوویەکی درێژی بەرگرییە کە لە هەڵاتن لە ڕابوورد و لە سومبول و خوێن و نوشوستی و مژدە نەهاتوەدییەکانیدا بەرجەستەدەبێت. کولتووری مەنفاش لەپاڵ هەموو ئەو گۆڕانانەی لە ڕەهەندەکانی دیکەدا هاتۆتە کایەوە بۆتە یان خەریکە دەبێتە کولتوورێکی تایبەت کە تێیدا کەم تا زۆر ڕۆحی فەردانیەت و جۆرێکی دیکەی وەلاء و کردنەوەی ئەگەری نوێی گۆڕان و سیاسەتێکی نوێی یاداوەری تێدا دروستدەبێت.

من لێرەدا مەودای قسەکردنم لەسەر هۆکارەکانی هەڵاتن و سەرهەڵگرتنی ئینسانی ئێمە لە زادگا و نیشتیمانی خۆی نییە و مەبەستی ئەم ووتارەش خوێندنەوەی ئەو هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی و ئایینییانە نییە کە پاڵ بە ئینسانی کوردەوە دەنێت بۆ سەرهەڵگرتن و هەڵاتن و گۆڕینەوەی نیشتیمان بە مەنفا. بەڵام دەستنیشانکردنی هەندێک کارەکتەری تایبەتی ئەم مەنفایە لەڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە هەنگاوێکی سەرەتایی پێویستە بۆ قسەکردن لەسەر چوارچێوە گشتییەکانی مەنفای کوردی لە ئێستادا. ڕەنگە گرنگترین کارەکتەری مەنفای کوردی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کۆییبوونی ئەم مەنفایە بێت. ئەم مەنفایە بەشێوەیەکی گشتی مەنفای هەڵاتنی خێزان و هەندێکجار بنەماڵەکانە وەک گشتێک، نەک تەنها مەنفای هەلاتنی تاکەکەسی کوردی. لای زۆربەی ئەو تاکەکەسانەش کە هەڵدێن خەیاڵی دروستکردنی خێزان لە مەنفادا زۆر بەهێزە. لێرەوە کارەکتەری کۆییبوون زاڵترین کارەکتەری ئەم مەنفا درەنگوەختەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە. بەپێی هەندێک مەزەنەی تایبەت ژمارەی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا نزیکەی دوو ملیۆن کەسە، ئەگەر ژمارەی گشتیی کورد لە نێوان بیست تا سی ملیۆندا بێت، ئەوا ژمارەی کوردی ناو مەنفا نزیکەی ١٠٪ ژمارەی دانیشتوانی کوردستانە.

کارەکتەرێکی دیکەی ئەم مەنفایە تائێستا لەوەدایە کە شکڵبەند نەبووە و نەبۆتە سەرزەمینێکی جیاوازی ئەزموونی فیکری و ئەخلاقی و کولتووری و سایکۆلۆژی پێگەیشتوو. لانیکەم ئەم ئەزمونانە هێشتا لەئاستی بەر لە بوونیان بە دەق و نووسین و بەرهەمی فیکری و کولتووری و نووسراودا دەژین و تائێستاش تاریکی و بێدەنگیەکی گەورەی کولتووری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی داپۆشیون. بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەم مەنفایە لە چەند دەساڵی داهاتوودا شکڵبەند دەبێت و کۆمەڵێک چیرۆکی دیکە دەربارەی ئینسانی ئێمە و دید و تێڕوانینی ئەو بۆ خۆی و دنیا و گەردوون و دیاردەکان دەگێڕێتەوە.

مەنفای کوردی لە ئێستادا سەرەتاکانی دەستکاریکردنی وێنەکان و ماناکان و یاداوەرییەکان دەژی، شتەکان سەرلەنوێ بە پرۆسەیەکی درێژی لەدایکبوونەوە و لێکدانەوە و بیرهاتنەوە و

پێناسەکردنەوەدا تێدەپەڕن. لەم پرۆسەیەشدا دەلالەت و مانا و گرنگی ئەو شتانە گۆڕانیان بەسەردادێت و جێگۆڕکێ و جوڵە و دینامیکیەتێکی نوێیان تێدا دروستدەبێت. چەمکەکانی خود، نیشتیمان، نەتەوە، کۆمەڵگا، ماڵ، سەفەر، غەریبی و تەنیایی و چەندان چەمکی دیکەی فەرهەنگی مەنفا سەرلەنوێ دەخوێندرێنەوە و لەژێر کاریگەری گۆڕانەکانی مەنفادا پێناسدەکرێنەوە. هەرکەس و گروەە و نەوەیەک مانایەکی تایبەت بەو چەمکانە و بە کۆی ئەو فەرهەنگە زمانی و دەلالیانە ئەبەخشێت کە مەنفا پێشکەشیاندەکات. مەنفا سیستمی مژدە و چاوەڕوانییەکانی ئێستا و ئاییندەش دەگۆڕێت، دەستکاری پەیوەندییەکانی نێوان ئینسان و شوێن، ئینسان و یادەوەری و ئینسان و زەمەن دەکات. بەم دەستکاریکردنەش گۆڕانی هێمن و لەسەرخۆ و هەمەلایەن دێتەکایەوە. ئەو خاڵەی لێرەدا دەبێت جەغدی لێبکەین ئەوەیە بۆ خوێندنەوە و ناسین و تێگەیشتنی ئەو هەموو دەرکەوتە تازانەی ناو مەنفای کوردی پێویستمان بە وزە و توانایەکی ڕۆشنبیری نوێ هەیە کە بتوانێت بکەوێتە دوای دەرکەوتە جیاجیاکانی ئەم گۆڕانانە و لە هۆکار و دەرەنجامەکانیان بکۆڵێتەوە.

وەک ووتمان یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی مەنفای کوردی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆییبوونی ئەم مەنفایەیە، بە شێوەیەکی گشتی مێژووی مەنفای کوردی لە سەدەی نۆزدەهەم و تا شەستەکانی سەدەی بیستەم مێژووی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری هەڵاتووە، بەتایبەتی مێژووی کۆمەڵێک پیاوی هەڵاتووە و مەنفا شوێن و جێ و جیهانی پیاوانی ئێمە بووە. بەڵام لە ئێستادا مەنفای ئێمە مەنفای زیاد لە نەوەیەک و زیاد لە دەستە و تاقمێکی کۆمەڵایەتییە. چەندە مەنفای نێری کوردی بەهەمانئەندازەش مەنفای مێی کوردیشە. ئەم سیفەتە نوێیەی مەنفا، واتە بوونی مەنفا بە مەنفای زیاد لە نەوەیەک و بە مەنفای مێی کوردیش، وادەکات پێکهات و کێشە و مژدە و تواناکانی ئەم مەنفایە زۆر جیاوازبێت لە مەنفای سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم. ئەم کۆییبوون و مێیینەبوونەی مەنفای هاوچەرخی ئێمە کۆمەڵێک کاراکتەری تایبەتی بەم مەنفایە بەخشیوە کە من بەشێوەیەکی گشتی لە باسکردنی ئەزموونی مەنفادا لای شێرکۆ بێکەس لەهەندێک لە دەرکەوتەکانی ئەدوێم.

بەڵام مەنفای کوردی تا ئێستاش، بە پلەی یەکەم، مەنفایەکی سیاسییە و لەپشتی دوورکەوتنەوە و بێماڵی و سەرهەڵگرتنەوە ترس و نائارامی و نەبوونی دڵنیایی و جەنگ و چەوساندنەوە ئامادەیە، لەپاڵ ئەمانەشدا هەڵاتن و ڕقداگیرسان و نەفرەتکردن لە نیشتیمانیش هۆکاری گرنگی بەرەو مەنفا چوونن. لەیەکەمیاندا ئینسانی ئێمە لەدەستی چەوساندنەوە و زۆربۆهێنان و ڕاوەدوونانێکی دەرەکی هەڵدێت، لە دووهەمیاندا لەدەستی کۆمەڵێک میکانیزمی دەروونی و ڕۆحی ناوەکی هەڵدێت کە وێناکردنەکانی نیشتیمانی لە وێناکردنێکی بەهەشتیانەوە بۆگۆڕیوە بە وێناکردنێکی دۆزەخیانە. لە یەکەمیاندا سزایەکی دەرەکی ئینسانی ئێمە بەرەو هەڵاتن دەبات، لە دووهەمیاندا سزایەکی ناوەکی و دەروونی سەری پێهەڵدەگرێت. لێرەوە ئەم مەنفایە لەسەرێکەوە هێمای تێکچوونی پەیوەندی ئینسانی ئێمەیە لەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆیدا، لەسەرێکی دیکەوە دەربڕی تێکچوونی پەیوەندی هەمان ئینسانە لەگەڵ ناوەوەی خۆیدا. لە خوێندنەوەماندا بۆ ئەزموونی مەنفای نالی و حاجی قادری کۆیی و شێرکۆ بێکەس ڕووکارە جیاجیاکانی ئەم کێشە دەرەکی و ناوەکییانە ئاشکرادەبن.

مەنفای ئێمە تا ئێستاش نەبۆتە جۆرێک لە هەڵبژاردنی تایبەت بۆ تەماشاکردنی جیهان و ڕاڤەکردنی شوێن و جێی ئینسان و دیاردەکان لە دیدی مەنفیبوونەوە، بەو مانایانەی لە لاپەڕەکانی پێشوتردا بە مەنفای نوێمان بەخشی. مەنفای ئێمە مەنفای ناچارییە نەک مەنفای هەڵبژاردن، لەپشتی سەرهەڵگرتنی تاک و گروپی کوردییەوە هەڵوێستێکی فەلسەفی ئامادە نییە، ئەوەندی جەبر و زۆربۆهێنانێکی سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵەیەتی و ئەخلاقی و دەروونی هەیە. لەڕاستیدا سەختی و قووڵی ئەم جەبرە دەروونی و ئەخلاقی و سیاسی و کولتوورییە خۆی یەکێک لەو هۆیانەیە کە ناهێڵێت مەنفا ببێتە هەڵوێستێکی فەلسەفی و شێوەیەکی نوێی جیهانبینی.

من لەم ووتارەدا باسی ئەو مەنفا گشتییە ناکەم کە بەشێکە لەژیانی ئەو هەزاران کوردەی ئەمڕۆکە لەدەرەوەی کوردستاندا دەژین. من لێرەدا قسە لەو بەشەی مەنفا دەکەم کە بۆتە کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی و تێڕوانینی فیکری و تایبەتمەندی دیاریکراو کە لەپاڵیاندا بەشێک لە مانا جیاوازکانی مەنفای کوردیمان بۆ دەردەکەوێت. من لەم وتارەدا تەنها قسە لە مەنفایەک دەکەم کە بووە بە شیعر، مەنفایەک کە لە ئەزموونی سێ شاعیری گەورەی ئێمەدا نیشتەجێیە، مەبەستم مەنفای نالی و حاجی قادری کۆیی و شێرکۆ بێکەسە. بۆ ئەم مەبەستەش من لای نالی تەنها تەماشای قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) و لای حاجی قادر تەماشای قەسیدەی (ووتم بە بەختی خەواڵو) و لای شێرکۆ بێکەسیش تەماشای قەسیدەی (دەربەندی پەپوولە) دەکەم.

لەم ووتارەدا هەوڵئەدەم هەریەکێک لەو مەنفایانە لەناو سیاقی مێژوویی و فیکری و ئەدەبی خۆیاندا جێگیرکەم و دەلالەتەکانیان لەو سیاقە تایبەتانەدا بخوێنمەوە.

**سێ مەنفا و سێ سەفەر**

هەر سێ قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) و (ووتم بە بەختی خەواڵو) و (دەربەندی پەپوولە)، قەسیدەی سەفەرن، سێ سەفەری خەیاڵی و سێ گەڕاندنەوەی تایبەت لە مەنفاوە بەرە و نیشتیمان. لە ڕووی زەمەنییەوە ئەم سێ سەفەرە دوانیان دەکەونە نیوەی یەکەم و نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە و سێهەمیاشیان دەکەوێتە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە. هۆکاری هەڵاتنی ئەم سێ شاعیرە جۆرە جیاوازەکانی ناچاربوونە و لە پشتی ئەم مەنفایانەوە ئەو جۆرە لە زۆر بۆ هێنان و ڕاوەدونان و دوورخستنەوەیە هەیە کە لەسەرەتای ئەم باسەدا لێیدواین. مانا گشتییەکانی ئەم سێ مەنفایە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو مانایانەی مەنفان کە یەکسانە بە جۆرێک لە سزادان و بێماڵی. لەم ئاستە گشتییەدا هەر سێ قەسیدەکە لەیەکدی دەچن و سەر بەو مێژووە درێژەی مەنفان کە لە ئادەم و حەواوە دەستپێدەکات و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان درێژەی هەیە. هەریەکێکیان چیرۆکی دوورکەوتنەوەی ئینسانێک لە زادگا و نیشتیمانی خۆی باسدەکات و هەریەکێکیشیان قسە لە سەفەرێکی خەیاڵی گەڕاندنەوە دەکات لە مەنفاوە بەرەو شوێنێ مناڵی و یادەوری و ڕابوردو. لەپشتی هەریەکێک لەم سێ قەسیدەیەوە هەستێکی قووڵ بە غەریبی هەیە، بێماڵیی و بێئۆقرەیی و ئاوارەییەک ئامادەیە کە هەریەکێک لەو سێ مەنفیەی ڕاپێچکردوە بۆ ئەنجامدانی سەفەرێکی خەیاڵیی بەرەو نیشتیمان. گەڕاندنەوەی ناو ئەم سەفەرە خەیاڵییانە بەزۆر مانا گەڕاندنەوەیە بۆ ماڵێک کە ئاشنایەتی و مناڵی و ووردەکارییەکانی ژیان و بوونی ئەو سێ شاعیرەی هەڵگرتوە لە هەرسێ قەسیدەکەدا، ئەم گەڕانەوەیە گەڕاندنەوەیەکی (ئادەم) یانەیە،تەواو وەک گەڕاندنەوەی ئادەم، ئەم شاعیرانە بۆ جۆرێک لە بەهەشت و بۆ ماڵێک نووقمە لەناو شەپۆلی ئولفەت و گەرمیدا، دەگەڕێنەوە..

لەدەرەوەی ئەم لێکچوونە فینۆمینۆلۆژییە گشتییەدا ئەو سێ قەسیدەیە و ئەزموونی مەنفا لە هەریەکێکیاندا بەتەواوی لەویدیان جیاوازە. گەڕانەوەی ئەم سێ مەنفییە تەنها لەڕووی فینۆمینۆلۆژییەوە لێکدەچن، تەنها لە ڕووە گشتییەکانی ئەزموونی مەنفا و مەنفیبوونە هاوشێوەن، دەنا لەڕووی تێگەیشتنی هەریەکێک لەو شاعیرانەوە بۆ مەنفا و ئەو مانایەی هەریەکێکیان بە مەنفای خۆی ئەدات، جیاوازن. لە هەمانکاتدا هەڵوێستی هەریەکێک لەم سێ شاعیرە بەرامبەر ئەو شوێن و سەردەم و جیهانەی تێیدا دەژین و ئەو مانایانەی لەو هەڵوێستانەوە هەڵیدەهێنجن تەواو لێکدی جیاوازن. هۆکارەکانی سەفەری هەریەکێکیش لەم سێ مەنفییە لەویدیکەیان جیاوازە، لە دۆخی نالیدا سەفەر بەرەو مەنفا ئەگەرچی ناڕەزاییەکی گەورەی بەرامبەر بەو هەلومەرجە تایبەتەی تێیدا ژیاوە تێدایە و سەفەرەکەی زیاتر فۆرمی پرۆتۆستێک دەگرێتە خۆی، بەڵام لە هەمانکاتدا جۆرێک لە هەڵبژاردن و بڕیاردانی تایبەتی نالی خۆشی تێدایە. بەمانایەکی دیکە لای نالی لانیکەم پەراوێزێک هەبووە بۆ بڕیاردان لەسەر مانەوە یان نەمانەوە لەکاتێکدا لای حاجی قادر هەڵاتن هەڵاتنە لەدەستی

هاونیشتیمانییەکانی خۆی و هەڵاتن بەزۆر مانا هەڵاتن بووە لە دەستی مەترسییەکی دیاریکراو کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ژیانی حاجی قادر بۆتەوە. شێرکۆ بێکەسیش لەدەستی داگیرکەران و ئەزموونێکی درێژ و خوێناوی بەرگریکردنێکی تراژیدیانە و ئەو دەرەنجامە سیاسی و ڕۆحی و وجودیانە هەڵدێت کە ئەم ئەزموونە دووروردرێژە دەیخاتەوە.

من لێرەدا و بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی مانا ناوەکییەکانی ئەم سێ ئەزموونەی مەنفا و ئەو پەیوەندیەی ئەم مەنفییانە لەگەڵ شوێن و ئەو چوارچێوەیەی تێیدا وێناکردنەکانی شوێن و دەلالەتەکانی شوێنی تێدابەرهەمدەهێن، ئەم سێ گریمانەیە پێشنیاردەکەم:

**گریمانی یەکەم:** مەنفای نالی، مەنفای پێش دروستبوونی چەمکی نیشتیمانە.

**گریمانی دووەم:** مەنفای حاجی قادری کۆیی، مەنفای سەردەمی دروستبوونی چەمکی نیشتیمانە.

**گریمانی سێیەم:** مەنفای شێرکۆ بێکەس، مەنفای قۆناغی وێرانبوونی نیشتیمانە.

هەر لێرەشدا و لەپاڵ ئەو سێ گریمانەیەی سەرەوەدا کە چوارچێوەی لێکدانەوەکانی من بۆ مەنفای کوردی دەستنیشاندەکات، دەمەوێت بەرگری لەم سێ بۆچوونەی لای خوارەوە بکەم:

١- ماناکانی شوێن لە ئەزموونی نالیدا تا ڕادەیەکی زۆر مانای ئایینین و نەخشەکانی دنیا و دابەشکردنەکانی شوێن ئەو نەخشە و دابەشکردنانەن کە ئایین پێشنیار و وێنایاندەکات. شوێن لای نالی شوێنی ناو کۆسمۆلۆژیای ئایینییە، شوێن لە قۆناغی بەر لە بە سیاسیبوون و بە نەتەوەییبوونی خەیاڵی جوگرافیی نەتەوەییدا دەژی. مەنفای نالی ناو دنیایەکە سەرتاپای لەناو ئایینداً نیشتەجێیە. ئەم مەنفایە لەناو ئەم ئەزموونکردنە ئایینیانەی شوێندا یەکسانە بەجۆرێک لە عەدەم، یەکسانە بە شوێنێک کە شوێنی تینویەتییەکی وجودی زۆر قووڵ و هەمەلایەنە.

٢- شوێن لە ئەزموونی حاجی قادری کۆییدا وردە وردە مانا ئایینییەکانی خۆی لەدەستئەدات و لە شوێنێکی کۆسمۆلۆژییەوە دەبێتە شوێنێکی مێژوویی، مانا ئایینیەکانی شوێن لاوازدەبن و مانا سیاسییەکانی وردە وردە باڵادەست. لای حاجی شوێن ئەو سەرزەمینەیە کە تێیدا مژدەی گەورەی تازەکردنەوە و بەختەوەری و هارمۆنیەتێکی بێئەندازە لەدایکدەبێت. حاجی قادر نە ئەو شوێنەی لێیدووردەکەوێتەوە، واتە نیشتیمان، نە ئەو شوێنەش کە تێیدا دەژی، واتە مەنفا، لەناو پێناس و وێناکردنێکی ئایینیدا نابینێت و شوێن لەم ئەزموونەدا چیدی بەتەنها بەشێک نییە لە جوگرافیایەکی ئایینی. شوێن لای حاجی قادر ڕاستەوخۆ دەبێتە شوێنی خەونبینی سیاسی و ئەنجامدان و پیادەکردنی پرۆژەیەکی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی گەورە، کە لە قووڵاییدا تەعبیرە لە هاتنەکایەی خەیاڵێکی نەتەوەییانەی شوێن و بارگاویبوونی شوێن بە مانای ئەتنی و نەتەوەیی. مەنفا لای حاجی قادریش بریتییە لەو شوێنەی کە تێیدا دەتوانێت بمێنێتەوە و بژی و لەڕاستیدا خەونی گەورە گەورەشی تێدا ببینێت. (ئەم خاڵە دواتر بە درێژی باسیدەکەین)

٣- لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەسیشدا شوێن بریتییە لە وێرانەیەکی سیاسی و مێژوویی و وجودی، کە لێوان لێوە لە چیرۆکی کوژراوی چەند سەدەیەک ڕاپەڕین و یاخیبوون و تێکشکان و هەستانەوەوە. شوێن لەم ئەزموونەدا لە سەرێکەوە بارگاویە بە مانای سیاسیی و وجودیی و کولتووری، لەسەرێکی دیکەشەوە بارگاوییە بە ماناکانی تراژیدیایەکی بێبڕانەوە و بەردەوام. شوێن لە ئەزموونی شێرکۆدا بەپلەی یەکەم سەرزەمینێکە بۆنی خوێن و دووکەڵ و مەرگ و بێگومان بەرگری لێدێت. لەم ئەزمونەدا شوێن ئەوەندە بارگاوییە بە مانای سیاسی وایلێهاتوە لەوە کەوتوە جوگرافیایەکی ئاسایی بێت، یان وردتر بدوێم شوێن لە ئەزموونی شێرکۆدا بەشێک نییە لە جوگرافیا، بەڵکو زیاتر مێژوو یان بەشێکی گرنگە لە مێژوو. لە ئەزموونی مەنفای شێرکۆدا شوێن و مێژوو، یان مێژوو و شوێن لێکدی جیاناکرێنەوە و هەردووکیان دوو ناوی جیاوازن بۆ یەکشت: ئەو شتەش بریتییە لە ئەزموونی کوردبوون. بە گۆڕینی جوگرافیا بۆ مێژوو ئیدی شوێن لەوەدەکەوێت کە پێدراوێکی سروشتی بێت و ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەو سەرزەمینە مێژووییەی کە کارەساتەکانی مێژووی ئێمەی تێدا بەرهەمدێت. مەنفاش لای شێرکۆ ئەو شوێنییەیە کە تێیدا نیشتیمان لە خەیاڵی شیعریدا بنیاددەنرێتەوە و ئەو

شوێنەشە جوگرافییایەکی گەورەی بەراوردکردن پێشکەشدەکات کەتێیدا مەنفا و نیشتیمان گەمەیەکی ئاوێنەیی لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و یەک خۆی بەویدی بەراورد دەکات و یەک خۆی بەویدی دەپێوێت.

بەکورتی ئەوەی من لەم نووسینەدا دەمەوێت بە خوێنەری نیشاندەم ئەو ڕاستییەیە کە هەریەکێک لەم سێ شاعیرە تێگەیشتنێکی تایبەت و مانای تایبەت و وێناکردنی تایبەتیان بۆ مەنفا هەیە و هەریەکێکیشیان لە جیهانبینییەکی جیاوازەوە تەماشای نیشتیمان دەکات، بۆیە هەم ئەزموونی مەنفا و هەم ئەزموونی نیشتیمان لەم سێ قەسیدەیەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەیەکدی جیاوازن. لەپاڵ ئەو لێکچوونە فینۆمینۆلۆژییە سادەیەدا کە پێشتر باسمانکرد دەریایەک لە جیاوازی لەپشتی ئەم سێ ئەزموونەی مەنفای کوردییەوە پەنهانە، ئەم نووسینە هەوڵدانی خوێندنەوەی ئەو جوگرافیا پەنهانەی جیاوازییە لە پشتی ئەم سێ ئەزموونە گرنگەی ئەدەبی ئێمەوە.

گرنگترین پرسیارێک نالی وەک مەنفییەک لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا دەیکات، پرسیاری ئەوەیە، داخۆ دەتوانێت بۆ ناو حوجرەکەی بگەڕێتەوە، یان مەسڵەحەت وایە تا ڕۆژی "نەفخی سور" لە مەنفا بمێنێتەوە؟ وەک دەبینین لە نێوان توانای گەڕاندنەوە و نەگەڕاندنەوەی نالیدا بۆ ناو حوجرەکەی پرسیارێک هەیە، پرسیارێک کە فاسیلەیەکی وجودی بۆ چاوەڕوانی و بڕیاردان دروستدەکات. ئەم فاسیلە وجودییە لە ئەزموونی نالیدا زۆر گرنگە، چونکە یەکەمین شتێک لە ئەزموونی شێرکۆ بێکەسدا لەناودەچێ و وێراندەبێت ئەم فاسیلە وجودییەیە، نالی توانای کردنی پرسیارێکی هەیە سەبارەت بە گەڕانەوە یان نەگەڕاندنەوە، ئەو هێشتا جۆرێک لە هەڵبژاردن لە ئاسۆکاندا دەبینێت، بە لام شێرکۆ یەکەمینشتێک لەدەستیئەدات توانای کردنی ئەم پرسیارەیە. شێرکۆ لە قۆناغێکدا مەنفا تاقیدەکاتەوە کە کوژراوی یەکەم تێیدا توانای کردنی ئەم پرسیارەیە، ئەو دوای وێرانکردنی نیشتیمان و دوای وێرانکردنی ئەگەرەکانی گەڕاندنەوە هەڵدێت. دەرچوونی شێرکۆ بێکەس لە نیشتیمان لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا لەزۆر ڕووەوە لە دەرچوونی ئادەم ئەچێت لە بەهەشت. وەکچۆن گەڕاندنەوە بۆ بەهەشت لای ئادەم تەنها لەڕێگای خەیاڵێکی ئایینییەوە مەیسەردەبێت و دوادەکەوێت بۆ زەمەنێکی میتافیزیکی نادیار، ئاواش گەڕاندنەوە بۆ نیشتیمان لای شێرکۆ بێکەس تەنها لە ئاستی خەیاڵێکی شیعریدا مومکینە و دەکەوێتە ساتەوەختێکەوە لەدەرەوەی ئەو مێژوو و جیهانەی دەربەندی پەپوولە پێشنیاریدەکات.

لای نالی وەڵامدانەوەی پرسیاری داخۆ بگەڕێتەوە یان نا، کە زیاتر پرسیارێکی سایکۆلۆژییە تا پرسیارێکی مێژوویی، تا ڕادەیەکی زۆر چ بە بڕیاری گەڕاندنەوەبێت یان نەگەڕاندنەوە، لە دەستی نالی خۆیدایە. کە دەڵێم ئەم پرسیارە پرسیارێکی سایکۆلۆژییە نەک مێژوویی، مەبەستمە بڵێم، ئەو هەلومەرجە مێژووییەی لەوکاتەدا لە ئارادابووە ڕێی لە هاتنەوەی نالی وەک پیاوێکی ئیماندار بۆ زادگای خۆی و ناو حوجرەکەی نەگرتووە؛ ئەگەر تورک لە سلێمانیدا بەشێوەیەک لە شێوەکان حوکمڕانیانکردبێت، ئەوا ئەستەمبوڵ پایتەختی ئەو دەسەڵاتە بووە کە لە زۆر ڕووەوە تورک بەڕێوەیبردوە. بەبۆچوونی من ڕەگی قووڵی پرسیاری گەڕاندنەوە یان نەگەڕاندنەوە لای نالی لەناو ئەو سایکۆلۆژیا تایبەتەدایە کە ئینسانی مەنفی ڕۆژانە لەناو ڕواقە تاریک و ڕووناکەکانیدا دێت و دەچێت، کردنی ئەم پرسیاری گەڕانەوەیە لای نالی وابەستەی هەلومەرجی مێژوویی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم نییە، ئەوەندەی پرسیارێکی ڕۆحیی نالییە و سەرچاوەکەی لەناو ئەو ئەزموونە ئایینییە قووڵ و تایبەتییەدایە کە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا بەدرێژیی باسیدەکەین.

حاجی قادر لە قەسیدەی (ووتم بە بەختی خەواڵودا) بڕیاری نەگەڕاندنەوە و مانەوە لە مەنفادا ئەدات و لەباتی گەڕاندنەوە داوای ئەوەدەکات کە لە نیشتیمان لەیادنەکرێت و شیعرەکانی لەبەرکرێن و بنە بەشێک لە یاداوەرییەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و لەنێو ئەو یاداوەرییەدا شوێنێکی شایستەی بۆ دابینبکرێت. ڕەنگە بڕیاری نەگەڕاندنەوە، کە لەپشتی دێڕەکانی قەسیدەکەوە بە ئاشکرا دیارە، ئەو لۆژیکە نادیارەبێت کە کۆی ئەزموونی مەنفای حاجی قادر بەڕێوەدەبات. بەبۆچوونی من ئەم بڕیارە گرنگترین ڕەگەزێکە لە قەسیدەکەی حاجی قادردا ئامادەیە. ڕاستە نالیش لە قەسیدەی (قوربانی

تۆزی ڕێگەتم)دا پرسیاری ئەوەدەکات داخۆ کەس لە زادگا باسی ئەو دەکات و "بە زارا دەکات عبوور"، بەڵام قورسایی ئەم پرسیارە لە قەسیدەکەی نالیدا بەو ئەندازەیە نییە کە لە قەسیدەکەی حاجی قادردا ئامادەیە. داواکارییەکەی نالی داواکارییەکی ڕاگوزەر و ناڕاستەوخۆیە و لەشێوەی پرسیارێکدا دەربڕراوە، لەکاتێکدا ئەم پرسیارە لە قەسیدەکەی حاجی قادری کۆییدا پرسیاری هەرەسەرەکی قەسیدەکەیەیە.

حاجی لەپشتی ئەو پرسیارەوە دەیەوێت بزانێت داخۆ شیعرەکانی بوونەتە بەشێک لە یادەوەری ڕۆشنبیری ئێمە یان نا، پرسیاری حاجی قادر دەربارەی ئەوە نییە داخۆ دۆست و هاوەڵانی ئەویان لەیادە یان نا. حاجی قادر دەیەوێت بزانێت داخۆ ئەو وەکو ڕۆشنبیرێک چەند لەناو ئەو کایە ڕۆشنبیرییەدا ئامادەیە کە لە نیشتیماندا بوونی هەیە، لە ڕاستیدا ئەو تەنها پرسیاری دەربارەی ئەم بوون یان نەبوون بە بەشێک لە یادەوەری ڕۆشنبیری ناکات، ئەو لە پشتی ئەو پرسیارەوە داواکاری ئەوەیە کە ببێتە بەشێک لەو یادەوەرییە. وەک دەبینین پرسیار دەربارەی گەڕاندنەوە لای حاجی قادر و لای نالی زۆر لێکدی جیاوازن و لەڕاستیدا تەعبیر لە دوو قۆناغی جیاوازی بوونی ڕۆشنبیری و کولتووری ئێمە دەکەن.

شێرکۆ بێکەس لە سەردەمانی نووسینی قەسیدەی (دەربەندی پەپوولەدا) مەودای گەڕاندنەوەی نییە و ئەو فاسیلەی پرسیارەی نالی هەیەتی ئەم لەدەستی داوە. دواجار شێرکۆ نیشتیمانێکی ژەهراوی و وجودێکی وێران و مێژوویەکی کوژراوی بەجێهێشتووە، گەڕانەوە بۆ ناو ئەو وێرانەیە لە دەربەندی پەپوولە تەنها لەیەکئاستدا مومکینە، ئاستی خەیاڵ و یادەوەری. شێرکۆ ئەو فاسیلە وجودییەی لەبەردەمدا نییە هەلی ئەوەی پێببەخشێت پرسیاری ئەوە بکات داخۆ بچێتەوە بۆ نیشتیمان یان نا، یان وەک حاجی لەباتی گەڕاندنەوە داوای کردنی شیعرەکانی بە بەشێک لە یادەوەری ڕۆشنبیری و فەرهەنگی بکات، شێرکۆ لەناو جیهانێکدا دەژی کە تێیدا ناچارە حەرف حەرف و ووشە ووشە و ئیقاع بە ئیقاع نیشتیمانی وێرانکراوی لەناو یادەوەری و شیعردا بینابکاتەوە. لێرەوە شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا لەبەردەم داخستنێکی وجودی گەورەدایە و لە نەفەقێکی داخراودا بەجێماوە، کاری شیعر لە دەربەندی پەپوولەدا بریتییە لە ڕووناککردنەوەی ئەو نەفەقە و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی درزێکدا بۆ هاتنە دەرەوە. شێرکۆ دەبێت سەرەتا لەو نەفەقەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو جیهان و دوای ئەوە عەوداڵی دۆزینەوەی نیشتیمانبێت. بەداخستنی هەر ئەگەرێکی گەڕانەوە لە دەربەندی پەپوولەدا ئیدی ئەزموونی مەنفای شێرکۆ لەباتی ئەزموونی ئارەزووی گەڕاندنەوە یان نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان دەبێتە ئەزموونی ڕاکێشانی نیشتیمان بۆ مەنفا، بردنی نیشتیمان بۆ دەرەوە و ناوەوەی ئەو نەفەقە کە بەشێکە لە وجودی مەنفیانەی ئەو لە مەنفادا.

بە کورتی دەشێت بڵێین ئەگەر لەنێوان نالی و جیهاندا حوجرەیەک هەبێت بۆڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان ئینسان و دنیا و لەنێوان حاجی قادری کۆیی و جیهانیشدا یۆتۆپیایەک ئامادەبێت بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە، ئەوا لە نێوان شێرکۆ و جیهاندا وێرانەیەک و داخران و گومانێکی گەورە هەیە. ئەگەر نالی لەڕێی حوجرەیەکەوە بە موتەعالی و موفاریق و بوونێکی ئاسمانی بەرفراوانەوە پەیوەستبێت، ئەگەر حاجی قادر خەونێکی یۆتۆپی بە مێژوو و بە دەرەوەی مێژووەوە گرێبدات، ئەوا شێرکۆ لە جیهانێکدا دەژی کە بێپەیوەندییە و ئەو شێوازی بوونەش کە جیهان بەمی دەبەخشێت جگە لە نیشتەجێبوونێکی بەردەوام لەناو وێرانە و ئەگەری وێرانبووندا شتێکی دیکە نییە. شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا جگە لە یادەوەرییەکی هاوبەش کە بۆیماوەتەوە، هیچ هاوبەشێکی دیکەی نەماوە بە جیهانییەوە گرێبدات، جیهان لە دەربەندی پەپوولەدا لە باشترین حاڵەتدا سەرزەمینی نەناسین و لێتێنەگەیشتن و بێپەیوەستییە بەوانی دیکەوە، ئەمە ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە ئەم جیهانە جیهانێکی دوژمنکارە. لەم ئاستەدا دەربەندی پەپوولە چیرۆکی شاعیرێک دەگێڕێتەوە کە لەباتی ژیان لە جیهانێکی هاوبەشدا، لە ناو یادەوەرییەکی هاوبەشدا دەژی، لێرەوە جیهان ماناکانی خۆی وەک سەرزەمینی مانا و شوناس و پێکەوەبوون لەدەستئەدات و یادەوەری دەبێتە شوێنی بەرهەمهێنان و بنیادنان و دۆزینەوەی ئەو شتانە. ئەوەی لێرەدا گرنگە پێی لەسەر داگرین ئەوەیە کە بێگانەبوون لە

دنیـا نابێتـه هۆكـاری بێگانـەبوون لە خـود، چونكە خـود تا سـەر ئێسـقان خـەریكی بنیـادنانەوە و كۆكردنەوە و نووسینەوەی یاداوەرییەكە كە هەموو وجودی تێدا كۆكردۆتەوە. لەڕاستیدا لەدەستدانی ئەم جیهانە هاوبەشـەیە لەدەربەندی پەپوولەدا شیعری ڕاستەوخۆ كردۆتە مـانیڤێستی نووسینەوە و خوێندنەوە و دروستكردنەوەی یاداوەری.

ئێستا ئیدی هەوڵئەدەم لە دەلاقـەی ئەم جیاكاریە سـەرەتاییانـەوە لە ئەزمـوونی مـەنفـای ئەم سێ شاعیرە گەورەیەی ئەدەبی كوردی بڕوانم و ئەو گریمانانەی لەسەرەوە پێشنیارمكردن بسەلمێنم.

## جوگرافیای خەیاڵی نالی
## زادگا لە شوێنی نیشتیمان

هەركـەسـێك قـەسـیدەی (قـوربـانی تۆزی ڕێگەتم) بە وردی بخـوێنێتـەوە ئەو ڕاسـتـیـیە سـادەیەی بۆ ئاشكرادەبێت كـە نالـی بۆ ناوچەی سلێـمـانی دەگـەڕێتـەوە. لـەناوچەی سلێـمـانیـشـدا نالـی بۆ ئەو شـوێنانەی لـەنزیكەوە ناسـیـوونی و بەشـێـوەیەك لـەشـێـوەكـان مـەنزڵگا و زادگـا و مـاڵی ئەو بوون، دەگـەڕێتـەوە. شـوێن لە (قـوربـانی تۆزی ڕێگەتم) دا شـوێنێكی جوگرافـی دیاریكراوە، شـوێنێكە نالی ووردەكارییەكانی ناسیوە و بەشێكبووە لە شـوێنی ژیانی ڕاستەوخۆی ئەو. نالی لەم قەسیدەیەدا باس لە شوێنێكی خەیاڵی و لە سەرزەمینێكی گەورە و فراوان ناكات، باس لەو جوگرافییـە خەیاڵییە ناكات كە ناوی كوردستـانە و لەڕاستـیدا باس لە نیشـتـیـمانیش ناكات، نالی لە قـەسیدەی (قـوربـانی تۆزی ڕێگەتم) دا بـاس لە زادگـا دەكات. شـارەزور، شـیـوەسـور، سـەرچنار، بەكـرەجـۆ، سلێـمـانی، پردی سـەرشـەقـام، داری پیرمـەسور، قـەبری شێخ هەباس، كانی با، گردی سەیوان، كانی ئاسكان، شیوی ئاودار، تانجـەرۆ، خـانەقا، ئەمانە ئەو شـوێنانـەن كە نالی دێڕ بە دێڕ وەك جوگرافیاناسێك باسیان دەكات. بۆ هەمووانیش ئاشكرایە ئەم شوێنانە نـەك هەمـوو نیـشـتـیـمـان نین، بەمـانای نیـشـتـیـمـانی نەتەوەیی كورد، بەڵكو تەنها زادگای نالی خۆین. ئەو گریمانەیەی من لێرەدا بـەرگری لێدەكەم ئەوەیە كە لەڕۆژگاری نالیدا چەمكی نیشتیمـان یان چەمكی نیشتیمانی نەتەوەیی بوونی نەبووە، ئـەزموونی ئینسـانی ئێمە لەو ڕۆژگارەدا لەگەڵ شـوێندا ئەزموونی زادگـا و دەرەوەی زادگایە. مـانا ئایینییـەكانی شوێن لەو ڕۆژگارەدا، شوێنی موسڵمانان و باوەڕداران بـەرامبەر شوێنی ناموسڵمانان، یان وەك لە خـەیاڵی جـوگرافـیی ئیسـلامـدا ئاشكراتر دەگـوترێت (مـاڵی ئیسـلام ) بەرامبـەر بە (مـاڵی جـەنگ) و لەباشـترین دۆخیشدا سـەرزەمـینی ئیمـارەتێكی كوردی بەرامبـەر بە ئیمـارەتێكی دیكە، دەستنیشـانی خـەیاڵی جـوگرافـیی ئینسـانی ئێمـەی كـردوە. بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم بۆچـوونە بـا مـەبەسـتم لە چەمكی زادگا زیاتر ڕوونكەمەوە.

چەمكی زادگـا تەعبیر لەو سـەرزەمـینە دیاریكراوە دەكـات كە شـوێنی لەدایكبـون و گەورەبوون و مـردنی كـەسـێكە، زادگـا شـوێنی نـاسین و تێگەیشتن و لێكدانـەوەی مـانـاكـانی شـوێن و دەوروبەر و جیـهـانە لە دەلاقـەی ئەو جوگـرافـیـیـا بچـووكـەوە كە ئینسـان تێـیدا لەدایكدەبێ و گـەورەوە دەبێ و زۆرجـاریش هـەرلەوێدا دەمرێت. زادگا بـەهیـچـجـۆرێك مـانای نیـشـتـیـمـان ناگـەیەنێت، نیـشـتـیـمـان شوێنێكە گەورەتر لە زادگا. نیشتیمان چەمكێكی ئەبستراكت و خەیاڵییە، لەكاتێكدا زادگا چەمكێكی كۆنكریت و دەسـتنیشـانكراوە. نیشـتـیـمـان كۆی دەیان و سـەدان زادگـای تایبـەتە، زادگـای هـەمـوو ئەوانەی لە هـەمـان نیشـتـیـمـاندا جێنشیـن، كەسـانێك مـەرج نییە هـەمـووان یەكدی و شـوێن و جێ و زادگای یەكدیان ناسیبێ و بینیبێت، بەڵام ئەوان سـەرباقی ئەم دابڕان و دابەشبـوونە لەوڕاسـتـییـە ئاگادارن كـە هەموویان دانیـشـتـوو و نیـشـتـەجێی یەك نیـشـتـیـمـانی نـەتەوەیین و هـەریەكێكیـان لە پارچەیەكی بچـووكی نیـشـتـیـمـانێكی گـەورەی نەتەوەییدا دەژین. ناسـینی نیـشـتـیـمـان ناسـینێكی فـانتـازییـە و جیـاوازە لە ناسینی زادگا كە ناسینێكی ڕاسـتـەوخۆیە، پێكەوەبوونی نـاو نیشـتـیـمـان

پێکەوەبوونێکی ناڕاستەوخۆیە و بڕیار و ئیرادەیەکی سیاسی ئەم بەیەکەوەبوونە ڕێکدەخات و مسۆگەریدەکات، لەکاتێکدا پێکەوەبوونی ناو زادگا پێکەوەبوونێکی سروشتییە و لەدایکبوونی ئینسان وەک ڕووداوێکی سروشتی ڕێکیدەخات، زادگا بەم مانایە چەمکێکی سروشتییە لەکاتێکدا نیشتیمان چەمکێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە. ئەم کارەکتەرە سیاسییەیە وادەکات نیشتیمان سەرزەمینی ئاگاداربوون و پێکەوەبوونێکی ئەبستراکت و نەبینراوبێت، بەڵام زادگا سەرزەمینی پەیوەندی خۆبەخۆ و ڕووبەڕووی تاک و گروهەکان بێت. نیشتیمان چەمکێکە لەناو گوتارێکی ناسیۆنالیزمیدا دێتەکایەوە کە دەسکارییەکی گەورەی ماناکانی شوێن و ماناکانی پێکەوەبوون و ئەو پەیوەندییانە دەکات کە ئینسان بە شوێنەوە دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا زادگا لەناو هەموو ئەو گوتارانەدا دەژی کە بەر لە گوتاری ناسیۆنالیستی لە ئارادان. بەبۆچوونی من گوتاری ناسیۆنالیستی، کە ماناکانی شوێن دەگۆڕێت و شوێنی سروشتی دەگۆڕێتە سەر شوێنی ئەتنی، لەسەردەمانی نالیدا غائیب بووە و لەباتی ئەم گوتارە گوتارێکی ئایینی باڵادەستە کە ئەزموونێکی دیکەی شوێن و مانایەکی دیکەی پێکەوەبوون و پەیوەندی نێوان ئینسان و شوێنی هەڵگرتووە. لەلاپەڕەکانی داهاتوودا بەدرێژی لەم مەسەلەیە دەدوێین.

بە کورتی چەمکی نیشتیمان چەمکێکە لەناو سیستمێکی ناوناندا لەدایکدەبێت کە تێیدا مانا سیاسییەکانی شوێن بەسەر مانا ئایینی و جوگرافیی و حەیاتییەکانیدا زاڵە و ئەوانەشی لەسەری دەژین یەکدی وەک ئەندامی گروهێکی نەتەوەیی فانتازیکراو دەبینن، نەک وەک ئەندامی خێڵ ناوچە یان ئیمارەتێکی دیاریکراو. چەمکی نیشتیمان بریتییە لە بارگاویکردنی مانا سروشتییەکانی شوێن بە مانای ئەتنی و دواجار بارگاویکردنی ئەم مانا ئەتنیانەش بە مانای سیاسی، لەکاتێکدا چەمکی زادگا تا ڕادەیەکی زۆر چەمکێکی سروشتییە و دوورە لە هەر مانایەکی سیاسییەوە. لەڕاستیدا چەمکی نیشتیمان و چەمکی نەتەوە دووانەیەکی فیکری و فانتازیی و مەعریفین و ناکرێت لەیەکدیان جیاکەینەوە، کە نەتەوە چوارچێوەی بەرهەمهێنانی شوناس نەبوو، ئەوکات نیشتیمان چوارچێوەی شوناسی شوێن پێکناهێنێت.

لەپاڵ ئەم لێکدیجیاکردنەوە مەنهەجییەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین ئەوەی لە ئەزمونی نالیدا ئامادەیە زادگایە نەک نیشتیمان. نالی کوڕی ناوچەیەکی دیاریکراوە کە لەو ڕۆژگارەدا بەهیچ مانایەک هەڵگری ماناکانی نیشتیمانی نەتەوەیی نەبووە. ئەگەر بمەوێت سنوورە جوگرافییەکانی ئەو سەرزەمینە دەستنیشانکەم کە قەسیدەکە باسیدەکات ئەوکات دەبینین سنوورەکانی بریتین لە سنووری (سەرچنار، سولەیمانی، دەشتی شارەزوور، زەڵم). ئەمەش وەک ووتم نەک نیشتیمان نییە، بەڵکو سەرزەمینێکە دەکەوێتە بەر لە دروستبوون و لەدایکبوونی چەمکی نیشتیمانەوە.

نالی لەسەرێکەوە لەژێر سێبەری ئیمارەتێکی کوردیدا ژیاوە کە دەسەڵاتی ئەو ئیمارەتە هەرچییەک بووبێت دەسەڵاتێکی نەتەوەیی نەبووە و لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتەشدا ئیمپراتۆریەتێک ئامادەبووە کە دەربڕ و هەڵگری فانتازیا و جوگرافییەکی ئایینی بان نەتەوەیی بووە. لەم فەزا تایبەتەدا نالی لەسەرێکەوە کوڕی زادگایەکی سروشتی تایبەتە کە تێیدا لەدایکبووە، لە سەرێکی دیکەشەوەا کوڕی جوگرافیایەکی ئیمپراتۆریانەشە کە ئایین سنوورەکانی دەستنیشانکردوە و ئایین زادگا جیاجیاکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە و خەیاڵێکی ئایینیش حوکمی ناونانەکانی کردوە.

لێرەوە هەموو ئەو لێکدانەوانەی تائێستا بۆ ئەم قەسیدەیەی نالی کراوە و تێیدا ئەزموونی شوێن وەک ئەزمونی نیشتیمان و سۆز بۆ زادگا وەک سۆزی نەتەوەیی لێکدراوەتەوە، لێکدانەوەیەکن بەرهەمی دیدی ئەو نووسەرانەن کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە لەم ئەزموونە شیعرییە گرنگەی ئەم شاعیرە گەورەیەمان ڕاماون، نەک زادەی ئەزموونی شوێن لای نالی و ئەو جوگرافیا واقیعی و خەیاڵییانەی لەم ئەزموونەدا ئامادەن. کردنی زادگا بە نیشتیمان و کردنی سۆزی مەنفییەک بۆ حوجرە و شار و ناوچەیەک کە تێیدا ژیاوە و گەورەبووە، بە سۆزێکی نەتەوەیی، هەڵەیەکی فیکری و مەنهەجی گەورەیە و لە ڕاستیدا سەپاندنی دیدێکی نەتەوەیی دەرەکییە بەسەر

ئەزمــوونێکدا کـە ئـەزمـوونێکی نەتـەوەیی نیـیـە. ئەو دنیـایەی نالی تێیـدا ژیاوە دنـاییـەک نـەبووە دابەشکردنی سەرەکی تێیدا دابەشکردنی ئەتنی و نەتەوەیی بووبێت، ماناکانی شوێن لە سـەردەمانی نالیـدا بارگـاوی نەبوون بـە مـانـای نەتەوەیی، نـالی لەناو دنیـایـەکدا نەژیاوە ئینتـیـمـای نەتـەوەیی چوارچێوەی سەرەکی شوناسی تاکەکەسی و کۆمـەڵایەتیی بووبێت. بەپێچەوانەوە نـالی لە دنیایەکدا ژیاوە ئایین دەستنیشانی ئینتیما و شوناسی تاک و گروهەکانی کردوە و جوگرافیاش هەڵگری مانا و دابەشکردنە ئایینییەکان بووە، نەک نەتەوەییەکان. تێکەڵکردنی چەمکی زادگا بە چەمکی نیشـتیمان بەرهەمـی مێـژووی ئێـمـەیە لە سـەدەی بیسـتـەمدا و ڕاسـتـەوخۆ گـرێدراوی هاتـنەکایـەی ئەو دیدە نەتەوەییەیە کە دواجار هەوڵـەدات هەموو ڕابووردوی ئایینی و کۆمەڵایەتی ئێمـە بکاتە ڕابووردویەکی نەتەوەیی. لەپشتی کردنی زادگاوە بە نیشتیمان هەوڵدانێکی نەتەوەییانەی بەرهەمـهێنانی مێژوویەکی نەتەوەیی دوورودرێژ هەیە کە هەموو گوتارێکی ناسیۆنالیستانە پێویستی پێیەتی.

ئەوەی بەلای منـەوە گرنگە نیـشـانیدەم ئەو ڕاسـتـییـەیە کە ئەزمـوونی شـوێن لای نالی ئـەزمـوونی زادگـایـە و مـانا ئاییـنیـیـەکـانی ئـەم ئەزمـوونەش زاڵن بەسـەر هـەر مـانایەکی دیکەدا بمانـەوێت لەم ئەزموونەدا بیدۆزینەوە. ئەوەی دواجـار مـاناکانـی شوێن و سنوورەکانی شـوێن و مـاهیـەتی شـوێن لە قـەسیدەی (قوربانـی تۆزی ڕێگەتم) دا دەستنیشـاندەکات ئەو ئەزمـوونە ئایینیـەی شوێنە کە مـارسیـا ئالیـادە ناوی دەنێت "شـوێنی پیـرۆز" (مـرسـیـا الیـادە ١٩٩٤). ئەزمـوونی نالیش لـەگـەڵ شـوێندا ئەزمـوونی پیـاوێکی ئایینی باوەڕدار و ڕۆحـانی قـووڵە، نەک ئەزمـوونی پیـاوێکی سیـاسی و نەتـەوەیی. ئەو دیدەی نالی بۆ شـوێن هـەیەتی سـەر بەوجـۆرە ئەزمـوونە ئاییـنیـانەیە کە تێیـدا شـوێن و پیرۆزی و شوێن و وجود و شوێن و تەسامی بەیەکدی تێکەڵدەبن.

## گەڕاندنەوە لە مەنفاوە بۆ شوێنی پیرۆز

وەک ووتمان قـەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) قـەسیدەی سـەفەرە، لەم قـەسیدەیەدا نـالی سەفـەرێک دەکات کە لە مەنفاوە دەستپێدەکات و لە حوجرەکەیدا کۆتایی پێدێت. لەم سەفەرەشدا بەسەر چەندان شـوێن و جێی دیکەدا ڕەتدەبێت و دواجار لە سلێمانیدا دەگیرسێتەوە. سـەفەر لەم ئاسـتەدا، کە من ناوی "ئاستی دەرەکی" سـەفەری لێدەنێنم، گەڕانەوەیەکی جوگرافییـە لە مەنفاوە بۆ زادگا. ئەم ئـاستە دەرەکییـە ئـاسـتێکی جوگـرافی بەرچاوە و خـوێنەر دەتوانێت لەگەڵ هەڵکردن و جوڵـەی بادا هـەنگاو هـەنگاو ئەو شـوێنانە بەسـەرکاتەوە کە جوگرافیـای سەفەر لە قەسیدەکەدا نیشانیانئـەدات. ئەم ئاستە ئاسـتی یـەکـەمی مـانایە و لە ئاسـتی یەکـەمی خـوێندنەوەی دەقـەکەدا نیشـتـەجێیـە. هـەر خـوێنەرێک کەمـەکێک شـارەزای ئـەدەبی کلاسیـکی کوردی بێت و ئەو لێکدانەوە بەلاغـیـە نایابانـەی دێڕەکـانی قـەسیدەکە لە دیوانەکەدا بخوێنێتەوە، بە ئاسانی ئەم ئاسـتی یەکەمەی مانای بۆ ئاشکرادەبێت. لەم ئاسـتـەی مـانـادا قـەسـیـدەکە بەیاننـامـەی ڕۆحی شـاعیـرێکی باوەڕداری دابڕاوە لە زادگـای خـۆی و دێڕەکـانی باس لـە بێـئـارامـی و بیـمـاری و ناڕەحـەتی ناو مـەنفـا و شـەوقی بێـئـەندازەی ئەو ڕۆحـە ئیمانداره بۆ گەڕاندنەوە و شادبوونەوە بە زادگا دەکەن. بەڵام ئەم گەڕانەوەیە و ئەم سەفەرە دەرەکییە تەنهـا ئاسـتـێکی گـەڕانـەوەکـەی نـالیـیـە. بـەبۆچوونی من نـالی لەم قـەسـیـدەیەدا لەپاڵ ئەم سـەفـەرە جوگرافیـە دەرەکیـەدا سـەفەرێکی دیکەش دەکات کە دەشێت بە سـەفـەرێکی نا جوگرافی یان وردتر بدوێین بە "سەفەرێکی کۆسمۆلۆژی" ناونووسیکەین. کەوابوو لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا دوو سـەفـەر و دوو ئاسـتی مـانـا ئامـادەن. لەژێر ئاسـتـی یەکـەمی مـاناوە، کـە ئاسـتـی سـەفـەرێکی جوگرافییە، ئاستێکی دیکەی مانا ئامادەیە کە وابەستەی ئەزموونێکی ئایینی و ڕۆحی هێجگار قووڵە و سەفەرێکە لە و سـەفەرە پیرۆزانەی خەیاڵی ئایینی و ئینسانـی باوەڕدار بۆ شـوێنی پیرۆز دەیانکات. خـوێنەر بۆ ناسین و دەرکپێکردنی ئەم ئـاستـەی مانـا و دیتن و تێگەیشتنی دەلالەتەکانی پێویسـتی بە ئامرازی مەنهەجی دیکە و تێگەیشتنێکی سەرەتاییـانەی فینۆمینۆلۆژیای ئایینی هەیە. بەبێ کۆمـەڵێک

لە دەسکەوتە گرنگەکانی فینۆمینۆلۆژیای ئایینی ئەم ئاستی دووهەمەی مانا و ئەو سەفەرە کۆسمۆلۆژیەی نالیمان بۆ ئاشکرانابێت کە لە ئاستە قووڵەکانی قەسیدەکەدا پەنهانە، کە ئەمەشمان بۆ ئاشکرانەبوو ئەوکات لەو کیشوەرە دەلالی و قووڵاییە شاراوانەی مانا و خەیاڵ و شیعرییەت تێناگەین کە لەو دیوی ئاستی یەکەمی ماناوە لە قەسیدەکەدا پەنهانە. ئاستی دووهەمی مانا لە قەسیدەکەدا ئاستێکە ڕاستەوخۆ نابینرێت و بۆ ناسینی پێویستمان بە هەڵکۆڵینێکی مەنهەجی ورد هەیە. من هەوڵئەدەم بە گەڕانەوە بۆ هەندێک لە بۆچوونەکانی (مرسیا ئەلیادە) سەبارەت بە ئەزموونی شوێن لای ئینسانی ئایینی، دەلالەتە نادیارەکانی ئەم ئاستەی گەڕانەوەی نالی بۆ زادگا بخوێنمەوە. سەرەتا با بزانین ئالیادە دەربارەی ماناکانی شوێن لە ئەزموونی "ئینسانی ئاییندا" چیدەڵێت.

لە کتێبی (پیرۆز و ڕۆژانەدا) مرسیا ئەلیاد دووجۆر بوون و دووجۆر ئەزموون و دووجۆر ئینسان لەیەکدی جیادەکاتەوە، ئەزموون و بوون و ئینسانی ئایینی بەرامبەر بە ئەزموون و بوون و ئینسانی نا ـ ئایینی (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٣٦، ٣٧). ئەم نووسەرە ئەم دوو جۆرە لە بوون وەک دوو جۆر بوونی تەواو جیاواز تەماشادەکات و هەر یەکێکیان وەک هەڵگری دنیایەکی دەلالی جیاواز و وێناکردنی جیاوازی جیهان و بوون و دیاردەکان دەبینێت. ئەلیادە لەو کتێبەدا دوای نیشاندانی چەندەها نموونەی جیاوازی ناو ئایینە جیاجیاکان بەو دەرەنجامە دەگات کە ئەزموونی شوێن لای ئینسانی ئایینی و ئەزموونی شوێن لای ئینسانی نا ئایینی دوو شێوە ئەزموونی تەواو جیاوازن، ئەڵبەتە من لێرەدا مەودای باسکردنی ئەو کتێبە گرنگەم نییە و بۆ شارەزابوونی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بۆ خودی کتێبەکە بگەڕێتەوە. ئەوەی بەلای منەوە و لەپەیوەندیدا بەم نووسینەوە گرنگە، ئەو دەرنجامانەیە کە لە ئەزموونکردنی ئینسانی ئایینییەوە بۆ شوێن لە کتێبەکدا نیشاندراون. ئەلیادە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە شوێن لای ئینسانی ئایینی شوێنێکی ناهاوسەنگ و جیاوازە، لای ئینسانی ئایینی هەندێک شوێن لە هەندێک شوێنی دی گرنگتر و بەهێزتر و پڕماناتر و لەڕاستیدا پیرۆزترن. ئالیادە ئەو ڕاستییە نیشانئەدات کە ئینسانی ئایینی بەردەوام هەست بەوەدەکات کە لەناو دنیایەکی پیرۆزدا دەژی و لەدەرەوەی پیرۆزیدا شوێن بێمانا و بێدەلالەت و تا ڕادەیەکی زۆریش نا ـ شوێنە، ئەوە پیرۆزییە وادەکات لای ئینسانی ئایینی شوێن بوونێکی واقیعییانەی بەرامبەر بە شوێنی ناپیرۆز هەبێت، شوێنی ناپیرۆزیش شوێنێکی بێ شێوەیە وخاوەنی درێژبوونەوەیەکی بێفۆرمە (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٣٩). ئالیادە دەڵێت لە دیدی ئینسانی ئایینیدا شوێنی ناپیرۆز، شوێنێکی بێکاراکتەر و بێمانا و بێشێوەیە، لەکاتێکدا شوێنی پیرۆز شوێنی مانا و دەلالەت و پیرۆزییە. لای ئینسانی ئایینی لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی شوێندا پچڕان و لێکترازان هەیە، شوێنی پیرۆز شوێنێکە دابڕاو لەدنیای دەرەوەی خۆی و بەهیچجۆرێک هیچ شێوە بەردەوامییەکی لەگەڵ شوێنی ناپیرۆزدا نییە، ئەو شوێنانەی کە پیرۆز نین شوێنێکن تەنها درێژبوونەوەیەکی بێمانا و بێرەنگ و بێشێوەن، تاقە شوێنێک کە فۆرمی هەیە و مانای هەیە تەنها شوێنی پیرۆزە مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٣٩).

لە وێناکردنی ئایینیدا سیفەتێکی دیکەی شوێنی پیرۆز بریتییە لەوەی کە ڕۆڵی ئەو خاڵە جێگیر و ناوەندییە دەبینێت کە لەوێوە بازنەکانی دنیای دەوروبەر دروتسدەبن، شوێنی پیرۆز چەقی بوونە و جیهان و شوێنەکانی دیکە بەدەوری ئەو شوێنە پیرۆزەدا دروستدەبن (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٣٩). ئەم شوێنە شوێنێکە نرخێکی گەردونی و جەودیانەی گەورەی هەیە. لە شوێنی پیرۆزەوە ئینسان دەتوانێت سەرزەمینیبوونی خۆی بەجێبێڵێ و پەیوەندی بە بوونە ئاسمانییە موفاریقەکانەوە بکات. مادامەکی شوێنی پیرۆز ناوەندی بوون و جیهانە، بۆیە ئینسانی ئایینی لەو شوێنانەدا بەردەوام هەستدەکات لە ناوەندی جیهاندا وەستاوە (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٤٠). لەشوێنی پیرۆزدا ئینسان ڕاستەوخۆ لەناو دڵی زەویدا نیشتەجێیە و هەرلەوێشەوە دەتوانێت پەیوەندی بە سێنتەری ئاسمان و پیرۆزییە موفاریقەکانەوە بکات.

لە دیدی ئینسانی ئایینیدا هەموو دنیا و گەردون و شتەکانی دیکە لەو شوێنە پیرۆزەوە خولقاون، ئەو شوێنە دڵی وجودە و ژیان و بوون لەوێوە دەستیانپێکردوە. بەمانایەکی دیکە شوێنی پیرۆز بەشێکە لە کۆسمۆلۆژیا، بەشێکە لە پرۆسەی خولقاندنێکی گەردونیانەی گەورە، لەشوێنی پیرۆزەوەیە کە ژیان لەدایکدەبێ و دنیا و جیهان بنیاددەنرێن. لەم دیدەدا شوێنی پیرۆز شوێنێکی ڕەهایە و پەیوەندی بە بنیادنان و دروستکردنی جیهانەوە هەیە، تا جیهانیش بمێنێت شوێنی پیرۆز هەر بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، بۆیە شوێنی پیرۆز شوێنێک نییە لەناو مێژوودا جێگیربێت، بەڵکو شوێنێکی کۆسمۆلۆژییە و پیرۆزبوونیشی لەم کسمۆلیژیبوونیەوە وەردەگرێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لای ئالیادە باسکردنی ئەو "تینوویەتییە وجودی" یەیە کە لای ئینسانی ئایینی ئامادەیە مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٦٦). بەباوەڕی ئالیادە ئەم تینیوتییە بەشێکە لە کارەکتەری ئینسانی ئایینی و شکاندنیشی تەنها لە شوێنی پیرۆزدا مەیسەردەبێت. بەمانایەکی دیکە تینویەتی وجودییانەی ئینسانی ئایینی تینویەتییەکە تەنها لەناو شوێنی پیرۆزدا دەشکێت. دەرەوەی شوێنی پیرۆز سەرزەمینی تینویەتی وجودییە و لە ڕاستیدا بریتییە لە عەدەم، "عەدەمێکی ڕەها" (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٦٦ ). لە شوێنی ناپیرۆزدا ئینسانی ئایینی لەناو عەدەمێکی ڕەهادا دەژی و بەردەوام تینوتردەبێت و ئەو هەستەی لا گەورە دەبێت کە لەناو هەناوی عەدەمدا ئامادەیە. ئەم هەستە هەستی سووتان و ئاگرتێبەربوونێکی ناوەکییە کە تەنها بە ئاوی ڕۆحانی ناو دڵی بوون و مەرکەزی وجود دەکوژێتەوە. بەکورتی تینویەتی کۆسمۆلۆژیانە تینویەتیەکە لە شوێنی سادەدا نەک ناشکێت، بەڵکو شوێنی سادە ئەم ئەم تینویەتییەیە زیاد و زیادتر دەکات و لەناوەوەڕا کیشورەێک وشکانی و بیابانێک لە تینویەتی و سووتان لە ڕۆحی ئینسانی ئایینیدا دروستدەکات. ئەم تینویەتیە ناوەکییە تەنها لەو شوێنە پیرۆزەدا دەشکێت کە ئینسان واهەستدەکات لە چەقی گەردوندا دانیشتوە و لە نزیکترین خاڵێکدایە بۆ پەیوەندیکردن بە ئاسمان و خوداوەند و هەمو وجودێکی موفاریقی یان ئەرزییەوە (مرسیا الیادە ١٩٩٤: ٦٦).

لەپاڵ ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا و لەپەیوەندیدا بە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) ی نالییەوە دەکرێت ئەنجامگیریبکەین و بڵێین لەهەناوی ئەم قەسیدەیەدا و لەپاڵ ئەو سەفەرە جوگرافییەدا کە ئاماژەمان پێکرد سەفەرێکی ئایینی قووڵیش ئامادەیە کە دەشێت لەپاڵ دۆزینەوەکانی مارسیا ئەلیادەدا تایبەتمەندییەکانی دەستنیشانکەین. ئەم سەفەرە ئایینیە لە قەسیدەکەی نالیدا سەفەری ئەم شاعیرە باوەڕدارەیە بۆ "شوێنی پیرۆز"، سەفەری پیاوێکی ئایینی باوەڕداری خواپەرستە بەرە و چەقی گەردوون و مەرکەزی وجود، سەفەری عابیدێکی تینوە بۆ شوێنی شکاندنی ئەو تینویەتییە وجودییەی لەناوەوەڕا دەیسوتێنێت و دەروونی دەکاتە ئاگردانێکی داگیرساو. بەم مانایە گەڕانەوەی نالی لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا گەڕاندنەوەی ئینسانێکی ئایینییە بۆ شوێنێک کە ناوەندی بوون و سەرەتای دروستکردنی جیهان و هەموو گەردوونە. ئەم سەفەرە گەڕاندنەوەیە بۆ ئەو شوێنە پیرۆزەی کە تێیدا تینیویەتی وجودیانەی دەشکێت و تێشیدا هەموو ئەو پەیوەندیانەی دەشێت ئینسان بە ئاسمان و خوداوەند و وجودی موفاریقەوە گرێبدات، دەستپێدەکات. گەڕاندنەوەی نالی بۆناو حوجرەکەی بەم مانایە گەڕاندنەوە نییە بۆ ناو نیشتیمان، بەو مانا سیاسییەی هەندێک لێکۆڵەرەوەی نالی باسیدەکەن، بەڵکو گەڕانندەوەیە بۆناو ناوەندی وجود، بۆناو خاڵی بەیەکەوەگرێدانی زەوی و ئاسمان و بۆ ناو ئەو حوجرەیەی تێیدا سەرزەمینیبوون بە موفاریقبوونەوە دەبەسترێتەوە؛ هەموو ئەمانەش بەمانا ئایینییە قووڵەکەی و لەو وێناکردنە تایبەتەوە کە ئینسانی ئایینی بۆ شوێنی هەیە. وەک ئاشکرایە مەسەلەی سەرەکی لێرەدا ئەوە نییە داخۆ نالی نیشتیمانەکەی خۆی خۆشویستوە یان نا، ئەم پرسیارە لەسیاقی ئەم قەسیدەیەدا و لەپاڵ ئەم ئەزموونە ئایینییە قووڵەدا پرسیارێکی زۆر بێمانایە، لەڕاستیدا ئەم پرسیارە پرسیاری سیاسی قۆناغێکی دیکەی مێژووی ئێمەیە و بەزۆر و لەدەرەوەڕا سەپێندراوەتە سەر ئەم ئەزموونە ڕۆحییە دەگمەنەی ئەدەبی ئێمە. مەسەلەی سەرەکی لەم قەسیدەیەدا مەسەلەی دابڕانی بوونی نالییە وەک

باوەڕدارێک لە "شوێنی پیرۆز" وەک مەرکەزی بوون و خاڵی بەیەکەوەگرێدانی زەوی و ئاسمان. مەسەلە مەسەلەی شکاندنی تینویەتیەکی وجودییە، تینوێتییەک کە تەنها لەو حوجرەیەدا دەشکێت کە نالی لە عەدەمەوە دەگەڕێنێتەوە ناو دڵی دنیا و دڵی وجود. هەمو ئەمانەش نەک بەشێک نین لە ئەزموونێکی سیاسی و نەک لە وێناکردنێکی سیاسییانەی شوێنەوە لەدایکنەبوون، بەڵکو دەربڕی ئەزموونێکی ئایینی قووڵ و ئەزموونێکی ڕۆحی کەموێنە و دەگمەنی ئەدەبی ئێمەیە. وەک ئاشکرایە ئەو لێکدانەوە سیاسییە سادە و کرچوکاڵە باوەی تا ئێستا بۆ ئەم قەسیدە قووڵەی نالی کراوە هەموو قووڵاییەکی لە قەسیدەکەدا کوشتووە و دنیایەکی دەلالی و ڕۆحی لە خوێنەر شاردۆتەوە کە ئاستێکی دیکە بە قەسیدەکە و بە ئەزموونی مەنفای نالی دەبەخشێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم لێکدانەوە سیاسییە سادەیە جیهانبینی نالی تا ئەوپەڕی سنووری سادەیی سادە کردۆتەوە.

بەکورتی ئەوەی زادگا لای نالی پیرۆزدەکات، دیدێکی سیاسی نییە، وەک زۆربەی ڕۆشنبیران و نالی ناسانی ناو ڕەخنەی کوردی پێماندەڵێن، بەپێچەوانەوە پیرۆزبوونی شوێن زادەی ئەو دیدە تایبەتەی ئینسانی ئایینی و بوونی ئایینیانە و ئەزموونی ئایینیانەی شوێنە کە لەسەرەوە و لەپاڵ بۆچوونەکانی ئەلیادە دا نیشانماندا. بەداخەوە کورتکردنەوەی ئەم ئەزموونە ڕۆحییە قووڵەی نالی و ئەم وێناکردنە کۆسمۆلۆژییە بۆ شوێن، کە لە شیعری کوردیدا هێجگار دەگمەنە و تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربم لە ئەزموونی هیچ شاعیرێکی دیکەدا دووبارە نەبۆتەوە، بۆ ئەو بۆچوونە ناسیۆنالیستییە سادە و دۆگماییەی گوایە نالی نیشتیمانەکەی خۆشویستوە و بەم کارەشی بۆتە پیاوێکی نیشتیمانپەروەر، جگە لەوەی تەفسیرێکە لەدەرەوەڕا بەسەر ئەم ئەزموونەدا سەپێنراوە، لەهەمانکاتدا هەموو ئەو قووڵاییە میتافیزیکی و ئەزموونە ڕۆحییە گەورەیەی لە قەسیدەکەدا ئامادیە، کوشتووە. لەم قەسیدەیەدا سەفەری جوگرافی نالی هاو زەمانی سەفەرێکی ڕۆحییە کە لە ناوەوەڕا ماناکانی قەسیدەکە و دەلالەتە جیاجیاکانی بۆ ئاستی ئەزموونێکی میتافیزیکی زۆر قووڵ بەرزدەکاتەوە.

بەڵام گەر حوجرەکەی نالی، بەو پێیەی شوێنێکی پیرۆزە، ناوەندی گەردوون و سێنتەری جیهان و دڵی بوون بێت، داخۆ مەنفا چ جۆرە شوێنێکە؟ مەنفا لەم وێناکردنە کۆسمۆلۆژییەدا دەکەوێتە کوێوە و دەربڕی چ جۆرێک لە جۆرەکانی شوێنە؟ سادەترین وەڵامێک بەم پرسیارە ئەوەیە کە مەنفا شوێنێکە "بێ - پیرۆزی" ، شوێنێکە لەدەرەوەی جوگرافیای شوێنی پیرۆزدا، شوێنێکە ڕۆژانەیی، یان لەباشترین دۆخدا شوێنێکە بە نووقسانییەکی گەورەی پیرۆزییەوە. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد دەبێت لێرەدا ئەو ڕاستییەمان لەیادنەچێت کە لەڕۆژگاری نالیدا دنیا لەسەر بنەمای دابەشکردنی جیاوازییە ئایینیەکان دابەشکراوە و دنیای ئیسلام بەرامبەر بە دنیای نائیسلام دابەشکردنی سەرەکی و هەرە گرنگی شوێن بووە. لێرەوە ئامادەبوونی نالی لە شام یان لە ئەستەمبوڵ هەمیشە ئامادەبوون بووە لەناو جیهان و سەرزەمینێکی ئیسلامیدا. بەڵام بوونی ئەو لەناو سەرزەمینی ئیسلام و بوونی ئەو لەنێو زادگادا کە تێیدا حوجرەکەی سێنتەری وجودە، یەک شت نین. زادگا شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون و کرانەوەی ووشیاری و خەیاڵە بەڕووی دنیا و بوون و دیاردەکاندا، زادگا ئەو شوێنەیە کە لێیەوە هەموو شوێنەکانی دیکە دروستبوون و لە وێناکردنی ئینسانی ئایینیدا ئەو سەرەتاییەیە کە جیهان و بوون لەوێوە دەستیانپێکردوە. ڕاستە بە نیسبەت نالییەوە هەموو جیهان و جوگرافیای ئیسلام جیهان و جوگرافیای ئەو بووە، بەڵام زادگا ئەو شوێنەیە کە مانا بە بوونی ئەو ئەدات، حوجرەکەی ئەو خاڵەیە کە بە ئاسمانیەوە گرێدەدات، سلێمانی ئەو سێنتەرەیە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی بوونەوە.

لە بەرامبەر ئەم ئەزموونە ئایینیەی شوێندا مەنفا شوێنێکە بێشێوە، جۆرێکە لە درێژبوونەوەی بێڕۆح و بێدەلالەت، شتێکە ڕۆژانەیی و سادە. مەنفا لەم وێناکردنە ئایینیەدا عەدەمێکە کە دەکەوێتە دەرەوەی بوون و دەرەوەی موفاریقەوە، شوێنێکە نا ـ شوێن. یەکسانبوونی مەنفا بە نا ـ شوێن، بە بێڕۆحی و بە عەدەم لەپشتی ئەو بێدەنگبوونە موتڵەقەی نالییەوەیە بەرامبەر بە مەنفای شامی یان

ئەستەمبوڵی وەک شوێن. بەدرێژایی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) نالی هیچشتێکمان دەربارەی جوگرافیای مەنفا وەک شوێن پێناڵێت، دەربارەی ئەو شوێن یان شوێنانەی لەو ڕۆژگارەدا تیایاندا ژیاوە و مەنفای تێدا ئەزموونکردوە تا سەر ئێسقان بێدەنگە. لەو قەسیدەیەدا نالی هیچمان لەسەر فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری مەنفا پێناڵێت، ئەو نایەت باسی شام وئەستەمبوڵی سەردەمانی خۆیمان بۆ بکات، ئەو تەفاسیلە جوگرافییەکانی مەنفامان لێدەشارێتەوە، باسی شەو و ڕۆژ، کۆمەڵگا و سروشت، وەرز و ساڵەکان، ئافرەت و پیاو و منالانی ناو مەنفامان بۆ ناکات. بەڵام نالی بۆ بێدەنگە؟ بۆ هیچ لەسەر ئەم جوگرافیا تایبەتەی مەنفا ناڵێت؟ چییە وایلێدەکات بەرامبەر ئەو دنیا نوێیە بێدەنگبێت؟ لەوەڵامدا دەکرێت بڵێین مادامەکی مەنفا لای نالی یەکسانە بە عەدەم، مادام مەنفا شوێنی ونبوونی پیرۆزییە و شوێنی دابڕانی بوونی سەرزەمینیانەیە لە بوونی ئاسمانیانە، بۆیە شایستەی باسکردن نییە. ئەگەر مەنفا مانای عەدەمبێت ئیدی بۆچی و بۆکێ باس لە عەدەم بکات، ئەگەر مەنفا بێشێوەیەکی گەورە و نووقسانیەکی وجودی قووڵ و ناشوێنێکی بەردەوام بێت ئیدی ئەو باس لە چی بکات؟ نالی کە عەوداڵی شکاندنی ئەو تینویەتییە وجودییەیە کە لەناوەوەڕا دەیسوتێنێت و ڕۆحی بە داگیرسانێکی بەردەوام مەحکومدەکات، ناتوانێت باسی شوێنێک بکات کە سەرچاوەی پەیدابونی ئەم تینویەتییە کۆسمۆلۆژییەیە. نالی زیاتر عەوداڵ و سەرقاڵی گەڕاندنەوەیە بۆ سەرزەمینی مانا و پیرۆزی، بۆ زادگا، زادگایەک کە لە شوێنێکی دیکەدایە و ئەم لەساتێک لە ساتەکاندا بەجێیهێشتووە، زادگایەک کە تەواو دژەدیوی مەنفا و فەزای مەنفایە، زادگایەک کە سێنتەری وجود و شوێنی شکاندنی تینویەتییەکی کۆسمۆلۆژییە.

بێگومان خوێنەر لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا هەست بەبوونی فەزایەکی سایکۆلۆژی تایبەت دەکات کە لە ساتی نووسینی قەسیدەکەدا ئامادەیە. ئەم فەزایە فەزایەکە تێیدا ڕۆحی نالی ساتەوەختە هەرە قەیراناوییەکانی خۆی دەژی و لەنێوان سووتان و گڕتێبەربوون و بەستن و بوون بە ئاودا دێت و دەچێت. نالی کە جوگرافیای مەنفامان لێدەشارێتەوە ڕاستەوخۆ جوگرافیای سایکۆلۆژی خۆیمان نیشانئەدات. ئەم جوگرافیا سایکۆلۆژییەیە کە بەرزی و نزمی و هەڵسان و داسانی ناو قەسیدەکە دەستنیشاندەکات، لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەم جوگرافیا سایکۆلۆژییەوە دەکرێت ئەو دەرەنجامە بەدەستبهێنین کە مەنفا لەم ئەزموونەدا جۆرێکە لە جەهەنەم. تەنها گەڕانەوە بۆ حوجرەکەی هەلی دەربازبوونی لەم جەهەنەمە بۆ دەڕەخسێنێت. بەڵام چۆن بگەڕێتەوە بۆ حوجرەیەک کە مەرکەزی بوون و شوێنێکی کۆسمۆلۆژیبێت بەبێئەوەی بەناو ئەو سەرزەمینە پیرۆزەدا تێنەپەڕێت کە ئەم چەقی گەردوونە، ئەم خاڵە کۆسمۆلۆژییە پیرۆزە و ئەم ناوەندی بوونە دەگرێتەخۆی. گەڕانەوەی نالی بۆ ناو حوجرەکەی یەکسانە بە یەکگرتنەوەی نالی لەگەڵ پیرۆزیدا. لێرەوە ئەم گەڕاندنەوەیە دەبێتە هەڵگری هەمو ئەو ڕیتوالانەی ئینسانی ئایینی جێبەجێیاندەکات بەرلەوەی پێبخاتە ناو شوێنێکی پیرۆزەوە، مەبەستم لەو ڕیتوالانەش ڕیتواڵی پاکژبوونەوەیە. مارسیا ئەلیادە لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکات ئینسانی ئایینی کاتێک دەچێتە شوێنی پیرۆزەوە، بۆ نموونە ناو کەنیسە یان مزگەوتێکەوە، پێشوەخت شەبقەکەی یان پێڵاوەکانی دادەکەنێت و خۆی پاکژدەکاتەوە ئینجا ئەچێتە ژوورەوە. لای نالیش ئەم پرۆسەی پاکژبوونەوەیە لە قەسیدەکەدا زۆر بە تووندی ئامادەیە و بەشێکی بەرچاوی قەسیدەکە بۆ وەسفکردنی ئەم پرۆسەی پاکژبوونەوەیە تەرخانکراوە.

### سلێمانی وەک بەهەشت و حوجرەکەی نالی وەک ژوورێک لە بەهەشت

پێش گەڕانەوەشی بۆ ئەم حوجرە پیرۆزە و بۆ ئەم چەقی گەردوون و سەرەتا کۆسمۆلۆژییە، نالی بەکۆمەڵێک شوێنی دیکەی ناو زادگادا تێدەپەڕێت کە کاریان پاکژکردنەوەی ڕۆحی ئەوە لەو هەموو "کودوراتە" سەرزەمینیەی کە ژیانی مەنفا، ژیانێکی بێ فۆرم و بێقووڵی و بێدەلالەت، لەڕۆحی ئەویانەوە ئالاندوە. نالی لە قەسیدەکەیدا ڕۆح و جەستەی لە ئاوی شیوەسووردا پاکدەکاتەوە و ئینجا سەردەکات بەناو سلێمانیدا، تەواو وەک ئەو کەسەی کە بەلەشێکی پاکەوە دەچێتە ناو شوێنێکی پیرۆزەوە ئاوا ئەو دەچێتە ناو شاری سلێمانییەوە. سلێمانی لەم ئاستەی خوێندنەوەی دەقەکەدا

دەبێتـە ئەو سـەرزەمـینە پیرۆزەی کـە حوجرەکەی ئەوی گرتۆتە ئامـێز، سـەرزەمـینێک پێشـئـەوەی پێبخەیتە ناویەوە دەبێت ڕۆح تەواو پاکژکرابێتەوە و هیچ کودوراتێکی سـەرزەمینی پێوە نەمابێت. لە قـەسـیدەی قوربانی تۆزی ڕێگەتمدا سلێمـانی وەک شـار سـەرزەمـینێکی پیرۆزە و وەک مـاڵی خـودا مـامـەڵەی لەگەڵدا کراوە، وەک چۆن ناکرێت ئینسـان بـە پێڵاو و لەشی پیسـەوە بچێتـە مـاڵی خـودا ئاواش نالی نایەوێت لەگەڵ بادا بەبێ خۆ پاکژکردنەوەیەکی ڕۆحی و جەستەیی خۆی بە سـەرزەمینی پیرۆزی زادگادا بکات. لەڕاستیدا ئاو لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا لـەوە دەکەوێت ئاوێکی ئاسایی بێت، ئاوی شیوە سوور، ئاوی پاکژکردنەوەی ڕۆح و جەستەیە لە تـەپوتۆزی ڕەمزی و واقیعی و لە گوناهەکانی ڕۆژگار، ئاوی سەرچناریش، وەک نالی خۆی دەڵێت، ئاو نییـە بەڵکو تیشکە، نورێکی سافـە و لە خۆرەوە دێتـە دەر، ئەو خۆرەش خـۆرێک نییە لە ئاسـماندا بێت، بەڵکو خۆرێکە و دابەزیوەتە سەر زەوی. هەر لەم سیاقەدا نالی لەنێوان سەرچنار و ئاسـماندا جیاوازییەک نابینێت، سەرچنار لەو قەسیدەیەدا دەبێتـە سەرزەمینێکی ئاسـمانی و ئەم پارچە زەوییـە دەبێتە پارچەیەک لە ئاسـمان، ئاوی سـەرچنار دەبێت بە شـینـایی ئاسـمـانێک کـە دابەزیوەتە سـەر زەوی. بەمـانـایەکی دیکەدا لەنێـوان شیوەسور و سـەرچناردا نالی بۆ سـەرزەمینێکی ئاسـایی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سـەرزەمینێکی پیرۆز دەگـەڕێتـەوە کـەتێـیـدا هەم خـۆر و هەم ئاسـمـان دابەزیونەتـە سـەر زەوی و بوونەتە سـەرچاوەی پاکژبوونەوەیەکی ناوەکی لەهەموو کودوراتێکی سـەرزەمینی. لەدێڕی سیازدەهەمـدا بەتەواوی مـانـا ئایینی و بەهەشـتی و پیـرۆزەکـانی شـوێن ئاشکرادەبێت و نالی سـەرچنار دەکـاتە سـەرزەمـینی بەرەکـەتی خـودایی و کانییـەک لە نوور کـە لە کـێوی تورەوە، کـێوێک کـە تێـیدا خـودا یـەکێک لە پێـغـەمـبـەرەکـانی خـۆی بینیوە، دادەڕژێت و بەو ناوەدا بڵاودەبێـتـەوە. بەم شـێوەیە دەروازەی شـار، شـارێک کـە حـوجـرەکـەی نالی تێـدایە و ئـەو حـوجـرەیەش چەقی گـەردوونـە، دەبێـتـە دەروازەی پاکژبوونەوەی ڕۆح و هـەڵقـوڵینی نوور و پرشـبـوونـەوەی فـەیزی خـودایی، بە کـەمـێک زیادەڕۆییـەوە دەشێت بڵێین سلێمانی لەم قەسیدەیەدا دەبێتە سەرزەمینی ژیان و زیندەگی خوداوەند خۆی.

ئەم پرۆسـەی پاکژبوونە و خۆئامادەکردنە بۆ ئەوەیە نالی بتوانێت بچێتـە ناو حوجرەکەیەوە کە لە ئامێزی شارێکدایە کە بە ئاسمانییەوە گرێدەدات. پاش ئەم پاکژبوونەوە ڕۆحییە و دوای ئەم ئەزموونە ئایینیە قووڵە ئینجا لە دەرگای بەهەشتی زادگا ئەدرێ و دەچێتە ژوورەوە.

ئەوەی شوێنی سـەرنجە یەکەمین شتێک نالی لەم بەهەشتـەدا باسیبکات، مەسەلەی باخـچە و بۆنی خۆش و کاکۆڵی غیلمان و زوڵفی حۆرییە. کە زۆربەیان هەمـان ئەو موفرەداتە ئایینییەن کە خوداوند بۆ وەسـفکردنی بەهـەشت بەکـاریهێناون. کەواتە گـەڕاندنەوەی نـالی بۆ سلێـمـانی گـەڕاندنەوەیە بۆ بەهەشت، بەڵام بەهەشتێک کە لە ئەزموونی ئایینییانەی شوێنەوە سەرچاوەدەگرێت نەک لە گوتارێکی سیاسییەوە.

**تێکەڵبوونی هەردوو ئاستەکەی سەفەر**

لەدوای چوونە ژورەوە بۆ شـار ـ بەهـەشت ئیـدی ئەوەی ڕوودەدات تێکەڵبـوونی ئـەو دوو ئاسـتـەی سەفـەرە کەباسمانکرد، لەسەرێکەوە ئەو سەفەرە جوگرافییە سادەیەی کە دەشێت مـەنفییەک بەرە و زادگـا ببـاتەوە، لەسـەرێکی دیکەوە ئەو سـەفـەرە ئایینیـیـەی نالی بەرە و باوەشی بەهەشـت و چەقی گـەردوون و کۆمسـمـۆلۆژیا دەباتەوە. بەم تێکەڵبـوونەش باسکردنی شـوێنە سـادەکانی ناو شـار وەک باسکردنی کۆمەڵێک شوێن و جێ و کۆڵان و شـەقامی ناو بەهەشتی لێدێت:

**خاکی میزاجی عەنبەر و، داری ڕەواجی عود**
**بەردی خەراجی گەوهەر و، جۆباری عەینی نور**
**شامی هەمو نەهار و، فسولی هەمو بەهار**

**تۆزی هەمو عەبیر و، بوخاری هەمو بوخور**

**ترس لە تێکچوونی بەهەشت و وێرانبوونی ناوەندی وجود**

قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) قەسیدەیەکە پڕ لە پرسیار، کەمجار لە شیعری کوردیدا قەسیدەیەک دەبینین بەو ئەندازەیە پرسیاری تێدابێت. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەو ڕاستییەیە کە لەپشتی پرسیارەکانی نالییەوە ترسێک ئامادەیە، ترسی وێرانبوونی ئەو زادگا پیرۆزەی کە ناوەندی وجودە. بێگومان لێرەدا ناکۆکییەک هەیە لەنێوان ئەو پرسیارانە و ئەو دوو ئاستە جیاوازەی سەفەر کە لە قەسیدەکەدا ئامادەن. وەک ووتمان ئاستی یەکەمیان گەڕانەوەیەکی ئاساییانەی مەنفییەکە بەرە و سەرزەمینێکی دنیایی قابیلی تێکشکان و نەمان و تێکچوون، بەڵام ئاستی دووهەمیان سەفەرە بەرە و شوێنێکی ئەبەدی و نەمر و هەمیشەیی. لەیەکەمیاندا بەرە و زادگایەک دەگەڕێتەوە کە دەشێت وێرانکرێت، لەکاتێکدا لە ئاستی دووهەمیاندا گەڕانەوە بۆ شوێنێکی ڕەمزی قابیلی تێکنەشکان و لەناونەچوونە. بەناویەکداچوونی ئەم دوو ئاستەی گەڕانەوە ناکۆکییەکی گەورە لە قەسیدەکەدا دروستدەکات، لەسەرێکەوە دڵنیابوونێک هەیە بەرامبەر بەردەوامی و مانەوەی ئەو بەهەشتەی لەئاستی ئەو سەفەرە میتافیزیکییەدا ئامادەیە، لەسەرێکی دیکەوە ترسێک لە وێرانبوون هەیە کە لەئاستی یەکەمی قەسیدەکەدا ئامادەیە. ناکۆکی ئەم قەسیدەیە لەسەرێکەوە وابەستەی ئەو ڕاستییەیە کە زادگا وەک خاڵێکی کۆسمۆلۆژی نەمر دەبینرێت و لەسەرێکی دیکەوە کۆمەڵێک پرسیاری ڕووبەڕوودەکرێتەوە کە تەنها دەربارەی شوێنێک دەکرێن کە لەبەردەم هەڕەشە و وێرانکردندا بێت. پێمـوابێ ئەو هەموو گریان و سووتان و ساردی و گەرمییەی لە قەسیدەکەدا ئامادەیە زادەی ئەم ناکۆکییە قووڵەیە کە لەبونیادی قووڵی قەسیدەکەدا ئامادەیە و دێڕەکانی قەسیدەکەشی لەناووەڕا بەشێوەیەکی بێوێنە بە دەریایەک لە هەست و سۆزی ناکۆک و دژ بەیەک بارگاویکردوە.

ئاستێکی دیکەی ترس لای نالی لەوەدایە کە حوجرەکەی مانا دەلالییەکانی خۆی لەدەستدابێ و ئەو جیهانەی نالی لەو حوجرەیەدا بینایکردوە وێرانبووبێت. نالی لەوە دەترسێت حوجرەکەی لە شوێنی شکاندنی تینویەتییەکی وجودییەوە گۆڕابێت بەشوێنی "سۆفی مل خوار و مەندەبور" ، لە شوێنی "قەلبی مونەوەرەوە" بووبێت بە "جەهەنەمی ڕەقیبانی لەندەهور". ئەم ترسەش ترسێکە ڕەگێکی وجودیانەی قووڵی هەیە، ترسی گۆڕانی ژوورەکەیەتی لە ناوەندی وجود و خاڵی بەیەکەوەگرێدانی زەوی و ئاسمانەوە بۆ ژوورێک لە جەهەنەم. ئەم ترسە قووڵەیە وادەکات نالی ۱۱ بەیتی قەسیدەکەی بۆ ژوورەکەی تەرخانکردبێت لەکاتێکدا کۆی قەسیدەکە ٤٣ بەیتە.

هەرلێرەدا ئەو دوو ئاستەی شوێن لەناو ئەو ترسە گەورەیەدا تێکەڵدەبن و سولەیمانی وەک شوێنێکی ئاسایی و زادگای شاعیر و سولەیمانی وەک شوێنێکی پیرۆز و بەرزکراوە بۆ ئاستی کۆسمۆلۆژیا دەبن بەبەشێک لەو وەسوەسە و دڵەڕاوکێ و ترسەی نالی لە قەسیدەکەدا دەریدەبڕێت. بەشێکی گەورەی ئیستاتیکای قەسیدەی قوربانی تۆزی ڕێگەتم لەم ناکۆکییە گەورە و گرنگ و قووڵەوە سەرچاوەدەگرێت.

(با) وەک میتافۆری سەرەکی

با میتافۆری سەرەکی و گرنگی قەسیدەکەی نالییە. ئەوەی لە بادا گرنگە توانای دەستنیشاننەکردنی شوناسیەتی، گۆڕان و وەرچەرخان و فرەشێوەیی بایە وایکردوە دۆخێکی فرەجوڵە و گۆڕان و فرەئاراستەی بداتێ. با جوڵەیەکی کراوەیە بەرووی هەموو ئاراستەیەکدا، لە ئەگەری ساردییەوە بۆ گەرمی، لە ووشکییەوە بۆ تەڕی و لە هێمنییەوە بۆ تووڕەیی و لەچوون بۆ بەهەشتەوە بۆ چوون بۆ جەهەنەم، هەڵگری لە لەدەستدانی هەموو جۆرێک دڵنیاییە. لەڕاستیدا میتافۆری با بۆ خۆی میتافۆرێکی مەنفاییە. با نە شێوەی هەیە نە ڕەنگ نە زمانی ئینسان دەزانێت نە بە لۆژیک و تکا و

ویستی ئینسان دەجوڵێتەوە. با ئەو شتەیە کە قابیلی چوونە بۆ هەرشوێنێک، کە دەشێت هەرگیز نیشتیمانی شاعیر نەبێت. لێرەوە با لەم قەسیدەیەدا میتافۆری عەبەسێکی گەورەی مەنفاییە، لەپشتی پارانەوە لە با بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و بردنەوەی پرسیارەکانی شاعیر بۆ وولات عەبەسێکی گەورە هەیە. هەڵبژاردنی ئەم میتافۆرەیە وادەکات ئەو قەسیدەیە لەیەک کاتدا پڕبێت لە هەڵبەز و دابەزی سایکۆلۆژی و ڕۆحی جیاواز کە لە قەسیدەکەدا دنیایەک دروستدەکەن پڕ لە جوڵە و ناکۆکی و کراوە و فرەلایەن.

## نالی و یاداوەری ڕۆشنبیری

نووسینی قەسیدەکە خۆی بە مانایەک لە ماناکان گەڕانەوە و نیشتەجێبوونە لەناو ئەو یاداوەرییە شیعرییەدا کە لەو سەردەمەدا سەرەتاکانی دروستبوونی خۆی دەژیا. بەڵام کێشەی نالی لەوەدایە کە یاداوەرییە شیعرییەکەی ناتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی هەلومەرجە واقیعییەکەی. شیعر ناتوانێت ببێت بە نیشتیمانێک لەجێی زادگای بەجێهێڵراو. ئەوەی نالی بە دنیای موفاریقەوە گرێدەدات شیعر نییە، بەڵکو خیبرەی ئاییننییە. کێشەی نالی لەوەدایە کە ناتوانێت زادگای خۆی بە نیشتیمانی وەهمی ناو قەسیدەکانی بگۆڕێتەوە، ناتوانێت لەنێوان نیشتیمانێکی شیعری و زادگایەکی ڕاستەقینەدا یەکەمیان هەڵبژێرێت. ڕەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی نەتوانینی ئەم هەڵبژاردنە لەوەدابێت کە یاداوەری ڕۆشنبیری و شیعریی کوردی تا سەردەمانی نالی یاداوەرییەکی کورت و لاواز و تۆمارنەکراوبێت، زمانی کوردی تا سەردەمانی نالی زمانێکە پێویستی بە بەرگریلێکردن هەبووە و لەزۆر ڕووەوە هەڵگری ئەو قورساییە ئەدەبی و فیکرییە نەبووە کە بیگەیەنێتە ئەو دۆخەی بتوانێت ببێتە نیشتیمانێکی ئەدەبی. ئەمە جگە لەوەی شیعر لەم ئەزموونەدا ناتوانێت ئەو تینویەتییە وجودییە بشکێنێت کە تەنها لە شوێنی پیرۆزدا دەشکێت و شیعر لای نالی ناتوانێت ببێتە حوجرەیەک کە ئاسمان و زەوی بەیەکەوە گرێدەدات.

## مەنفای نالی و ئاستەکانی مەنفا

مەنفای نالی لەو سێ ئاستەی مەنفادا کە لەسەرەتای ئەم ووتارەدا لەیەکدیمان جیاکردنەوە دەکەوێتە ناو ئاستی یەکەمی ئەزموونی مەنفاوە. مەنفا لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا مەنفایەکی فیزیاییە و تێیدا ئەزموونی شوێن و ژینگە و زادگا ڕۆڵی هەرەسەرەکی تێدا دەبینن. وونبوونی شوێنی پیرۆز و ئارام و ئولفەت پێوەگرتوو ئەو گەمە جەهەنەمییەیە مەنفا لەگەڵ نالی دا دەیکات و تووشی ئازار و دڵەڕاوکێ و بێئۆقرەییەکی بێوێنەی دەکات. نۆستالژیا لەم قەسیدەیەدا بە پلەی یەکەم نۆستالژیای شوێنە و ئەوەی کە ووزەی بزواندنی بەردەوامی هەستەکانە ئەزموونی دوورکەوتنەوەیە لە شوێن. ئەم ڕاستییەیە وادەکات ئامادەگی شوێن لەم قەسیدە گەورەیەی نالیدا ئامادەگییەکی سەخت و هەمەلایەن بێت و بەسەر کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی دیکەی ژیانی مەنفادا باڵادەستبێت.

نالی چونکە مەسەلەیەک نابینێت لەدەرەوەی ژیانی تاکەکەسی خۆیدا گەورەتر لە خەمی مەنفا و بە ئەبستراکتکردنی ئەم مەنفایە، بۆیە ئەو نەغمەی سووتانە لە قەسیدەکەیدا نەغمەیەکی هێجگار گڕاوییە. هەر ئەمەشە وادەکات لە سەرەتاوە تا کۆتایی قەسیدەکە چەندەها وێنە و بیرۆکەی سووتان و ساردی و گەرمی ئامادەبێت لەکاتێکدا هیچ یەکێک لەم دۆخانە لە قەسیدەکای حاجی قادردا بەو ئەندازەیە ئامادە نییە. زاراوەگەلی سووتان، ساردی، سەبر، غەریبی، فرمێسکی خوێنین لای نالی ئامادەن و قورساییە سایکۆلۆژی و ڕۆحییەکەیان لە قەسیدەکەدا زۆر زیاترە تە لەو قەسیدانەی دیکەدا کە دواتر باسیان دەکەین. لای نالی مەسەلەیەک لە ئارادا نییە مانا تاکەکەسییەکانی مەنفای بۆ بگۆڕێتە سەر مانای کۆیی و بەمەش جۆرێک لە گشتێتیبوون بە مەنفاکەی بدات، سەرەڕای ئەمە مەنفای نالی مەنفایەکی تەواو بێمژدەیە و هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی ئاییندەیی نییە، بەپێچەوانەوە ئەم مەنفایە مەنفای گەڕانەوەیە بەرەو ڕابووردەیەکی بەهەشتی کە لە ئێستادا بوونی نەماوە.

هەر لەم خاڵەوە دەپەڕینەوە بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوەی ئەزموونی دووهەمی مەنفا، ئەزمووونی حاجی قادری کۆیی، کە ئەزموونێکە تەواو جیاواز لە ئەزموونی نالی و لەزۆر ڕووەوە پێچەوانەی ئەم ئەزموونەیە.

## مەنفای حاجی قادر
## لە مەنفاوە بۆ گوندێکی یۆتۆپی

مەنفای حاجی قادری کۆیی لە سێ لایەنەوە لە مەنفای نالی جیاوازە:
یەکەم: حاجی قادر بڕیاری نەگەڕاندنەوە ئەدات بۆ نیشتیمان.
دووهەم: حاجی قادر لەباتی گەڕانەوە بۆ شوێنی پیرۆز، بۆ "گوندێکی یۆتۆپی" دەگەڕێتەوە.
سێهەم: مەنفای حاجی قادر مەنفای ڕۆژگاری ئامادەگی چەمکی نیشتیمان وبوونی مژدەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورەیە.

### نەگەڕاندنەوە بۆ نیشتیمان

بەپێچەوانەی ئەزموونی نالییەوە، ئەزمووونی مەنفا لای حاجی قادر ئەزموونی شوێن و لەدەستدانی شوێن نییە، ئەوەندەی ئەزموونی ترسە لە لەبیرچوونەوە و سڕینەوەی وێنەکانی ئەو لەناو یاداوەریی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی نیشتیماندا. ترسی گەورەی حاجی قادر ترسی تێکچوونی حوجرە و گۆڕینی ماناکانی حوجرەکەی نییە، ترسی حاجی قادر تا ڕادەیەکی زۆر ترسی ونبوونی ئەو هەڵقە گرنگەیە کە ئەو وەک شاعیرێک و وەک ڕۆشنبیرێک بە مێژوو و یاداوەرییەکی کولتووری و فەرهەنگییەوە گرێدەدات. لای حاجی قادر ئەزموونی مەنفا ئەو ئەزموونە ئایینییە قووڵە نییە دەربارەی شوێنی پیرۆز کە هێڵە گشتییەکانیمان لەلاپەڕەکانی پێشوودا لێکدایەوە، بەڵکو ئەزموونی ترسە لە تێپەڕینی زەمەن و ئەو میکانیزمانەی حوکمی یاداوەریی کۆیی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگایەک دەکەن کە تیایاندا هەندێک شت لەیاددەکرێن و هەندێک شتی دیکەش زیندوو ڕادەگیرێن. بەکورتی ئەگەر ئەزموونی مەنفا لای نالی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شوێنەوە هەبێت، ئەزموونی مەنفای حاجی قادر بە زەمەنەوە پەیوەستە. لای حاجی قادر مانای قووڵی مەنفا لە مانای ئەو پەیوەندیەدایە کە یادەوەری بە واقیع و دەوروبەر و ئینسان و کۆمەڵگاوە گرێدەدات. ئەو یاسایەش کە حوکمی یاداوەری دەکات تێپەڕینی زەمەن و ئەگەری لەیادامانەوە و بیرچوونەوەیە لە یەککاتدا. ترس لە لەیادکردن و بیرچوونەوە لای حاجی قادر گرنگترە لە ترس لە لەدەستدانی شوێن، ئەو لە مەنفاوە داوای ئەوەمان لێدەکات لە یادینەکەین و هەوڵدەین شیعرەکانی لەبەرکەین و دەرس و پەندی لێوە وەرگرین. ئەو چاوەڕوانی ئەوەیە بەشێوەیەک لە ناو یاداوەری ڕۆشنبیریدا بپارێزرێت و زیندوو ڕاگیرێت کە بتوانێت لە مەنفادا و لە"خیتەتیی بێگانە" فەخری پێوەبکات:

خولاسەیی قسە ئێستێکە مەسڵەحەت ئەمەیە
بڵێی بە وەجهی نەسیحەت، بە کاغەز و ئینشا
ئەمان کوڕانی ڕەفیق و برادەرانی وڵات
بەئێوە هەر کە گەیی ئەم کەلامی بێ سەروپا
لە پاش ئەوەی کە تەسیحە و موتاڵەعەی بکرێ
بە یادی من لەبەری کەن لە ڕوویی میهر و وەفا

**هەتا لە خیتتەیی بێگانە فەخری پێوە بکەم**
**لە بەینی زومرەیی ئەحیا و و مەجمەعی مەوتا**
**وونی مەکەن وەکوو ئاساری نالی و کوردی**
**لە سەهوی دیدە بپۆشن، گوزەر بکەن لە خەتا**

لە پشتی ئەم جیاوازییە سەرەکییەی نێوان ئەزموونی حاجی قادر و ئەزموونی نالییەوە دوو تێگەیشتنی جیاواز و ناکۆک بۆ شوێن لەئارادان. بەپێچەوانەی نالییەوە کارەکتەری سەرەکی شوێن لای حاجی قادر کارەکتەرێکی ئایینیی نییە، شوێن لە قەسیدەی (ووتم بەبەختی خەواڵو)دا شوێنێکی ئەبستراکتە و دەستکردی خەیاڵی شیعرییە نەک پارچە زەوییەکی واقیعی. سیفەتی دووهەمی ئەم شوێنە بوونی ڕووکارێکی یۆتۆپییە کە دیدێکی دیاریکراو بۆ کۆمەڵگا و ژیان و بوون لە پشتیەوە ئامادەیە. ئەم خاڵانە دواتر بەدرێژی دەگەڕێینەوە سەریان و دەلالەتەکانیان لە سیاقی قەسیدەکەدا ئاشکرادەکەین. بەڵام با سەرەتا سەرنجێک لە ئیقاعی هەردوو قەسیدەکە بدەین و ئەو جیاوازییانەی تا ئێستا باسمانکردون لە ئاستی ئیقاعدا ببینین.

ئیقاعی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) لەزۆر ڕووەوە تەواو جیاوازە لە ئیقاعی قەسیدەی (ووتم بەبەختی خەواڵو)، ئەم دوو ئەزموونە جیاوازەی مەنفا دوو ئیقاعی تەواو جیاوازیان بە قەسیدەکان بەخشیوە. ئیقاعی قەسیدەکەی نالی ئیقاعێکی خێرا و فرەئاراستە و پڕ هەڵبەز و دابەزە، لە قووڵاییدا ئەم ئیقاعە هەڵگری ئەو ناکۆکییە دەروونی و ئایینی و میتافیزیکیانەیە کە لەسەرەوە نیشانماندا و وەک ووتیشمان میتافۆری سەرەکی تێیدا (با) یە کە میتافۆرێکی عەبەسئامێز و بێئاراستەیە، بەڵام ئیقاعی قەسیدەکەی حاجی قادر ئیقاعێکی هێواشە، ئیقاعی لەخەوهەڵساندنی بەختێکی نووستوە، (بەختێکی نووستو کە قەسیدەکە دەبێت بەخەبەریبهێنێتەوە). لای حاجی قادر ئەم بەختە نووستوە بەختێکە نایەوێت بگەڕێتەوە و بە مەنفا وەک دواهەمین مەنزڵگا ڕازییە، لەکاتێکدا نالی لەسەرەتای قەسیدکەدا لەوپەڕی ئامادەباشیدایە و ئامادەیە گیانی بە فیدای سروەی با بکات و قوربانیی بە ڕۆحی بدات بۆ گەڕاندنەوە بۆ زادگا. سەرەتای قەسیدەکەی نالی سەرەتای پاڕانەوەی نالییە لە با بۆ گەڕانەوە، بەڵام سەرەتای قەسیدەکەی حاجی قادر پاڕانەوەی حاجی قادرە لە بەختی خۆی بۆ بێداربوونەوە، ئەم جیاوازییە سەرەتاییە تا ڕادەیەکی زۆر دەربڕی ئەو جیاوازیانەی دیکەشە کە مەنفای نالی لە هی حاجی قادر جیادەکاتەوە. لەڕاستیدا گرمە گرمی هەور و ئەو هەموو سەدا و دەنگەدەنگە زۆرەی حاجی قادر لە قەسیدەکەیدا دروستیدەکات، ئەو ئیقاعە ناوەکییەیە کە لەڕێیەوە بەختی خەواڵو بێداردەکرێتەوە. هەڵبژاردنی وەرزی بەهار و گرمەی هەور و باعە باعی مەڕ و سەمای گەردونی مەلائیکەتەکان، ئەو ئیقاعە دەنگییە گەورەیەن کە حاجی بۆ بێدارکردنەوەی بەخت بەکاریدەهێنێت.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت گریمانی کەم ئەوەیە کە حاجی قادر، بەپێچەوانەی نالییەوە، باس لە گەڕانەوە بۆ بەهەشتێکی وونبوو ناکات، بۆ شوێنێک کە مەرکەزی گەردوونە و تاقەشوێنێکی شکاندنی تینویەتییەکی وجودییە، بەڵکو ئەو باس لە گەڕاندنەوەیەک دەکات کە نابەدڵە، گەڕاندنەوەیەکە بەخت نایەوێت و حاجی قادر دەبێت بەزۆر بۆ ئەنجامدانی ئەم سەفەرە بێداریکاتەوە. لێرەوە ئەو ساتەوەختەی حاجی قادر بۆ بێداربوونەوەی بەخت و تەماحی گەڕاندنەوەیەکی ڕەمزی و خەیاڵی دروستیدەکات ڕاستەوخۆ ئەو ساتەوەختە هەرە جوان و هەرە زیندوو هەرە هاوسەنگەی نیشتیمانە کە ڕێ بە بەرەوامی خەواڵوبوونی بەخت دەگرێت، حاجی بۆ ئەوەی بەختێکی خەوتو بێدارکاتەوە و وایلێبکات بیەوێت بۆ نیشتیمان بگەڕێتەوە دەستدەبات ئەو ساتەوەختە شیعریی و وجودی و حەیاتییانە هەڵدەبژێرێت کە من لێرەدا بە ساتەوەختی زیندەگی ناو «گوندێکی یۆتۆپی» ناودەنێم. لەم گوندە یۆتۆپییەدا حاجی قادر هارمۆنییەتێکی گەردونی دروستدەکات کە تێیدا هەموو

شتەکانی ناوی ئەم ئەویدیکەیان جوان دەکات و ئەم ئەویدی تەواو و دەوڵەمەند دەکات، شوێنی سەرنجە ئایین لەم گوندە یۆتۆپییەدا دەبێتە یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانەی کە ژیان جوان و سەماکان دەڵەمەندتر و پەیوەندیەکان فرەلایەنتر دەکات، لەم گوندە یۆتۆپییەدا تەنانەت ووشکە سۆفی و مەلائیکەتەکانیش لە دۆخی سەماکردنێکی گەردوونیدان.

لەکاتێکدا بەهەشتی نالی بەهەشتێکە دەکەوێتە دواوە و لە ڕابووردویەکەوە دێت کە دێڕ بە دێڕ و ئیقاع بە ئیقاع و ووشە بە ووشە لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا بینادەکرێتەوە، بەهەشتی حاجی قادر بەهەشتێکە دەکەوێتە ئایندەوە، دەکەوێتە وەرزێکەوە کە هەمیشە دێت و هەمیشە دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە بەهاری گوندێکی یۆتۆپییەوە کە پێیەکی لەناو خەیاڵی شیعریدایە و پێیەکەی دیکەی لەناو کۆمەڵێک مژدەی مێژوویدا کە سەرلەبەری ئەزموونی فیکری و ڕۆشنبیری حاجی قادری لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەئامێزدا بووە. لەم بەهەشتەدا، کە وەک وتم ڕەگەزێکی یۆتۆپی و ڕەگەزێکی مژدەبەخشی مێژوویی خولقاندویەتی، هارمۆنیەتێکی هەمەلایەن لەنێوان جوانی وئایین و سەما و سروشتا دروستدەبێت.

بەڵام بەر لەوەی بێمە سەر شیکردنەوەی ماناکانی شوێن و یادەوەری لە مەنفای حاجی قادردا با سەرەتا سەرنجبدەینە ئەو خاڵە هەرە گرنگەی ئەم قەسیدەی مەنفایەی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم هەڵگریەتی. مەبەستم ئەو بڕیاری نەگەڕاندنەوەیە کە لە پشتی ئەم دێڕانەوە پەنهانە:

**مەکانە: شەوقی بە عێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار**
**حەیاتە: زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاب و هەوا**
**ڕەفیقی کۆنە نەماون، جوانەکان پیرن**
**بە شەق دەڕۆن و لەداری دیارە شەققی عەسا**
**لە دووسەدی یەکەکی زەحمەتە بناسی یەوە**
**مەگەر با ناو و نیشان و بە خزم و باب و برا**

ئەم وێنەیەی نیشتیمان کەتێیدا حاجی قادر کەس ناناسێتەوە و هاوڕێ کۆنەکانی نەماون و گەنجەکانیشیان بەدارشەق دەڕۆن، ئەو وێنە ڕاستەقینە و واقیعییەیە کە ئەو نایەوێت بۆی بگەڕێتەوە و ژیانی خۆی تێدا بباتە سەر. حاجی قادر شوێن بە خەڵک و ناسیاوەوە گرێدەدات و ژیانیش بە ئەحبابەوە، بۆیە گەر لە نیشتیمان ئەو خەڵک و ئەحبابە نەمابن، ئیدی شوێن ئەو شەوقەی نابێت کە ئینسان بەرەو خۆی ڕابکێشێت و ناچار بە گەڕاندنەوەی بکات.

حاجی قادر پەیوەندییەکی گرنگ لەنێوان شوێن و توانانی ناسینەوەدا دروستدەکات. لای ئەو شوێن شوێنی ئەو هاو تەمەن و ناسراو و شتە ڕۆژانانەیە کە لەنزیکەوە بەشێکن لە پەیوەندی ئەو وەک ئینسانێک بە جیهان و دەوروبەرەوە. ڕووناکی شوێن لای حاجی لە ڕووناکی "ئەحباب" ـەوە سەرچاوە وەردەگرێت و ئەوەی شوێن مانادار دەکات ئەو ئینسانەن کە لەسەری دەژین، ئەو هاوڕێ و دۆست و ناسراوانەن کە شەوق وڕووناکییەک بە ژیان دەدەن، دەنا شوێن لەدەرەوەی ئەوانەدا بریتییە لە تاریکی. کە هاوڕێ و دۆست و ناسراوان نەمان، ئەودەم جیاوازی نێوان شوێن لە مەنفا و شوێن لە نیشتیماندا نامێنێتەوە. لەم ئاستەدا حاجی قادر شوێنی تاریک و شوێنی بێدۆست، چ لە نیشتیمان خۆیدا بێت یان لە مەنفادا، لە پەیوەندیدا بە ژیان و زەوق و پەیوەندی ئەو بە جیهانەوە وەک یەک شتن. بۆیە مادامەکی ئەو لە نیشتیمان لە دووسەدکەس یەکی ناناسێتەوە نایەوێت بگەڕێتەوە و خۆی لە دنیایەکدا نیشتەجێکات پڕ لە کەسی نەناسراو. لەم ئاستەدا غەریبی لە نیشتیمان و غەریبی لە مەنفا یەک مانایان هەیە، لەڕاستیدا ئەم لۆژیکە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین مەنفایەک بە دۆست و هاوڕێوە، باشترە لە نیشتیمانێک بێدۆست و بێهاوڕێ. وەک ئاشکرایە لێرەدا دیدێک بۆ شوێن ئامادەیە کە تەواو پێچەوانەی دیدی ئینسانی ئایینییە بۆ شوێن و لەزۆر ڕووەوە یەکسانە بەو دیدەی

کە ئەلیادا بە دیدی ئینسانی نادینی ناودەبات. ماناکانی شوێن لەم دیدەدا تەواو جیاوازن لەو مانا کۆسمۆلۆژی و وجودیانەی لە قەسیدەکەی نالیدا بینیمان. لەپشتی دیدی حاجی قادرەوە وێناکردنێکی عەمەلی و پراگماتیانەی شوێن هەیە، لەکاتێکدا لای نالی شوێن چیرۆکی پەیوەندی نێوان ئینسان و بوون و زەوی و ئاسمان و کۆسمۆلۆژیا و مێژوو دەگێڕێتەوە. لەم خاڵەشدا ماناکانی مەنفا لای حاجی قادر و لای نالی لێکدیجیادەبنەوە، لای نالی مەنفا یەکسان بوو بە ناشوێن و عەدەم، بەڵام لەم دیدە حاجی قادریەدا مەنفا بریتییە لە سەرزەمینێک کە لە ڕووی تیورییەوە دەشێت لە نیشتیمان زیاتر شوێنی ئاسودەییبێت، بەتایبەتی مەنفایەک خەڵکی ناسراو و ئەحبابی تێدابێت.

بەڵام ئەم ئاستەی شوێن هەموو ئەزموونی شوێن لە قەسیدەی (ووتم بە بەختی خەواڵو)دا نیشانانادات. ئەم ئاستەی ماناکانی شوێن ئەو ئاستەیە کە ڕاستەوخۆ لە ئەزموونی غەریبییەوە هەڵدەقوڵێت. لەم ئاستەدا شوێنی غەریب بریتییە لە شوێنی بێدۆست. ئیدی ئەم بێدۆستییە لەناوەوە یان لەدەرەوەی نیشتیماندا بێت، ئەمەیان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، گرنگ ئەو ئەزموونکردنە تایبەتەی شوێنە کە تیایدا شوێنی بێدۆست یەکسانە بە شوێنی نەناسین و غەوارەبوون و تەنیاکەوتن. لێرەوە هەقیقەتی مەنفا لای حاجی قادر لەو ئەزموونەی شوێندا جێگیرە کە ئینسان تێیدا تەنیا و بێدۆستە. بەڵام لەپاڵ ئەم ئاستەی ئازموونکردنی شوێندا ئاستێکی دیکەی ئەزموونکردنی شوێن هەیە، بۆ دەرکردن و ناسینی ئەم ئاستە پێویستمان بە ئاستێکی دیکەی خوێندنەوە هەیە کە من بە ئاستی خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژی دەقەکەی ناودەنێم، ئەم ئاستەش بریتییە لە ئاستی دروستکردن و بنیادنانی شوێنی یۆتۆپی.

بەبۆچوونی من ئەو پاڵنەرە سایکۆلۆژییەی وا لە حاجی قادر دەکات کە شوێن لە قەسیدەکەیدا بکاتە شوێنێکی یۆتۆپی و لە فۆرمی گوندێکدا پێشنیاریکات وابەستەی ئاستی یەکەمی ئەزموونکردنی شوێنە وەک شوێنی بێدۆست، واتە وابەستەی ئەو ڕاستییەیە کە نیشتیمان بۆتە شوێنێکی بێدۆست. مادامەکی نیشتیمان شوێنی تەنیاکەوتن و بێدۆستییە، بۆیە بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی یۆتۆپیا و بە ئەبستراکتکردنی ئەو شوێنە ئەو ستراتیژە فیکری و شیعریەیە کە قەسیدەکە بۆ دەربازبوون لەم مانا تایبەتەی نیشتیمان و لەم دەرەنجامە ناڕەحەتە هەڵیدەبژێرێت. بەبۆچوونی من تەوەرەی دژ بە تەنیاکەوتن لە قەسیدەی ووتم بە بەختی خەواڵودا لە دوو ئاستدا بەرجەستە دەبێت:

یەکەمیان: بە خوڵقاندنی شوێنێکی یۆتۆپی کە پڕبێت لەو پارچە و بڕگە و ووردەکارییانەی لە نیشتیماندا بوونیان هەیە و بەشێکن لە جوگرافیای واقیعی نیشتیمان. بەمانایەکی دیکە گواستنەوەی هەندێک پێدراوی واقیعی و مادییانەی شوێن لە نیشتیمان بۆناو ئەو شوێنە یۆتۆپییەی خەیاڵی شیعری لە مەنفادا دروستیدەکات.
دووهەمیشیان: پێداگرتنێکی سەخت لەسەر ئەوەی کە "شوێنێک" داگیرکات لەناو یاداوەری فەرهەنگی و ئەدەبیدا.
بەڵام داخۆ ئەو شوێنە یۆتۆپییە چییە و کامەیە کە حاجی قادر لە قەسیدەکەیدا بینایدەکاتەوە و ئەم شوێنە سایکۆلۆژییە تاچەند پەیوەندی بە ئەزموونی مەنفای حاجی قادرەوە هەیە؟

## نیشتیمان یان زادگا

یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو شوێنەی حاجی قادر بۆی دەگەڕێتەوە، دەستنیشاننەکردنی شوێنی واقیعی و جوگرافیای ئەو شوێنەیە. گەر نالی بۆ سولەیمانی بگەڕێتەوە و لەوێشەوە بۆناو حوجرەکەی، ئەوا حاجی قادر بۆ شوێنێکی ئەبستراکت و موجەڕەد و دەستنیشاننەکراو دەگەڕێتەوە.

**گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا**
**لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا**
**گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وولات**
**پڕە لە لالەو و نەسرین و نەرگسی شەهلا**

وەک ئاشکرایە ئەم تابلۆ تایبەتەی حاجی قادر لەو چەند دێڕەدا دەیانکێشێت ئاشکرا نییە کام شوێن و کام زادگا و کام بەشی نیشتیمانە. حاجی لەم وەرزە بەهارییە تایبەتەدا ناگەڕێتەوە بۆ شاخێکی دیاریکراو لە نیشتیمان، ناگەڕێتەوە بۆ لای چیمەنی حوجریەک، یان نێگرزی شوێنێکی دیاریکراو، ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە ناو نەنراوانەی کە تەنها لە پێناسی نیشتیماندا دەشێت جێیەکی بۆ بکەینەوە. لالە و نەسرین و شەهلا و شاخی پڕ گاوان و ئاژەڵ و جونبش و لەرزین و مەلائیکەت دەشێت لە چەندان زادگای جیاوازدا هەبن و بەشێکبن لە جوگرافیای بەرفراوانی نیشتیمان. ئەو شوێنانەی لای حاجی ئامادەن زیاتر هێمان بۆ شێوازێکی دیاریکراوی شوێن کە ڕاستەوخۆ ناکرێت کورتبکرێنەوە بۆ شوێنی زیندەگانی ئەو بە تەنها. حاجی شوێنەکان ناو نانێت، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەشێکن لە نیشتیمان، لە چەمکێکی ئەبستراکتر لە زادگا. بەڵام ئەم ئەبستراکتبوونە تەنها بەو مەبەستە نییە کە لەپشتییەوە بیرۆکەی نیشتیمان نیشاندرێت، بەپێچەوانەوە ئەم ئەبستراکتبوونە ئەرکێکی سایکۆلۆژی زۆر گرنگیشی هەیە کە وادەکات حاجی قادر ناچار بە گەڕانەوە نەبێت بۆ شوێنێک ئەو پێشوەخت بڕیاری داوە بۆی نەگەڕێتەوە. ئەبستراککردن بەشێکە لە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی کە ڕێ لەوەدەگرێت مەنفا و ژیانی ناو مەنفا بە گەڕاندنەوەیەک ناچاریکەن کە ئەو نایەوێت.

بە گواستنەوە لە زادگاوە بۆ نیشتیمان جوگرافیای جووڵە لای حاجی قادر زۆر گەورەتردەبێت لە جوگرافیای جووڵە لای نالی، شوێنی پیرۆزی نالی تەنها حوجرەکەیەتی، بەڵام شوێنی لەخەوهەستانی بەخت و شوێنی بەختەوەربوونی حاجی هەموو ئەو شاخ و سەرزەمینە پڕگوڵ و نەسرین و نێرگزانەیە کە دەشێت لەزۆر شوێنی نیشتیمان و تەنانەت دەرەوەی نیشتیمانیشدا ئامادەبێت. ئەوەی لای حاجی قادر گرنگە بنیادنانی بیرۆکەی نیشتیمانە لە قەسیدەکەدا، هەنگاوی یەکەمی ئەم بنیادنانەش بە ئەبستراکتکردنی چەمکی شوێن و نیشاندانیەتی وەک جوگرافیایەکی گشتیتر و فراوانتر لە جوگرافیای بچوک و لۆکاڵی زادگا. لێرەوە بە ئەبستراکتکردنی شوێن جگە لەو ئەرکە سایکۆلۆژییە گرنگەی کە باسمانکرد، ئەرکێکی گرنگی دیکەشی هەیە کەدەشێت بە ئەرکی سیاسی بنیادنانی نیشتیمان ناونووسیکەین، ئەرکی بنیادنانی خەیاڵی نیشتیمانێک گەورەتر و بەرفراوانتر لە زادگا. یان ڕاستتر بدوێین ئەرکی خوڵقاندنی جۆرێکی نوێ لە خەیاڵ کە دەشێت بە خەیاڵی نەتەوەیی ناونووسیکەین. ئەگەر خەیاڵی ئایینی و جوگرافیای ئایینی لەپشتی خەیاڵی جوگرافی ـ شیعری نالییەوە بێت، ئەوا خەیاڵی نەتەوەیی و جوگرافیای سیاسی نیشتیمان لەپشتی خەیاڵی سیاسی ـ شیعری حاجی قادرەوەیە. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەری.

بەڵام داخۆ کارەکتەرەکانی ئەم شوێنە چین کە حاجی ئەبستراکتی ئەکات و لەناو خەیاڵی شیعریدا سەرلەنوێ دروستیدەکاتەوە؟ ئەو نیشتیمانە کامەیە ئەو دەخوازێت هەبێت؟

ئەو زەمەنەی حاجی هەڵیدەبژێرێت بۆ بنیادنانی وێنەکانی نیشتیمان زەمەنی بەهارە، زەمەنی گرمەگرمی سەحاب و هاژەی باران و هەرا و نواڵەی پڕ لە سەدا و ڕەقس و سەمایە. ئەگەر مەنفا شوێنی خەوتنی بەختبێت، ئەوا لەناو ئەو گرمەگرم و هاژەیەدا بەخت نەک ناتوانێت بنوێت، بەڵکو دەبێت لە ترۆپکی ئامادەباشی و نووقمبووندابێت لەناو شەپۆلەکانی بەهار و سەما و پێکداچوونێکی سەرسوورهێنەرانەی سروشت و ئینسان و خودادا. هەموو ئەو شتانەی حاجی قادر لەم قەسیدەیەدا باسیاندەکات، بەختی خەواڵوی مەنفای لێدەرچێت، لە دۆخی جوڵە و بزاوت و هەژانێکی بێسنووردان. ئەگەر مەنفا شوێنی بێدەنگی و خامۆشییەکی وجودییانە بێت ئەوا نیشتیمان شوێنی

جوڵەیەکی بێکۆتایی و هەمیشەییە. یەکەمین وێنەیەک کە حاجی قادر بۆ نیشتیمان دروستیدەکات وێنەی لەدایکبوونێکی بەهارییانەی پڕجوڵە و گەشە و سەفا و کەیفی حەیاتی و ئایینی و وجودییە. لەناو ئەو گوندە یۆتۆپیەدا دوو ڕەگەزی زۆر گرنگ هەن کە مەودایەکی قووڵتر بە جوانی و هارمۆنییەتی ناوەکی ئەو گوندە یۆتۆپیە ئەدەن:

یەکەمیان: بوونی ئافرەتێکە لەپشتی ئەو سروشتە پڕ لە جووڵە و نووقم لە سەما و هارمۆنییەتەدا کە حاجی دروستیدەکات. حاجی قادر چادرە ڕەشەکانی ناو لالە و چەمەن و سەوزایی ناو سروشتی لێدەبێت بە خاڵی سەرگۆنای ئەو خانمەی لەپشتی سروشتەوە ئامادەیە و بەم ئامادەبوونەش ڕەهەندێکی ئینسانی قووڵ بە شتەکان و پەیوەندیەکان و جوانیەکان ئەدات. ئەم دولبەرە خەیاڵییە، ئەم سروشتە مێیە، ئەو سەرزەمینی ئارەزوەیە کە حاجی بیریدەکات و ئەو بناغە حەیاتییە گرنگەشە کە بۆ نیشتیمانی داوادەکات.

دووهەمیان: بوونی پیاوێکی ڕۆحانی و ئایینییە لەناو ئەو تێکەڵە کیمیاوییەی جوانی و ئایین و هارمۆنیەتدا لەو گوندە یۆتۆپیەدا کە حاجی دروستیدەکات. ئەو پیاوە ئایینیەش پیاوێکە کە کەواکەی سەوزە، مێزەری بەفرە و سیواکی چووزەرە ڕێواسە و جبەی سەوزیشی گەڵا.

بەمانایەکی دیکە ئەو نیشتیمانەی حاجی قادر وێنایدەکات و دەخوازێت بنیادینێت لەسەرێکەوە سیفەتێکی مێیینەی جوانیدۆستی هەیە کە هەڵگری دنیایەکە لە هارمۆنییەت، لەسەرێکی دیکەشەوە سروشتێکی نێرینەی ئایینی هەیە کە تێیدا ئایین لەبری ئەوەی بەزمانی ترس و تۆڵە و ئاگر و جەهەنەم و سوتان بدوێت، بەزمانی سروشت و جوانیەکانی ناو سروشت ئەدوێت. ئەم دیدەی حاجی قادر بۆ ئایین دیدێکی ژیاندۆستی و سروشتدۆستی و شادیدۆستییە، لێرەدا ئایین نایەت تا دنیا ناشیرینکات و ژیان بگاتە جەهەنەمێکی داخراو، بەپێچەوانەوە ئایین دێت تا ئەو جوانییانەی لە سروشتدا هەن و لە جوانی ئافرەت دەچن، زیاتر و دەوڵەمەندتر و فراوانتر کەن:

**چیایە شێخ و کەوای سەوزە، مێزەری بەفرە**
**سیواکی چووزەرە ڕێواسە، تەیلەسانی گەڵا**

تا دەڵێت:

**لە گورگە لوورو، حەپەی سەگ، لە قارە قاڕی بزن**
**لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا**
**لە ئۆحە ئۆحەیی گاوان و قیبڕە قیبڕی شوان**
**لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا**
**مەلائیکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی**
**دێینە جونبش و لەرزین، دەکەونە حەولەوەلا**

کەوابوو ئەو ڕەگەزانەی حاجی قادر نیشتیمانی پێبنیاددەنێ بریتین لە سروشت، ئایین، جوانی و پەیوەندییەکی هارمۆنی و سەمائامێز لەنێوان ئەو لایەنانەدا، هەموو ئەمانەش پێکهاتەکی زیندوو دروستدەکەن کە لێوانلێوە لە ژیان و خۆشەویستی و چێژوەرگرتن لە هەموو ئەو ووردەکارییانەی دەشێت ژیان لە نیشتیمانێکی دیاریکراودا بیانخاتە بەردەستی ئینسان. لەم جوگرافیا خەیاڵییەدا حاجی قادر ڕەگەزە دژ بەیەکەکان کۆ دەکاتەوە و پێکهاتێکی سیحریان لێدروستەکات، سروشتی مێینە لەگەڵ سروشتی ئایینیدا کۆدەکاتەوە و ئەوپەڕی هارمۆنیەت و گونجانی ناوەکیش بەم پێکەوەبوونە دەبەخشێت.

شوێنی سەرنجە ئەو جوگرافیا خەیاڵییەی حاجی بۆی دەگەڕێتەوە لادێیە نەک شار، خوێنەر سەرنجی ئەوەبدات کە نالی بۆ شار دەگەڕێتەوە. بەمانایەکی دیکە حاجی قادر دەخوازێت لەم پرۆژە یۆتۆپیەدا لە لادێوە نیشتیمان دروستکاتەوە. ڕەنگە هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە تایبەتە وابەستەی ئەو عەوداڵبوونە بەردەوامەی حاجی قادربێت بەدوای هارمۆنییەتدا، هارمۆنییەتی تێکنەچووی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت و ئایین لە یەککاتدا. سەرچاوەی ڕەسەن و گرنگی ئەم هارمۆنییەتەش لای حاجی لە ژیانی سادەی لادێدایە نەک لە فەزای ئاڵۆزی شاردا. لێرەوە لەکاتێکدا نالی بۆ شارێک دەگەڕێتەوە کە مەرکەزی گەردون و شوێنی پیرۆزە، حاجی دەگەڕێتەوە بۆ گوندێکی گەردوونی کە تێکەڵێکە لە پیرۆزی و سەما، لە ئایین و گۆرانی و لە پیاوی ئایینی و ئافرەتی لە سروشت چوو. بەمانایەکی دیکە ئەو وێنە یۆتۆپییەی حاجی قادر بۆ نیشتیمان هەیەتی ئەو هارمۆنییەتە گەردوونی و قووڵەیە کە تەنها لە گوندا دەشێت بدۆزرێتەوە، هارمۆنییەتێک تێیدا ئینسان و سروشت، ئایین و گۆرانی، نێریەتی و مێیەتی یەک ئەویدی تەواو دەکات.

**لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە باڕی مەڕان**
**لەدەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا**
**لە گورگە لوور و ، حەپەی سەگ، لە قارە قاڕی بزن**
**لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا**
**لە ئۆحە ئۆحەی گاوان و قیبیرە قیبیڕی شوان**
**لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا**

تا دەگاتە:

**مەلائیکەی سەری تاق و ڕەواقی میینایی**
**دەێیینە جونبوش و لەرزین، دەکەونە حەلەوەلا**

بەڵام داخۆ حاجی بۆ ناگەڕێتەوە بۆناو ئەم سەمای وجود و هارمۆنییەت و جوڵە بێبڕانەوەیەی ژیان، ئایا نەگەڕاندنەوەی حاجی بۆناو ئەم زەمەنی جوڵەیە وابەستەی تێپەڕینی تەمەن و پیربوونیەتی؟ ئایا هەڵبژاردنی هێمنی و بێجوڵەیی مەنفا وابەستەی ئەوەیە کە ئەو پیربوە و وەک تاکەکەس زەمەنی جوڵە و زیندوێتی بەسەرچووە؟ ئایا پیریەتی وادەکات حاجی لۆژیکی پیری مەنفا هەڵبژێرێت و نەچێتەوە بۆ نیشتیمانێکی پڕژیان «جوڵە و مژدە»؟

ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشوودا و لە پەیوەندی ئەزموونی شوێن بە بوون یان نەبوونی دۆستەوە لە ئاستی سایکۆلۆژیدا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوە. با ئێستا لە ئاستێکی دیکەدا لەم مەسەلەیە بڕوانین و بزانین داخۆ ڕەگەکانی مەسەلەی نەگەڕاندنەوە لای حاجی قادر قووڵتر نین لەو پێداویستییە سایکۆلۆژییانە.

بەبۆچوونی من گێڕانەوەی بڕیاری نەگەڕاندنەوە بۆ تەمەن و تەنهاکەوتن و نەمانی دۆست تەنیا نیوەی ڕاستییەکانمان پێدەڵێت. وەک نیشانماندا حاجی قادر خۆی لە قەسیدەکەدا هێما بەوە دەکات کە گەڕانەوە دەیخاتە ناو جۆرێک لە تەنیاکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە. نەناسینەوەی خەڵک و هاتنەکایەی ڕۆژگار و سەردەمێک کە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ئەو تەنها و بێهاوڕێ و بێدۆست دەکات یەکێک لەو هۆکارانەیە کە حاجی قادر بە ئاشکرایی بۆ نەگەڕانەوەی بۆ نیشتیمان بە خوێنەری ڕادەگەیەنێت. لەم ئاستەدا نەگەڕاندنەوەی حاجی بۆناو ئەو زیندەگانییە گەورەیەی نیشتیمان و ناو ئەو سەرزەمینی سەما گەدرونییە وابەستەی پیربوون وتێپەڕینی زەمەنە.

بەڵام ئەم لێکدانەوەیە هەموو ڕاستییەکانمان پێناڵێت. من لێرەدا پێ لەسەر دوو ڕەهەندی دیکەی ئەم بڕیارەی حاجی قادر دادەگرم و دوو هۆکاری دیکەش بۆ ئەم نەگەڕاندنەوەیە بۆ نیشتیمان زیاددەکەم.

یەکەم: حاجی کوڕی ڕۆژگارێکە کەتێیدا ناچاربووە هەڵبێت و نیشتیمان بەجێبهێڵێت. ئەو نەک سەمای فریشتەکانی لە نیشتیمانی خۆیدا نەبینیوە و نەک پیاوانی ئایین بەشێک نەبوون لە هارمۆنییەتی نێوان ئینسان و سروشت و نەک جوانی دەرەنجامی هارمۆنیەتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئینسانی نەبووە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەو شتانەی حاجی قادر لەو گوندە یۆتۆپییەدا دروستیدەکات، ڕێک پێچەوانەکەی لە نیشتیمانی خۆیدا بینیوە. حاجی قادر هەڵدێت لەدەستی هێرشی ئایین بۆ سەر ژیان، لەدەستی تێکچوونی هارمۆنییەتی پەیوەندی نێوان خودا و کۆمەڵگا و ئینسان. ئەوەی لەم تێکچوونی پەیوەندییەدا کوژراوە جوانی و مانایە. جوانی بە شاردنەوە و داپۆشین و گۆشەگیری و ماناش بە داخستنی تواناکانی عەقڵ و بیرکردنەوە و بەخشینی فیکر بە ئاسنی دۆگما و لێکدانەوە داخراوەکانی پیاوانی ئایین. بڕیاری نەگەڕاندنەوە لەزۆر ڕووەوە بڕیاری پاراستنی ئەو ئەگەرە جوانانەیە کە لانیکەم لەناو خەیاڵی شیعری و نۆستالژیای مەنفادا پارێزراون. حاجی ئەو ڕاستییەی باش زانیوە بەگەڕاندنەوەی ناکەوێتە ناو ووردەکاریی و جوانی و هارمۆنییەتی ناو ئەم گوندە یوتۆپییەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەڕانەوە ڕاستەوخۆ دەیخاتە ناو دنیایەکەوە ئەو لەدەستی هەڵهاتوە.

دووهەم: حاجی قادر شاعیرێکی ئایینیدە خوازە و لای ئەو ئاییندە پڕیەتی لە ئەگەر و بەڵێن و مژدە بە کامەرانی و سەرفیرازی، کاری ئەو وەک شاعیرێک بریتییە لە ووشیارکردنەوەی خەڵک بەرامبەر بەو ئاییندەیە و نیشاندنی ئەو ئەگەر و مژدە و توانایانەی دەشێت ئەو ئاییندەیە هەڵگریبێت. ئاییندە لای حاجی قادر ئەو هێزە بووە کە هەم خەیاڵی شیعری و هەم تێڕوانینی سیاسی و هەم هەموو ئەو هەوڵە فیکری و ڕۆشنبیریانەشی داڕشتوە کە ئەو لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەرقاڵیان بووە. هەموان دەزانین کە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لای بەشێکی گرنگی خوێندەوارانی کوردی ئەو سەردەمە ڕۆژگاری بینینی خەونی گەورە و گەشبین و هەمەلایەن بووە. حاجی قادر یەکێک لەو خەوبینە گەورانەی کۆتایی سەدەکەیە. ئەو خاڵەی لێرەدا گرنگە نیشانیدەین ئەو ڕاستییەیە کە ڕەگی خەونەکانی حاجی قادر لەناو مەنفای ئەستەمبوڵیدا بووە، ئەستەمبوڵ لەدیدی حاجی قادردا ڕێک وێنەی ئەو ئاییندەیەی نیشانداوە کە بۆ کوردستانی خواستوە. ئەستەمبوڵی پێشکەوتو، مەزاری بیر و بۆچوون و خەیاڵ و وێناکردنی نوێ، بێشکەیەک لە بێشکە گرنگەکانی شارستانییەتی ئەو سەردەمە، وایان لە حاجی کردوە، لەودا ئاییندەی نیشتیمانەکەی خۆی ببینێت، ئەو وێنانە ببینێت کە کوردستانی ئەویش لە ئاییندەدا پێیاندەگات.

بەمانایەکی دیکە حاجی قادر لە مەنفای ئەستەمبووڵدا بەتەنها لە شارێکی پێشکەتوودا نەژیاوە، بەڵکو لە ئاییندەی نیشتیمانەکەی خۆیدا ژیاوە. ئەستەمبووڵ لای حاجی ڕەمزی وڵاتێکە کە ئەو دەخوازێت نیشتیمانی خۆی بەوشێوەیە دروستبکات. لێرەوە بەجێهێشتنی ئەستەمبووڵ و گەڕانەوە بۆ نیشتیمان وەک بەجێهێشتنی ئاییندە وایە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابووردو، ئەمەش وەک جۆرێک لە پاشەکشێ و دابڕان لە ئاییندەیەک دەرکەوتوە کە حاجی قادر هەموو توانا فیکری و ئەدەبی و شیعرییەکەی بۆ بنیادنان و دروستکردنی ئەو ئاییندەیە تەرخانکردوە.

بەم مانایە جیاوازی لە شوێندا لای حاجی قادر لە قووڵاییدا جیاوازییە لە زەمەندا، مەنفای ئەستەمبووڵی هەڵگری زەمەن و مێژوویەک بووە کە زۆر لەپێشەوەی زەمەن و مێژووی نیشتیمانەوەیە. گۆڕانی شوێن بۆ گۆڕان لە زەمەندا ئەو ڕاستییە لای حاجی قادر دروستدەکات کە زەمەنی مێژوویی ئەو زەمەنێکی هیرارکییە، لەم هیرارکییەشدا زەمەنی مەنفا زەمەنێکە زۆر لەپێش زەمەنی نیشتمانەوەیە. زەمەنی ئێستای مەنفا زەمەنی ئاییندەی نیشتیمانە و نیشتیمان لە ئێستای خۆیدا ڕابووردی مەنفا دەژی. بە مانایەکی دیکە مەنفا بریتییە لە قۆناغی کامڵبوون و گەورەبوونی

نیشتیمان و نیشتیمان بریتییە لە قۆناغی منالّی و ناکامڵی مەنفا. لێرەوە حاجی قادر کە لە مەنفادا قۆناغی کامڵبوونی فیکری و ڕۆحی خۆی ئەژی، ناتوانێ و نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانێک کە لە قۆناغی منالّی مەنفادا دەژی.

لەبەراوردکردنیدا بە نالی، حاجی قادر لە مەنفادا ئایندەی خەون و مانا و مژدەکانی خۆی ژیاوە، لەکاتێکدا نالی لە مەنفادا لەدەرەوەی زەمەن و لەدەرەوەی شوێن و لەدەرەوەی هەر مانایەکدا ژیاوە. حاجی قادر لە ئەستەمبوولّدا بە ئایندەوە سەرقاڵە، لەکاتێکدا نالی ڕووی لە ڕابردووییەکە کە تێیدا شوێنی پیرۆز خاڵی بەستنەوەی وجودی ئەوە بە وجودی موفاریقەوە. وەک ئاشکرایە لەگەڵ حاجی قادر ئێمە لە بەردەم دیدێکی تەواو جیاوازداین بۆ زەمەن بەبەراوردکردنی بە دیدی نالی، لەپشتی ئەم جیاوازیەشەوە دوو ئەزموونی جیاوازی مەنفا ئامادەیە.

مەنفای حاجی قادر مەنفایەکە سەر بە ئاستی دووهەمی ئەزموونکردنی مەنفایە. ئاستی دروستبوونی جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان ئەو و ئەو مانا و ڕەمز و بابەتانەی لەو کۆمەڵگایەدا ئامادەن کە ئەو تێیدا مەنفی بووە. لەم خاڵەشدا مەنفای حاجی قادر خۆی لە مەنفای نالی جیادەکاتەوە.

## یاداوەری ڕۆشنبیری وەک نیشتیمان

ئێمە ووتمان یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی مەنفای حاجی قادر ئەو پەیوەندییەیە کە حاجی قادر بە یاداوەری ڕۆشنبیریی کوردییەوە گرێدەدات. بەر لە هەموو شتێک حاجی قادر لە (ووتم بە بەختی خەوڵودا) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا پێ لەسەر مەسەلەی ئەم یاداوەرییە و شوێن و جێی خۆی لەناو ئەم یادەوەریە ڕۆشنبیرییەدا دادەگرێت. ئەو کە نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و لەوێدا وەک تاکەکەسێک بژی، داوای ئەوە دەکات کە شوێنێکی لەنێو یاداوەری ڕۆشنبیریدا بۆ بگیرێت و بەرهەمەکانی لەبەرکرێن. لە مەسەلەی پەیوەندیکردن بەم یاداوەرییەوە، جیاوازیەکی گەورە لەنێوان نالی و حاجی قادردا هەیە. نالی لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) دا ڕاگوزەرانە و لە تاقە دێڕێکدا دەپرسێت داخۆ کەس ئەوی بەبیردەکەوێتە و کەس هەیە باسی ئەو بکات، لە کاتێکدا حاجی داوای ئەوە دەکات کە قەسیدەکانی بخوێندرێتەوە و مشتومڕی لەسەربکرێ و دواجاریش لەبەربکرێن. وەک پێشتریش ووتمان گەڕاندنەوە بۆ نیشتیمان لای حاجی قادر گەڕاندنەوەیە بۆ گوندێکی یۆتۆپی نەک بۆ زادگایەکی ڕاستەقینە. ئەو گەڕاندنەوەیە لە ئاستە واقیعییەکەیدا گەڕاندنەوەیە بۆ سەرزەمینێک کە حاجی پێی نامۆیە و کەسی تێدا ناناسێتەوە. لە قەسیدەی (ووتم بە بەختی خەواڵو)دا حاجی ئەو نیشتیمانەی گوایە دەبێت بۆی بگەڕێتەوە بە شاری (جابولقا) دەشوبهێنێت، ئەم شارەش وەک دەوترێت شارێکە ناوی هەیە و خۆی نییە، شارێکی خەیاڵی و ئەفسانەییە، شارێکە لە زەین و وێناکردنەکانی خەیاڵدا ئامادەیە بەڵام لە واقیعدا بوونی نییە. ئەم شارە شاری ناو یەکێک لە داستانە کۆنەکانی داستانی هەزار و یەک شەوە (دیوانی حاجی قادر ل ٤٠).

حاجی لەباتی گەڕاندنەوە و ئامادەبوونی فیزیایانەی خۆی لە نیشتیمان هەوڵی ئامادەبونێکی ڕەمزی ئەدات. ئەوەی بەلای حاجی قادرەوە گرنگە ستراتیژییەتەکانی یادکردنەوە و بیرچوونەوەیە لە نیشتیمان. نیشتیمان لەم دۆخەدا چیدی زادگایەک نییە ئینسان تێیدا لەدایکببێت و بژی و بمرێت، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە ئینسان تێیدا وەبیردەهێنرێتەوە و یاددەکرێتەوە و ناهێڵرێت لەبیربچێتەوە. بەم گۆڕانە دەلالیەش ئیدی ماناکانی نیشتیمان بارگاوی دەبێت بەو مانایانەی کە نیشتیمان دەکەنە شوێنێک کە یاداوەرییەکی ڕۆشنبیری تێدا ئامادەیە، یاداوەرییەک تێیدا شوێنێک بۆ دید و بۆچوون و داهێنانەکانی ئەم پیاوە مەنفییە بکاتەوە.

ئەگەر لەپشتی پرسیاری نالییەوە لەوەی داخۆ باسدەکرێت یان نا، لەبیرچۆتەوە یان بەدڵدا دەکات ختور، ئارەزوویەکی تاکەکەسی ئامادەبێت بۆ لەیادنەچوونەوە، ئەوا لای حاجی قادر لەپشتی ئەم ئارەزووەوە ئەو ڕۆحە ناسیۆنالیستییە ئامادەیە کە لە سایکۆلۆژیای بەراوردکردنەوە سەرچاوەدەگرێ.

حاجی قادر دەڵێت شیعرەکانم لەبەرکەن بۆ ئەوەی من لێرە و لەناو بیانی و نەناسراوانی مەنفادا فەخری پێوەکەم و بڵێم منیش شاعیری وڵات و نەتەوەیەکم کە ڕێز لە شیعرو ئەدەب و جوانی دەگرن. حاجی خۆی بەو بیانیانە بەراووردەکات کە لەگەڵیاندا ئامادەیە و لەگەڵیاندا دەژی. خودی ئەم بەراووردکارییە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی هەڵگرتوە کە حاجی قادر لە ئاستی دووهەمی ئەزموونکردنی مەنفادا ژیاوە، ئەو بەشێک بووە لەو دنیای مانا و باس و بابەتانەی لە مەنفا و کۆمەڵگای ئەستەمبوڵی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئامادەبووە، لەکاتێکدا نالی تەماشاکەرێکی دەرەکی بووە و دابڕان لە شوێنی پیرۆز مەودای ئەو جۆرە دیالۆگەی لەگەڵ کۆمەڵگای کۆچپۆکردودا بۆ نەهێشتۆتەوە. لای حاجی سایکۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بۆ یەکەمینجار بە ئاشکرایی لەدایکدەبێ لەکاتێکدا لای نالی سایکۆلۆژیای ئایینی سایکۆلۆژیای بەباڵادەستە.

## شێرکۆ بێکەس
## لە مەنفاوە بۆ مێژوویەکی کوژراو

ئەزموونی مەنفا لە قەسیدەی (دەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەسدا ئەزموونێکە ئاڵۆزتر و فرەلایەنتر و گشتگیرتر بە بەراوردکردنی بە مەنفای نالی و مەنفای حاجی قادری کۆیی. شێرکۆ بێکەس شایەتی جۆرێکی دیکەی مەنفا و ڕۆژگارێکی دیکەی مەنفا و مێژوویەکی تایبەتی مەنفایە کە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لەو دوو مەنفایەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو دوو شاعیرە گەورە و گرنگەی مێژووی ئەدەبی کوردی تێیکەوتوون. ڕەنگە گرنگترین سیفەتێکی سەرەکی مەنفای شێرکۆ، بەبەراوردکردنی بە مەنفای نالی و حاجی قادری کۆیی، لەوەدابێت کە مەنفای شێرکۆ مەنفای دوای وێرانبوونی نیشتیمانە. مەنفایەکە لەپشتییەوە نە شوێنێکی پیرۆز و کۆسمۆلۆژی بۆ گەڕانەوە لەئارادایە کە ناوەندی گەردوون و شوێنی شکاندنی تینویەتیەکی وجودی بێت، نە ئەو گوندە یۆتۆپییەش لە خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شیعریشدا ماوە کە تێیدا سەمای گەردونی و هارمۆنییەتی نێوان ئینسان و ئایین و سروشت لەناوەوەڕا کۆڵەکەکانی بوونی ئینسان و سروشت و کۆمەڵگایان ڕاگرتبێت. لە دەربەندی پەپوولەدا شوێنێ نەماوە نەبووبێتە وێرانە، لە شوێنی پیرۆزەوە بیگرە، تا بە هەموو ئەو ڕەگەزە یۆتۆپیانەی شوێن دەگات کە حاجی قادر بە نیشتیمانێکی ئایندەییان دەبەخشێت. شێرکۆ لە (دەربەندی پەپوولە)دا شاعیرێکە نەک تەنها لەسەر وێرانەکانی شوێنی پیرۆز و شوێنی یۆتۆپی وەستاوە، بەڵکو لەسەر وێرانەکانی مێژوویەکی دوورودرێژ و کەلاوەکانی زەمەنێکی جیهانیدا ڕاوەستاوە کە لەپاڵ ناشتنی خەونەکانی نالی و حاجی قادردا چەندان خەون و ئومێد و مژدەی دیکەی تێدا نێژراوە کە نەوەکانی دوای ئەوان بینیویانە و قوربانیان بۆداوە. دەربەندی پەپوولە بەم مانایە قەسیدەی بەدەنگهاتنی هەموو ئەو شتە کوژراوانەیە کە شاعیرێک دێت و دوای مردنیان زمانی قسەکردن و دواندنیان پێدەبەخشێتەوە. مەنفا لەم ئاستەدا سەرزەمینی بەرهەمهێنان یان دۆزینەوە و بەخشینەوەی زمانێکە بە شتەکان کە لەنیشتیماندا لێیانسێندراوەتەوە، زمانێک کە زمانی قسەکردنی شاعیرێک نییە بەتەنها، بەڵکو زمانی قسەکردنی مێژوویەک و جیهانێک و وجودێکی بێزمانکراوە. زمان لە دەربەندی پەپوولەدا بەتەنها زمانی شیعر نییە، بەڵکو زمانی هەموو شتە سادە و ئاڵۆزەکانی ژیانێکە کە وێرانکراوە. ئەگەر مەنفای نالی و حاجی قادری کۆیی تەنها دوو قەسیدەیان بەرهەمهێنابێت کە دەربڕی دنیای ناوەکی و دەرەکی دوو مەنفیبێت، مەنفای شێرکۆ دنیایەک تەریب بە شیعر بەرهەمدەهێنێت، دنیایەک بەشێکی لەناو قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدایە و بەشەکانی دیکەی لە ئەزموونی ئەو هەزاران هەزار شتە زیندوو و مردوانەدایە کە دەربەندی پەپوولە بەبەردەوامی هێمایان پێدەکات. لە دەربەندی پەپوولەدا تەنها شیعر لە مەنفا نییە و شیعریش تەنها کۆششی گەڕاندنەوەی شاعیرێک نییە بۆ زادگا و نیشتیمانی خۆی، لە دەربەندی پەپوولەدا شتەکان هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مەنفان. هەم مێژووی کوردی لە مەنفایە و هەم مەنفا لەناو مێژووی

کوردیدایە. شێرکۆ لەم بەخشینەوەیەی زماندا بە شتە کوژراوەکان تەواو لەو پیاوە ئەفسانەییە دەچێت کە هەموو زمانەکان بەسەریەکەوە قسەدەکات، لە زمانی بەرد و گیا و شەهیدانەوە بۆ زمانی شیعر و کێشەی نێوان نەوەکان و ڕابووردوی مەنفای کوردی. ئەم شاعیرە ناچارە بە زمانی گەڕاندنەوەی ژیان بۆ دنیایەکی بێژیان و بە زمانی گەڕاندنەوەی وزەیەکی ئەفسانەیی بۆ مێژوویەکی لەناوەوەڕا لە هەر ووزەیەکی مانەوە بەتاڵکراو، بدوێت. بەم مانایە مەنفای شێرکۆ مەنفایەکی ئاڵۆزتر و تراژیدیتر و گشتگیرترە لە مەنفاکانی بەر لەخۆی. ئەم ڕەهەندە گشتییەیە کە ڕووە تراژیدیەکانی ئەم مەنفایە قووڵتر و قووڵتر دەکاتەوە.

لێرەوە ئەوەی لەسەرەتای قەسیدەی دەربەندی پەپوولە شێرکۆ بێکەس بەرەو نیشتیمان دەگێرێتەوە و ئەوەی ئەو سەفەرە خەیاڵییەی پێدەکات نە بایە وەک لای نالی ئامادەیە، نە لەخەوهەستانی ئەو بەختەیە کە لای حاجی قادر بینیمان. ئەوەی لای شێرکۆ دەیبینین، هەڵکردنی "گەردەلولێکی سەوز" و "ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە" . ئەم دووانەش لە قەسیدەکەدا و هەر لەسەرەتاوە کاریان زیندوکردنەوەی جیهانێکە کە مردوە و یاخود گەر بەتەواویش نەمردبێت ئەوا لەناو فەزایەکی مەرگئامێزدا نیشتەجێیە. مەنفا هەر لە سەرەتای قەسیدەکەوە وەک درێژکراوەی ئەو دنیا کوژراوە نیشانئەدرێت کە شاعیرێک لەناو خۆیدا هەڵیگرتوە و بردویەتییە زەمان و زەمینێکی دیکەوە، دەربەندی پەپوولە بەم مانایە هەوڵدانێکی سەرسەختانەی شاعیرێکە بۆ زیندوکردنەوەیەکی ئەفسانەیی مێژوویەکی نیشتەجێی ناو مەرگ و داپۆشراو بە فەزایەک لە مەرگ. وەک وتمان ئەوەشی ئەم هەنگاوە ئەفسانەییە ڕێکدەخات "گەردەلولێکی سەوز" و "ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە". خوێنەر سەرنجبدات چۆن میتافۆری ناسکی با لای نالی و میتافۆری بەختی نووستو لای حاجی قادری کۆیی بەتەواوی لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا دەگۆڕێت بۆ میتافۆری توورە و پڕهێز و قورسی "گەردەلولێکی سەوز" و "ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدار" . لای شێرکۆ کارەساتەکان بەشێوەیەک قووڵ و گشتگیرن کە تەنها میتافۆرێکی قورسی وەک گەرو ئەسپێکی ئەفسانەیی پڕ هێز دەتوانێت لە سەرەتای سەرەتاکانەوە شتەکان بۆناو ژیان بگەڕێنێتەوە :

**چ گەردەلولێکی سەوزە و**
**چ ئەسپێکی ئەفسانەیی باڵدارە وا**
**لەم کۆتایی دنیایەوە**
**بە پڕتاو دێ و هەڵم ئەگرێ و ئەمفڕێنێ و**
**دوور دوور ئەمبا**
**بەرە و هۆبەی ئارانی تۆ (ل ٢ ـ ٣)**

ساتەوەختی گەڕانەوە لە دەربەندی پەپوولەدا ساتەوەختی زیندووبوونەوەیەکی لەسەرخۆی ڕۆح و جەستەیەکە کە لە مەنفادا بێهۆش و بریندار و وێرانە. شێرکۆ مەنفا، وەک بەشێک لە جیهان، وەک سەرزەمینی سەرەمەرگ و ئیفیلجبوون و تەنیاکەوتنێکی ڕەها نیشانئەدات. جیهان مەنفایەکی گەورەیە و مەنفاش ئەو شوێنەیە کە دوای وێرانبوونی وجودی ئەو لە نیشتیماندا هاتۆتەکایەوە. لێرەوە هەڵاتنی شێرکۆ بێکەس بەرەو مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا ڕێک وەک دەرکردنی بەزۆری ئادەم و حەوا وایە لە بەهەشت، مەنفیبوون سزایەکە و ئەم شاعیرە و مێژووی نەتەوەیی ئەم شاعیرە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کەوتوونەتە ناویەوە. بەڵام جیاوازی ئەم ئەزموونە لەگەڵ مەنفای ئایینیدا لەوەدایە کە لەپشتی ئەزموونی ئادەم و حەواوە بەهەشت وەک شوێنێکی زیندوو پڕمژدە و بەختیاری ئەبەدی هەرماوە، بەهەشت ماڵێکە نەڕووخاوە، مژدەیەکە و زیندووە، شوێنێکە دەشێت جارێکی دیکە بۆی بگەڕێینەوە. بەڵام لە دەربەندی پەپوولەدا بەهەشت، کە بەهەشتێکی سەرزەمینی و

نیشتیمانییە، بەر لە مەنفیبوونی شاعیر وێرانکراوە و مەنفیبوون لێرەدا دەرەنجامی وێرانبوونی بەهەشت خۆیەتی. لەم ئاستەدا مەنفای دەربەندی پەپوولە مەنفایەکە بێمژدە و مەنفایەکە دوای ئەزموونی وێرانکردنێکی سەرتاسەری هاتۆتەکایەوە. مەنفاش شتێک نییە جیاواز لەم ئەزموونە گەورەیەی وێرانبوونی وجودی تاکەکەسی و دەستەجەمعی ئەو شاعیرە ، بۆیە لە دەربەندی پەپوولەدا بۆئەوەی سەفەری پێچەوانە بەرەو نیشتیمان پیادەبکرێت، دەبێت سەرەتا ئەم مردوە زیندوکرێتەوە. لاپەڕەکانی سەرەتای دەربەندی پەپوولە باس لە زیدوبوونەوەی دەستوپەنجەی وشکهەڵاتووی شاعیرێک و پشکوتن و بەخەبەرهاتنەوەی کێوی سەریی ئەم شاعیرە دەکەن. بەمانایەکی دیکە سەفەر لە دەربەندی پەپوولەدا لە مەنفاوە بۆ نیشتیمان لە ساتەوەختێکی مەرگئامێزەوە دەستپێدەکات کە شتەکان تێیدا لەنێوان مردن و ژیاندا لە بێدەنگیەکی قووڵ و ئەبەدیدا نووقمن، سەفەر لەم قەسیدەیەدا سەفەری ڕۆحێکە دەبێت سەرەتا زیندووببێتەوە و بۆ ناو جیهان بگەڕێتەوە، دواتر لەناو ئەم جیهانەدا بەدوای پارچە جیاوازەکانی یاداوەری خۆی و نیشتیمان و مێژوودا بگەڕێت. ئەوەشی ئەم پرۆسەی زیندووکردنەوەیە مەیسەردەکات عەشقێکی برایمۆکانەیە، کە ئەمیش لە جەوهەرەدا هەر ئەزموونێکی عاشقانەی ڕوو لە مەرگە. بەمجۆرە ئامادەگی مەرگ لە دەربەندی پەپوولەدا ئامادەگییەکی هێجگار سەختە و ئەزموونی مەرگ لەناوەوەڕا جیهانی قەسیدەکەی داڕشتووە. وەک پێشتریش ووتمان لەکاتێکدا حاجی قادر لە نووستنی بەختەوە و نالی لە بێئۆقرەییەوە دەستپێدەکات، شێرکۆ لە ئەزموونی مەرگ و زیندووبوونەوەوە دەستپێدەکات. ئەم جیاوازییەش لە قووڵاییدا جیاوازی ناوەرۆک و پێکهات و چوارچێوەکانی مێژووی ئێمەیە لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، ئەو ناسکی و هێمنی و سۆزی ژیانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەمێژووی ئێمەدا ئامادەبووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا ئاسەوەری نەماوە و نیشتیمان و مێژووی ئێمە زیاتر شێوەی گۆڕستانێکی گەورەی وەرگرتوە و شتەکانی ناوی هەمیشە لە بەردەمی مەرگدا ئامادەبوون.

هەر لەسەرەتاوە شێرکۆ بێکەس مەنفا بە مەرگ یان شوێنی مەرگ، یاخود درێژکراوەی مەرگ یەکساندەکات. ئەم مردنەش مردنێکە کە دەرنجامی تێکدانێکی ڕیشەیی ئەو جیهانەیە کە شێرکۆ وەک تاکەکەس و وەک کوڕی مێژوو و نەتەوەیەک لەناویدا ژیاوە و دەژی. ئەم جیهانە جیهانێکە لە هەموو شوێنێکیدا دەستێکی شێوێنەرانە لەناوەوەڕا ئەو مانا و ڕەمز و مژدە و چاوەڕوانیانەی تێکدەدات کە بەنیسبەت شێرکۆوە چوارچێوەی مانا و بوون و ئازادی ئەو دەستنیشاندەکەن. ئەزموونی مەنفای شێرکۆ لەزۆر ڕووەوە چەند هەڵاتنە لە مەرگێکی فیزیایی و چەند دەرەنجامی ڕاکردنە لە هەڕەشەکانی مەرگ لە نیشتیمان خۆیدا، بەهەمانئەندازەش ڕاکردنە بەرە و مەرگێکی مەعنەوی لەناو جیهانێکدا کە شوێنێکی بۆ پێکەوەبوونی مێژووی شێرکۆ و ئەوانیدیکەی تێدا نەماوەتەوە. مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا شوێنی تەنیاکەوتنێکی ڕەهایە و لەزۆر ڕووەوە لە گۆڕستان دەچێت، وەکچۆن گەڕانەوەش بۆ نیشتیمان لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا تاڕادەیەکی زۆر گەڕانەوەیە بەرە و گۆڕستان. بەبۆچوونی من تراژیدیای شێرکۆ بێکەس لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا تراژیدیای ئینسانێکە لەنێوان دوو مەرگ یان دوو گۆڕستاندا ڕاوەستابێت. ئەو لە مەنفا مردنێکی مەعنەوی دەمرێت و لە نیشتیمانیش مردنێکی ڕاستەقینە.

بەڵام مەرگ لە دەربەندی پەپوولەدا مەرگێکی ئەبەدی نییە، هەمو شتە کوژراوەکان لە دەربەندی پەپوولەدا قابیلی زیندووبوونەوەن، هەموویان قابیلی گەڕاندنەوەی چەندجارەن بۆ ناو ژیان و قابیلی سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیەکی دیکەن. ئەزموونی مەرگ لەم قەسیدەیەدا ئەزموونێکی دۆناودۆنییە و ئەوەی کە دەکوژرێت دواتر بە هێزێکی گەورەترەوە بۆ ژیان دەگەڕێتەوە. ئەوەشی ئەم گەڕاندنەوەیە مەیسەر دەکات ئیرادەیەکی تراژیدیانەیە کە لە شیعردا بەرجەستەیە. لە دەربەندی پەپوولەدا شاعیرێک دێت و لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە مەنفییە گەورەکانی مێژووی ئێمە و شتە کوژراوەکانی دیکەش یەک بە یەک زیندوودەکاتەوە و جارێکی دیکە دەیانگەڕێنێتەوە بۆناو ژیان. لەم ئاستەدا، بەپێچەوانەی ئاستی یەکەمەوە، لە دەربەندی پەپوولەدا مەنفا ومەنفیبوون وەک دۆخێکی

وجودی دەبنە سەرزەمینی زیندووکردنەوەی شت و کەسە مردوەکان و سەرلەنوێ بەخشینەوەی ژیانە پێیان. لەنێوان ئەم دوو ئاستە ناکۆکەی مەنفادا جۆرێک لە تەوەتور ئامادەیە کە ڕێک لە ناکۆکییەکانی ناو یاداوەری گشتی کوردی دەچێت. کوشتن و هەستانەوە، ڕاوەدونان و هاتنەوە مەنفیبوون و گەڕانەوە هەموویان لە ئاستی جیاجیادا بەناویەکدا دەچن و ئەو دنیا پڕ جوڵە و گۆڕان و داچڵەکینە دروستدەکەن کە دەربەندی پەپوولە جارێکی دیکەی بە خوێنەرانی دەناسێنێتەوە، دەڵێم دەناسێنێتەوە، چونکە ئەو دنیایە هەر لەسەرەتاوە دنیای ئەو کەس و شت و مەسەلانەیە کە لە دەربەندی پەپوولەدا ئامادەن و شاعیرێک دێت هەم زیندوویان دەکاتەوە هەم دەیانخاتەوە ناو یاداوەری کۆیی ئێمە. دیارترین کەسانێکی ئەم زیندوکردنەوەیە لە دەربەندی پەپوولەدا زیندوکردنەوەی نالی و حاجی قادر ی کۆیی و مەولانا خالیدی نەقشبەندییە و دوای ئەوانیش زیندووکردنەوەی تەفاسیلە کوژراوەکانی مێژووی ئێمە کە جیهان نایەوێت وەک بەشێک لە مێژووی قبووڵیکات.

گەر بەراوردێکی دیکە لەنێوان نالی و حاجی قادر و شێرکۆدا بکەین، دەبینین لەکاتێکدا لای نالی مەنفا یەکسانە بە جۆرێک لەمردن، بەو مانایەی کە شوێنێکی ناشوێن و عەدەمێکی ڕەهایە، کەچی زادگا شوێنی ژیانەوەیەکی ئەبەدیی و پەیوەندییەکی گەردونی نێوان ڕۆح و ئاسمانە. لای حاجی قادریش نە مەنفا و نە نیشتیمان هیچ یەکێکیان شوێنی مەرگ نین، ئەو لە مەنفادا ئاییندەی نیشتیمان دەژی و لە نیشتیمانیشدا پرۆژەی گەیشتن بەو ئاییندە مەنفاییە چاوەڕواندەکات. کەچی لای شێرکۆ نە مەنفا و نە نیشتیمان ناتوانن لەدەرەوەی ئەزموونی مەرگدا ببینرێن. مەرگ بەشێکی دانەبڕاو و ناوەکی ئەزموونی مەنفا و ئەزموونی نیشتیمانە. بۆیە گەر لای نالی ئەگەرێک بۆ گەڕاندنەوە و بۆ چوونەوە بۆناو حوجرەکەی لە شێوەی پرسیارێکدا لە ئارادابێت و لای حاجی قادر نەگەڕاندنەوە وابەستەی بڕیارێکی سایکۆلۆژی و مێژوویی تایبەتبێت، ئەوا لای شێرکۆ بێکەس ئەم ئەگەرانە لە ئارادانین. دەربەندی پەپوولە لەم ڕووەوە قەسیدەیەکی زۆر خەمبارترە لە قەسیدەکانی دیکەی مەنفای کوردی.

گەر سەرنجێکی وردتر بدەینە ئەم سێ ئەزموونەی مەنفا دەبینین ئەزموونی شێرکۆ لەم ئاستەدا بە ئەزموونی نالی نزیکترە تا بە ئەزموونی حاجی قادر. وەک پێشتریش ووتمان ئەزموونی مەنفا لای نالی بەمانایەک لە ماناکان بریتییە لە ئەزموونی بێشوێنی و مەرگ عەدەمێکی ڕەها، لای شێرکۆش ماناکانی مەنفا لەم مانایەی لای نالی نزیکدەبنەوە گەرچی عەدەمیبوونی مەنفا لای هەریەکێک لەم دوو شاعیرە ڕەگ و ڕیشەی جیاواز و ناکۆک بەیەکیان هەیە. لای نالی ئایین لەپشتی بە عەدەمبوونەی مەنفاوەیە و لای شێرکۆ جیهانبینییەکی سیاسی و مێژوویی. لێکچوونێکی دیکەی نێوان قەسیدەی قوربانی تۆزی ڕێگەتم و دەربەندی پەپوولە لەوەدایە کە لە هەردوو قەسیدەکەدا سەفەرێکی ناوەکی قووڵ لەئارادایە، سەفەری نالی بۆ گەڕاندنەوە بۆ شوێنی پیرۆز و سەفەری شێرکۆ بۆناو قوو لاییەکانی یاداوەری کۆیی و قوو لاییەکانی مێووی کوردی. ئەم دووسەفەرە تاڕادەیەکی زۆر لێکدەچن؛ لێکدەچن، چونکە هەردووکیان گەڕاندنەوەن بۆ شتێک کە لەدوامانەوەیە و لە ڕابووردودا نیشتەجێن و لە ئێستادا سەرچاوەی بەخشینی مانان بە ژیان. لەکاتێکدا سەفەر لە قەسیدەی (ووتم بە بەختی خەواڵو)دا سەفەرێکی دەرەکییە و لەو ڕەهەندانەشدا کە دەرەکی نییە سەفەرە بەرە و ئاییندە، بەرە و ئەو خەوانانەی کە دەشێت لەدایکبن و پیادەشکرێن. لەڕاستیدا ساتەوەختی ئەزموونی مەنفای حاجی قادر ساتەوەختێکی دەگمەنە و لە ئەدەبی کوردیدا دووبارە نەبۆتەوە. حاجی قادر لەساتەوەختێکی پڕ مژدەدا هاتوە و لە دنیایەکدا ژیاوە هێشتا نەبۆتە ئەو گۆڕستانەی کە شێرکۆ بێکەس باسیدەکات و هەڵگری ئەو عەدەمییەتەش نەبووە کە لای نالی ئامادەیە. لێرەوە مەنفای حاجی قادر لە مەنفای کەسی دیکەی ناو ئەدەبی کوردی ناچێت، ئەم مەنفایە مەنفایەکی مژدەبەخش و کراوەیە بەڕووی کۆمەڵێک خەونی ئاییندەییدا . هەروەها لە پشتی ئەم مەنفایەی حاجی قادرەوە شتێک نییە لەدەستدرابێت، نە حوجرەیەکی پیرۆز، وەک سێنتەری بوون، هەیە کە بەجێهێڵرابێت، نە یاداوەری و

مێژوویەکی گەورەی پڕ وێرانکردن و گۆڕاو بۆ گۆڕستانیش کە لەئێستادا شاعیرێک ناچاربێت زیندوویانکاتەوە و بۆناو ژیان پەلکێشیانکاتەوە.

ئەو سەفەرەی شێرکۆ بێکەس لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا دەیکات، سەفەری ئینسانێک نییە کە تەنها سۆز و نۆستالژیا و گەڕان بەدوای مانادا ڕاپێچیکات، بەڵکو سەفەری ڕۆحێکی گشتیی و کۆییشە بەدوای هەموو ئەو پارچە کوژراوانەی مێژووی خۆیدا کە بەسەریەکەوە شوناسی ئەو دەستنیشاندەکەن و ژیانی ئەو وەک گشتێک ماناداردەکەن. ڕەهەندی گشتیبوون لە ئەزموونی مەنفای شێرکۆدا ڕەهەندێکی زۆر گرنگە و لەم خاڵەدا ئەم ئەزموونە لە کۆی ئەزموونەکانی بەر لە خۆی جیادەبێتەوە. سەفەر لە دەربەندی پەپوولە لەیەککاتدا سەفەر و گەڕانەوەی بوونەوەرێکی بریندار و ڕۆحێکی کۆیی کوژراوە. شێرکۆ، کە خۆی لەمەنفادا دەست و پەنجەی وشکبۆتەوە، گەردولولێکی سەوز زیندوویدەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو شوێنەکان و یادگاریەکان، لە شێخ وەسانانەوە بۆ هەڵەبجە و کاتێکیش دەگاتەوە نیشتیمان دەبینێت خەڵک بە برینەوە دانیشتوون. لەڕاستیدا شێرکۆ بۆناو وێرانەیەکی مێژوویی و مادی و ڕەمزی دەگەڕێتەوە کە هەمووشتێکی یان تێدا نێژراوە یان خەریکە دەنێژرێت:

**تاکوو دێم، ئەو گوڵە سپیانە مەنێژن**
**بوەستن' بەلانکەی مێژوویان مەسپێرن.**

**تاکوو دێم، ئەو مانگ" ە زەردانە مەنێژن**
**بوەستن' هەتاکوو تریفەی غەریبیی خۆم دێنم**
**ڕاوەستن' هەتاکوو ئەگەم و**
**خەرمانەی هەڵبەستم**
**ئەکەمە پشتێنی ناو قەدیان.**

ئەزموونی مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا ئەزموونی بنیادنانەوەی نیشتیمانێکی وێران و ئەو مێژووەشە کە لەژێر ئەو وێرانەیەدا ئامادەیە، شێرکۆ هیچی بۆ نەماوەتەوە جگە لەوەی هەوڵی ئەوەبدات لەو پارچە تێکشکاو و وردوخاشبوو و کوژراوانەی لەبەردەستیدایە، لەو هەموو خۆڵەمێش و خوێن و فرمێسکەی لەنزیکەوە دەیانبینێت، نیشتیمانێک لە یاداوەریدا دروستکاتەوە کە لە دوایەوە تۆز و خۆڵ و دووکەڵی لێهەڵدەستێت و لەخەیاڵی ئەمدا هێشتا دەسوتێ و دەمرێ و دروستدەبێتەوە. دەربەندی پەپوولە قەسیدەی کۆکردنەوەی دوو سەدە مێژوو و مەنفا و شیعر و کەوتن و هەستانەوەیە.

لەسەرێکی دیکەوە دەربەندی پەپوولە هەوڵدانی بەستنەوەی یاداوەری مەنفای کوردی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمە بە سەرەتاکانی ئەم مەنفایەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، گەرچی شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا مێژووی ئەم مەنفایە بۆ سەردەمانی زەردەشت دەباتەوە بەڵام قوورساییەکانی مەنفا قوورساییەکی هاوچەرخن و سەدەی نۆزدەهەم سەدەی گەورەی ئەو ئەزموونە مەنفاییانەیە.

یەکەمین مەسەلەیەک دەربەندی پەپوولە دەخوازێت نیشانمانبدات بوونی ئەم مێژووە تایبەتەی مەنفیبوونی کوردییە، کۆکردنەوە و گرێدانی مەنفای کوردی سەدەی نۆزدەهەمیش بە مەنفای کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە یەکێکی دیکە لەو ستراتیژە شیعریەیە کە لە قەسیدکەدا ئامادەیە. قەسیدەی دەربەندی پەپوولە قەسیدەی دروستکردنی مێژوویەکە بۆ مەنفای کوردی، مەنفا لە دەربەندی پەپوولە مەنفایەکە ووشیارە بە مێژووی خۆی، مەنفایەکە دەخوازێت مێژووی خۆی بکاتە

بابەتی خوێندنەوە و قسەلەسەرکردن و لێکدانەوە. مەنفا لە دەربەندی پەپوولەدا خۆی وەک نەگۆڕێک و دووبارەبووەوەیەکی بەردەوامی ناو مێژووی ئێمە نیشانئەدات، مەنفا لەوێدا چیدی بەتەنها ڕووداوێکی لاوەکی یان بەرهەمی تەنها سەردەمێک لە سەردەمەکان نییە، بەڵکو وەک نەسیجی ناوەکی بوونی کورد لەناو مێژووی جیهاندا وێناکراوە. شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا دەیەوێت پێمانبڵێت بوونی کورد لەناو جیهاندا بوونە لەناو مەنفادا و بوون لە ناو مەنفاشدا یەکسانە بە بوون لەناو جیهاندا، یەکسانکردنی مەنفای کوردی بە جیهانی کورد ئەو پێناسەیەیە کە مەنفای کوردی لە قەسیدەی دەربەندی پەپوولەدا دەیگرێتە خۆی.

مەنفای دەربەندی پەپولە مەنفایەکی ئەوتۆبایۆگرافی، ژیاننامەییە، بەلام ئەو ژیاننامەیەی شێرکۆ بێکەس دەیگێڕێتەوە زیاتر ژیاننامەیەکی کۆیی و گشتییە. شێرکۆ بێکەس لە دەربەندی پەپوولەدا پێماندەڵێت ئەو، ئەو شاعیرەیە، کە هەموو مەنفای کوردی وەک گشتێک لە مەنفای ئەودا تەواو بەرجەستە و ئامادەیە. ژیاننامەی مەنفا لەم قەسیدەیەدا زیاتر ژیاننامەی مێژوویەک و جیهانێک و ڕۆحێکی گشتییە نەک گێڕانەوەی چیرۆکی سۆز و سووتان و نۆستالژیای شاعیرێک بەتەنها.

ئەوەی شێرکۆ لە نالی و حاجی قادر و قەسیدەی (دەربەندی پەپوولە) لە قەسیدەکانی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) و (ووتم بەبەختی خەواڵو) جیادەکاتەوە ئەو ڕاستییەیە کە مەنفای شێرکۆ مەنفای تەنیاکەوتنێکی ڕەهایە لەبەردەم ژیان و مێژوو و جیهاندا. شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا مەنفییەکە بە هەموو شێوەکانی تەنیایی گەمارۆدراوە و لەناو دنیایەکدا دەژی تەنها لەکاتێکدا ئامادەیە ئەم ببینێت کە تەواو لە لێواری کارەساتی قووڵ و مردنی کۆیی و تێکشکانێکی وجودیانەی گەورەدا دابێت. نالی لە مەنفادا تەنهایە، بەلام حوجرەیەک هەیە کە ڕۆحی ڕزگار و ڕەهادەکات، حوجرەیەک کە شوێنی پێکەوەبوونی ئینسان و خوداوەندە لە پەیوەندییەکی پیرۆز و بەردەوامدا. حاجی قادر مەنفا دەکاتە مەنزڵگا و بڕیاری نەگەڕاندنەوە ئەدات. ئەو لە مەنفادا گوندێکی گەردوونی دروستدەکات و هارمۆنییەتێکی سیحرئامێزی پێدەبەخشێت. بەلام شێرکۆ لەبەردەمی جیهانێکدا وەستاوە کە بەشدارە لە کوشتنی زۆربەی شتەکانی نیشتیمانی ئەودا، ئەو لە بەرامبەر ئەو جیهانەدا و لەڕاستیدا لە پەیوەندییەکی ناکۆکدا بەو جیهانەوە هەوڵئەدات بەرد بە بەرد و گوڵ بەگوڵ و شەهید بە شەهید و گوند بە گوند و شاخ بە شاخ ئەو نیشتیمانە دروست یان زیندووکاتەوە. لەم پرۆسەی زیندووکردنەوەیەدا شێرکۆ لە مەسیحێکی تەنها دەچێت کە وێڵی دروستکردنی هێزێکی ڕۆحی ئەوەندە گەورەیە کە بتوانێت ئەو هەموو شتە کوژراوانە بۆ ناو ژیان بگەڕێنێتەوە. ئەم دۆخە تایبەتەیە وادەکات تەنیاکەوتنی شێرکۆ لەبەردەمی جیهاندا تەنیاکەوتنێکی ڕەهابێت، بەلام تەنیاکەوتنێک کە پڕیەتی لە دەنگ و هاوار و وێنەی مێژوویەکی کوژراو. دەربەندی پەپوولە بەم مانایە قەسیدەی غەریبی و سۆز بۆ زادگا و نیشتیمان نییە بەتەنها، بەڵکو قەسیدەی هەوڵدانی ڕۆحێکی کۆییە بۆ بنیادنانەوەی یاداوەریی خۆی و دروستکردنەوەی نیشتیمان، هەرهەمووشیان لە جیهانێکدا کەتێیدا ئەم ڕۆحە بە تەنیایەکی ڕەها گەمارۆدراوە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەزموونی شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولە، ڕەهەندی نیشاندانی ووردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مەنفا و ساتەوەختە جیاوازەکانی ئەم ژیانەیە لەپەیوەندیدا بەو دنیا نوێییەوە کە لەمەنفادا ئامادەیە. وەک ووتمان ئەم ڕەهەندە لای نالی بەتەواوی غائیبە و نالی هیچمان دەربارەی شام و ئەستەمبووڵ پێناڵێت، حاجی قادریش تەنها هێمایەکی گشتیی بەوە دەکات کە گوایە لەناو بێگانەکاندا دەتوانێت فەخر بە شاعیربوونی خۆیەوە بکات گەربێتو لە نیشتیمان شیعرەکانی موتالا بکرێن و بخوێندرێنەوە و لەبەربکرێن. بەلام لای شێرکۆ نیشاندانی هەندێک لە ووردکارییەکانی مەنفا ڕەهەندێکی گرنگی قەسیدەکەیە. شێرکۆ مەنفا وەک شوێن و وەک مانا جارێکی دیکە لەناو قەسیدەکەدا دروستدەکاتەوە و ئەو ڕەگەزانەی بۆ نیشاندان هەڵیاندەبژێرێت لەزۆر ڕووەوە زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە مانا گشتییەکانی ئەزموونی ئەو لە مەنفادا. بۆ نموونە شێرکۆ باس لە پەیوەندی خۆی و مەیخانەکانی مەنفا و پەیوەندی خۆی و ئینسانەکانی مەنفا و پەیوەندی خۆی و کچەکەی لە

مـەنفـادا زۆر بـە وردی دەکـات و لەڕێی ئەم باسکردنانەشـەوە بەشـێکی قـووڵی ئەزمـوونـی مـەنفـا و مەنیبوونی خۆیمان بۆدەردەخات.

دەربەندی پەپوولە تەنـهـا بە نیـشـاندانـی ووردەکـارییـەکـانی مـەنفـای خـۆیەوە ناوەسـتـێت، ئەو ئەسـتـەمـبـولی نالی و حـاجی قـادر و شـامی مـەولانا خـالیـدیش سـەرلـەنوێ لە دەربەندی پەپوولەدا بەرهەمـدەهـێنێـتـەوە و بەهـەریەکـێکیـان مـانـایەکی تایبـەت دەبەخـشـێت. لەڕاسـتـیـدا شـێـرکـۆ لە خوێندنەوەیدا بۆ ئەو مـەنفایانە کۆمەڵێک مانا و دەلالەت باسـدەکات کە مانا و دەلالەتی مـەنفای خۆین و ئەو ئەزموونی ئەوان لە ئەزموونی خۆیەوە دەخوێنێتەوە. ئەو کە ئەستەمبووڵی نالی دروستدەکاتەوە، بۆئەوەیەتی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی مەنفای خۆی، کە ڕەهەندێکی ئەسـتـەمبوڵییـانە و نالییـانەیە نیـشـاندات و ئـەو خـزمـایەتیـیـە لە مـانادا نیـشـاندات کە لە نێـوان مـەنفـای نالی و مـەنفـای خـۆیدا لەئارادەیە. بێگومـــان خـــوێنەر دەبێت لەوە ئـاگـــاداربێت ئەم بنیـــادنانەوەیە دەرەنجـــامی گـــەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی مـێـژوویی و جـوگـرافی مـەنفـای نـالی نیـیـە، شـێـرکـۆ لەگێـڕانەوەی ووردەکـارییـە ئەسـتـەنبـوڵیـانەکـەی مـەنفـای نـالیدا جگە لەوەی پەنا دەباتـە بەر خـەیاڵی شیـعـری ڕاسـتـەوخـۆ لە ووردەکارییەکانی مەنفای خۆیەوە دەستپێدەکات و لە ئـەزموونکردنی مەنفای خۆیەوە بـۆ مەنفای نالی دەڕوانێت. بەمانایەکی دیکە ئەوەی مەنفای نالی و لەڕاستیدا مەنفای حاجی قادر و مەولانا خالیدیش دەکاتە ئەزموونی ناسرا و لای خوێنەر دووشتن:

یەکـەمیـان: ئەزمـوونی شـێرکـۆ خـۆیەتی وەک مـەنفیـیـەک و دیتنی ئەم مـەنفـایەی خـۆیەتی وەک هەڵقەیەک لە زنجیرێکی درێژی مەنفیبووندا.

دووهەمیان:بوونی ئەو ناوکۆییە شیعرییەیە کە لەنێوان شێرکۆ و نالیدا، بێگومان لەنێوان شێرکۆ و حاجی قادر و مەولانە خالیدیشدا، وەک شاعیر لەئارادایە: مەبەستم خەیاڵی شیعرییە.

با بزانین شێرکۆ ئەم ئەزموونە مەنفاییانەی بەر لە خۆی چۆن بنیاددەنێتەوە؟

یەکـەمین شـتـێک شـێـرکـۆ لە گـەڕاندنەوەیەدا بۆ نیـشـتـیـمـان لە دەربەندی پەپوولەدا دەیبـینێت ئەزموونەکانی مەنفای کوردی بەر لەخۆین کە لەودیو سنوورەکانی نیشتیمانەوە بە پارچەپارچەیی نێـژراون. شـێـرکـۆ یەکـە یەکـە ئەم ئەزمـوونانە زیندودەکـاتەوە و دنیـای خـۆی و ئەزمـوونی خـۆی و مـاناکـانـی مـەنفـای خـۆی دەبەخـشـێت بەوان و ئەو ئەزمـوونـانەی دیکەی مـەنفـای کـوردی دەخـاتە ناو فەلەک و مانا و دەلالەتەکانی مەنفای خۆیەوە.

وێستگەی یەکەمی ئەم گەڕاندنەوەیەی شـێرکۆ مـەنفـای نالییـە لە ئـەسـتـەمبـوڵ و ئەو لـە بسـفـۆر فـەنەری گەردنی نالی دەبینێت. شێرکۆ مـەنفای نالی وەک مـەنفای گەڕانی نالی بەدوای مرواری دڵی خـودا پێشنیـاردەکات، مەنفایەک کە تێیدا ئەزمـوونی ئـیمـان ئەزمـوونی سـەرەکییـە. ئەوی سـەرنجی شێرکۆ لە مەنفای ئەستەمبوڵیانەی نالیدا ڕادەکێشێت نەناسینی نالییە لەلایەن ئەستەمبوڵەوە. بوونی نالی بە بوونەورێکی تەنها و نەناسراو لە ئەستـەمبوڵدا ئەو کاراکتـەرە گرنگەیە کە مەنفای نالی لای شـێرکۆ بێکەس وەریدەگرێت. شـێرکۆ لە خـوێندنەوەی تەفاسـیلەکانی مـەنفـای نالیدا بە مـانایەک لە مـاناکـان قـەسـیـدەی قـوربانی تۆزی ڕێگەتم جـارێکی دیکە دەنووسـێـتـەوە. بەڵام ئەم نـووسـینەوەیە تێکەڵاوی ئەزموونی مـەنفیبـوونی شێرکۆ خۆی دەبێت و ئەو مانایانەی لەوێدا شـێرکۆ بە مـەنفـای نالی ئەدات، بەشـێکن لە مـاناکـانی مەنفـای خـۆی. ئەو ئەو مـەنفـایە بـە ڕووداوەکـانی مێـژووی دوای نالی بارگاویدەکات و لەوێوە قوو لایـەکی دیکەی پێئەدات کە لە مێژووی مەنفـای دوای نالییەوە سەرچاوەی گرتوە:.

**من کە چووم بە نیازم لەگەڵ خۆم لە سنگما**
**ڕۆژنامەی: ڕەشەبای خوێناویی دوو سەدەی**

کێوانی بۆ بەرم.
یاداشتی: دووکەڵی زامانی دوو سەدەی
پێ دەشت و بناری بۆ بەرم.
بە نیازم ئەلبوومی: ڕەنگینی ئازار و ژان و سوێ ی
قرچان و سووتان و زریکەی
ئاو، گڵ، دار، بەرد، شار، گوند
ئاژەڵ و باڵدار و بێ باڵی
دوو سەدەی بۆ بەرم.
بەنیازم وەختێ چووم لەگەڵ خۆم لە چاوما
بە تایبەت
ئاسمانی خنکاوی "هەڵەبجە" ی بۆبەرم

وەک ئاشکرایە مەنفای نالی لێرەدا دەبێتە مەنفایەک کە مەنفای شێرکۆ دەچێتە ناویەوە و بارگاوییان دەکات بەکۆمەڵێک ڕووداو و سومبول و مانای دەرەوەی ئەزموونی نالی خۆی و بەوشێوەیەش دایدەڕێژێتەوە کە دەربڕی ئەو مانایانەبن کە مەنفای شێرکۆ لەخۆیدەگرێت. شێرکۆ سنوورەکانی زادگای نالی گەورە و گەرەتر دەکات. نالی کە لە قۆناغی بەر لە دایکبوونی چەمکی نیشتیماندا مەنفی بووە، لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەکەی شێرکۆدا دەخرێتە ناو ئەو نیشتیمانەوە کە شێرکۆ و ئەزموونی کوردیی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا تێیدا ئامادەن. نالی لەوێناکردنە شێرکۆییەکەدا دەبێتە غەریبێک لە نیشتیمان و مەنفای ئەو مەنفای لەدەستدانی نیشتیمانە، لەکاتێکدا ئێمە لەلاپەڕەکانی پێشوودا ئەو ڕاستییەمان نیشاندا کە مەنفای نالی مەنفای بەر لە دروستبوونی چەمکی نیشتیمانە. شێرکۆ بەم کارەی هەندێک لەمانا و دەلالەتەکانی مەنفای خۆی دەبەخشێتە مەنفای نالی و مەنفای نالی لەناو خەیاڵی شیعری و سیاسی و ئەزموونی کوردیی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا جێگیردەکات.

دووهەمین ئەزموونی مەنفا کە شێرکۆ لە دەربەندی پەپوولەدا دەیخوێنێتەوە ئەزموونی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. شێرکۆ لە ئەزموونی مەولانەدا عەشقێکی بێکۆتایی و بێسنووری خودایی و میتافیزیکی دەبینێت. عەشقێک کە سەرێکی لەناو ئازاردایە و سەرەکەی دیکەی لەناو هەقیقەتدا. شێرکۆ لە مەولانە و مەنفای مەولانەدا هەقێک دەبینێت کە بەرگرییەکی ئەفسانەیی لە هەقبوونی خۆیدەکات، ئەم بەرگرییە ئەفسانەییەشە وداەکات مەولانە بەرچاوی ڕوونبێت و شتەکان لە هەقیقەتی خۆیاندا ببینێت. بە مانایەکی دیکە شێرکۆ لە ئەزموونی مەنفای مەولانەدا چیرۆکی ویژدانێکی ڕاستەقینە و عاشقێکی بەهەشتی و ئیرادەیەکی گەورەی بەرگریکردن لە هەقیقەت دەگێڕێتەوە. کە بێگومان ئەمانە هەموویان ڕەگەزی گرنگی ناو مەنفای شێرکۆ خۆین و لەچەندان شوێندا شێرکۆ باس لەوە دەکات کە ئەو هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو تەنها ڕێگەی بەرگری و داکۆکیکردن لە ئازادی و ئیرادەی ئازادی و هەقیقەتی ئازادبوون نەبێت.

ئەزموونی سێهەمی مەنفا کە شێرکۆ دەیخوێنێتەوە ئەزموونی حاجی قادرە. لە ئەزموونی حاجی قادردا شێرکۆ ڕەهەندێکی دیکەی ئەزموونی مەنفای خۆی بەیاندەکات، کە دەشێت بە ڕەهەندی لێدانی هەموو ئەو زەنگانەی کە پێشبینی هاتنی کارەساتەکان دەکەن ناوبنێین. شێرکۆ لێرەدا و لەڕێێ مەنفای حاجی قادرەوە باس لە بوونی شیعر دەکات بە هەتوان و باس لە بەوەفابوون دەکات بۆ مێژوویەک کە ئەو بەردەوام وەک حیکایەتێکی زیندوو دەیگێڕێتەوە و ناهێڵێت لەیادبچێتەوە.

سەرەڕای ئەمە مەنفای یەکسانکردنی شیعر و یەکسانکردنی ڕۆحی شاعیرە بە ڕۆحی نیشتیمان. شێرکۆ لە حاجی قادردا ئەو توانای یەکبوونەی نێوان ڕۆح و نیشتیمان، بوونی شیعر بە مەڵهەم و بە چارەسەر و بوونی شاعیر بە فەرمانبەری ویژدانی نەتەوەیی و داواکاری گۆڕان و پاراستن، دەبینێت. بە کورتی:

١ـ شێرکۆ لە مەنفای نالییەوە ڕەگەزی داهێنان و ڕەگەزی نەناسین و ڕەگەزی گەڕانێکی بەردەوام بەدوای پیرۆزیدا دەدۆزێتەوە. ئەم پیرۆزییە کە سەرچاوەکەی لای نالی سەرچاوەیەکی ئایینییە دواجار لای شێرکۆ دەبێتە پیرۆزییەکی سیاسی و نەتەوەیی و ماناکانی لە فەزای ئایینەوە دەگواسترێتەوە بۆ فەزای سیاسەت.

٢ـ لە مەنفای مەولانە خالیدەوە ڕەگەزێکی ڕۆحی قووڵ و ئەزموونێکی وجودییانە و بەرگرییەکی ئەفسانەییانە لە هەقیقەت دەدۆزێتەوە. لێرەشدا دیسانەوە مانا ڕۆحییەکانی ئەم ئەزموونە دەکاتە مانای نەتەوەیی و لە کایەی ئایین و قەداسەتی ئایینییەوە دەیگوازێتەوە بۆ ناو کایەی ڕۆحی نەتەوەیی و بەرگری سیاسی و کولتووری و فیکری لە هەقیقەتێک کە بەهیچ مانایەک لە ئەزموونی شێرکۆدا هەقیقەتێکی ئایینی نییە.

٣ـ لە مەنفای حاجی قادرەوە ڕەگەزی خۆشەویستییەکی بێئەندازە بۆ نیشتیمان و یەکسانکردنی شیعر خۆی بە نیشتیمان دەبینێت. لێرەدا شێرکۆ ئەوەندەی جیهانی حاجی قادر بەرفراوانتر دەکات و ڕەگەزی نوێی خۆشویستنی نیشتیمان و کردنی شیعری بە ئامرازی خەباتی دەخاتە سەر، ئەوەندە سەرقاڵی گۆڕین و گواستنەوەی مانا و دەلالەتەکانی ئەم ئەزموونە لە کایە و فەزایەکەوە بۆ کایە و فەزایەکی دیکە نییە. بەمانایەکی دیکە شێرکۆ لەکاتێکدا سەرزەمینێکی دەلالی نوێ بۆ ماناکانی ئەزموونی نالی و ئەزموونی مەولانا خالید دروستکات، لە مامەڵەیدا لەگەڵ حاجی قادردا ئەم کارە ناکات و ئەو ڕاستەوخۆ حاجی قادر هەڵدەگرێت و دەیخاتە ناو فەزا دەلالییە سیاسییەکەی خۆیەوە کە فەزایەکە لەزۆر ڕووەوە هەمان فەزای دەلالی حاجی قادر خۆیەتی. ئاخر هەم شێرکۆ و هەم حاجی قادر نیشتەجێی ناو یەک پرۆژەی نەتەوەیی و سیاسی و مێژوویین، جیاوازی سەرەکیشیان لەوەدایە کە حاجی قادر لەساتەوەختی توانای گەورەی ئەم پرۆژەیە لە خەونبینین و مژدەبەخشین و چاوەڕوانی گۆڕانی گەورەدا دەژی، لەکاتێکدا شێرکۆ کەوتۆتە ناو ساتەوەختی وێرانبوونی ئەو خەون و توانا و مژدانەوە، ئەگەر حاجی قادر لە سەرەتاکانی خەونبینیندا ژیابێت. شێرکۆ کەوتۆتە سەرزەمینی مەرگی ئەو خەونانەوە .

## تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی مەنفای شیرکۆ بێکەس

### بوونی مێژووەیەکی درێژ بۆ مەنفا

مەنفای شیرکۆ بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژوویەکی درێژی مەنفیبوون و دەربەندی پەپوولە ئەم مێژووە وەک جۆرێک لەبەردەوامی نیشانئەدات؛ لەکاتێکدا ئەم مێژووە بۆ مەنفا لای نالی و حاجی قادر ئامادە نییە.

### مەنفای تاک و کۆ

مەنفای نالی و حاجی مەنفای دوو تاکەکەسن، مەنفای شێرکۆ مەنفایەکی جەماعییە. لای شێرکۆ ئەوەی مەنفی دەبێت بە تەنها شاعیرێک نییە، بەڵکو مێژوویەکە بەهەموو ڕووداو و ئازار و کەوتن و هەستانەوەکانیەوە. مەنفای شێرکۆ لە هەڵاتنی تاکەکەسێک ناچێت بۆ شوێنێکی ئارام، بەڵکو لە گواستنەوەی ماڵێک دەچێت بەهەموو ڕەگوڕیشە و فەزا و تەفاسیلە ورد و درشتەکانیەوە.

سروشت
ئەو سروشتە ئەفسانەییەی حاجی قادر لە خەیاڵدا بۆی دەگەڕێتەوە، ئەو زادگا بەهەشتییەی نالی عەوداڵی ڕاوکردنی ساتەوەختە بەهەشتییەکانیەتی لە مەنفادا، لای شێرکۆ دەبنە وێرانەیەکی گەورە. لە دەربەندی پەپوولەدا لە پاڵ ئینساندا دوو شت بە بەردەوامی دەکوژرێن، یان لانیکەم لە سەرزەمینی مەرگدا ئامادەن. یەکەمیان سروشتە دووهەمیان مێژووە.

**شادەمار لە ملی ئەم کێوە زلەدا**
**تون بووە و خوێن لەبەر**
**ئەشکەوتی برینی بەرد ئەڕوا (ل ٣٤)**

یان

**درێژە دووکەڵی ئەم بێشە غەمناکە**
**وەک بەژنی نەخشەکەم.**
**درێژە فرمێسکی ئەم شاخ و داخانە**
**لە دیجلە و فوراتیش درێژتر**
**درێژە کروزەی پەلکەگیا**
**تاچاوی برینە برئەکات**

سروشتی شێرکۆ بۆتە سروشتێکی شەڕانگێزیش کە تێیدا:

**ڕووباری خۆی ڕاوکرد.**
**دارستان:**
**داری خۆی بە پەنگ کرد**

تا:

**گوڵ گوڵی ئەکوشت و**
**شاخ شاخی ئەکوشت و**
**دارستان داری خۆی بەپەنگ ئەکرد (ل ٥١)**

بە مانایەکی دیکە سروشتی شێرکۆ، سروشتێکی بریندار و ناحەز و چوارچێوەی دروستبوونی کارەساتە. ڕاستە ئەم سروشتە شوێنی بەرگری و خۆڕاگریشە، بەڵام لەو فەزا گشتییەدا کە قەسیدەی دەربەندی پەپوولە دروستیدەکات مانا خوێناوی و ناحەزکارییەکانی سروشت و زاڵترە بەسەر مانا ڕۆمانسییەکانیدا، یان لانیکەم بەسەر ئەو ماناگەلەدا کە سروشت وەک بەهەشت یان وەک سەرزەمینێکی یۆتۆپی و زادگایەکی ئایینی پیرۆز یەکساندەکات. لای شێرکۆ کوژراوی یەکەم مانا ڕۆمانسییەکانی سروشتە.

یاداوەری
یاداوەری نالی یاداوەریەکە، کە لیوانلێوە بە تەفاسیلە بچووک و گەرموگوڕەکانی زادگای پیرۆز، بەو تەفاسیلە جوانانەی ژیان لە شوێنێکی دیاریکراودا مەیسەردکەن. یاریکردن، سەماکردن، دەرسخوێندن، سەوزی باخ، ئاوی پیرۆز، خاکی عەنبەر هتد.. هەروەها هەموو ئەو تەفاسیلانەی

دیکەش کە ژیانێکی ئایینی هێمن و قووڵی سوفییەکی ڕۆحانی وەک نالی لە سەدەی نۆزدەهەمدا خوڵقاندوە، ئەو ڕەگەزانەن کە لە یاداوەری شوێندا لای نالی ئامادەیە. یاداوەری حاجی قادری کۆییش یاداوەرییەکە کە لێوانلێوە لە وێنەی گوندێک کە تێیدا سەمایەکی گەردونی دەگێڕدرێت و تێیدا فریشتەکان و پیاوانی ئاین و داروبەرد پێکەوە سەمادەکەن.

لای شێرکۆ نیشتیمان و سروشت و مێژوو بوونەتە وێرانە و بەمەش یاداوەرییەک بینادەکاتەوە کە تراژیدیا ڕەگەزی هەرەسەرەکی ناویەتی. یاداوەری نالی و حاجی قادر تاڕادەیەکی زۆر یاداوەرییەکی تاکەکەسییە لەکاتێکدا لای شێرکۆ ئەم یاداوەرییە یاداوەرییەکی کۆییە.

### تەنیاکەوتن لەبەردەم جیهاندا

مەنفای نالی مەنفای تەنیاکەوتنی تاکەکەسێکە لەناو جیهانێکی دەرەکیدا کە دوژمنکار نییە. دواجار نالی پیاوێی ئایینی و ڕۆحانی بووە و لە سەرزەمین و ڕۆژگارێکدا ژیاوە کە ئاین دەستنیشانی ماناکانی شوناسی کردوە. لێرەوە نالی لە دنیا و فەزایەکدا ژیاوە کە ناکۆک نەبووە بەڕۆح و ئومێد و باوەڕی ئەو.نالی لە زادگای خۆی دوورکەوتۆتەوە بەڵام لەناو دنیای خۆیدا ژیاوە. لە ڕووی جوگرافییەوە مەنفای نالی مەنفیبوونە لە زادگا نەک لە دنیا. تاڕادەیەکی زۆریش مەنفای حاجی قادر هەڵگری هەم مانایە، حاجیش لە زادگای خۆی دابڕاوە، بەڵام لە دنیایەکدا خۆی دیوەتەوە کە جگە لەوەی دنیای ئایینی خۆی و شوێنی باوەڕی ئەو بووە، لەهەمانکاتدا دنیایەک بووە کە مژدەی گەوەرە گەورەی پێبەخشیوە.

لای شێرکۆ بێکەس سەرلەبەری ئەم شتانە پێچەوانەبوونەتەوە. مەنفای شێرکۆ غەوارەبوون نییە لە زادگا، بەڵکو هەڵاتنێکی بەزۆرە لە نیشتیمان، لە نیشتیمانێک کە لەسەر خەونبین وێرانکراوە. ئەو دنیا دەرەکیەش کە مەنفای شێرکۆ بێکەس دەکەوێتە ناویەوە دنیای خۆی نییە، نا نەک دونیایەکی دۆست و دڵنیاکەر و جێی باوەڕ نییە، بەڵکو دنیایەکە بەشدارە لە کوشتنی خەونەکانی نیشتیمانی ئەودا و دنیایەکە ناحەز بە داواکارییە ڕۆحییەکانی ئەو. دنیای دەرەوەی نیشتیمان لای شێرکۆ دنیایەکی کەڕە و هاوارەکانی ئەو نابیستێ، دنیایەکە تا سەر ئێسقانەکانیشی بەشدارە لە شەهیدکردنی شار و گوند و خەڵک و سروشت و مێژووی شێرکۆدا.

### یاداوەری ئەدەبی

هەم نالی و هەم حاجی باس لەوەدەکەن داخۆ ئێستا لەوێ لە زادگا باسدەکرێن و خەڵک بیریان لێدەکاتەوە. حاجی داوای ئەوەدەکات کە شیعرەکانی لەبەرکرێن و بخوێندرێنەوە، گەر خراپیشبوون هەر قبووڵیانبکەن. شێرکۆ بەپێچەوانەوە داوای یاداوەرییەکی ئەدەبی دەکات کە پڕبێت لە گۆڕان و داهێنان و توانای تازەکردنەوە. مادامەکی نیشتیمان وێرانە، مێژوو خوێناوییە، سروشت بریندارە ئەوەی ماوەتەوە شیعر و داهێنانە. لای شێرکۆ بێکەس دواهەمین فرسەتێک مابێتەوە بنیادنانەوەی دنیایە لەناو دەقە ئەدەبیەکاندا. مادامەکی شیعر خۆی بۆتە نیشتیمان، بۆیە دەبێت بەردەوام تازەکرێتەوە و بەرەوپێشەوەببرێت و دەوڵەمەند و هەمەلایەن و هەمە ئەزموون بکرێت. مادامەکی شیعر دواهەمین جوگرافیایەکە بۆ ئازادی مابێتەوە، بۆیە دەبێت بەردەوام سەقاڵی تازەکردنەوە و بەردەوامبوونی بێت.

### توانا و سایکۆلۆژیای بەراورد

یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی مەنفای شێرکۆ عەقڵییەتی بەراوردکارییە. نالی ئەستەمبوڵ و ژیانی ناو ئەستەمبوڵ بە زادگای خۆی بەراوردناکات. ئەو زیاتر لەناو ڕۆحی خۆیدا بەدوای ئازادبووندا دەگەڕێ. تەنیایی نالی تەنیاییەک نییە لە بەراوردکردنەوە هاتبێت، ئازاری نالی ئازاری بەراوردکردنی دوو شوێن نییە بەیەکدی کە نوێنەری دوو دنیا و دوو فۆرمی جیاوازی ژیان و دوو حیکایەتبن بەیەک ناکۆک و تەسەر ئێسقان لێکجیاواز. ئەم دۆخەش لای حاجی قادر تاڕادەیەکی زۆر بەهەمانشێوەیە.

بەڵام لای شـێـرکـۆ ئـەم هـاوکـێـشــەیە تـەواو جـیــاوازە؛ شـێـرکـۆ ناتـوانێت بۆ ســاتێک لەدەرەوەی بەراوردکردنی نیشتیمان بە دنیای دەرەوە نەکات. لە شام مێژووی کوردی دەبینێت عەگالی لەسەرە، ئازادی دەبینێت، وەک لەزادگای خۆیدا، ڕاونراوە. بەڵام گەورەترین سـەرزەمـینێکی بـەراوردکاری لە دەربەندی پەپوولـە بەراوردی نێوان مـەنفـای ئەوروپی و نـیشـتیـمـانە کە تەعـبـیر لە دوو جۆر وجودی جیاواز دەکەن.

**لە گۆی زەریایت**
**بەڵام لە هەڵسانەسەرپێی خێرای ئاودا**
**دیسان شاخ دەبینیتەوە**

یان:

**ئەمە یەکەمین پایزی دوای**
**وێڵ بوونی گەمیەکەی تۆیە**
**ئەم پایزە لە پایزی دایکت ناچێ**
**ئەو پایزێکی بێوەژن، کوختەنشین، چڕ ئەورێ**
**ئەم پایزی ئاڵتوون بەسەر، تەلار نشین**
**لە شووشەبەندا ئەورێ.**

شێرکۆ تەنانەت شێوە جیاوازەکانی تەنیایی و غەریبیش بەیەکدی بەراورد دەکات

**مەنفا و پەیوەندی نەوەکان** (بڕوانە چیرۆکی مارگریتا ل ١٤٠ ـ ١٤١)

یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی کە لە مەنفای شێرکۆدا ئامادەیە و لە مـەنفـای نالی و حـاجی قـادردا غـائیبن پـەیوەندی نێـوان نەوەکانە لە مـەنفـا. مـەنفـای شـێرکـۆ مـەنفـای زیاد لە نەوەیەکـە و لەڕاسـتیدا مـەنفـای خێزانی کوردییە. ئەوانەی هـەڵدێن بەتەنـها بـاوکەکان نـین، بەڵکو هـەمـوو خێزانە وەک گشـتێک. لێرەوە لـە مـەنفـای شـێرکـۆدا دوو ڕەگـەزی تازە دێتـەکایەوە، یەکـەمـیـان مـەنفـیـبـوونی باوکان و منداڵانە بەیەکەوە، دووهـەمـیان مـەنفیبوونی نێر و مێی کوردییە بەیەکەوە. دەربەندی پەپوولە شـایەتی لـە جـۆرێک لە دابڕان و پێشـبـینی جـۆرێک لە دابـڕان لەنێوان نەوەکاندا دەکـات. باوکـان کە دوای مێژوویەکی سیاسی و دوای ڕەنجێکی مێژوویی تایبەت بۆ ئایدیالێک بەرە و مەنفا ڕادەکەن لەوە دەترسن ئەم ئایدیالە لای نـەوە نوێکان پەڕ و باڵیشی نەمێنێت. ترس لە لەدەسـتدانی شـوناس و ترس لە پـچـڕانی پەیوەندی ڕەمـزیی نێـوان نـەوەکـان و تـرس لە دابڕانـی مـێـژووی باوکـان لە مـێـژووی فەرزەندان، ئەو شـێوە تازەیەی ترسە کە قـەسیدەی دەبەندی پەپوولەدا بە هـەمـووانی دەڵێت. ئەم ترسە بە پلەی یەکەم ترسە لە لەبیرچوونەوەی دنیای باوک، کە ڕەمزی مێژوویەکی تایبەتە. ترسێکە تازە لە ئەدەبی ئێمەدا و تەواو جیـاوازە لەو شێوانەی دیکەی ترس کە تا ئێسـتا لە ئەدەبی ئێمەدا تەعبیری لێکراوە. لەم ڕووەوە مەنفای شێرکۆ شتێکمـان پێدەڵێت کە لە ئەزمـوونەکانی دیکەی مەنفـای کوردیدا بەهیچجۆرێک ئامادە نییە.

لەپشـتی ئەم ترسـەوە جـۆرێک لە تۆڵەکـردنەوەی نەوەکـان لەیەکـدی ئامـادەیە، نەوەیەکـی نوێ دێت کێشە هـەرەگرنگەکانی نەوەکەی بەر خۆی دەسـڕێتەوە و لەیادیاندەکات و نایانکاتە کێشـەی خۆی. لە دەربـەنـدی پەپوولەدا نـەوەی نوێ نەوەی بـەر لە خـۆی بە دێوانـەیی و شـێـتـبـوون لە قــەڵەمــئــەدات و خـەونەکـانی ئەو نـەوەیەش بە جـۆرێک لە سـەرشـێتی. بـەم مـانایە مـەنفـا دەبێتـە سـەرزەمـینی ترس لە کۆتاییـهاتنی مـێژوویەکی درێژ، مێژوویەک کـە جـەوهـەری ژیان و بوونی نـەوەی باوکـانە و مـەنفـاش

خـۆشی دەرەنجـامی ئەو مـێژووەیە. بەبۆچوونی مـن تا ئێـسـتـا لە ئەدەبی کوردیدا ترسی قـووڵی لەم بابەتەم لەهیچ دەقێکی ئەدەبیدا بوونی نەبوە. ئەم ترسە لەو جۆرە ترسـانە نییـە کە ئینسـان لە مەرگ، مێژوو لە داگیرکردن، جوگرافییایەک لە هێرشە لەپڕەکانی سروشـتی هەیە، ئەم ترسە ترسێکە لەوەی بەشێک لەخۆت، بەشێک لە یاداوەریت، بەشێک لە خـەیاڵ و عـەقڵت دژ بە بەشـەکەی دیکەیبێت. ئەم ترسـە ترسـە لە پارچەپارچەبوونێکی ناوەکی و کـۆتاییـهـاتنێکی لە پڕ و نـائومـێـدانەی ڕۆژگـار و سـەردەمـێک کـە سـەرچاوەی مـانابەخـشـینە بەهەرشـتـێک نەوەیەک لە نەوەکـان بەدرێژایی ژیانیـا پێوەیخەریکبووبێت. ئەم جۆرە ترسـە ئەو ترسـەیە کە بەشێکی ڕۆح بەشـەکەی دیکەی وەک سـەراب و وجودێکی ساختە تەماشاکات.

## ئاستی مەنفا

لای شـێرکۆ بێکەس مـەنفا هەم خیبرەی شوێن و هـەم خیبرەی ناکۆکی ناوەکییـە لەنێوان دنیای ناوەوەی ئەو و ئەو تەفاسیلانەدا کە دنیای دەرەوەی ئەو هەڵگرین. بەم مانایە ئەم مـەنفایە مەنفایـەکە تێکەڵ لە ئاستی یەکەم و ئاستی دووهەمی مەنفا.

لای شـێـرکۆ مـەنفا نـاگاتە ئاسـتی سـێـهەم. شـێرکۆ دواجـار بە سـەدان دەسـتی نهـێنییـەوە بە نیشتیمـانەوە گرێدراوە. نیشتیمان خاڵی کوژاندنەوەی مـەنفایە، نەک خاڵی بوونی بە جۆرێکی دیکە لە مەنفا. شێرکۆ بێکەس نـە دەتوانێت بە تەنها لە زمـاندا نیشـتەجێبێت، نە لەناو شـیعریشـدا، شێرکۆ شـاعیـرێکە بەتەنها یاداوەری ڕۆشـنبیریی و ئەدەبی دادی نادات، ئەو دەخـوازێت نیشـتـیمـانی وەک نیشتیمـان هەبێت، نیشتیمـان وەک جوگرافیا، وەک سـەرزەمینێک پڕ خـەڵک و مێژوو و ڕووداو. لای شێرکۆ نووسین نیشتیمانێکی بەدیل نییە، نووسین درێژکراوەی نیشتیمانە، شیعر سەرزەمینێک نییە بە نەخشـەی تایبەتی خۆیەوە، بەڵکو بەشێکی تایبەتی نیشـتیمانە. لێرەوە مـەنفای شێرکۆ مەنفـایەکە لە بەردەم دەرگـاکانی نیـشـتـیمـاندا تا ڕادەیەکی زۆر کـۆتاییـپـێدێت، مـەنفـایەکـە نەبۆتە جـۆرێک لە جیهانبینی تایبەت.

### سەرچاوەکان


١ـ دیوانی نـالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مـەلا عـەبدالکریمی مدرس و فـاتح عـبـدالکریم. چاپخـانەی کـۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٦.

٢ـ دیوانی حاجی قـادری کۆیی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ١٩٨٦.

٣ـ شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە، قەسیدەیەکی درێژ.ستۆکهۆڵم ١٩٩١.

٤ ـ مرسیا الیاد، المقدس و العادی. ترجمة د. عادل العوا دار النشر سحاری ١٩٩٤.

5- Claassen, Jo-Marie. Displaced Persons the literature of Exile from Cicero to Boethius.Duckworth 1999 UK.

6- Ian Buruma, De neoromantiek van schrijvers in exil. Huizinga - lezing 2000.Prometheus Amsterdam.

7- Deleuze and Guattari, F. A Thousand Plateaus: Capitalism and Schizophrenia. Minneapolis: Minnesota University Press.

8- Jacques Derrida: Over Gaastvrijheid. Boom Essay: Uitgeverij Boom: 1998 Amserdam.

9- Featherstone, Mike. Undoing Culture , Globalization, Postmodernism and Identity. SAGE 1995 London.

# سێکسبینی لە کۆمەڵگا نائازادەکان

مەهاباد قەرەداغی

### سەرەتایەکی پێویست

هەندێ بابەتی زۆرگرنگ هەن و پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە مرۆڤەوە هەیە ، شایانی لێکۆڵینەوەی قوڵ و بەرین و تێڕوانینێکی زانستیانەن. یەکێک لەوانە بابەتی سێکسە وەک رەمەکێک و وەک پێویستییەکی فیزیکی مرۆڤ . لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەم بابەتە نەک لێکۆڵەر و نووسەر و رۆشنبیران ئاوڕیان لێنەداوەتەوە، بەڵکە بە شێوەی ئاساییش لەناو خەڵکدا تەنها بە هێما و ڕەمزەوە باسدەکرێ، تەنانەت ئەگەر باس لەهەر شتێکی تریش بکرێ کە رەنگبێ شێوەی ئەندامی سێکسی ژن و پیاو بهێننەوە بیر، مرۆڤی کورد خۆی لە باسکردنیان دەپارێزێ، یان پێش وتنیان گوزارەی "عەیب نەبێ" یان" بیلامەعنا" بەکاردەبات. ئەمەش هۆی ئەوەیە مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە وەک زۆربەی کۆمەڵگا نەریتییەکانی تر تێڕوانینێکی ئاینیان هەیە بۆ سێکس، نەک تێڕوانینێکی زانستی.

سێکس یەکێکە لە غەریزە ئاساییەکانی مرۆڤ. چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەو غەریزەیەدا رادەی دروستی یان نادروستی باری دەروونیش دیاری دەکات. دەروونناسەکان بەڵگەی زانستیان بۆ ئەم بۆچوونە خستۆتەروو، کە سیگمۆند فرۆید یەکێکیانە و پێشڕەوی دەروونناسانە لەم بوارەدا. " فرۆید سوور بوو لەسەر ئەوەی کە سێکس هێزێکی توندی پاڵنەرە لە پشت ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە دەوەستێ و لە پشت ژیانی شارستانی و کێشەکانی ژن و مێردایەتی و نیشانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و ئەو خەونانەشی کە لە رووالەتدا هەست دەکرێ بێبەرین."(١) بە پێی هەندێ لە دەروونناسان فرۆید زیادەڕۆیی کردووە لە گرێدانی هەموو ڕەفتارێکی مرۆڤ بەو ڕەمەکەوە، تەنانەت لەپشت هەر ڕەفتارێکی منداڵی ساواشەوە پاڵنەرێکی سێکسی دەبینێ. بەڵام کەسیان نکۆڵیان لە هەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆی سێکس بە ڕەفتارە نائاساییەکانی مرۆڤەوە نەکردووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەمەوێ بە پێی توانا تیشک بهاوێژمە سەر بابەتی سێکس و تێڕوانینی کۆمەڵگای نەریتی بۆ سێکس ، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای مۆدێرن. لێرەدا لەجیاتی کۆمەڵگای نەریتی ، کۆمەڵگای نائازاد و، لەجیاتی کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگای ئازادم بەکاربردووە. بۆ ئەوەی ئەم دەستەواژەیە بە هەڵە لێکنەدرێتەوە ، مەبەست لە لایەنی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی کۆمەڵایەتییە و مەبەست لە تەواوی کەسایەتی مرۆڤی نەریتی و مرۆڤی مۆدێرن نییە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئامانجی سەرەکی وروژاندنی دەمەتەقێیەکی کۆمەڵایەتییە. هەروەها وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەشە:

- تێڕوانینی ئایینیانەی سێکس چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ سەر مرۆڤ لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا؟
- تێڕوانینی زانستییانەی سێکس، چ ئەنجام و کاریگەرییەکی هەیە؟
- ئەو گرێیانەی کە لە ئەنجامی چەپاندنی وزەی سێکسییەوە دروست دەبن، کامانەن و چۆن لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا رەنگیان داوەتەوە؟
- لادانی سێکسی لەچییەوە سەرچاوەدەگرێ؟
- تێڕوانینی کۆمەڵگای کورد بۆ سێکس چۆنە و ، چ ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە؟

**ڕەفتار و ووزەی سێکسی**

هەموو مرۆڤێ وزەیەکی سێکسی تێداهەیە و ئەم وزەیەش پێویستی بە ڕەهابوون و کارپێکردن هەیە، ئەگەر هاتو ئەم وزەیە لە بواری خۆیدا کاری پێنەکراو چەپێندرا ئەوە لە بواری تری لاڕێدا ڕەهادەبێ و رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی لەدەروونی تاکەکەسی چەپاودا دەبێ.

ڕەمەکی سێکسی ڕەمەکێکی سروشتی و زگماکیە و بۆ ئافرەت و پیاو چوونیەکە،یەکێکە لە رەمەکە سروشتییەکانی تری مرۆڤ، وەک ڕەمەکی برسی بوون و خەو،بەلآم بە تەوژمێکی هێواشتر لەوان. مرۆڤ کە ژەمێ دەخوات دوای ماوەیەک دوبارە برسی دەبێتەوە، هەروەها دوای هەر پشودان و خەوتنێک کە ماوەیەک بەسەر دەچێت دووبارە هەست بە ماندووبوون دەکات و خەویدێ، ڕەمەکی سێکسیش هەمان سیفەتی هەیە دوای هەر خامۆشکردنەوەیەکی بە ماوەیەک ، دووبارە دروستدەبێتەوە. رەمەکەکانی برسێتی و خەوهاتن پەیوەندیان بە باری فیزکی مرۆڤەوە هەیە، تێرنەکردنیشیان کاریگەری بەسەر باری فیزیکی مرۆڤەوە بەجێدەهێڵێ. کە مرۆڤێ چەند رۆژێ خۆراک نەخوات، یان نەخەوێ راستەوخۆ ئەنجام و کاریگەرییەکەی بە جەستەیەوە دیاردەبێ و هەست بە لاوازی و داهێزرانی دەکەی. بەلآم رەمەکی سێکس پەیوەندی بە باری دەروونی مرۆڤەوە هەیە. لەبەرئەوەی کە ئەم رەمەکە تەوژمێکی هێواشتری لە رەمەکەکانی تر هەیە کاریگەرییەکەی بە چەند ڕۆژ و مانگ نییە، بەڵکە درێژترە. تێرنەکردنی ئەم رەمەکە، واتە چەپاندنی، کاریگەری لەسەر باری دەروونی مرۆڤە چەپاوەکەوە هەیە و بە شێوەی بارودۆخی نائاسایی دەروونییەوە دەکەوێتەڕوو.

"ڕەفتاری سێکسی لە لای ژن و پیاو لەسەر ئاوێتەیەک لە کارکردەی دەرەکی و ناوەکی دەوەستێت، ناوەکییەکان بریتین لە هۆرمۆنەکان و میکانیزمەکانی مێشک، دەرەکییەکان کارتێکردنەکانی ژینگەن "(٢) . بەشێکی گرنگی پێکهاتنی وزەی سێکسی لای مرۆڤ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەشی مرۆڤ ئەنجامی دەدات. دەردانی رادە و بڕی ئەو هۆرمۆنانە بڕیاردەرن لە ڕادە و بڕی وزەی سێکسی و پاشانیش ڕەفتاری سێکسی لای مرۆڤ. "جووتە گونی نێرینە، جگە لە دەردانی تۆماو بڕێکی زۆر هۆرمۆنی( ئەندرۆجین)، کە هۆرمۆنێکی نێرانەیە و بڕێکی کەمیش هۆرمۆنی ( ئەسترۆجین) کە هۆرمۆنێکی مێیانەیە، دەردەدات. لە پێش تەمەنی باڵقبوون دەردانی ئەم هۆرمۆنانە زۆر کەمن، بەلآم پاش تەمەنی پێگەیشتن، دەردانی هۆرمۆنی ئەندرۆجین لای نێرینەی مرۆڤ بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاددەکات، کە ئەمەش نەک تەنها سیفەتە سێکسییەکانی چالاکدەکاتەوە، بەڵکە دەبێتە هۆی زیادکردنی ئارەزووی زایندی و وزەی سێکسی. هەر بە هەمانشێوە، ڕەفتاری سێکسی لای مێینە کارتێکراوی هۆرمۆنەکانە. ئەگەرچی پەیوەندییەکە لای مێینە ئاڵۆزترە. چالاکی سێکسی لای مێ و دەرکەوتنی سیفەتە سێکسییەکانی لە تەمەنی پێگەیشتنەوە، کە یەکەمین مەهەکی مانگانەی، العادە الشهریە، دەستپێدەکات، زیاد دەکات . سەرچاوەی دەردانی ئەم هۆرمۆنەش لە هێلکەدانی مێینەیە. بڕێکی زۆر هۆرمۆنی مێینە(ئەسترۆجین) دەردەدات و بڕێکی کەمیش هۆرمۆنی (ئەندرۆجین)ی نێرانە دەردات. هۆرمۆنی ئەسترۆجین زێی (رحم) ی ژن ئامادە دەکات بۆ داچاندنی هێلکۆکە تێیدا، کە ئەم پرۆسەیەش خۆی دەبێتە هۆی وروژاندی ئارەزووی سێکسی لای ژن."(٣) بە تاقیکردنەوەش دەرکەوتووە کە دەرهێنانی سەرچاوەی ئەو هۆرمۆنانە لە لەشی مرۆڤ و بەڵکە لای گیانلەبەرانی تریش دەبێتە هۆی نەمانی وزە و ئارەزووی سێکسی و نەمانی ڕەفتاری سێکسی لایان. هۆرمۆنەکان کاریگەرن لە پرۆسەی سێکسی و ژیانی سێکسی مرۆڤدا، بەلآم کۆئەندامی دەمار و مێشکیش لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی بناغەیی دەگێرن. " کۆئەندامی دەمار بناغەی فیزیۆلۆژی یەکەمە بۆ پاڵپێوەنانی سێکسی، چوار میکانیزمی دەماری هەن کە پەیوەندییان بە چالاکی سێکسییەوە هەیە، وەرگرە هەستییەکان، کاردانەوە تایبەتییەکانی مۆخی بڕبڕەی پشت، تەواوکەرە تایبەتییەکانی هێپۆثلامۆس و کارتێکردنەکانی توێکڵی مێشک."(٤)

ژینگە و دەوروبەریش لە کارکردە دەرەکییەکانن، کە پەیوەندی بە ڕەفتاری سێکسییەوە پەیدا دەکەن و کارتێکەر و کارتێکراوی دەبن. لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، گرنگی زۆر بە هۆکارە دەرەکییەکان دەدرێ و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو هۆکارانە دەدرێ . بۆ نموونە بۆ ڕێگەگرتن لە پەیوەندی ژن و پیاو، نەریتی جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە شوێنە گشتییەکان باوە. لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا هەوڵی جیاکردنەوەی ئامرازەکانی گواستنەوەی ژن و پیاویش درا، پاسی تایبەت بە ژن و تایبەت بە پیاو تەرخانکران بۆ گواستنەوەی هاوڵاتییان بۆ ماڵ و کارەکانی خۆیان، بەڵام سەری نەگرت و نەتوانرا بکرێ بە نەریت و بسەپێنرێ و ناچاربوون دەستی لێهەڵگرن.

### چەپاندنی وزەی سێکسی

مرۆڤ لە قۆناغی هەرزەکاریدا زۆرترین وزەی سێکسی لا دروستدەبێت، کە پەیوەندی بە گەشەسەندنی خێرای لەش و هۆرمۆنەکانەوە هەیە . ڕەهاکردنی وزەی سێکسی ، یان چەپاندنی ئەو کاریگەرییە پۆزەتیف یان نێگەتیڤەی دەبێ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. شێوە سروشتییەکەی ئەو ڕەهاکردنە لە پەیوەندی نێوان نێر و مێدا دابیندەبێ. ڕێگەگرتن لەو پەیوەندییە سروشتییە، واتای چەپاندنی ئەو وزەیە دەگەیەنێ، کە ئاکامی دەروونی نێگەتیڤ بەدەستەوە دەدات. " گرنگی پێویستی سێکسی و هەوڵدان بۆ ڕەهاکردن و قایلکردنی، کاریگەرییەکی مەزنی هەیە لە پرۆسەی گەشەسەندنی کەسایەتیدا و کامڵبوونی کەسایەتی و بەهێزکردنی باری دەروونی و شێوازی ژیان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا ."(٥)

لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا بە شێوەیەکی گشتی بواری ڕەهاکردنی ئەم وزەیە بە شێوە سرووشتیەکەی لەبارە و پەیوەندی هاوبەشی نێوان کوڕ و کچ پەیوەستە بە بڕیاردانی تاکەکان خۆیانەوە. بەڵام لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا لەبەر لەبارنەبوونی بواری ڕەهاکردنی ئەم وزەیە بەهۆی ئابلۆقەی نەریت و بڕیاردانی کۆمەڵگا بۆ تاک، ئەم وزەیە دەچەپێندرێت و ، ئەو وزە کەڵەکەبووە چەپاوە بە شێوازێکی نا سروشتی بەکاردەبرێ، وەک تەنیا بواری ڕەهاکردن. بۆ نمونە شێوازی خود وروژاندن. کوڕوکچی کۆمەڵگا نائازادەکان لەبەر قەدەغە بوونی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتردا پەنا دەبەنە بەر وروژاندنی خود بە ڕێگەی دەستپەڕ و خەون و خەیاڵی سێکسی ، کە بەهۆی تێڕوانینە ئایینییەکەوەیە بە " شەیتانی بوون" ی ناو دەبەن. ئەم جۆرە ڕەفتارە سێکسییانەش ئەگەرچی پێویستی فیزیکی لەش تا رادەیەک تێر دەکە، بەڵام بە پێی شیکردنەوە زانستییەکان ڕێگەیەکی ئاسایی نین بۆ ڕەهاکردنی وزەی سێکسی مرۆڤ و بە لادانی سێکسی ناودەبرێن، کە لە درێژەی باسەکەدا دێینەوە سەریان و روونتر باسیان لێوەدەکەین.

پێویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ هەوڵدەدەن پارسەنگی دەروونی تاک بە تەواوی ڕاگرن و بپارێزن ئەویش بە تێرکردنی پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان و تاکیەکان، وەک بایەخدانی کۆمەڵایەتی و پێویستی پێگەیاندنی خود و پێویستی ئاسایش و پێویستی سێکسی.

پێویستییە دەروونییەکانی مرۆڤ بۆ پارسەنگهێشتنەوەی باری دەروونی تاک و ڕاگرتنیان بە شێوەیەکی ئاسایی، پێویستییان بە دابینکردن و تێرکردنی چوار پێویستی هەیە، کە ئەمانەن:

١ـ پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی بایەخێکی کۆمەڵایەتی.

٢ـ پێویستییە تاکییەکان: دابینکردنی پێویستییە ڕۆحییەکانی تاک و خە و خۆراک و پێگەیاندنی خود.

٣ـ پێویستی ئاسایش: هەبوونی کەش و بارودۆخێکی ئارام بۆ تاک.

٤ـ پێویستی سێکسی: دابینکردن و ڕەهابوونی وزەی سێکسی بە ڕێگەی سروشتی.(٦)

کەموکوڕی لە هەر یەکێک لەو پێویستییانە بۆ تاک، ناهاوسەنگییەک دروستدەکات، هەر یەکەیان لێکۆڵینەوەی شیاو هەڵدەگرن، بەڵام لەبەر تایبەتبوونی ئەم بابەتە بە سێکسەوە، زیاتر لەو پێویستییە دەکۆڵینەوە.

لەبەر نەبوون و دابیننەکردنی پێویستییە دەروونییەکان و چەپاندنی زۆربەیان، لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا هەست بە لاسەنگییەکی دەروونی زۆربەی تاکەکانی دەکرێ. لەو کۆمەڵگا نائازادانەی کە داب و نەریت و ڕێساکان، نرخاندنە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن. پێوەرێکی دۆگمایانە بۆ رەوشت و باوەڕ دروستدەبێ. سێکس و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەبێتە پێوەرێک بۆ نرخاندنی مرۆڤی باش و خراپ. لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا مرۆڤی ئازاد دروستنابێ، یان ئەگەر دروستیش بوو نە بایەخێکی کۆمەڵایەتی هەیە و نە دەشتوانێ لە ناو گەمارۆی نەریت و ئەو پێوەرە دۆگمایانەدا هەوڵ بۆ پێگەیاندنی خودی خۆی بدات. جگە لەوەش لە ئەتمۆسفێرێکی گەمارۆدراودا دەژی و هەست بە دڵنیایی و ئاسایش ناکات.

چونکە ڕێگەی " شووکردن و ژنهێنان " تاقە بواری رەهاکردنی ئەو وزە سێکسییەیە، کچ و کوڕی کۆمەڵگا نائازادەکان وزەی زایەنییان لە ڕۆژی دروستبوونی وزەکەوە تا ڕۆژی شووکردن یان ژنهێنان دەچەپێنن، یان بە ڕێگەی خۆوروژاندن رەهای دەکەن.

زانا دەروونییەکان پێیان وایە خۆ وروژاندنی کچان بەو شێوە نهێنییە و ڕەحەتبوونیان لەو ڕەمەکە سێکسیە کارێکی دروست و تەندروستیە بۆ پێگەیشتن و دۆزینەوەی چێژی سێکسی و شارەزابوون لەو ڕەمەکە. بەڵام زیادەڕۆیی لەو کاری خۆوروژاندنە لایەنی خراپیشی هەیە ، یەکێک لەوانە ڕێگەگرتنە لە بەجێهێشتنی ئەو قۆناغە بۆ قۆناغی پێگەیشتن کە دەبێ لەگەڵ پیاودا ئەنجامیبدات "لە ژیانی هاوسەرێتیدا"، واتە ماوەیەکی زیاتر لەو قۆناغەدا دەمێنێتەوە و هەستدەکات پەیوەندی پیاو نایگەیەنێتە ئەو حاڵەتی ڕازیبوونی سێکسیەی کە لە خەون و خەیاڵە سێکسیەکاندا پێی گەیشتوە و بەوەش توشی ساردی سێکسی دەبێت.(٧)

بێگومان لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا کە سێکس یەکێکە لە تابوەکان و ژن و پیاو ناتوانن لە ڕێگەی سروشتیەوە ئەو وزەیە ڕەها بکەن، قۆناغی خەون و خەیاڵی سێکسی و خۆوروژاندن درێژە دەکێشێ و ئەمەش وا دەکات قۆناغی پێگەیشتن دوابکەوێ و ئەو زیادەڕۆییەش کە لەبواری خۆوروژاندندا دەکرێت دەبێتە هۆی ساردی یان بێتوانایی سێکسی لای زۆر لە ژنان لە ژیانی هاوسەرێتیدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی شاڵاوهێنانی شەپۆلی خاکەساری بۆ سەر ئەو جۆرە ژنانە.

هەر بە هۆی ئەو چەپاندنە نائاساییەی کۆمەڵگا، مرۆڤی کۆمەڵگا نائازادەکان توشی دەیان لادانی سێکسی دەبن، وەکو هەتیوبازی ، حیزیی، پانپانۆکێ ، ئاژەڵبازی و منداڵبازی و هتد. بێگومان لە کۆمەڵگا ئازادەکانیشدا ئەو دیاردەگەلە هەن بەڵام هۆکارەکانیان جیاوازن، بەڵام لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا، لەبەر لێکنەدانەوەی هۆکارەکانی ئەو دیاردانە و هەوڵدانی شاردنەوە و داپۆشینی ئەو مەسەلانە لەبەر رای گشتی خەڵک، هۆکارەکانیشی بە شاراوەیی دەمێننەوە و ناخرێنە روو. لەو کۆمەڵگانەدا مرۆڤ بەو باس و زانیارییانە نامۆن .

بێگومان هەمیشە بەشی ژنان لە زەبروزەنگی کۆمەڵدا بۆ چەپاندنی ئارەزوی سێکسی دوو هێندەی پیاو بووە...ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و من لە بەشی ئایین و ئەفسانەی ئادەم و حەوادا باسم کردوە.

### سێکس لە ڕوانگەی کۆمەڵگای دایکسالاری و کۆمەڵگاکانی پێش مێژوو

لە کۆمەڵگای دایکسالاریدا ئایینی جۆراوجۆری کۆن و خواوەندی هەمەجۆر هەبوە، هیچ کاتێ ئەو خواوەندانە بە تەنها پیاو نەبوونە، بەڵکە خواوەندی ژنیشیان هەبووە، ئەو ئایینانە بە هیچ شێوەیەکی وەک ئێستا ئافرەتیان لە پیاو بە کەمتر نەزانیوە و وەک یەک تەماشایان کردوون، ڕێزی زۆریشیان

هەبووە بۆ سێکس، زۆربەی خواوەندەکان ژن بوون و هێمای باران و سەوزی و پیت و بەرەکەت بوون، وەک خواوەند بالیزم Balism، خواوەند ئەسترەیت Astrate، خواوەند ماگنا Magna، خواوەند ئیزیس Esis. (٨)

ئافرەت سیمبۆلی سروشت و جوانی و پیت بووە لای مرۆڤی کۆن و ڕێزی لێگیراوە، هەمیشە سیفەتی منداڵبوون و بەرهەمهێنانی نەوە بووەتە هۆی ئەوەی لە پلەیەکی بەرزدا دابنرێت و وەکو خوڵقێنەری ژیان تێی بڕوانن، منداڵیش گەڕاوەتەوە بۆ دایک و ڕەگەماش بۆ کچ ماوەتەوە، پاشاکان دوای مردنیان دەسەڵاتیان بۆ کچەکانیان بووە.

سەبارەت بە کوردستانیش" لە یەکێک لە چێنشینە هەرەکۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ـ چەرمۆ ـ کە دەکەوێتە باشووری کوردستان ـ نزیک شاری چەمچەماڵ ـ بتی بچووکی لە قوڕ دروستکراو دۆزراونەتەوە کە بۆ پەرستن بەکارهاتوون. ئەم بتانە شێوەی ئافرەتیان هەبووە، بۆیە ئەمانە بە رای زانایان دەبێ خواوەندی دایک بووبن و سەر بە کلتووری چەرخی نیۆلیتین. خواوەندی دایک پەیوەندی بە پەرستنی خاک و پیت و بەرەکەتەوە هەبوو. کە لەنێو میللەتانی ئەو چەرخەدا باو بوە بەو شەعایر و سەرمۆنیا ئایینیانەی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵی ئەنجام دەدران. لە وڵاتی میدییەکاندا کە کوردستانی ئێستایە، لە ئایینی زەردەشتیدا لەپاڵ خودای تاک و تەنهاکە (ئاهورا- مەزدا)یان پێی وتووە، خوای تریش هەبوون، وەکو، میترا، خوای ڕۆژ و پەیمان و ڕزگار بوون، ئاناهیتا خوای ئاوەکان و بەپیتی و منداڵبوون."(٩) هەر لە میسیۆپۆتامیادا، لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا خواوەندی دایک پەرستراوە. خواوەندی دایک لە پەرستگاکاندا پیرۆز بووە و پەرستراوە. خواوەندی دایک و هاوجوتەکەی پاشان بە ناوی ئینانا و تەموزەوە ناسران.(١٠) عەرەبەکانیش لە نیمچە دورگەی عەرەبدا ، لە پێش هاتنی ئیسلام بتیان دەپەرست و لە گرنگترین بتەکانیشیان(مەنات و لات و عوزە) بووە کە لە شێوەی ئافرەت دروست کراون، کە وشەی(مەنات)ی بابلی مانای(کچی خواوەند) دەدات."(١١)

شێواندنی دیمەنی ئافرەت و سێکس لە دوای کۆتایی دەسەڵاتی کۆمەڵگای دایکسالاری دەستپێکرد، یەکەم ئایینی ئاسمانی داهێنراو بە ئەفسانەی ئادەم و حەوا پلەی ئافرەت هێنرایە خوارەوە و لە خواوەندی جوانی و پیت و فەڕەوە ، لەسیمبۆلی سروشت و ژیانەوە داگیرا بۆ پەراسویەک لە پەراسوەکانی ئادەمی پیاو.

وا من لە خوارەوە ئەفسانەی ئادەم و حەوا شی دەکەمەوە و ماناو مەبەستە شاراوە و نهێنیەکانی دەخەمە ڕوو، ئەو مەبەستانەی کە داهێنەرەکانی پیاو بوون و ئامانجیان سووککردنی ئافرەت و ناشیرین کردنی سێکس بوو ، مەخابن ئەوان مەبەستەکەیان پێکا ، تێڕوانینێکی ئایینیانەیان سەبارەت بە سێکس و ڕەفتارەکانی مرۆڤ سەپاند. ئیتیک و موراڵ، نرخاندنە رەوشتییەکانی مرۆڤ بوونە نرخاندنێکی ئایینی . لە هەندێ لە کۆمەڵگاکانی دنیادا ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە گۆڕانکارییان بەسەردا هات و بە زیاتر سەپاندنی تێڕوانینی زانستی بۆ دیاردەکان ، تێڕوانینە ئایینی و نەریتییەکان لەقبوون و تا رادەی کۆتاپێهاتن لە هەندێ کۆمەڵگای مۆدێرندا . بەڵام لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێشتاش هەمان تێڕوانین سەپاوە و ڕەفتارەکانی مرۆڤی پێ دەنرخێنرێ.

### ئایین و ئەفسانەی ئادەم و حەوا

بۆ بڵند کردنی پلەی پیاو ئادەم و داگرتنی پلەی ژن حەوا، موسای پێغەمبەری ئایینی جوو ئەفسانەی ئادەم و حەوای داهێناو مەبەستەکەشی پێکا . من لە ئینجیلەوە(١٢) دەقی ئەفسانەی ئادەم و حەوام وەرگرتووە و وەرمگێڕاوەتە کوردی و بۆچوونی خۆمیان لەسەر دەردەبڕم. بێگومان دەتوانرێ لە دەقە ئەفسانەییەکانی ئاییندا کۆمەڵێ کۆد و هێما بدۆزرێتەوە کە مەبەستی بێژەرەکەی بخاتەڕوو. من لێرەدا بە پێی لێکدانەوەی خۆم بۆ ئەو کۆدانە و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر لەم بوارەدا،

هەوڵی کـردنـەوەی هەندێ لە کـۆدەکـانی ئەفـسـانەی ئادەم و حـەوا ئـەدەم کـە لـە هـەرسێ ئاییـنە ئاسمانییەکەدا هاتووە و جگە لە جیاوازییەکی کەم لە نێوان هەرسێ دەقەکە، واتە دەقەکانی تەورات و ئینجیل و قورئان، لە چیرۆکی بووندا، بۆ نموونە لە قورئاندا درەختە حەرامەکەی کە ئادەم و حەوا لێی دەخۆن دارسێو نیە، لە جیاتی ماریش کە گوایە حەوای فریوداوە لەبەری دارەکە بخوات، لە قورئاندا شەیتان ئەو کارە دەکات.

(خوا ئادەمی لە بەهەشتی بەریندا دانا تا دڵشادی بکا و ئاگاداری بێ، خوا فەرمانی بە خواوەند ئادەم دا و وتی: هەرچی کە دەتەوێ لە درەختەکانی بەهەشت بخۆ، بەڵام هەرگیز لە درەختی زانینی خێر و شەڕ نەخۆی چونکە کاتێ ئەوە بکەی دەمری)

کۆدەکان: ئادەم: پیاو، حەوا:ژن، بەهەشت: سروشت، درەختی زانینی خێر و شەڕ: سێکس.

لەم دەقەدا پەیامبەری جوو بە نەوەی ئیسرائیلی ڕاگەیاندووە و مەبەستی بووە بڵێت پیاو، ئادەم، یەکەم بونەوەر بووە کە هاتبێتە کایەوە و لە لایەن خواوە ئازادکراوە لە هەموو دیاردەکانی سرووشت (بەهەشت) سوود وەرگرێ جگە لە سێکسکردن، درەختی خێروشەڕ، چونکە سێکسکردن یەکێکە لە تابووەکانی خوا، لەو دەقەدا ئارەزووی سێکس هێندە ترسناک کراوەتەوە کە دەرەنجامەکەی مردنە، مەبەست لەو مردنەش دامرکاندنەوەی شەهوەتی سێکسیە. سزای دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسی مردنە.

(ئینجا خوا وتی: چاکنییە ئادەم بە تەنها بمێنێتەوە، هاوڕێیەکی لە شێوەی خۆی بۆ دروست دەکەم. خوا لە قوڕ هەموو جۆرە دڕندەیەکی دەشتی و باڵندەی بۆشایی دروستکرد و بۆ ئادەمی هێنا تا ناویان لێبنێت، ئادەم ناوی بۆ هەموویان دانا و هەموو زیندەوەرەکان ئەو ناوەیان هەڵگرت، بەو جۆرە ئادەم ناوی لە هەموو باڵندەو ئاژەڵ و گاو گوێلک نا، بەڵام لەناو ئەوانەدا هاودەمێکی بۆ خۆی نەدۆزیەوە کە لە خۆی بچێت، خوا ئادەمی خستە خەوێکی قووڵەوە، ئینجا پەراسوێیەکی دەرهێنا و جێگاکەی بە گۆشت پڕکردەوە، لەو پەراسووە ئافرەتێکی دروستکرد و بۆ ئادەمی هێنا، ئادەم وتی: ئەمە ئێستا پەراسۆیەکە لە پەراسۆکانم و لە گۆشتی منە، پێیدەوترێ ئافرەت چونکە لەمن وەرگیراوە، لەبەر ئەمەیە کە پیاو واز لە دایکو باوکی دەهێنێ و بە ژنەکەیەوە دەنووسێ و دەبنە یەک جەستە، ئادەم و ژنەکەی ڕووت بوون و هیچ شەرمیان نەدەزانی.)

ئادەمی خواوەند (پیاو) لە ئایینی جوو دا دەسەڵاتێکی لە خوا گەورەتری هەیە، ئەوەتا خوا کاری بۆ دەکا و هەموو شتێ بۆ ئادەم دروستدەکات و پێیدەبەخشێ، ئادەم خۆی ناوی زیندەوەرەکان دەنێ وخاوەنی هەموویانە، چونکە بە تایبەتی بۆ ئەو دروستکراون، کەچی هێشتاش ناڕازیەو بە هیچ یەکێک لەو زیندەوەرانە ڕازینابێت بیکات بە هاودەمی خۆی! ئینجا خوا لە پەراسوویەکی ـ کە بەشێکی بچووکی جەستەیەتی ـ ئافرەتێکی بۆ دروست دەکات و ئادەم پێی ڕازی دەبێ چونکە بەشێکە لە خۆی ـ پاشکۆیەتی. پەراسوو لێرەدا هێمایەکی زەقە بۆ پاشکۆیەتی ژن. لێرەدا بەخشینی پلەبەرزێتی بە پیاو و دانی پلەنزمێتی بە ژن بە ئاشکرا دەبینرێ.

با سەرنجتان بەرەو خاڵێکی گرنگ ڕابکێشم ئەویش لەبارەی بۆچوونەکەی ئادەمەوەیە کە دەڵێت: لەبەر ئەوەیە کە پیاو واز لە دایک و باوکی دەهێنێت و بە ژنەکەیەوە دەنوسێت. ئادەم کە یەکەم بوونەوەری خوایە و لە بەهەشتدا دەژی و هێشتا هاودەمیشی نەبووەو بەهیچ شێوەیەک جنسی نەکردووە چوزانێ پیاو واز لە دایک و باوک دەهێنێ و بە ژنەکەیەوە دەنوسێ؟ خۆ ئەو یەکەم بوونەوەری زیندوو بوو نە دایکی هەبوو نە باب بەڵکە ئەو خۆی بە بابی ئادەمیزاد ناوزەدکراوە! لێرەدا گومانێ سەبارەت بە دەقەکە و بێژەری دەقەکە و مەبەستی دەقەکە دروست دەبێ!

ئەو دەقە سیفەتی پاشکۆیەتی بە ئافرەت بەخشی و سیفەتی خواوەندیشی بە پیاو بەخشی، ئادەم خاوەنی گشت زیندەوەرو سرووشت و دیاردەکانە، گشت دیاردەکان و سرووشت پێش ئەوەی ژن درووستبووبێ بۆ پیاو درووستکراون، بەڵکو خودی ژنیش بۆ پیاو دروستکرا و تەنها بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی ئادەم، چونکە بە پێی خودی دەقەکە چونکە ئادەم بە زیندەوەرەکانی تر رازی نەبووە بیکات بە

هاودەمی خۆی، ژنی بۆ دروستکرا. واتە ئەگەر ئادەم بە زیندەوەرێکی تر ڕازی ببوایە ئەوە هەر پێویستی نەدەکرد ژن دروستبکرێ!

(مار کە مەکربازترین دڕندەی دەشتایی بوو کە خوا دروستیکردبوو لە ئافرەتی پرسی: ڕاستە خوا فەرمانی پێکردوون لە هیچ درەختێکی بەهەشت نەخۆن؟ ئافرەت وەڵامیدایەوە: دەتوانین لە هەموو درەختەکانی بەهەشت بخۆین جگە لە بەری ئەو درەختەی کە لە ناوەڕاستیدایە، خوا وتی لێیمەخۆن و دەستی لێمەدەن تا نەمرن. مار بە ئافرەتی وت: نامرن، بەڵام خوا دەزانێ ئەگەر لە بەری ئەو دارە بخۆن چاوتان دەکرێتەوەو وەکو ئەوتان لێدێ و دەتوانن خێرو شەڕ لەیەکتر جیاکەنەوە. کاتێ ئافرەت زانی درەختەکە بەلەزەتە بۆ خواردن و سەرنج ڕاکێشە بۆ سەیرکردن، لە بەرەکەی کردەوەو خواردی، ئینجا دایە مێردەکەی و ئەویش لەگەڵیدا خواردی، یەکسەر چاویان کرایەوە و دەرکیان کرد کە ئەوان ڕووتن، لەگەڵای دار بەرگیان بۆ خۆیان کرد، ئینجا ژن و مێردەکە گوێیان لە دەنگی خوا بوو کە لەگەڵ هەڵکردنی سرووەی بەیانیدا لە بەهەشت پیاسەی دەکرد، خۆیان لەنێوان دارەکانی بەهەشتدا لە خوا شاردەوە، خوا ئادەمی بانگکرد: تۆ لە کوێی؟ وەڵامی دایەوە: گوێم لە دەنگت بوو لە ترسی تۆ خۆم شاردەوە چونکە من ڕووتم. پرسی: کێ پێی وتی تۆ ڕووتی؟ ئایا لە بەری ئەو دارەت خوارد کە لێم قەدەغە کردبووی؟ ئادەم وەڵامی دایەوە: ئەو ژنەی کە کردت بە هاودەمم ئەو بەری درەختەکەی دامێ و خواردم . خوا لە ئافرەتی پرسی: چیت کرد؟ وەڵامی دایەوە مار هانیدام و خواردم. خوا بە ماری وت: چونکە ئەم کارەت کرد نەفرەتت لێ بێ لە نێوان هەموو دڕندە دەشتیەکاندا، لەسەر زگ بخشێیت و هەموو ژیانت هەر خۆڵ بخۆیت، دوژمنایەتیەکی هەمیشەییش لە نێوانی تۆ و ئافرەتدا هەبێ، هەروەها لە نێوان نەوەکانیشتاندا، ئەو سەرت پانکاتەوە و تۆش بە پاشەڵی پێیەوە بدەی.)

کۆدەکانی ئەم بەشەی دەقەکە: مار هێمایە بۆ ئارەزووی جنسی، درەختەکەی ناوەڕاستی بەهەشت: ئەندامی جنسی ژن و پیاوە، لەززەتی بەری دارەکە هێمایە بۆ چێژی جنس.

دەقەکانی ئایینی جوو هەر بەوەشەوە نەوەستان کە ژن بکەنە پاشکۆی پیاو و لە خاوەندارێتی بێبەشی بکات بەڵکو هۆیەکی دۆزیەوە بۆ تاوانبارکردنی و سزادانی ژنی تاقە پەراسووی ئادەم کە بە قسەی مار - وروژێنەری ئارەزووی جنس - ی کرد و بەری درەختی خێروشەڕ -پرۆسەی جنسی - خوارد و داشی بە مێردەکەی.

بە لێکدانەوەی من و بە گریمانی ڕاستی شیکردنەوەی کۆدەکان، بە پێی ئەم دەقە ژن دۆزەرەوەی چێژی سێکسیی بووە و یەکەمجار بە تەنیا تاقیکردۆتەوە و دوایش لەگەڵ پیاوداپێکەوە ئەنجامیانداوە (کاتێ ئافرەت زانی درەختەکە بەلەزەتە بۆ خواردن و سەرنج ڕاکێشە بۆ سەیرکردن، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، ئینجا دایە مێردەکەی و ئەویش لەگەڵیدا خواردی)، لە دوای ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ژن و پیاو چاویان کرایەوە و وەکو خوایان لێهات و دەرکیان بە دەوروبەری خۆیانکرد. ئەمە خۆی گرنگی پرۆسەی سێکسی دەخاتە روو بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤ کە زانستی دەروونناسیش بە وردی شیکردۆتەوە. ئادەم و حەوا دوای خواردنی بەری ئەو دارە دەرکیان چالاک بووەوە و کەوتە پشکنین و لێکۆڵینەوە لە خود و دەوروبەر و بیرکردنەوە لە داهێنان (یەکسەر چاویان کرایەوەو دەرکیان کرد کە ئەوان ڕووتن، لەگەڵای دار بەرگیان بۆ خۆیان کرد) ، چاوکرانەوە هێمایە بۆ هوشیاربوونەوە، دەرککردن هێمایە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی و دروستکردنی بەرگ هێمایە بۆ داهێنان.

ژن کە دۆزەرەوەی چێژی جنسییە بە پێی ئەم دەقە و جنسیش تابووە(هەرگیز لە درەختی زانینی خێر و شەڕ نەخۆی)، کەواتە سزای ئەو یاساشکێنییە دەبێ ئاراستەی ژن بکرێ . ژن لێرەدا هەم وەکو فریودراو و هەمیش وەکو فریودەر پیشاندەدرێ، مار ژنی فریوداوە و ژنیش پیاوی فریوداوە.

لێرەدا مەبەست لە هەڵخەڵەتاندنی ژن لە لایەن مارەوە لاواز پیشاندانی کەسایەتی ژنە، گوایە ژن زیاتر بە وروژێنەرە جنسییەکان کارتێکراو دەبێ. گفتوگۆی مارو ژن ئەوە دەردەخات کە ژن دۆزەرەوەی ئەو چێژە جنسییەیە کە خوا تابووی کردووەو لە نەمرییەوە مرۆڤی بەرەو مردن برد .

چونکە جنس لە ریزی تابووەکانە و مرۆڤی پێ گوناهبار دەبێ و لە نەمرییەوە کە رەمزی بێگوناهییە بەرەو مردن کە هێمای گوناهبارییە دەبات. بۆ ئەم گوناهەش پیاو بکەر نیە، ژن بکەر و پیاو کارپێکراوە. کە ئەمەش هۆیەک دەدات بە دەستەوە بۆ سزادانی ئەو نەک پیاو. خۆشاردنەوەی ئادەم و حەوا لەبەر رووتبوونیان ئەوەی گەیاندووە کە ئەندامی جنسی ژن و پیاو مایەی شەرمەزارییە و پێویستە داپۆشرێ. لێرەدا کردنی ئەندامی جنسی ژن و پیاوە نەک هەر بە تابوو، بەڵکە بەمایەی شەرمەزاری و نەنگی بۆ مرۆڤ، تێڕوانینێکی ئایینی تا ئەمڕۆش سەپاوە.

سێکس تابووە، شکاندنی تابووش گوناهە. ئادەم یەکسەر گوناهەکە ـ سێکسکردن ـ لەسەر خۆی لا دەبا و ژنەکەی توش دەکات، کە ئەمەش بێوەفایی ئادەم دەگەیەنێ بەرامبەر بە حەوای هاودەمی. کارێ کە هەردووکیان بە جووتە ئەنجامیاندا ئادەم خۆی لێ دەرباز کرد و خواش یەکسەر سزای ژن و ماری دا. ئادەم تاقەرێگەی بەرگریکردن لەخۆی لەبەرامبەر خوادا خۆدەربازکردنە بە رێگەی پێوەلکاندنی گوناهەکە بە ژنەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا ژن دانی پێدادەنێ کە وروژێنەری جنسی هۆکار بووە لە ئەنجامدانیدا(مار هانی دام و خواردم) لە بەرامبەر خوادا حەوا راستگۆتر و بێباک و بوێرانەتر دواوە.

خوا لە سزای ئەو گوناهەدا دوژمنایەتییەکی هەمیشەیی خستە نێوان ژن و مارەوە، وروژێنەری جنسی و ژن. ئەو تێڕوانینە ئایینییەی کە ئەم دەقە دروستکەریەتی بووە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگادا بەهۆی سێکسەوە ژن لە کاری کۆمەڵایەتی و ژیانی ئابووری و بوارەکانی تردا دووربکرێتەوە. ئەو دوژمنایەتییەی کە ئایین مەبەستی بوو لەناو کۆمەڵگای باوکسالاریدا دروست بوو. سزای خوا بۆ ماریش ئەوەبووە لەسەر سک بخشێ و خۆڵ بخوا، واتە غەریزەی جنسی بە تابوویی بمێنێتەوە، بەو هۆیەشەوە هەرگیز خامۆشنەبێ و دانەمرکێتەوە.

(ئینجا خوا بە ئافرەتی وت: زیاتر و زیاتر ژانت هەبێ و بە ژانێکی زۆرەوە منداڵت ببێ، هەمیشە تامەزرۆی مێردەکەت بی و ئەویش داگیرت بکات. بە ئادەمی وت: چونکە بە قسەی ژنەکەتت کرد و بەری ئەو دارەت خوارد کە لێم قەدەغە کردبووی زەوی بە هۆی تۆوە نەفرەتی لێبێ و بە ماندوێتییەوە هەموو ژیانت بەسەربەری و درک و داڵت بۆ برویێ و تۆش گیای کێڵگە بخۆی، بە ئارەقی ناوچەوانت ژیانت دابین بکەیت تا ڕابێی لەسەر زەوی، لە خۆڵ وەرگیراوی و بۆ خۆڵ دەگەڕێیتەوە.)

سزاکانی خوا بۆ ژن لە ئەنجامی شکاندنی تابووی خوا- مومارەسەکردنی جنس لەگەڵ ئادەم ـ پیاو- دا بووە. ئەم سزایانەی خوارەوە لە دوای کردنەوەی کۆدەکانی تێکستەکە دەردەکەوێ:

١ـ کردنی بە دوژمنی مار: کە ژن دۆزەرەوە و وروژێنەری سێکس بێ و سێکسیش تابووکراوە لەلایەن خواوە، کەواتە شکێنەری تابوو نەفرەتلێکراوی خوایە. لەم پەیوەندییەدا ژن دەبێتە نەفرەتلێکراوی خوا. بێگومان نەفرەتلێکراوانی خوا لەبەرچاوی مرۆڤی ئاییندار‌دا درێون و خۆشناویستریێن. لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا بە گشتی و لە ناو ئاینپەرواراندا بە تایبەتی ئەم درێوییە بە کەسایەتی ژن رەوابینراوە و کاری لەسەرکراوە بۆ ئەوەی لەناو کولتووری کۆمەڵگا نەریتییەکاندا جێگیر بکرێ و وێنەی ژن لەسەر ئەو تێڕوانینە چەواشەیە بنیادبنرێ و بە کۆمەڵگا بناسێنرێ.

٢ـ (زیاتر و زیاتر ژانت هەبێ و بە ژانێکی زۆرەوە منداڵت ببێ): کە ژان و ئازاری منداڵبوون کرابێتە سزایەک لەلایەن خواوە بۆژن ، هاندەرێکە بۆئەوەی منداڵدانی ژن بکرێتە هۆیەک بۆ کەم نرخاندن و پلەخواری ژن. بەهەمان شێوە منداڵدانی ئافرەت بکرێتە هۆیەک بۆ بێئەرک کردن و چەوساندنەوەو ئازاردانی. کە ئەمەش لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا سەپاوە.

٣ـ ( هەمیشە تامەزرۆی مێردەکەت بی و ئەویش داگیرت بکات) : مەبەست وابەستە کردنی ژنە بە پیاوەوە، هۆگرکردنی ژنە بە پیاو. واتە خۆی خاوەنی کەسایەتی و ناسنامەی خۆی نەبێ و هەمیشە لە لایەن پیاوەوە داگیر کرابێ و کۆیلەی پیاو بێت.

سزای خوا بۆ مار ـ وزەی جنسی ـ کردنیەتی بە دوژمنی ژن ( دوژمنایەتیەکی هەمیشەییش لە نێوانی تۆو ئافرەتدا هەبێ) کە ئەمە سزادانێکی دووجەمسەرییە و هاوکات سێکسیش و ژنیش دەگرێتەوە. کە لە خاڵی یەکەمدا باسم کردووە.

سزای خوا بۆ ئادەم ـ پیاوـ یەکەم بەهۆی ئەوەوە کە بە قسەی ژنەکەی کردووە (بە ئادەمی وت: چونکە بە قسەی ژنەکەتت کرد و بەری ئەو دارەت خوارد کە لێم قەدەغە کردبووی)، مەبەستیش بێبایەخکردنی قسەی ژنە. دووەمیش بەهۆی ئەوەی کە لەبەری دارەکەی خواردووە ـ سێکسی کردووەـ سزای دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا سزاکانی خوا بۆ ئادەم شێوازێکی تری هەبووە، سزاکەش جۆرێک بووە لە پاراستنی بەرژەوەندی پیاو، سزاکانیشی ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ـ (زەوی بە هۆی تۆوە نەفرەتی لێبێ): واتە زەوی نەفرەتلێکراو کە موڵکی ئادەمە و لە بنەڕەتدا بۆ ئادەم دروستکراوە پڕبێت لە ئاژاوەو شەڕ و جەنگ، ئەو نەفرەتەش بەهۆی ئادەمەوە لەزەوی کراوە، کەواتە ئەنجام و دەستکەوتی ئەو جەنگانەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی پیاو بێت.

٢ـ (بە ماندوێتیەوە هەموو ژیانت بەسەربەری): واتە رەنجکێش و بە ئەرک بێ. ماندووبوون لە ئەنجامی کار و ئەرکەوە دەبێ. ئادەمی خاوەن زەوی لە پێناوی مانەوەی دەسەڵاتیدا لەسەر زەوی بۆی ماندوو ببێ، ئەمەش دانپیانانێکی ترە بۆ ئەوەی کە زەوی هی پیاوە نەک هی ژن و نەک هی هەردوکیان، چونکە خوا لە تێکستەکەدا بە راناوی کەسی دووەمی تاک لەگەڵ پیاودا دەدوێ: بڕوانە (بەری ئەو دارەت) (بەهۆی تۆوە) ( ژیانت) (دڕک و داڵت) (تۆش) (ئارەقی ناوچەوانت).

٣ـ (دڕک و داڵت بۆ بڕوێ و تۆش گیای کێڵگە بخۆی) : واتە ئادەم ـ پیاوـ کە لە پێناوی دەسەڵاتیدا ئاژاوە دەگێڕێ و جەنگ بەرپا دەکات برسێتی و نەخۆشی و تاوان دێنێتەکایەوە لەسەر زەوی، دڕک و داڵ لێرەدا هێمایە بۆ ئەو دیاردە ترسناکانەی کە لەسەرزەویدا هەن، وەکو برسێتی و هەژاری و نەخۆشی و تاوان و هتد، کە جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان هۆکاری سەرەکین لە هەبوونی ئەو دیاردانەدا.

٤ـ (بە ئارەقی ناوچەوانت ژیانت دابینکەیت تا ڕابێی لەسەر زەوی): ئارەقی ناوچەوان هێمایە بۆ سەربڵندی و ئەکتیڤبوونی پیاو. واتە پیاو ببێتە هێزی سەرەکی پەیداکردنی بژێوی ژیان و لەو بوارەدا ئارەق بڕێژێ. کار بکات و ژیان دابین بکات و ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێ و سوود و بەروبوومی زەویش وەرگرێ. لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا ڕێک ئەم بۆچوونە سەپاوە و دەسەپێنرێ، کە لە هەمو بوارەکاندا پیاو ئەکتیڤ (بەئەرک) و ژن پاسیڤ (بێئەرک) دەکرێ.

٥ـ (لە خۆڵ وەرگیراوی و بۆ خۆڵ دەگەڕێیتەوە): دانپیانانێکی ترە بۆ خاوەندارێتی پیاو بۆ زەوی و خاک و خۆڵ ، بەڵام ژن لە پەراسوویەک وەرگیراوە لە پەراسووەکانی ئادەم واتە ئەو بە پلەی دوو دەگەڕێتەوە بۆ خاک و بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەپیاوەوە.

(ئادەم ناوی ژنەکەی نا حەوا چونکە دایکی هەموو زیندەوەرێکە، خواش بۆ ئادەم و ژنەکەی جلێکی لە چەرم دروستکرد و پێیبەخشین، ئینجا خوا وتی: ئەوەتا مرۆڤ وەک یەکێک لە ئێمەی لێهات و خێر و شەڕ لە یەکتر دەکاتەوە، رەنگە دەست درێژکات و لەبەری داری ژیان بخوات و تا هەتایە بژی، لە بەهەشت دەریکرد تا زەوی ئاوەدان بکاتەوە کە لە خۆڵەکەی دروستکرا، ئاوا خوا مرۆڤی لە بەهەشتی بەرین دەرکرد، فریشتەی بە شیرێکی ئاگرینەوە لە ڕۆژهەڵاتی بەهەشت کردە پاسەوانی ئەو ڕێگایەی کە داری ژیانی تیایە.)

(ئادەم ناوی ژنەکەی نا حەوا)، پیاو ناو لە ژن دەنێ، چونکە هی خۆیەتی. واتە پیاو بڕیار بۆ ژنەکەی دەدات و ژن خۆی بۆی نییە لەبارەی خۆیەوە بڕیار بدات و ڕۆڵی هەبێ لە پێناسەکردنی خۆیدا.

(ئەوەتا مرۆڤ وەک یەکێک لە ئێمەی لێهات و خێرو شەڕ لە یەکتر دەکاتەوە)، بەهۆی خواردنی بەری درەختەکەوە مرۆڤ وەکو خوای لێهات. کە مرۆڤ چێژی جنسی دەدۆزێتەوە وەکو خوای لێدێ،

واتە دەبێتە خوڵقێنەر، داهێنەر، ئافرێنەر. زانستی دەروونناسیش ئەمڕۆ جەخت لەسەر رەهاکردنی وزەی جنسی و پەیوەندی بە توانای داهێنانی مرۆڤەوە دەکات.

کۆدەکان ـ فریشتە: ئایین. شیری ئاگرین: پەیڕەوە توندو تیژەکانی ئایین . پاسەوان: بەربەست. بەهەشت: کپبوونی جنسی. (ئاوا خوا فریشتەی بە شیرێکی ئاگرینەوە لە ڕۆژهەڵاتی بەهەشت کردە پاسەوانی ئەو ڕێگایەی کە داری ژیانی تیایە.). واتە ئایین و پەیڕەوە توندوتیژەکانی بەربەستێک دروستدەکەن تا ئارەزووی جنسی لە مرۆڤدا پەنگ بخواتەوە و بچەپێ، مرۆڤ نەگاتە حاڵەتی کپبوونی جنسی .

ئایینی جوو بۆ پاراستنی دەسەڵاتی کۆمەڵە کەسێ یان چینێکی تایبەتی لە کۆمەڵدا ویستوویانە مرۆڤ لە جنسدا چەپاو بێ و گەشە نەسێنێ و توانای داهێنانی نەبێت. هەر هۆی ئەو پاراستنی بەرژەوەندیەش بووە کە ڕابەرانی ئایینی جوو ئەفسانەی ئادەم و حەوایان داهێناو ڕێیان لە گەشەسەندنی کۆمەڵ گرت و ئافرەتیان سووک کردەوە و جنسیان تابو کرد و ئەندامی سێکسی ژن و پیاویان کردە عەورەت و مایەی شەرمەزاری لای مرۆڤ. ئەندامی جنسی ژن بەشێکی زیاتری هەبوو لە نەفرەتی ئایین، منداڵدانی ژن کە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە هەمیشە وەکو شتێکی گڵاو تەماشا کراوە و خوێنی مەهەکی مانگانەی ژنان بە خوێنێکی گەنیوو و گڵاو دانراوە، جەستەی ئافرەت لە ڕۆژانی مەهەکی مانگانەدا بە پیس زانراوە، وەکو لەکتێبی پیرۆزیاندا هاتووە: ( ئافرەت کە بێنوێژ دەبێت حەوت ڕۆژ لە مەهەکدا دەمێنێتەوە، هەر کەسێ دەستی پێوە بدات پیس دەبێ تا ئێوارە، هەرچی شتێ کە لەسەری بخەوێ یان دانیشێ پیس دەبێ تا ئێوارە). لە بارەی ژنێکی زەیستانەوە کە کوڕی بووبێ دەڵێت: ( خوا بە موسای وت بە نەوەی ئیسرائیل ڕاگەیەنە ئەگەر ژنێکی سکپڕ کوڕی بوو، دایکەکە ماوەی حەوت ڕۆژ بە پیسی دەمێنێتەوە وەکو ڕۆژانی بێنوێژی و ڕۆژی هەشتەم منداڵەکە خەتەنە دەکرێ، پێویستە لەسەر ژن سیوسێ ڕۆژی تر بمێنێتەوە تا لە خوێنەکەی پاک دەبێتەوە، نابێ دەست لە هیچ شتێکی پیرۆز بدات).

لە بارەی ژنێکەوە کە کچی بووبێ دەڵێت: ( ئەگەر کچی بوو لە حاڵەتی پیسیدا ماوەی دوو هەفتە دەمێنێتەوە وەکو ڕۆژانی بێنوێژی، شەستوشەش ڕۆژی تریش دەمێنێتەوە تا پاک دەبێتەوە لە خوێن.)

مەبەستی ئایینی جوو کە موسا بە نەوەی ئیسرائیلی ڕاگەیاند، لەو دەقانەی سەرەوە و زۆر دەقی تریش کە لەو بابەتەن بە زەقی دەردەکەوێت کە مەبەستی بووە ژن بۆ خوارترین پلە دابگرێ، هەر بەو شێوەیەش لەدایک بوونی کچی نزم ک ردەوەو دایکی بە پیس پیشان داوە. بۆیە پیاوانی جوو تا ئێستاش لە کاتی نوێژکردنیاندا بەو جۆرە سوپاس و ستایشی خوای خۆیان دەکەن و دەڵێن "سوپاس بۆ تۆ خوایە، کە بە ژن دروستت نەکردووم."(١٣)

بەم شێوەیە ئافرەتی کردە مایەی قێزلێهاتنەوە بە تایبەتی لە ڕۆژانی مەهەکی مانگانە و منداڵبووندا. لە کاتێکدا کە لە داوێنی ژنەوە ژیان دەخوڵقێ و بەردەوامی بە مانەوەی جۆری ئادەمیزاد دەدرێ لەلایەن ئایینەوە بە پیس دەزانرێ و سووک دەکرێتەوە. زانستی نوێ ئەوەی سەلماندووە کە خوێنی مانگانای ژنان وەک هەر خوێنێکی تری هەر شوێنێکی جەستەیە و بێگومان خوێنی جەستەی ئافرەت و پیاویش هەر هەمان خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپییە و هەر هەمان پلازمایە و هیچ جیاوازیەکی نیە.

هەر بۆ درێژەپێدانی ئەو تابووکردنەی جنس و ناشیرینکردنی ئەو دیاردەیە لای خەڵک بۆ بەردەوامیدان بە تێڕوانینی ئایینی جوو بۆ ژن و سێکس، ئایینی مەسیحی وێنەی مریەمی عەزرای هێنایەکایەوە. پاکیزەبوونی مەریەم وەک هێمایەکی ـ پاکی ـ خرایە ڕوو، پاکیش بە مانای کچێتی مریەم و جنس نەکردنی. مەریەمی جنس نەکردووی پاک کرا بە دایکی کوڕەکەی خوا ـ مەسیح ـ و لە ناو ئایینی مەسیحیدا پیرۆزکرا و دەپەرسترا. بانگەشەی پاکیی مەریەمی کچ بە شێوەیەک لەناو مەسیحیەکاندا بڵاوبووەوە کە هەزاران کچ ڕێبازی ـراهیبەـ یان هەڵبژارد و هەزاران کوڕ دەبوون بە ـکاهن ـ ڕاهیبەکان لەم دنیادا جنسیان نەدەکرد، وێنەبیری وایان لا خوڵقاندبوون کە لە دنیای ئایندەدا ڕاهیبەکان دەگەڵ عیسای کوڕی خوادا و کاهنەکان و مەریەمی پاکیزەدا زەماوەنددەکەن.

پەردەی کچێنی کرایە ئەو پردە سامناکەی کە شەیتانی بەسەردا دەپەڕێتەوە، ئەم بیرەش پەرەیسەند و تا گەیشتە ئەو شێوازەی ئێستای کە لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی ئەمرۆشدا پەیڕەوی دەکرێ و پەردەی کچێنی لەبری شەرەف و ئابڕووی خێزان دادەنرێ. لە کاتێکدا کە زانست هەبوونی پەردەی کچێنی بە پەردەیەکی تەنکی زۆر شەفافی سیفەت لاستیکی پێناسە دەکات کە لە نێوان زێی ئافرەت و منداڵدانیدایەو کونێکی بازنەیی ڕێکی لە ناوەڕاستیدا هەیە بۆ هاتنە دەرەوەی خوێنی مەهەکی مانگانەی ژنان، ئەم پەردەیە لای ٧٥ ٪ی کچان بەو جۆرەیە بەڵام ٢٥ ٪ ی کچان پەردەکانیان جیاوازە و کونەکەی ناوەڕاستی بازنەیی نیە بەڵکو شێوەی نارێکی هەیە یان درزێکی هەیە، ئەو جۆرە پەردانەش لە شەوی زاوابووندا خوێنیان لێنایەت، بەڵام لە ٧٥ ٪ی کچان کە پەردەکانیان ڕێکە لە شەوی زاوایەتیدا بە هۆی پاڵەپەستۆی ئەندامی سێکسی پیاوەوە دەدڕێ و خوێنی لێدێ. ئەم خوێنە لە کۆمەڵگا نەریتیەکاندا دەیان کارەساتی لێ کەوتۆتەوە و بێئەوەی هۆی هەبوون یان نەبوونی ئەو خوێنە بزانرێ دەیان کچ بوونەتە قوربانی ئەو نەزانی و دواکەوتوویەی کە لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا سەپاوە.

### چەپاندنی جنسی و کاریگەری لەسەر باری دەروونی

چەپاندن (Repression) بریتییە لە دوورخستنەوەی شتی ناخۆش لە هەست و ناردنی بۆ نەست(١٤). ئەو پەنگخواردنەی لە ئەنجامی چەپاندنەوە لە نەستی مرۆڤی کۆمەڵگا نائازادەکاندا ڕوو دەدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندەها دیاردەی نائاسایی دەروونی. لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا جنس لە هەموو شتێ زیاتر بەرگیری لێدەکرێت و قەدەغەدەکرێت بە ناوی پارێزگاری کردن لە ڕەوشت، چونکە لەو کۆمەڵگایانەدا کە داب و نەریت و وشکەباوەڕی و دۆگمایی ڕێگەی لە فراوانبوونی ئاسۆی بیر و هۆشیاری مرۆڤ گرتووە ئیتیک و مۆراڵ و نرخاندنەکان بە ئاسۆبینییەکی تەنگەبەر دەبینرێن و ڕەوشت لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا تەنها پێناسەیەکی جنسییانەی بۆ دەکرێ. ڕەوشت لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا بە هەندێ پێوانەی لۆژیکی تر دەپێورێ وەکو ئەو سیفەتە بەهادارانەی کە شوێن و جێی مرۆڤی پێ بەرزدەبێتەوە لەوانە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیرانە، هێمنی و... هتد.

وشکەباوەڕی و یەکلابینی لە کۆمەڵگانائازادەکاندا تێڕوانینی جنسییانەی بۆ ڕەوشت زاڵکردووە بەسەر زۆر تێڕوانینی جۆراوجۆری تردا. ژیانبینی، جیهانبینی، زانستبینی، خۆبینی، ژنبینی و پیاوبینی لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بنیات نانرێ، بەڵکە پێوەرەکان سادەن و لەگەڵ هەنگاوی سەردەمدا هەنگاو نانێن. هۆی ئەوەیە لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا بێمانایی و نالۆژیکیبوونی پێوەرەکانی ڕەوشت و سێکس زاڵن و لە ئەنجامیشیاندا دەروونی مرۆڤ ئاڵۆز دەبێت و مرۆڤ لە چەپاندنی یەکتری و خۆیدا ڕۆڵ دەبینێ. بێگومان چەپاندن جۆری زۆرە، چەپاندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و جنسیش لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا بوونیان هەیە، بەڵام چەپاندنی جنسی زەقترینیان بووە بەهۆی تێگەیشتنی نازانستیانە لە ڕەوشت و پێوەری نازانستیانەی باو بۆ جنس و پەیوەندیەکانی نێوان نێر و مێ. مرۆڤ بە تێڕوانینێکی سەرپێیش دەتوانێ هەندێ گرێی زەقی دەروونی لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا ببینێ و دەستنیشان بکات، ئەو گرێیانە کارەکتەری نائاسایی بۆ مرۆڤەکان دروستدەکەن، بۆ نمونە دەتوانین هەندێکیان لە خوارەوەدا پۆلێن بکەین:

#### کارەکتەرێکی سادی وکارەکتەری ماسۆخی

سادی و ماسۆخی، زاراوەی دەروونناسین و یەکەمیان بە کەسێ دەوترێ ئازاردەر بێ و چێژ لە ئازاری ئەویتر ببینێ، دووەمیان بە کەسێ دەوترێ خۆئازاردەر بێ و چێژ لە ئازاری خۆی ببینێ. بێگومان لە هەموو کۆمەڵگایەکدا لەو جۆرە کەسانە هەن گیرۆدەی ئەم بارە دەروونییە ئاڵۆزە هاتبن،

بەڵام لە پەیوەندی بەم باسەدا ئێمە ئاماژە بە کۆمەڵگا نائازادەکان دەکەین و ئەو گرێیانەی کە لە ئەنجامی چەپاندنی سێکسییەوە سەرچاوە دەگرن، تێمای سەرەکییەو دەیانوروژێنین.

هەر بە تێڕوانینێکی خێراش مرۆڤ دەتوانێ لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا جیاوازییەکی زەق و نادادپەروەرانە لە پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێدا ببینێ. دەسەڵات وهێزی بینراو و سەپاوی نێر و بێدەسەڵاتی و بێهێزی مێ لە کۆمەڵگا نەریتییە باوکسالارەکاندا وەک ئاسایی دەبینرێ. ئەو ئاساییە بینینە رەوایەتی داوە بەو نادادپەروەرییەی کە لە ڕەفتار و پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو رەگەزەی مرۆڤدا هەیە. ئەو رەوایەتییەی دراوە بەو ڕەفتارە نارەوایانە کەسایەتی مرۆڤی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانەی پڕ لە گرێ کردووە و وای کردووە کە پیاو لەزەت لە ئازاردانی ژن دەبینێ لە ژیاندا بەگشتی و لە جنسدا بەتایبەتی، لە هەموو ژیاندا لەزەت لەو دەسەڵاتە نێرانەیەی خۆی دەبینێ کە ژنی پێ دەچەوسێنێتەوە، ژن هەمیشە وەکو ئاژەڵێکی بچووکی بێدەسەڵات لە ژێر دەستی ئەودا دەتلێتەوە و مافەکانی پێشێلدەکرێ، ئەم حاڵەتەش باری دەروونی ئاڵۆز کردووە، بانگەشەکانی کۆمەڵ بۆ پیاو و پیاوەتی وایکردووە ژن کەسایەتییەکی ماسۆخی هەبێ و لەزەت لەو چەوساندنەوە و ئازاردانە ببینێ کە دەیچێژێ، زۆربەی ژنان لەژێر کارتێکردنی ئەو بانگەشانە حەزدەکەن پیاوەکانیان پیاوەتی بنوێنن و ئەمانیش شانازییان پێوە بکەن ئەگەرچی ئەو پیاوەتییەش زیان لە بەرژەوەندی ئافرەت بدات و خۆیان نرخەکەی بدەن.

### خاکەساری دەروونی Psychogenic Depression

خاکەساری دەروونی واتە تێکچوونی میزاجی تاک و خەمۆکی لە ئەنجامی هەستکردن بە پەستی دەروونی، مرۆڤ زۆر جار لە ئەنجامی سەرنەکەوتن لە پرۆژەیەکی گرنگی ژیاندا یان هەڵنەکەوتنی هەلێکی باش بۆ هاتنەدی برێک لە ئاواتەکانی تووشی خاکەساری دەروونی دەبێت.

لەبەر ئەوەی ناسنامەی تاک لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا جێی بایەخ نییە و ناسنامەی هۆز و تایفە و بنەماڵە گرنگ و جێی بایەخە، تاک لەو جۆرە کۆمەڵگایەدا، هێندەی بۆ هۆز و تایفە و بنەماڵە دەژی، بۆ خودی خۆی ناژی. لەبەر ئەوەشی کە سەربڵندی و شانازی بنەماڵە هێندەی پەیوەستە بە رەوشتی جنسییەوە، هێندە پەیوەست نییە بە بەهاا مرۆڤایەتییەکانی ترەوە، تاکی ئەو بنەماڵەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شانازی و سەربڵندییە بۆ بنەماڵەکەی سانسۆر دەخاتە سەر ڕەفتارە جنسابیەکان. لەبەر ئەوەش کە چەمکی شەرەف و ئابڕوو پەیوەست کراوە بە ڕەوشتی جنسی ژنەوە، نێری کۆمەڵگا بە هەموو هێز و ئامرازە باوەکانی چەپاندن گەمارۆی مێینەکانی بنەماڵەکەی دەدات و لە ئاکامیشدا مێینەی چەپاو گەمارۆدراوی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە نەک لە پرۆژەکانی ژیانیان سەرناکەون بەڵکە هیچ پرۆژەیەکیان لە ژیاندا نییە و ناتوانن سوود لە دەرفەت و هەلەکانی ژیان وەرگرن بۆ پێشخستنی کەسایەتی خۆیان. بۆیە سەیر نییە کە شەپۆلی خاکەساری و پەستی دەروونی مێینەی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە رامالێ و بوونیان لە ماناکانی خاڵیبکاتە و میزاجیان بشێوێنێ.

بێگومان چەپاندنی جنسی ژنان ،چەپاندنی پیاوانیشە، چونکە لە پرۆسەی جنسیدا هەردوو رەگەزەکە بەشدارن. ژن و پیاو ی کۆمەڵگای نائازاد چونکە لە تاقە ڕێگەی شووکردن یان ژن هێنانەوە نەبێ ناتوانن وزەی جنسییان خەرج بکەن و ئەو وزەیە لە جەستەیاندا بەند دەبێ، ئەو کچ و کوڕانەی کە ژنهێنان و شووکردنیان دوادەکەوێ و بێهیوا دەبن لە ڕەهاکردنی ئەو وزە جنسییە، توشی خاکەساری دەروونی دەبن. زۆر جار لای کوڕان بە شێوەی جگەرەکێشانی زۆر و پەنا بۆ مەی بردن و شێوازی تری لەو بابەتە دەبینرێ. لە هەندێ کۆمەڵگای زێدەنەریتیدا جگەرەکێشانیش بۆ ژن دەکرێتە شورەیی و ژنان پەنادەبەنە بەر شێوازی تر و میکانیزمی بەرگریکردنیان لەو چەپاندنە بە دەربڕینێکی جیاواز لە هی پیاوان ئەو خاکەسارییە دەردەبڕن، دیاردەی خۆسوتاندنی کچان و ژنان لە کۆمەڵگا دواکەوتوە نائازادەکاندا تا ئێستاش بە ڕادەیەکی بینراو دەتوانرێ ئاماربکرێ.

خـاکـەسـاری دەروونی تەنهـا کـچـان و کـوڕان ناگـرێتـەوە، بـەڵکە ژن و پیـاوی هاوسـەرداریش دەگرێتەوە. ژنی هاوسـەردار لەبەر چەپاندنی زۆری لە قۆناغی هەرزەکاریدا، قۆناغی خەون و خـەیاڵی سێکسـی درەنگ بەجێهێشـتوەو ئەم حاڵەتەش توشی ساردی جنسی و بێتوانایی کردووە لـە گەیشتن بە لووتکەی لەزەت ـ ئۆرگازم ـ ئەمەش زۆرجار خاکەساری دەروونی بۆ هێناوەتە ئاراوە.

**گرێی دیانا و گرێی مێینە** ـ komplex Femininity:

گرێی مێینە بە مانای گرێی خەساندن دێ، کاتێ کچ سەیردەکات ئەو ئەندامە جنسییەی کوڕ کە ئەم نییەتی ئەو گرنگییەی پێدراوە و بوەتە هۆی پایەبڵندی کوڕ لە کۆمەڵگادا، هەست بە کەمییەک دەکات لە جەستـەی خۆیدا، هەر ئەو گرێیەش وا دەکات گرێی –دیانا– یشی تیا دروست بێت. گرێی دیانا کەموکوڕییـەکە پاڵ بە ئافرەتەوە دەنێ وەکو پیاو ڕەفتار بکـات و ئارەزوو بکات بەسەریا سەرکەوێ، لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا هانی ئافرەت دەدرێ پیاوەتی بکات و ژن پیاوەتی دەنوێنێ. "ئەدلەر" زاراوەی Masuline Protest واتە "کـەڵەژن" ی بۆ ئەو جـۆرە ئافـرەتانە داناوە کـە لـە ئەنجـامـی هەسـتکردن بەکەمی و نزمـی مێیـیەتی و بە بارێکی نـاتەواو زانینی هـەوڵ دەدات لە کردارو ڕەوشـتـەکانی بەسـەر پیاودا زاڵ ببێ.

لەو جـۆرە کۆمـەڵگایەدا بە زۆری دوو جۆر ئافـرەت بەرچاو دەکەون کـە هـەردوو جـۆرەکـەی بە پێی پێناسـەی دەروونناسی دەروونیـان نـاتەندروسـتـە، جـۆری یەکـەم مـاسـۆخین و حـەز بە ئازار چێشتن و چەوساندنەوە دەکەن کە لە لایەن پیـاوەوە لێیاندەکرێ و شانازی بە پیاوەتی پیـاوەوە دەکەن، کە ئەمانە جۆرێکن هەرگیز خەبات بۆ ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە ناکەن و بەرگری لە خۆیان ناکەن و دیاردەی زاڵبوونی پیـاو بە سـرووشـتی دەزانن. جۆرەکەی تریشـیـان ئەو ئافرەتانەن کە گرێی خـۆبەکەمـزانین وایلێکردوون ئێرەیی بە پیـاو ببـەن و لە هـەمـوو هەڵسـوکـەوتێکدا لاسـایی پیـاو بکەنەوە و کـەڵەژنێتی دەنوێنن . بێگومـان هـەردوو جۆرەکە بە نائاسایی دەژمێردرێن، ئافرەتانی ئاسایی ئەوانەن کە خەبات بۆ نەهێشتنی ئـەو چەوساندنەوەیە دەکەن لە پێناوی یەکسـانی لە ئـەرک و مافـدا نەک زاڵبوون بەسـەر پیاودا . مرۆڤ لە هەردوو حاڵەتی "چەوسـاوە و چەوسێنەر" دا نائاسـاییە و لە مەرجـەکانی مرۆڤایەتی بێبەشـە. ژنانی ئاسایی ئەوانەن شـانازی بە ژنبوونی خۆیانەوە بکـەن و هـەوڵ بۆ نەهێشـتنی ئەو بارە نائاساییە بدەن کە کولتووری باوکسالاری لە کۆمەڵگادا سـەپاندوویەتی و لە ئاکامیدا پلەی مرۆڤایەتی ژنی دابەزاندووە.

بە پێی بۆچوونی "یونگ" لایەنی پیـاوەتی لە ئافـرەتدا هـەیە و پێـی دەوترێ–ئەنیـمـۆس– و، لایەنی ژنێتیش لای پیاواندا هـەیەو پێی دەوترێ ئەنیما. ئەنیمـا و ئەنیمـۆس ئەوە ڕادەگەیەنن کە ژن و پیـاو هەریەکەیان توخمێکی جنسی یەکتریان هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی تێگەیشتنی یەک بۆ یەکتری.

لە کـۆمـەڵگا ئـایینیـە نـائازادەکاندا بەهـۆی نرخـاندنـە کۆمـەلایەتییـە باوەکـان کـە ژنیـان بـە کـەم و پیاویان بە بەرز نرخاندووە، هەرگیز پیـاو دان بەم لایەنە مێیەتییەی خۆیدا نانێت کە تیایدایە، بەڵکو بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵی شـاردنەوە و دەرنەخستنی ئەو لایەنە دەدات، بەڵگەش بۆ ئەمە لەو جۆرە کـۆمەڵگایانەدا وشـەی "ژنانـی" جنێـوە ، ئەگـەر پیـاوێک ڕەفـتـارێکی ژنانە بنوێنێ، یاخـود حـەزی لە هەلسـوکـەوت بێ لـەگەڵ ژنـاندا بە ژنانی نـاوی دەبەن و ئەمـەش بۆ ئەو مـانایـاکی نێگەتیـڤی دەبێت. هاوکات هانی ژن دەدرێ بۆ دەرخستنی لایەنە نێرینەکەی کەسـایەتی. بەڵگەش بۆ ئەمـە زۆر جـار لە کـاتی بەسـتنی بەڵێنێکدا لـەگەڵ ژن دەوترێ ـ وەعـدی پیـاو ـ زۆر جـار ژن و ژن لەناو خـۆشـیـاندا ئەم وتەیە بـەکار دەهـێنن. دەرخـسـتنی لایەنی پیـاوەتی ژن لەناو کـۆمـەڵگای نـەریتـیـدا نـەک بە نێگەتیڤ لێکنادرێتەوە بەڵکە هـان دەدرێ و پشتیوانی لێدەکرێ. بەم شێوەیە هەمیشە ئەنیمۆسی ژن لەبەرچاوە بەلام ئـەنیـمـای پیـاو شـاراوەیە، چەپاندنی ئەم ئەنیـمـایـە لای پیـاو وا دەکـات پیـاو لە خـواست و ئارەزوەکـانی ژن بە تەواوی تێنەگـات، بۆیـە لە کـۆمـەڵگا نائازادەکـاندا ژن و پیـاو وەک دوو مـرۆڤی

لەیەکتر نامۆ هەڵسوکەوت دەکەن و کەسایەتیان بۆ یەکتر ڕوون نییە و لەیەکتر تێناگەن. بێگومان کە لێکتێگەیشتن نەبێ مەحاڵە خۆشەویستی ڕاستەقینە و پیرۆز کە لەسەر بناغەیەکی مرۆڤانە بنیاتنرابێ لە دایکببێ، بەڵکو پەیوەندی نێوان ژن و پیاو فۆرمێکی نارێکی لەسەر بناغەی - دەسەڵات و ترس - بنیاتنراوی دەبێت.

**لادانی جنسی**

کاتێ مرۆڤ نەتوانێ وزەی جنسی خۆی لە ڕێگەی سروشتییەوە ڕەهابکات، نائاساییانە بە شێوە ناسروشتییەکەی ڕەهایدەکات، ئەمەش لە بواری دەروونناسیدا پێی دەووترێ لادانی جنسی.

مەبەست لە لادانی جنسی، حەزکردن بە نواندنی ڕەفتاری جنسی جیاواز لەوەی سروشتی مرۆڤ دەستنیشانیکردووە و پەیڕەویکردووە. سروشتی بوونەوەران بە شێوە گشتییەکەی پەیوەندی جنسی نێوان نێر و مێی وەک ڕەفتاری ئاسایی و سروشتی داناوە و پەیوەندیەکانی تری بە نائاسایی و لادان داناوە. " سەبارەت بە لادانی سێکسیش بۆچوونی جیاواز هەن ، هەندێک پێیان وایە هەر تێپەڕاندنێکی سنووری دیاریکراوی جنسی نەریتی لادانە، هەندێکیش پێیان وایە هەموو جۆرە ئەنجامدانێکی جنسی کە لە نێوان دوو کەسی پێگەیشتوودا و بە قایلبوونی هەردولایان رووبدات سروشتییە. "(١٥) بە پێی بۆچوونی دەستەی یەکەم زۆربەی مرۆڤ دەکەونە خانەی لادەرەوە، بەڵام لە دووەمیاندا ژمارەیەکی کەمی مرۆڤ دەکرێ پێیان بوترێ لادەر.

ئەو ڕەفتارە جنسییانەی وەک لادان ناوبراون دەکرێن بە دوو بەشەوە،لادانی جنسی هاوبەش و لادانی جنسی تاکی(١٦) لەوانە:

* **لادانی جنسی هاوبەش**، کە بریتییە لەم جۆرانە:

١- **منداڵبازی** Paedohilia: لادەر حەز دەکات لەگەڵ منداڵێکی هاورەگەز یان ڕەگەزی بەرامبەری جنس بکات. ئەمەش زیاتر لە کوڕاندا ڕوودەدات وەک لە کچان.

٢- **ئاژەڵبازی** Zoophilia: لادەر حەز دەکات لەگەڵ ئاژەڵدا جنس بکات، ئەم جۆرەش بە زۆری لە پیاواندا و بە دەگمەن لە ژناندا ڕوودەدات. زیاتریش لە لادێکاندا و لەو شوێنە دوورەدەستانەدا ڕوودەدات کە پیاو ڕێگەی تری بۆ دەربازکردنی ئەو وزە جنسییەی نییە.

٣- **پیربازی** Geronlophilia: حەز کردن بە جنس لەگەڵ کەسانی گەورەتەمەن لە هەردوو ڕەگەزدا، ئەم دیاردەیەش پەیوەست کراوە بە گرێکانی ئۆدیب و ئەلەکترا لای پیاوان و ژنان.

٤- **لاشەبازی** Necrophilia : حەزکردن بە سێکس لەگەڵ مردوو، لادەر لەم حاڵەتەدا گۆڕ هەڵدەکەنێ و جنس لەگەڵ مردوودا دەکات، یان کەسێ دەکوژێ و بە مردوویی لەگەڵی ڕادەبوێرێ.

٥- **هاوڕەگەزبازی** Male Homosexuality : مەیلی کوڕان بۆ ڕابواردن لەگەڵ ڕەگەزی خۆیدا، کە لە کوردیدا نازناوی هەتیوباز و حیز بۆ ئەو لادەرانە دانراوە. مەیلی کچان بۆ ڕابواردن لەگەڵ ڕەگەزی خۆیدا، کە لە کوردیدا بەو جۆرە سێکسکردنە دەوترێ پانپانۆکێ.

٦- **زەفەربردن** Frotteurism: ئەم لادەرانە ئارەزووی خۆنووساندن بە مێینەوە لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا دەکەن، وەکو ناوپاس و ئاهەنگ و هتد. زەفەربردن بە کەسانی دی و خۆپێوەنووساندنیان بە تاقەرێگەی ڕەهاکردنی وزەی جنسی دەبینن.

## * لادانی تاکی

لەم شـێـوەیەدا کـەسـی لادەر ڕەفـتـاری جنسی نائاسـایی بـە نهـێنی و لەگـەڵ خـۆیدا دەنوێنێ. ئەنجـامـدەرەکـەی تەنهـا خـۆیـەتی و کـەسـێکی تر لەم پرۆسـەیەدا بەشـدار نیـە. ئەمـەش زۆر جـۆری جیاوازی هەیە ، بۆ نمونە:

١ـ مەهەکی نهێنی Masturbation: بە شێوەیەکی نهێنی و بە تاقەکەسی ئەنجامدەدرێ. نزیکەی هەموو کەسێ لە کۆمەڵگادا بە کوڕ و کچەوە ئەنجامی دەدەن. جنسکردنە لەگەڵ کەسێکی واقیعی لەرێگەی خەیاڵەوە، یان کەسێکی خەیاڵکردی ئەنجامدەرەکە.

٢ـ فێتشی Fetishism: دەوترێ ئەم جۆرە زیاتر کوڕان ئەنجامی دەدەن. لادەر چێژ لەوە دەبینێ بەشـێک لە لەشی ئەو کـەسـەی کـە خـەیاڵی لەسـەر گـیـرکـردووە بگرێ، یان یاری پێـبکات. لادانی فێتشیش بۆ خۆی چەند جۆرێکی هەیە، رەنگە کەسی لادەر حەز بە گرتن و یاریپێکردنی بەشێکی ئەو کەسە بکات کە دوورە لە ئەندامی جنسییەوە وەکو ، پێ یان قژ، ئەو جۆرە بە Partialism ناودەبرێ، یان حەز بە گرتن و بۆنکردنی شتێک لە شتەکانی ئەو کەسە دەکات کە بە فێتشی ئامراز objekt ناودەبرێ.

٣ـ دزەکردن Voyeurism: لادەر حەز دەکات بە دزییەوە دیمەنی کەسانی ڕووت ببینێ. یان کوڵگرتن لە کەسانی کە خۆشەویستیدەکەن. ئەم جۆرەش لە لای هەردوو رەگەزی مرۆڤ دروست دەبێ.

٣ـ لەبەرکردنی پێچەوانە Transvestism: بۆ ئەوەی رازیبوونی جنسی بەخۆیەوە ببینێ لادەر حەزبە لەبەرکردنی جلی رەگەزی بەرامبەری دەکات.

٤ـ هاودژە جنسی Transsexualitm: کەسی لادەر دژ بە دەرک و هەستی جنسی و واقیعی جنسی خۆی دەوەستێ و هەست دەکات سەر بە رەگەزەکەی خۆی نییە. ئەگەر ژن بێ هەست دەکات پیاوە و ئەگەر پیاو بێ هەستی ژنبوون زیاتر بەسەریدا زاڵ دەبێ. ئەو جۆرە هەستەش لە سەردەمی منداڵی ئەو کەسانەدا بەوە خۆدەنوێنێ کە حەز دەکات جلی رەگەزەکەی تر لەبەربکات و ئاوات دەخوازێ ناوێکی لێبنرابایە ناوی رەگەزەکەی تر بێ. ڕەفتاریشیان وەکو ڕەفتاری رەگەزەکەی ترە.

٥ـ دەرخستن Exhibitionism: لادەر حەز بە پیشاندانی ئەندامی جنسی خۆی دەکات بە کەسانی تر، بێ ئەوەی مەبەستی بێ جنسیان لەگەڵدا بکات، بەڵکە تەنها چێژ لەو ڕەفتارە جنسییەی خۆی وەردەگرێ.

### جنس لە کۆمەڵگای کورددا

لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کورد کۆمەڵگایەکی نەریتییە و ئایینەکان کاریگەری گەورەیان لەسەری داناوە دەتوانین بڵێین جنسبینی کۆمەڵگای کورد وەک کۆمەڵگا نەریتییەکانی تر پەیوەستە بە بەهاکانی شەرەف و ئابڕووەوە. نرخاندنی ئەو بەهایانەش پەیوەستە بە ئەندامە جنسییەکانەوە و بە تایبەتیش ئەندامە جنسییەکانی ژنەوە.

بەشێکی زۆری داب و نەریت و پێوانە رەوشتییەکانی کۆمەڵگای کورد خوازراون و خۆماڵی نین. چونکە ئەو ئایینانەی کە فەلسەفەی ژیانیان بۆ کۆمەڵگاکان دارشتووە و پەیڕەوەکانی ناساندووە بیری کورد داینەهێناوە. کورد ناڕاستەوخۆ وەریگرتوون و کاریانپێدەکات و کاریانتێکردوون. بێگومان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پێیگەیشتوون و پەیڕەوەکانی ئەو ئایینانە بە چەند دەستێک گەیشتوونەتە کورد.

دەستاودەسکردنی پەیڕەوەکانی هەر ئایینێک بە قۆناغی مێژوویدا تێپەڕیوە و ئاڵوگۆڕی زۆری پێکراوەو تێداکراوە. هەندێ رەوشتی کۆمەڵایەتی بەرگی ئایینی لەبەرکراوە و هەندێ ڕەفتاری ئایینش کراوە بە داب و نەریت و باو. هەندێ تێڕوانینی ئایینی لە ئەنجامی نەگونجانیدا لەگەڵ سەردەم، بەهۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگا و لەرێگەی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاوە، گۆڕانکاری بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە. نمونەش بۆ ئەمە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایە کە زۆربەیان مەسیحین، بەڵام رەوشتە کۆمەلایەتی و ئایینییەکانیان دەقاو دەق ئەو رەوشتانە نین کە ئایین بۆی دەستنیشان کردوون و لە کتێبی پیرۆزی ئایینەکەیاندا هاتووە، بەڵکە لە ئەنجامی گۆڕانەکانی کۆمەڵدا زۆر گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە.

کورد کۆمەڵگایەکی ئاین و ئاینزاپەروەرە، ئەو ئایینەشی کە زۆربەی کورد پەیڕەویی دەکات لە ناخی کۆمەڵگاکەی خۆیەوە هەڵنەقولاوە و زادەی بیری کورد نییە و فەلسەفەی ژیانی ئەو نییە و گوزارە لە واقیعی کۆمەلایەتی ئەو ناکات. ئەو ئایینانەی کە زادەی بیری کوردن و گوزارە لە ژیانبینی کورد دەکەن فەرامۆش کراون و کورد ناچارکراوە دەستبەرداریان بێت، بۆ نمونە ئایینی زەردەشتی کە زادەی بیری کورد بووە و لە کوردستاندا سەریهەڵداوە کورد دەستبەرداری بووە، یان بەشێکی کەمی کورد بە نهێنییەوە پەیڕەوی دەکەن، وەکو ئایینی ئەهلی هەق. بەهەرحاڵ ئەمە بۆخۆی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەڵدەگرێ و مەبەستی سەرەکی ئەم باسەی ئێمە نییە.

گومان لە نەریتیبوون و نائازادبوونی کۆمەڵگای کوردی ناکرێ. تێڕوانینی کوردیش بۆ جنس و پەیوەندییەکانی مرۆڤ، تێڕوانینێکی ئایینی و ناخۆماڵییە. مەبەست لە ناخۆماڵیبوونی ئەو تێڕوانینە لە چەند روویەکەوە سەرچاوەدەگرێ. کوردستان دابەشکراوەتە سەر چوار دەوڵەت، سێ نەتەوەی جیاواز لەو چواردەوڵەتەدا بالادەستن. سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتانە کوردیان بەڕێوەبردووە و کلتوور و دابو نەرێتی ئەو نەتەوە سەردەستانە کارتێکەری کلتووری کوردین. ئایینی ئیسلام ئایینی سەرەکی نەتەوەی کوردە، کە هەڵقولاوی بیری کورد نییە و کتێبی پیرۆزی ئەو ئایینە بە زمانی کوردی نەهاتووە. ئەمانە هەموویان فاکتەری نائاسیبوونی مرۆڤبینی و ژیانبینی کورد و ناخۆماڵیبوونی ئەو تێڕوانینەن کە کورد بۆ تێکڕای دیاردەکانی ژیان هەیەتی و لەناو ئەوانەشدا تێڕوانینی جنسیانەی کورد کە پەڕگیر نەرێتی و ئایینیبوونی خۆی دەنوێنێ.

کۆمەڵگای کورد بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی لە خوارترین پلەی مرۆڤایەتیدا دەژین، ئەو نائاسایی بوونە دەروونییەی کە بە هۆی چەپاندنی وزەی جنسییەوە تووشی کۆمەڵگا چەپێندراوەکان دەبن لە کۆمەڵگای کوردیشدا ڕەنگیان داوەتەوە. ڕەوشت بە جۆرێ پێناسەی بۆ کراوە کە زۆر دوورە لە مانا ڕاستەقینە سرووشتیەکەی خۆی کە دەکرێ پێناسەی بۆ بکرێ. دیدی کورد بۆ جنس لە چەمکی رەوشتەوە سەرچاوەی گرتووە، رەوشتبینیشی لەو یاسا و رێسا و ستیلی ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایین بۆی دارێژاوە.

بینینی جنس وەک، خراپ و گوناه و پیس، بینینێکی زاڵ و باوە، قسەیەکی باوی کوردی کە دەڵێ - کوڕ ئاگرە و کچ بەنزین - کاریگەریەکی زۆری لە دەروونی مرۆڤی کورد بەجێهێشتووە، ئەم لێکچواندنە ترسناکەی کوڕ بە ئاگر و کچیش بە بەنزین زیاتر بۆ قەدەغەکردنی لێک نزیک کەوتنەوەی

کوڕوکچ یان ژن و پیاوە، چونکە ئەو دوو مادەیە (بەنزین و ئاگر) هەر بە لێک نزیک کەوتنەوەیان کڵپە دەستێن و ڕەنگبێ کارەساتی ئێجگار گەورە ڕوو بدات ئاگر و بەنزین ئەو دوو کۆدەن کە دەتوانین بە ئاسانی جنسبینی مرۆڤی کوردی پێ بخوێنینەوە و شیبکەینەوە. لێرەشدا هەر کچ بە ترسناکتر پیشان دراوە چونکە ئاگر هەرچەندە خەتەرناکیش بێت تا بەنزینی پێدا نەکرێت ئەو کڵپە سامناکە ناکات کە کارەساتی گەورەی لێ بکەوێتەوە. بەم بۆچوونە نازانستییە کچ کراوەتە وروژێنەری جنس و بە ترسناکترین شێوە پیشانی مرۆڤی کورد دراوە، لە کاتێکدا کە بۆچوونی زانستی دەریدەخات کە وزەی جنسی لە هەردوو مرۆڤەکە چوونیەکە و ڕەمەکی جنسی لە لای ژن و پیاو هەمان ڕەمەکە.

هەر ئەو جنسبینییە نازانستییە هۆکارە لەوەی لە کۆمەڵگای کورددا زۆربەی ژنان و پیاوان وا تێبگەن لە پرۆسەی جنسیدا پیاو (بکەر) وو ژن (کارپێکراو) ە. لەزەتی جنسیش مافی پیاوە هەستی پێ بکاو پێی بگا و شوێنی ئاسایی ژن لەو پرۆسەیەدا هەمیشە لە ژێرەوەی پیاوە و بێئەرکە. بەم پێیەش پیاو خۆی بە خاوەنی پرۆسەکە و ژن خۆی بە زەمینەی پرۆسەی جنسی دەزانێ. هەروەها بۆچوونی کۆمەڵ لەوەی کە ئافرەت کارگەی منداڵە و ئەرکی زێی ئافرەت تەنها دامرکاندنەوەی شەهوەتی پیاوو منداڵبوونە، کاریگەرییەکی دەروونی دادەنێ لەسەر کەسایەتی ژن و پیاوی کورد.

ژنی کورد دوای ماوەیەکی زۆری هەرزەکاری و چەپاندنی وزەی جنسی و خۆ وروژاندن شوو دەکات و لەگەڵ مێردەکەیدا بۆ یەکەمجار بە ڕۆڵێکی بێئەرکانە و پاسیڤ بەشداری پرۆسەی سرووشتی جنسی دەکات، بەڵام لەبەر بێئەرکبوونی لەو پرۆسەیەدا بەهۆی شەرمکردن، یان نەزانین، یان سەلماندنی بۆ بەرامبەرەکەی کە ئەو شەهوەتی جنسی نییە وپاک و بەڕەوشتە، مەگەر بە ڕێکەوت دەنا هەرگیز ناگاتە حاڵەتی لووتکەی لەزەت کە پیاوان بە گشتی لەو پرۆسەیەدا پێیدەگەن. ئافرەتی کورد بە هۆی ئەو چەپاوییەوە توشی بێتوانایی جنسی دەبن و ئەو ساردییەش وا دەکات پیاو کەسایەتیە زاڵەکەی دەرخا و وەک پاڵەوانێک خۆی پیشانی ئەوی بێئەرک بدات، لە ئەنجامیشدا ژن ئەو وزەیەی تیا بەند دەبێ و لە ژیانیشدا کەسایەتیەکی بێئەرکی دەبێ.

بە پێی پێوەری دەروونناسیش تاکەکەسی لە جنسدا چەپاو کێشەدار و دەروون ئاڵۆز و شێواوە و توانای داهێنان و گەشەسەندنی نییە، لە کۆمەڵگای کوردیشدا ئەو چەپاندن و کپنەبوونەوە جنسییەی کە هەیە و بەردەوامە، ڕۆڵێکی بێئەرکی بە ژن بەخشیوە، ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی کەمتر داهێنەربوونی ژن لە زۆربەی کۆمەڵگا نەریتییەکاندا، بۆ چەپاندنی جنسی بگەڕێتەوە.

هەروەها بەهۆی چەپاندنی لە ڕادەبەدەری جنسی لە کۆمەڵگای کورددا هەست بە هەندێ دیاردەی نائاسایی دەکرێ کە دەکرێ پێیان بوترێ لادانی جنسی. هەر لەبەر نائاساییبوونی باسکردن و ناوهێنانی جنس و ئەندامی جنسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هیچ ئامارێکمان بە دەستەوە نییە و ئەو لادانانە لە ژێرەوە و بە شێوەیەکی شاراوە دەکرێن، بەڵام کەسێ نییە پێینەزانێ و دەرکی پێنەکات. خودی هەبوونی ئەو ناو و نازناوانە بۆ کەسانی لادەر و دیاردەی لادانی جنسی جەخت لەسەر هەبوونی دەکەن. بۆ نموونە هەبوونی وشەکانی هەتیوباز و حیز بۆ هاورەگەزبازە نێرەکان، یان پانپانۆکێ بۆ مومارەسەی جنسی نێوان مێ و مێ، هاورەگەزبازی مێ. بە پێی پێناسەی لادانی جنسی و جۆر و شێوەکانی، دەکرێ لادانەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

١ـ هاورەگەزبازی

کورد بۆ لادەرانی هاورەگەزبازی پیاو دوو وشەی هەیە، هەتیوباز و حیز. هەتیوباز بەو کەسە دەڵێن کە لە پرۆسەی جنسیدا بکەرە، حیزیش لە پرۆسەکەدا کارپێکراوە. خودی ئەو جیاوازبینینە

بۆ بکەر و کارپێکراو لە پرۆسەی جنسیدا نایەکسانبینی کوردە بۆ دووکەسی بەشدار لەو پرۆسەیەدا، لە نێوان ژن و پیاویشدا پیاو بە بکەر و ژن بە کارپێکراو دەبینرێ.

کورد تێڕوانینێکی زانستبینیانەی بۆ ئەم جۆرە لادانە و تێکرا لادانە جنسییەکانی تریش نییە و لە هۆکارەکانیان ناکۆڵێتەوە. پیاوانی هاورەگەزباز کەسانی دزێو و ناپەسەندن لەناو کۆمەڵدا و دووەپەرێز دەکرێن. ئەم لادانانە لە کۆمەڵگاکانی تریشدا هەن و بۆ هەندێکیان پاساوی زانستی و هۆکاری بیۆلۆژی دۆزراونەتەوە و خراونەتەڕوو. هەندێکیشیان تەنها ئارەزوویەکی دەروونی بۆ لادان لە ڕەفتاری باوی جنسی پاڵیان پێوەدەنێ لە کۆمەڵگای کوردیشدا ڕەنگە پاساوی بیۆلۆژیبوونی هۆکاری ئەم دیاردەیە بۆ هەندێک ڕاست بێ. چەپاندنی لەڕادەبەدەری جنسیش بۆ ئەوانی تر هۆکارین. پیاوانێ کە ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ ڕەگەزەکەی بەرامبەریاندا مومارەسەی جنس بکەن، پەنا بۆ ڕەگەزی خۆیان دەبەن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێدەچێ تەنها ئەو پیاوانە هەتیوبازن کە وزەی جنسییان بە تەواوەتی چەپێندراوە و بە هیچ چەشنێک بواری ئەوەیان نییە ئەو وزە جنسییەیان لە ڕێگەی پەیوەندیکردنیان بە ئافرەتەوە ڕەهابکەن. زۆربەی ئەو پیاوانە هەر لەگەڵ ژنهێنانیاندا دەست لە هەتیوبازی هەڵدەگرن و ئاسایی دەبنەوە و لە ڕێگەی سروشتییەوە وزەکەیان ڕەها دەکەن. بەڵام کۆمەڵگای کوردی بەهۆی کۆمەڵێ پیودانگ و نەریتەوە کە بۆ پەیڕەویکردن لە ڕەوشت و خووی کۆمەڵگا دانراون دەرک بەو چەپاندنە جنسی و گەمارۆ دەروونییە ناکەن و بە سووک تەماشای ئەو جۆرە کەسانە دەکەن و بواری ژنهێنانیان نادەن .

٢ـ ئاژەڵبازی

بە تایبەتی لەو جێگایانەدا کە پیاو لە ڕەگەزی مێ دابڕاوە و دەستی بە ڕەگەزی بەرامبەری ڕاناگا، وەکو لە سەربازگە دا، لێرەدا بەسەرهاتێکم وەبیرهاتەوە کە لە یەکێ لە دێیەکانی کوردستاندا ڕوویداوە و ناڕاستەوخۆ لە دەمی پێشمەرگەیەکەوە باسکراوە کە خۆی شاهێدی ئەو بەسەرهاتەیە ، دەیووت لەو دێیەدا پیاوێک بەیانیانێکی زوو بەسەر مانگایەکەوە دەگیرێ و لەناو دێدا لێی دەکرێ بە هەڵا و ماڵی خاوەن مانگا خۆیان بە سەرشۆڕ و ئەتککراو دەزانن و هەڕەشەی کوشتن لە پیاوە ئەتککەرەکە دەکەن، ئینجا دەچن بۆ لای مەلای نەخوێندەواری دێ و لە مەلا دەپرسن ئایا شیری ئەو مانگایە حەڵاڵە یان حەرام؟ مەلاش بێ بیرکردنەوە یەکسەر دەڵێ نەخێر ئەو مانگایە –قەحبە–یە و شیری حەرامە و گۆشتەکەشی حەرامە، خاوەن مانگاش دێتەوە و گولەیەک لە سەری مانگاکە سارد دەکاتەوە، ئەتککەریش لەبەر هەڕەشەی خاوەن مانگا سەری خۆی هەڵدەگرێ و دووردەکەوێتەوە، پاشانیش دەبێ بە جاش. بێگومان زۆر هەن لەم جۆرە بەسەرهاتانە و لەوانەیە هەر یەک لەئێوەش شتێکی لەم جۆرەی بیربکەوێتەوە کە بۆی باسکراوە، یان دیویەتی .

٣ـ هاورەگەزبازی مێ و پانپانۆکێ

هەمان هۆی چەپاندنی جنسی و تابووبوونیەتی، ئەم دیاردەیە کەمتر بیستراوە، بەهۆی نائازادی کەسایەتی ژن لە کۆمەڵگای کورددا زۆر بە نهێنی تر و لە ژێرەوەتر لەوەی هاورەگەزبازەپیاوەکان ئەنجام دەدرێ. ئەم دیاردەیەش زیاتر لەو شوێنانەدا ڕوو دەدات کە کچ و کوڕ پێکەوە دەخوێنن و ئارەزووی یەکتر دەکەن، بەڵام ڕێگەیان نادرێ و ناوێرن پێکەوە پەیوەندی جنسی بکەن، وەکو لە بەشی ناوخۆییدا و لەو شوێنانەدا کە کچان بەهۆی خوێندنەوە پێکەوە ژوورێ لە ماڵان بەکرێدەگرن.

لە ساڵی ١٩٩٢ لە گەڕەکێکی شاری هەولێر چاوم بە قەرەباڵغییەک کەوت، چوومە پێشەوە بینیم جل و جانتای دوو کچی کرێچی فڕێدراونەتە دەرەوە و ژنە خاوەنماڵەکە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات –بەسەریەکەوە بوون– کچەکانیش دەگریان و ئەو قسەیەی ئەویان بە درۆ دەخستەوە. بێگومان ئەمە نمونەیەکە و لەبەر نهێنیبوونی ئەو جۆرە مومارەسانە بە دەگمەن دەکەونە ڕوو. لادەرانیشی بە دەردی ئەو دوو قوتابیە دەبرێن ، یان سزاکەشیان لەوە توندترە ئەگەر کەسوکاریان پێیبزانێ.

٤ـ منالّبازی
وەرگرتنی کەڵکی ئاوەژوو لە منداڵان بەهۆی کەمی تەمەن و ئەزموون و وابەستەیی منداڵ بە گەورەوە، دەبێتە هۆی ئەم جۆرە لادانە. بێگومان لەو کۆمەڵگایانەدا کە مافی مرۆڤی تیا ناپارێزرێ و منداڵانیش لەم رووەوە مافپێشێلکراوترین، زیاتر دەبنە ئامانجی کەسانی لادەری ناو کۆمەلگە و کەلکئاوەژوویان لێ وەردەگیرێ. دیارە لە کۆمەڵگا هەژارەکاندا بە تایبەتی کە منداڵان ناچاری کارکردن دەبن بۆ بژیووی خێزان، بە کاری دەستگێری و فرۆشیاری لە کۆڵانەکان و کاری جۆراوجۆری تر، ئاسانتر بەردەستی لادەرانی جنسی دەبن. لە کۆمەڵگای کوردیشدا منداڵ بوونەوەرێکی قوربانییە و لە هەموو چین و توێژەکانی تر زیاتر زیانی شەڕە سەپێنراوەکان و پاکتاوی رەگەزی و شەڕی ناوخۆیی بووە. هەر بۆ نمونە، لە پەلامارەکانی ئەنفالدا زیانلێکەوتووترین توێژی کوردی ئەنفالکراو منداڵان و ژنان بوون، بە تایبەتیش ئەوانەی کە لە مردن رزگاریان بوو و گەڕێنرانەوە بۆ ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان و ناچاری ژیانێکی کۆلەمەرگی کران. منداڵان لە تەمەنی چوارساڵیەوە تا هەژدەساڵی ناچاری کاری قورس و هێزپڕوکێن کران، هەر لە کاری کرێکاری خانووبەرەو بارهەڵگرییەوە تا دەستگێری و فرۆشیاری و لەماڵاندا خزمەتکردن. گەلێک لەو منداڵانە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر و لە ئاکامی ئاشکرابوونی ئەو دەستدرێژییە جنسیانەشدا خودی ئەو منداڵانە نەک گەورەلادەرەکان سزا دەدرێن. چەندان منداڵی لاقەکراو بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە تیرۆردەکرێن و بێسەروشوێن دەکرێن.

٥ــ زەفەربردن
ئەم جۆرە لادانە زۆر بینراو و بەرچاوترە لە هەموو جۆرەکانی تری لادانی جنسی. هەوڵدانی نێرینەی کورد بۆ خۆنوساندن بە مێینەوە لە شوێنە قەرەباڵغەکانی وەکو ئاهەنگ و ناوپاس و ناوبازار و ڕێگا و بانەکان ،کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات. رەنگە هیچ مێینەیەکی کورد لەو شێوە زەفەربردنە لە شوێنێکی قەرەباڵغدا دەربازنەبووبێ. لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دنیادا، تەنانەت لە مەلەوانگە و سەر دەریاچەکاندا کە ژنان نیوە ڕووت، یان ڕووتی تەواون، بەو تەماشاکردن و چاوتێبڕین و پلارتێگرتنە پەستناکرێن وەک ئەوەی تووشی ژنێکی عەبابەسەری ناوپاسێک، یان ناو بازاڕی کۆمەڵگایەکی نەریتی دەبێت. کە منداڵ بووم زۆرکاتم لەناو بازاڕدا لە دوکانی باوکم بەسەردەبرد و یارمەتیم دەدا لە کارەکانیدا، ئەوەی سەرنجی منی رادەکێشا ئەوەبوو، کە بەدەگمەن ژنێکی عەبا و پەچەپۆشیوو دەهاتە ناوبازاڕ، ئەو تاک و تەرایەش کە ڕێیان دەکەوتە بازاڕ، تەنها پاژنەی پێیان دەبینرا . سەیر ئەوە بوو پیاوانی ناوبازاڕ تەماشای پاژنەی پێی ژنانیان دەکرد و چێژیان لێدەبینی و قسەیان لەسەردەکرد. هەموو ئەو دیمەنانە لە زەینمدا ماون و دواتر دەیان پرسیاریان لە خوڵقاندم.

٦ـ لادانە تاکییەکان
لە کۆمەڵگا نەریتی و داخراوەکاندا، لادانەتاکییەکان زیاتر زەمینەیان بۆ دەسازێ. چونکە ئەنجامدەر بە تەنها خۆی بەشداری دەکات و کەسی دووەم تەنها لەرێگەی خەیاڵ و خەونی ئەمەوە رۆڵی پێدەدرێ و چالاکییەکی دڕدۆنگانە ـ وەهمی ـ دەنوێنێ. نمونەش، مەهەکی نهێنی کە وا گومان دەکرێ بەشی هەرەزۆری هەردوو رەگەزی کۆمەڵگا ئەنجامیبدەن. یان لادانی فێتشی، کە ئەمەیان لە شێوەی وێنە و نامەی یەکتر هەڵگرتن و ماچکردنی وێنە و نامە و شتەکانی یەکتر لای دڵدار و دڵخوازانی کورد خۆی دەنوێنێ.

بێگومان لە ئاکامی ئەو چەپاندنە زۆرەوە لادانەکان و ئاکامی نێگەتیفی دەروونی تریش لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا بەدی دەکرێن. کەم نین ئەوانەی ڕەفتاری سادی دەنوێن و بە ئازاردانی کەسانی دی چێژیان پێدەگات. بەهەمان شێوەش ئەوانەی کە ڕەفتاری ماسۆخی دەنوێن و چێژ لە ئازاری خۆیان دەبینن. زۆر لە ژنان پەستی و تووڕەیی و زەبروزەنگی پیاوەکانیان پێ خۆشە و وەک

ڕەفتارێکی جوامێرانە پەسەندی دەکەن و هانیاندەدەن بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارە ئەگەرچی ئەو ڕەفتارە بە ئازاردانی ژنەکە خۆیشی تەواو دەبێ.

لەهەمـوو ئاکـامـەکـانی ئەم دیاردەیە بەرچاوتریش نـامـۆبـوونی مـرۆڤی کـوردە لە خـۆی و لە دەوروبەرەکەی، نامۆبوونی هەردووڕەگەزی نێر و مێیە لەیەکتری. ونبوونی خۆشەویستییە لەناو کۆمەڵگای کورددا، گومانی تێدا نییە کە خۆشەویستی گەورەترین سەرچاوەیە بۆ وزەی دەروونی و لەئاکامیشدا گەشەسەندن و داهێنان.

**سەئەنجام**

لەم باسەدا دەکرێ ئەم ئەنجامانە بەدەستبهێنرێن:

١ـ جنسـبـینی لـە کـۆمـەڵگا مـۆدێرنەکـانی دنیـادا زانسـتـییـە. پشت دەبەسـتێ بەو لێکۆڵینەوە زانسـتـیـانەی کـە لـە بواری زانسـتی دەروونی و پزیشکیدا دەکرێن و ئەنجام بەدەسـتـدەهێنن. بەڵام جنسبینی لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا ئایینییە. پشتدەبەستێ بەو پەیڕەوە ئامادانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا ڕەفتاری مرۆڤیان دەستنیشان کردووە و ئەو دابونەریتانەش کە بەرگی ئایینیان لەبەرکراوە و پاساوی ئایینیان بۆ دەهێنرێتەوە.

٢ـ دەروونناسەکان جەختیان لەسەر کاریگەری جنس وەکو ڕەمەکێکی خۆڕسک و پێویستییەکی فیزیکی لەسەر مرۆڤ کردووە. دابیننەبوونی پێویستییە فیزیکییەکانی تری وەکو برسێتی، تینوێتی لە کورتخایەندا کاریگەرییان بە جەستەی مرۆڤەوە دەبینرێ، بەڵام دابیننەبوونی پێویستی جنسی لە درێژخایەندا کاریگەرییەکەی لە سەر دەروونی مرۆڤ و لە شێوەی شپرزەیی دەروونی، خەمۆکی، لادانی جنسی و ئاڵۆزیی دەروونی جۆراوجۆر دەردەکەوێ.

٣ـ بۆ چەسپاندنی جنسبینییەکی نازانستیانە و نەریتی و ڕەوشتبینییەکی جنسییانە لە کۆمەڵگا نائازادەکاندا، ئایین ڕۆڵێکی بڕیاردەری بینیوە. کردنەوەی کۆدەکانی داستانی ئادەم و حەوا و ئاماژە جنسییەکان، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. فاکتەری سەرەکی لە ڕەوشتبینی کۆمەڵگا نەریتییەکان لە ئەندامی جنسی ژندا دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی ئەو تێڕوانینەی کە ئایین سنوورەکانی دیاریکردووە. بەم هۆیەشەوە ژنان لەو کۆمەڵگانەدا وەکو مەترسییەک دەبینرێن بۆ سەر ڕەوشت بە پێناسە ئایینییەکەی و ئاکار و کرداریان سنووردار دەکرێتەوە و لە ئاکامیشدا ژنان ناتوانن خۆیان بن و خاوەنی ناسنامەیەک بن.

٤ـ لە کۆمەڵگای کوردیشدا، وەکو کۆمەڵگایەکی نەریتی و نائازاد، تێڕوانینێکی جنسییانە بۆ ڕەوشت و تێڕوانینێکی ئایینیانە بۆ جنس باو و سەپاوە. بەڵام لە کۆمەڵگای کوردا بەهۆی فاکتەری کۆلۆنیبوونی کوردستانەوە و ناخۆماڵیبوونی کلتوور و ئایینەکانەوە، تێڕوانینەکان پەرگیر نەریتی و کۆمەڵگا پەرگیر نائازادە. لە کەسایەتی مرۆڤی کورددا ئاکامی ئەو تێڕوانینانە بە ئاشکرا لە ئاکار و کردارياندا ڕەنگ دەداتەوە.

# ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی لە تێڕوانینی «د. محمد عابد الجابری»دا

نووسینی: سەروەر ئەحمەد

## پێشەکی

بۆچی ئێمەی عەرەب، ئێمەی موسڵمان، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دواکەوتووین؟ و ئەوان، خۆرئاوا، مەسیحییەت، ئەوروپا پێشکەوتوون؟

بۆچی ئیشکالییەتی «١» ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی «الاصاله والمعاصره» بە درێژایی سەدە و نیوێک زیاترە لەناو فکری عەرەبیدا وەک خۆی ماوەتەوە..؟

بۆچی نە یەکەم ڕێنسانسی عەرەبی و نە ڕێنسانسی نوێی ئەوروپی ئەم ئیشکالییەتەیان نەچەشت، ئەو ئیشکالییەتەی ئەمڕۆ بە ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی، ناوی دەبەین..؟!

بۆچی بەستنەوەی «کولتوور بە تەحەدیاتی سەردەم»ەوە «*»، بە نیسبەت ئێمەی عەرەبەوە واتایەکی قووڵ و درامیی هەیە، کەچی بە نیسبەت ئەوانەوە (ئەوروپییەکان) واتایەکی نییە..؟ ئایا ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی بریتیە لە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیی ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، یاخود ئیشکالییەتێکی ڕۆشنبیریی رووتە..؟

ئەم کۆمەڵە پرسیارانە ئەو پرسیارانەن، کە کەم و زۆر «جابری» لە دوتوێی باسەکەیدا وەڵامیان دەتاوە و لێکیان دەداتەوە. ئێمە لەم کارەدا زیاتر پشتمان بە ئامادەکردنی بابەتەکە بەستووە و زیاتریش لەسەر زمانی «جابری» خۆیەوە بابەتەکە دەگێڕینەوە.

هەرچۆنێک بێت ئەم مەسەلەیە ــ مەسەلەی (ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی) تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەیەکی چارەنووسسازە و یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ناو ڕۆشنبیریی عەرەبی، کە تاوەکو ئەمڕۆش، کە پێمان ناوەتە ناو هەزارەی سێیەمینەوە، ئەم ئیشکالییەتە وەک خۆی ماوەتەوە و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان لە دەست نەداوە و بگرە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاریگەریەکەی زیاتر بووە و ڕوونتر دەردەکەوێت.

کە ئەڵێین یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ناو ڕۆشنبیریی عەرەبی، مەبەستمان لەمە ئەوە نییە، کە ئەم گرفتە تەنها تایبەتە بە ڕۆشنبیریی عەرەبییەوە، بەڵکە بە پێچەوانەوە مەسەلەکە بە نیسبەت ئێمەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترە و کارەساتاویترە، بە پلەی یەکەم لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە لای ئێمە نەبۆتە گرفت و خەمێکی ڕۆشنبیریی وەها، کە لا لە ڕەهەندە فیکریە جیاوازەکانی بکەینەوە و لە هەمان کاتیشدا نەبۆتە ئیشکالییەتێکی فیکری و ڕۆشنبیری، بەڵام ئەمە لەوە کەم ناکاتەوە، کە لە هەندێ لەو گرفتانەدا لەگەڵ ڕۆشنبیریی عەرەبدا یەک دەگرینەوە. ئەو خاڵە سەرەکیەشی، کە لێکترمان جیا دەکاتەوە، هەڵوێستی ئێمەی کوردە بەرامبەر بە ئەوی «عەرەب»، لێرانەشدا ئەوەی حوکم بەسەر هەڵوێستی ئێمەدا دەدات، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهەندی ئاینی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی عەرەبیە. ئەگەر بێت و واتا و ڕەهەند ناسیۆنالیستەکەی (ئێمەی کورد) وەربگرین، ئەوا بێگومان مەسەلەکە فراوانتر و ئاڵۆزتر دەکەوێتە ڕوو. لەم کاتەدا ئێمە بە تەنها لە بەردەم ڕۆشنبیرییەکی وەک ڕۆشنبیریی عەرەبیدا نابین، بەڵکە لەم ڕووەوە دەرەوە بە گشتی دەگرێتەوە و لەپاڵ ڕۆشنبیریی عەرەبیشدا (تورک و فارس) دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە گرفتەکەدا، واتە ئەگەر ڕۆشنبیریی عەرەبی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆرئاوادا پەیوەندیی خۆی لێکبداتەوە، ئەوا مەسەلەکە بە نیسبەت ئێمەوە سەختتر

و گرانترە، چونکە لەم حاڵەتەدا ئێمە دەکەوینە ناوەڕاستی سێگۆشەیەکەوە، کە لاکانی ڕۆشنبیریەکانی وەک [عەرەبی، فارسی، تورکی]یە. واتە پەیوەندییەکەی ئێمە دەبێتە پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموومان لە بەردەم پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆرائاوادا یەک چارەنووسمان هەیە.

«جابری» بە تێروتەسەلی باس لە هەڵوێستی دووفاقیانەی ڕۆشنبیریی عەرەبیی نوێ و هاوچەرخ دەکات، کە لەم دەستەواژەیەدا خۆی دەبینێتەوە: [لەگەڵ یا لە پێناوی خۆرئاوا لە دژی خۆرئاوا لە یەک کاتدا..] ئاخۆ ئێمە لەناو هەمان هەڵوێستی دووفاقیانەدا دەژین، یاخود مەسەلەکە بە شێوەیەکی ترە..؟ لەو باوەڕە دام بە نیسبەت ئێمەوە ئەم هەڵوێستە زیاتر ڕەهەندێکی ئەخلاقیی هەیە [ئەخلاقی بە مانا سۆسیۆلۆجییەکەی] و حسی ڕۆشنبیریی تێنەپەڕاندووە. بە مانای نەبۆتە کێشەیەکی فیکری و تیۆری.. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئێمەش خاوەنی هەمان هەڵوێستی دووفاقیانە بین، بەڵام واتا و ستراتیژی جیاوازی دەبێت لانی کەم لەبەرئەوەی تاوەکو ئەم ساتەوەختەش ئێمە زۆربەی کێشەکانمان لەسەر هەموو ئاستەکان لەگەڵ ئەو سێ نموونەی ڕۆشنبیرییە دەست نیشان نەکردووە و مامەڵەیەکی ڕەخنەیی تەواومان لەگەڵیاندا نەکردووە، بگرە زیادەڕۆیی ناکەین، ئەگەر بڵێین: بەداخەوە کە زیاتر ئەو گرفتانە فۆرمێکی زارەکیانەی وەرگرتووە و نەبوونەتە خەمێکی ڕۆشنبیری، کە ئێمەی ناو «نووسین» دەربارەیان بدوێت و گوزارشت لە گرفتەکانی خۆی بکات. بەهەر حاڵ نیازی خستنەڕووی ئەم تێبینیە ئەو کاتە زیاتر ڕووندەبێتەوە، کە «جابری» لە بەشێکی ئەم باسەیدا، باس لە بارودۆخی دووەمین ڕێنسانسی عەرەبی دەکات. ئەو ئەطروحەیەی «جابری» کە لێرانەدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل بەرگری لێدەکات، لە مەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەڵێ: [ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا، بە زەرووڕەت هەلومەرجێکی چینایەتی پێچەوانە ناکاتەوە و گوزارشتیش لە بەرژەوەندیی چینایەتیی ناکات...] بە واتایەکی تر هەڵوێستی جیاواز لە بەرامبەر ئەو ئیشکالییەتەدا، بەشێک نییە لە ململانێی چینایەتی «بە واتا کلاسیکیەکەی ئەو وشەیە». «جابری» لێرانەدا جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێ: «بەڵام پێشم خۆشە ئەوە دووپات بکەمەوە، کە ئەمە هەڵوێستوەرگرتێکی ئایدۆلۆژیی نەیار نییە بەرامبەر بە تیۆری ململانێی چینایەتی، بەڵکە بە پێچەوانەوە (ململانێی چینایەتی) یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی، کە بزوێنەری مێژووە، بەڵکە هۆکارێکی سەرەکی و بنچینەییە لە چوارچێوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکاندا.. بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا باوەڕم وایە، کە [فکر لە پەیوەندیەکی سەربەخۆ و ڕێژەیی دایە لە گەڵ واقیعدا]«٢» لە ڕوویێکەوە فیکر لە هەندێ ئاستی دیاریکراودا، تەنانەت لەوپەڕی پلەکانی سەربەخۆیی ڕێژەیشیدا واقیع پێچەوانە دەکاتەوە، بەڵام بەو شێوەیە پێچەوانەی ناکاتەوە وەک ئەوەی، کە مرۆڤ لە ئاوێنەیەکدا هەموو بەشەکانی خۆی دەبینێت، بەڵکە زۆر کات ئەو وێنەیە پێچەوانەکراوەیی فکر (مەبەست لە واقیع)ە، بەشە جیاوازەکانی بەناو یەکدا چوون و لەم حاڵەتەشدا ئەو دەرئەنجامانەی بەدەست دێن، ڕاست نین و گەندەڵن.

لەم حاڵەتەدا پێویستە بەستنەوەی فکر بە واقیعەوە دوای دوو پرۆسەی پێویست بێت: یەکەمیان لێکدانەوەی واقیع، بەڵام لێکدانەوەیەک کە ئامانجی ئاشکراکردن و پشکنینی بونیادەکە بێت بەرەو دەرخستنی نەگۆڕ و گۆڕاوەکانی. دووەمیان. لێکدانەوەی وێنەی گشتیی واقیع، ئەوەی کە لە هۆشیاریی خەڵکدا ڕەنگ دەداتەوە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی بۆ دەرهێنان و بەرجەستەکردنی چوارچێوە حەقیقی و ناسراوەکەی یاخود ئەو چوارچێوەیەی، کە هۆشیارییەکی ڕاستەقینەی چینایەتی دادەمەزرێنێت. دوای ئەم دوو پرۆسەیە دەشێ پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان فکر و واقیع مومکین بێت.. بەڵام لە حاڵەتی بەیەکداچوونی بەشەکانیدا ئەو وێنەیەی بە دەستی دەهێنێت، وێنەیەکی ڕاستەقینە نابێت، بەڵکە وێنەیەکی ساختە و هەڵخەڵەتێنەرانەیە، چونکە ئەگەر بێت و تەنانەت لەسەر هەندێ ئاست ئەم پەیوەندیە لەنێوان فیکر و واقیعدا درووست بێت، ئەوا لەسەر هەندێ ئاستی تر دابڕاو دەبن لە یەکتر.

بۆیە «جابری» لە سەرەتاوە ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی سەردەمگەرێتی لە فکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا (ئیشکالییەتێکی تیۆرییە)، کە مەیلی سەربەخۆیی ڕێژەیی لە واقیع سەد دەر سەدە، هەروەها باوەڕی وەهایە کە ئەم ئیشکالییەتە چارەسەرکردن پەسەند ناکات بە بێ تێپەڕاندنی [واتە تێپەڕاندنی/ تجاوز، ئەو ئیشکالییەتە]. ئەمە ئەو دەرئەنجامایە، کە «جابری» بە درێژایی گەڕانەکەیدا بە دەستی دێنێت و لە ئێستەش بەدواوە ئیتر هەوڵ دەدەین بچینە سەر ناوەرۆکی بابەتەکەی، کە هەوڵ دەدەین یەکەم بەشی بە پێی ئەم ناونیشانە (کولتووری عەرەبی و خۆرئاوا) بخوێنینەوە..

## کولتووری عەرەبی و خۆرئاوا

«جابری» سێ هەڵوێستی سەرەکیی دەستنیشان دەکات وەک «هەڵبژاردن» لە لایەن سێ باڵی جیاوازەوە لە چوارچێوەی ئەو ئیشکالییەتەدا، بێگومان بە زمانی خۆی لەناو فکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا..

یەکەم. هەڵوێستی (سەردەمخوازەکان) یان (نوێخوازەکان):

ئەمانە پێشنیاری نموونەی خۆرئاوایی دەکەن، بەو سیفەتەی، کە نموونەی سەردەمەکە هەموویەتی، واتە ئەو نموونەیەی، کە بە شێوەیەکی مێژوویی خۆی وەک صیغەیەکی ژیاریی بۆ ئێستا و پاشەڕۆژیش دەسەپێنێت.

دووەم: هەڵوێستی «سەلەفیەکان»:

ئەمانەش بانگەشەی گێڕانەوەی نموونەی عەرەبیی ئیسلامی دەکەن، کە دەکەوێتە بەر (لادان)ەوە یان پێشنیارکردنی نموونەیەکی ڕەسەن لە شێوە ڕەسەنەکەی ئیسلام.

سێیەم: هەڵوێستی (ئیکلیتیزمییەکان = التوفيقية):

ئەمان دەکرێ بڵێین زیاتر ئیکلیتیزمیین (التوفيقية) لەبەرئەوەی بانگەشەی پێکەوەگونجاندنی شتە چاکەکانی نێوان دوو نموونەکەی پێشتر دەکەن لە صیغەیەکی یەکگرتوودا..

لای «جابری» ئەمە بەتەنها بەس نییە، کە دەستنیشانی سێ هەڵوێست بکەین، بەڵکە ئەمە پەیوەندیی بە سێ پۆلی جیاوازەوە هەیە، کە هەر یەکێک لەم پۆلانە کۆمەڵێک ئیتیجاهاتی لێکەوتۆتەوە. وەک ئایدۆلۆژیای باو نموونەی بانگەشەکەرانی سەردەمگەرێتیی وەک: ئەو ئایدۆلۆژیایانەی هەڵگری ناوەرۆکی لیبرالیزمن، هەندێکیان هەڵگری سۆسیالیزم، هەروەها بزووتنەوەی نەتەوەیی هەرێمێتی، کە هەر یەکێکیان بانگهێشتی لیبرالیزم و سوسیالیزم دەکەن.. بەڵام بانگەشەکەرانی ڕەسەنایەتی وەک: ئەو سەلەفیانەی کە هەموو ڕۆشنبیریی و سیستەم و فکرەکان ڕەت دەکەنەوە بەو مانایەی، کە ئەمە جاهلیەتە و دەبێت ڕەتی بکەینەوە و بگەڕێیینەوە سەر سەرچاوە پاکەکەی ئیسلام، ئەو سەرچاوەیەی، کە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسوول، هەروەها سەلەفیە میانڕەوەکان، ئەمانە سیستەم و ڕۆشەنبیریی سەردەم قەبووڵ دەکەن، بەڵام بە مەرجێ کە پێچەوانەی فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلام نەبێت، ئەمانەش سوود لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانی ئیسلام دەبینن.. پاشان سەلەفییە (نێولێکدانەوەگەرەکان/ مؤولين)، ئەمانە بانگەشە بۆ گەڕان و لێکۆڵینەوە لە سیستەمی ژیاریی عەرەبیی ئیسلامی و بەهاکانی دەکەن، بۆ نموونە (شوورا) دەشوبهێنن بە (سیستەمی پەرلەمانی) لە لیبرالیزمدا و (زەکات)یش دەبەستنەوە بە (واتای شوبهاندن) بە یەکێ لە پرنسیبەکانی سۆسیالیزمەوە.. هتد. ئەمانەش هەندێکیان خاوەن نەزعەیەکی هەرێمێتیی تەسکن و بەشێکیشیان خاوەنی نەزعەی جیهانێتیی ئیسلامین.. بەڵام تەوفیقیەکان وەک: سەلەفی خاوەن مەیلی لیبرالی یان لیبرالیی خاوەن مەیلی سەلەفی، یاخود مارکسیی ئەنتەرناسیۆنالیزمی، یان مارکسیی ناسیۆنالیستی/ عەرەبی، یان ناسیۆنالیستی لیبرالی یان

سۆسیالیزمی ناسیۆنالیستی یا عرووبەی خاوەن مەیلی لیبرالی یان مارکسی.. هەموو ئەمانە بەشێکن لەو سێ باڵە سەرەکییەی، کە لە پێشەوە «جابری» کورتی کردبوونەوە بۆ سێ هەڵوێست، بەڵام ئەمانەش دەکرێ لەسەر ئەم سێ ئاستە سەرەکیە کۆبکرێنەوە:

ئاستی یەکەم: گونجاندنی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی ـــ مەسەلەیەکی ئیشکالیی تیۆرییە.
ئاستی دووەم: گونجاندنی لیبرالیزم/ سۆسیالیزم ـ مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژییە.
ئاستی سێیەم: گونجاندنی هەرێمگەرێتی / ناسیۆنالیزم ـ مەسەلەیەکی سیاسییە.

لانی کەم دەبێت لە ڕووی مەنهەجییەوە جیاوازییان لەنێواندا بکەین، بەو مانایەی کە هەر یەک لەوانە مەیدانێکی تایبەتە لە هەڵبژاردن و ئیشکالییەتدا.

ئاستی دووەم ئەو مەیدانەیە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی/ چینایەتی دەکات، بەڵام ئاستی سێیەم مەیدانی بڕیاری سیاسیی عەرەبیە، کە پێشنیاری مەسەلەی (دەوڵەت) دەکات لە نیشتیمانی عەرەبیدا، بەو مانایەی کە ئایا پێویستە وەک هەرێم بمێنێتەوە..؟ یاخود پێویستە یەک بێت و یەک بگرێت یان یەکبگرێتەوە؟ بەڵام ئاستی یەکەم بە پێی بۆچوونمان (کە بابەتی قسەکردنمانە) ئەم مەیدانە نە ئینتیمای بۆ مەیدانی بڕیاری سیاسی هەیە، بەڵکە ئەم ئاستە ئینتیمای بۆ مەیدانێکی ترە، کە مەیدانی (ئیشکالییەتی تیۆریە)، [ئیشکالییەت بەو مانایەی کە لە یەکەم پەراوێزدا ڕوونمان کردۆتەوە].

ئاستی یەکەم پێشتر وەک کێشەی هەڵبژاردن لەنێوان خۆرئاوا و کولتووردا خراوەتە ڕوو، بەڵام بە بڕوای «جابری» لەو کاتەوەی بەر نموونەی خۆرئاوا کەوتین، نەبووینەتە خاوەنی ئەو هێز و توانایەی، کە هەڵبژێرین لە بەرامبەر ئەوەی کە ئەو نموونە خۆرئاواییە وەربگرین یاخود دەستبەرداری ببین، بەڵکە ئەو نموونە خۆرئاواییە بە شێوەیەکی فراوان خۆی بە سەرماندا سەپاند، وەک نموونەی ژیارییەکی نوێ بۆ جیهان، کە لە پێشتردا نموونەی نەبووە، وەک ڕێکخستنی عەقڵانیی کاروباری ئابووری و ئەجهیزەکانی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا بە پشتبەستنی بە زانست و پیشەسازی، دڵخۆشکەریش بە بەهای تازەی وەک ئازادی و دیموکراتیەت و دادوەرریی کۆمەڵایەتی، بۆیە بەشێک لە قطاعاتی کۆمەڵگە کەوتنە بەردەم نوێکردنەوەیەکی کۆلۆنیالی، بۆیە بە مانایەک لە ماناکان کۆمەڵگەی عەرەبی و کۆمەڵگە داگیرکراوەکانی تریش لەناو هاوکێشەی دووفاقیانەدا دەژین، واتە دوو چەشن لە ژیانی فکری و مادی، یەکەمیان: سەردەمخوازی ــ لەبەرگیراوەی خۆرئاوایە و پێوەی بەستراوەتەوە و پەیوەندیەکی تەبەعیانەی بە خۆرئاواوە هەیە. دووەمیان: تەقلیدی، یان ڕەسەنخوازی ـــ کە ئەمیشیان بەردەوامیی نموونەی کولتوورییە لە وێنەیەکی دواکەوتوودا، ئەم دوو چەشنە لە ژیانی ڕۆژانەماندا و لەسەر ئاستیەکانی وەک ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەروەها لەسەر ئاستی هۆشیاری و جۆری بیرکردنەوەشماندا پێشبڕکێ دەکەن و بەر یەک دەکەون.. بۆیە لە ڕاستیدا «جابری» کێشەکە نابەستێتەوە بە مەسەلەی هەڵبژاردنەوە لەم نێوانەدا، بەڵکە کێشەکە دەبەستێتەوە بە مەسەلەی دووفاقیەتی هەڵوێستەوە بەرامبەر بەو دووفاقیەتی کولتوور / خۆرئاوا کە پێشتر خستمانە ڕوو.

هەموومان دەزانین مەسەلەی (ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی) لە فکری عەرەبیی نوێماندا بەو جۆرە پێشنیار ناکرێت، وەک ئەوەی پێشتر و یەکەمجار ژیاری خۆرئاوای ڕەتدەکردەوە، بەڵکە بە پێچەوانەوە مەسەلەکە لە چوارچێوەی پرسیارێکی جەوهەرریی ڕێنسانسی لە فکری عەرەبیی نوێدا پێشنیار دەکرێت، ئەو پرسیارەی بەم شێوەیە جەوهەرییە خرایە ڕوو کە: بۆچی ئێمەی عەرەب ــ ئێمەی موسڵمان ــ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دواکەوتووین و ئەوان ــ ئەورووپا ــ مەسیحیەت ــ خۆرئاوا پێشکەوتوون..؟ هەروەها چۆن ڕێنسانس بەرپا بکەین..؟ چۆنیش بەو ژیارییە خۆییە بگەینەوە..؟

وەک دەردەکەوێت پەیوەندیی نێوان ناوەرۆکی ئەم پرسیارە ڕێنسانسیە و ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی، بابەتی لێکۆڵینەوە و قسەکردنمانە.

ئەم پرسیارە خاڵی دەرچوونی «جابری»یە، کە بە بڕوای ئەو ئەم مەسەلەیە دەکەوێتە ناوجەرگەی ئیشکالییەتی ڕێنسانسی عەرەبیی نوێوە و لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. پرسیاری ڕێنسانسی (بە باوەڕی جابری) لە خۆیدا پرسیارێکی ئایدۆلۆژییە و دەڵێ؛:ئەم پرسیارە پرسیارێکی زانستی نییە تاوەکو واقیع بە شێوەیەک لێکبداتەوە لە پێناوی گەیشتن بە یاسایەکدا، کە گوزارشت لە نەگۆڕەکانی بکات، بەڵکە لە چوارچێوەی خەونێکی ئایدۆلۆژیدا دادەنرێت، هەروەها ئەو پرسیارە کاتێک دەخرێتە ڕوو، کە گۆڕان بکەوێتە سەر ڕێگایەک، یان ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە بە هۆی ئەو ململانێ مێژوویی و کۆمەڵایەتیانەوە، کە هەن، لێرانەدا کارەکە وای لێدەێت، کە خەونی گۆڕانی کتومت خەونێکی ئایدۆلۆژیی بێت، بۆیە لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی پرۆسەی ڕێنیسانسی، ئەو ئەرکەیە، کە لەسەرمان پێویستە پێی هەڵستین، تاوەکو بتوانین بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا سرووشتی ئەو ئیشکالییەتە، کە دەمانەوێت تێیپەڕێنین، دەستنیشانی پێکهاتەکانی بکەین.

سەرەتا دەستپێشخەریەک دەکەم بەم قسەیە و دەڵێم: کە تەنها یاسایەکی گشتی نییە، کە گوزارشت لە میکانیزمەکانی ڕێنیسانس بکات لە هەموو سەردەم و نیشتیمانێکدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو یەکێ دەتوانێ بە ئاسانی تێبینیی ئەوە بکات، کە هەموو ڕێنیسانسەکان، کە بە شێوەیەکی فراوان زانیارییمان دەربارەیان هەیە، بە شێوەیەکی ئایدۆلۆژی گوزارشتیان لە خۆیان کردووە، لە سەرەتادا بە بانگەشەکردن بۆ خۆڕێکخستن لەناو کولتووردا سەری هەڵداوە، واتە کتومت بە مانای گەڕانەوە بۆ بنەچەکان، ئەمە بەو سیفەتە نایەت، کەوا تێبگەین ئەساسی ڕێنیسانس تێپەڕیوە و پێویستە لەسەر شێوە کۆنەکەی بیبووژێنینەوە، بەڵکە لەپێناوی وردبوونەوە لە ڕەخنەگرتنماندا لە «ئێستا» و ڕابردووی نزیک و بازدانیش بۆ ناو پاشەڕۆژ.

ڕەنگە تا ڕادەیەک تێگەیشتنمان لەم دەستپێکەی (جابری) زیاتر شێوەیەکی ڕووت لە خۆ بگرێت، بەڵام بێگومان دواتر (جابری) ئەمە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و دەیخاتە ڕوو. (جابری) دەڵێ: ئەگەر هات و ئەم میکانیزمەمان [میکانیزمی ڕێنیسانسی ئایدۆلۆژی] ڕوونکردەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پرسیاری ڕێنیسانسی هەڵگری خەونێکە بەرەو پاشەڕۆژ واتە بە ئاڕاستەی ئایندەدا..

دەکرێ بە کورتی بڵێین: کاتێک ململانێ لەنێوان (کۆن) و (نوێ)دا پێدەگات، لە کۆمەڵگەیەکدا، کە لە پلەیەکی دیاریکراوی گۆڕاندایە، ئەوا ئەو هێزەی، کە نوێنەرایەتیی (نوێ) دەکات و لە پێناویدا خەبات دەکات، پشت بە ڕابردووی دوور (واتە ڕەسەن) دەبەستێت و لێی دەکۆڵێتەوە و سەرلەنوێ دەیخاتەوە ژێر خوێندنەوەوە، (هەنووکە)ش، کە هەڵگری بەها و شێوازەکانی کارکردن و بیرکردنەوەیە، وادێت وەک ئەوەی لادانە لە (بنەچەکان) [بنەچەکان لێرانەدا هاوواتای ڕەسەنایەتییە و بەرامبەرێتی] چوونەدەرەوەشە لێی، بە واتای ئەو هێزانەی نوێنەرایەتیی (نوێ) دەکەن، بەتەنها بە ناوی پاشەڕۆژەوە قسە ناکەن، بەڵکە بە ناوی ڕابردووشەوە (ڕەسەن) کەواتە پرسیاری ڕێنیسانسی ئەو پرسیارەیە، کە هەڵگری خەونێکە بە ئاڕاستەی پاشەڕۆژدا. بە ڕەخنەگرتن لە ئێستا و ڕابردووی نزیک دەست پێدەکات و پشت بە ڕابردووی دوور (ڕەسەن) دەبەستێت، بە مەبەستی بەکارهێنانی لە بەرژەوەندیی ڕێنیسانسدا، یان دەتوانین بڵێین: لە بەرژەوەندیی پڕۆژە و خەونە پاشەڕۆژیەکەی. هێزی (نوێکردنەوە) لە هەموو ڕووێکەوە هێزی (تەقلیدی) گەمارۆ دەدات، واتە شەڕێکی لەگەڵدا دەکات، کە دەرئەنجامی ململانێ و هۆکارەکانی گۆڕان و پێشکەوتنە. ئەمە لایەنێکی سەرەکیی ئایدۆلۆژیی پرۆسەکەیە (مەبەست لە پرۆسەی ڕێنیسانسییە) ئەگەر هات و شیاو بێت.

### میکانیزمی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنێتی

لێرە بە دواوە (جابری) دەچێتە سەر شیکردنەوە و خستنەڕووی یەکەمین جۆری ڕێنیسانسی عەرەبی، کە ئیسلام بە دەستی هێنا [لەسەرهەڵدانی یەکەمیدا لە جەزیرەی عەرەبی] لێرانەدا

(جابری) ئاماژە بەوە دەکات، کە ئێمە زانیاریی تەوامان لانییە دەربارەی ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییەی، کە کۆمەڵگای جەزیرە ناسییان و گوزەراندیان، بە تایبەتییش کۆمەڵگەی مەککە و دەوروبەری، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەست دەکەون و لەسەرو هەمووشیانەوە (قورئان) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام لە جەزیرەی عەرەبیدا جۆرێک لە قەڵەقی کۆمەڵایەتی و میتافیزیقی هەبووە، کە لەسەر شێوەی ململانێ دەربارەی بیروباوەڕی ئاینی گوزارشتی لە خۆی کردووە، بەڵام دوو لایەنی تایبەت بەم ململانێیە بریتی بوون لە مەلای قورەیش و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان، لایەنی دووەمیش بریتیە لە حەنەفیەکان (الحنفاء). ئەمانەش ئەوانەن، کە نوێنەرایەتیی (نوێ)بوونەوەیان کردووە. بیروباوەڕی (یەکتاپەرستی/ التوحید)، کە حەنیفەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، نوێبوونەوەیە لەسەر ئاستی ئاین یاخود دەشێ بڵێین: چوونەدەرەوە و یاخیبوونە لە مەئلووفی باو. لەگەڵ ئەمەشدا فکرەی (یەکتاپەرستی) بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی (مەلا لای قورەیشەکان) دەکات. ئەم فکرەیە لە ڕوویەکی ترەوە لە ناوەرۆکدا ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتێکی دیاریکراو بوو، بەو پێیەی هەموو دەستەڵاتەکانی دەبەستەوە بە دەستەڵاتێکی نادیاریکراوەوە، کە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەبێ ئەوەی شوێنێکی دیاریکراوی بە تەنها هەبێت، کە ئەمەش لە خۆیدا ناوەرۆکێکی ئایدۆلۆژییە بۆ بانگەشەکردن.

کەواتە گومانی تێدا نییە، کە ئەوانە (حەنیفەکان) نوێنەرایەتی هێزێکی نوێیان دەکرد لە ڕووبەری کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆیاندا.. بەڵام نەیارەکانیان (مەلای قورەیشییەکان) بە پێچەوانەوە نوێنەرایەتیی هێزێکی (تەقلیدی)یان دەکرد. ئەوەش ئەمە دەسەلمێنێت، سەرهەڵدانی ئیسلام بوو، کە ئەو دەعوەتەی حەنیفەکانی تا ئەوپەڕی بەرزکردەوە و ناوەرۆکێکی تێروتەسەل و تەواوی بەخشی بە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی و چووە ناو شەڕێکی ئاشکراوە لەگەڵ هێزی تەقلیدیدا. ئیسلامیش لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی دوور/ ڕەسەن. ئەویش بە هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی درووشمی [گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی، بۆ ئاینەکەی (ئیبراهیم) باپیرەی عەرەب]، بەڵام نەک بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی بەو شێوەیەی، کە لە مێژوودا هەبووە، بەڵکە لەپێناوی سەرلەنوێ پەیوەندیبەستنەوە وەک (کولتوور) یان ڕاستتر وەک (بنەمایەکی ڕەسەن)، واتە بۆ ئەو بنەمایەی، کە دەکەوێتە پێش لادانەوە (انحراف) [مەبەست لە لادان لە ئەسڵ] و پشتبەستن بەم پەیوەندیە لەپێناو بازدانێکی مێژوویدا، کە لە ڕێگەیەوە پەرستنی بتەکان تێدەپەڕێنێت و بەرەو ئاینێکی نوێ دەڕوات. ئەم سەرکەوتنەی ئیسلام بەسەر بتپەرستەکاندا یان بە واتایەکی تر سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر پەرستنی بتدا و کردنەوەی مەککە یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبیی پێ دەوترێت، کە بە هۆی ئیسلامەوە و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا دەستت پێدەکات و پەلاماری (هەنووکە) دەدات و پێشنیاری پاشەڕۆژ دەکات. لێرەدا دەتوانین بڵێین: کە ڕابردووی عەرەب لە یەک خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە و خۆی لەم ئایەتەدا دەبینێتەوە: [ملة أبيكم إبراهيم هو سماكم المسلمين من قبل]«**»، بەڵام ژیانی عەرەب دوای (ئیبراهیم) و کوڕەکەی «ئیسماعیل» جاهیلیەتە. جاهیلیەتیش لە زاراوەی ئیسلامیدا تەنها بە مانای (جەهل) نایەت، بەڵکە ئەو فەوزایەشە، کە لە هەموو حاڵەتەکاندا هاوکارێتی واتە نەهلیستێکی مێژووییە. دەعوەتی ئیسلامی و یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبی بە خۆڕێکخستن لەناو کولتووردا دەستی پێکرد، نەک بە مانای جێگیربوون لەناو کولتووردا، بەڵکە بە واتای وردبوونەوە لە کولتوور لە پێناو پرۆسەی تێپەڕاندندا، واتە تێپەڕاندنی هەموو میراتە کۆنەکان و بەدەستهێنانی کولتووری نوێ.

ئەمە میکانیزمی یەکەمین ڕێنیسانسی عەرەبی و ئالیەتە ئایدۆلۆژیەکەی بوو.. ئەگەر ئێستاش هات و ئێمە چووینە سەر ڕێنیسانسی نوێی ئەوروپی. ئەوا ڕەچاوی هەمان ئالیەت دەکەین. ئالیەتی گەڕانەوە بۆ (ڕەسەنایەتی) سەرەتای ئەو ڕێنیسانسە ئەوروپیە بوو، ئەمەش ئەو پرۆسەیەیە، کە وەک زانراوە لەگەڵ چاخی دوانزدەی میلادیدا دەستپێدەکات، لەسەر شێوەی بووژاندنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆمانی و گریکی.

پاش ئەمەش سەرهەڵدانی هیومانیزم و شۆڕشکردن بەسەر ئەخلاقی مەسیحیی باوی ئەو کاتەدا، کە ئەنجامی شۆڕشکردن بوو بەسەر کەنیسەدا لە چاخی ناوەڕاستدا و بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئاینی لە دژی ڕەهبانیەکان ڕاپەڕا و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، کە بونیادی سیستەمی سەدەی ناوەڕاست هەڵوەشایەوە و دەرگای بۆ فکری نوێ خستە سەر پشت (لەسەر هەردوو ئاستی فەلسەفی و زانستیدا) و سەرلەنوێش سەنتەری دەستەڵاتی فکری گەڕایەوە بۆ ئەزموون و عەقڵی تاکەکەس. لە چوارچێوەی گەڕانەوەی ئەوروپا بۆ ڕابردوو، هەروەها ژیانەوەی جەوهەرەکەی، زانستە عەرەبیەکان وەک (ابن هیثم)، کە یەکەم زانستی سروشتیی حەقیقییە، کە ئەوروپا ناسیویەتی، لە لایەن ئەوروپییەکانەوە دەدۆزێتەوە.

ئەم دوو بزووتنەوە ئەوروپییە [ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی ئاینی] ئەوروپا لەسەر بۆشاییەک داینەمەزراند، بەڵکە لە هەمان کاتدا ئەنجامی گەشەکردنی ئابووری، کە لەو کاتەدا ئەوروپا تیایدا دەژیا و دەرکەوتنی شار و هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ بوو.

ئاشکرایە کە ئێمە لێرانەدا نامانەوێت لە هۆکار و هەلومەرجەکانی ڕێنیسانسی ئەوروپی بکۆڵینەوە و ناشمانەوێت ئەو کاروانە لێرانەدا نمایش بکەین، وەک چۆن بە هەمان شێوەش مەبەستمان نییە، کە هەندێک لەو پێدراوانە، کە هاریکاریی یان پێشینەیی یەکەمین ڕێنیسانسی عەرەبین بخەینەوە یاد. واتە لەم ڕێنیسانسەش ناکۆڵینەوە وەک تۆژینەوە بە شێوەیەکی تایبەت، بەڵکە دەمانەوێت چۆنیەتی مامەڵەی هەر یەک لەمانە [مەبەست لە ڕێنیسانسی عەرەبی و ئەوروپیە] لەگەڵ ڕابردوودا دەربخەین..

هەر یەکەیان واتە چ ڕێنیسانسی نوێی ئەوروپی و چ ڕێنیسانسی یەکەمی عەرەبی، بە خۆڕێکخستن لەناو کولتووردا دەستیان پێکردووە، نەک وەک پێشتریش وتمان بە مانای مانەوە و جێگیربوون لەناو کولتووردا، بەڵکە بە مانای تێپەڕاندنی (ڕابردوو و ئێستا) لە ڕێگەی ئیمتیلاککردنیانەوە و لە هەمان کاتیشدا یەکلاییکردنەوەی حیساب لەگەڵیاندا و هەنگاونان بەرەو پاشەڕۆژ بەبێ قەلەق و ترس لە تێکچوون و ونبوونی شوناس یان ونکردن و لەدەستدانی ڕەسەنایەتی یاخود توانەوە و لەدەستدانی تایبەتمەندێتی. ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی دەبینەوە و لە ئێستادا خۆی دەخاتە ڕوو، ئەو پرسیارەیە کە دەمانگێڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکەمان، کە دوتوانین لەسەر ئەم شێوەیە پرسیارەکە دابڕێژین: [بۆچی ڕێنیسانسی نوێی عەرەبی سەرنەکەوت..؟ واتە بۆچی ڕێنیسانسی سەدەی ڕابردوو و سەدەی ئێستا [مەبەست لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمە] لە بەدیهێنان و بەدەستهێنانی تێپەڕاندندا سەرکەوتوو نەبوو..؟ بە واتایەکی تر بۆچی ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی، لەو کاتەوە تاوەکو ئەمڕۆش نوێنەرایەتیی فکری عەرەبی دەکەن..؟ واتە بە درێژایی چاخ و نیوێک ئیشکالییەتێکی میحوەرییە لەناو فکری عەرەبیدا..!

## میکانیزمی بەرگریکردن

لە لایەکەوە یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبی کە وەک حەقیقەتێکی مێژوویی بەسەرهەڵدانی ئیسلام دەست پێدەکات بۆ کرانەوە بەسەر دەوڵەتە هاوسێکانیدا و بۆ بەهێزکردنی ژیارییەکی عەرەبیی ئیسلامیی جیاواز. لە لایەکی تریشەوە ڕێنیسانسی نوێی ئەوروپی، کە ڕێگەی خۆی لە ڕێی ژیانەوە و ڕیفۆرمی ئاینی و شۆڕشی زانستی و پیشەسازیەوە دۆزیەوە. هەردووکیان لە ئەنجامی هەرەسهێنان و شکستخواردنی (بەرامبەر/آخر)ێکی مونافیس درووست بوون، کە دەیویست خۆی پێکبێنێت و خۆی درووست بکات. بە کورتی هەردوو ڕێنیسانسەکە دەرئەنجامی تێکشکاندنی بەرامبەرەکانیان بوون.

بۆ نموونە لێرانەدا (جابری) باس لە نموونەی ئەو بەرامبەرە دەکات، کە لە بەردەم یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبیدا ڕێگر بووە، کە ئەویش دەوڵەتی (ڕۆم و فارس) بوون، هەر یەک لەم دەوڵەتانە، کە هەوڵی دابەشکردنی نفوسی خۆیان داوە لە وڵاتی عەرەب و هاوسێکانیدا.. بەڵام بە شێوەیەکی

ڕاسـتـەوخـۆ دوای درووسـتـبـوونی دەوڵەتی ئیـسـلامی لە (مـەدینە)دا عـەرەب خـۆی ئامـادە کـرد بۆ وەشـاندنی گورزێک لە بەرماوەکـانی ئیمـپـراتۆریەتی فـارس و بەرەو سنوورەکـانی ڕۆمیش ڕۆیشت.. بەڵام ئەگـەر بێت و ئەو دوو هێـزە (ڕۆم و فـارس) بەو توانا و هـێزەیانەوە بمانایەتـەوە، ئەوا پاڵێـوراو بوون بۆئەوەی ببنە ڕێگر لە بەردەم ئەو ڕێنیـسانسـە عـەرەبیـەدا و هـەر لـەگـەڵ سـەرهـەڵدانیـدا لەناوی بەرن.

ڕێنیـسانسی عـەرەبیی ئیـسـلامی لە (بەرامـبـەر)ی مونـافـیس و ڕێگر ڕزگاری بوو و بە شـێوەیەکی سـەربەسـتانە دەرچوو لـە کایە زینـدووەکەی خـۆیدا و بواری زیندووتریـشی لە خۆی گرت و خـۆرئاوا و خـۆرهـەڵات هـەروەها باکوور و باشـووریشی بەسـتـەوە بە بوار و جیـهـانەکەی خـۆیەوە. [مـەبەست لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیە]. هەمان شتیش لە ڕێنیسانسی نوێی ئەورووپیدا ڕووی دا، لە چاخەکـانی دوانزدە و سیـانزدەی میـلادیدا، واتە لەگـەڵ سـەرەتای گەڕانەوە ترسناکەکەی ژیاری عـەرەبیی ئیـسـلامـیـدا بە هۆی هـۆکـاری ناوخـۆییـەوە. بە ڕادەی ئەو گـەڕانەوەیـەی عـەرەبی گەڕانەوە بۆ دواوە، زنجیرەی ئەو ڕێنیـسانس و پێـشکەوتنە هەنگاوی بە ئەورووپا نا بەرەو پێشـەوە، واتە هـەر یەکـە و بە ئـاڕاسـتـەی خـۆی، بە مـانـای بە تێکشکاندنی (ئەندەلوس) لە لایـەکـەوە و گواستنەوەی زانستی عەرەبییش بۆ ئەورووپا لە لایەکی ترەوە. بەم پێیـە دووەم دەرچوونی ڕێنیسانسی یەکلاکەرەوەی ئـەورووپی لەگەڵ سـەدەی شـانزدە و حـەڤدەی مـیـلادیدا دەست پێدەکـات، لە ناو بواری زیندووی خۆیدا بە پشتبەستن بە داگیرکردن، داگیرکردنی سامان و زانست و تەکنیک.

ئەم حەقیقـەتە مێژووییەی کە دەرمـانخست لەگـەڵ ئەو حەقیقـەتە مێژووییەی، کە پێشتر خسمانە ڕوو، یەکـتـر تەواو دەکـەن، ئەو حـەقیـقـەتەی پێشـتـریش مـەبەسـتـمـان لە مـیکانیـزمی گـەڕانەوە بۆ ڕەسـەنێـتـیە لـەناو ڕێنیـسـانسی عـەرەبیـدا بێت، کە ئیـسـلام سـەرکـردایەتیی دەکرد یاخـود چ لەناو ڕێنیسانسی نوێی ئەورووپیدا بێت.

بەڵام بێگومـان (جـابری) مـیکانـیـزمی بەرگریکردن دەبەسـتێـتـەوە بە هـەلومـەرجی دەرەکیـەوە، واتە مـەبەسـتـمـان لە هـۆکاری دەرەکـیـە، کە دەبێـتـە مـایـەی مـەترسی و هـەڕەشـە. واتە بـەرگری لە بوون و ڕابردووی خـۆی دەکات بەرامـبەر بە هـەڕەشـە و مـەترسیـە دەرەکیـەکان. ئـەم هۆکارە دەرەکیە سیـمـای ناسـراوی ڕێنیـسـانسی نوێی عـەرەبە لای (جـابری)، کە بە مـیکانیـزمـێک ئیـشـدەکات، کە مـیکانیـزمی بەرگریکردنە. کە ئەمە لـە خۆیدا لەگەڵ سرووشت و سـتـراتیژی مـیکانیزمی ڕێنیـسانسیدا جیاوازە و یەکنـاگرێـتـەوە، سـەرباری ئەوەی کە هـەردووکیـان تەبان لەسـەر گەڕانـەوە بۆ ڕابردوو. [مـەبەسـتی (جابری) لە میکانیزمی ڕێنیسانسی هەمان میکانیزمی گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنێتی]. ئەو میکانیزمە کە دەچێتە بەرەیەکەوە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی، میکانیزمێکە بۆ بەرگریکردن، کە ئەمەش وا ناسراوە، کە خود (تاکەکەس بێت یاخود کۆمـەڵ) لە ڕێیەوە بەرگری لە خۆی دەکات دژی مەترسیی دەرەکی. لەم مـیکانـیـزمـەدا (خـود) پەنـا دەباتە بەر ڕابردوو لە هـەمـان کاتدا دەیبـووژێـنێـتـەوە و قـەبارەکـەی گـەورە دەکـات و پیـرۆزیشی دەکـات لـەبەرئەوەی مـەترسـیی دەرەکی لـەسـەرە، بەڵام لە مـیکانیـزمی ڕێنیسـانسیدا، مرۆڤ ڕابردووی ناوێت لە پێناوی خـۆیدا، بەڵکە کورتیدەکاتەوە لە (ڕەسـەنێتی)دا یان (بنەچەکانیدا) و جارێکی تر لەسـەر ئاستی هـۆشیاری دەیبووژێنێتەوە بەو شـێوەیەی، کە یارمـەتی دەدات لە تێپـەڕاندنی (ڕابردوو ئێسـتا) دا هـەر لەسـەر ئاستی هـۆشیاری و دەرچێت بۆ پاشـەڕۆژیش لەسەر هەردوو ئاستی بیرکردنەوە و براکسیس دا.

هـەڵبـەت لێرانەدا تەرکیـزکردنە سـەر ڕابردوو تەنـها بازدان نییـە بۆ ناو پاشـەڕۆژ، بەڵکە بە پلەی یەکەم لە پێناوی پشتگیریکردنی ئێستادایە ـ لە پێناوی جەختکردنەوەیە لەسـەر بوون و سـەلماندنی خود. (جابری) لێرانەدا دەپرسێ: بۆچی ئەم هەڵوێستە دووفاقیە بەرامبەر ڕابردوو..؟

ئەگەر بێت و ئەو دوو ڕێنسـانسـەی، کە پێشـتـر هـەندێ لایەنیمان خسـتـە ڕوو و بەراوردمان کردن بە یەکـتـری، ئەوا بێگومـان دەتوانین ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کـە دەسـتـپـێکردنی هـەردووکیـان لە ڕێگەی هۆکاری ناوخۆیی و پەرەسەندنی خۆییەوە بووە، دوور لە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکی.

لە بنەڕەتدا و هەر لە سەرەتاوە ڕێنسانسی نوێی عەرەبی لەدایکبووی صەدمەیەکە، کە لە بەردەم هەڕەشەی هێزی دەرەکیدا بووە. ئەو هێزەش هێزی خۆرئاوا و پاوانخوازیی سەرمایەداری و کۆلۆنیالییە، بۆیە شتێکی گرانە و لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی مێژووییەوە ڕاست و درووست نییە، کە وریابوونەوەی نوێی عەرەبییە تەنها وا لێکبدەینەوە، کە بیبەستینەوە بە هۆکاری ناوخۆییەوە و بە تایبەتییش لەسەرو هەموویانەوە بە هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ململانێ (نوێ) لەگەڵ (کۆن)دا، بەڵکە بە پێچەوانەوە ڕۆڵی هۆکاری ناوخۆیی بە نیسبەت وریابوونەوەی نوێی عەرەبییەوە شتێکی لاوەکی (ثانوی)یە و فاکتەرێکی جەوهەری و سەرەکیی نییە. ڕەنگە زیاتر وا درووست بێت، کە بڵێین: هۆکاری دەرەکی، کە ئەوروپا نوێنەرایەتیی دەکات، یان ڕاستتر، کە لە ئەوروپادا خۆی دەبینێتەوە، فاکتەری جووڵانەوەی هۆکاری ناوخۆییە، جا ئابووری بێت یان کۆمەڵایەتی. ئەم ڕاستییە هەموو هەرێمە عەرەبییەکان دەگرێتەوە. ئەگەر بێت و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای وریابوونەوەی نوێی عەرەبی، واتە ئەگەر بێت و ئەم سەرەتایە ببەستینەوە بە شالاوی ناپلیۆنەوە بۆ سەر میسر، یان بیبەستینەوە بە دەوڵەتی (محمد علی) یاخود بە بزووتنەوەی (جمال الدين الافغاني و محمد عبده)، جگە لە مانەش ئەگەر بێت و بزووتنەوە هاوشێوە و هاوچەرخەکانی ئەمانەش بێت، ئەوا بەردەوامی لە هەموو حاڵەتەکاندا خەسڵەتی دیاریکراوی دەرەکیی هەیە، کە دەستتێوەردانی زیاد دەکات و چالاکیەکانی فراوان و قووڵتر دەبێتەوە، بە کورتی ئەو هۆکارەیان ئەو خەسڵەتە دەرەکیە (خۆرئاوا)یە.

هەمووشمان دەزانین ئەو جیهانە دەرەکیە/ خۆرئاوا، بەتەنها خۆی لە وێنەیەکدا ناخاتە ڕوو، بەڵکە پێشتر و تاوەکو ئێستاش بە نیسبەت پرۆژەی ڕێنیسانسی عەرەبییەوە هەڵگری دوو ڕووی جیاواز و ناکۆک و ناتەبایە، کە دیوێکیان خۆی لەناو فۆرم و وێنەی دوژمن و پەلاماردان و کۆلۆنیالی و داگیرکردن و هەیمەنەت... هتددا دەبینێتەوە. دیوەکەی تریشیانی خۆی لە وێنەی تازەگەری و پێشکەوتن (بە هەموو بەها تازەکانیەوە وەک: بەهای مادی و مەعنەوی و تەکنیکی و زانستی و ئازادی و دیموکراسی و ... هتد)دا دەخاتە ڕوو. واتە تاوەکو ئێستاش خۆرئاوا بەنیسبەت عەرەبەوە: ئەو دوژمنەیە، کە پێویستە هەڵوێست بەرامبەری وەربگیرێت و دژی پاوانخوازیی دەستەڵاتی بوەستینەوە، لە لایەکی تریشەوە، واتە لە هەمان کاتدا خۆرئاوا ئەو نموونەیە بەو کاروانەی دەیگوزەرێنێ (مەبەست لە تازەگەری و پێشکەوتن و بەهاکانێتی) سەرنجی عەرەب ڕادەکێشێ و دەیخرۆشێنێت. ئەمە سرووشتی دووفاقیانە (المزدوجە)ی هۆکاری دەرەکیە (واتە خۆرئاوا، دوژمن و نموونەشە لە یەک کاتدا)، بە هەمان شێوە ئەم سرووشتە دووفاقییەی دەرەوە وایکردووە، کە هەڵوێستی ڕێنیسانسی نوێی عەرەبی لە ڕابردوو و پاشەڕۆژ پێکەوە، هەڵوێستێکی دووفاقی بێت. بە واتای (میکانیزمی ڕێنیسانس)، کە هەڵدەستێ بە گەڕانەوە بۆ بنەچەکان (کە مەبەست لە ڕەسەنایەتییە) بۆ دەرچوون لێوەی بە ئاراستەی پاشەڕۆژ، تێکەڵ بە (میکانیزمی بەرگریکردن) دەبێت، کە پەیوەستە بە ڕابردووەوە و پشتی پێ دەبەستێت، وەک دەردەکەوێت لێرانەدا ڕێنسانسی عەرەبی دۆخێکی ئیشکالیی لە خۆ دەگرێت، کە بە ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی، گوزارشتمان لێ کرد. ئەو ئیشکالییەتەی، کە لە زیهنی هەر یەکێکماندا بۆتە مایەی درووستبوونی جۆرێک لە گرژی و قەلەق و ئیلتیباس لە پەیوەندیدا لەنێوان ڕابردوو و پاشەڕۆژدا ـ لەنێوان کولتوور و فیکری هاوچەرخدا ـ لەنێوان من و بەرامبەردا .. هتد، ئەمەش وای کردووە، کە ئەو پەیوەندیە نە لەسەر جیابوونەوە ڕابوەستێت نە لەسەر پەیوەندی (الاتصال)، بەڵکە لەسەر دوورکەوتنەوە و بەرگری لە خۆکردن ڕادەوەستێت، لە دەرئەنجامدا ئەمەش بۆتە مایەی تێکدان و تێکچوونی خەونی ڕێنسانسی لە هۆشیاریماندا. ئەمە لەسەر ئاستی هۆشیاری و فکر، بەڵام لەسەر ئاستی واقیعی مێژوویی و ململانێی کۆمەڵایەتی، ئامادەبوونی بەردەوامی هۆکاری دەرەکی و سرووشتیی دووفاقیانە و ناتەبا بۆتە مایەی ئەوەی، کە پەیوەندیی نێوان هێزی تەقلیدی و هێزی تازەکەرەوە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بە یەکدا بچن و بە ئاڕاستەی تێپەڕاندن و جیابوونەوەدا گەشە نەکات، بەڵکە بە پێچەوانەوە دەجووڵێتەوە. ئەم سرووشتە دووفاقیەی هۆکاری دەرەکی هەیەتی تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و

کاریگەریی ڕاستەوخۆشی هەیە و هەندێ کاتیش تا ڕادەی یەکلاییکردنەوە کاریگەریی هەیە، نەک بە تەنها لەسەر دنیامیکیەتی ئەو ململانێیە و ئاڕاستەی پەرەسەندنی، بەڵکە لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەر هێزە ململانێکەرەکانیش هەیە، واتە لەسەر پێکهاتەیان و ئاڕاستەیان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا. ئەوەی بە لامانەوە گرنگ بوو لێرانەدا گرنگترین لایەنە ئاڵۆزەکانی سرووشتی ڕێنسانسمان لە نیشتیمانی عەرەبیدا خستە ڕوو لە دۆخێکی دژواردا، کە پێشتر هیچ ڕێنسانسێکی تر ئەوەی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەوەی پێویستە لەم چوارچێوەیەدا بیخەینە ڕوو، ئەو ڕاستیەیە، کە ململانێی لە نیشتیمانی عەرەبیدا، نە لە سەدەی پێشوودا و نە لەم سەدەیەشدا [مەبەست لە سەدەی نۆزدە و بیستەمە] بە تەنها نەبۆتە ململانێ لەنێوان هێزە تەقلیدی و هێزە نوێخوازەکاندا، بەڵکە تاوەکو ئێستاش ئەو ململانێیە شێوەیەکی دووفاقی و ئاڵۆزی لە خۆ گرتووە، کە بریتیە لە: ململانێ لە دژی خۆرئاوا و لە پێناوی خۆرئاوادا لە یەک کاتدا. لە لایەکەوە دژی پاوانخوازیی دوژمنەکەیەتی لە لایەکی تریشەوە لە پێناوی بەهاکانی لیبرالیزم و سیماکانی پێشکەوتنی دایە. سەرباری ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئەم هێز و ئەو هێزدا، لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئەو دوو هێزەدا دەکەوێتەوە، لە ناوخۆشیدا پەیوەندیی قۆڵگرتنی یەکتر هەیە، کە خۆی بەسەر ڕۆڵەکانی نیشتیماندا دەسەپێنێت وەک گشت لە پرۆسەی بەرگریکردندا لە خود و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی دەرەکی.

لە لایەکی ترەوە هەر بە هۆی سرووشتیی دووفاقیانەی بەرامبەرەوە (خۆرئاوا) بە لای هێزە نوێخوازەکانەوە تەنها بنەچە کولتووریەکان نین، بەڵکە پاشان نموونەی خۆرئاوا یان وێنەی خۆرئاوا خۆی وەک ڕەسەنێک، کە ئینتیمای هەیە بۆ پاشەڕۆژ نەک بۆ ڕابردوو.

لەسەر ڕۆشنایی قسەکانی (جابری)یەوە، رەسەنایەتی وەک بەشێک لە ڕابردوو دەخاتە ڕوو، بەڵام کاتێک خۆرئاوا لەم حاڵەتەدا خۆی یان وێنەی خۆی دەسپێنێت، لە هەمان کاتدا خۆشی وەک ڕەسەنێکی نوێ پێشکەش دەکات، بەم شێوەیە نموونەی ئەم ڕەسەنەی خۆرئاوا بەشێکە لە پاشەڕۆژ نەک ڕابردوو. لێرەوە جۆرێکی تر ململانێ لە مەیدانی ڕێنیسانسی عەرەبیدا دەکەوێتە ڕوو، کە ئەویش ململانێیە لە پێناو ڕەسەنگەرێتی و نموونەگەرێتیدا، مەبەست لەم دووانەش ئەوەیە، کە تیپێک پەیوەستە بە: (ڕەسەنێتیی کولتووریی عەرەبیی ئیسلامی)یەوە، تیپێکی تریشیان بانگەشە بۆ: (ڕەسەنێتیی نوێخوازیی خۆرئاوایی) دەکات.

بێگومان لە ڕوویەکی ترەوە دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە (خۆرئاوا) لە هەمان کاتیدا نەیارێکی سەرەکیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو [کە هەرێمە عەرەبیەکانی (جگە لە مەغریب) پاشکۆی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوون] لەگەڵ ئەوەی هێزی ڕێنیسانسی عەرەبی یاخود ڕاستتر وایە بڵێین: بە لایەنی کەمەوە لایەنێکی ئەو ڕێنیسانسە پەیوەندی بە ڕزگاربوونەوە هەیە لە دەستەڵاتی عوسمانی. لەبەر ئەم هۆیە ئاساییە، کە هەندێ لە گۆشە نیگاکان بە لای خۆرئاوادا دەشکاندرایەوە بە هیوای یارمەتیدانیان بۆ ڕزگاربوون لە هەیمەنەتی عوسمانی. بەم شێوەیە دەبینین ڕێنیسانسی عەرەبی لەسەر ئاستێکی تردا خۆی تووشی دابەشکردن دەکات، کە تیپێکیان خۆرئاوا بە نەیاری یەکەم و دوایی دەزانێت و لە دواشیدا دەگەڕێ بە دوای شێوەیەک لە شێوەکان بۆ پەرەپێدانی دەوڵەتی عوسمانی و بەهێزکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامیی و نوێکردنەوەی تیپەکەی تریشیان وای دادەنێت، کە: ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بریتیە لە نەیارێکی مێژوویی ڕاستەوخۆ و بە بەرپرسی دەزانێت بەرامبەر بە بارودۆخی تێکشکان و بە دوای شێوەیەک لە شێوەکاندا دەگەڕێت بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ خۆرئاوادا. بە مەبەستی پشتبەستن پێی بۆ ڕزگاربوون لە حوکمڕانیی عوسمانی و بونیادنانی ڕێنیسانسی عەرەبی، بۆیە (هەڵبژاردن) کارێکی گرانە، گرانە لەگەڵ خۆرئاوا بیت یاخود دژی..! هەردوو ئاستەکە دەگرێتەوە، چ سیاسی و چ ئایدۆلۆژی، لێرانەدا کێ لەگەڵ خۆرئاوادا بوو لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، لە ڕووی سیاسیەوە دژی بوو، کێش لە ڕووی سیاسیەوە لەگەڵیدا بوو، لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە دژی بوو. هەروەها لە لایەکی ترەوە لێرانەدا تیپی سێیەمیش هەیە، کە لەگەڵ ڕەسەنگەرێتیی ئیسلامیە لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە. دژی خەلافەتی عوسمانییە لە ڕووی سیاسیەوە.

چوارەم تیپێکیش کە لێرانەدا ئاماژەی بۆ بکەین، لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی بوو لە ڕووی سیاسیەوە و دژی ڕەسەنگەرێتیی کولتووری لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە.. بۆیە لێرانەدا دەبینین ڕێنیسانسی عەرەبی لەناو هەلومەرجێکی ئاڵۆز و دژوار دایە، هەلومەرجی ململانێ لە پێناوی هەڵبژاردندا لەسەر هەردوو ئاستی ئایدۆلۆژی و سیاسی. هەلومەرجێک کە لە دیارترین سیماکانی، هاوپەیمانی هەندێ گرووپ و هێزی نوێخواز و ڕێنیسانسە لەگەڵ نەیارێکی مێژوویی ناوخۆ، کە خۆی لەناو هەردوو هێزی تەقلیدی و موحافزکاردا دەبینێتەوە [مەبەست لە هاوپەیمانەکانی عوسمانییە]، لەگەڵ هاوپەیمانی پەشێکی تر لە هەمان هێز لەگەڵ نەیارێکی سەرەکیی نیشتیمانی و نەتەوەیی، کە (خۆرئاوا) بوو [مەبەست لەو هێزانەیە، کە هاوپەیمانی خۆرئاوا بوون].

هەڵبەتە لێرانەدا تایبەتمەندێتیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە نیشتیمانی عەرەبیدا زیاد بکەین، بە تایبەتی لە مەشرقی عەرەبی، بە تایبەتییش ئەوەی کاریگەریی لەسەر هەڵوێست و هەڵبژاردنەکاندا هەبوو. سروشتی دیسپۆتیزمانەی حوکمڕانی عوسمانی وایکرد، کە کەمینە ئەتنییەکان لە نیشتیمانی عەرەبیدا ڕێنیسانس ببەستنەوە بە داواکاری و مافەکانیانەوە. واتە دواجار یەکێک لە دەرئەنجامەکانی هەستانی هۆشیاریی ڕێنیسانسی، ژیانەوەی هۆشیاریی هۆگەرێتی لێکەوتەوە. هەر ڕێنیسانسێک کە بە خۆڕێکخستن لەناو کولتووردا دەست پێدەکات و دەردەچێت، بەڵام کولتوور لە کۆمەڵگەی هۆگەرێتیدا یەک کولتوور نییە، یان لانی کەم ئەو حەماسە نییە، کە بیبەستێتەوە پێوەی، بەڵکە ئەوەی زیاتر ڕوودەدات، پێدانی ئەولەوییەت نییە بە ململانێ دژی بەرامبەر یا لە پێناوی تێپەڕاندنی ڕابردوودا بەرەو پاشەڕۆژ، بەڵکە بۆ ململانێ لەپێناوی (ڕەسەنێتی)دا خۆی دەبەستێتەوە بە پارێزگاریکردن لە شوناسی و بەرگریکردن لە کیانی. بەم شێوەیە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنێتی یا بۆ بنەچەکان دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گرفتەکە، نەک وەسیلەیەک بێ لە وەسیلەکانی تێپەڕاندنی ڕابردوو ئێستا پێکەوە لەپێناوی پاشەڕۆژدا.

دەرکەوتێکی تر لە دەرکەوتەکانی ئەو ئاڵۆزی و بارگرژیەی ڕێنیسانسی عەرەبی، پەیوەندیی بە دابەشبوونی عەرەبییەوە هەیە بۆ چەند هەرێمێکی دابڕاو لە یەکتر لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، ئەو هەرێمانەی، کە هەر یەکێکیان بە جیا دەبەستێتەوە بە (سەنتەر)ەوە، جا ئەگەر بێت و ڕۆژێک سەنتەر پایەتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێت یاخود پاشان پایەتەختێکی ئەورووپی بێت. دەرئەنجامی ئەم فرەهەرێمیە لە خۆیدا لایەنێکی دژیی سەرەکیی خەونی ڕێنیسانسی عەرەبییە. ئەمەش بە تەنها دەرئەنجامەکەی جیاوازی نییە لەنێوان مەرجەکانی ڕێنیسانس و خەون و گرفتەکانی لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمکی تری عەرەبی، بەڵکە ئەمە گورزێکی کاریگەری لەسەر کاروانی ڕێنیسانسی عەرەبیی سەردەمی ئێستاش جێهێشتووە.

هەموو ئەم دراوانە وایکردووە، کە مەسەلەی ڕێنیسانس لە نیشتیمانی عەرەبیدا ببێتە مەسەلەیەکی تەواو ئاڵۆز بەو پێیەی، کە مومکین نییە پەیوەندییەکی سەبەبی پێکیانەوە ببەستێتەوە، هەروەها ناتوانین و نابێت ئەو ئیتیجاهات و ململانێ فیکریانەی بەرهەمهێنراوی ئەو دراوانەن، ڕاڤەی تاکرەهەندییان بۆ بکەین، یاخود بە مانایەکی تر ناتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ یەک بنەما و ئاڕاستە. پەیوەندی ئەو لایەن و ڕەوتانەی پێشتر خسماننە ڕوو، بە واقیعی کۆمەڵایەتیی چینایەتیەوە، بە زەروورەت بریتیە لە پرۆسەی کورتکردنەوە:

واتە: کورتکردنەوەی فیکر و واقیع پێکەوە.

بە کورتی جۆرەکانی ئەو کورتکردنەوەیە دەخەینە ڕوو:

یەکەمیان: ئەو پۆلێنکردنەیە، کە پرۆسەی کورتکردنەوە بە شێوەیەکی سادە پیادە دەکات و لەو گوتەیەدا کورتی دەکاتەوە، کە دەڵێ: پاشاگەردانیی (ڕەسەنایەتی) یان (کولتوورخوازەکان) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی چینی فیودالی پێچەوانە دەکەنەوە یاخود نوێنەرایەتیی دەکەن، بەڵام بانگەشەکەرانی (سەردەمگەرێتی) یان (نوێخوازەکان) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە بەرژەوەندیی چینی بۆرجوازی دەکات.

دووەمیان: لێرانەدا ئەوەی هەوڵ دەدات پەنا نەباتە بەر ئەم سادەییە لە پۆلێنکردن و بەستنەوەی فیکر بە واقیعەوە، هەندێک لایەنی ئاڵۆزی مەسەلەکە ڕەچاو دەکات و وەریدەگرێت و بانگەشەکەرانی (ڕەسەنایەتی) لە چوارچێوەی باڵێکی ئایدۆلۆژیدا پۆلێن دەکات، کە بە (سەلەفییەت) یان (ڕابردووخوازی) ناوی دەبات و بەو چاوەوە سەیری دەکات، کە لە واقیعی عەرەبیی ئێستادا نوێنەرایەتیی ئایدۆلۆژیای فیودالی دەکات، کە درێژکراوەی هەمان ئایدۆلۆژیای ئەقطاعیی سەدەی ناوەڕاستی عەرەبییە، بەڵام بانگەشەکەرانی (سەردەمگەرێتی) لە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیدا پۆلێن دەکات و هەروەها دەیبەستێتەوە بە هێزی نوێکردنەوە لە نیشتیمانی عەرەبیدا، جا بۆرجوازی بێت یان پرۆلیتاری.

دواهەمینیان: کە دوا پۆلێنیش نییە، بە پشتبەستن بە قاڵبێکی ئامادەکراو، بە شێوەیەک سەیری ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتیی/ سەردەمگەرێتی دەکات بەو سیفەتەی، کە گوزارشت لە تەزەبزووب دەکات لەنێوان دوو هەڵوێست یان دوو لایەنی ململانێکەردا، بەم مانایەش تەزەبزووب سیمایەکی سەرەکییە لە سیمای (بۆرجوازیەتی بچووک) لەم حاڵەتەدا ئەو ئیشکالییەتە تەنها دەرکەوتێکە لە دەرکەوتەکانی (ئایدۆلۆژیای بۆرجوازیی بچووک) لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا.

ئەم جۆرە پۆلێنکردنانەی کورتکردنەوە، کە گوتاری (تیۆریزەگەری)ی عەرەبیی هاوچەرخ وەریدەگرێت، نە کێشەیەک چارەسەر دەکات و نە واقیعیش ڕاڤە دەکات، بەڵکە بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی ڕاوەستانی یان بنبەستبوونی چالاکیی فیکری لە چوارچێوەی کۆمەڵێ قاڵبی ئامەدکراودا، کە ناکەوێتە بەردەم پرۆسەی تاقیکەدنەوەیەکەوە، کە دراوەکانی لە واقیعی عەرەبیدا مەلمووس بن. قاڵبێک کە بە پێی ئەو ناوەڕۆکەی هەڵیگرتووە لەسەر واقیع تەفسیری دەکات. (جابری) لێرانەدا مەبەستی لەوەیە، کە ئەم جۆرە پۆلێنکردنانەی باسمانکردن، لەبەرئەوە نەدەتوانن واقیع ڕاڤە بکەن، نە مەسەلەکە چارەسەر بکەن، چونکە واقیع دەخەنە ناو چوارچێوەیەکی ئامەدکراوەوە (واتە فیکرەیەک کە پێشتر ئامادەکراوە). (جابری) دەڵێ: ئێمە ئەم میتۆدە ڕەتدەکەینەوە، کە واقیع دەخاتە ژێر کۆمەڵێ مەفاهیمەوە، نەک لەژێر پەردەی ئایدۆلۆژیایەکی دوژمنکار و گومانکاردا، بەڵکە بە ناوی چوارچێوەی مەرجەعی ئەو مەفاهیمانە خۆیانەوە، ڕەتیدەکەینەوە (واتە دیالەکتیک)، لەبەرئەوە ئێمە لێرانەدا سوودێک نابینینەوە بۆ مشتومڕکردن لەسەر ئەو پۆلێنە کورتکراوانە و ڕەدی خاوەنەکانیشیان نادەینەوە، ئەوەندە بەسە کە لە پێشەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ــدەربارەی سەربەخۆیی ڕێژەیی فیکر و واقیع مەرجی پەیوەندی و بەستنەوەی دیالەکتیکانەیان ــ وتمان. لێرانەدا جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکەینەوە ــکە کورتەی ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا پێی هەستاوین دەربارەی لێکدانەوەکەمان ــ کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی نێوان ململانێی چینایەتی و ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی، لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا، پەیوەندییەکی سەببی نییە. هەروەها بەرژەوەندیی چینایەتیی بەدەستهێنراویش یاخود بەدەستنەهێنراو (واتە هەر لە ململانێدا بێت) ڕاڤەی ئەم ئیشکالییەتەمان بۆ ناکات. بوونی ئەم ئیشکالییەتە بوونی ململانێی چینایەتی نەفی ناکاتەوە و ڕەنگدانەوەی فیکریی ئەویش نییە.

ئەو پرسیارەی کە لێرانەدا بە زۆر خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە کە: ئەگەر بێت و واقیعی کۆمەڵایەتیی چینایەتی وەک ئەوەی لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا پێشنیار دەکرێ، ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی، دانەمەزرێنێت و ڕاڤەی نەکات، ئەی چی ڕاڤەی دەکات و دایدەمزرێنێت..؟ ئەگەر بێت و ئەم واقیعە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە توانای ڕاڤەکردن و دامەزراندنی ئەو ئیشکالییەتەی نەبێت، ئەوا لێرانەدا بێگومان واقیعێکی تر نییە تاوەکو بیبەستێتەوە پێوەی، جگە لە (واقیعی ڕۆشنبیری و فیکری)ی خۆی. کەواتە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێین: ئیشکالییەتێکی فیکری و ڕۆشنبیریی پەتییە، بە مانای بنەماکانی و پاساوەکانی بوونی لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و فیکریی عەرەبیی ئێستاوە وەردەگرێت، چ لە ڕووی پێکهاتەیەوە بێت یاخود لە ڕووی ناکۆکییەکانەوە. ئێستا هەندێک تیشک دەخەینە سەر ئەم بانگهێشتکردنە:

پێویستە لێرانەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە ئەو گرفتە ڕۆشنبیرییەی جیهانی سێیەم بە دەستیەوە دەناڵێنێت، پەیوەندیی بە داگیرکەر و شێوازەکانی و ئەنجامەکانیەوە هەیە، ڕۆشنبیریی ئەو میلەتانەی وێرانکرد، کە داگیری کردبوون، یاخود بە لایەنی کەمەوە بە ئاڕستەی سەرکوتکردن و شکستهێنان بە گەشەکردنی کاری دەکرد. بەرامبەر بەمەش ڕۆشنبیریی خۆی پێشکەش دەکرد، یا خۆی وەک ڕۆشنبیرییەکی جیهانی سەپاند، ڕۆشنبیرییەک لە پێناوی گێڕانەوەی سیادە و سەربەخۆییاندا بەرەو بووژاندنەوەی ڕۆشنبیریی نیشتیمانی ئاڕاستەی گرت، وەک جەختکردنەوە لەسەر شوناس بۆ پارێزگاریکردن لە پایەکانی کەسایەتی. بە شێوەیەکی سرووشتیی هۆشیاری بەم وێرانکردنە ڕۆشنبیرییە، کە داگیرکەر پیادەی دەکرد، بە پلەی یەکەم هۆشیاریی نوخبەیەکی ڕۆشنبیرە. هەروەها کاردانەوە دژی ئەو وێرانکردنە، کە خۆی لە بووژاندنەوەی ڕۆشنبیریی نیشتیمانیدا دەبینیەوە، لە بنەڕەتدا کاری نوخبە بوو. ئێمە کە لێرانەدا دەڵێین نوخبە و لێی ورددەبینەوە، مانای ئەوە نییە، کە جەماوەر دەخەینە پەراوێزەوە و لە ڕۆڵی کەم دەکەینەوە، بەڵکە سەیری نوخبە دەکەین لەم بوارەدا، بەو سیفەتەی وەک پێشڕەو پیادەی سەرکردایەتیەکی دەکرد لەسەر ئاستی فیکری و ڕۆشنبیری، یان بەو واتایەی ئەنتلیجانسیا گوزارشت لە هۆشیاریی جەماوەر دەکات، بە ڕاوەستانەوەی لە شوێنگەی ئۆپۆزیسۆندا بەرامبەر بە سیستەمی باو و سەپێنراو، بە تایبەتی سیستەمی کۆڵۆنیالی.

ئەمە چوارچێوەی گشتیی مێژوویی ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتییە، بەو سیفەتەی، کە ئیشکالییەتێکی فیکریە و لە بنەڕەتدا تایبەتە بە نوخبەی ڕۆشنبیرەوە، کە هەموو هەرێمەکانی جیهانی سێیەم دەگرێتەوە.. بەڵام لێرانەدا لەم چوارچێوە گشتیەدا هەلومەرجی تایبەت هەیە، یان ڕاستتر جیاواز هەیە، وەک بارودۆخی نیشتیمانی عەرەبی، کە داگیرکەر بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتە عەرەبیەکاندا نەیتوانی ڕۆشنبیریی نیشتیمانی و ئیسلامی عەرەب وێران بکات، لەبەرئەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە تەنها پاشماوە و بەرماوەی بونیادی ڕۆشنبیرییەکی میللیی کۆن نییە، بەڵکە ئەو کات و تاوەکو ئێستاش ڕۆشنبیریەکی زیندووە [چ وەک زمان و ئەدەب و چ وەک ئاین و فیکر]، کە چۆتە ناو عەقڵ ق هەستەوە، هەروەها لەناو ڕەوشت و فیکر دایە. واتە ئەوەی لە هۆشیاریی ئێمەدا یە (ئێمەی عەرەب) بە تەنها میرات نییە، بەڵکە کولتوورە، میرات بەو واتایەی ئەوەی بۆ کوڕ جێدەمێنێ لە دوای مردنی باوکەوە و باوک ون دەبێت و کوڕەکەی جێگەی دەگرێتەوە، کە ئەمە تایبەتمەندێتیی بارودۆخی ئیشکالییەتەکەیە، کە: ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبیی ئیسلامی، کە تاوەکو ئەمڕۆش خۆی وەک ئەلتەرناتیفی ڕۆشنبیریی کۆلۆنیالی پێشنیاردەکات، یان بە لایەنی کەمەوە، کە وەک مونافیسێک یان خاوەن بەشێکی ڕۆشنبیریی سەردەم دەخاتەڕوو، بە تایبەت ڕۆشنبیریی خۆرئاوا، بە تەنها بەرماوە نییە یاخود بە تەنها کۆمەڵێ هێما و نەریت و سەماکردن نییە، واتە تەنها بەرماوەی ڕۆشنبیریی ڕابردوو نییە، بەڵکە لە یەک کاتدا: مەعریفی و ئایدۆلۆژیە، کە بنچینەکەیان عەقڵی و ناوەخنەکەشیان ویژدانییە. تایبەتمەندێتیی ئەم ئیشکالییەتە لەناو فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە عەرەب کولتوورێکی ڕۆشنبیریی زیندوویان لە دەروون و سۆز و یادەوەریی و عەقڵ و... هتد هەڵگرتووە، کولتوورێک کە بارستایی ئامادەبوونی لە ڕێگەی هۆکاری دەرەکی و پەلاماردانی داگیرکەروە، ئاماژەمان بۆ ئامادەبوونی بەردەوامی کولتوور کرد و ئەوەشمان خستە ڕوو، کە چۆن پەنا دەبرێتە بەر کولتوور وەک پەرچەکردارێک. پەنابردنە بەر کولتووریش وەک چەکێکی ئایدۆلۆژی، یەکێکە لەو پەرچەکردارانە، کە بە شێوەیەکی تایبەت کولتوور بەکاردەهێنێت بۆ بەرگریکردنی دژواریەکانی پاوانخوازیی کۆلۆنیالی. ئەم ئامادەگیە ئایدۆلۆژییەی کولتوور لە هۆشیاریی عەرەبیی هاوچەرخدا، بە مانایەکی تر بەردەوامی بانگهێشتکردن بۆ وەرگرتنی کولتوور وەک چەکێکی ئایدۆلۆژی لە دژی هەڕەشەی دەرەکی، هیچ نییە جگە لە ڕووی یەک پارە، بەڵام ڕووەکەی تری، کە بە کاریگەری و بارستایی لەسەر هۆشیاری و ناهۆشیایی عەرەبەکانی سەردەمی ئێستا زیاتر هەیە: ئەو هەستە درامییە بە قووڵایی ئەو بۆشاییەی، کە کولتوور بە ناوەڕۆکە مەعریفی و ئایدۆلۆژیەکەیەوە لە

فیکری جیهانیی هاوچەرخ و دەستکەوتە زانستی و تەکنیکەکانی و پێوەرە عەقڵانی و ئەخلاقیەکانی جیا دەکاتەوە. لێرانەدا دەتوانین بڵێین: قورسایی کولتوور لە هۆشیاریی عەرەبیدا و هەستکردن بە هۆشیاریی ئەو بۆشاییەی، کە ئەم کولتوورە لە دراوە مادی و فیکرییەکانی سەردەمی ئێستا دادەبڕێت لە خۆیدا واتە (کاریگەریی ئەو قورسایی و بارستاییە) پاشماوە و ڕاڤەی ئەم پەسندکردنە گشتیەش دەکات [مەبەست لە پەسەندکردنی دەستەواژەی (کولتوور تەحەدیاتی سەردەم)ە لەسەر ئاستی فیکری عەرەبیی هاوچەرخ، بەستن و سازاندنی ئەم مێزگردەش لەژێر ئەم ناونیشانەدا و ئامادەبوونی ئەم ژمارە زۆرە لە ڕۆشنبیران، کە بریتین لە دەرکەوتووترین ئەندامی نوخبەی ڕۆشنبیریی عەرەبی، بەڵگەی ئامادەبوونێکی تایبەتمەندیی ئەم ئیشکالییەتەیە]. بە واتایەکی سادەتر مەبەستی لەوەیە کە ئامادەگی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆشنبیران بۆ وتووێژکردن دەربارەی ئەم بابەتە و پەسندکردنی ناونیشانی مێزگردەکە لە خۆیدا هەم پاساوەوە هەم بەڵگەشە لەسەر تایبەتمەندێتیی ئەو ئیشکالییەتە لەناو فیکری عەرەبیی هاوچەرخدا. ئەم دەستەواژەیەی کە باسمان کرد، ئەگەر هات و وەرمانگێڕایە سەر زمانێکی وەک: ئینگلیزی یان فەرەنسی یان ئەڵمانی یا... هتد، ئەوا هەموو دەلالەتەکانی ون دەکات و لە دەستی دەدات. لەم حاڵەتەدا تێبینیی ئەوە دەکەین، کە وشەی (کولتوور)ی عەرەبی بە شێوەیەکی تەواو وەرگێڕان پەسەند ناکات، واتە لە زمانە بیانیەکاندا بەرامبەرێکی وا نییە، کە هەڵگری ئەو واتا بۆزیادکردنانە بێت کە دەیخەنە سەری، هەروەها تێبینیی ئەوەش دەکەین، کە ئەگەر بێت و هەر دەستەواژەیەکی پێکهێنراوی تر لە زمانە بیانییەکان، کە وەرگێڕانی گوزارشتە عەرەبییە ڕەسەنەکە بێت/ (کولتوور و تەحەدیاتی سەردەم)، ئەوا لە لایەن ئەو خاوەنزمانانەوە، بە دەستەواژەیەکی بۆش دادەنرێت، کە مانایەکی ڕێکوپێک لە خۆی ناگرێت. لەپاڵ ئەمەشدا ئەوان بەو گەرموگوڕیە وەک ئێمە ناوروژێنێت، ئەگەر هات و پرسیاری هۆکاری ئەو ساردوسڕیەشمان لێکردن، ئەوا زۆر کات وەڵامەکەیان ئەوە دەبێت، کە بەستنەوەی (کولتوور) بە (تەحەدیاتی سەردەم)ـەوە سوودی نییە و بێماناشە.

کەواتە دەپرسین: بۆچی ئەو بەستنەوەیە لەنێوان کولتوور و تەحەدیاتی سەردەمدا بە نیسبەت ئێمەی عەرەبەوە پڕ لە مانایە و واتایەکی درامیی قووڵیشی هەیە..؟ بۆچییش لای ئەوان (واتە ئەوروپییەکان) بێمانایە..؟ ئاشکرایە جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان لەم مەسەلەیەدا یان دەگەڕێتەوە بۆ (کولتوور) یا بۆ (تەحەدیاتی سەردەم) یان بۆ هەردووکیان پێکەوە. بە کولتوور دەست پێدەکەین و حاڵەتی کولتوور لای خۆمان ئەوانیش بەراورد دەکەیین:

ئەگەر بێت و بە جۆرێکی تایبەت لە (فرانسیس بیکۆن) و (ڕێنیە دیکارت)ـەوە واتە (سەدەی حەڤدەهەم) سەیری مێژووی فیکری نوێی ئەورووپیمان کرد، ئەوا زنجیرەیەک لە گەڕانەوەمان بۆ کولتوور دەست دەکەوێت، کولتوور بەو مەفهوومەی، کە فیکری ڕابردووئێستایە لە یەک کاتدا. لەو کاتەوەی کە (بیکۆن) بانگەشەی بۆ ڕزگاربوون کرد لە دەستی سەرجەم وەهمەکان و ئەزموونێتی (التجربە) وەک پێوەرێکی سەرەکی ناساند، کە بۆ دەستپێکردن و دەرچوون پشتی پێ ببەسترێت، لەو کاتەوەی کە (دیکارت) پێشنیاری (گومان)ی کرد وەک میتۆدێکی سەرەکی و جاڕی بۆ ڕزگاربوون لە هەموو دەستەڵاتەکانی مەعریفە دەدا و پێشنیاری ئەوەشی دەکرد، کە بە تەنها پشت بە دەستەڵاتی (عەقڵ) ببەستن، لە ساتەوەختی ئەم دوو فەیلەسووفەوە (بیکۆن و دیکارت) فیکری ئەورووپی سەرلەنوێ مێژووی خۆی لەسەر بنچینەی: دابڕان و پەیوەندیکردن، یان دابڕان و دانەبڕان (الانفصال والاتصال) خوێندەوە. لە ڕەخنەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ڕەخنە، واتە دابڕان و خۆجیاکردنەوە لە کولتوور لەپێناوی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندیەکی نوێ لەگەڵ کولتووردا، هەروەها پەیوەندیکردن و دانەبڕان لەپێناوی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی جۆرێکی نوێ لە دابڕان و جیابوونەوە لە کولتوور. بەم شێوەیە ئەو فیکرە تازەیەی ئەم بیریارە یان ئەو بیریار لە هەر بوارێکدا بێت. هەڵبەتە تۆمارکردنی جۆرێکە لە دابڕان و جیابوونەوە لە کولتوور لە فیکری ڕابردوو بە بەهاو پێوەرەکانیەوە، بەڵام ئەو کاتەی ئەو فیکرە نوێیە توانای خۆی دەسەلمێنێ و ڤێگیری دەکات تاوەکو دەبێتە پردێکی نوێ، دەتوانین بە جۆرێکی نوێ لە پەیوەندیکردن بە کولتوورەوە ناوی بەرین. بەو مەبەستەی سەرلەنوێ

خوێندنەوە و ڕێکخستنەوەی بەشەکانێتی. تاوەکو ئێستا ئەم فیکرەیە (فیکری ئەوروپی) خۆی لەناو کولتووردا بە بەردەوامی نوێ دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا کار بۆ نوێکردنەوەی کولتوورەکەی دەدات، واتە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مەودا سەرەکیەکانی کولتوور و دەوڵەمەندکردنی بە مەوادی نوێ.

بەم شێوەیە ئەوروپییەکان لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوودا، مەبەست لە سەدەی (١٧ــ ١٨ــ ١٩) یە، بە شێوەیەک سەقاڵی نووسینەوە و داڕشتنەوەی مێژووی گشتیی ژیارییەکەیان بوون لە هەموو لایەنە جیاکانەوە. واتە بە پێی چاخەکان ڕۆشنبیریی خۆیان سەرلەنوێ ڕێکخستەوە وەک زنجیرەیەک ئەڵقەی پەیوەست بە یەکترەوە، ئامانج لە مەشدا لەسەر دوو ئاستی هۆشیاری و ناهۆشیاری بریتیە لە بەردەوامیدان بە، کە لەناو چوارچێوەیەکی مەرجەعیدا، ئەفکار و پێڕەوەکانی بە شێوەیەکی مێژوویی لۆژیکی لە یەک کاتدا تێدا ڕێکدەخرێت بەو پێیەی، کە ئاسانکاریی بۆ جیاکردنەوەی (پێش/ ماقبل) و (پاش/ مابعد) دەکات.

لەم ڕێگایەوە ئەوروپییەکان توانیان خۆیان لە قورسایی کاریگەریی ڕابردوو قوتار بکەن و قورسایی ڕابردوو دەکەوتە سەر خۆی و لە بری ئەوەی بارستاییەکیان لەسەر درووست بکات، بە پێچەوانەوە وەک پاڵپشتێک بەرەو پێشەوە پاڵیان پێوە دەنێت. جا ئیتر گەر بێت و ئەو بەردەوامیەی کە لە مێژووی ڕۆشنبیریاندا پێی هەستان، گوزارشت لە حەقیقەتێکی مێژووی بکات یاخود بە تەنها وەهم بێت، ئەگەر تەنانەت ئەم بەردەوامییە بە جیابوونەوە و دانەبڕاندا هاتبێت یاخود بە کۆمەڵێ دابڕاندا، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە، کە ئەرکی لەسەر ئاستی هۆشیاری: ڕێکخستنی مێژووە بە شێوەیەک، کە مەحاڵە ــ تەنانەت لەسەر ئاستی خەون ــ بۆ گەڕانەوە پێش شوێنی پاش بگرێتەوە. بەم شێوەیەش بە ئاراستەی پاشەڕۆژدا، ڕووبەرووی پاشەڕۆژ دەبنەوە و پرسیاری لێ دەکەن بەبێ ئەوەی نکوڵی لە ڕابردوویان بکەن و وێنەی پاشەڕۆژیشی لێ وەردەگرن. لەم حاڵەتەدا ڕابردوو شوێنی سرووشتیی خۆی لە مێژوودا داگیر دەکات یاخود دەگرێت، هەروەها ئەمەش زۆر گرنگە بۆ هۆشیاریی بە مێژوو. ئەنجامی هەموو ئەمانەش بریتیە لەوەی کە کاتێک ئەوروپی مێژووی خۆی دەخوێنێتەوە، لۆژیک و عەقڵی تێدا دەخوێنێتەوە و لەو خوێندنەوەیەشدا گۆشەنیگایەک دەسگیر دەکات بۆ پاشەڕۆژ، کە لەسەر ڕۆڵگێڕانی لەسەر لۆژیک و عەقڵ دەوەستێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە ئێمە بە (تەحەدیاتی سەردەم) ناوی دەبەین، بە نیسبەت ئەوانەوە تەحەدیات نییە، لە دەرەوە هاتبێت، بەڵکە کوڕی ئێستایانە و ئەنجامی زنجیرەیەک پەرەسەندنی پێکەوەبەستراوە لە هۆشیاریدا، لەنێوان ڕابردووئێستایاندا. ئەوان سەردەم تەحەدایان ناکات لەبەرئەوەی سەردەمی خۆیانە، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەوان پێشبڕکێی لەسەر دەکەن و پێشبینی بۆ گرفتەکانی پاشەڕۆژیان دەکەن [مەبەست لە ناوەڕۆکی (سەردەم) ئەوەیە بە نیسبەت (جابری)یەوە، ئەوەندەی ئێمە لێی تێبگەین ــ کە بەشێک نییە لە ژیانی ڕۆشنبیریی عەرەبی، بەڵکە ناوەڕۆکە مادی و مەعنەوییەکەی دەکەوێتە دەرەوە].

بە گوزارشتێکی تر کولتوور لە هۆشیاریی ئەوروپیدا ناچێتە ناو پەیوەندیی گۆڕانگە (تغایر) و پێکدادانەوە لەگەڵ دراوەکانی سەردەم و ئاسۆکانی پاشەڕۆژدا، لەبەرئەوەی گێڕاویانەتەوە، واتە سەرلەنوێ تەرتیبێکی زەمەنییان بۆ کردووە. زەمانیش لای ئەوان هێڵێکی بەیەکگەیەندراوە. ئەمەش ئەو مێژووگەرێتییە کە لەگەڵ عەقڵانیەتدا پاڵپشتێکی سەرەکیی فیکری نوێ و هاوچەرخی ئەوروپین. مێژووگەرێتی و عەقڵانیەتیش دوو ڕەوشتی فیکریی لێکدانەبڕاون. عەقڵانیەت: بەو واتایەی کە (عەقڵ) لە مێژوودا ئامادەگیی تەواوی هەیە لەسەر ئاستی هۆشیاریی مێژوو ڕێکدەخات و لەسەر ئاستی مومارەسەش دەیبزوێنێت. مێژووگەراییش: ئەوەیە کە (مێژوو) لەناو عەقڵدا ئامادەیە و پەندی لێ وەردەگرێت بۆ پێداچوونەوە بە بۆچوونەکانیدا و پشکنینی پرنسیپەکانی و ڕێگای بەرهەمهێنانی.

هەڵبەت بە شێوەیەکی گشتی ئەمە وێنەی هۆشیاریی ئەوروپیە، لەگەڵ گۆشەنیگای پەیوەندیی ڕابردووی بە ئێستایەوە. بێگومان ئەو لایەنانەمان دەرخست و خستە ڕوو، کە بەردەوامی بوون و

دڵنیابوونی فیکری ئەوروپی پێچەوانە دەکاتەوە و لایەنی قەلەق و گرژییەکانیشیمان فەرامۆش کرد، نەک لەبەرئەوەی دەمانەوێت بینای نموونەیەک بکەین، کە خزمەتی بە کێشەکەمان بکات، بەڵکە لەبەرئەوەی هۆشیاریی ئەوروپیی نوێ و هاوچەرخ ئەوەیە، بەڵام لایەنەکەی تری واتە: دیاردەی گرژیی و قەلەق، لە چاخی شانزدەهەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ زیاتر هەندێ دەرکەوتەی کاتیی بوون، کە قەیرانەکانی گەشەکردنیان پێچەوانە کردۆتەوە، ئەمەش بە خێرایی نەخشەی بۆ کێشراوە، یان گوزارشت لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن دەکات لەسەرو کاریگەریی ئەو حاڵەتە یا دەرکەوتە کاتیانەشەوە لە کاروانی فیکریی ئەوروپیدا، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە هەست بە بارستایی و قورسایی ئەو بۆشاییە بکات، کە هۆشیاریی عەرەبیی هاوچەرخ تێیکەوتووە و تێیدا دەژی، بۆشایی نێوان ڕابردووئێستا، بەڵام لێرانەدا حاڵەتی ئەڵمانیا وەردەگرین لە سەدەی هەژدەمیندا، کە نوخبەی ڕۆشنبیری سیادەی جۆرێک لە هۆشیاریی بە دواکەوتنی کرد، بەرامبەر بە فەرەنسا و ئینگلتەرا، بەڵام درێژەی نەکێشا و بەخێرایی لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا یەکیگرتەوە و جووتبۆوە.

ئێستا دەچینە سەر حاڵەتی خۆمان، تەرکیز دەکەینە سەر ڕستێک لەو دراوانەی کە وا دەکات (کولتوور) لە هۆشیاریماندا لە پەیوەندیی گۆڕانگە (تغایر)دا بێت لەگەڵ (تەحەدیاتی سەردەم)دا...

لێرانەدا دەبێت جیاوازی لەنێوان دوو ئاستدا بکەین: گۆڕانگەی بابەتی لەنێوان زانستی ڕابردوو و زانستی ئێستادا، یا لەنێوان فەلسەفەی دوێنێ و ئەمڕۆدا.. ئەم جۆرە گۆڕانگەیە، لێرانەدا ناخەینە ژێر مشتومڕەوە، لەبەرئەوەی تەنها تایبەت نییە بە ئێمەوە، بەڵکە بە شێوەیەکی گشتی بەشێکە لە مێژووی فیکری مرۆڤایەتی، بەڵکە دەتوانین بڵێین، کە مێژووی فیکری ئەوروپی لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەم گۆڕانگەیە، کە دەکەوێتە سەر ئاستی هۆشیاری (هۆشیاریی ئێمە ـ ئێمەی عەرەب)، کە پەیوەندیی نێوان کولتوور و فیکری هاوچەرخ تێیدا بەش بەش و دابڕاوە، پردێک یان هێڵێک بەیەکیانەوە نابەستێتەوە.. تا ئەو ڕادەیەی یەکێک لە ئێمە بە هەڵچوونەوە (بەڵام بە نییەتێکی پاکەوە) هاوار دەکات: [ئەوەی کە دەیڵێم ڕاستە و ئاشکرایە: یان ئەوەتا لە سەردەمەکەماندا بژین بە فیکرەکانی و گرفتەکانیەوە، یاخود ئەوەتا ڕەتی بکەینەوە لە کولتوورەکەماندا بژین.. ئێمە لە مەدا ئازادین، بەڵام خاوەنی ئازادی نیین تاوەکو ئەم دوو فیکرە پێکەوە بگونجێنین (گونجاندن بە مەبەستی یەکخستنیان)]«***»

ئایا لە ڕاستیدا ڕاستە، کە ئێمە خاوەنی ئەو ئازادیە نیین تاوەکو ئەو دوو فیکرەیە یەکخەین..؟ ئەگەر لێرانەدا کارەکە پەیوەندیی بە (یەکخستن)ەوە بێت لەسەر ئاستی یەکەم، واتە ئاستی زانستیی ئێستا و ڕابردوو یا فەلسەفەی ئەمڕۆ و دوێنێ، ئەوا مومکین نییە، نەک تەنها بۆ ئێمە، بەڵکە بۆ غەیری ئێمەش، لێرانەدا شتی وەها نییە (نە لای ئێمە و نە لای غەیری ئێمەش).. کێ داوای ئەوە دەکات، کە فەلسەفە و زانستی دوێنێ شوێنی فەلسەفە و زانستی ئەمڕۆ بگرێتەوە، بەڵام ئاین لای هەموو ئەوەیە، کە ناگۆڕێت، تەنها جۆری تێگەیشتن و پەیوەندیی پێوەی دەگۆڕێت.

بەڵام ئەگەر بێت و کارەکە پەیوەندیی بە (یەکخستن)ی کولتووری ئێمە و فیکری جیهانیی هاوچەرخەوە هەبێت لەسەر ئاستی هۆشیارییمان، ئەوە ئەمە شتێکی ترە. ئەو کات مەسەلەکە ئەوە نییە، کە ڕابردوو جێگای ئێستا و کۆن جێگای نوێ بگرێتەوە، بەڵکە لە سەرەتا و کۆتاییدا بریتیە لە سەرلەنوێ گێڕانەوەی بونیادی هۆشیاریی ڕابردووئێستا و پەیوەندیی نێوانیان، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە نەخشەدانانە بۆ ڕۆشنبیریی ڕابردوو، واتە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی، هەروەها سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی لە هۆشیاریماندا، سەرلەنوێ بونیادنانەوەی وەک کولتوور، کە ئێمە داگیری بکەین بەرلەوەی ئەو داگیرمان بکات.. بەڵام نەخشەدانان بۆ ڕۆشنبیریی پاشەڕۆژ بە واتای فەراهەمکردنی مەرجەکانی مواکبە و بەشداریکردن: مواکبەی فیکری هاوچەرخ بەشداریکردنیش لە دەوڵەمەندکردن و ئاراستەکردنیدا، ئەمە بریتیە لە مانای (سەردەمگەرێتی). کەواتە ئێمە داوای سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوومان دەکەین، بە ژیاندنەوەی زەمەنی و مێژویی نێوان بەشەکانی و بنەچە و لقەکانیشی.

مێژووی ڕۆشنبیریی ئێستامان بە شێوەیەکی گشتی دووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئەو مێژوو ڕۆشنبیرییەیە، کە نەوەکانی پێش ئێمە لەژێر فشاری ململانێی سەردەمەکاندا نووسیویانە و تیایدا ژیاون، بەڵام ئەم دووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەیەش بە شێوەیەکی خراپ. کەواتە تاوەکو ئێستاش ئێمە زیندانی ناو نیگا و مەفاهیم و میتۆدەکانی ئەوانین، کە ئاڕاستەیان کردووین، کە ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی، کە ئێستامان سەرقاڵی گرفتەکانی ڕابردوو بێت، هەروەها بە هەمان ئەو گرفتانەشەوە دەڕوانینە پاشەڕۆژ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کتێب و زانکۆ و قوتابخانەکاندا دەربارەی مێژووی ڕۆشنبیریمان دەیخوێنینەوە، بریتییە لە مێژوویەکی پارچە پارچە، هەروەها بریتییە لە مێژووی جیاوازیی بۆچوون نەک مێژووی بونیادی بۆچوون. هەروەها مێژووی ڕۆشنبیرییمان ئەوەی ئەمڕۆ باوە، مێژووی زانست و هونەری مەعریفەیەکی دابڕاوە لە یەکتر، وێنەیەکی ڕوون و تەواومان پێشکەش ناکات دەربارەی گشتیەتی فیکری عەرەبی، هەروەها نە دەربارەی ململانێ و قۆناغ و پەرەسەندنەکانیشی، بەڵکە (پێشانگا) یان (بازاڕ)ێکمان بۆ شتومەکی ڕۆشنبیری پێشکەش دەکات وەک ئەوەی هەموویان لە یەک زەمەندا ژیابن.. [وەک چۆن لە کاتی کردنەوەی بازاڕێکدا یان پێشانگایەکدا شتومەکی کۆن و نوێ پێکەوە نمایش دەکرێن و پێشکەش دەکرێن]. واتە مێژووی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە کۆمەڵێ ئەڵقە و قۆناغی لەدوایەک پێکنایەن (وەک ئەوەی لە ڕۆشنبیریی باوی ئەمڕۆدا هەستی پێدەکرێت)، بەڵکە بەناویەکداچوون و مان زەمەنیەکەی لە دەست داوە. بەم شێوەیە ئێستاش دەگۆڕێ بۆ ئەو پێشانگایە و لە ڕستەیەکدا دەکرێت بڵێین: بە ڕابردوومانەوە لەناو ئێستادا دەژین.

مێژووی ڕۆشنبیرییمان لە هۆشیاریماندا بە شوێنەوە بەستراوەتەوە زیاتر لەوەی بە زەمەنەوە بەسترابێتەوە: مێژووی ڕۆشنبیرییمان بریتییە لە مێژووی کوفە و بەصرە و دیمەشق و بەغداد و..... هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەگیی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە هۆشیاریی عەرەبیی هاوچەردا نە لەسەر دیاگرونییە نە لەسەر سیاگرونی، بەڵکە ئامادەگی، ئامادەگیەکی نازەمانییە، واتە شتێکە، کە هۆشیاریی مێژووییمان لەسەر کەڵەکەبوون ڕادەگرێت نەک لەسەر دیاگرونی. لەسەر فەوزا نەک لەسەر سیستەمێکی ڕێکوپێک.

دوا شت لەم بارەیەوە سەرنجدانی پەیوەندیی مێژووی ڕۆشنبیرییمانە بە ڕۆشنبیریی جیهانییەوە لەسەر ئاستی گرژی و دابڕان. بێگومان لەسەر حیسابی مێژوومان و لەسەر حیسابی ڕۆڵ و شوێنی لە مێژووی ڕۆشنبیریی جیهانیدا.. بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆشنبیریی عەرەبی لە واقیعدا بە تەنها سلکی پەیوەندی یان ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان یۆنان و ئەوروپا نەبووە (وەک ئەوەی هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕایدەگەیەنن و ئەم ئەڵقەیەش بە کاتیی ناودەبەن لەبەرئەوەی پێیان وایە پاشان ئەوروپا بە خێرایی گەڕایەوە بۆ بنەچە یۆنانیەکە)، بەڵکە بەشێکی گرنگی لە ڕۆشنبیریی یۆنانی بەرهەم هێناوە (وەک زانست و فەلسەفە).. ڕۆشنبیریی ئەوروپیی نوێیش بەرهەمهێنانەوەی ڕۆشنبیریی عەرەبیی ئەودەمە بوو چ وەک زانست و چ وەک فەلسەفەش. بۆیە کەواتە ئامادەگیی ڕۆشنبیریی عەرەبی لە مێژووی جیهانیدا (ئەوروپی) ئامادەگییەکی دامەزرێنەرە نەک بە تەنها ئەڵقەیەکی پەیوەندیەکانی بووبێت، پێویستیشە ئێمە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین و بیچەسپێنین، بە کارکردن بەسەرلەنوێ نووسینەوە و داڕشتنەوەی مێژووی ڕۆشنبیریمان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەشەکانی بە پێی بنەڕەتێکی زانستی و بە ڕۆحێکی ڕەخنەگرانەوە، نەک بە پڕوپاگەندە و بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە.

ئەگەر بێت و ئەو سەرنجانەی پێشەوەمان بە مانای زەروورەتی سەرلەنوێ دڕاشتنەوە و نووسینەوەی مێژووی ڕۆشنبیرییمان بێت، ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە داببڕێت و بە تەنها خۆمان بۆ ڕۆشنبیریی ڕابردوو تەرخان بکەین و ئێستا بە فرفتەکانیەوە و پاشەڕۆژیش بە ئەگەرەکانیەوە فەرامۆش بکەین.. نەخێر، چونکە زەمەن ناوەستێت و تابێت ژیان زیاتر کەڵەکە دەبێت و زیاتر ئاڵۆز و

دژوار دەبێت، ڕاستە کە لە مەیدانی ڕۆشنبیریی ئێستاماندا بەشێکی گەورەی گرفتەکانی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بەڵام هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ گرفتەکانی ڕابردوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت و پێویستە جیاوازی لەنێوان ئەو گرفتانەدا بکەین یاخود لێکتریان جیاکەینەوە لەنێوان ئەوەی ژیان لە ڕابردووی وەردەگرێت بە تەنها و ئەوەشی بە هۆی ئێستا و دراوەکانیەوە تەغزیە دەکرێت.

ئێستا پێویستە لەسەرمان بایەخ بە هەندێ لە گرفتەکانی ئێستای ڕۆشنبیرییمان بدەین و سەرەتا بە یەکێک لەو گرفتانە دەست پێبکەین، کە بە بڕوای ئێمە بە شێوەیەکی خراپ ڕابردووی تێدا بەگەڕ دەخرێت.

کارەکەش پەیوەستە بە مەفهوومی ڕۆشنبیریی نەتەوەییەوە لە پەیوەندییان بە دیاردەی ڕۆشنبیرییەوە. ڕۆشنبیریی عەرەبی بە پێی مێژوویی پایەیەکی سەرەکی پێکهێناوە لە پایەکانی کەسایەتیی عەرەبی و هەروەها خەسڵەتێکی سەرەکییشی بووە لە یەکێتیی ئوممەی عەرەبیدا، بەڵام یەکێتیی ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبیدا (کە ئەمە خەسڵەتێکی دامەزرێنەری ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبییە) بە مانای سەپاندنی جۆرێکی دیاریکراو نییە بەسەر چەشنەکانی ڕۆشنبیرییدا، فرەڕۆشنبیری لە نیشتیمانی عەرەبیدا واقیعێکە، کە نابێت بەسەریدا باز بدەین، بەڵکە بە پێچەوانەوە هەڵبەت دەبێت بە هۆشیارییەوە بەگەڕی بخەین لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی نەتەوەیی عەرەبییدا، هەروەها لە پێناو پەرەپێدان و فراوانکردنی بوارە زیندووەکانیدا.

لێرانەدا لەسەر ئاستی نیشتیمانی عەرەبی، ڕۆشنبیریی هەرێمی (قطرية) ــ کە لە زمان و ناوەرۆک و ڕەگوڕیشەدا عەرەبییەــ برئتییە لە پایەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبی. هەروەها لێرانەدا ڕۆشنبیریی ئەقوامی هەیە (اقوامية) مەبەست لە ڕۆشنبیریی کەمینە ئاینی و ئەتنی و زمانییەکانە، کە لەگەڵ ڕۆشنبیریی عەرەبیدا دەژین و لە هەموو هەرێمە عەرەبییەکاندا ڕۆشنبیریی ڕەسمی پێکدێنێت، چارەسەرکردنی گرفتی فرەڕۆشنبیریی، کە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فرەکەمایەتی، بەبێ فراوانکردنی بازنەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبی، نابێتە چارەسەرکردنێکی نەتەوەیی بۆ ئەم کێشەیە. ئەم شێوەیە پێویستی بە پێداچوونەوەی مەفهوومی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبی هەیە. پێویستە چۆن ئەم پێداچوونەوەیە بکەین..؟

بەر لەوەی وەڵامی (جابری) لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو، پێویستە ئەوەمان لە یاد نەچێت، کە پێشنیارکردن و تەبەنیکردنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی لەم جۆرە، کە بۆ چارەسەرکردنی کەمایەتییەکان دەخرێتە ڕوو لە لایەن ڕۆشنبیرێکی وەک (جابری)یەوە بێگومان لە ناوەرۆکدا بە واتا سۆسیۆلۆجی و سیاسیەکەی ڕۆشنبیریی، پێشنیارکردنی دەمارگیری و جۆرێک لە فاشیزمە. بە دیوێکی تردا ئەمە پێشنیارکردنی چەشنێکە لە ڕۆشنبیری، کە لە سڕینەوە و لەناوبردنی فەرهەنگی بەرامبەر پایەکانی خۆی لەسەر جەستەی هەزارەها کەس دادەڕێژێت. کەم نین نەغمەی لەم جۆرە دەنگانە لەناو ڕۆشنبیریی عەرەبییدا، کە دەبنە بنەمایەکی تیۆری بۆ توندڕەوی و دەمارگیریی نەتەوەیی عەرەبی. ئایا سەیر نییە لەژێر پەردەی کۆمەڵێ بیانوو پاساوی فیکریدا، نەخشەی جەهنەمی بۆ ژیان بخرێتە ڕوو..؟ بە هەر حاڵ دەگەڕێینەوە بۆ لای (جابری).

ئەمڕۆ بۆچوونی باو دەیەوێت خاڵی دەستپێکردنی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی عەرەبی بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی (جاهیلی). ئەمە لە بۆچوونی ئێمەدا سەرەتایەکی تەسکبینانەیە و ڕۆشنبیریی عەرەبی بێ بەش دەکات لە کایە زیندووە مێژووییەکەی و دایدەبڕێت لە ڕەسەنایەتیەکەی. بە بڕوای ئێمە سەرەتای ڕۆشنبیریی نەتەوەیی، ڕۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامییە بەو سیفەتەی پایەیەکی بنەڕەتی و سەرەکیی کەسایەتیی عەرەبییە، کە بریتییە لە سەردەمی (تەدوین)، نەک سەردەمی (جاهیلی)، لەم سەردەمەدا (سەردەمی تەدوین) ڕۆشنبیریی عەرەبی یەکەم نەخشەدانانی فراوانی بە خۆیەوە بینی، هەروەها سەرلەنوێ بونیادی سەردەمی جاهیلی کرایەوە. هەروەها لەم سەردەمەدا ئەو میراتە کۆن و فرە و هەمەچەشنەی، کە لە ڕۆپنبیرییە کۆنەکانی وەک (بابلی و فینیقی و یۆنانی و میسری ئەسکەزانی) مابۆوە و جێیانهێشتبوو، لەگەڵ ڕۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامیدا جووت بوون و دەمج کران. بە گوزارشتێکی تر هەموو میللەتەکانی نیشتیمانی عەرەبی لەم سەردەمەدا بەشدارییان کرد لە

درووستکردنی ڕۆشنبیریی عەرەبییدا، کە پاشان لە کاتێکی وەک ئێستادا، واتە لەم کاتەدا چوارچێوەیەکی مەرجەعیی گشتییە بۆ هەموو ڕۆشنبیرییەکانی ناو نیشتیمانی عەرەبی. بەهۆی بەشدارییەوە لەناو ڕۆشنبیریی عەرەبییدا، فرەپێڕەو و نیگا لە بوارەکانی وەک ئاین و فەلسەفە و زانست کەوتەوە. بە فەلسەفەی زمانی عەرەبییشەوە. بە مانایەکی تر مەبەستمان لەوەیە، کە لەم سەردەمەدا بە تایبەتی ڕۆشنبیریی عەرەبی پایەکانی خۆی فراوان دەکاتەوە و دەیچەسپێنێت، بە تایبەت مەبەستمان لە کاریگەریی نەتەوەیی و یەکخوازیی ڕۆشنبیریی عەرەبییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (جاهیلی)، کە لە لای عەرەب، لەپاش سەردەمی (تەدوین)ەوە بەر لە مێژوو پێکدێنێت، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرییە عەرەبییە یەکگرتووەی، کە بە هۆی ململانێی ڕۆشنبیریی ئایدۆلۆجیەوە لە سەردەمی (تەدوین) درووست بوو، هەروەها لە پێشیشەوە هەلومەرجێکی مێژوویی هەبوو، کە بەشێک بوو لە مێژووی عەرەبی و نەدەکەوتە دەرەوەی مێژووی عەرەبییەوە.

ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی لە ڕۆشنبیریی عەرەبییدا نە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلی بە تەنها، نە بۆ پاش سەردەمی جاهیلیش، بەبێ پێشینەکەی، تەنانەت بە تاقی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تەدوین، سەرباری دەوڵەمدنیشی، بەڵکە بریتییە لەوەی، کە عەرەب هەموو ڕۆژێ درووستی کردووە و درووستی دەکات، بەڵکە هەموو سەعاتێک.

لێرانەدا لەپاڵ مەفهوومی (ڕۆشنبیریی نەتەوەیی)دا ـ ناڵێین لە بەرامبەریدا ـ گرفتی زمان هەیە، زمانی هەندێ لە ڕۆشنبیرییە مەحەلیەکان، ئێمە لەو باوەڕە داین، کە چارەسەری سرووشتی و مێژوویی ئەم گرفتە بریتییە لە گشتکردنەوەی خوێندن و بەعەرەبیکردنی هەروەها بڵاوکردنەوەی مەعریفەی زانستی. زمانی زانستی لە نیشتیمانی عەرەبییدا، لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس، ناشێت هیچ زمانێکی تر بێت جگە لە زمانی عەرەبی بە تەنیا.. بە واتای تەنیا لە زمانی عەرەبی پێکدێت و هیچ زمانێکی تر ئەو توانا و وزەیەی نییە، نەک تەنها لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا وابووە، بەڵکە لەبەرئەوەی لە لایەکی ترەوە هیچ زمان و لەهجەیەکی تر نییە لە نیشتیمانی عەرەبییدا بتوانێ بگۆڕێ بۆ زمانێکی زانستی، جگە لەوەی زمانی عەرەبی شوێنێکی ناسراو و گەورەی لەنێوان زمانە زیندووەکانی جیهاندا داگیرکردووە. لەم بوارەدا (فرەگەرایی)ی خۆی نەفی دەکاتەوە، زمانی عەرەبی دەمێنێتەوە و بەتەنیا خۆی دەستی دەشکێتەوە و دەتوانێ «فرەگەرایی/ التعددیە» بپارێزێت و تێبپەڕێنێت. هەر لە هەمان ئەم چوارچێوەیەدا (واتە ئەو چوارچێوەی پارستنی فرەگەرایی و تێپەڕاندنی).. هەڵبەت دەبێت بەرهەمەکانی یان ڕاستتر بەرهەمهێنراوەکانی ڕۆشنبیرییە ئەقوامییەکان [ڕۆشنبیریی ئەقوامی مەبەستی لە ڕۆشنبیرییە کەمایەتییەکانی ناو نیشتیمانی عەرەبییە] گشت کرێتەوە (تعمیم)، بێگومان بۆ گشتکردنەوەشی دەبێت بە عەرەبی بکرێتەوە [مەبەست لە تەعریبی ئەو ڕۆشنبیرییانەیە] بە عەرەبیکردنیشی بە واتای تێپەڕاندنیان.

لەو کێشانەی کە پێویستە و شیاوە ئاماژەی بۆ بکەین (بەم خێراییە) کێشەی (سەردەمگەرێتی)یە، چونکە تاوەکو ئێستا زیاتر بایەخمان بە مەسەلەی (ڕەسەنایەتی) و (تایبەتمەندێتی) داوە لە ڕۆشنبیرییەکەماندا و بێدەنگییمان کردووە بەرامبەر بەوەی پەیوەندیی بە لایەنی سەردەمگەرێتییەوە هەیە.

لە ڕاستییدا ڕۆشنبیریی ئێستامان مەحکومە بە (بەرامبەر/ آخر) و پاشکۆیەتی، بە قەدەر ئەوەی چۆن مەحکوومە بە ڕۆشنبیریی کۆنمان و پاشکۆیەتی. ئێمە لەو باوەڕە داین ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتی بۆ بەرامبەر مومکین نییە بەبێ ڕزگاربوونی لە پاشکۆیەتیی بۆ ڕابردوو [واتە ڕابردووی ئێمەی عەرەب].. هەڵبەت ڕزگاربوون لە ڕۆشنبیریی بەرامبەر (خۆرئاوا)دا بە مانای داخران نییە.

بۆیەڕزگاربوون لە خۆرئاوا بە مانای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرییەدا بە شێوەیەکی ڕەخنەیی [بێگومان ئێمە لێرانەدا لە بازنەی ڕۆشنبیری و فیکردا قسە دەکەین]، یان چوونەناووەوە لەگەڵیدا لەسەر ئاستێکی ڕەخنەیی و بەتایبەتییش مامەمەڵەیەکی عەقڵانی.

لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و ئەمڕۆ ئێمە زۆر لە دیاردەکانی زەوتکردن بچێژین لەلایەن خۆرئاواوە [مەبەستی زەوتکردنی ژیانی ڕۆشنبیرییە بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن خۆرئاواوە]، ئەوا هۆکەی

ئەوەیە کە ئێمە ئەو ڕۆشنبیرییە دەخوازین بۆئەوەی بەکاری بهێنین.. بۆیە جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەینەوە، کە پێویستە سەرلەنوێ مێژوومان بنووسینەوە بە شێوەیەکی عەقڵانی و بە ڕۆحێکی ڕەخنەییەوە، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئەم شێوە مومارەسە عەقڵانی و ڕەخنەییەوە دەتوانین عەقڵانیەتێکی ڕەسەن و نوێ بەدەستبهێنین، ئەو عەقڵانیەتەی، کە دەتوانێ هەڵگری پرنسیبەکانی زانستی هاوچەرخ بێت.. هەر بۆیە ئەگەر لە پێناوی چارەسەرکردنی ڕابردوومانددا بێت لە هۆشیاریماندا یاخود لە پێناوی بیناکردنی پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریماندا بێت، پێویستە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی زانستی و فەلسەفی بکەین، ئەمە مەرجێکی زۆر پێویستە، کە لە ڕۆشنبیریی ئێستاماندا پێی هەستین.

دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی مامەڵەمان لەگەڵ بابەتەکەدا کرد و چارەسەری ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتیمان لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا کرد لە چوارچێوەی دراوەکانی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا وەک گشتێک لە قۆناغی ئێستایدا، نەک لە چوارچێوەی دراوەکانی ڕۆشنبیریی هەرێمێکی عەرەبیی دیاریکراودا. لە پێناوی یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیەدا و هەروەها لە پێناوی پاساودانی ئەم یەکلاکردنەوەیەدا لە ڕووی تیۆری و مێژووییەوە بە وتووێژکردن دەربارەی پەیوەندیی فیکر بە واقیعەوە و مەرجی بەستنی پەیوەندیی دیالەکتیکیی نێوانیان دەستمان پێکرد، ئەویش بە جەختکردنەوە لەسەر زەرووڕەتی جیاکردنەوەی میتۆدی لەنێوان [سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و تیۆر]دا لە مەیدانی فیکری عەرەبیی ئێستادا تاوەکو توانای ئەوەی هەبێ دەستی بەسەردا بشکێتەوە.

ئێمە ئەو ئیشکالییەتەمان بەستەوە بە ئاستی تیۆرییەوە، لەسەر هەندێ ڕاستیی مێژووییەوە جەختمان لەسەر ئەوەش کردەوە، کە ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا لە ئێستادا بریتی نییە لە کێشە و مەسەلەی (هەڵبژاردن) لەنێوان نموونەی خۆرئاوایی و نموونەی کولتووری عەرەبیی ئیسلامیدا، بەڵکە بە پێچەوانەوە بریتییە لە کێشەی واقیعێک، کە خۆرئاوا لە چوارچێوەی پاوانخوازیی دەستەڵاتیدا سەپاندوویەتی بەسەرماندا، هاوکاتی ئەمەش گشتیکردنەوەی نموونەی ژیانی خۆیەتی بەسەر سەرجەمی جیهاندا. ئەم ئیشکالییەتەش بناغە و خۆراکی خۆی لەو دووفاقیەتەوە وەردەگرێت، کە پێشتر ڕوونمان کردەوە و خستمانە ڕوو.. کەواتە گوزارشتکردنی بە هۆشیاری بەو دووفاقیەتە نزیکترە لەوەی، کە گوزارشتی لێ بکەین بە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی.

ئەوەمان باسکرد کە چۆن پێویستە مامەڵەیەکی ڕێنیسانسی لەگەڵ کولتووردا بکەین هەروەها بە تێروتەسەلی ئەوەشمان خستە ڕوو، کە چۆن پرۆسەی ڕێنیسانسی لە هەلومەرج و بارودۆخی سرووشتیی خۆیدا گوزارشت لە ململانێی نێوان هێزە (نوێخواز) و (موحافزکار) دەکات، کە پەرەسەندنی گشتیی کۆمەڵگە دەیسەپێنێت، ئەو شتەی کە بێگومان دەبێتە پەیوەندیەکی هاوشێوە و ئاڵوگۆڕ لەنێوان جووڵەی فیکر و جووڵەی واقیعدا (واقیعێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی) ئەمەشمان لەناو یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبی و ڕێنیسانسی نوێی ئەورووپیدا ڕوونکردەوە لە ڕێگەی دراوەکانی هەردوو ڕێنیسانسەکەوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا دەتوانین ئەو ململانێیە لەنێوان (نوێخواز) و (تەقلیدی)دا لەسەر ئاستی فیکری و ئایدۆلۆژی بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی بزانین لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بەڵام بارودۆخی ڕێنیسانسی نوێی عەرەبی جیاوازە لە باەودۆخی یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبی، ئەویش بە تایبەت لە مەسەلەیەکی زۆر بنچینەییدا، کە پێشتریش باسمان کرد، بریتییە لەوەی کە ڕێنیسانسی نوێی عەرەبی مەحکوم نییە بە دراوە ناوخۆییەکانی بە تەنها، بەڵکە لەژێر هۆکاری دەرەکیدا ڕاوەستاوە [مەبەست لە خۆرئاوایە/ بەرامبەر]. بەڵێ، مومکینە مەسەلەی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی یان (نوێکردنەوە) پێکەوە ببەستینەوە، هەروەها ئەم بەستنەوەیە لەنێوان پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیشدا مومکینە، بەڵام ئەمە لە کاتێکدا ئەم مەسەلەیەمان لە هەرێمێکی عەرەبیی دیاریکراودا چارەسەر کرد. ئەمە لەبەرئەوەی پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی ئەزموونێکی دیاریکراو و بە واقیعێکی دیاریکراوەوە هەیە،

بۆیە مومکینە ئەو پەیوەندیە بدۆزینەوە و بەدی بکەین، بەڵام ئەمە بابەتی ئێمە نییە، بەڵکە ئەو مەسەلەیەی پێشنیار کراوە بۆمان لە چوارچێوەی (کولتوور و تەحەدیاتی سەردەم)دا ڕەهەندی نەتەوەیی تێدا زاڵە بەسەر ڕەهەندە هەرێمایەتیەکاندا، بەڵکە بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئەم مەسەلەیە [مەبەست لەو ئیشکالییەتەیە لەسەر هەموو ئاستی نیشتیمانی عەرەبیدا] لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی نەتەوەییە، بەو گوزارشتەی کە کولتووری نەتەوەیی بەو پێیەی، کە ڕۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامیە، کولتووری نەتەوەیی هەموو هەرێمە عەرەبەکانە و ناتوانین ئەم کولتوورە بە تەنها ببەستینەوە بە هەرێمێکی عەرەبیی دیاریکراوەوە. لە پاڵ ئەمەشدا ئەم سرووشتە نەتەوەیی و ناهەرێمییەی کولتووری عەرەبیی ئیسلامی بریتییە لەوەی، کە مەسەلەیەکی وەک (تەحەدیاتی سەردەم) بە نیسبەت سەرجەم یان هەموو هەرێمە عەرەبییەکانەوە یەک شتە، لەلایەکی ترەوە واتە بیرکردنەوە لە ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی لە فیکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا بەو سیفەتەی، کە ڕوویەکی تری گرفتەکانی (کولتوور و تەحەدیاتی سەردەم)ە. بە زەرووڕەت مەسەلەیەکی نەتەوەییە چ لەسەر ئاستی لێکدانەوە بێت یاخود لەسەر ئاستی دەرئەنجام. ئێمەش لەم ڕەهەندەوە چارەسەری ئیشکالییەتەکەمان بەوە کرد کە ئیشکالییەتێکی فیکری و ڕۆشنبیرییە، واتە ئیشکالییەتێکی نوخبەی ڕۆشنبیرە لە نیشتیمانی عەرەبیدا. لەم گۆشە نیگایەوە کورتمان کردەوە بۆ شعوری ڕۆشنبیری عەرەب بەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان کولتووری ڕۆشنبیریی نەتەوەیی و فیکری جیهانی هاوچەرخەوە (فیکری خۆرئاوا بەتایبەتی) واتە مەبەستمان لەو بۆشاییەیە، کە ئێمە و خۆرئاوا لێکتر جیادەکاتەوە، بەراوردیشمان کرد لەنێوان ئەو وێنەیەی، کە ڕۆشنبیری ئەورووپی کولتووری خۆی تێدا هەڵگرتووە و بەستراوە بە ئێستایەوە و بە پڕۆژەکانی پاشەڕۆژیەوە و هەست ناکات شتێکی دابڕاوە لێی تاوەکو بکەوێتە نێو پەیوەندییەکی ناتەبا و دژوارەوە لەگەڵیدا.. بەڵام ئەم وێنەیە لای ڕۆشنبیری عەرەب هەست دەکات کە کولتووری عەرەبیی ئیسلامی (بە هەموو لایەنەکانیەوە) لە شوێنێکە و سەردەمی ئێستا و پێداویستیەکانی و پاشەڕۆژ و داواکاریەکانیشی لە شوێنێکی ترە.. بۆیە ئەوەی لە سەرمان پێویستە بە تەنها نەخشەدانان نییە بۆ پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریمان، بەڵکە لە هەمان کاتدا ئەرکی ئێمەیە نەخشەدانیشە بۆ ڕابردووی ڕۆشنبیریمان بەو شێوەیەی سەرلەنوێ ئاستی مێژوویی و زەمەنی ڕێکبخەینەوە و هەموو بەشەکانی مێژووی ڕۆشنبیریمان سەرلەنوێ دامەزرێنینەوە. هەروەها لە لایەکی ترەوە پێویستە لە سەرمان بایەخ بە شتە هاوچەرخ و ئایندەییەکان بدەین، کە مەرجی بەڕەسەنیکردنی هاوچەرخگەرێتییە.

ئەم جارە بۆ دەستپێکردنی ڕێنیسانسێکی تر لە بانگەشەکردنەوە نییە بۆ تەبەنیکردنی نموونەیەکی دیاریکراو، بەڵکە لە ڕەخنەگرتندایە لە هەموو نموونەکان. بەم شێوەیە (جابری) کۆتایی بە باتەکەی دەهێنێت، کە لەژێر ئەم ناونیشانەدا [ئایا ئیشکالاتی ڕەسەنایەتی و سەردەمگەرێتی لە فکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا: ململانێی چینایەتییە یان گرفتێکی ڕۆشنبیری..؟] بۆی پێشنیار کرا بوو.. هەڵبەت دەرفەت نەبوو تاوەکو ئەو گفتوگۆیەشی، کە لە بارەیەوە کراوە ئامادەی بکەم.

## پەراوێزەکان

١ـ زاراوەی ئیشکالییەت (اشکالیة) لەو زاراوانەیە، کە بە ئاسانی واتای فکری و فەلسەفیی خۆی نادات بە دەستەوە. ئەمە یەکێکە لەو موفرەداتە فکریانەی، کە (جابری) زیاد لە چەند جارێک بەکاریدەهێنێت بۆیە گرنگە لێرانەدا بزانین لای جابری چ پێناسەیەکی هەیە. بریتیە لە کۆپێکهاتێک لە پەیوەندییەکان، کە لەناو فکرێکی دیاریکراودا کۆمەڵێ گیروگرفتی زۆر و پێکەوەبەستراو و دانەبڕاو لە یەکتر دەگونجێنێت، کە توانای چارەسەرکردنی هەر یەکێک لەو گیروگرفتانە بە تاقی تەنیا و دابڕاو لە کۆپێکهاتەکە (منظومە) فەراهەم ناکرێت و لە ڕووی تیۆرییشەوە چارەسەر قەبووڵ ناکات ئەگەر بێت و ئەو چارەسەرکردنە لە چوارچێوەیەکی گشتیی وەهادا نەبێت، کە هەموو گیروگرفتەکان پێکەوە بگرێتەوە یان بگرێتە خۆی. بۆ زیاتر تێگەیشتن

دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ: [نحن والتراث، قراءات في تراثنا الفلسفي. د. محمد عابد الجابري. ط٣، ص٣٩. المركز الثقافي العربي، بيروت].

٢ــ مەبەستی (جابری) لە پەیوەندیی ڕێژەیی نێوان فکر و واقیع یاخود ڕاستتر: فکر بە واقیعەوە ئەوەیە، کە ئەگەر بێت و هەر واقیعێک هەلومەرجێکی ناوەکی و بنچینەیی نەبیات بەڕێوە، ئەوا بێگومان جووڵەی فکر بە جووڵەی واقیعەوە دەبێتە جووڵە و پەیوەندییەکی سەربەخۆ و ڕێژەیی. بۆ بەگەڕخستنی ئەم پێشنیازە فکرییەش گەشتێکمان بەناو یەکەم ڕێنیسانسی نوێی ئەورووپی و پاشانیش ڕێنیسانسی نوێی عەرەبیدا پێ دەکات. لە ڕێنسانسی نوێی ئەورووپی و یەکەم ڕێنیسانسی عەرەبیدا کارەکە پێچەوانەی ئەم پێشنیازەیە و بەڵکە بە پێچەوانەوە فکر و واقیع لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و دیالەکتیکیدان و ململانێی نێوان هێزە تەقلیدی و نوێخوازەکانیش ڕەوایەتیەکی مێژوویی خۆی هەیە و دەرئەنجامی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام لە ڕێنیسانسی نوێی عەرەبیدا بەو پێیەی، کە دەرئەنجامی هۆکارێکی دەرەکیە، واتە هەڕەشەیەک کە بە هۆی دەرەوە (مەبەست لە خۆرئاوایە بە تایبەتی) لە سەریەتی، ئەم ڕێنیسانسە نابێتە خاوەنی هەلومەرجێکی ناوەکیی وەها کە پەیوەندیی دیالەکتیکانەی نێوان فکر بە واقیعەوە ببێتە ڕاستیەک. [بۆ زیاتر تێگەیشتن دەتوانین سەیری پەراوێزی دوای ئەمە بکەین، واتە دووەم].

٣ــ ئەو کاتەی لە خوێندنەوەی باسەکە دەبینەوە، تێدەگەین کە (جابری) ئیشکالییەتی ڕەسەنایەتی/ سەردەمگەرێتی لەناو فکری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا [واتە لە ڕێنیسانسی نوێی عەرەبییەوە تاوەکو ئەمڕۆ] بە ئیشکالییەتێکی تیۆری یان ئیشکالییەتێکی ڕۆشنبیری و فکری ناودێر دەکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەیوەندیی سەربەخۆ و ڕێژەیی فکر بە واقیعەوە، بەو مانایەی کە ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی.. لەبەرئەوە ئەم ئیشکالییەتە بە ئیشکالییەتی نوخبەی ڕۆشنبیریی عەرەبی دەزانێت و بەو شێوەیەش پێناسەی دەکات، کە ئەوە نوخبەی ڕۆشنبیرە، کە شعور بە بۆشاییەک دەکات لەنێوان کولتوور و سەردەمدا.

٤ــ ئیکلیتیزم «Ecletisme» لە عەرەبیدا بەرامبەر بە «التوفیق» دانراوە و هەندێ کاتیش ئەم زاراوەیە (التوفیق) بەرامبەر بە (الانتقاء) دانراوە. ئیکلیتیزم پێڕەوێکە کە ڕاکان کۆناکاتەوە و ناگونجێنێ ئەگەر بێت و لەسەر بناغەیەکی شیاو نەبێت، بەڵام بەرامبەر بەم زاراوەیە، زاراوەی (التلفیق)مان هەیە «Syncretisme »، کە بەپێی فەرهەنگەکەی (جمیل صلیبا) بریتییە لە کۆگرت و کۆمەڵکردنی و گونجاندنی واتا و ڕای جیاواز لەناو یەک پێڕەودا.. بەڵام پێدەچێت ئەوەی کە کۆیدەکاتەوە ڕێک نەبن و تەبا نەبن بە هۆی پەینەبردن بەناواخنیان و پەینەبردن بە قووڵاییان، بەڵام جیاوازیی (التوفیق) لە (التلفیق) لەوە دایە، کە (التوفیق) لەپێناوی ڕێکخستنی ئەوانەی کە دەیانگوجنێت بە دیقەتەوە قووڵدەبێتەوە بۆ یەککگرتنێکی پەیوەست بە یەکتر. بۆ زیادتر ڕوونکردنەوە بڕوانە[النهج، استعاده التنویر، محمد جمال باروت، ٢١، شتاء ٢٠٠٠، ص١٠٢].

٥ــ لەم بارەیەوە دەتوانین بڕوانینە ئەم لێکۆڵینەوەیە [تطور الانتلجانسیا المغربیه: الاصاله والتحدیث في المغرب، د. محمد عابد الجابري، دراسات عربیه، العددان (١.٢) السنه (٢٠) نوفمبر ــ دیسمبر ١٩٨٣].. هەڵبەت خوێندنەوەی هەمان ئیشکالییەتە، بەڵام لەناو ئەزموونی هەرێمێکی عەرەبیی دیاریکراوی وەک (مەغریب)دا.

**سەرچاوە:**

التراث وتحديات العصر في الوطن العربي:
(الاصالة والمعاصرة، بحوث ومناقشات، مركز دراسات الوحدة العربية،
بيروت، الطبعة الاولى، آب ١٩٨٥.

٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠
دیمەشق

* «کولتوور و تەحەدیاتی سەردەم» ناونیشانی سەرەکیی ئەو زنجیرە مێزگردەیە، کە ساڵی ١٩٨٥ بە چاپگەیاندراوە و ئەم بابەتەی «جابری»یش لە چوارچێوەی ئەو زنجیرەدا پێشکەش کراوە.

** ئایەتی (٧٨) سوورەتی (الحج).

*** زکی نجیب محمود، تجدید العقل العربي، بیروت، دار الشرق، ١٩٧١، ص١٨٩

# نەتەوە چییە؟(١)

## نووسینی: ئێرنێست ڕێنان

### وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: حەسەنی قازی *

ئەوەی ئەمن ئەمڕۆ پێشنیاردەکەم بیکەین ئەوەیە کە بەیەکەوە لەگەڵ ئێوە بیرێک تاووتوێبکەین، هەرچەند ڕواڵەتانە ڕوونیشە، دەکرێ بە شێوەی هەرە مەترسیدار بە خراپ لێکبدرێتەوە.

ئەو کۆمە بەربڵاوەی ئینسانان (لەبەرچاوبگرن) وا لە چین، میسر یان بابیلۆنیای کۆن دەژیان، هۆزەکانی عیبری و عەرەب، شار بەو شێوەیەی لە ئاتین یان سپارتاهە بوو، وە سەریەککەوتنەوەی خاکی جۆربەجۆر لە ئیمپراتۆری کارولینگدا، ئەو جڤاتانەی کە چ پاتری (Patrie)یان نییە و تەنها لە سۆنگەی بەسترانەوەی دینی بەیەکەوە ڕاگیراون، هەروەک لە نموونەی بەنی ئیسرایلییەکان و پارسەکاندا دەردەکەوێ، نەتەوەکان، وەکو فرانسە، ئینگلستان و زۆربەی دەوڵەتە نوێباو (modern)ـەکانی سەروەری ئوروپا، کۆنفیدراسیۆنەکان، وەک ئەوەی لە سویس یان لە ئەمریکا هەیە، و پێوەندی، وەک ئەو پێوەندییە ڕەگەزییەی، یان ڕاستتر زمانییەی، لە نێوان لکە جیاوازەکانی گەلانی ئاڵمان یان سلاڤ دامەزراوە. هەر کان لەو دەستانە هەن، یان هەبوونە و ئاکامی هەرە خراپی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بێتوو مرۆ یەکیانی لەگەڵ هەر کامێکیان لێبگۆڕێ. لە سەردەمی شۆڕشی فرانسەدا، بەگشتی باوەڕێکی وەها هەبوو کە ئەو داو و دەزگا (institution)یانەی بۆ (بەڕێوەبردنی) شاری بچووک، سەربەخۆ، وەکو سپارتا و ڕۆم لەباربوون، دەکرێ بۆ نەتەوە گەورەکانیشمان، کە ژمارەیان دەگاتە سی یان چل ملیۆن کەس، بەکاربێن. لەم ڕۆژگارەدا، هەڵەیەکی زۆر ناخۆشتر دەکرێ: ڕەگەز و نەتەوە لەگەڵ یەک تاقوجووت دەکرێن و سەروەرییەکی وێکچوو سەبارەت بەو گەلانەی کە هەن وەپاڵ دەستەی ئێتنۆگرافی یان، ڕاستتر دەستەی زمانی دەدرێ.

ئێستا ئەمن دەمەوێ هەوڵبدەم ئەو بابەتە دژوارانە تاڕادەیەک تاوتوێبکەم و وردیانکەمەوە، چونکو ئەگەر لە سەرەتای باسێکدا مانای وشان بڕێکیش تێکەڵبکرێن، لەوانەیە لا ئاخریدا بگاتە هەڵەی هەرە بە مەترسی. ئەوەی من لێرەدا دەیکەم شتێکی ناسکە، تا ڕادەیەک وە توێکاری (vivisection) دەچێ، ئەمن هەر ئەوەندە خۆم بە ژینەوە خەریکدەکەم کە ئەمڕۆ خۆی بە مەرگەوە خەریکدەکا. (بۆ ئەو کارە) ئەمن بۆچوونێکی بە گردبڕی هێدی و بێلایەنانە ڕەچاودەکەم.

## 1

لەوەتەی ڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆم، یان ڕاستتر، لەوەتەی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری شارلمان (Charlemagne)، ئوروپای ڕۆژئاوا وەک ئەوەی بە نەتەوان دابەشبووبێ هاتۆتە بەرچاوی ئێمە، کە هێندێک لەو نەتەوانە، لە هێندێک سەروبەندانداـ هەوڵیانداوە هێژیمۆنی (hegemony)یەک بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنن، بەبێ ئەوەی قەت سەرکەوتنێکی بەردەوام و هەمیشەییان هەبووبێ.

زۆر بە زەحمەت ڕێی تێدەچێ کە لە پێشەڕۆژدا کەسێک بتوابێ ئەوە وەدەستبهێنێ کە چارلزی چوارەم، لوویی چواردە و ناپۆلیۆنی یەکەم تێدا سەرنەکەوتن. ئێستا دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی تازەی ڕۆم یان ئیمپراتۆرییەکی تازەی کارولینگ کاری کرانێ نییە. ئوروپا ئەوەندە لەبەریەک دابڕاوە کە هەر تێکۆشانێک بۆ (سازکردنی) زاڵبونی موتڵەق بە خێرایی دەگاتە جۆرە پێکهاتنێک (coalition) کە هەر نەتەوەیەکی زۆر بەرزەفڕبێ بەرەو کەوشەن و سنووری خۆڕستییەکانی خۆی ڕەپاڵ دەنێتەوە (٣) لە مێژە جۆرە هاوسەنگییەک دامەزراوە. فرانسە، ئینگلستان، ئاڵمان و ڕوسیا دەیانەوێ، بۆ چەند سەدەی لەمەودواش، هەرچێکیشیان بەسەربێ، درێژەبدەن بەوەی کە وەکو یەکەی مێژووی تاک بن، داشی سەرەکی لەسەر تەختەی شەترەنج کە دەستکەوتیان بۆ هەمیشە لەباری گرینگی و ئەندازەوە جیاوازدەبێ، بەڵام قەت بە تەواوی تاقوجووت ناکرێن.

نەتەوان، بەو مانایەی ئەم زاراوەیە، بە تەواوی شتی تازەن لە مێژوودا. چاخی عەنتیک (Antiquity) پێینەدەزانین؛ میسر، چین و چاڵدیای کەونینە بەهیچجۆر نەتەوە نەبوون، ئەوان بریتیبوون لە مورید و دەستوپێوەند کە لە لایەن کوڕی ڕۆژ (Son of the Sun) و کوڕی خودا (Son of Heaven)ڕا ڕێبەریدەکران. نە لە میسر و نە لە چین بەو شێوەیە هاووڵاتی لە گۆڕدا نەبوون. (لە) چاخی عەنتیکی کلاسیک، کۆمار، شانشینی شاری، کۆنفیدراسیۆنەکانی کۆماری خۆجێیی و ئیمپراتۆری هەبوون، بەڵام ئەوە هەری زەحمەتە بگوترێ نەتەوە هەبووبێ بەم جۆرەی ئێمە لەو زاراوەیە تێدەگەین. ئاتین، سپارتا، تایر و دێدۆن نێوەندی بچووک (بچووک) بوون پڕ لە (هەستی) نیشتمانپەروەرانەی هەرە بەرز، بەڵام (وەکی دی) ئەوان هەر شار بوون بە بوونی خاکی بەڕێژە بەرتەسک. گۆل، سپانیا و ئیتالیا، بەر لە تواندنەوەیان لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆم، بریتیبوون لە کۆی خێڵان، کە زۆرجار لەگەڵ یەکتری پێکدەهاتن، بەڵام چ داو و دەزگایەکی نێوەندی یان سلسلەیان نەبوون. ئیمپراتۆری ئاسۆری، ئیمپراتۆری فارس و ئیمپراتۆرییەکەی ئەسکەندەری گەورەش پاتری نەبوون. قەت نیشتمانپەروەری ئاسۆری لەگۆڕێدا نەبوو، و ئیمپراتۆری فارسیش لە ساختومانتێکی دەرەبەگی (feudal) زیادتر نەبێ شتێک نەبوو. هیچ نەتەوەیەک ڕەچەڵەکی خۆی ناباتەوە سەر کردەوە پڕ لە گێچەڵە گرینگەکانی ئەسکەندەری گەورە. ئەگەرچی ئاکامەکانی بۆ مێژووی گشتی شارستانییەت بەپیت و پێز بوو.

ئیمپراتۆری ڕۆم زیادتر لەوە نزیکبوو (patrie)یەک بێ. زاڵبوونی ڕۆم، ئەگەرچی لە سەرەتاوە زۆر بێبەزە بوو، زوو خۆی خۆشەویستکرد، چونکو قازانجی گەورەی دواییپێدانی شەڕی وەدیهێنا. ئیمپراتۆرییەکە هاوکارییەکەی بەربلاو بوو، هاوواتای نەزم و نیزام، ئاشتی و شارستانییەت بوو. لە دواپلەکانی بوونیدا، کەسانی پایەبەرزی، ئۆسقۆفە ڕووناکبینەکانی، و چینە خوێندەوارەکانی هەستێکی ڕاستەقینەیان لەئاست ئاشتیی ڕۆمی (Pax Romana) هەبوو، کە خۆی لەبەر بیسەر و بەریی هەڕەشاوی بابڕایەتی (barbarism) ڕاگرت. بەڵام ناکرێ بە ئیمپراتۆرییەک کە دوازدە هێندەی فرانسەی ئێستا بوو بگووترێ دەوەڵەتێک بە مانای نوێباوی ئەم زاراوەیە. جوێبوونەوەی (ئیمپراتۆرییەکانی) ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (نەدەکرا) خۆی لێبیوێردرێ، و هەوڵەکانی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەک لە گۆل (Gaul)یش، لە سەدەی سێهەمی دوای زایین، سەرنەکەوت. لە ڕاستیدا (ئەوە) دەستدێژی و و پەلامارەکانی ئاڵمانییایی بوون کە پرینسیپێکیان بە دنیا دەناساند کە، دواتر، وەکو بناغەیەک بۆ هەبوونی نەتەوایەتییان (nationalities) بەکارهات.

لە ڕاستیدا گەلانی ئاڵمان، لە دەستدرێژی و پەلامارە گەورەکانیان کە لە سەدەی پێنجی دوای زایینەوە دەستیانپێکرد و هەتا ئاخر پلەکانی داگیرکردن و سەرکەوتنەکانی نۆرمەکان لە سەدەی دەیەم درێژەی کێشا چییان وەدەستهێنا؟ ئەوان زۆر کەم لەسەر گۆڕانی وەچی ڕەگەزی شوێنیان

دانا، بەڵام سلسلە (ی شـایانە) و ئاریسـتـۆکراسـییـەکی سـەربازییـان کـەمـوزۆر بەسـەر بەشـێکی بەربلاوی ئیـمـپـراتۆری کـۆن لە ڕۆژئاوا داسـەپاند، کـە ئەوان نێوی پەلامارەکـانیـان لەخـۆ نا. ئەمـە ڕەچەڵەکی فـرانسـە، بورگـوندی، و لۆمـبـاردی بوو، و ئاخـرەکـەشی، ئی نۆرمـاندی. ئیـمـپـراتۆری فـرانسـەیی هێندە بە خـێـرایی دەسـەڵاتی خـۆی پەرەپێـدا کـە بۆ سـەردەمـایەک، یەکـێـتی ڕۆژئاوای دامـەزراندەوە، بەڵام لـە دەوروبەری نێـوەڕاست سـەدەی نۆیەمـدا بەشـێـوەیەک کـە خـۆی نەگـرێتـەوە تێکقـرمـا؛ دابەشـبـوونی (Verdun) ئەو دابڕانـانەی گـەڵاڵەکـرد کـە لـە بناوانەوە نەگـۆڕبوون و، لەو دەمـییـەوە فرانسـە، ئاڵمـان، ئینگلسـتـان، ئیـتـالیـا و سـپـانیـا ڕێگەی خـۆیان وەبەرگـرت. زۆرجـار بە ڕێپێڵـگەی پێچەڵپێچ و بە نێـوان هـەزارویەک کێشـە و هـەراد، بەرەو ئەوەی کـە ببنە نەتەوەی ئەوتۆی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین خەریکی چرۆدەردنن.

لەڕاستیدا ئەمـە چییە تایبـەتمەندی ئەو دەوڵەتە جیـاوازانە دیاریدەکا؟ ئەمە هاوجـۆشی و تێکەڵاوی بەشـەکـانی دانیشـتـوانیـانە. لەو وڵاتانەی لە سـەرەوە باسکران چ شـتـێک وە ئەوە ناچێ کە ئێـوە لە تورکـیـا دەیبـینین، کـە (تێـیـدا) تورکـەکـان، سـلاڤـەکـان یۆنانییـەکـان، ئەرمـەنییـەکـان، عـەرەبـەکـان، سۆریانییەکان، و کوردەکان ئەمڕۆ هەرئەوەندە لەیەکجیاوازن هەروەک ئەو ڕۆژەی کە دەردەستکران و شکێنران. دوو هەلومـەرجی گرینگ یـارمەتی داوە ئاکامی وا پەیدا بێ. یەکەمـیان، ئەو ڕاسـتییەیە کە گەلانی ئاڵمـانییـایی هەر کە پێوەندی درێژخـایەن یان لەگەڵ گەلانی یۆنـانی و لاتین دامـەزراند زوو (دینی) مـەسـیـحـیـیـان وەخۆکـرد. کـاتێک سـەرکـەوتوو و ژێرکـەوتوو دینیـان وەکو یەکە، یان ڕاسـتـتـر، کـاتێک سـەرکـەوتوو دینی ژێرکـەوتوو وەخـۆدەکا و دێتـە سـەر ئەو دینە، نەزم و نیـزامی تورکی ـ واتە جیـاوازی مـوتڵـەق لە نێوان دانیشـتـوان لە باری دینەکـانیـانەوە ـ چیدیکە ناتوانێ پشت ڕاسـتکاتەوە. هەلومەرجی دووهەم لەبیرچوونەوەی زمانی زماکماکی خۆیان، لەلایەن سەرکەوتووەکانەوە بوو. نەوە و نەتیجەی کلۆڤەکان (Clovis )، و ئالاریک (Alaric)، گوندەبلاد (Gudeblad) ، ئالبیۆن ( Albion)، و ڕۆناڵد (Ronal ) بە زمـانی ڕۆمـی قسـەیاندەکرد. ئەو ڕاسـتـییە بۆخـۆی ئاکامی تایبـەتمەندییـەکی گرینگی دیکە بوو، واتە، ئـەو ڕاسـتـییـەی کـە فـرانکەکـان، بورگـوندییـەکـان، گۆتەکـان، لومـبـاردەکـان و نۆرمەنەکان ژنانێکی زۆرکەمی سەر بە ڕەگەزی خۆیان لەگەڵ بوو. بۆ چەندین وەچان، سـەرۆکەکانیان تەنێ هەر ژنی ئاڵـمـانیـان دەهێنا؛ بـەڵام مـاشـقـەکـانیـان لاتین بوون، هـەروەها ئەو تایەنانەی کـە منداڵەکانیان بەخێودەکردن؛ هۆزەکە هەموو ژنی لاتینییان هێنا؛ ئەوەش مانای ئەوە بوو، لەو کاتەوە کە فرانکەکان و گوتەکان لە خاکی ڕۆمدا خۆیاندەمەزراند، شێوازی فرانکایی (lingua francica )و شێوازی گۆتایی (lingua gothica ) بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیاننەگرت.

ئەمە بەو جۆرە نەبوو کە لە ئینگلستان ڕوویدا، چونکو ساکسۆنەکانی پەلاماردەر بێگومان ژنیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، دانیشتووی سێلتیک خـۆیان دەربازکرد، و جگە لەمە (زمـانی) لاتین چیتر، یان ڕاسـتـتـر، قـەت لە بریتـانیـا زمـانی زاڵ نـەبوو. ئەگـەر لە سـەدەی پێنجـەمدا لـە گـۆل بە گـشـتی بە فرانسـەیی کۆن قـسـەکـرابا کلۆڤـەکـان و گـەلەکـەی قـەت بۆ فـرانسـەیی کـۆن دەسـتـیان لە ئاڵمـانی هەڵنەدەگرت.

ئاکـامی گـرینگی گـشت ئەوانـە ئەمـە بوو، کـە سـەرەڕای زەبروزەنگی بێـسنووری جـمـوجـۆڵی پەلەمـاردەرە ئاڵمـانییـەکـان، ئەو ئاکارەی ئەوان دایانسـەپاند، بەدەم تێـپـەڕینی سـەدەکـانەوە، بوو بە ئاکـاری سـەرەکی نـەتەوە. «فـرانسـە» تەواو ڕەوایانـە بوو بـە نێـوی وڵاتێک کـە بـە کـردەوە تـەنێ کەمایەتییەکی هەستپێنەکراو لە فرانکەکان هاتبوونە ئەوێ. لە سەدەی دەیەمدا لە یەکەم سرووده ڕەمـزییـەکـانـدا (chanson de geste)، کـە ئاوێنـەی بالانوێنی ڕوحـیـیـاتی ئەو سـەردەمـەن، گـشت دانیشتوانی فرانسە فرانسەیین. ئەو بیرەی، کە بە ڕواڵەت دەبوو بە چاو گرێگۆریی تورس (Gregory

(of Tours) (٥)وە ئاشکرابێ، واتە ئەوەی کە دانیشتووی فرانسە لە ڕەگەزی جیاواز پێکهاتوون دوای هیوکاپێ (Hugh Capet) بە هیچجۆر لە (کارەکانی) نووسەران و شاعیرانی فرانسەییدا دیاریینەدەدا. جیاوازی لە نێوان بەگزادە (noble) و ڕەعییەت (serf) زۆر بە وردی و تا ئەو جێیەی بکرێ دیاریکرابوو، بەڵام ئەوە لە هیچ ڕوویەکەوە وەکو جیاوازییەکی ئێتنیکیی نیشاننەدەدرا؛ بەڵکو ئەوە وەکو جیاوازیی لە وێران، خوو و خدە، و خوێندەواریدا دەهاتەگۆڕێ، و گشت ئەوانە بە میرات دەگوێزرانەوە. بە (مێشکی) کەسدا نەدەهات کە ڕەچەڵەکی گشت ئەمانە سەرکەوتن و داگیرکردنێک بووە. نەزم و نیزامێکی درۆزنانە کە بە پێی وی بەگزادەیەتی ڕەچەڵەکەکەی لەبەر ئیمتیازێک بوو کە لە لایەن پادشاوە پێیدرابوو بۆ ئەو خزمەتانەی کە بە نەتەوەی کردووە، جا بۆیە (ئەوەی) کە هەر کەسێکی بەگزادە خۆشەویستێکی ڕێزدارە، وەک باوەڕێک هەر لە سەرەتای سەدەی سێزدەهەمەوە ڕەگی داکوتا. هەمان شت تەقریبەن دوای هەموو سەرکەوتنەکانی نۆرمەنەکان (نۆرماندییەکان) ڕوویدا. دوای یەک یان دوو وەچ پەلاماردەرانی نۆرمەن ئیتر خۆیان پێ لە باقی دانیشتوان لێکنەدەکراوە، ئەگەرچی دەستڕۆیشتوویی ئەوان لەبەر ئەو ڕاستییە لە تەنکەی نەدابوو؛ ئەوان بەگزادەیەتی، ئاکاری نیزامی و نیشتمانپەروەرییەکیان لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتی دەردەستکراو (بەدیاری هێنابوو) کە بەر لەوە خەڵک لەوێ پێیان نەزانیبوو.

لەبیرکردنەوەی، ئەمن تا ئەو جێیەی دەچم بڵێم هەڵەی مێژوویی، هۆکارێکی گرینگە لە سازدکردنی نەتەوەدا، جا بۆیە خۆخەریککردن بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی زۆرجار مەترسییەک پێکدەهێنێ بۆ (پرێنسیپی) نەتەوایەتی. لە ڕاستیدا، لێکۆڵینەوەی مێژویی ڕووناکی دەخاتە سەر (ئەو) کردەوە بە زەبروزەنگانەی کە لە ڕەچەڵەکی هەموو پێکهاتەی (formation) سیاسیدا قەوماون، تەنانەت ئەو چەشنە کردەوانەش کە ئاکامیان لەسەریەک بەکەڵکبوون. یەکێتی هەمیشە بە هۆی دڕەندەیی پێکهاتووە؛ یەکگرتنی سەرووی فرانسە لەگەڵ میدی (Midi) ئاکامی ئەو کوشتوبڕ و تیرۆرەی بوو کە زۆربەی هەرە زۆری ماوەی سەدەیەکی داگرت. ئەگەرچی پادشای فرانسە، ئەگەر من بکرێ بە ڕەپ و ڕوو بڵێم، تەقریبەن نموونەیەکی تەواوبوو لە کارایەک کە لە ماوەیەکی درێژدا (نەتەوەیەکی) وەڕووخست، هەچەندی ئەو یەکێتییەکی هەرە تەواوی نەتەوەیی وای دامەزراند کە پێش ئەو لە وێنەی نەبینرابوو، بەڵام زۆری لێکۆڵیباوە و (ئەسکۆی لە بنی دەرخۆنە وەدەردابا) پاشان و شەوکەتی خۆی کلێس دەکرد. ئەو نەتەوەیەی کە سازیکردبوو بە تف و لەعنەتی دەکرد و، لەم ڕۆژگارەدا، ئەوە تەنێ ئینسانی بە فەرهەنگن کە شتێک سەبارەت بە بایەخەکانی پێشووی و دەستکەوتەکانی دەزانن.

ئەوە (تەنێ) بە ڕێگەی بەراووردکردندایە کە ئەم قانوونە گەورانەی مێژووی ئوروپای ڕۆژئاوا بۆ ئێمە دەبنە شیاوی هەستپێکردن. زۆر لە وڵاتان سەرنەکەوتن لەوەیدا کە پادشای فرانسە توانی، بەشێک لەبەر ملهوڕی خۆی، و بەشتێک بەڕێگەی عەدالەتی خۆیەوە، وەبەری بهێنێ. لەبن تاجی سەنت ستێفان (Saint Stephan)دا مەجارەکان و سلاڤەکان ٨٠٠ ساڵ پێشتر چەندە لەیەکجیاوازبوون هەر ئەوتۆ ماونەتەوە. بنەماڵەی هاپسبۆرگ نەک هەر لەدەستیان نەهاتووە تاکوتەرا (ئێتنیکییە) جیاوازەکانی وا لە قەڵەمڕۆیەکانیاندا هەن لەیەک نزیک کەنەوە و بە یەکەوەیان بلکێنن، (بەڵکو) ئەوانیان لە یەکدی هەڵئاواردووە و زۆرجار یەکیان دەگژی ئەویدیکە بەرداوە. (بۆ نموونە) لە بۆهێما، تاوکوتەرای چیک و ئەڵمانی لە سەرەوەڕا داسەپێندراون، هەر وەک نەوت و ئاو لە شەر بەیەکدا. سیاسەتی تورکی جوێکردنەوەی نەتەوایەتییان بە پێی دینیان بەروبووی زۆر خراپتری لێکەوتەوە، چونکو ئەوە بووە هۆی داڕمانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر ئێوە شارێکی وەکو سالۆنیکا یان سیمیرنا لەبەرچاوبگرن، لەواندا پێنج یان شەش چڤاتان بەدیدەکەن کە هەر کامێکیان بیرەوەری لەمەر خۆیانیان هەیە و تەقریبەن هیچ شتێکی هاوبەشیان بەیەکەوە نییە. لەکاتێکدا جەوهەری هەر

نەتەوەیەک ئەوەیە کە گشت تاکەکانی زۆر شتی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە. هیچ هاووڵاتییەکی فرانسە نازانێ داخودا ئەو بورگاندییەک، ئالانێک، تایفالێک، یان ڤیسیگۆتێکە، بۆیە هەر هاووڵاتییەکی فرانسە دەبوو کوشتوبڕی سەنت بارتۆلۆمیۆ (٦) یان ئەو کۆکوژییەی لە میدی لە سەدەی سێزدەهەم قەومان لەبیربەرێتەوە. لە فرانسە دە بنەماڵەش دەستاناکەون بتوانن بەڵگەی ڕەچەڵەکی فرانسەیی خۆیان بهێننەگۆڕێ، ئەگەر بەڵگەیەکی ئوتۆش هەبێ، لە ئاکامی پێکهاتنی نەزاندراوی زۆر و زەوەند کە پێیان دەکرێ لە هوموو جۆرە نیزامێکی ڕەچەڵەکناسی خەن، هەر کەموکوڕی دەبێ.

کەوابوو نەتەوەی نوێباو ئاکامێکی مێژووییە کە بە هۆی زیجیرەیەک ڕاستی نزیک لەیەک و هاولا سازکراوە. جارجار ڕاستەوخۆ لەبەر ویست و ئیرادەی ئوستانەکان وەدیهاتووە، وەک نموونەی هۆلەند، سویس و بێلژیک، جارجار وشیاریی گشتی ئەوەی پێکهێناوە، سەرکەوتنی وەدرەنگکەوتوو بەسەر بلەوەزییەکانی دەربەگیدا، وەک نموونەی ئیتالیا و ئاڵمان. ئەو پێکهاتانە هەمیشە هۆیەکی قووڵی بوونیان هەبووە (d’ étre raison). لە نموونەی ئاوادا، پرێنسیپەکان هەمیشە بە ڕێگەی قەومانی هەرە چاوەڕواننەکراوەوە سەریانهەڵداوە. بۆیە، لەم سەردەمەی خۆماندا، ئێمە دیومانە ئیتالیا بەڕێگەی شکان یەکیگرت و تورکیاش لەبەر سەرکەوتنەکانی تێکرووخا. هەر شکانێک ئیتالیای بەرەوپێش برد؛ هەر سەرکەوتنەش چارەنووسێکی نەگریس بوو بۆ تورکیا، چونکە (ئێستا) ئیتالیا نەتەوەیەکە، و تورکیا، لەدەرەوەی ئاسیای بچووک، نەتەوەیەک نییە. فرانسە بۆی هەیە شانازی بەوەوە بکا، (کە) بەڕێگەی شۆڕشی فرانسەوە، ڕایگەیاند کە نەتەوەیەک لەخۆیدا هەیە. ئێمە نابێ پێمان ناخۆش بێت ئەگەر (خەڵکی) دیکە لەمبارەیەوە لاساییمانبکەنەوە. ئەوە ئێمە بووین پرێنسیپی نەتەوایەتیمان دامەزراند. بەڵام نەتەوە چییە؟ بۆچی هۆلەند نەتەوەیەکە، لە کاتێکدا هانۆڤەر، یان شازادەنشینی گەورەی پارما (Grand Duchy of Parma) نەتەوە نین؟ ئەوە چۆنە فرانسە درێژە دەدا بەوەی کە نەتەوە بێ، لەکاتێکدا ئەو پرێنسیپەی کە سازیکرد بزربووە؟ ئەوە چۆنە سویس، کە سێ زمان، دوو دین و سێ یان چوار ڕەگەزی تێدایە نەتەوەیەکە، لەکاتێکدا تۆسکانی (Tuscany)، کە ئەوەندە یەکدەستە نەتەوەیەک نییە؟ بۆچی ئۆتریش دەوڵەتێکە، بەڵام نەتەوەیەک نییە؟ بەچ ڕێگەیەکدا پرێنسیپی نەتەوایەتی لە ئی ڕەگەزان دەکرێتەوە (و فەرقیان چییە)؟ ئەوانە ئەو جۆرە پنتانەن ئینسانێک کە بیردەکاتەوە پێی خۆشە یەکلایانکاتەوە، بۆ ئەوەی بیری بحەسێتەوە. بەزەحمەت دەکرێ بگووترێ کە کاروباری ئەم جیهانە بە هۆی ئاوەزی لەم چەشنە ڕادەپەڕێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینسانی شێلگیر (و نەسرەوتوو) پێیان خۆشە ئەو کاروبارانە بە ئاوەزکەن و ئەو ئاڵۆزی و سەرەگێژییە جێبەجێبکەن کە هۆشی ساختە تێیگیراون و سەرەدەری لێناکەن.

## II

ئەگەر مرۆ بییەوێ باوەڕ بە هێندێک لە تیۆریستەکان بکا، نەتەوەیەک بەر هەموو شتێک سلسلەیەکە، نوێنەرایەتی سەرکەوتنێکی پێشووتر دەکا، سلسلەیەکی کە بەر لە هەموو شت وەرگیراوە، و دوایە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەبیرکرا. بە پێی (قسەی) ئەو تیۆریستانەی سەرەوە، دەستەبەندی ئەو ئوستانانەی لەلایەن سلسلەیەکەوە پێکهاتوون، بە شەڕەکانی، بە ژنوشوییەکانی، و بە پەیماننامەکانییەوە لەگەڵ تەواوبوونی ئەو سلسلەیەی کە دایمەزراندبوو تەواودەبێ. ئەوە بە تەواوی ڕاستە کە زۆربەی نەتەوە نوێباوەکان لەلایەن بنەماڵەیەکەوە بە ڕەچەڵەکی دەرەبەگییەوە سازکراون، کە خاکەکەیان کردبووە مارەبڕاوی خۆیان و تا ڕادەیەک گەرایەکی بەنێوەندیکردنیان (centraization) دانابوو. سنوورەکانی فرانسە لە ساڵی ١٧٨٩ نە سنووری خۆڕستی بوون و نە

پێویست بووە وابووبن. ئەو ناوچە بەرینەی کە بنەماڵەی کاپێ لەو خاکە بەرتەسکەی زیادکردبوو کە لە بەر دابەشبوونی (Verdum) پێبڕابوو. لە ڕاستیدا موڵکی شەخسی ئەو بنەماڵەیە بوو. لە ماوەی ئەو سەروبەندەیدا کە ئەو موڵکانە وەسەریەک نران، چ بیری سنووری خۆڕستی لە گۆڕێدا نەبوو، و نە (باسی) مافی نەتەوان، یان ئیرادەی ئوستانان لە گۆڕێدا بوو. یەکێتی ئینگلستان، ئایرلاند و سکاتلەندیش هەروەتر ڕاستییەکی سلسلەیی بوو. هەر ئیتالیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە جێی خۆیدا چەقیبوو. بەرلەوەی ببێ بە نەتەوەیەک، چونکو لەنێو ئەو بنەماڵە زۆر و زەوەندانەی کە حوکمیان دەکرد، پێش لە سەدەی ئێستا، هیچ کامێکیان خۆی وەکو نێوەندی یەکێتییەکەی دانەمەزراندبوو، ئەوە سەیرە، ئەوە بە ڕێگەی دورگەی بێناوی ساردینیا، دابوو، سەرزەوییەکی کە بە زەحمەت ئیتالیایی بوو، کە (بنەماڵەی ساڤۆی) ناوبانگی شایانەی وەرگرت.(٧) هۆڵەند، کە ـ بەڕێگەی کردەوەیەکی قارەمانانەی بڕیاردەرانەوە ـ خۆیسازکرد، ئەگەرچی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بنەماڵەی ئۆرانج دامەزراندووە، ئەو ڕۆژەی ئەم یەکێتییە چەتی تێبکەوێ تووشی مەترسی ڕاستەقینە دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، داخودا قانونێکی ئەوتۆ، گردبڕ و موتلەقە؟ گومانی تێدا نییە کە وانییە. سویس و دەوڵەتە یەکگرتووەکان (ی ئەمریکا)، کە وەک کۆکراوەی کۆما، بە وەسەرخستنی هەنگاوهەنگاو، خۆیان سازداوە، چ بناخەی سلسلەییان نییە. ئەمن باسی ئەو پرسیاوە لە پێوەندی لەگەڵ فرانسەدا ناکەم، چونکو (ئەو دەمی) ئەمن دەبێ لە ووزەمدابێ نهێنییەکانی پێشەڕۆژ بخوێنمەوە بۆ ئەوەی بتوانم کارێکی ئەوتۆ بکەم. ڕێگەمدەن هەر ئەوەندە بڵێم کە چ تەبەعەیەکی شاییبەخۆ ئەو پرێنسیپە گەورە شایانەی فرانسەیی نەبوو، کە بێتوو بەیانی بڕوخێ نەتەوە بتوانێ بەبێ وی لەسەرپێیان ڕاوەستێ. لەوەش زیاتر، سەدەی هەژدەیەم هەموو شتێکی گۆڕیبوو. ئینسان پاش بەماوەی سەدان ساڵ ترۆکران، گەڕابووە سەر خووخدەی چاخی عەنتیک، (جۆرە هەستێکی) ڕێزلەخۆنانی (وەدەستهێنابووەوە)، بیری مافەکانی خۆی (تێدا بووژابووەوە). وشەکانی patrie و هاووڵاتی مانا پێشوەکانی خۆیان وەدەستهێنابووەوە. جا بۆیە ئەوە بوو کە کردەوەی هەرە بوێرانەی کە مێژوو قەتی بە خۆیەوە نەدیبوو بەسەرەنجامگەیشت، کردەوەیەک کە مرۆ دەتوانێ لەگەڵ تێکۆشانێک، لە بواری فیزیۆلۆژیدا بەراووردیکا، واتە ژیاندنەوەی لەشێک بۆ هەوێتی ڕەچەڵەکی خۆی، لەشێک کە مێشک و دڵی لێ دوورخرابووەوە.

بۆیە دەبێ ددانی پێدابهێندرێ کە نەتەوەیەک بەبێ پرنسیپی سلسلەیی دەتوانێ هەبێ، و تەنانەت ئەو نەتەوانەش کە بەدەستی سلسلان سازکراون دەکرێ لەوان جوێبکرێتەوە بەبێ ئەوەی کە هەبوونیان نەمێنێ. پرنسیپی کۆن، کە تەنێ مافی شازادان لەبەرچاودەگرێ؛ چیدیکە ناکرێ ڕابگیرێ؟ (ئێستا) جگە لە مافی سلسلەیی، مافی نەتەوەییش لە گۆڕێدایە. باشە ئەم مافە نەتەوەییە دەبێ لەسەر بناغەی چ پێوانەیەک دابنرێ؟ بە چ نیشانەیەک ڕا مرۆ دەتوانێ بیانناسێتەوە؟ لە چ ڕاستییەکی بەدەرەوەڕا مرۆ دەتوانێ وەدەستی بهێنهێ؟

چەندان بە دڵنیاییەوە دەڵێن کە (نەتەوە) لە ڕەگەزە کەوتووەتەوە دابڕانی ساختە، لە ئاکامی دەربەگی لە بەر ژنوشوویی شایانە، لەبەر کۆنگرە دیپلۆماتییەکان، (ئەو نووسەرانە دەڵێن)، خەریکە دادەتەپێ. ئەوە ڕەگەزی خەڵکێکە کە فیکسدە و بە پتەوی دەمێنێتەوە. ئەوەیە ئەوەی مافێک، ڕەوابوونێک پێکدەهێنێ، بە پێی ئەم تیۆرییەی وا ئێستا ئەمن خەریکم لێرەدا شیدەکەمەوە، خێزانی ئەڵمانیایی، مافی ئەوەی هەیە دەست و پێی بلاوی نەزم و نیزامی ئاڵمانییایی وەکۆکاتەوە، تەنانەت کاتێک ئەو دەست و پێیانەش داوای ئەوەی کە دیسان بخرێنەوە سەر یەک نەهێننە گۆڕێ. مافی نەزم و نیزامی ئاڵمانییایی بەسەر فلان ئوستاندا بەهێزترە لە مافی دانیشتوانی ئەو ئوستانە بەسەر خۆیاندا. بەمشێوەیە جۆرێک مافی ئەزەلی سازدەکرێ کە وە مافی ئیلاهی شایەکان دەچێ؛ واتە

دانانی پرنسیپێکی ئێتنۆگرافی لەجیات مافێکی نەتەوەیی. ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، کە ئەگەر بێتو زاڵبێت، شارستانییەتی ئورووپایی کلێس دەبێ. مافی ئەزەلی ڕەگەزەکان چەندە بەرتەنگ و چەندە بە بەڵایە هەر ئەوەندەش پێشکەوتنی ڕەسەن وەکو پرنسیپی نەتەوایەتی بەحەق و ڕەوایە.

لەناو هۆزەکان و شارەکانی چاخی عەنتیکدا، ئەمن پێی لێدەنێم ڕاستی ڕەگەز، گرینگییەکی زۆری هەبوو. هۆز و شار ئەودەمی تەنێ هەر درێژەی خێزان بوون. لە سپارتا و لە ئاتێن گشت شارومەندەکان کەموزۆر خزمی یەکدی بوون. ئەوە لەناو بەنی ئیسرائیلییەکانیشدا هەر ئاوا بوو؛ ئەوە ئێستاش لەنێو هۆزە عەرەبەکاندا هەر ئاوایە. ئێستا ئێمە ئەگەر لە ئاتین، سپارتا و هۆزی بەنی ئیسرائیلییەوە ببزوێین و بەرو ئیمپراتۆری ڕۆم بێین دۆخەکە بەتەواوی دۆخێکی جیاوازە. ئەو کۆما گەورانەی شاران و ئوستانان کە لە سەرەتاوە بەڕێگەی زەبروزەنگەوە دامەزران، بەڵام ئاخرەکەی لەبەر بەرژەوەندی (هاوبەش) لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستان، بەتەواوی لەیەکتری جیاوازبوون، و زەبری هەرە سەختیان لە بیری ڕەگەز وەشاند. مەسیحایەتی، لەبەر تایبەتمەندی گشتگر و موتلەقی خۆی، هێشتاش زۆر کاریگەرانە لە هەمان ڕێبازدا دەکاربوو؛ مەسیحایەتی هاوکارییەکی نزیکی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم پێکهێناو، بەڕێگەی دەسەڵاتی ئەو دوو هۆکارە لە بەراوردنەشیاوە یەککرانەیەدا، بەسەدان ساڵ باسی (لایەنی) ئێتنۆگرافیکردن لە ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری ئینسانیدا پێشیگیراو ترۆکرا.

دەستدرێژی و هێرشەکانی بابڕیانە، سەرەڕای ڕواڵەتیان، هەنگاوێکی دیکە بوون هەر لە هەمان ڕێبازدا. سەرکەوتن و نێوبانگی شانشینە بابڕییەکان، هیچی بەسەر ئێتنۆگرافییەوە نەبوو، (شکڵ)ی ئەم شانشینانە بەڕێگەی هێز یان هەوەسی پەلاماردەرەکانەوە دەبڕایەوە و دیاریدەکرا. ئەوان بە تەواوی سەبارەت بە ڕەگەزی ئەو خەڵکانەی دەردەستیان دەرکردن بێ تەفاوەت بوون (و گوێیان نەدەدایە ئەوانە کێن). هەر بە ئەو شێوەی ئیمپراتۆری ڕۆم دایهێنابوو. ئیمپراتۆری شارلمان بە شێوەی خۆی خۆیسازکردەوە، واتە، ئیمپراتۆرییەکی تاقانە کە بریتی بوو لە ڕەگەزی هەرە جۆراوجۆر؛ ئەوانەی بەرپرسیاری دابەشبوونی ئیمپراتۆری ڤێردون یان کەوتنە سەرشانی، هەروا کە بە لەسەرەخۆیی خەریکی کێشانی هێڵی دوور و درێژ لە باکووری بەرەو باشوور بوون، بروسکەیەکیش گوێیان نەدەدایە ڕەگەزی ئەو گەلانەی کە دەکەونە دیوی ڕاست یان لای چەپی ئەو هێڵانە. هەر کە سەدەکانی ناوەڕاست (Middle Ages) (بەفری) پیری ڕێدەنیشت، ئاڵوگۆڕی سنوورەکان لەئارادا بوو لەوێش هەر ئاوا چ سرنجێک نەدەدرایە دابەشبوونی ئێتنۆگرافی. ئەو سیاسەتانەی لەلایەن بنەماڵەی (کاپێ)وە پێڕەویدەکران. ئاکامی دەستەبەستنی (خەڵک)، لە ژێر نێوی فرانسە بوو. لە خاک و کەوشەنەکانی کەونارای گۆل دا، ئەوە بەتەنێ لەبەر ئەوە بوو کە ئەو سەرزەوییانە ڕەوتێکی خۆرستییان تێدابوو بۆ ئەوەی (خەڵکەکانی) لەتەک هاوکوفەکانیاندا ڕێکەون. داوفینێ (Dauphinè)، برێسێ (Bresse)، پرۆڤانس (Provence)، و فرانش کۆمتێ (Franche - Comtè) چیتر ئیدی بیریان لە ڕەچەڵەکێکی هاوبەش نەدەکردەوە. تا سەدەی دوویەمی دوای زایین هەموو (جۆرە) ووشارییەکی گالیکی (Gallic) لەنێوچووبوو، و تەنێ ئەوە لە ڕوانگەیەکی بەتەواوی زانایانەوە کە، لە ڕۆژگاری ئێمەدا، فەردییەتی کەسایەتی گالیک بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو دۆزراوەتەوە.

کەوابوو، لەبەرچاوگرتن و مولاحەزەی ئێتنۆگرافی چ دەورێکی لە دامەزراندنی نەتەوە نوێباوەکاندا نەگێڕاوە. فرانسە، (لەیەککاتدا) سێلتێکی (Celtic). ئایێرێک (Iberic)، و ئاڵمانیاییە (Germanice). ئالمان ئاڵمانییای، سێڵتێکی، و سلاڤی (Slav)یە. ئیتالیا وڵاتێکە کە لە باسی ئێتنۆگرافیکردندا جێگەی هەرە تێکەڵاوە. گۆلەکان، ئێتروسکانەکان (Etruscans)، پێلاسگییانەکان

(Pelasgians) (٨) و یۆنانییەکان، (پێکیانهێناوە)، ئیتر باسی زۆر توخمی تر پێویست ناکات، کە لە تێکەڵاوییەکی سەرەدەرلێنەکردوودا بەیەک گەیشتوون. دوورگەکانی بریتانیا (British isels)، ئەگەر بە سەریەکەوە لەبەرچاوبگیرێن، تێکەڵاوییەک لە خوێنی سێلتیکی و ئاڵمانییایی دەنوێنن، دیاریکردنی ڕادەی هەرکامێکیان بە جوێ دژوارە.

ڕاستی ئەوەیە کە چ ڕەگەزی پاک نییە و سیاسەتدارشتن لەسەر بنەمای لێکدانەوەی ئێتنۆگرافی ئەسپاردنی بەدەست خەون و خەیاڵە. وڵاتانی هەرە بە شانوشەوکەت، ئینگلستان، فرانسە و ئیتالیا، ئەو جێیانەن کە خوێنی (دانیشتوانیان) ئی هەرەتێکەڵاوە. داخودا ئالمان لەمبارەیەوە ڕێزپەڕێکە؟ داخودا ئەوێ وڵاتێکی خالیس ئاڵمانیاییە (ئەگەر وادابندرێ) ئەوە خەیاڵێکی بەتەواوی خاوە. هەموو باشووری سەردەمایەک گالیک بوو؛ هەموو ڕۆژهەڵاتی، لە چۆمی ئێلبە (Elbe) بەولاوە، سلاڤە. تەنانەت ئەو بەشانەش لافی ئەوەی پێوەلێدەدرێ بەڕاستی خالیس بن، داخودا بەڕاستی ئاوان؟ ئێمە لێرەدا یەک لەو گرفتانە تاووتوێدەکەین کە سەبارەت بەوی گرینگییەکی هەتا بڵێی زۆری هەیە کە ئێمە بیروڕای ڕوون و ئاشکرامان لەسەری هەبێ و پێش بە چەوت لێتێگەیشتن بگرین.

باس و لێدوان لەسەر ڕەگەز باسێکی بێبنە و کۆتایی نایە، چونکو ئەو مێژوونووسانەی حەزیان لە فیلۆلۆژی (زمانناسی مێژوویە) و ئەو مەردمناسانەی حەزیان لە فیزیۆلۆژی (بەدەنناسی)یە ئەم زاراوەیە بە دوو ڕێگەی بەتەواوی جیاوازەوە لێکدەدەنەوە (٩). بۆ مەردمناسەکان، ڕەگەز هەر هەمان مانای گیانلەبەرناسی (zoology) هەیە؛ کاردەکا بۆ نیشاندانی بنەچەکە (descent)ی ڕاستەقینە، پێوەندییەکی خوێنی. هەرچەند، لێکۆڵینەوەی زمان و مێژوو ناگاتە هەمان دابەشبوونی کە فیزیۆلۆژی دەیگاتێ. وشەی وەکو کورتە جمجمە (brachcephalics)، یان درێژجمجمە (dolichocephalics) نە لە مێژوو و نە لە زماندا چ جێیان نییە. ئەو دەستە ئینسانییەی کە زمانە ئارییەکی (Aryan) و شێوەی ژیانی ئەوانی سازکرد، هەم ئی کورتە جمجمە و هەم ئی درێژجمجمەیان تێدابوو. هەر هەمان شت لەسەر ئەو دەستە سەرەتاییەوە ڕاستە کە ئەو زمان و داو و دەزگایانەی سازکرد کە بە سامی (Semitic) بەنێوبانگن. بە گوتنێکی دی، ڕەچەڵەکی گیانلەبەرناسانەی مرۆڤایەتی ئەوەندەی بڵێی دەکەوێتە پێش ڕەچەڵەکی فەرهەنگ، شارستانییەت و زمان. ئارییەکانی سەرەتایی، سامییەکانی سەرەتایی، دەستە سەرەتاییەکانی تووران چ یەکگرتوویەکی فیزیۆلۆژییان نەبوو. ئەم ڕێزبەستنانە ڕاستی مێژووین کە لە سەردەمێکی تایبەتیدا قەومان، شایەد ١٥٠٠٠ ساڵ یان ٢٠٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش، لە کاتێکدا ڕەچەڵەکی گیانلەبەرناسانەی مرۆڤایەتی لە تاریکییەکی سەرەدەرلێنەکردوودا وونە. ئەوەی لە بواری فیلۆلۆژی و مێژوویەوە زاندراوە ئەوەیە کە ڕەگەزی ئاڵمانییایی چ گومانی تێدا نییە سەر بە خێزانێکی جوێیە لە ناو جۆری ئینسانیدا، بالام داخودا ئەمە خێزانێکی جیاوازە بە مانای مەردمناسانەی ئەم زاراوەیەش؟ بە گردبڕی نا. سەرهەڵدانی (شوناس) هەوییەتێکی تاکی ئاڵمانییایی تەنێ چەند سەدەیەک بەر لە عیسای مەسیح ڕوویدا.

دیارە مرۆ دەزانێ کە ئاڵمانییەکان لەو سەروبەندەدا سەریان لەبن خاکەوە هەڵهێنا. بەرلەوە ئەوان لەتەک سلاڤەکانی سیتیان (Scythians)دا تێکەڵاوبوون و بە کۆمەڵ کۆمەڵی گەورەی نادیار چوونە پاڵیان، ئەوان فەردییەتێکی جیاوازی لەمەڕ خۆیان نەبوو. ئینگیسییەک لە ڕاستیدا وێنەیەکە لەناو گشت مرۆڤایەتیدا. هەرچەند ، ئەو تیپەی کە بە تەواوی بە نابەجێ بە ڕەگەزی ئانگلۆساکسۆن (١٠) نێوژەن دەکرێ نە بریتۆن (Briton)ی زەمانی ژولیوس سێزار، نە ئانگلۆساکسۆنی سەردەمی هێنگیست (Hengist)، نە دەینی (Dane)ی زامانی کانۆت (Canaute)، نە نۆمەنی سەردەمی ویلیامی سەرکەوتووە (William the Conqueror)، بەڵکو تۆڕەمەی هەموویانە. فرانسەییەک، نە گۆلێکە، نە فرانکێک، نە بورگاندییەک، بەڵکو ئەو شتێکە کە لە مەنجەڵێکەوە سەری ودەرناوە کە تێیدا

لە ژێر چاوەدێری پادشای فرانسە، توخمی هەرە جۆربەجۆر بەیەکەوە قوڵتیان دەدا و دەکوڵێن. یەکی جەرسەیی (Jersey) یان گۆڕنسەیی (Guernsey) بە هیچجۆر، تا ئەو جێی باس باسی ڕەچەڵەکییەتی، لەتەک خەڵکی نۆرمەنی قەراخی ئەوبەری جیاوازی نییە. لەسەدەی یازدەهەمدا، تەنانەت چاوی هەر بەکار بڕوسکەیەکیشی جیاوازی لە نێوان ئەوانەی وا لەمبەر و ئەوبەری کاناڵ (Channel)دا دەژیان بەدینەدەکرد. هەلومەرجی بێبایەخ وایکرد کە فیلیپ ئاگوستۆس (Philip Augustus) ئەو دورگانەی لەتەک باقی نۆرمانیدا نەگرت، ئەو دوو خەڵکانە بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ لە یەکتری جوێبوون، و نەک هەر نەبوونە ناسیاوی یەکتری، بەڵکو بەتەواویش لەیەک نەبان بوون. کەوابوو ڕەگەز، بەوجۆرەی کە ئێمەی مێژوونووس لێیتێدەگەین شتێکە کە هەم سازدەکرێ و هەم هەڵدەوەشێندرێ. لێکۆڵینەوەی ڕەگەز بۆ زانایەکی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە خەریکە گرینگییەکی زۆری هەیە، هەرچەند ئەوە لە سیاسەتدا چ کەڵکی نییە. زەینی غەریزی کە چاوەدێری کرد بەسەر کێشان و سازکردنی نەخشەی ئورووپادا چ گوێی نەدا بە ڕەگەز، و نەتەوە پێشەنگەکانی ئوروپا نەتەوەی ئەوتۆن (کە) لە بناوانەوە خوێنیان تێکەڵاوە.

ڕاستی ڕەگەز، کە لە بنچینەوە گرینگ بوو، هەتا دێ گرینگی کەمتر دەبێتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی لە بناوانەوە جیاوازە لە گیانلەبەرناسی و ڕەگەز هەمووشت نییە، ئەو جۆرەی کە لە نێو تۆرەمەی قرتێنەر و جووەران یان تۆرەمەی گورپە ئامالاندا وایە، و مرۆ مافی ئەوەی نییە بە دنیادا بگەڕێ و بەسەری قامکانی لە کەللەسەری خەڵک سرەوێنێ، بەرۆکیان پێبگرێ و بڵێ: «ئێوە لە خوێنی ئێمەن!» بێ لە تایبەتمەندییەکانی مەردمناسانە، شتی ئەوتۆی وەکو ژیری، دادپەروەری، ڕاستی و جوان(ی) هەن، کە بۆ هەمووان وەک یەکن. ئاگاتان لە خۆتان بێ، چونکو ئەو سیاسەتە ئێتنۆگرافییانە بە هیچجۆر شتێکی بەسبات نین و ئەگەر ئەمرۆ ئێوە بە دژی ئەوانی دیکە بەگاریانبهێنن، بەیانی لەوانەیە ببینن کە بەدژی خۆتان هەڵگەڕاوەتەوە. ئێوە دەتوانن لەوە دڵنیابن ئاڵمانییەکان، کە ئاڵای ئێتنۆگرافییان وا بەرزهەڵداوە، ئەوە نەبینن سلاڤەکانیش بە نۆرەی خۆیان دەستبکەن بە لێکدانەوەی نێوی لادێیەکان لە ساکسۆنی (Saxony) و لوساتیا (Lusatia)، بۆ ڕەچەی ویلتزەکان (Wiltzes) یان ئۆبۆتییەکان (Obotrites) بەگرێن، و داوای قەرەبوو بکەن بۆ کۆکوژییەکان و ئەو بە کۆیلەکردنە بەرینانەی کە ئۆتۆسەکان (Ottoss) بەسەر ئەژدادی ئەوانیان هێنا؟ بۆ هەموو لایەک باشە چلۆن لەبیربەرنەوە.

من زۆر حەز لە ئێتنۆگرافی دەکەم، چونکو زانستێکە مرۆ زۆر بەلای خۆیەوە ڕادەکێشێ؛ بەڵام تا ئەو جێیەی ئەمن پێمخۆشە، کە ئەو زانستە ئازاد بێ، و هیوادرام بەبێ کەڵکی سیاسی بێ (و بەو مەبەستە دەکارنەکرێ). لە ئێتنۆگرافیدا، وەک هەموو شێوەکانی لێکۆڵینەوە، سیستمەکان دەگۆڕێن؛ ئەوەش هەلومەرجی پێشکەوتنە. ئەوجا سنوورەکانی دەوڵەتەکان بەدوای ئاڵوگۆڕی زانستدا دەڕۆن. نیشتمانپەروەری کەموزۆر دەبەسترێتەوە بە ووتاری دژیەک. یەک توشی نیشتمانپەروەرێک دێ و دەڵێ: «ئەتۆ لە هەڵەدابووی، خوێنی خۆت لەپێناو فلانە کێشەدا ڕشت؛ ئەتۆ خۆت بە سێڵتێک (a Celt) دادەنا؛ بەهیچجۆر، ئەتۆ ئەڵمانییەکی». دوایە، دە ساڵ دواتر، پێتدەڵێن کە تۆ سلاڤێکی (a Slav). ئەگەر ئێمە نەمانەوێ زانست بشێوێنین، دەبێ لێیگەڕێین بە پێویست نەزانێ لەسەر گشت ئەو گرفتە دژوارانە بیروڕایەک دەربڕێ، کە تێیاندا زۆر بەرژەوەندی لە گۆڕێدان. ئێوە دەکرێ دڵنیابن کە، ئەگەر مرۆ زانست ناچاربکا یەکەم پرێنسیپی خۆی بدا بە دیپلۆماسی، مرۆ زۆر جار وەسەر هەڵەی زۆر زەقی دەپەڕێنێ (flagrant dèlit) زانست کاری زۆر باشتری هەیە بیکات؛ لێگەڕێن با داوامان لەوی هەر ئەوە بێ ڕاستی بدرکێنێ.

ئەوەی هەر ئێستا لەسەر ڕەگەز گوتمان لەمەڕ زمانیش هەر ئاوایە. زمان خەڵک بەرەوە یەکگرتن

بانگ دێڵێ، بەڵام بە تۆبزی کارێکی ئەوتۆیان پێناکات. دەوڵەتە یەکگرتووەکان و ئینگلستان، (وڵاتانی) ئەمریکای لاتین و سپانیا، بە عەینی زمان قسەدەکەن، بەڵام نەتەوەی تاقانە پێکناهێنن. بەپێچەوانە، سویس، کە ئاوا بە جوانی دامەزراوە، لەوەتا لەسەر دڵخوازی بەشە جیاوازەکانی دامەزرا، سێ یان چوار زمانی تێدایە. ئینسان شتێکی تێدایە کە لە زمان بەرزترە، واتە، ئیرادەی سویس بۆ ئەوەی یەکگرتوو بێ، با وەکو جۆربەجۆربوونی دیالێکتەکانی، ڕاستییەکی زۆر گەورەترە لەو یەکسانکردنانەی کە زۆرجار بە ڕێگەی هەنگاوی جۆربەجۆری دڵئێشاندن و تۆراندنەوە کراون.

ڕاستییەکی ئابڕوومەندانە لەمەڕ فرانسە ئەوەیە کە قەت هەوڵی نەداوە بە ڕێگەی هەنگاوی زۆرەملێ و بە تۆبزی یەکێتی زمانی وەدەستنهێنێ. داخودا مرۆ ناکرێ (هەر) هەمان هەست و (هەر) هەمان بیروڕامان و خۆشەویستی بەرامبەر هەمان شتانی بەزمانانی جیاواز هەبێ؟ من هەر ئێستا خەریکبووم باسی بێکەڵکییەکانی دانانی ئەوە سیاسەتی نێونەتەوەییم بە پێی ئێتنۆگرافی دەکرد؛ دانانی ئەو سیاسەتانە بە پێی فیلۆلۆژی بەراوردکارانە چییان لێی کەمتر نییە. با بهێڵین ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە بە دۆڵابانە بە ئازادی تەواو قسەیان لەسەر بکرێ. ڕێگەبدەن ئەوان لەگەڵ بابەت و کاروباری ئەوتۆی کە هێوری و ئارامییان دەشێوێنن تێکەڵنەکرێن. ئەو گرینگییە سیاسییەی کە لە زمانان دەبەسترێتەوە لەوەڕایە کە ئەوان بە نیشانەی ڕەگەز دادەنرێن. هیچشتێک ناکرێ لەوە هەڵەتر بێ. پروسیا (Prussia)، ئەو جێگەیەی کە ئێستا هەر بە ئاڵمانی قسەی تێدادەکرێ، چەند سەدە لەمەوبەر بە سلاڤی دواوە؛ لە وەیڵز بە ئینگلیسی قسەدەکرێ؛ گۆل و سپانیا بە دیالێکتە سەرەتاییەکانی ئالبالونگا (Alba Longa) قسەدەکەن؛ میسر بە عەرەبی دەپەیڤێ؛ دەکرێ نموونەی بێژماری دیکەش بگێڕینەوە. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە سەر ڕەچەڵەک، وەیەکچوونی زمان نیشانە و بەڵگەی وەیەکچوونی ڕەگەزنەبووە. بۆ نموونە هۆزە هەرە بەراییەکانی ئاریایی یان سامی (proto- Aryan or proto- Semetic) لەبەرچاوبگرن؛ لەنێو ئەواندا کۆیلەی ئەوتۆ دەبیندران کە بە هەمان زمانی خاوەنەکانیان (ئاغاکانیان) دەدوان، و هەرچەند ئەو کۆیلانە زۆرجار سەر بە ڕەگەزێکی جوێ لە ئی ئاغاکانیان بوون. ڕێگەمبدەن دووپاتەی بکەمەوە کە ئەو دابەشکردنە زمانییەی هیند و ئورووپایی، سامی یان زمانەکانی دیکە، کە بە ڕێگەی فیلۆلۆژی بەراووردکارانەوە (بەشێوەیەکی) جێی پەسنی ئاوەزانە ڕێکخراون، لەتەک ئەو دابەشبوونانەی وا بە پێی مەردمناسی ساخکراونەتەوە جووت و یەکلانین. زمانەکان پێکهاتەی مێژوویین، کە زۆر کەم باسی ئەوەمان بۆ دەدرکێنن ئەوانەی قسەیان پێدەکەن خوێنیان چییە، و هەرچۆنێک بێت، ناتوانن ئازادیی مرۆ کۆتوبەندکەن کاتێک باسی بڕیاردان سەبارەت بەو خێزانەی مرۆ (دەیەوێ) لە ژیان یان مەرگدا لەگەڵی یەکبگرێ، دێتەگۆڕێ.

ئەو سەرنجە تایبەتییە لەسەر زمان، وەکو فیکر و زکری لەڕادەبەدەر لەسەر ڕەگەز، مەترسی و کەموکوڕی لەمەڕ خۆی هەیە. گەورەکردنەوەی ئەوتۆ مرۆ لە چوارچێوەی فەرهەنگێکی تایبەتیدا دەبەستێتەوە، ئەو فەرهەنگەی بە نەتەوەیی دادەنرێ؛ کە مرۆ خۆی تێیدا تەنگەبەر دەکا، خۆی تێدا دەبەستێتەوە. مرۆ ئەو هەوا خۆشەی لەسەر زەوی بەرینی مرۆڤایەتیدا هەڵیدەمژێ، لەکیس خۆی دەدا بۆئەوەی لە دەیرێکدا لەگەڵ هاوڕێدەکانی خۆی ببەستێتەوە. هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە بۆ مێشک؛ هیچ شتێک ناکرێ لەوە بەپەشێوێنتر بێت بۆ شارستانییەت. با ئەو پرێنسیپە بنەڕەتییە وەلا نەنێین کە ئینسان بوونەوەرێکی بەئاوەز و ئەخلاقییە، بەرلەوەی لە فلان و فیسار زماندا بەندیبکەین، بەرلەوەی ئەندامی فلان یان فیسار ڕەگەز بێت، بەرلەوەی سەر بە فلان و فیسار فەرهەنگ بێ. بەر لە فەرهەنگی فرانسەیی، ئاڵمانی یان ئیتالیایی فەرهەنگێکی ئینسانی هەیە. ئینسانە گەورەکانی چاخی ڕێنیسانس (Renaissance)، لەبەرچاوبگرن، نەفرانسەیی بوون، نە ئیتالیایی و نە ئاڵمانیش. ئەوان بەڕێگەی خۆخەریککردن بە چاخی عەنتیکەوە، نهێنی و زانیارییەکانی ڕوحی مرۆڤایەتییان دیسان دۆزیبووەوە، و بەدڵ و گیان خۆیان لە پێناویدا بەختکرد. بزانن چ دەستکەوتی (گەورە)یان

هەبوو!

ئایینیش ناتوانێ بناغەیەکی لەبار بێت بۆئەوەی نەتەوایەتی نوێباوی لەسەر پێکبێت. لە بناوانەوە، دین کاری بە سەروبەری بوونی دەستەی کۆمەلایەتییەوە هەبوو، کە ئەو دەستە کۆمەلایەتییە بۆخۆی درێژەیەکی خێزان بوو. دین و ڕێوڕەسم بریتیبوون لە ڕێوڕەسمی خێزان. دینی ئاتێن ئایینی ئاتێن خۆی، ئی دامەزرێنەوە ئەفسانەییەکانی بوو. ئایینی قانونەکان وڕێساکانی بوو؛ دەربڕی هیچ جۆرە حوکمی وشک و ڕەقوتەقی ئاسمانی نەبوو. ئەو دینە، بە مانای هەرە بەبڕی ئەم زاراوەیە، دینێکی دەوڵەتی بوو. مرۆ نەیدەتوانی ئاتێنییەک بێت گەر ئەو دینەی ڕەچاونەکردبایە. ئەو دینە، لە بنەڕەتەوە، ئایینێکی ئەوتۆ بوو لە ئاکرۆپۆلیس (Acropolis)دا خۆیدەرخست. سوێندخواردن بە میحرابی ئاگلاورۆس (Aglauros)، وەک ئەوە وابوو کە مرۆ سوێند بخوا کە لە پێناو (parie)دا بمرێ. ئەو ئایینە پێکەڵی پشکهاویشتن (بۆ خزمەتی سەربازی)، یان ڕێوڕەسمی ڕێز لە ئالا نان بۆ (سەدەمی) ئێمەیە. دەستگێرانەوە لە بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمێکی ئاوا، لە کۆمەڵگا نوێباوەکانی ئێمەدا، پێکەڵی ئەوەیە کە مرۆ خۆی لە خزمەتی سەربازی بدزێتەوە. وەک ئەوە وابوو، مرۆ ڕابگەیێنێ کە چبڕ ئاتێنی نییە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ئەوە ئاشکرایە کە ئەو ئایینە چ مانای نەبوو بۆ کەسێکی کە خەڵکی ئاتێن نەبایە؛ هەروەها چ هەوڵێک نەدرا بۆ لێگێڕانەوەی لاوەییان (بۆئەوەی لەگەڵ ئەو دینە کەون) یان ناچاربکرێن بۆ سەروەبەرهێنانی؛ کۆیلەکانی ئاتێن ئەو دینەیان ڕەچاونەدەکرد. لە ژمارەیەک لە کۆمارە چکۆلەکانی سەدەکانی نێوەڕاستیشدا شتەکان هەر ئاوابوون. ئەگەر کەسێک سوێندی بە (سەری) سەنت مارک (Saint Mark) نەخواردبا وەک ڤێنێتایەکی (Venetian) باش چاولێنەدەکرا؛ یان کەسێک ئامالفیتانێکی (Amalfitan) باش نەبوو ئەگەر لە بەهەشتدا سەنت ئاندروو (Andrew)ی لەسەروەری هەموو پیاوە پیرۆزەکان نەبایە. لەو کۆمەڵگا بچوکانەدا، ئەوەی کە ئاخرەکەی بە ئازار یان ملهوڕی داندرا ڕەوا و حەلاڵ بوو و هەروەک ئەو ڕێوڕەسمەی ئەو ڕۆژگارەی ئێمە چاولێدەکرا کاتێک ئێمە پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایکبوون لە باوکی خێزان دەکەین یان پیرۆزباییساڵی تازەی پێدەڵێین.

ئەو بارودۆخەی لە سپارتا و ئاتێندا هەبوون لەو شانشینانەیدا کە دوای فەتحی ئەسکەندەر سەریانهەڵهێنا، و لە ئیمپراتۆری ڕۆمیشدا هەر شوێنیان نەمابوو. ئەو ئەزیەت و ئازارەی لەلایەن ئانتیۆکۆس ئێپیفانێس (Antiochus Epiphanes) وەرێکەوێ بۆ ئەوەی ڕۆژهەلات بۆ ئایینی ژوپیتەر ئۆلیمپوس (Jupiter Olympus) بە چۆکدابهێنێ، ئەو ئازار و ڕاونانانەی لە لایەن ئیمپراتۆری ڕۆمەوە بە مەبەستی پاراستنی دینێکی بەڕواڵەت دەوڵەتی کران (هەموویان) هەڵەی تاوانکارانەو گەوجانەبوون. لە ڕۆژگاری خۆماندا، بارودۆخەکە زۆر ئاشکرایە. ئیتر چ کۆمەلانی ئەوتۆ نین کە (بەکۆمەڵ) باوەڕیان بەشێوە ئاکارێکی بەتەواوی یەکپارچە هەبێ. هەرکەسەی ئەو جۆرەی پێیخۆشە و لەدەستی دێ باوەڕ و کردەوەی (دینی) بەشێوەی خۆی ڕەچاودەکا. چیتر دینێکی دەوڵەتی لەگۆڕێدا نییە؛ مرۆ دەتوانێ فرانسەیی، ئینگلیسی، ئالمانی بێ و دەکرێ کاتۆلیک، پرۆتێستانت یان جولەکەی ئۆرتۆدۆکس بێ، یان سەر بە چ ڕێڕەوێکی دینی نەبێ. دین بووە بە بابەتێکی فەردی و بەستراوەتەوە بە ویژدانی (فەردی) هەرکەسێکەوە. نەتەوان ئیتر بە کاتۆلیکان و پرۆتێستانتان دابەشناکرێن. دین کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر، دەورێکی ئاوا چاوڕاکێشی لە سازبوونی بێلژیکدا گێڕا، گشت گرینگایەتی (پێشووی) خۆی لە داوەری نێوخۆی هەر کامێکیاندا دەپارێزێ، بەلام تەقریبەن بە تەواوی ئەو ڕۆڵەی نەماوە کە یەک لە هۆکارەکان بێ بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی گەلان.

نزیکایەتییەکی بەرژەوەندی بە لێبڕاوی پێوەندییەکی بە توانایە لە نێوان ئینسانانداا. لەگەڵ ئەوەشدا داخودا بەرژەوەندی بەسە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک سازکا؟ ئەمن پێمواية وا نییە. نزیکی بەرژەوەندی ڕێککەوتننامەی بازرگانی دەرەخسێنێ، بەلام نەتەوایەتی لایەنێکی هەستیاری تێدایە؛ لە

هەمانکاتدا ڕوحیشە و لەشیشە؛ تسۆلفەرئاین (Zollverein) (١٢) (یەکێتی گۆمرگی)یەک (patrie) نییە.

جوگرافیا، یان ئەوەی بە سنووری خۆرستی ناسروان، بێگومان دەورێکی گەورە لە بەشبوونی نەتەواندا دەگێڕێ. جوگرافیا یەک لە هۆکارە گرینگەکانە لە مێژوودا، ڕووباران ڕەگەزانیان لەگەڵ ڕاماڵیوە؛ چیایان ئەوانیان لەبەست خستووە. ئەوەی هەوڵیان لایەنگری جولان بووە لەمێژوودا، لەکاتێکدا ئەوەی دواتریان ئەو جولان و بزوتنەی بەرتەنگ کردووە. باوەکو ئەوەش، داخودا دەکرێ مرۆ بڵێ کە هەروەک ئەوەی کە هێندێک لایەن لەسەر ئەو باوەڕەن، سنوورەکانی نەتەوەیەک لەسەر نەخشە کێشراوەتەوە و ئەو نەتەوەیە مافی ئەوەی هەیە بڕیاربدا لەسەر ئەوەی پێویستە بۆ ساخکردنەوە و سەروبەرگرتنی هێندێک تەزار لە نەخشەکەدا، بۆئەوەی (سنووری) بگاتە فلانە چیایەک یان فلانە ڕووبارێک، داخودا بەم شێوەیە جۆرە هەقێکی پێشکەوتنەوە لە خەڵکی تر نادرێ کە خەیاڵ بەرتەنگ دەکاتەوە؟ ئەمن بیرم بۆ چ باوەڕێکی دیکە ناچێ کە زیاتر لەوە زۆردارانەتر یان بکوژانەتر بێ، چونکو ڕێگەدەدا بە ئینسان هەموو جۆرە زەبروزەنگێک پاساوبدا، جارێ بەر لە هەموو شت داخودا ئەوە چیاکان یان ڕووبارەکانن کە دەبێ ئێمە وایدانێین گوایا ئەو سنوورە خۆرستییانەیان سازکردووە؟ قسەی لەسەر نییە کە چیاکان جویدەکەنەوە، بەڵام ڕووبارەکان بە پێچەوانەوە بەرەو یەکگرتن دەخوشن. لەوەش زیاتر، هەموو چیاکان ناتوانن دەوڵەتەکان لەیەکدابڕن. چ دادەبڕێ و چ دانابڕێ؟ لە بیاریتز (Biarritz) وە تا تۆرنیا (Tornea)، تاقە ڕووبارێک نییە کە وەک نیشانەیەکی سنوور لەوی باشتر هەبێ. ئەگەر مێژوو ئاوای فەرمان دابایە، لوار (the Loire)، سەن (the Seine) مەوس (the Meuse)، ئێلبە (the Elbe) یان ئۆدەر (the Oder) دەیانتوانی بە هاسانی وەکو ڕووباری ڕاین (the Rhine) ئەو چۆنییەتەیان هەبایە سنوورێکی خۆرسکی بن، بەوجۆرەی کە بووەتە هۆی ئەو هەموو پێشێلکرانانەی مافی هەرە بنەڕەتی کە بریتییە لە ئیرادە و ویستی ئینسانی. خەڵک باسی سۆنگەی درێژخایەن (ستراتیژی) دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێک موتلەق نییە. ئەوە تەواو ئاشکرایە ئەگەر پێداویستی بخوازێ دەبێ بۆ تێکشکاندنی زۆر بکرێ. بەڵام ئەو بۆ تێکشکاندن و ئیمتیازدانانە نابێ بەبێ سنوور دابندرێن. دەنا ئەگەر وانەبێ هەمووان بەپێی بەرژەوەندی سەربازییان داواکاری خۆیان دەهێننەگۆڕێ، و مرۆ تووشی شەڕی بێپسانەوە دێ. نا خاکیش وەک ڕەگەز نەتەوەیەک سازناکا. خاک بنیات ئامادەدەکا، (واتە) زەمینەی خەبات و کار؛ ئینسان ڕوح ئامادەدەکا. ئینسان هەموو شتێکە لەپێناوی ئەو شتە پیرۆزەیدا کە پێیدەگووترێ گەل. هیچ شتێکی (بەتەواوی) ماددی بەشی ناکا. نەتەوەیەک پرێنسیپێکی ڕوحییە و دەستەیەک نییە لەلایەن تەرحی (شکڵی) زەوییەوە داندرابێ. تا ئێستا ئێمە ئەو شتانەمان دیت وا لەبارنین بۆ سازکردنی پرێنسیپێکی ڕوحی ئەوتۆ، واتە، ڕەگەز، زمان، بەرژەوەندی مادی، بەسترانەوەی دینی، جوگرافیا و پێداویستی عەسکەری. کەوابوو چ شتێکی دیکە پێویستە؟ لە ئەنجامی ئەوەیدا کە پێشتر باسمکرد، ئەمن پێویست ناکا ئێوە بۆ ماوەیەکی درێژتر چاوەڕێکەم.

## III

نەتەوە ڕوحێکە، پرێنسیپێکی ڕوحییە. دوو شتی، کە لەڕاستیدا هەریەکن ئەو ڕوحە یان پرێنسیپی ڕوحییە پێکدەهێنن. یەکیان ڕیشەی لە ڕابردوودایە، یەکیان لە ئێستادا. یەکیان خاوەندییەتێکی هاوبەشە، خاوەندییەتی میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەرییەکان؛ ئەوی دیکەشیان ڕەزایەتی ئێستا و ئەمڕۆیە، ئاواتی بەیەکەوەژیان، ویست و ئیرادەی بەزیندووڕاگرتنی بایەخی ئە میراتەی بەشێوەیەکی دابەشنەکراو بۆ مرۆ ماوەتەوە. ئاغایان، ئینسان بە دیهەوێژی ناکا. نەتەو، وەک تاکەکەس، ترۆپکی

ڕابردوویەکی دوورودرێژی کۆشش و هەوڵدانە، بەختکردن و لەخۆبردووییە. لەناو گشت ئایینەکاندا، ئایینی ئەژدادان ئی هەرە بەرهەقە، چونکو ئەژداد ئێمەیان کردووەتە ئەوەی کە ئێستا ئێمە هەین. ڕابردوویەکی قارەمانانە، ئینسانانی گەورە، شانازی (هەڵبەت من مەبەستم شانازی ڕەسەنە)، ئەوە ئەم دەستمایە کۆمەڵایەتییە کە مرۆ بناغەی بیری نەتەوەیی لەسەر هەڵدەنێ. هەبوونی شانازی هاوبەش لە ڕابردوودا و هەبوونی ئیرادە و ویستێکی هاوبەش لە ئێستادا؛ کردنی کاری گەورە و گران بەیەکەوە، لەڕابردوودا، ـ ئاواتی ئەوەی کە زیادتر و زیادتریش بەیەکەوە بکرێ ـ ئەوانە هەلەمەرجی پێویستن بۆ گەلبوون. مرۆ ئەو قوربانییانەی کە داویەتی بەنیسبەت ئەوەی کە پێی قایل بووە، و بەنیسبەت ئەو ناخۆشی و چەرمەسەرییانەی کە بەسەر هاتووە، خۆشدەوێ. مرۆ ئەو خانووەی پێخۆشە کە سازیکردووە و ئەوەی کە بۆی بەجێماوە. گۆرانی سپارتایی (Spartan) ـ ئێمە ئەوەین ئێوە بوون، ئەوەش دەبین، ئێوەن (١٣) ـ، بەسانایی خۆیەوە پوختەی سروودی هەموو (parie)یەکە.

زۆر بایەختر لە نوختەی گومرکی هاوبەش و سنووران (کە) لەتەک بیروڕودرێژخایەنەکان (ستراتیژییەکان) جۆر دەربێتەوە ڕاستی هاوبەشبوونی، لە ڕابردوودا، لە میراتێکی بەفەخر و پەژیوانیاندا، هەبوونی، بەرنامە (یەکی هاوبەشە) لە ئایەندەدا، کە وەدیبهێندرێ و جێبەجێبکرێ، یان ئەو ڕاستییەی بەیەکەوە ڕەنجدرابێ، چێژ وەرگیرابێ یان هیواکرابێ. ئەوانە ئەم جۆرە شتانەن کە دەکرێ لێیان تێبگەین سەرەڕای جیاوازییەکانی ڕەگەز و زمان. ئەمن هەر ئێستا باسی «بەیەکەوە ڕەنجکێشران»م کرد و لە ڕاستیدا ڕەنج و کوێرەوەری هاوبەش زیادتر لە خۆشی و چێژ یەکگرتوویی پێکدەهێنێ. تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە سەر بیرەوەرییە نەتەوەییەکان، خەم و پەژارەکان بایەخیان لە سەرکەوتنەکان زیادترە، چونکو ئەوان ئەرک دەخەنە (سەر ئەستۆیان)، و پێداویستیان بە تێکۆشانێکی هاوبەش هەیە.

جا بۆیە نەتەوەیەک یەکتێتییەکی بەربڵاوە، کە بەهەستکردن بەو قوبانییانەی کە مرۆ لە ڕابردوودا داوییە و ئەو خۆبەختکردنانەی ئامادەیە لە ئایندەدا بیانکا، دروستبووە. (نەتەوە) نیشانەی ڕابردوویەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا پوختەکراوەتەوە بەهۆی ڕاستییەکی ئاشکراو هەستپێکراوەوە، واتە، پێمل بوون، ئاواتێکی بەڕاشکاوی دەربڕاو بۆ درێژەپێدان بە ژیانێکی هاوبەش. هەبوونی نەتەوەیەک، ئەگەر ماوەم بدەن ئەو ئیستیعارەیە بەکاربهێنم، هەموو پرسییەکی ڕۆژانەیە، هەروەک بوونی تاکێک بریتییە لە داگرتنەوەی بێپسانەوەی ژیان. ئەوە، من زۆر چاک دەزانم، کەمتر لە مافی ئیلاهی لە سروشت بەدەرترە و کەمتربێ بەزترە لە گویا مافی مێژوویی. بەپێی ئەو بیرو زامانانەی من لێرەدا بۆ ئێوەیان پوختەدەکەم، نەتەوەیەک مافی زۆر زیاتری نییە لە پادشایەک بە ئوستانێک بڵێ: «ئێوە سەر بە منن (ئی منن)، ئەمن داگیرتاندەکەم». بەچاو منەوە، ئوستانێک، بریتییە لە دانیشتوانەکانی؛ ئەگەر کەسێک مافی ئەوەی هەبێ کە لە کارێکی ئاوادا ڕاوێژی پێبکرێ، ئەو کەسە دانیشتووی (ئوستانەکە)یە. نەتەوەیەک قەت چ بەرژەوەندییەکی ڕاستەقینەی لە دەسەرخۆخستنەوە یان ڕاگرتنی وڵاتێکدا نییە بەدژ و بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی (ئەو وڵاتە). لەسەریەک، ئارەزووی نەتەوەیەک، تەنیا پێوانەی هەق و ڕەوایە، پێوانەیەکی کە مرۆ هەمیشە دەبێ بگەڕێتەوە سەری و (خۆی پێ ببەستێتەوە). (لێرەدا) ئێمە لەمپەر و تەگەر لە سرشت ـ بەدەر و ئاسمانییە (ئیلاهی)یەکانمان لە سیاسەت دەرهاویشتووە. ئەی چ دەمێنێتەوە؟ ئینسان، بە ئاوات و پێداویستییەکانییەوە، جوێبوونەوە، ئێوە پێتان خۆشە بە من بڵێین، و لە درێژخایەندا، لەبەریەکهەڵوەشانەوەی نەتەوان دەرئەنجامی سیستمێک دەبێ کە ئەو ئۆرگانیزمە کۆنانە دەخاتە بەردەستی ئیرادە و ویستی ئەوتۆ کە زۆرجار ڕوون نین. ئاشکرایە، لە کاروباری ئەوهادا، هیچ پرێنسیپێک نابێ زۆری جەخت لەسەر بکرێ. ڕاستییەکانی ئەو نەزم و نیزامە تەنێ بەتێکڕایی و بە شێوەیەکی زۆر گشتی بەجێ و شیاوی جێبەجێ بوونن. ئیرادە و ویستی ئینسانی دەگۆڕێ و

ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ، بەڵام ئەوە چییە لە بنەوەدا کە ناگۆڕێ؟ نەتەوان شتێکی هەتاهەتایی نین. ئەوان دەستپێکی خۆیان هەیە و تەواویش دەبن. زۆر وێدەچێ کۆنفیدراسیۆنێکی ئورووپایی جێگەیان بگرێتەوە. بەڵام ئەمە قانونی ئەم سەدەیە نییە کە ئێمەی تێدا دەژین. لەسەروبەندی ئێستادا هەبوونی نەتەوان شتێکی چاکە، تەنانەت پێویستییەکیشە، هەبوونی ئەوان دەستەبەری ئازادییە، ئەگەر دنیا هەر قانونێک و هەر ئاغایەکی هەبایە نەدەما و بزردەبوو.

نەتەوەکان بەڕێگەی توانا و دەسەڵاتی جۆرجۆر و زۆرجار ڕقەبەریان لەکاری هاوبەشی شارستانییەتدا بەشداریدەکەن؛ هەرکامێکیان لە کۆنسێرتی گەورەی مرۆڤایەتیدا وەدەنگدەخەن، کە هەرچییەکی بێ ئاواتی واقیعی هەرە مەزنە کە ئێمە پێماندەکرێ وەدەستیبهێنین. تاق کەوتوو، هەر یەکەی خاڵی لاوازی خۆی هەیە. ئەمن زۆرجار بەخۆم دەڵێم تاکێک (فەردێک) کە ئەو کەمایەسییانەی هەبووبێ کە لە نەتەوەکاندا بە تایبەتمەندی چاک دادەندرێن، (واتە) لەسەر بەخودا پەرموون و شایی بە توانایی خۆژیان، ئەوەندە ئینکەبەر، خۆبەزلگر، و بەچەقە و هەرا بوون، و لە سۆنگەی هەر بیانوویەکی بچووک شیر هەڵکێشان، (ئەمانە) ئاکاری هەرە تابشت شکێنی مرۆڤن. بەڵام هەموو ئەو وردە ڕیشە ناخۆشانە لە قەوارەیەکی گشتیدا بزردەبن و بە دیارەوە نابن. مرۆڤایەتی بەستەزمان، بزانە چ کوێرەوەرییەکت دیتووە! هێشتا چەند تاقیکردنەوە و گرفتی دیکە چاوەڕێتدەکات! خۆزگە ڕوحی ژیری و ئاوەز ڕێنوێنت بێ، بۆ ئەوەی لەمەترسی بێژمار بتپارێزێ کە لەسەر ڕێگەت هەڵڕژاوە.

ئاغایان! ڕێگەمبدەن پوختەی (قسەکانم) بڵێم. ئینسان نە کۆیلەی ڕەگەزی خۆی، نە کۆیلەی زمانی، نە ئی دینی، نە ئی بەری ڕووباران و نە کۆیلەی ئەو لایانەیە کە زنجیرەی چیایان خۆیان تێدا ڕاکێشاوە. کۆمەڵێکی مەزن لە ئینسانان، بە بیری ساخ و دڵی گەرمەوە، ئەو جۆرە لە وشیاریی ئەخلاقی پێکدەهێنێ کە ئێمە پێیدەڵێین نەتەوە. تا ئەو کاتەی ئەم وشیارییە ئەخلاقییە بە ڕێگەی قوربانیدان و خۆبەختکردنەوە توانای خۆی دەسەلمێنێ کە پێداویستی بەوەیە تاک قازانجی خۆی لەپێناو قازانجی گشتیدا بنێ. ئەوە بەهەق و ڕەوایە و مافی هەبوونی هەیە. ئەگەر شک و دوودڵی لەمەڕ سنوورەکانی هاتەگۆڕێ، ڕاوێژ بە خڵکی ئەو ناوچانەی بکەن کە کێشەیان لەسەر سازبووە. بێ ئەملا و ئەولا ئەوان مافی ئەەیان هەیە لەسەر کێشەکە بۆچوونی خۆیان بڵێن. ئەو ڕاسپارەدەیە بزە دێنێتە سەر لێوانی خۆبەزلگرانی سیاسەت، ئەو بوونەوەرە دڵنیا و بە متمانانە کە ژیانی خۆیان دەبەتلێن بۆ فریودانی خۆیان و کە، لە بەرزایی پرێنسیپە بەرزترەکانیانەوە زگیان بە پەشێوی و ڕامانە ئاساییەکانی ئێمە دەسووتێ. «نامە خودا! ڕاوێژ بە خەڵکی بکەن»! چ گەمژانە! نموونەیەکی باش لەو بیرە چارەڕەشانەی فرانسەیی کە بەخۆی ڕادەپرموێ و دەڵێ با شەڕ جێی دیپلۆماسی بگرێتەوە بە ڕێگەی میتۆدی سادەی منالانەوە. «ئاغایان! تاوێک ڕاوەتین؛ با فەرمانڕەوای خۆبەزلگران تێپەڕێ؛ بە لەسەرەخۆیی و تابشت سووکایەتی بەهێز و بەدەستەلان وەخۆکەن. لەوانە کە دوای زۆر کرۆکاشی بێکەڵک، خەڵک بادەنەوە سەر چارەسەرەکانی هەرە کەمویستی تەجرەبەی ئێمە. ڕێگەی هەرە باش بۆ بە هەقبوون لە ئایندەدا ئەوەیە، لە هێندێک سەروبەنداندا مرۆ بزانێ چۆن لەوە خۆی بگێرێتەوە کە کۆنینە و لێکەوتووبێ.

* ئەم وتارەی مێژوونووسی گەوەری فرانسەیی ئێرنێست ڕێنان لە سالی ١٨٨٢ لە زانکۆی سۆربۆن

پێشکێشکراوە و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی زانایی و ڕووناکبیریدا سەبارەت بە بابەتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بە سەرچاوەیەکی کلاسیکی دادەنرێ.
«نەتەوە چییە؟» بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی باسی تیۆری لەم بوارەدا بە زمانی کوردی، وەرگێردراوە.

ئەم باسە لە کتێبی «نەتەوە و ڕیوایەت» کە لە لایەن (هۆمی ک. بابا)وە ئیدیت کراوە؛ لە لاپەڕەکانی ٨ ـ ٢٢ وەرگیراوە.
Nation and Naration: Edited by Homi K. Bhabha Routledge. London, 1990

## پەراوێزەکان

(ئەو پەراوێزانەی بە نیشانەی ئەستێرە دەستنیشانکراون ئی وەرگێڕی ئینگلیزین و ئەوانی دی ئی نووسەرن.)
١ ـ ئەم وتارە لە ١١ ی مارسی ١٨٨٢ لە سۆربۆن پێشکێشکراوە. «Qu'est- ce qu' une nation?» لە کۆکراوەی نووسراوەکانی (ڕێنان)داچاۆکراوە.
Oeuvres Comlètes Paris (Paris 1947- 1961) Vol. I, pp. V-907.
وەرگێڕایێکی ئینگلیزی پێشووتر کە من چاوم لێکردووە لە کتێبی
(A. Zimmern (ed.), Modern Political Doctrines (Londeon, 1939), pp. 186-205) دایە.

٢ ـ ئەمن وشەی patrieم لە ماکی فرانسەییدا دەستلێنەداوە و وەک خۆی هێشتوومەتەوە، چونکو بەڕای من وەرگێڕانی بە زمانێکی دیکەی ئورووپایی (یان لە ڕاستیدا بە زمانی نائورووپاییش) دەبێتە هۆی لەنێوچوونی ئەو جۆرە مانایانەی کە ئەم زاراوەیە لە سەرانسەری سەروبەندی ناسیۆنالیزمی لیبرال ـ دیموکراتدا لە ڕۆرێک لە وڵاتاندا هەیبوو. patrie کۆمەڵێک ئاماژەی بە بایەخی پێچەڵپێچ و بەیەکەوەلکاوی تێدایە هەر ئەو جۆرەی کە لە کۆمارخوازییە کلاسیکییەکاندا هەبووە. بەچاو چاوەدێرێکی وەک مارکس، ئەو بایەخانە لە گەپچاڕی ڕەشی ١٨٤٨ بۆ هەمیشە کلێس بوون. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، وەک باسەکانی مارکس لە هەرژدەیەمی برۆمێر (The Eighteenth Brumaire)دا دەگەیەنێ.ئەوان بەردەوامبوون لە شوێنکردن لە ڕێبەڕانی لیبراڵی شۆڕشە ناسیۆنالیستەکان لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەیەمدا ـ ئەگەرچی، ئاشکرایە ئەگەر مرۆ بییەوە بە زاراوەی ئیتالیایی دایڕێژێ (دەبێتە) مۆدێراتی کاڤۆریایی (Cavourian moderate) تا ئەوەی کە باڵی ڕادیکاڵی مازینیایی (Mazzinian) یان گاریباڵدییانە ()بێ. جێی خۆیەتی ئاماژەی پێبکرێ کە لە بواری زاناییدا، کتێبی (١٨٦٤) «The Ancient City»ی (شاری دێرین) فوستل دۆ کولانگ (Fustel de Coulanges)، لێکۆڵینەوەیەکی کە شوێنی قووڵی لەسەر ئێمیل دورکهایم (Emile Durkheim) بەجێهێشت کە زۆر لەوانەیە ڕێنان بۆ خۆی خوێندبییەتەوە دیتنی کۆمارخوازانەی کلاسیکی تێکقەماد کە پیاوانی وەک ڕۆپسپییر و (Robespierre) سەنت ـ یووست (Saint - Just) سەرنجیان دابوویە. (تێبینی وەرگێڕی کوردی: وشەی patrie لەم وەرگێڕانە کوردییەدا هەروک خۆی هاتووە و هەوڵنەدراوە وشەیەکی «هاوتای کوردی» بۆدابندرێ، مانای ئەو زاراوەیە لە ڕوانگەی نووسەرەوە لە نێوەڕۆکی ڕستەکان ڕا ڕووندەبێتەوە.)
٣ ـ بیروباوەڕی سنوورە خۆرستییەکان بەدەم شۆڕشی فرانسەوە بە شێوەیەکی لێبڕاوانانە گەڵاڵەکرا، و بەدووی ویدا لە وڵاتەکانی دیکەی ئورووپاش دەکارکرا، وەکو ئاڵمان یان ئیتالیا؛ ئەو بیروباوەڕە بوو کە لە دانی دوویەمی سەدەی نۆزدەیەمدا (ئاگری) جولانەوەکانی داواکردنەوەی سەرزەوییە لەدەستدراوەکانی هەڵئایساند. پاسادانی ویستنەوەی خاک و قەڵەمڕۆیان زۆر جار بەپشتبەستن بە لێکدانەوەی دەقە کلاسیکەکان وەکو کتێبی جێرمانیا (Germania)ی تسیتوس (Tacitus) یان کۆمیدیا (Commedia)ی دانتی (Dante) دەکرا.
٤ ـ بەشبوونی ڤێردۆن (Verdun) لە (ساڵی ٨٤٣ی دوای زایین) کۆتایی هێنا بە سەروبەندێکی شەڕی ناوخۆیی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆری فرانسەییدا، کە لەو ماوەیەدا نەوەکانی شارلمان (Charlemagne) شەڕی

یەکتریان کردبوو. دوو لەو شانشینانەی کە تازە پێکهاتبوون ئەوەی چارلی کەچەڵ (Charles the Bald) (٧٧ ـ ٨٤٣) و ئەوەی لوویی ئاڵمانی (٨ (٧٦ ـ ٨٤٣)، لە بواری خاک و کەوشەنەوە، ڤۆرە وێکچوونێکیان لەتەک فرانسەی نوێباو و ئاڵمانی نوێباوەوە پێوەدیارە. لەوەش زیادتر، کارێکی زۆر کراوە لەسەر چونییەتی (سوێندنامەکانی) شتراسبوورگ، کە لوویی و چارڵ سوێندیان پێخوارد بۆ ئەرتەشەکانی یەکتر، بەفرانسەیی کۆن و بە ئاڵمانی سەرووی کۆنن (ئەم دەقە) زۆر جار وەکو یەکەم دەق بە زمانی ڕۆمی دادەنرێ (کە جیاواز بووە لە لاتین) و هەروەها، وەکو یەکەم ڕەمزی پەیدابوونی نەتەوەکانی فرانسە (و ئاڵمانی).

٥ ـ گرێگۆریی تورس (Gregory of Tours) (تەقریبەن ٩٤ ـ ٥٣٩) گالۆ: ڕۆمانێک (Gallo- Roman) و ئۆسقۆفی تورس بوو لە ساڵی ٥٧٣ وە تا ٥٩٤. (کتێبەکەی) (History of the Franks) (مێژووی فرانکەکان) باسی ژیان لە گۆڵی مێرۆڤینگیای (Merovingian Gaul) دەکا.

٦ ـ بە بۆنەی کۆکوژی سەنت بارتۆلۆمیۆ (Saint Batholomew)وە، لە ساڵی ١٥٧٢، بە هەزاران هۆگونۆت () کوژران. ئەوە قەومانێک بوو کە دەرئەنجامی زۆر گرینگی لەسەر مێژووی فرانسە بەگشتی، و بۆ بەرەوپێشبردنە تیۆری سیاسی بەتایبەتی هەبوو.

٧ ـ بنەماڵەی ساڤۆی نێوبانگی شایانەی خۆی دەباتەوە سەر وەگیرخستنی ساردینیا (Sardinia) لە ساڵی ١٧٢٠.

٨ ـ لەسەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا، باوەڕ وابوو کە پلاسگیاکان (Pelasgians) دانیشتوانی ماکی ئیتالیا بووین.

٩ ـ ئەمن ئەو نوختەیەم لە وتارێکدا بە وردەڕیشە لە (بولتەنی کۆمەڵەی زانستی فرانسە) ١٠ی مارسی ١٨٧٨ (Association Scientifique de France)دا شـــــیکردۆتەوە «Des services Rendux aux Sciences historiques par la Philologie».

١٠ ـ ئۆوە ئاڵمانیاییەکان لە شانشینی یەکگرتوو (United Kingdom)دا زیاتر بەرچاونین لەوەی کە ئەوان لە فرانسە هەبوون، کاتێک ئالزاس (Alsace) و مێتس (Mets)ی لەبەردەستدا بوو. ئەگەر زمانی ئاڵمانیایی بەسەر دورگە بریتانایەکاندا زاڵبووبایە، بە سانایی لەبەر ئەوە بوو، چونکو بەتەواوی جێگەی زمانانی سێلتیکی (Celtic) نەگرتبووەوە، بەو جۆرەی لە گۆل (Gaul) کردبووی.

١١ ـ تسۆل فەرئاین (Zollverein) وشەی ئاڵمانییە بۆ یەکێتی گومرکی. هەم ئەوانەی کە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی ناسیۆنالیستی، بۆرژوازی کردووە و شیکەرەوەکانی دواتر لەسەر پێوەندیی نێوان کێشەی ناسیۆنالیستی و بازرگانی ئازاد لە چوارچێوەی خاکێکی تاقدا پێدادەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ئی. جەی. هاوبسماوم (E. J. Hobsbawm) لە کتێبەکەیدا (The Age of Revolution) (چاخی شۆڕش) لاپەڕەکانی ٨ ـ ١٦٦، (لەندەن ١٩٦٢) هێندێک ڕووناکی دەخاتە سەر بە هەڵبژاردە دوانەکانی (aphorism)ی ڕێنان، دەوێدا پێشەنگی ناسیۆنالیزمی ئوروپاییی لە ساڵانی ١٨٣٠ ـ ١٨٤٠دا وەنەبێ چینی بازرگان بووبێ، بوڵکو «توێژی خوارەوە و مامناوەنجی کارزان، کاربەدەست و ڕووناکبیران، بە گوتنێکی دی، چینە خوێندەوارەکان بوون». لە ئاستێکی دیکەدا بۆچوونی ڕێنان، هەژەندی وی دەردرکێنێ لە شکانی فرانسە بەدەست پروسیا لە شەڕی فرانسە ـ پروسیادا، کە باسی ئەمە هەم لە نووسراوە سەرەکییەکان و هەم لە نووسینە نێوبەنێوەکانیدا هاتووەتەگۆڕێ.

١٣ ـ ئەو جۆرە کێلنووسانە (epitaphs) بەشێک لە سەرچاوەی باوی ناسیۆنالیزمی بەرایی سەدەی نۆزدەهەم بوون. هەروەک «نیشتمانپەروەری» (canzoni) لێئۆپارد وەڕووی دەخا.

# کورتە مێژوویەکی تازەگەری لە هونەری شێوەکاری ڕۆژئاوادا

«بەشی پێنجەم»

## تەجرید

نووسینی: گارا

فاسیلی کاندنسکی لەساڵی ١٩٠٩ لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا ئەم دێڕانەی لە دەفتەری یادگارییەکانیدا نوسیوە: « ئێوارە کاتێک بە خۆم و تفاقی ڕەسمکردنەوە لە کارکردن گەڕامەوە، هێشتا هۆش و خەیاڵم لای ئەو تابلۆیە بوو کە ئەمڕۆ کارم تیا کردبوو، لە کاتێکدا لە ناو ستۆدیۆکەمدا تابلۆیەکی درەوشاوەو جوانم بەرچاوکەوت، حەپەسام، بەڵام پاش وردبوونەوە لە تابلۆکە، کە تەنیا لە ڕەنگ و شێوە پێکهاتبوو بێ دەرکەوتنی هیچ بابەتێک، یەکسەر کانگای نهێنییەکەم دۆزییەوە، ئەمە تابلۆیەکی خۆمەو بە ڕێکەوت بە لابەلا لەقەد دیوارەکە دامنابوو، بۆ ڕۆژی دوایی لە بەر ڕوناکی خۆردا تەماشامکردو لێیوردبوومەوە، بۆم دەرکەوت کە فیگور تابلۆکانی من تێکدەدەن»

کاندنسکی ئەو ڕێکەوتەی نەخستە پشتگوێ و بە وردی بیری لێکردەوە، هەر بۆیەش لە ڕۆژی دووهەمدا جارێکی دی تابلۆکەی دووبارە لەبەر تیشکی خۆردا تەماشاکردەوەو بیری لەو ڕێکەوتە کردەوە. ئاشکرایە تەنیا ڕێکەوت ڕێنمای کاندنسکی نەبووە، بەڵکو بایەخدانی خودی کاندنسکی بوو بەوەی تابلۆکە لە گۆشەنیگایەک و ڕوانگەیەکی دیکەوە ببینێت.

جگە لەم چیرۆکە، کاندنسکی چیرۆکێکی دیکەشی لەگەڵ ئەبستراکتدا هەیە. لەساڵی ١٨٩٦دا کاندنسکی هێشتا لە مۆسکۆ دەبێت و وەک پرۆفیسۆرێکی ئابوری نەتەوەیی و پیاوی یاسا دەچێت بۆ بینینی پێشانگای ئەمپرسیونیستە فەرەنسییەکان کە ئەو ساڵ لە مۆسکۆ دەکرێتەوە. لە ناو کۆی تابلۆی ئەمپرسیونیستەکاندا تابلۆی «خەرمانەکان»ی مۆنییە سەرەنجی ڕادەکێشێ. بەرامبەر تابلۆکە دەوەستێت و دەبینێت کارەکە وەک کارێکی فیگوراتیف دەرناکەوێت، هێدی هێدی لەبەر چاوی ئەو سنووری دەرەوەی «بارەکا»یە ڕەسمکراوەکە نامێنێ و و دەبێتە پەڵەڕەنگێکی دی لە ناو سەرجەم ڕەنگەکانی دی تابلۆکەدا و کۆی کارەکەش لە دیدی ئەوەوە دەبێتە کارێکی ئەبستراکت. بەو جۆرە کاندنسکی تابلۆکانی مۆنییە ئەبستراکتدەکات.

پرسیارێک لێرەدا بێتە پێشێ ئەوەیە ئایا تابلۆکانی مۆنییە خۆیان ئەبستراکتن و چاوی بینەری ئاسایی نەیدۆزیوەتەوە، یان ئەوە چاوی کاندنسکییە ئیشەکان ئەبستراکتدەکات

لەڕاستییدا مۆنییە ئەو تابلۆییەی ئەبستراکت وێنەنەکردووە، بەڵام مۆنییە لە هەموو ئەمپرسیونیستەکانی تر لە ئەبستراکتەوە نزیکبووە و ئەبستراکتناسی کاندنسکی ئەوەی تیا بەرجەستەکردووە. ئەم دوو ڕووداوە سەرەتای دۆزینەوەی ئەبستراکتن لای کاندنسکی. بینینی تابلۆی «بارە کا»ی مۆنییە وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ وایە لە دونیای ئەبستراکتی کاندنسکیدا .

چاوانی کاندنسکی خیانەتی لێناکەن و لەسەر خاڵێکی گرنگ ڕایدەگرن، چونکە کلۆد مۆنییە زۆر پێش ئەو سەرقاڵی شێوەکارکردنی تەجریدبوو، چۆن تابلۆی «بارەکا»کەی ئەو کاری لە کاندنیسکی کرد، کارەکانی ولیەم تێرنەری ئینگلیزیش کاریان لە کلۆد مۆنییە کردبوو. مۆنییە سوودی لە فیکرەی ئەبستراکتی «تێرنەر» وەرگرتبوو و هەوڵیدەدا لە کارە ئەمپرۆسینیستەکانی خۆیدا بەکاریانبهێنێت، هەر بۆیەش دەکرێ ئەو تابلۆیەی مۆنییە بە ئەبستراکت ببینرێ.

کاندنسکی لە کاتی بینینی تابلۆکەی مۆنیدا وەک پیاوی یاسا دەڵێت : « لەسەر چ بناغەیەک ئەم فەرەنسییانە ماف بە خۆیان دەدەن فیگۆر لە تابلۆکانیاندا نەهێڵن؟».
هێندی نەبرد دوای ئەم ڕوداوە، کاندنسکی خوێندنی یاسا و ئابوری نەتەوەیی لە مۆسکۆ جێدەهێڵێت و بە مەبەستی خوێندنی هونەر بەرەو شاری میونخ سەفەردەکات.
ڕاستە ئەم دوو چیرۆکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئەبستراکت بوونی کاندنسکیدا گێڕا، بەڵام نابێت ئەوە لە یادبکەین کە لە ناوەڕۆکدا شێوە بینینی کاندنسکی بۆ هونەر و جیهان کردیانە هونەرمەندێکی ئەبستراکت و ئەو ڕۆڵە گەورەیەیان لە دونیای ئەبستراکت و هونەری شێوەکاردا پێببینی.
ڕاستە خوڵقاندنی یەکەم تابلۆی ئەبستراکت دەگەڕێتەوە بۆ کاندنسکی، بەڵام لەو سەردەمانەدا ئەو تاکەکەسێک نەبوو خەریکی ئەبستراکت بێت. پێش ئەو لە ساڵی ١٨٩٠ دا هونەرمەندی بەلژیکی «هنری دی فیلدا» تکوینێکی ئەبستراکتی دروستکرد و ساڵی ١٩٠٥ هونەرمەندی مۆزیک و کۆمپۆنیستی لیتوانی «میکۆلاس. ک. سیریلیۆن» هەندێ لە کارە کۆمپۆنیستییە مۆزیکییەکانی خۆی کردبووە ڕەنگ و چەند تابلۆیەکی بە ناونیشانی ئەبستراکت دروستکردبوو. کارە «رایۆنیزمەکانی میشائیل لاریۆنۆڤ و ژنەکەی ناتالیا گەنچارۆڤا کە لە١٩١٠دا ئەنجامیان دابوو، کاری ئەبستراکت بوون. هەر لەو سەردەمەشدا کارە «ئۆرڤیزم» ـەکانی ڕۆبەرت دیلۆنی ئیشی ئەبستراکت بوون، هەروەها هونەرمەندی چیکی فرانسیس کوبکا، ئەڵمانی ئادۆلف هۆلتسل (Adolf Hoelzel) و هونەرمەندی ئەمریکی کاترین شیفەر (Katharin schäffer) ئەرثۆر دۆڤ (Arthar Dove) لەهەمان سەردەمدا لەو جۆرە ئیشانەیان کردووە.
لەڕوی تیوریشەوە ئەگەرچی کارەکانی ڤان کۆخ و گۆگا ئەبستراکت نەبوون، بەڵام ڤان کۆخ لە هەندێ لە نامەکانیدا بۆ تیوی برای دەنوسێت کە تابلۆکانی پێویستیان بە ئەبستراکتبوون هەیە و گوگاش لە کاتی خۆیدا گوتوویەتی کە هونەر هەر خۆی ئەبستراکتە.
ئەبستراکت ڕێباز یان قوتابخانەیەکی هونەری نییە. بەڵکو شێوەیەکە لە کارکردن. کە لە هونەری ئەشکەوتەکانەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەشێوەی جیاجیا لە مێژووی هونەردا دەرکەوتووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە لای ویلیەم تێرنەر (William Tarner)و دواتریش لای کلۆد مۆنییە بەوشیاری کاری پێکراوە. پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستەوە مۆندریان و کاندنسکی بەتەواوەتی و بە عەقڵێکی فەلسەفییەوە تیوریزەیانکردووەو کاریان پێیکردووە.

دەکرێت کۆتایی شێوەکارکردنی ناتورالیستییانە بەسەرەتای شێوەکارکردنی ئەبستراکت لە شێوەکاری خۆرئاوادا بناسێنین. لەو ساتەوەی هونەرمەند پێویستی بەوە نەما شتەکانی ناو سروشت وەک خۆیان ڕەسمبکات و لاسایی ڕوخساری دەرەوەی دیمەنەکان بکات، ئیدی «خود ـ ذات»ی هونەرمەند چالاکتربوو و کەوتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی فۆرمی دی بۆ شتە بینراوەکان کە مەرج نییە وەک فۆرمەکانی ناو سروشت بێت. هەر بۆیە شێوە کارکردنی ئەمپرسیونیزمەکان لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە ڕەهەندی ئەبستراکتی تیابوو، بەتایبەت لای مۆنییە و پۆست ئەمپرسیۆنیستەکان ئەمە جگە لە «تێرنەر» کە زۆر پێش ئەوان هوشیارانە فیگورە بینراوەکانی ناو سروشتی لەناو تابلۆکانیدا بەشێوەیەکی ئاشکرا نیشاننەدەدا، بەڵکو لە ناو کۆمەڵێک ڕەنگدا نوقمیدەکردن، بەجۆرێک سەرجەمی دونیای ڕەنگەکان فیگورە وێناکراوەکان بشارنەوەو ئیدی تابلۆ بریتی نەبێت لە بابەتی وێناکراو، بەڵکو بریتی بێت لە ئەتمۆسفیرێکی ڕەنگ کە بەئەستەم هەندێک فیگوری بینراوی تیابێت. لێرەوەیە «ولیەم تێرنەر» بەیەکەم هونەرمەندی خۆرئاوایی دەژمێردرێت تابلۆی ئەبستراکتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دروستکردبێت. کلۆد مۆنییە شێوەو بیرۆکەی کارکردنی تێرنەری وەرگرت و پەرەیپێدا و سنووری زەقی لە نێوان فیگورە ڕەسمکراوەکاندا نەرمترکرد، بەجۆرێک پەیوەندی فیگورە ڕەسمکراوەکان لەناو یەکدا لە ئەبستراکت نزیکببنەوە.

دیاره بەگشتی ناکرێت هیچ یەک له مۆنییەو تێرنەر به هونەرمەندی ئەبستراکت حیسابکەین، بەڵام هەوڵدانەکانی تێرنەر وێستگەیەکی گرنگن بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی ئەبستراکت له مێژووی هونەری خۆرئاوادا، دیاره مۆنییه به کارکردنی لەسەر ئەو شێوازه تێرنەرییه کاره هونەرییەکانی خۆی پتر بەرەو ئەبستراکت بردووه.

هەوڵدانەکانی تێرنەر و مۆنییه زیاتر بواری ڕەنگیان گرتەوه، بەڵام ئەبستراکت له هێڵدا مێژوویەکی درێژتری هەیەو دەگەڕێتەوه بۆ پێش تێرنەر. هونەرمەندی پەیکەرتاشی ئینگلیزی جۆن فلاکسمانس (John Flaxmans) «١٧٥٥ ـ ١٨٢٦» و پاش ئەویش له هێڵکارییەکانی ویلیەم بلەیکی ئینگلیزیدا دەرکەوتووه.

چەمکی ئەبستراکت لەزۆر کۆنەوه بەکارهێنراوه، تاوەکو سەدەی شازده به مانای بەبابەتکردنی پەیوەندی له نێوان جیهانه بینراوەکان و کاره هونەرییەکەدا هاتووه، ئەبستراکت به مانای جیابوونەوه له شته بینراوەکان به جۆرێک جێگایان تەنیا له ناو تەسەورو خەیاڵدا بمێنێت.

لەسەدەی بیستدا ماناکانی چەمکی ئەبستراکت دەگەڕێتەوه بۆ موحازەره گرینگەکەی فیلهیلم وورینگەرس (Wilhelm Woringers) کە له ساڵی ١٩٠٨دا له منشن گوتییەوه. «وورینگەرس» چەمکی ئەبستراکتی به شێوەی «سوچ ـ قەراغ » شوبهاندوه، یا نەخۆ شتێک بێ دژ به سروشت.

ئەو کات کاندنسکی له منشن دەبێت و بەچڕی سەرقاڵی تیوری و کارکردن دەبێت لەسەر ئەبستراکت. موحازەرەکەی وورینگس کاریگەرییەکی گەوره لای کاندنسکی جێدەهێلت.

ئەپۆلێنێر ئەبستراکتی بەو جۆره ڕەسمکردنه شوبهاندووه که به هیچ جۆرێک بابەت یان فیگوری تیا نابینرێت، بەڵکو تەنیا له ڕەنگ و شێوەکانی ڕەنگ دروستدەبێت.

پیت مۆندریان چەمکی ئەبستراکتی له «پ. وێلش (P.Welsh) و ج. م. جۆستن (J.M. Joosten)»ەوه وەرگرتووەو له دەفتەری یادگارەکانییدا نوسیویەتی «فۆرم دەتوانێت له دونیای واقیعەوه بەرەو دونیای ئەبستراکت سەرکەوێت، به وێنەی سێگۆشەیەک که بەردەوام ڕووەو سەرەوه بڕوات، تا سەری سێگۆشەکه دەگات به ڕۆح به «موتڵەق» ئەو کات له پاکی نزیکدەبێتەوه». کاندنسکیش ئەبستراکت بەو شێوه ڕەسمکردنه دەبینێت که پەیوەندی لەگەڵ بابەتدا زۆرکەم بێت.

هەرچەند هونەرمەندانی کوبیزم و فوتوریزم هەنگاوێکی چاکیان بۆ جیاکردنەوەی شێوه له ناوەڕۆک نا و کاریان بۆ سەربەخۆبوونی شێوەکرد، بەڵام ئەوان و سەرجەم هونەرمەندانی فوفیزم یش کارەکانیان له ناو شێوه بینراوەکاندا مایەوه. ئەوەی له هەمووان زیاتر ئەرکی نەهێشتن و ڕادانی شته واقیعییەکانی خسته سەر شانی خۆی هونەرمەندانی ئەبستراکت بوون.

ئەبستراکت هونەرێکی ڕۆحییه، هێندەی پەیوەندی به دین و لایەنه ئایدیالەکانی ژیانەوه هەیه، ئەوەنده پەیوەندی به شتەکانی ناو واقیع و لایەنه مەتریالیستەکانەوه نییه. سەرچاوه ڕۆحییەکانی تەجرید زۆرن و دەگەڕێنەوه بۆ کولتووره جیاجیاکانی دەرەوەی خۆرئاوا وەک« تاو و زێن»ی بودی، کولتووری هینده سوورەکانی ئەمریکاو زەخرەفەی ئیسلامی. دیاره هەندێکیش هەن که سەرچاوەکانی ئەبستراکت دەبەنەوه سەر هێرمیتیزم، ئەنترۆپۆزۆفی و ئالشیمی.

له ڕوی ڕیشەی ئەبستراکتیشەوه له مێژووی قۆناغه هونەرییەکاندا ڕەچەڵەکی تەجرید دەگەڕێتەوه بۆ کلاسیزم « ١٧٦٠ » و لەوێشەوه بۆ سیمبولیزمی سەدەی نۆزده. ڕیشەی پەیوەندی ئەم دوو قۆناغه به ئەبستراکتەوه دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که خودی ئەم دوو ئاڕاسته هونەرییه پەیوەندییەکی پتەویان به ڕۆحەوه هەیه، بەو مانایەی که هونەری کلاسیک هونەری دەربڕین نەبوو هێندەی هونەری شێوەدانان بوو بۆ ڕۆح، هەروەها سیمبولیزمیش وەک ناتورالیزم پەیوەندی به واقیعەوه نەبوو، بەڵکو سەمبول دانان بوو بۆ هەندێ تەسەوراتی ڕۆحی. ڕیشه فەلسەفییەکانیشی دەگەڕێتەوه بۆ فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمان لای کانت و هیگڵ... له شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنیشدا لەگەڵ ڕەنگدا ڕیشەی ئەبستراکت دەچێتەوه سەر ئەمپرسیونیزم، چونکه ئەمپرسیونیزم به گشتی لاساییکردنەوەیەکی

دەقـاودەقی سـروشت نەبوو، بەڵکو لە شـێـوەی دانانی ڕەنگدا ئازادییـەکی هونەرمـەندەکـەی تیـابوو. لێرەوە خـودی هـونەرمـەند سـەربەخـۆ دەسـتی بەچالاکیکردو بـەرەو خـۆجیاکردنەوە لـە سـروشت یان واقــیع هـەنگاوی نا. لـەم ڕەوتەدا جگە لە مــۆنیــیـــە کـــە ناومـــانهـــێنا، هـونەرمـــەندانی پۆست ئەمپـرسـیونیـزمـیش ڕۆڵێکی باشیـان لە نزیکبوونەوە لە تـەجریدا هەبوو. ئەوەتا پـۆل سیناک (Paul Signac) و جـۆرج سـوێرە (Georges Seurat) لەسـاڵی ١٨٩٨دا گـرنگی تێـرنەر دووپاتـدەکـەنەوەو سـینـاک دەڵێت: « ولیـام تێـرنەر ڕێی بۆ ئێمـە خـۆشکرد کـە ئیـدی بە هیچ جـۆرێک خـۆمـان بە لاسـاییکردنەوەی سـروشـتـەوە وابەسـتـە نەکـەین». ئەمـە جگە لەوەی کە نـاکرێت ڕۆڵـی پۆل سـیـزان فـەرامـۆشـبکەین، کە نەوەک تەنیـا لەسـەر کوبیـزم کاریگەری هەبـوو، بەڵکو کاریگەرییـەکانی تاسـەر تەجریدیش بڕەکات و بگرە بە باوکی هونەری هاوچەرخ دەژمێردێت.

بەبێ ئەمپـرسیـونیزم «بە تایبـەت پۆست ئەمپرسیونیزم»، فوفیزم لەدایک نەدەبوو. کانـدنسکی هـەر چەند زۆر خـۆشی بە کـاری ئەمـپـرسـیـونیـسـتـەکـان دەهـات و گـرینگی ئەوانی دەزانـی وەک ڕێگا خۆشکەرێک لـە شتەکانی ناو واقیع ، بەڵام ئەو خـۆی ڕاستەوخـۆ لە فۆفـیزمەوە دەسـتیپێکرد و پەرەی بە فـۆرمی ئۆرگـانی تەجـریدیانـە دا. تەجـرید بە گـشـتـی لە دوو بەرگـدا خـۆی دەبـینێـتـەوە، شـێـوەی ئۆرگانی کە کاندنسکـی خـاوەنی تیـۆرەو فـەلسـەفـەو شـێوە کارکردنە سـەرەکییـەکـەیتی، تەجـریدی ئەندازەیی کە پیت مۆندریان دامەزرێن و گەشەپێدەرێتی.

### تەجریدی ئەندازەیی Geometrische Abstraction

سـەرچاوەی تەجریدە ئەندازەییەکەی مۆندریان دەگەڕێتـەوە بۆ کوبیـزمی فەرەنسـی. هـەرچەند کوبیـزم هونەرێکی فیگوراتیڤ بوو، بەڵام شـێـوەی تێکەڵاوکردنی فیگورەکان و بەیەکداچوونی هێڵ و شـێـوەو ڕوخسـاری دەرەوەی نیگارەکان شێوە تەجریدێکی نیشـاندەدا. دیارە ئەم جۆرە لە کوبیزم بەرهـەمی کـارکردنی براک و بـیکاسـۆ بوون. چیـرۆکی سـەرهـەڵدانی کـوبیـزم نزیکایەتیـیـەکی لـەگـەڵ چیـرۆکی سـەرهەڵدانی تەجـریددا هەیـە، وەک چۆن بینیـنی تابلـۆکـەی مـۆنیـیـە ڕێنمـای کـاندنسکی بوو بەرە تەجرید، هـەمان شـێوە بینینی پێشانگایەکی سیزان لەسـاڵی ١٩٠٧دا ڕێنمای بیکاسۆو براک بوون، کە جۆرە کوبیسـتێکی پەنهانیـان لە کارەکانی سیزاندا بینی و پـەرەیانپێدا. بینینی سـیـزان وای لە براک و بیکاسـۆ کرد بەدوای ئیقاعێکی نوێدا بگەڕێن بۆ کارکردن و هێندە بایەخ بە خـودی ئەو شـتە نەدەن کە ڕەسـمـیدەکەن و گرنگی گەورە ببـەخشنە شـێوازی ڕەسـمکردنی شـتـەکان، ئیدی کـەوتنە کارکردن بۆ گۆڕین و گەشەپێدانی شێوە، کەوتنە سـەر بەکارهێنانی مەتریالی ترو وەگـەڕنانی کۆلاج، کـە یارمــەتیـدەرێکی گـەورە بـوو بەرە گـەیشـتن بەو قـەناعـەتـەی کـە «هێل بـەر لەوەی بە مــەتریال دروستبکرێت بەناو ڕۆحدا تێدەپەڕێ، کە خۆیی لە خۆیدا پرەنسیپی کارکردنی تەجریدە». دیارە هـەر کاریگەری سـیزانیش بوو کە پاڵی بە هونەرمەندانی دیکەی سـەر بە فوفیزم و کوبیزمـەوە نا پەنابەرەو دونیـای ناوەوە بەرن و بایەخێکی قووڵتری پێببەخشـن بەراورد بە گرنگیدان بە سـروشت و دونیـای دەرەوە. ئەمەش بۆ خۆی هەنگاوێکی تری نزیکبوونەوە بوو لە تەجرید.

پیت مـۆندریـان بەرلەوەی ببێتـە هونـەرمـەندێکی تەجـریدی و بگاتە شـێوە تەجـریدییـە شـاقوولی و تەرییەکان کوبیزم کاریدەکرد. بـەتایبـەت کوبیزمی ئەنالەتیکی کە زیاتر لە قۆناغەکانی دیکـەی کوبیزم لە تەجـریدەوە نزیکبـوو، بەتایبـەت کـۆتاییـەکانی ئـەو قـۆناغـە. بەڵام ئەو نەیدەویست بەشـێـوەییـەکی میکانیکی و تەنیا لە تێکشـکاندن و دووباره بیناکردنەوەی فیگورەکاندا بە شێوازی کوبیزم کاربکات، وەک لای براک و بیکاسـۆ، بەڵکو ئەو سـەرقاڵی هەندێ لایەنی دیکـەی ژیان بوو، وەک سـەرقاڵبـوونی بە هـەنـدێ سـەرچـاوەی کـولـتـوری دیکەوە وەک هینـدۆئیـزم و بودیزم، ئـەمـەش مـۆندریـانی لە کـوبیـزم جیاکردەوەو بەرەو تەجرید بردی.

مۆندریان تاگەنج بوو لە ژێر کاریگەری هونەری ناتورالیزم و سیمبۆلیزمدا بوو، کە ئەو کاتە لە هۆڵندا زۆر باوبوون ، دواتر بە قۆناغی تەعبیریشدا تێپەڕی. کە لەساڵی ١٩١٢ دا دەچێتە پاریس دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیزان و هونەرمەندانی پۆست ئەمپرسیونیزمەوە، ئەم کارە ئەمپرسیونیستییانە بە جۆرێک کاری تێدەکەن زۆر بەسەختی بتوانێت لەژێر کاریگەریان دەرچێت. بە جۆرێک تا دەگاتە ساڵی ١٩١٦دەکەوێتە ئەزموونێکەوە لە نێوان کاریگەری کارتێکردنی ئەمپرسیونیستەکان و گەڕانی خۆی بۆ فۆرمی نوێ بۆ کارەکانی و سەرقاڵبوونی بەسەرچاوە ڕۆحییەکانی خۆرهەڵاتەوە. بە جۆرێک لەساڵی ١٩١٦ دا تەنیا یەک تابلۆ دروستدەکات و لە نامەیەکدا بۆ برادەرێکی دەنوسێت »خەریکە تووشی سەر لێشێوان دەبم و نازانم چۆن لە ژێر کاریگەری ئەمپرسیونیستەکان دەربازبم و هەنگاوی تازەبنێم».

بەڵام ئەودەم مۆندریان خۆشەویستی بۆ هێڵی تەریب و شاقووڵی پەیداکردبووە و لە هەندێ لە کارەکانی پێش ١٩١٦دا بەکاریهێنابوون. حاڵی مۆندریان لەوکاتەوە وەک حاڵی بیکاسۆو براک وابوو لە کارکردنیاندا لە قۆناغی دوای کوبیزمی ئەنالەتیکیدا، کاتێ سەریان سوڕمابوو چیبکەن، چونکە ئەو جۆرە کارکردنە تاکو دەهات لە ئەبستراکت نزیکدەبووەوە و سەخت بوو لای ئەوان ئەم ڕێڕەوە کارکردنە ڕاگرن. بەم جۆرە ئەوان لە نێوان دوو ڕێگادا وەستان، یان ڕێگای بەردەوامبوونی کوبیزمی تەحلیلی بۆ ناو ئەبستراکت، یاخود ڕێگای گێڕانەوەی فیگور بۆ کوبیزم.

مۆندریان ئەوکات قەناعەتی وابوو گەر تابلۆیەکی تەواو بێ فیگور لە ژێر فشاردا بکرێ، ئەنجامەکەی تەنیا دەبێتە کاری دیکۆر و هیچ مانایەکی نامێنێ. لەو کاتەدابوو بۆچوونەکانی نیوسۆفی کاتۆلیک «شوێنمێکەرس Schoenmaekers» هاتن بە هانایەوە. شوێنمێکەرس جگە لەوەی قەشەیەکی کاتۆلیک دەبێت، یەکێکیش دەبێت لە تازەکەرەوانی بیری ئەفلاتوونی و بۆچوونەکانی لەژێر ناونیشانی «مۆستیکی پۆزەتیڤ Positive Mystik » دا یانەخۆ «بینای ماتماتیک» بڵاوکردەوە کە تیایدامامەڵە لەگەڵ هەندێ بابەتی دژ بەیەکدا بوون وەک تاریکی و ڕووناکی، مردن و ژیان، نێرو مێ، کات و شوێن کە سەرجەمی یاساکانی گەردونی دەبەستەوە بە دوو هێزی سەرەکی ناو گەردونەوە «هێزی شاقووڵی خۆر و هێزی تەریبی جوڵاندنەوەی زەوی بەدەوری خۆردا» . شوێنمەیکەرس جگە لەسەرقاڵبوونی بە دیاردە دژ بەیەکەکان و یاساکانی کەون مانای بۆ ڕەنگە سەرەکییەکانیش دادەنا، وەک ڕەنگی زەرد بە مانای ڕوناکی و خۆر، شین ڕەنگی ناکۆتابوونی شوێن، سوور وەک ڕەنگی یەکێتی و بەیەکەوەنان، ئەو لەم بۆچوونانەدا مەبەستی هونەرییانەی نەبوو، بەڵکو زیاتر مەبەستی گەشەدان بوو بە بۆچوونە نیوسۆفییەکانی خۆی.

مۆندریان کە لەکاتی کارکردنیدا وەک کوبیستێک خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ هێڵی تەریب و شاقووڵی پەیداکردبوو، بۆچوونەکانی شوێنمەیکەرس دەربارەی مەدلولە گەردونییەکانی هێڵی تەریب و شاقووڵی یارمەتییەکی گەورەی دەدەن بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانەکەی.

جگە لە شوێنمەیکەرس مۆندریان کەوتە ژێر کاریگەری دوو نیوسوفی دیکەشەوە کە ئانی بێزەنت (Annie Besant) و س.و. لێدبێتەر (C.W.Leadbeater) بوون، ئەو دووانە زیاتر میدیتاتیڤ بوو و شێوە ئەبستراکتەکانیان وەک بنەمای میدیتاتیڤ دەبینی. مۆندریان پتر لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی لێدبێتەردا بوو کە بەرەو میدیتاتسیۆن ڕۆیشت و هەندێ ڕاستی گەردونی دۆزییەوە کە لەسەر بنەمایان ئیدی مۆندریان هێندە بایەخ بە لایەنە ڕوکەشەکانی شێوەنادات، بەڵکو قورسایی دەخاتە سەر ناوەڕۆکەکان و ماناکانی ناوەوەیان.

زانیارییەکانی لێدبیتەر بوو کە ناوەڕۆکی هونەری ئەبستراکتی بە سمبولیزمەوە بەستەوە، واتە شێوە ئەبستراکتەکان دەتوانن «سمبول»بن. ئەم بۆچوونەی لێدبیتەر شێوە ئەبستراکتەرەکانی لە هونەری ئەبستراکتی ڕۆژئاوادا لە دیکۆر و نەخش جیاکردەوە.

مۆندریان بۆ ماوەی چەند ساڵێک سەرقاڵی بیری نیوسوفییەکان و بۆچوونە مرۆڤدۆستەکانی ورۆدۆلف شتاینەرو هەندێ لە ئاینییە خۆرهەڵاتییەکانی وەک بودیزم و هیندوئیزم بوو، کە دەیخاتە

قەیرانێکی ئایینی گەورەوە. لە نامەیەکدا بۆ کاندنسکی دەنووسێت «دووبارە لە دایکبوونەوەی ڕۆحی شارستانییەتی خۆرئاوا لە سەرچاوەی ئایینیە خۆرهەڵاتییەکاندایە». مۆندریان دەگاتە ئەو بڕوایەی دوو ڕێگا هونەر بەرەو ڕۆحانییەت دەبەن، یەکەمیان مەشقکردنی میدیتاسیۆن (Miditation)ـە و دووهەمیان ڕێگای لەسەرەخۆو دڵنیای گەشەکردنە (Evolution)... لێرەوە هونەر لای مۆندریان کۆکردنەوەی لەسەرەخۆی ڕۆحە. سەرقاڵبوونی مۆندریان بەبیری نیوسوفییەکان و ئایینیە خۆرهەڵاتییەکانەوە تاساڵی ١٩١٩ی خایەند، لەئەنجامیشدا شێوە هونەری ئەبستراکتی ئەندازەیی لای مۆندریان لەدایکبوو وەک بەستنەوەی ئەو جۆرە لە ئەبستراکت بە یاسا گەردونییەکانەوە.

مۆندریان لەساڵی ١٩١٩ تاوەکو ١٩٢١ کاری لە هەندێ شێوەی لاکێشەییدا کرد، وەک گەڕانەوەیەک بۆ شێوە خۆشەویستەکانی خۆی «لاکێشە و چواگۆشە»، بەڵام ئەمجارە بە کۆمەڵێک مانای گەردونییەوە. ئەو لاکێشەو چوارگۆشەکانی لە چوارچێوەی یەک تابلۆدا وێنەدەکرد و بەهێڵی ڕەشی پان و ڕاست جیایانی دەکردەوە، بە شێوەیەک سەرجەمی تابلۆکە لەچەند لاکێشەو چوار گۆشەیەک دروستبووبێت و هێڵی ڕاستی شاقوولی و تەریبی جیایانبکاتەوە و هاوتایی لە تابلۆکەدا دروستبکات بێ ئەوەی پەنابباتە بەر سیمتریک. ئەمجۆرە کارکردنە بوو مۆندریان بە یەرامەتی شوێنمەیکەرس ناوی «نیوپلاستیسیزم»یان بۆ دۆزییەوە. نیو پلاستیسیزم شێوەیەکی ئەبستراکتی ئەندازەیی بوو، کەوەک سیمبول بۆ یاساکانی گەردون دەهاتەڕوو. لەهەمانکاتیشدا شۆڕشێکی نوێ بوو لە شێوەی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا و بووە شێوەیەکی نوێ بۆ بینین بە ئامانجی خولقاندنی هونەرێکی نوێ بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ کە تیایدا هەردوو فاکتەری مەتریال و ئیدیال هاوتابن و لەوێشەوە بۆ هارمۆنییەکی گەردونی کە تیایدا ڕێکوپێکی، هاوتابوون، بەختەوەری، بێ ڕقەبەرایەتی ڕوون و ئاشکرا سەروەر بێت، ئەمەبوو یۆتۆپیای مۆندریان کە دەیویست لە ڕێگای کارە ئەبستراکتەکانەوە بیڵێت.

جگە لە «نیوپلاستیسیزم»ی مۆندریان، سەرجەمی هونەری دیستیلی هۆڵەندی و پرۆنی لیسیتسکی و سوپرەماتیڤی مالیڤیچ و سەرجەمی کۆنستروکتیفیزمە ڕوسییەکان و قوتابخانەی باوهاوسی ئەڵمانیش شێوەیان گۆڕی و نوێیانکردەوە، لێرەوە ئەوانیش بە شێوازی ئەبستراکتی ئەندازەیی لەقەڵەمدەدرێن. کارە ئەبستراکتەکانی مۆندریان و مالیڤیچ لە شێوەدا نزیکییەکی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەبوو، بەڵام کارەکانی مالیڤیچ کاریگەری دینی و ئەیقونەی مەسیحیی زۆر بەسەرەوە بوو، لەکاتێکدا لای مۆندریان شێوەکان سەمبولی گەردونی بوون. هەردوو شێوە کارکردنی ئەبستراکتی ئەندازەیی مۆندریان و مالیڤیچ کاریانکردە سەر هونەری پاش جەنگی جیهانی دووهەم، مۆندریان کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕێبازی «ئەبستراکتی ـ تەعبیری» ئەمریکی هەبوو. مالیڤیچیش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆنسێپت ئارت (Konzept art) بەجێهێشت.

### تەجریدی ئۆرگانی «عضوی»

هونەرمەندی ڕوسی فاسیلی کاندنسکی «١٨٦٦ ـ ١٩٤٤» ڕابەری سەرەکی و خاوەنی تیورییەکان و شێوەکارکردنی تەجریدی ئۆرگانی بوو. کاندنسکی لەسەرەتادا هونەرمەندی سروشت بوو، بەڵام هەرزوو دەرکی بە گرینگی دونیای ناوەوە کردو و ئیدی هێندە خۆی بە پرەنسیپەکانی ڕەسمکردنی سروشتەوە نەبەستەوە. ماوەیەک لەژێر کاریگەری فوفیزمی فەرەنسی و تا ڕادەیەک تەعبیرییەتی ئەڵمانیدا کاریدەکرد، کارەکانی کاندنسکی تا ساڵی ١٩٠٩ کاریگەری فوفیزمیان ئاشکرا پێوەدیارە، پەڵە گەورەکانی ڕەنگ و شێوەی ڕەنگ دانانی بۆ شتە سروشتییەکان بەپێی هەستەکانی ناوەوەی خۆی... ئەم شێوازەش یاریدەدەرو پێکوڵکەربوو تا بەرەو تەجرید بڕوات.

کاندنسکی لەسەرەتاوە ئەرکی ڕزگارکردنی ڕەسمی لە فیگور خستە ئەستۆی خۆی. ئەو دەیویست لە دوادەرەنجامدا دونیای ڕەسم لە دونیای موزیک نزیکبێتەوە، بە جۆرێک شێوە و ڕەنگەکان لە چوارچێوەی تابلۆکەدا هارمۆنیایەکی وەها دروستبکەن، لە هارمۆنییەتی تۆن و ئیقاعەکانی پارچەیەک موزیک بچێت.

خۆشەویستی ئەو بۆ موزیک و بەتایبەت موزیکی ڤاگنەر «کە ئەوی دەم لە شاری مینشن گەلەک باوبوو»، یەکێ بوو لەو هۆیانەی لەساڵی ١٨٩٦ دا کاندنسکی مۆسکۆ جێبهێڵێت و لەگەڵ خێزانەکەیدا «ئەنیا چیمیکیان» کە ئامۆزای خۆیدەبێت، بەرەو مینشن بڕوات. پێناچێت خێزانەکەی بۆ ژیانی هونەری کاندنسکی بایەخێکی گەورەی بووبێت، بۆیە هەر لەسەرەتای ژیانیدا لە «مینشن» لێیجیادەبێتەوەو لەگەڵ گەبریلا مۆنتەردا دەبێتە دۆست، کە کیژە هونەرمەندێکی تەعبیریی ئەڵمان بوو، ئەو کات مۆنتەر وەک قوتابی لای کاندنسکی دەیخوێند، تاساڵی ١٩١٦ لەگەڵیدا دەبێت و دواتر کچە گەنجی مۆسکۆیی «نینا ئەندریفزکایا» دەخوازێت. ئەو کە لە مۆسکۆوە بەرەو مینشن سەفەردەکات تەمەنی سی ساڵ دەبێت، سەرەتا لەقوتابخانەی هونەری ئازاد لای هونەرمەندی یۆگۆزلاڤی ئەنتوان ئەزبەر دەست بەخوێندن دەکات، پاشان هەوڵدەدات لە ئەکادیمیای هونەر لە شاری مینشن لای هونەرمەند «فرانس ڤۆن شتۆک» بخوێنێت، هەوڵدانبی یەکەمی ڕەتدەکرێتەوەو دوای ساڵێک هەوڵێکی دی دەدات و وەردەگیرێت.

کاندنسکی هەر لەسەرەتاوە لە نێوان پرەنسیپە ئازادەکانی خۆی و پرەنسیپە ئەکادیمیەکانی هونەردا لای فرانس ڤۆن شتۆک (Franz von Stück) هەست بە ناکۆکی دەکات، بۆیە هەر زوو لەساڵی ١٩٠٠ دا واز لە خوێندنی ئەکادیمی دێنێت. ئەو ماوەیەی ژیانی ئەکادیمیای خۆی بە «مەیمونی ناو قەفەز» دەشوبهێنێت.

پاش وازهێنانی لە ئەکادیمیای هونەر هەستی بە ئازادی کردو دیسانەوە ڕوویکردەوە سروشت و بەردەوامی بە کارکردنی خۆیدا و چەندین ئەزموونی تاقیکردەوە، ئەزمونەکانی بە فۆفیزمەوە نەوەستان و هەندێ تاقیکردنەوەشی لەسەر «سیمبولیزم»و «یوگند شتیل»یش ئەنجامدا. جاروبار لە ماڵەوەو جاروبار لەناو سروشتدا کاریدەکرد، جگە لەڕەسم خەریکی نوسینیش بوو، لە بواری موزیکیشدا کەمان و چەلۆی دەژەنی.

کاندنسکی کەسێک بوو ڕۆحانی، ئەوەندە خۆشی بەلایەنە مەتریالەکانی ژیان نەدەهات، وەک بیرکردنەوەش ئیدیالی بوو، هەرئەمەش بوو هۆی نەگونجانی لەگەڵ بەلشەفییەکانی ڕوسدا... زۆر کراوەبوو بۆ کارو کارتێکردن، نەوەک تەنیا فوفیزم و موزیک کاریان تێکرد، بەڵکو کەوتە ژێر کاریگەری شێوەی ڕەسمکردنی سەر شوشەی پەنجەرەکانی بایرن و هونەری میللی ڕوسی و بایەرییەوە، کاتێکیش لەساڵی ١٩١٢ دا پێشانگای هونەری ئیسلامی لە شاری مینشن کرایەوە، زەخرەفە ئیسلامییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لای ئەو جێهێشت. کاندنسکی لەسەرەتادا لە مینشن وەک هونەرمەندێکی شێوەکار لە چاو هونەرمەندانی دیکەی بواری ئەکادیمییدا کە ساڵانە لە هۆڵی «ستجسیونی» کارەکانی خۆیان نیشاندەدا بەناوبانگ نابێت. ئەوکات ئەو وەک بینەرێک دەچوو بۆ بینینی ئەو تابلۆیانە، لەوێ یەکێک لە کارەکانی «ئەدۆڵف هۆلتسڵ» بە ناونیشانی «پێکهاتێک ـ تکوین ١٩٠٥» کاریگەریەکی گەورەی تێدەکات. ئەم کارە زۆر لە تەجریدەوە نزیک بوو، کارێگەرییەکی تەواویشی لەسەر شێوە ئیشکردنی کاندنسکی بەجێهێشت، کاندنسکی لەوەوبەریش چاوی بە کارە تەکوینیە مۆزیکییەکانی هونەرمەندی لیتوانی سیریلیونس(Ciurlions)ش کەوتبوو.

ئەو ماوەیە کاندنسکی نەک بەبەردەوامی کاریدەکرد، بەڵکو گشت پرەنسیپەکانی کارکردنی خۆشی تیوریزەدەکرد و لەسەرجەم بوارەکانی دیکەش نزیکدەبووەوە وەک موزیک و ئەدەب و فەلسەفە. جگە لە گوێگرتنی لە موحازەرە گرینگەکەی ورینگەرس (Wilhelm Worringers) کە پێشتر ئاماژەم پێدا، لەگەڵ کارە موزیکییەکانی «ئەرنۆلد شوێنەبێرگ»یشدا دۆستایەتیەکی گەورەی پەیداکرد، دواتریش هەردووکیان بوونە برادەرو ئاڵوگۆڕ کاریان لەیەکتر کرد، بە ئەندازەیەک کاتێک «فرانس مارک» گوێی

لە کۆنسێرتێکی «شوێنەبێرگ» دەبێت بۆ «ئۆگست مەکە»ی هاوڕێی دەنوسێت: « بەردەوام لە کاتی گوێگرتندا لە کۆنسێرتەکەی شوێنەبێرگ پەڵە ڕەنگە گەورەکانی کارە تەکوینییەکانی کاندنسکیم دەبینی». ئەم کۆنسێرتە کاریگەری کارەکانی کاندنسکی لەسەر شوێنەبێرگ دەردەخات، ئەوەش دەردەخات کە ئەویش چەند ڕۆحانی بووەو چەندە پێ لەسەر ئیقاعەکانی ناوەوە دادەگرێت.

خۆشەویستی کاندنسکی بۆ موزیک و هەوڵدانی بۆ هارمۆنیکردنی تابلۆ لەگەڵ کۆنسێرتدا لای ئەو مانای وەرگێڕانی موزیک ناگەیێنێت بۆ ڕەنگ، وەک لە کارەکانی «سیریلیون»ی لیتوانیدا دەبینرا، بەڵکو ئەو دەیویست لەناو تایبەتمەندێتی دونیای ڕەنگەکاندا ئەو جیهانە ڕەنگییە پڕ هارمۆنییە دروستبکات و ڕۆحی بینەریان پێببزوێنێت، چونکە ڕەنگ و موزیک بە بڕوای کاندنسکی لەقووڵایی ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێن. ئەو زۆر سەرقاڵی دۆزینەوەی لەیەکچوونەکان بوو لە نێوان ڕەنگ و موزیکدا کە هەندێجار ڕەنگەکانی بە دەنگی ئامڕازە موزیکییەکان دەشوبهاند، بۆ نمونە زەرد لە چەشنی دەنگی ترومبێت و شین لە چەشنی دەنگی شمشاڵ یان چەلۆ یان کۆنتەرپاس یان ئۆرگل چونکە شین یەکێک بوو لە ڕەنگە خۆشەویست و هێمن و قووڵەکان لای کاندنسکی، سور وەک دەنگی کەمان و ڕەنگی خۆڵەمێشی «بۆر» وەک بێدەنگی. لە هەمان کاتدا ڕەنگەکان لای کاندنسکی وەک سمبول بەکاردەهێنران، زەرد وەک سمبول بۆ وزە، یان جەستە، لە هەمانکاتیشدا بە مانای خاک دەهات و هەستی شەڕانگێزی پێدەردەبڕی. شین لای کاندنسکی پیرۆزبوو، سمبول بوو بۆ ڕۆح، سوور هەستی هێزی دەدا، سپی بە مانای هیچ یان دەستپێکردن، پێش لەدایک بوون، سمبول بوو بۆ دنیایەکی بەرزتر لە دنیای ئێمە. ڕەش وەک سمبول بۆ قسەنەکردن، بێ داهاتوو، بێ هیوا، ڕەنگی خۆڵەمێشییش بە مانای بێدەنگی و بێجوڵەیی.

نەوەک تەنیا ڕەنگەکان بەڵکو شێوەکانیش لای کاندنسکی سمبول بوون. بازنە کە یەکێک بوو لە شێوە زۆر خۆشەویستەکان لای کاندنسکی بە مانای تەواوبوون و بەرابەر ڕەنگی شین دەهات. سێگۆشە مانای وزەی پێدەردەبڕی و بەرابەر ڕەنگی زەرد بوو، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم کە سێگۆشەکانی کاندنسکی و بەپێی جۆری دانانیان لەناو تابلۆکەدا مانای جیاوازیان بەخۆیانەوە دەبینی. سەربەرەو خوار ماناکەیان جیاوازبوو وەک سەربەرەوژوور، لوتکەکەی بەرەو چەپ بێت جیابوو وەک لەوەی بەرەو ڕاست بێت.

هێڵەکانیش لای کاندنسکی مەدلولی خۆیان هەیە، هێڵی تەریب لای کاندنسکی بە مانای هێمنی دێت، هێڵی سەر بەرەو خوار بە مانای غەمباری و سستی دێت، هێڵی سەربەرەوژووریش بە پێچەوانەوە هەڵگری مانای شادی و خۆشی بوو. بگرە باریکی و پانی هێڵەکانیش لای کاندنیسکی مانای خۆیان هەیە و بە مەدلولی جۆراوجۆر بەکارهێنراون.

بەمجۆرە کاندنسکی زاراوەگەلێکی نوێی لە ڕەسمکردندا خولقاند، کە ڕەنگ و شێوەکان وەکو پیت و وشە بخوێنێرێنەوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەو تابلۆیانەی کاندنسکی کە شێوەی بازنەو سێگۆشەو هێڵی جیاجیای تیا بەدیدەکرا، دەکرا بە جۆری کتێب بخوێنرێنەوە. بەڵام ئەم پرەنسیپە «پرەنسیپی خوێندنەوە» ناکرێت بۆ کارەکانی لەوەدوای کاندنسکی بەکاربهێنرێت، چونکە لەوەدوا لەزۆربەی کارەکاندا کۆمەڵێک فیگور دەردەکەون کە پێداویستییەکانی ناوەوە دەریاندەخات و ناکرێت ڕاستەوخۆ مانایەک یان ڕەمزێکیان بۆ دابنرێت، لێرەدا بۆ تێگەیشتن و چێژبینین لە کارەکان ڕۆڵی گەورە تێگەیشتن لە پێداویستیەکانی ناوەوەو ڕەهەندە ڕۆحییەکانی کاندنسکی دەیگێڕێت.

سەرجەمی پرۆسەی کارکردنی کاندنسکی لەدەوری دوو تەوەر دەسوڕێتەوە. یەکەمیان ڕۆح و دووەمیشیان پرەنسیپی «پێداویستییەکانی ناوەوە».

لای کاندنسکی هەر شێوەیەک یان دانانی ڕەنگێک لەسەرچاوەییەکی ڕۆحییەوە هەڵدەقوڵێت و پێویستی باوەکی خۆی هەیە. ئەو زۆر ئازادانەو زۆر بە لێپرسراوییەکی گەورەشەوە ڕەسمیدەکرد و بەهیچ جۆرێک فشاری لە تابلۆکاندا بەکارنەدەهێنا. پرۆسەی نوێکردنەوەی ڕەنگ و شێوە لای ئەو وەک پێویستییەکی ناوەکی کارەکان هاتوونەتە گۆڕێ، خۆی دەڵێت «من بە هیچ جۆرێک هەوڵی

تازەگەریم نەداوە». بەڵکو بڕوابوونی بە پێشخستن و ئیشکردنی بەردەوامی لەسەر بنەمای «پێویست» وایکرد هێدی هێدی ڕەنگ و شێوەکان لە کارەکانیدا بەرەو تەجرید بچن.

ئەو گشت هۆکارەکانی لا پیرۆز بوو گەر پێویستییەکی ڕۆحی لەناوەوە پاڵپشتیان بایە، گشت هۆکارەکانیشی لا بەدبوو گەر لەسەرچاوەی «پێداویستییەکانی ناوەوە» نەهاتبن و لەوێوە هەڵنەقوڵابن.

هیچ شتێک بە ئەندازەی بەزۆر دروستکردنی شێوە لای کاندنسکی ناشیرین نییە.

هەوڵدانەکانی کاندنسکی بۆڕزگارکردنی تابلۆ لە شتە بینراوەکانی ناو واقیع بە زۆر نەبوو، بەڵکو جۆرە کارکردنێکی هوشیارانەی بەردەوام بوو، هاوڕێ بە هارمۆنییەکی تەواو لە نێوان دونیای ڕۆحی و ناوەوەی خۆیدا و ئەو شتانەی ناو واقیع کە وێنەیدەکردن، ئیدی هەندێجار تابلۆکە لە ئەبستراکتەوە نزیکدەبووەوە و هەندێجاریش بە ئاشکرا فیگور دەردەکەوت. لەم حاڵەتەدا کاندنسکی دەڵێت « دەرکەتنی ئەو فیگورانە دەبێت هۆی خۆیان هەبێت، دەبێت نهێنییەکانی ناو ڕۆح کەشفبکەن». بەمشێوەیە لای کاندنسکی تابلۆ گیاندارەو ئەو وەک بوویەکی گیاندار و هەستیار مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بڕوایەکی تەواویشی هەبوو کە پێداویستییەکانی ناوەوە تابلۆ بەرەو تەجرید دەبات و ئەو تەنیا کار بۆ ئەو مەبەستە ناوەکییە دەکات.

بەمجۆرە کاندنسکی بە کوتوپڕی نەگەیشتە تەجرید، بەڵکو کارەکانی بەچەندین قۆناغدا تێپەڕین و ئەو گشت هوشیاری و دونیابینی و لایەنە تیوری و فەلسەفییەکانی لە کارەکانیدا بەکاردەهێنا، لەگەڵ هەر شتێکیشدا بەڕاستی بگونجابایە لە کارەکانیدا دەردەکەوتەوە.

کاندنسکی لەژێر کاریگەری ڕستێک هۆکاردا گەیشتە تەجرید کە لە پاڵ فوفیزمدا، هونەری میللی ڕوسی، ڕەسمکردنی میللی بایرنی لەسەر شوشەی کەنیسەکانی هەرێمی بایەر، موزیکی ڤاگنەر و شوێنەبێرگ، زەخرەفەی ئیسلامی، کاریگەری گەشتەکەی لەگەڵ گابریلا مۆنتەردا بۆ تونس، ئینجا موحازەرە ناوبراوەکەی ورینگەس دەبینینەوە. هەموو ئەو کاریگەرییانە وایانکرد فیگور لەناو پەڵە ڕەنگەکاندا بەرەو لەناوچوون بچێت... ئیدی وێنەی خانوو و دارو نەمام و چیا و شێوەی مرۆڤەکان تەنیا وەک پەڵەڕەنگ لە نێوان بینراو و نەبینراودا دەردەکەوتن. دانانی ڕەنگەکان هەتادەهات خێراتر دەبوون و شتەکان نادیارتر دەبوون. لەساڵی ١٩٠٩ دا کاندنسکی وێنەی چیایەکی کێشا، شێوەی چیاکە لە تابلۆکەدا کورتبووبووەوە بۆ هەرەمێکی شین و لەسەروو ڕەنگە شینەکەشەوە هەندێ پەڵەڕەنگی سپی و سەوز دانرابوون، لە خواریشەوە هەندێک فیگوری نادیاری نیگارکردبوو کە لە مرۆڤ دەچوون و لە مرۆڤیش نەدەچوون. ئەم تابلۆیە کاندنسکی گەیاندە سنووری تەجریدی تەواو. ساڵی ١٩٠٩ ساڵی وەرچەرخانێکی گرنگ دەبێت لە هونەری کاندنسکیدا بەرەو تەجرید، واتە ئەو وێستگە گرنگەیە کە ئەو بەر لە گەیشتنی تەواوەتی بە تەجرید پیاتێدەپەڕێت.

لەم وێستگەیەدا دوو زنجیرە کار ئەنجامدەدا، یەکەمیان بە ناونیشانی کۆمپۆزیشن ـ تکوین (Komposition)ـەوەو زنجیرەی دووەم بە ناونیشانی خۆکرد ـ ئەمپرۆفۆزیشن (Improvisition)ـەوە.

زنجیرەی یەکەمیان «کۆمپۆزیشن» کاندنسکی بە کاری ئاگاهی وەسفیاندەکات کە تیایاندا گشت شتەکان بە ماناو بە مەبەست وێنەکرابوون و لە ژێر هۆش و کاریگەری موزیک و بەرماوەی کاریگەری فوفیزم و بۆچوونی نیوسوفیزمدا، بەڵام بێ حیسابات، بەڵکو بەهەست... ئەم زنجیرە کارە بە قەبارە گەورەبوون و بە بۆیەی زەیت دروستکرابوون.

زنجیرەی دووەم، لە ژێر ناونیشانی «ئەمپرۆفۆزیشن »دا، وەکو کاندنسکی خۆی وەسفیاندەکات زیاتر حسی بوون و بێئاگایی دروستیانی کردبوو. دیسانەوە لە ژێر کاریگەری موزیک، بەڵام لەم کارانەی دا کارتێکردنی سەفەرەکەی تونسی لەسەر بوو، هەندێ لە ناونیشانەکانی ئەم کارانە بە

«خۆرهەڵات» یان «عەرەبەکان» دێت، هەندێکی دیکەشیان تەنیا بە ژمارە جیاکراونەتەوە، وەک کاری «ئەمپرۆفۆزیشنی ١٤» یان «٢٥ ». تا کۆتایی ١٩٠٩ ژمارەی ئەم تابلۆیانە گەیشتنە ٣٥ تابلۆ.

لەساڵی ١٩١٠ دا کاندنسکی یەکەم تابلۆی تەجریدی تەواوەتی دروستدەکات. بەمجۆرە ساڵی ١٩١٠، بەساڵی تەجرید لە مێژووی هونەری شێوەکاری خۆرئاوادا حیسابدەکرێت. بەڵام وە نەبێت ئەم بەروارەش ڕێکەوتنێکی تەواوی لەسەر بێت، چونکە هەندێ لە مێژوونوسانی هونەر دانانی ١٩١٠ بە ساڵی لەدایکبوونی تەجرید دەگێڕنەوە بۆ هەڵەیەکی مێژووی و ساڵی ١٩١٣ بە ساڵی سەرەتای تەجرید حیسابدەکەن.«بڕوانە گۆڤاری هونەری «ئارت ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٨٤، ل. ٢٨ »

کاندنسکی لەگەڵ کارکردنی بەردەوامدا، بیروبۆچونەکانی خۆشی دەربارەی گرێدانەوەی دونیای ڕۆحانی خۆی بە ڕەنگ و موزیکەوە لە کتێبێکدا دەنوسێتەوە بە ناونیشانی: دەربارەی ڕۆحانیەت لە هونەردا (Über das Geist in der Kunst). شایەنی باسە ئەو وشەی ڕۆح بەکارناهێنێت، بەڵکو وشەی «گایست» ی ئەڵمانی بەکاردەهێنێ... وشەی گایست بەتەواوەتی بەرامبەر وشەی ڕۆح نییەو بەرامبەری عەقڵیش نییە،، بەڵکو هەرشتێکە کە لە نێوان ڕۆح و عەقڵدا بێت، لەبەرئەوەی لە زمانی کوردی و عەرەبیدا وشەیەکی تەواو نادۆزمەوە وشەی ڕۆح بەکاردەهێنم، چونکە گایست لە ڕۆحەوە نزیکترە وەک لە عەقڵ.

دەزگاکانی چاپ و پەخشی ئەوسای ئەڵمان، کتێبەکەی کاندنسکییان چاپنەکرد، هۆی چاپنەکردنەکە تەنیا ئەوەنەبوو کە بیروبۆچوونەکانی ناو کتێبەکە بۆ ئەو سەردەمەی بیروبۆچونی ئەکادیمی باو نەدەگونجا، بەڵکو بەشێکیشی ئەوەبوو کە کاندنسکی بێگانەیەو ئەڵمان نییە. دەزگای چاپی «گیورگ مویللەر» بەمجۆرە وەڵامی کاندنسکی دەداتەوە: «هەرچەند نووسینەکەتان شتی چاکی دەربارەی ڕۆحانییەت لە هونەردا تیایە، بە داخەوە کە مایەی ڕەزامەندی ئێمە نییە، چونکە لەو باوەڕەدا نین جەماوەری خوێنەران قبووڵیبکەن، بۆیە ناتوانین چاپیبکەین، مەترسی ئەوەشمان هەیە ڕەخنەی زۆری بێتە سەر لەبەر ئەو شێوازی نوسینەی کە لە شێوازی ئەڵمانی جیایدەکاتەوە، بە جۆرێک دیارە ئەمە کاری یەکێکی بێگانەیە». هەروەها دەزگای پیپەریش چاپکردنی کتێبەکەی ڕەتکردەوە، دواجار کاندنسکی بەهۆی هونەرمەندی ئەڵمانی فرانس مارکەوە هەزار دانەی لێ چاپدەکات.

لەو هونەرمەندانەی سەرقاڵی کاری ئەبستراکت بوون کەسیان وەک کاندنسکی لەسەرەخۆو بەردەوام و بەڕێکوپێکی و مەنهەجییانە کاری بۆ ئەبستراکت نەکردووە... بەشێوەیەک دەکرێت بگووترێت کە کۆی کارەکانی کاندنسکی لەسەرەتاوە ڕوویان لە ئەبستراکت بووەو خۆشی ئەوەی لە ناو خۆیدا دۆزیوەتەوەو کاری تیوری و پراکتیکی بۆ کردوە تا گەیاندوێتییە ئەنجام.

ئیدی کاندنسکی یەکەم کەس بووبێت یان نەبووبێت، ساڵی ١٩١٠ سەرەتای ئەبستراکت بێت یان ١٩١٣ هیچیان ئەو ڕاستییە ونناکەن کە کاندنسکی بە خولقێنەری ڕاستەقینەی ئەبستراکت لە هونەری خۆرئاوادا دادەنرێت. دیارە هەوڵدانەکانی ونکردنی فیگور لە ناو سەرجەم ئەتمۆسفیری ڕەنگدا، دەگەڕێتەوە بۆ پێش کاندنسکی، ڤان کوخ جگە لە نوسینەکانی بۆ تیوی برای، لە کارەکانیشیدا زۆر بەر لە کاندنسکی هەوڵی بۆ ئەوە داوە، بەڵام ڤان کوخ زیاتر وەک پێکوڵکەری تەعبیرییەت تەماشادەکرێت نەوەک تەجرید. کاندنسکی هێندەی شوێن پێی ماتیس و بیکاسۆی هەڵگرت، نەکەوتە دوای ڤان کوخ، ڕێگای ماتیس بەرەو فوفیزمی برد لە ڕەنگداو بیکاسۆش بەرەو تەجریدی برد لە شێوەدا.

مێژووی فۆرمی ئۆرگانی لە ئەبستراکتی کاندنسکیدا دەچێتەوە سەر فوفیزم، بەڵام ئەو بە گیانێکی سمبولیزمەوە کاری تیاکرد، بۆیە تەجریدی ئۆرگانی لە هەمانکاتدا سەمبولێکیشە بۆ هێزی سروشت. کاندنسکی بە فۆرمی گیومەتریش کاریکرد، بەتایبەت ئەو ماوەیەی لە مینشنەوە گەڕایەوە بۆ ڕوسیا، ئەوکات لەوێ کارە کۆنستروکتیفیستەکان باوبوون، ئەو لە ژێر کاریگەری ئەو کارانەدا چەند ئیشێکی تەجریدی بە فۆرمی ئەندازەیی ئەنجامدا، بەڵام خۆی ئەوەندە خۆشی بەو فۆرمانە نەدەهات و بە کاری میکانیکی بێگیانی لەقەڵەمدەدان. جگە لەوەش کارە ئەبستراکتەکانی ماوەی

باوهاوسیش دیسانەوە ئەندازەیی بوون، چونکە لە قوتابخانەی باوهاوسیشدا فۆرم ئەندازەیی بوو، هەر بۆیەش دەکرێت کۆی باوهاوس وەک شێوەیەک لە شێوە ئەندازەییەکانی هونەری تەجرید سەیربکرێت.

خۆشەویستی کاندنسکی بۆفۆرمی ئۆرگانی پەیوەندی بە دونیای ناوەوەی کاندنسکییەوە هەبوو، ئەو زیاتر لەگەڵ ئەو فۆرمەدا دەگونجا نەوەک لەگەڵ فۆرمی ئەندازەییدا. ئەو زیاتر هونەرمەندی شعوربوو نەوەک عەقڵ، کاری شعوریش پتر فۆرمی ئۆرگانی بەرهەمدەهێنا، وەک چۆن سەرقاڵبوون لەگەڵ عەقڵدا فۆرمی ئەندازەیی دروستدەکرد.

کاندنسکی لەگەڵ خۆی و دەوروبەرو هونەردا مرۆڤێکی هێمن و هارمۆنی و ئازاد بوو. هەموو هونەرێکی باشی خۆشدەویست، هێند توندڕەو نەبوو ڕێز لەو جۆرە کارانە نەگرێت کە شێوەی تریان هەبوو. تەنانەت دەربارەی داهاتووی ڕەسمیش دەڵێت «داهاتوو هونەری ڕەسم مەرج نییە تەنیا موڵکی هونەری ئەبستراکت بێت».

### ئەبستراکت لە پاریس

پاریس لەسەرتای سەدەی بیستدا مەڵبەندێکی گەورەی هونەر بوو، نەوەک تەنیا بۆ هونەرمەندانی فەرەنسی، بەڵکو بە هۆی مەترسی جەنگ و دواتر بە هۆی هەڕەشەی نازییەکانەوە، ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان لە هەموو لایەکی ئەوروپاوە ڕوویاندەکردە پاریس. لەدەوروبەری ساڵی ١٩٢٠ دا ئەبستراکت گرنگییەکی گەورەی پێدەدرا، وەک جەمسەری ئەودیوی سوریالییەکان هەندێ لە کەڵە هونەرمەندانی ئەو سەردەمە وەک پیکاسۆ، پراک و ماتس لەدەوری کۆبوونەوە. ئەم هونەرمەندانە بە هۆی ئەوەی هەریەکەیان ڕێبازی خۆی هەبوو، لە قۆناغەکانی دوایی ئەبستراکتدا چالاک نەبوون... پیکاسۆ خۆی بەدرێژای ژیانی هونەرمەندێکی ڤیگوراتیف بوو، زۆر جار بەتایبەت لە قۆناغی کوبیزمی ئەنالەتیکدا لە ئەبستراکت نزیکبووەوە، بەڵام حەزی پیکاسۆ لە فیگور هەمیشەیی بوو.

لەو دەمەدا فرناند لیژی و دیلۆنی دوو هونەرمەندی گرنگ بوون کە ئەوکات کاری ئەبستراکتیان کردووە، لیژی هەندێ تصمیمی لە شێوەی ئەبستراکتدا کردووەو سەرجەم ئورفیزمی دیلۆنی کەئەوکات لە پاریس بە ناوبانگ بوو، دەتوانرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ئەبستراکت لەقەڵەمبدرێت.

هەرچەند کارە ئەبستراکتەکانی کۆنستروکتیفیستەکانی ڕوس و دی ستیلی هولەندی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر باوهاوسی ئەڵمانی هەبوو. بەلام لە فەرەنسا کاریگەریان هێند بەرچاونەبوو. بەڵام «پوریزم»ی ئۆتسفاند لە پاریس وەک شێوەیەکی ئەبستراکت کاریگەربوو. یەکێ لەو هۆیانەی وایکرد هونەری دی ستیل و کۆنستروکتیفیستە ڕوسەکان کاریگەریان کەم بێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فەرەنسا ئەوکات هێندە خۆشی بە «وەرگرتن و ئیستیرادی» هونەری بێگانە نەدەهات، بگرە پێشانگای هونەرمەندانی دی ستیل لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە پاریس هێندە دەنگی نەبوو، خەڵکێکی کەمیش ڕویان تێکرد.. هەتا پیت موندریان کە لە پاریس بوو سەرەتا ژیانی زۆر خراپ بوو، بەدزییەوە وێنەی گوڵی دەکرد و هاوڕێیەکی بۆی دەفرۆشت تا ژیانێکی کولەمەرگی پێ ڕێبکات.

یەکەم هەنگاوی چاوەترسانە بۆ تەجرید هونەرمەندی بە ڕەگەز پۆلۆنی پۆتسنانسکی (Poznanski) نای کە پێشانگایەکی بۆ کاری ئەبستراکت کردەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی ئەو سەردەمەی لە خۆگرتبوو، لەوانە «هانز ئارەب، فیلی باومایستەر، برانکۆزی، ڕۆبەرت و سۆنیا دیلۆنی، تیوفۆن دیوسبیرگ، گونچاروڤا، خوان گری، پۆل کلی، لاریونوف، فرناند لیژی، خوان میرۆ، مولی نەچ، موندریان، بن نیکلسن، ئوتسنفاند، و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە. ئەم پێشانگایە بووە شتێکی گرنگ لە مێژووی ئەبستراکتدا لە پاریس، پاریس تا ١٩٣٠ شتێکی دی وەهای بەخۆیەوە نەبینی.

ساڵی ١٩٣٠ ڕەخنەگری فەرەنسی میشل سۆیڤۆر (Michel Seuphor) و هونەرمەند ژواکیم تۆریس گارسیا (Joaquim Torres- Garcia) گرووپی هونەری ئەبستراکتی «بازنە و چوارگۆشە» یان دامەزراند، لە هەمان ساڵدا لە قاتی خوارەوەی ئەو خانووەی ئەوسای پیکاسۆدا کارەکانی ئەو گروپەیان لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا خستەڕوو. لەو پێشانگایەدا کۆمەڵێک هونەرمەندی سوریالی گرنگیش بەشداربوون وەک هانس ئارەب، هونەرمەندی ئەوسای دادائیزم «کورت شڤیتەرز» و هونەرمەندانی ئەبستراکت وەک باومایستەر، کاندنسکی، لێکۆبۆزییە، فرناند لیژی، مۆندریان، ئۆتسنڤاند، ئەنتۆن بڤسنەر، رۆسولو، و هەندێ هونەرمەندی دیکەش.

گرووپی بازنەو چوارگۆشە هێندەی نەبرد خۆیان گۆڕی بە گرووپی (abstract- creation) خولقێنەری ئەبستراکت، کە یەکێک لە بنکە زۆر بە هێزەکانی تەجرید بوو لە پاریس و گرینگی هەبوو بەسەر دروستبوونی هەندێ گرووپی تەجریدی دیکەوە لە بەریتانیا. ئەم گرووپە تاساڵی ١٩٣٦ ژیاو هێدی هێدی لەبەرترس و هەڕەشەی نازییەکان هونەرمەندانی ئەو گرووپە پاریسیان بەجێهێشت و هەریەک بەلایەکدا ڕایانکرد. گابۆو براکەی بۆ بەریتانیاو مۆندریان بۆ ئەمریکا.

## ئەبستراکت لە بەریتانیا

ئەمپرسیونیزم و پۆست ئەمپرسیونیزمی فەرەنسی بەتایبەت کارەکانی کلۆد مۆنییە، سیزان، بیسارۆ، سیسلی ڕۆڵێکی گەورەیان لە گەشەپێدانی هونەری هاوچەرخدا لە بەریتانیا هەبوو. ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشانگایەی ڕەخنەگری بەریتانی ڕۆجەر فرای (Roger Fry) «١٨٦٦_١٩٣٤» کردیەوەو لە نۆڤەمبەری ١٩١٠ تا مانگی یەکی ١٩١١ ی خایەند و کاری ئەمپرسیونیستە فەرەنسییەکانی تیا نیشاندران. ڕۆجەر فرای خۆی یەکێک بوو لە ئەمپرسیونیستناسەکانی ئەو سەردەمەو خاوەنی چەمکی پۆست ئەمپرسیونیست بوو. جگە لەم پێشانگایە ڕۆجەر فرای پێشانگایەکی تری بۆ کارەکانی ماتیس و پیکاسۆو ئەوداوی فوفیست و کوبیستەکانی دی ڕێکخست، کە کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر هونەرمەندانی ئەودەمی بەریتانیاو هەموویانی یەکخست بۆ زیاتر گەشەدان بە فوفیزم و تەعبیرییەت و کوبیزم ، لە پێناوی برەودان بە هونەری ئەورووپی هاوچەرخدا. کاریگەری ئەم پتشانگایەی ڕۆجەر فرای بوو وایکرد دواتر هونەرمەندو نوسەری فرە بەهرە پیرسی وندهام لیڤیس (Percy Wyndham Lewis) «١٨٢٢ - ١٩٥٥» کە ئەوسا لە ژێر کاریگەری کوبیزمدا کاریدەکرد بە هاوکاری لەگەڵ ئەزرا پاوەندا بۆ دروستکردنی گرووپی هونەری فورتیسیزم (Vorticism) چالاکبێت کە ڕۆڵێکی گەورەی لە هونەری هاوچەرخداو بەتایبەت لە ئەبستراکت لە بریتانیادا بینی.

بەتەریبی «پێرسی وندهام لیڤیس» هونەرمەندی فۆتۆگراف ئالڤین لانگدن گیبورن (Alvin) Langdon Geburn هەندێ کاری فۆتۆگرافی دەکرد، کە ئەویش کۆمەڵێک ئەزموونی دەوڵەمەند بوون لە شێوازی فوتوریزم، ئەو شتەکانی لە نێوان سێ ئاوێنەدا دادەناو فۆتۆیانی دەکرد، لیڤیس و ئازرا پاوەند ئەو کارانایەن ناو دەنا فۆرتۆگراف (Vortograph) شێوە لەم کارە فۆرتۆگرافانەدا وەک تەجریدی - فوتوریستی دەبینران.

یەکێ لە هونەرمەندە هەرە گرینگەکانی ئەوسای بەریتانیا کە لەگەڵ گرووپی «فورتیسیزم» کاریدەکرد، هونەرمەند «بن - نیکلسن (Ben Nickolson) بوو« ١٨٩٤_١٩٨٢» ئەو لە ئەزمونە هونەرییەکانی لە فەرەنساو ئیتالیا زانیارییەکی زۆری پەیداکردبوو، ئەوکات کە لە گرووپی «فورتوسیزم» نزیکبووەوە کارەکانی بەرەو ئەبستراکت دەچوون، بەڵام هێشتا فیگوریان تیامابوو. بن نیکلسن سەرەتا هەوڵی هاوتاکردنی لە نێوان کاری کوبیزم بە شێوازی پیکاسۆو براک و کاری

پوریزمدا دەدا، دواتر چووە پاڵ گرووپی هونەری (abstract - creation) و لەوێدا بووە ئاشنای «مۆندریان» و ئیدی کارەکانی بوونە ئەبستراکتی ئەندازەیی لەسەر ڕەوشی مۆندریان، هەرچەند ئەو تائەوکاتیش لە ژێر کاریگەری کوبیزم و پوریزمدا دەرنەچووبوو، زۆریش حەزی بە تێکەڵاوکردنی ئەزموونی جیاجیادەکرد. بۆیە هەستا بەدروستکردنی هەندێ دیمەن بە تێکەڵاوکردنی پرەنسیپە ئەبستراکتەکان لەگەڵ کوبیزم و پوریزمدا کە بە هیچ شێوەیەک لە کوبیزمی فەرەنسی نەچێت. بەمشێوەیە بن ـ نیکلسن توانی شێوازێک لە ئەبستراکتی ئەندازەییدا بۆخۆی بدۆزێتەوە کە نە لە کوبیزمی فەرەنسی و نە لە ئەبستراکتی هۆڵەندی بچێت، ئەم شێوە کارکردنەی بن ـ نیکلسن ممکین نەبوو بێ سەرقاڵ بوون بە «پوریزم» ی ئۆتسڤاندەوە.

## هێنری مۆر

گرنگی و دەوڵەمەندی هێنری مۆر لەوەدا بوو کە تۆژینەوەی لەسەر هەموو پەیکەرە ئەوروپی و نا ئەوروپییەکان لە کۆنەوە تا ئەوکاتەی خۆی کردبوو. بگرە پەیکەری ئەفریقی و میللەتە سادەوسەرەتاییەکانی تر یەکێک بوون لە سەرچاوەی کارەکانی تاکو ساڵی ١٩٣٠ و لەوکاتە بەدواوە کەوتە ژێر کاریگەری هەردوو دنیای سریالییەت و تەجریدەوە و بووە یەکێ لە نوێکەرەوەکانی پەیکەرتاشی .

هنری مۆر پێش ئەوەی بگاتە پەیکەری ئەبستراکت کارەکانی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕین، لە پەیکەرێک کە زۆر لە ڕیالیزمەوە نزیک بێت تا دەگاتە کورتکردنەوەی بەشە ڕیالیستەکانی لەش بە شێوەیەک لە دەوروبەری کۆتاییەکانی ژیانیدا «بۆشایی ـ فراغ» و «قەوارە ـ کتلة» بەیەکەوە یەکەیەکی ئەبستراکتییان دروستدەکرد.

**باربارا هیبۆرس** (Barbara Hepworth) «١٩٠٣ ـ ١٩٧٥»

یەکێک بوو لە هونەرمەندە گرینگەکانی ئەبستراکتی ئینگلیزی، لەسەرەتادا لە ژێر کاریگەری هنری مۆردا کاریدەکرد، پاشان بەرەو شێوەی برانکوزی و لەویشەوە بۆ هانزئارب و دواتریش کەوتە ژێر کاریگەری پیکاسۆوە. دوای ئەوەی شووی بە «بن نیکلسن» کرد، هەردووکیان بوون بە دوو ڕابەری سەرەکی هونەری ئەبستراکتی ئینگلیزی و کاروکارتکردنیان بەسەریەکەوە زۆربوو.

ساڵی ١٩٣٣ گرووپی (abstract - creation) لە پاریس هەردوکیانی داوەتکرد بۆ بوون بە ئەندام لەو گرووپەدا، بە مەبەستی بڵاوبونەوەی گرووپەکە لە بەریتانیا .

ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ نائوم گابۆدا «کە ئەوسا لە پاریسەوە بەرەو بەریتانیا ڕایکردبوو» گرووپی «بازنە»یان دروستکرد. وەک گرووپێکی هونەری کە کاری پەیکەرو ڕسمکردن و تصمیمی خانووبەرەش بگرێتە خۆی، ئەوە لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەک بوو بۆ دروستکردنی قوتابخانەی «باوهاوس» لە بەریتانیا .

جگە لەم هونەرمەندانە ڕەخنەگری هونەری «هربرت ڕید» ڕۆڵێکی گەورەی لە ناساندنی هونەرمەندەکاندا بەیەکتر هەبوو، وە لە نوسین و ناساندنی ئەو هونەرمەندانەشدا بە خەڵک گەلەک چالاک بوو. ڕید برادەرێکی کۆنی گابۆ دەبێت، کاتێک گابۆ لە ڕوسیا دەبێت بەردەوام نامە بۆ ڕید دەنێرێت و ئازاری خۆی بەدەست بەلشەفییەکانەوە لای ڕیدا بەیاندەکات، لەوێشەوە ناوەڕۆکی کارە کۆنستروکتیفیستییەکانی خۆی و براکەی بە ڕید ئاشنادەکات.

کاتێ کە گابۆ و مۆندریان و ڤالتەر گرووپیوس و مۆلی نەج و برۆیەر و هەندێکی دی لە هونەرمەندە پێشەنگگەراکان «ئاڤانتگارد ـ طليعى» ـەکانی ئەوروپا لە ترسی نازییەکان خۆیان گەیاندە بەریتانیا. بن ـ نیکلسن و بەربارا هب ورس و هربرت ڕید هاتن بە کۆمەکیانەوەو دۆستایەتی کۆنیان نوێکردەوەو و یەکێتی هونەرمەندانی مۆدێرنیان لەگەڵ یەکدا دروستکرد.

پەیکەرەکانی «هب ورس» تا ئەندازەیەک لە کارە کۆنستروکتیفیستییەکانی نائوم گابۆوە نزیک بوو، بەزۆری بەرد یان داری وەک مەتریال بەکاردەهێنا و شێوەی ئەبستراکتی پێ دروستدەکرد، کە لە بۆشایی و قەوارە پێکهاتبوون، لە نێو بۆشاییەکانەوە تەلی ڕەوانەدەکرد، یا نەخۆ سەری تەلەکانی لە بەردەکان چەسپدەکرد، بە جۆرێک لە تەلی ئامرازی موزیک بچێت.

**پەراوێز:**

ئالشیمی: لە بنەڕەتدا لە وشەی کیمیای عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام هەر لە کۆنەوە لە خۆرئاوا وەک سەرچاوەیەکی ڕۆحی کاری پێکراوە، هەر چەند ناوەڕۆکەکەی هەر لە کیمیاوە نزیکە، چونکە ئالشیمی لە خۆرئاواشدا هەر بە مانای گۆڕان و تێکەڵکردن دێت، بەڵام نەوەک لە بواری مەتریالدا، بەڵکو لە بواری زەین و ڕۆحیشدا.

## سەرچاوەکان


1- Erich Müller. moderne Malerei sehen und verstehen
2- Magdalene M. Moeller, Der frühe Kandinsky 1900-1910.
3- vivian Barnett, W. Kandinsky im Lenbachhaus(Bunte Leben).
4- Axel und christa Murken, von der Avantgarde bis zum Postmoderne.
5- Das kunst Magazin art.7. 1984.
6- Monike Wagner, Moderne Kunst.
7- Hans Hildebrandt, Die Kunst des 19 und 20 Jahrhundret.
8- Das Geist in der Kunst, Abstrakte Malerei 1890 - 1985.
9- Alan Bowness, Die Kunst der Moderne.
10- Volkmar Esser, Klassische Moderne von Matiss u. Picasso bis Klee.
11- Horst Richter, Geschichte der Malerei im 20 Jahrhundert.
12- Karl Rahrberg, Die Malerei unsere Jahrhunderts.
13- H.H. Arnason, History of modern art.
14- Robert Rosenblau, The international style of 1800, a Study in Linearabstraction.
15- Edward Lucie - smith, Art of 1930.
16- Ulrike Becks - malorny, Kandinsky.

١٧-الدكتور عفيف البهنسي، الفن العربي الحديث بين الهوية و التبعية.
١٨ـ هيغل ـ الفن الكلاسيكي. ترجمة جورج طرابيشي

# کۆستیم
# فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی
# پیتەر برۆک

**نووسینی: دانا ڕەوف**

پیتەر برۆک یەکێکە لە ناوە گەورەکانی جیهانی ئەمڕۆی شانۆ. خوێندنەوەو ئەفسوونی شانۆکەی چوون ئۆقیانووسێکی گەورە دەبینرێت. داڕشتەی ئەو جیهانە پانتایی و ستروکتۆری گە لێک بەرینە، کاریگەری ئەم ئۆقیانووسە هەموو سنوورەکانی بەزاندووە؛ ئەو گۆڕانکارییانەی پیتەر برۆک لە شانۆدا بەدیهێناوە گەلێک گەورەیە. لەبەرئەوە ئەمڕۆ ناوی پیتەر برۆک هاوکێشەیەکی گرنگ لە سەرتاپای پرۆسێسی شانۆی هاوچەرخی جیهانی پێکدەهێنێ. ئەو بەردەوامییەکە بۆ تازەبوونەوەو نەمری شانۆ لەلایەک و خولقاندنی تیۆری نوێ.

بیرو دیدی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەدایکبووی سەدەیەکی نوێیە، سەدەی جەنگ و گۆڕانکارییە خێراو گرنگەکانی ئەوروپاو جیهان. لەبەرئەوە کاریگەری پڕۆژەو ئەزموونەکانی تەنها بەسەر شانۆی ئەوروپای ڕۆژئاوادا خۆیناسەپێنێت، بەڵکو بەشێکی گەورەی شانۆی جیهانی بێبەری نەبووە لەو کاریگەرییە ڕاستەوخۆیەی کە ئەو لەپشت بەرهەمهێنانیەوە وەستاوە. هەر بۆ نموونە شانۆی نوێخواز و ئەزمونکاری شەست و حەفتاکانی ئەمەریکا، لەوانە ژۆلیان بێک و شانۆی زیندوو؛ ڕیشارد شێشنەر و گروپەکەی «The Performance Group» ڕاستەوخۆ کەوتبوونە ژێر کاریگەری دیدو فەلسەفەی پێتەر بروکەوە. گرنگی کاریگەری ئەزموونەکانی ئەم کەڵە ڕێژیسورە لەوەدایە، بەتایبەتی لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان و تەنانەت ئەمڕۆش، هەموو پڕۆژەیەکی پێکهاتووە لە میتۆلۆژیایەکی قەشەنگ، ڕەتکردنەوە، داڕمان و بنیاتنانی نوێ. لەو پانتایانەی بروکدا هیچ ساتێکی دیاریکراو و ڕێسایەکی تایبەت لە خۆناگرێت و هەمیشە لە گۆڕاندایە، بەڵکو تێپەڕاندنی ساتەکان خۆیەتی، لەو پانتاییەدا تەنها مرۆڤ چەقەو هونەریش یاساو ڕێبازە. هیچ یاساو چوارچێوەیەک سنوورەکانی شانۆ لە خۆناگرێت .

هەموو پڕۆژەیەکی ئەم هونەرمەندە ڕێبازێکی تازەترەو دەبێتە میتۆدێکی تر بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆ. [ئێمە لە تەقەلای ئەوەداین، «پەیوەندییەکی نوێی ئیلیزابیسی» دروستبکەین؛ شتە تایبەتەکان ببەستینەوەبە گشتییەکانەوە، نزیک و هاودەمەکان بە گەورە و فراوانەکانەوە، نهێنیەکان بە ئاشکراکانەوە، سوک و ڕەزیلەکان بە ئەفسونیەکانەوە، ببەستینەوە. لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت جەماوەرێکی زۆر لەسەر شانۆ کۆبکەینەوە، جەماوەرێکی گەورەش لە بینەران بێن. لەناو ئەم شانۆ قەرەباڵغەشدا تاکەکان ڕا ستییە زۆر تایبەت و نزیکەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ تاکەکانی تر لەنێو ئەو بینەرە گەورەیەدا، بەمەش هەموومان زانیارییە گرنگەکانی ژیان لەگەڵ یەکتری دەگۆڕینەوە.].

پیتەر بروک ئاماژە بۆ شانۆیەکی چالاک بەوەدەکات کە ئێستاو لەم هەنوکەیەدا دەژی و هەوای ئەم ساتەوەختە هەڵدەمژێت. گرنگ نییە چ پیەسێک پێشکەشدەکرێت، کلاسیک یاخود نوێ؛ گرنگ ئەوەیە دڵی پڕۆژەکە لە جەستەی ئەمڕۆدابێت، ڕێک لەم هەنوکەیەدا . لەم ڕووەوە پیتەر بروک لە کتێبی «Threads of time» دا دەڵێت: هەموو فۆرمێک مانای خۆی لەدەست دەدات، گەر پریشکێک لە ژیانی ڕاستەقینە لە خۆنەگرێت؛ پێویستە نمایشتەکە لەم ساتەوەختەدا، لەم چاوتروکاندنەی ئێستادا بژی.

پیتەر برۆک ئەمڕۆ لە فۆرم و شێوازێکی زۆر سادەدا کاردەکات. ساکاری فۆرم و شێوازەکانی کارکردن قوڵبوونەوەو تێگەیشتنێکی بەرزە لە ژیان، شانۆ، لە دەوروبەر و گەردوون. زەمەنیش لەم

فۆرم و شێوازە ساکارەدا دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ڕاڤەکردن و بەرجەستەبوونی؛ زەمەن تەنها وێنەی زەمەنە تەقلیدیەکەی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکە زەمەن لەلای پێتەر بروک زەمەنی هزرە، زەمەنێکی چڕە لە تێڕامان، زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆکەکانە. لەدایکبوونی ڕووداوی شانۆیی و خولقاندنی فۆرم و شێوەش، دوو تووخمی گرنگی بونیادی نمایشتە شانۆییەکانیەتی. لە ڕوانگەی پێکداچوونێکی هارمۆنی و پێکگەیشتنێکی تەواوەتی ئەم دوو توخمە لەتەک یەکتر، دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی یەکەی توخمە هونەری و فۆرمە شێوازئامێزەکان کە هزر و بیرۆکە شانۆییەکانی لە خۆگرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرنگە لەلای بروک. [دەتوانم لە ماوەی چەند کاژێرێکی کەمدا هەموو ئەو شتانەی فێری بووم سەبارەت بە تەکنیک و ڕێبازی شانۆ، فێری هەرکەسێکی بکەم کە دەیەوێت؛ بەڵام ئەویتر کارو پراکتیکە].

پیتەر بروک لەم ماوەیەدا بەشانۆیی «کۆستیم»«١» کە یەکێکە لە دواپڕۆژەکانی، سەردانی وڵاتی سویدی کرد. کۆستیم چیرۆکی پەنجاکانی خوارووی ئەفەریقایە. چوار ئەکتەری ئەفریقیش کارەکەی بەرجەستەدەکەن. نمایشتەکە لە ستۆکهۆڵمەوە دەچێت بۆ وڵاتی فیلەندا. پێشوەخت پیتەر بروک گەیشتۆتە هیلسینقۆشی پایتەختی فیلانداو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا دەربارەی هونەری شانۆو هۆکارە گرنگەکانی گۆڕانکاری و کارتێکردن قسەیکردووە. لەو کۆنفرانسەدا ئاماژەبەوەدەکات کە شانۆ دەتوانێت لە چرکەساتێکدا حەقیقەتی بوون بەرجەستەبکات. [لە ماوەی دوو کاژێر یان کەمتر دەکرێت هەوای جیهانێکی پاک هەڵمژین و لە گەورەیی جیهان بگەین].

ئەم هونەرمەندە بەر لەوەی تەمەنی ببێتە بیست ساڵ، هاتۆتە جیهانی شانۆوە. لەو تەمەنەدا ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە شانۆی شەکەسپیر و هونەری ئۆپێرا. دەزگاکانی بەرهەمهێنانی نمایشت و هونەری ئۆپێرا دەبێتە جێگای سەرنج و بیرکردنەوەی. لە یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەدوێت [ئەم دامودەزگا کۆن و خەواڵووە دەبێت بە کۆمەڵێ ڕاچڵەکاندن ووریای بکەینەوە، بە شێوەیەکی بەهێز ڕایچڵەکێنیت و فڕێیبدەیتە ئەم زەمەنەوە].

## پیتەر برۆک و هونەری ئۆپێرا

پیتەر بروک لە کتێبی «The Shifting Point» کە لە ساڵی ١٩٨٧دا بڵاویکردۆتەوە سەبارەت بە ئۆپێرا«٢» دەڵێت [ئۆپێرە بەر لە پەنجاهەزار ساڵ لەمەوبەر لەدایکبووە، لەوکاتەدا مرۆڤ لە کونە ئەشکەوتەکانی خۆیاندا هاتنە دەرەوەو لە خۆوە هاوارو دەنگیان لێوەدەهات. لەو هاوارو دەنگانەوە ڤێردی، پۆشینی و ڤاگنەر لەدایکبوون. دەنگێک بۆ ترس، یەکێکی تر بۆ خۆشەویستی، بۆ بەختیاری یان بۆ هەڵچوون و تووڕەبوون. تێکڕا ئەو دەنگانە بەر لەدیاریکردنی تۆن و سۆزی ئاوازەکان، تۆنێکی ئۆپێرالی بوون. ئالەوێدا، لەو سات و ئانەدا، پێکەوە هەموو شتەکان دەستی پێکردووە. فۆرمی هەستدەربڕینێکی سروشتیانەی مرۆڤ دەبێتە گۆرانی. بەماوەیەکی درێژ دوای ئەوە ئەو پرۆسێسە دەبێتە یاسایەکی دیاریکراو و ستروکتورئاسا، ئەو ستروکتورەش گۆڕانی بەسەرداهات و بووە هونەر].

بروک هەر لە سەرەتاوە گرنگی بە هونەری ئۆپێرا داوەو لەو بوارەوە لە نیۆرک، لەندەن و پاریس چەندان نمایشتی ئۆپێرالی پێشکەشکردووە.«٣» لەم بارەیەوە دەڵێت [هەموو ئەو شتانەی لەڕووی تەکنیکەوە، لە پرۆژە ئۆپێرالییەکاندا فێریان بووم، دواتر سودێکی گەورەم لێبینین بۆ ئامادەکردنی پرۆژە شانۆییەکانم].

پیتەر بروک بۆ نمونە ئۆپێرای تراژیدیای «کارمن»ی«٤» بە شێوازێکی ناتەباو سەرسوڕهێنەر نمایشتکردووەو بەرگە باوەکەی لێ داماڵیوە. دراماو تراژیدیاکەی لەو سیما تەقلیدی و مێژووییەی ئۆپێرا ڕزگارکردووە.پێتەر بروک بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر گەڕاوەتەوە سەر بنەما سەرەکیەکانی (بیزێت) نووسەری ئۆپێراکە کە ناچار بووە لە ژێر کاریگەریکی نابابەتیانەی بۆچوونی دواکەوتووی ئەو ڕۆژگارەدا لایانبات. بروک هەموو ئۆپێراکەی وەک نمایشتێکی شانۆیی لە پانتاییەکی بۆشی بە

«لم» داپۆشراودا بەرجەستەکردووە. لەو بارودۆخە ئەفسوناویەدا ئاواز و تۆنەکان، گۆرانی و مۆسیقا ئۆپێرالیەکەش شێوازێکی تر و ژیانێکی تر دەژی. پێتەر بروک لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا سەبارەت بە ئۆپێرای کارمن دەڵێت: ( پاککردنەوەو کورتکردنەوەی کارمن لەلای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە ئەو ئۆپێرا بەناوبانگەی پێکهێناوە. ناوەڕۆکی کارمن لە ڕوانگەی دوو بەرهەمی جیاوازەوە پێکهاتووە. یەکەمیان بریتیە لەو ئۆپێرا پاک و ساکارەی کە من لەو بڕوایەدام ( بیزێت ) لە ڕوانگەی چیرۆکەکەی مێریمێس Mérimées ـەوە، کە بە شێوازێکی بەهێز کاریتێکردووە نووسیوە. بێگومان گەر بیزێت ئەو سەربەستیەی هەبوایە، تا بەو شێوەیە پڕۆژەکەی بەئەنجام بگەیەنێ. لەسەرو ئەمەوە ئێمە بەرهەمێکی ترمان هەیە، بەرهەمێک زیاتر شوێن پێی ڕیساو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو سەردەمە دەکەوێت. ئێمە هەوڵمانداوە لەم پڕۆژەیەی خۆماندا بە دەستێکی نەرم و بە وورياییەوە مامەڵە لەگەڵ کارمندا بکەین، تابتوانین ئەو بیرۆکە پاک و ساکارەی نەژاد و بنەمای ئۆپێراکە بەرجەستە بکەین و پاکی بکەینەوە لە هەموو جۆرە ئاڵۆزی، زیادەڕۆیی و زخرەفەکارییەکەوە.

زەمەنێکە لەسەر شانۆ ئۆپێرالیە جیاوازەکانی هەموو جیهاندا، لە ڕوانگەی پێشکەشکردنی نمایشتی ئۆپێرالی زۆر گەورە و بریقەدارەوە، ناپاکی دەکرێت لە نەژادو بیرۆکەی ئەم ئۆپێرایە. ئۆپێرای کارمن بۆتە پڕۆژەیەکی تری جیاوازی پڕ لە دیمەن و تابلۆی جۆراوجۆرو بەکارهێنانی جل و بەرگێکی ناجۆری مۆدە ئاسا، بەمەش نمایشتێکی ترو زەبەلاحی پڕ لەهاتووهاواریان خولْقاندووە. بێگومان هیچ هەڵەیەک لە نمایشتێکی گەورە و کەرنەڤال ئاسادا نیە، بەلام ئەوە کارمن نیە، ئەمەش گوناهێکە لە بیزێت و ئۆپێراکەی دەکرێت. بیزێت خۆی درامایەکی مۆسیقی گەورەی خولْقاندووە. لەو مۆسیقایەدا و لەسەر ئاستێکی بەرز پێکداچوونێکی مەزن لە نێوان وشەو ئاوازدا هەیە. وشەو مۆسیقا پێکەوە بەشێوەیەکی ڕەسەن و ساکار گوزارشت لە هەستی مرۆڤ دەکەن.) نمایشتی ئۆپێرای کارمن شۆڕشێکی هونەری و ئەزمونگەری وایە کە مێژوویەکی نوێ دەبەخشێ بەسەرتاپای ستروکتوری ئۆپێرا. پیتەر بروک لە تێڕوانینێکی خەونئامێز و ئەفسوناوی و ریتواڵەوە «کارمن»مان سەرلەنوێ پێدەناسێنێتەوە بە زەماوەندێکی زەماوەندئاسا چوون عەشقێکی ترسناک. نمایشتی ئۆپێراکە لەو خوێندنەوە جیاوازەی بروکدا، کەشوهەوای تراژیدیاکانی شەکسپیر لە خۆدەگرێت. گۆڕانکاریەکانی پیتەر بروک ڕێگا خۆشکردنێکی گرنگ بوو بۆ ئاسانکردن و بەرهەمهێنانی پڕۆژە ئۆپێرالیەکان لە بارودۆخێکی جیاوازتردا.

پیتەر بروک هەمیشە لەگەڵ شانۆدا ژیاوە. شانۆ و خەون فەلسەفەو دیدی ئەون بۆ ژیان، بۆ بوون و لەیەکتری گەیشتن. شانۆ دەبێت هەموو ساتێک نوێبێت، بەچاوێکی ورد و دەرونێکی پڕ لە هەناسەوە تەماشابکرێت. پیتەر بروک شانۆیەکی تەبا بەشێوازە تەقلیدی و سیما زەخرەفیەکانیەوە، ئەو شانۆیەی کە دەیەوێت بینەران بخاتە گریان یان پێکەنین، لە کتێبە گرنگەکەیدا «پانتاییەکی بۆش» بە شانۆیەکی مردوو ناودەبات.«٥». (شانۆ لەلای من بەهیچ شێوەیەک لە ژیان جیاناکرێتەوە، نەک هەرئەوەندەش، بەڵکە دادەنرێت بەبەشێک لە ژیان، لە ڕێگای شانۆوە فێریئەوەدەبین چۆن بژین. لەبەرئەوە هیچ جۆرە هزرو بیروباوەڕێک دامەڕێژە گەر لە ئەزموونی ژیان خۆیەوە سەرچاوەی وەرنەگرتبێت.) ئەوەی لە چاوتروکاندنێکدا گرنگ و پڕ لەژیانە، ڕەنگە لەچاوتروکاندنێکی تردا مردووبێت. هەر وەک ئەوەی تۆ لە ماڵەوە چەندەها شتی کۆن و بێکەڵکت کۆکردۆتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو شتەدا بۆ ماوەیەک دەژیت، بەڵام ئەوەش باشدەزانیت کە ڕۆژێک دێت هەموو ئەو شتانە فڕێبەیتەدەرەوە.

خوێندنەوەی پیتەر بۆ شەکسپیر، خوێندنەوەیەکی جودایە، بەمەش لەو داب و نەریتە ڕۆمانسیە دوورکەوتۆتەوە کە بەهاو چەمکە شیعرییەکانی شەکسپیری پێناسراوە. لەسەرەتاوە ڕەخنەگرەکان هێرشێکی توندوتیژ دەکەنە سەر ئاراستەکانی ئەو خوێندنەوانەی برۆک و بەوە تاوانباریدەکەن کە «بروک بەهای درامی، شیعری و سترکتوری شانۆنامەکانی شکسپیری تێکشکاندووە».

پیتەر بروک ڕاڤەو تێڕوانینی نوێ بەو درامایانە دەبەخشێ، لەو ڕاڤە نوێیانەیدا پەیامێکی هاوچەرخ و فەلسەفەیەکی هونەری نوێ پیادەدەکات، بۆ نمونە لای ئەو هەرگیز سینۆگرافیا جێگای

ناوەڕۆک ناگرێتەوە. [هەڵەیەکی کوشندەیە گەر لەوباوەڕەدابین ڕیالیزم پەیوەندی بە واقیعێکی لاسایکەرەوە هەیە. هەموو جۆرە دەربڕینێکی بۆ ناوەڕۆک و بارێکی کۆمەڵایەتی دیکۆرێکی واقیعی دەسەپێنێت!]. لێرەوە برۆک سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر شەکسپیر. لەلای شەکسپیر لە دیدی برۆکەوە واقیعیەت مانای پەیوەندییەکان دەگەیەنێت، نەک واقیعیەتی دیکۆرێکی لاسایکەرەوە. لەم ڕووەوە برۆک کاریگەری بەرهەمە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگری پۆلۆنی «ژان کۆت»ی بەسەرەوەیە. ژان کۆت بۆ برۆک دەبێتە ناوەندێکی گەلێک گرنگ و بەبەهای خوێندنەوەکانی، ئەو کاریگەریە بەتایبەتی لە نمایشتی «شالیر»دا بە ئاشکرا ڕەنگدەداتەوە. برۆک دەڵێت [ئێمە پێویستمان بەوەیە لە شەکسپیر ووردبینەوە. چونکە هەموو ئەو شتانەی جێگای گرنگیپێدانن لە لای برێشت، بیکت و ئارتۆ لەلای شکسپیر هەیە].

ئەو خوێندنەوە جیاوازانە دەرگایەکی بەڕووی شانۆدا کردەوە، کە لەوەوبەر هەرگیز دەرگای وا نەکرابۆوە. هونەری شانۆ خۆی لە داڕشتەیەکی وادا دۆزییەوە، کە هەرگیز لەوەبەر ئەو داڕشتەیە، ئەو پانتاییە، لە نێو فەرهەنگ و زاراوەکانی شانۆدا، بەو شێوەیە بوونی نەبوو. پیتەر بروک شانۆنامەکانی؛ ڕۆمیۆ و ژولێت ١٩٤٧، تینۆس ئەندرۆنیکۆس ١٩٥٥، شالیر ١٩٦٢، زریان ١٩٦٨، خەونی نیوەشەوێکی هاوین ١٩٧٠، ئەنتۆنیۆس و کیلۆپاترا ١٩٧٨، هاملێت ٢٠٠٠، بۆ شانۆ نمایشتکردووە«٦». بەتایبەتی شانۆی شەکسپیر و هونەری شانۆ بە گشتی، لە ڕوانگەو دیدی ئەم هونەرمەندەوە بووە کیشوەرێکی تازە دۆزراوەی پڕ لە خەڵک.

## خەونی نیوەشەوێکی هاوین

پیتەر بروک ئەم شانۆنامەیەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٠دا لە ستراتفۆرد لە لەندەن پێشکەشکردووە. نمایشتەکە دەبێتە شۆڕشێکی گەورە لە بواری خوێندنەوەی پیەس و تراژیدیاکانی شەکسپیر. کتوپڕ شەکسپیر لەم نمایشتەدا بەشێوازێکی ڕاستەوخۆو نوێ بۆ خەڵک دەدوێت، شانۆکە بەتەواوەتی لەگەڵ بینەراندا دەبێتە یەک. ئەکتەرەکان جوڵەو دەربڕینە فیزیکیەکانیان، تەقەلایەک دەبێت بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی پردێکی قایم بۆ پەیوەندکردن لەگەڵ بینەراندا. سینۆگرافیا بریتیبووە لە سندوقێکی چوارگۆشەئاسای سپی، لەگەڵ کۆمەڵێ دەرگای بزۆزو جۆلانەی هەڵواسراو. ئەکتەرەکانیش بەهەمان شێوە جلوبەرگەکانیان سپی بووەو لەنێو دەرگاو جۆلانەکاندا یاریانکردووە. هەموو مەسەلە ئیرۆتیکیەکان لەم نمایشتەدا بەشێوازێکی قەشەنگ بەرجەستە دەکرێت. ئەو دیمەن، جوڵە، دیالۆگ و هەڵوێستە ئیرۆتیکیەکان تا ئەوکاتە هیچ کەسێک بەو شێوەیە نەیخستبووە ڕوو، لەوێدا دەبێتە وێنەیەکی هەستپێکراوی ئاشکرا. پیتەر بروک بەتەواوەتی شەکسپیر ڕزگاردەکات لە کۆمەڵێ کلێشەو خوێندنەوەی سواوی یەک لەدوای یەک هاتووی چەندین نەوەی شانۆکار. لە شەکسپیردا شانۆیەکی داستانی، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ڕیتواڵێکی توندووتیژهەیە. هەروەهاش بروک دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە لە شانۆی شەکسپیردا جوڵەو بزاوتێکی بەردەوامی پڕ لە گۆڕانکاری بەدیدەکرێت.

خەونی نیوەشەوێکی هاوین، تەقەلایەکی سەرکەوتووی ئەزمونگەری بروک بوو بۆ خولقاندنی فۆرم و زمانێکی تایبەتمەند. ئەو زمانە شانۆییەی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ڕوون و ئاشکرایە. زمانێکی گلوبالی، جیهانێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە بروک ئاماژە بەوەدەکات کە دیمەنەکانی «خەونی نیوەشەوێکی هاوین»، ئاڵوگۆڕ پێنەکردووە، تەنها وشەیەک چییە لە پیەسەکەی لانەبردووە، هیچ دیمەنێکی نەگۆڕیوە. بەڵکو فۆرمی دەربڕینئاسای نمایشتەکە بە خوێندنەوەیەکی نوێوە پێشکەشکراوە. هەروەها پیەسەکەش لەلای بروک یەکێکە لەو شانۆنامانەی شەکسپیر کە لە ترۆپکی مەزنیدایە.

پیتەر بروک شانۆی لە ناو خانووبەرەی شانۆکاندا گوێزاوەتەوە. بە بڕوای ئەو خانووبەرەو هۆڵی شانۆکان سیفاتە سەرەکی و گرنگەکانی هونەری شانۆی لەخۆنەگرتووە. بەڵکو شانۆی بەشێواز و

شێوەیەکی هەڵەو ناشانۆیی دابەشکردووە. ئەمەش کاریکردۆتە سەر جوگرافیاو دیدی تەمومژاوی خوێندنەوەی نمایشتەکان. لەبەر ئەوە بروک هەر زوو ئەو شانۆیانە بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە پانتای جیاواز دەکات، بۆ نمونە: پانتایی پاک، شوێنی بەجێهێڵراو، سێرک، گەراج، سەرشەقامەکان، نەخۆشخانە، گۆڕەپانە گشتیەکان، قوتابخانەکان و زۆر شوێنی تر. ئەم هونەرمەندە لە ئەنجامدا شانۆیەکی کۆن و بەجێهێڵراوی وەک شانۆی «Bouffes du Nord» لە پاریس دەکاتە مەڵبەند و شانۆیەکی گرنگ بۆ زۆر لە نمایشتەکانی.

پیتەر بروک بیرۆکەی شانۆیەکی نەتەوایەتی و زمانێکی تایبەتی بەرزو جوانی ئەدەبی تێکدەشکێنێت. لای ئەو شانۆ جێگای خستنەڕووی ڕووکاری ساکار و بەختیاری و نموونە کۆمەڵایەتیە بەرزەکانی گەل نییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە بروک هەمو هزرو دیدە تەباو هونەریەکانی کۆمەڵ و دامودەزگا هونەری و شانۆییەکان بەتەواوەتی وەلاوەدەنێت. شانۆ دەبێتە پانتاییەکی بۆش، هەموو چرکەساتەکان، لێرەو لەوێ و لەهەموو جیهاندا دەگرێتەخۆ. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش، هەر لەسەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە ناوەندێکی گرنگی شانۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پاریس دادەمەزرێنێ.

## مەڵبەندێکی نێونەتەوەیی

پیتەر بروک لە زەمینەیەکی قوڵی درککردن بە گەوهەری شتەکانەوە وڵاتی ئینگلیزتان بەجێدەهێڵێ. هەڵوێستوەرگرتنی بروک لە شانۆی ئینگلیزی هەڵوێست وەرگرتن بوو لە هەموو جۆرە شێوازێکی باو مردووی شانۆ. لەهەمانکاتدا دابڕانی ئەم هونەرمەندە بەهەرمەندە لەو شانۆیە، دادەنرێت بە قۆناغێکی گرنگی پڕۆژەو ئەزمونەکانی.

[ساڵی ١٩٧٠ گوێزامەوە بۆ پاریس، ئەمەش بڕیارێکی کتوپڕ نەبوو، لە ساڵی ١٩٦٨دا بۆ یەکەمجار لابورێکی شانۆیم کردەوە کە «ژان لوی بارۆ» بانگهێشتنی کردبووم تا کار لە شانۆی «گەلان»دا بکەم. ئەوەش یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەم بوو لەگەڵ ئەکتەری سەر بە کولتوورێکی جیاواز].

بروک پاریس دەکاتە مەڵبەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوەو مەشقی لابورئاسا. پاریس دەبێتە ناوەندێکی هەمیشەیی پشکنینی بەردەوامی سیستەم و میتۆدی پرۆسێسە شانۆییەکەی. لەساڵی ١٩٧١دا بە هاوکاری «Micheline Rozan» یەکەم مەڵبەندی شانۆی «Centre International de Recherche Théätrale CIRT» بۆ لێکۆڵینەوە دادەمەزرێنێ. دواتر لە ساڵی ١٩٧٣دا ناوەندێکیش بۆ داهێنان هەر لە پاریس دەکاتەوە «Centre International de Création Th Théätrale». ئەم دوو ناوەندە دەبنە سەرەتای کۆمەڵێ زنجیرەی پێکداچووی چالاکی جۆراوجۆر. [هەستمان بەوەکرد لێکۆڵینەوە لە شانۆدا هەمیشە پێویستی بە لایەنێکی کردەیی هەیە. لایەنە کردەیەکەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام هەیە سەبارەت بە زەمەن و مەرجە سەرەکیەکانی].

زۆربەی نمایشتەکانی ئەم مەڵبەنەدە شانۆییانە ئەکتەرو گۆرانیبێژی سەر بە کلوتوری جیاوازن و لە هەموو سوچ و قوژبنێکی ئەم گەردوونەوە هاتوون. پیتەر بروک لەم مەڵبەندەدا بە سەرنجی قوڵ و بۆچوونی لێزانانەوە شانۆی نو – یاپانی، کولتوور و سەمای ئەفریقی، سێرک، کولتوور و شانۆی میللی فارسی، سینەماو نمایشتە مۆسیقیەکان دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگی میتۆد و تاقیکردنەوەکانی. نەک هەر ئەوە بەڵکو بروک سودێکی زۆری لە داب و نەریتی پیەسە کۆن و نوێکانیش وەرگرتووە. لەبەر ئەوە ئەو ناوەندانە خاڵێکی گرنگی پێکگەیشتنی ڕۆشنبیری و کولتوورە جیاوازەکان بووە.

ئامانجی ئەم هونەرمەندە لە سودوەرگرتن لەو هەموو گەشتە بەردەوام و کولتوورو فۆرمانەی شانۆو تاقیکردنەوەکانیان تەنها بۆ ئەوەبووە کە «شانۆیەکی سەراپاگیری تەواوەتی» بدۆزێتەوە. بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی شانۆ. پیتەر بروک ئەکتەر و هونەرمەندەکان و گرۆ جۆراوجۆرەکانی بەرەو گەشتێکی هونەری درێژبردووە، تا لەگەڵ کەسان و کۆمەڵگاگەلێک

ڕووبەڕووببەنەوە کە بەهیچ شێوەیەک لەوەوبەر شانۆیان نەدیووە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردن و بەدیهێنانی جۆرە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەک بۆ ئەو خەڵکە. پیتەر بروک سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە دەڵێت [ئێمە لە خودی چەمکی ڕۆشنبیریمان نەدەکۆڵییەوە، بەڵکو لەپاشخانەکەی. لەبەرئەوە لەسەر ئەکتەرەکان پێویست بوو کە لە هەنگاوێک بۆ دواوە دەستپێبکەن. هەنگاوێک بگەڕێنەوە بۆ دواوە، هەنگاوێک بێت زۆردوور لە کولتوورو ڕۆشنبیرییە تایبەتیەکەی خۆیان]. پڕۆژەکانی نێو ئەم ناوەندانە شێوازێک لە مەشق و لابورئاسای ئەزمونکاریان هەیە. مەسەلەی بەشداری و ئامادەبوونی ئەکتەری سەر بە کەلتوری جیاوازیش خاڵێکی گرنگە لە پڕۆسەو پڕۆژەکانی پیتەر بروک، تا لەوڕێگەیەوە بتوانێت فۆرمێکی کولتووری نوێ فەراهەمبکات. تا لە ڕێی ئەو فۆرمە نوێیەوە لە کولتوورەکانی خۆیان دووربکەونەوە. ئەم شێوە کارکردنە بۆ بروک گرنگییەکی مەزنی هەیە، زۆربەی گرۆ شانۆییەکانی ئەمڕۆ «بە بڕوای بروک» لە پانتاییەکی مردوودا کاردەکەن. لەبەر ئەوەی ئەو گرۆیانە لە خەڵکانی هاوشێوە، هاوچین دروستبوون. هەموویان هەمان بۆچوون و ئاواتیان هەیە. بەڵام مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لەسەر بنەمایەکی تەواو پێچەوانەوە دامەزراوە، لەو مەڵبەندەدا کۆمەڵێ ئەکتەر کۆبوونەتەوە کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە؛ نە زمانێکی هاوبەش، نە هێمایەکی هاوبەش و تەنانەت نە خەندەو پێکەنینێکی هاوبەشیش.

ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵ پیتر بروک کاریان کردووە ئاماژەیان بەوەداوە کە بروک خاوەنی ئەفسونێکی تایبەتییە، هەر دوای ماوەیەک لە مەشقکردن، بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێبکەن، یان بزانن چۆن و بە چ ڕێگایەک، کتوپڕ بۆیان دەرکەوتووە کە بوونەتە خاونی تواناو قابیلیەتێکی تر. بروک لەسەرەتای دەستپێکردنی هەموو شانۆییەکدا، سەربەستیەکی ڕەهاو گەورە دەبەخشێتە ئەکتەرەکانی، بەتایبەتی لە بواری هونەری ڕاگوزاریدا. ئەمەش هەستێکی قوڵیان لەلادروستدەکات سەبارەت بە گرفت و نهێنیەکانی پڕۆژەکە. کاری ڕێژیسوریش لەلای بروک بە شێوەیەکی قوڵ و بەردەوام، هەڵکۆڵینێکی پڕ لە زانیارییە لە زاکیرەو هەست و نەستی ئەکتەرەکان. بروک زۆرجار لەم مەڵبەندەدا، بەکەرەستەیەکی زۆر کەم و بەبێ هیچ جۆرە سینۆگرافیاو پێداویستیەکانی تری نمایشتی شانۆیی پڕۆژەکانی بە ئەنجام گەیاندووە. لەم ڕووەوە گەڕاوەتەوە بۆ نەژادە دێرینەکەی شانۆو پانتاییە بەتاڵەکەیی و پشتبەستن بە تواناو جەستەی ئەکتەر وەک توخمی سەرەکی ستركتورە هونەریەکە. لەم لابورە شانۆیانەدا مەسەلەی گرنگی و بەهای «بینەر» جێگای سەرنج و تێڕوانینی بروک بووە. بۆ نمونە کاردانەوەی بینەران بۆ پڕۆژە شانۆییەکان و کاریگەری ئەو وزەو ڕووبەڕووبوونەوەیەش لەسەر «چۆنیەتی» نمایشتەکە، یەکێک بووە لە خاڵە گرنگەکانی پڕۆژەکانی بروک«٧». چۆنیەتی نمایشتەکانیش لەلای ئەو مەبەست لە باشی و خراپی پڕۆژەکە نییە، هێندەی ئەوەی مەبەستی ڕۆح و ژیانە لەو پڕۆژە هونەریانەدا. لە پڕۆژەو لێکۆڵینەوەکانی ئەم مەڵبەندەدا «تیۆری و پراکتیک» پەیوەندی و ڕووبەڕوبوونەوەی ئەکتەرو بینەران بەهایەکی گرنگی هەیە. هەروەها خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، کە بروک لەم گروپە نێونەتەوەییەدا مەبەستی ئەوە نەبووە جۆرێک لە شێوازێکی نێونەتەوەیی تایبەت بخولقێنێ. یان شێوازێکی دیاریکراوی نواندن لەو ڕوانگەیەوە بەرەوپێشەوە بەرێت. بەڵکو مەبەست لە ئاڵوگۆڕی کولتووری و سودوەرگرتن بووە لە تواناو جیاوازییەکانی یەکتری. بروک گەرەکی بووە زمانێکی تایبەت بخولقێنێ دوور لە هەموو ڕێساو بنەما دیاریکراوەکانی مانای«وشەو دەنگەکان». لەو فۆرمە نوێیەی «زمان»دا تۆن و دەنگ گرنگترە لە «وشەو ماناکان»«٨». گومان لەوەدانییە ئەکتەری سەر بە زمانی کلتووری دوور و جیاواز لە یەکتری گیروگرفتی چڕو قوڵ دەخولقێنێ. لەسەرو هەمووشیانەوە گرفتی لەیەک حاڵی نەبوون. بروک ئەو گرفتەی وەک توخمێکی گرنگ بەکارهێناوە بۆ دروستبوونی زمانێکی نوێ و جیاوازی شانۆ.بۆ نمونە پیتەر بروک لەم مەڵبەندە ئەزمونگەریەدا بە هاوکاری شاعیری ئینگلیزی «Ted Hughes» و لە ڕوانگەی کتێبی «ئاڤێستا»ی زەردەشتەوە پیەس و زمانێکی تایبەتیان داڕشتووە. هەڵکۆڵینی ئەم دوو کەسە بەنێو پانتاییەکانی ئاڤێستاو چەمکی «زمان»دا دەبێتە گەشتێکی سەرسوڕهێنەر. گەشتێک چەندین وشە، دەنگ و فۆنەتیکی نوێی تیا لەدایک دەبێت. زمانێک لەوەوبەر بوونی نەبووە، زمانی مەملەکەتێکی

نەبینراوی ئەندێشەئاسا. لە ئاڤێستادا، زمانی زەردەشتیەکانی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، جیهانێکی بەرین بەو دوو داهێنەرە دەبەخشێ: [ لە ئاڤێستادا ڕووبەڕووی هەندێ لە شێوازی دەنگ بووینەوە کە کۆمەڵێ ڕەمزی نادیاری لە خۆدەگرت، کە ڕەمزی ڕۆحی و شیعریی زەردەشتی بوون]«٩».

بروک و «Ted Hughes» زمانە نوێکەیان ناودەنێن «ئۆرگاست Orghast». بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەم دوو پسپۆڕە، هونەرمەند/شاعیر، پیەسێکی شانۆیی بەهەمان ناوەوە دەخولقێنن. پیەسەکە بەو زمانە نوێیە «ئۆرگاست» نووسراوە. ئەو زمانەی هیچ چەمکێک لە ڕێسا ئاساییەکانی زمانی لەخۆنەگرتووە. تەنانەت کەسیش لەو زمانە نوێیە نەگەیشتووە. مەبەست لەو پرۆژەیە ئەوەبوو بزانرێت لە ئەزمونێکی ئاوهادا تا چ ئاستێک زمان و وشەکان گرنگن. تا چ ئاستێک دەتوانرێت بە زمانێکی جیاواز و نادیار پەیوەندی بە یەکتربیەوە بکرێت و چیرۆکێک بگێڕێتەوە. دواجار «ئۆرگاست» دەبێتە نمایشتێکی ئەزمونگەری دەوڵەمەند. پیتەر بروک لەو نمایشتەدا یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی بۆ دامەزراندنی تێڕوانین و شێوازی پرۆژەکانی خۆی لە حەفتاکاندا دەستنیشان دەکات. ئۆرگاست بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧١ لە ڤیستیڤاڵێکی شانۆیدا لە ئێران پێشکەشدەکرێت. پێشکەشکردنی ئۆرگاست دەبێتە ڕووداوێکی گرنگی شانۆیی وا کە چەندین لێکۆڵینەوە و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری گرنگ و نامیلکەو کتێبی لە سەرانسەری جیهاندا لەسەر دەنووسرێت.

«Irvin Wardle» یەکێکە لە ڕەخنەگرە شانۆییەکانی ڕۆژنامەی «The Times Kritiker» سەبارەت بەم پرۆژە شانۆییە وتوێتی: ئەم نمایشتە شانۆییە تەنها بۆ پیتەر بروک شتێکی نوێ نەبووە، بەڵکە هاوتەریب لەسەر ئاستی مێژووی شانۆی جیهانی دادەنرێت بە پرۆژەیەکی نوێ. گرنگی داهێنانی ئەو شێوازە لە پرۆسەی ئەو نمایشتەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ و ئاشنابوونێکی گشتگر و سەراپاگیری مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هەموو گۆی زەوی. بروک سەبارەت بە ئاڤێستا دەڵێت [ئەم کتێبە نزیکەی بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەرکەوتووە، کتێبەکە لەوەدا بێوێنەیە کە بە زمانێکی ریتواڵی و ئاهەنگئامێز نووسراوە، ئەو زمانە بەهایەکی پیرۆزی هەبووە. پیتەکانی ئاڤێستا لە ناوەوەیدا هەڵگری کۆمەڵێ هێمای نهێنییە کە زۆر تایبەتە بە دەنگەکانی، لە کاتێکیشدا کە پەیڕەوی ئەو ئاماژانە دەکرێت مانا قوڵەکانی بەدەردەکەون. لە ئاڤێستادا بە هیچ شێوەیەک بوارێک نییە لە نێوان دەنگ و ناوەڕۆکدا. لە کاتێکدا مرۆڤ گوێ لە ئاڤێستا ڕادەگرێت، بە هیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نییە بزانێت چی دەگەیەنێت، وەرگێڕانی ئەم جۆرە تێکستانە مرۆڤ بەرەو کۆمەڵێ ئیشکالیاتی دینی بێتام و چێژدەبات. بەڵام لە کاتێکدا وەک خۆی دەوترێت دەبێتە پارچەیەکی پڕ لە ماناو ڕاستەوخۆ کە دەبەسترێتەوە بە بنەماکانی کردەی قسەکردنەوە. «ئاڤێستا» بۆی ئیسپات کردوین ئەوەی بۆی دەگەڕێن دەکرێت بوونی هەبێت، بەڵام دەبێت بە هەستێکی قوڵ و ووریاییەکی زۆرەوە لێی نزیکببێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەوە شتێک نییە کۆپی یان دووبارە بکرێتەوە. بەڵکو تەنها دەبێت بدۆزرێتەوە. ئەو گەڕان و دۆزینەوەیە تیشکی خستە سەر ئەو پرسیارانەی ساڵێک لەگەڵماندا ژیا].

پیتەر بروک لە ڕوانگەو دیدێکەوە کاردەکات تا شانۆش وەک پێداویستیەکانی مرۆڤ لە خۆراک و سێکس، ببێتە یەکێک لە پێداویستیە گرنگەکانی ژیان. لە نمایشتی «ئۆرگاست»دا ئەفسونی میتۆلۆژیا زمانێکی هاوچەرخ و هاوبەش دەخولقێنێ. لەم ئەزمونەدا، وەک زۆر لە پرۆسەکانی تری بروک، پەیوەندیەکان لە کاتی نمایشتکردن و ڕووبەڕووبوونەوەیاندا؛ ئەکتەر، بابەت و بینەران هاوکێشە گرنگەکانی پێکدەهێنێ. بە پێچەوانەوە ڕۆژانی مەشق و داهێنان پەیوەندیەکان، ئەکتەر، بابەت و ڕیژیسۆر هاوکێشەکانی پێک دەهێنێت. ئەمەش ئەو پرۆسێسەیە بروک دەسەڵاتی ڕێژی دەکاتە بنەما بۆ دارشتنەوەیەکی گشتگیری لە خولقاندنی پانتاییەکی نوێ و نیشاندانی دید و بیری جیاو دەسەڵاتی کردەی «ڕیژی». ئۆرگاست گەشتێکی درێژ و چڕوپڕ بوو بۆ پیتەر بروک، لەهەمانکاتیشدا پرۆژەیەکی مەزن بوو بۆ شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

## کۆنفرانسی باڵندەکان

پیتەر بروک لە حەفتاکاندا لەگەڵ گرۆیەکی گەورە لە شاعیران و نووسەران و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان، ئەکتەر، سینۆگراف و شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی شانۆ، لە ژێر چاودێری مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لە پاریس، گەشتێکی سێ مانگی بەناو شەش وڵاتی ئەفریقیدا دەکەن. هەروەها تیپێکی سینەما، تەلەفزیۆن، وێنەگری تایبەت و ڕۆژنامەنووسیشیان لەگەڵ دەبێت. لەو ولاتە ئەفەریقیانەدا هیچ کام لە ئەکتەرەکان، زمانی خەڵکی ئەو وڵاتانەیان نەزانیوە. لەوێ زیاتر بە شێوازی ڕاگوزاری و مەشق و گەمەی جۆراوجۆر شانۆییەکانیان پێشکەش بەو خەڵکە سەرەتاییە کردووە. پیتەر بروک لە هەندێ لەو لادێ دوورانەی ئەفەریقادا بە سرۆک خێڵەکانی وتووە [ هەندێک خەڵک لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتوونەتە ئێرە تا بزانن ئەتوانن جۆرێک لە پەیوەندی مرۆڤایەتی بگونجێنن، لە ڕێگای شێوازێکی تایبەتییەوە کە پێی دەڵێن شانۆ، بەبێ بوونی زمانێکی هاوبەش]. گەشتەکە گەلێ پڕۆژەو بەرەنجامی گرنگی دەبێت. هەروەها بەهایەکی تایبەتیش لە خۆدەگرێت لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا. ئەو گەشتە یەکێکە لە گەشتە زۆر دەگمەن و نمونەییەکانی بواری لێکۆڵینەوە، هەڵکوڵین و ئەزمونگەری: [هەندێ شت پێویستە ڕوویدات، هەروەها پێویستە بگەینە هەندێ بەرەنجامیش؛ ئەمەش دەبێتە هۆی خولقاندنی هەندێ شت کە بەشێوەیەکی تەواوەتی لەوەوبەر خۆ ئامادەنەکرابێت بۆی]. بێگومان مەسەلەی ئەزمونگەری یەکێک بووە لە ناوەند و شانەگرنگەکانی ئەو گەشتە. بینەر، فۆرم، دەربڕین و خولقاندنی شێوازێکی ئاهانگئاساو جیاواز، فەلسەفەی لێکۆڵینەوەکانیان بووە. بینەر و پەیوەندیکردن بە پڕۆسەی شانۆوە یەکێک بووە لە هاوکێشە گرنگەکان: [مەبەست لە گەشتەکەی ئەفەریقامان ئەوەبوو بچین بۆ لای بینەرێکی جیاواز و نموونەیی، ئەو بینەرانەی خاوەنی ئەو کاردانەوە دەوڵەمەندانەن کە پڕە لە ژیان، کراوەن بە شێوەیەکی تەواوەتی بۆ هەموو جۆرە شێوەیەک، ئەو خەڵکە بەهیچ جۆرێک بەندی مەرجە ڕۆژئاواییەکان نەبوون]. هەروەها بروک دووپاتی ئەوەش دەکاتەوەو دەڵێ [ئەو وانەیەی بەردەوام لە گەشتەکانماندا فێری دەبووین و بەبەردەوامی دەگەڕێنەوە بۆ فێربوونی ڕێزی بینەران و فێربوونامن لێیانەوە].

لەبەرئەنجامی ئەو گەشتەدا، نمایشتێکی شانۆیی خولقاوە؛ پیتەر بروک سەرچاوەکانی ئەو نمایشتە لە شاکارێکی کۆنی (فریدالدین عطار)«١٠»ی سۆفیزمەوە وەرگرتووە. فریدالدین عطار سەر بە کلوترێکە کە خۆی تێدەکۆشێت تا ڕاستییەک پێشکەش بکات کە زۆر گەورەترە لە هزر و ئەندێشەی خۆی. لە تەقەلای ئەوەدایە هزرە قوڵە ئەندێشەییەکەی لە گەردوونێکدا بەرجەستەبکات، خۆی دەمێکە تێیپەڕاندووە. گەردوونێک سەر بە بوارو پانتاییەکی زۆر دوورە. کۆنفرانسی باڵندەکان پڕۆژەیەکە کە بوون و ئاستێکی جیاواز و بێسنوری هەیە، ئۆقیانوسێکە، بروک واتەنی، ئێمە زۆر پێویستمان پێیەتی. دوای گەڕانەوەی لەو گەشتەی ئەفەریقا، لە ساڵی ١٩٧٩ پیتەر بروک و گروپە نێونەتەوەییەکەی لە پاریس، شانۆیی «کۆنفرانسی باڵندەکان» پێشکەش دەکەن. ئەکتەرەکان بەهۆی بەکارهێنانی جۆرە دەمامکێکی پڕ لە فەنتازیاوە ڕۆڵی باڵندەکان دەبینن. دەمامک، بوونێکی پیرۆز و کەرەستەیەکی زیندووبوو لەم نمایشتەدا. دەمامکەکانیان بەتایبەتی لە دوورگەی «بالی»ەوە بۆ ئەم نمایشتە هێنابوو. جۆری کولتوور، مێژوو، ریتوال و شانۆیەکی فیزیکی دەوڵەمەندی «بالی» جۆرێک لە پیرۆزی و بەهاو بەردەوامی و قوڵبونەوەیەکی داوە بە «دەمامکەکان»، کە پێکەوە هەموویان جۆرە ئارەزوویەکی تر بەرجەستەدەکەن بۆ ژیانێکی جیاوازتر وەک لەوەی کە هەیە.

کولتووری کۆنی ڕۆژهەڵات هەمیشە جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی پێتەر بروک بووە. بۆیە دۆزینەوەو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژوو، کولتوورو شوێنەوارە دێرینەکان، پانتاییەک لە هەڵکۆڵینێکی بەردەوامی بەخشیوەتە ئەزمونەکانی. «کۆنفرانسی باڵندەکان»، کە شاکارێکی دێرینی فارسی «زمانی مەل»ە کە بە ئینگلیزی بە کۆنفرانسی باڵندەکان (The conferance of the Birds) ناونراوە، پیتەر دەیکاتە زەمینەیەک بۆ هەڵکۆڵین و پشکنینکی ئارکیۆلۆژی. نمایشتەکە دەبێتە گەشتێکی دەولەمەندی هونەری نواندن، پڕۆژەیەک کە با شانۆی ئەکتەر ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئەکتەرەکان دەبنە کۆمەڵێ سەمازانی بێ وێنە؛ دەبنە مەل و بە ناو پانتایی شانۆکەدا دەفڕن. بەکارهێنانی دەمامک فۆرمێکی جیاوا و گرنگی دەربڕین دەبەخشێتە جوڵە و دەنگی ئەکتەرەکان. دەمامک لەم کۆنفرانسەدا بەهایەکی بێ وێنە بەدەستدێنێت و فۆرمێکی نوێ دەبەخشێتە نمایشتەکە بە گشتی و ئەکتەرەکان و تێکڕای ستروکتورە هونەریەکە بە تایبەتی. زمانی باڵدارەکان شاکارێکی سۆفیزمە، لەو ڕوانگە سۆفیزمە کۆنەوە پیتەر بروک دەروازەیەکی پڕ لە مەشق و ئەزموونێکی قوڵ دەخاتەسەرپشت، شاکارەکەش باس لەوەداکات چۆن هەموو باڵندەکانی جیهان کۆدەبنەوە تا پێکەوە باسی گەشتێکی پیرۆز بکەن بۆ شاری خواوەند«١١».

کە پیتەر بروک لەو داهێنانە گەورانەی ڕۆشنبیریی و شارستانییەکانی تری مرۆڤایەتی نزیک دەبێتەوە، بە هزر و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی تایبەتیەوە نزیک نابێتەوە، یان بە قاڵب و کلێشەیەکی ئامادەکراوەوە تا چیرۆک و ئەفسانەکانی تێدا ڕاڤە و یەخسیربکات. بەڵکو لە ڕوانگەی ڕێز و خۆشەویستییەوەی بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکییە ناوەکیەکانی ئەو ئەفسانانە کە ڕەگیان درێژبۆتەوە بۆ زەمەنێکی دووری میتۆلۆژی و کولتووری تایبەت.

پیتەر بروک بەم شێوەیە ئاماژە بە چۆنیەتی بەرەوپێشەوەچوونی «کۆنفرانسی باڵندەکان» دەکات: [پڕۆژەکە لەبەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامدابوو، هەندێ لە شێوازەکانی ئەو پڕۆژەیەمان لە ئەفەریقا و هەندێکی تر لە پاریس، بەشێکی زۆریشی لە ئەمەریکادا نمایشتکردووە. لە کۆتایدا گەیشتینە ئەو بەرەنجامەی کە هەموو شەوێک گرۆی ئەکتەرەکان بگۆڕین، بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا هەموو ئەندامێک لەو گرۆیە تێگەیشتنێکی نوێ و جیاوازی هەبێت بۆ هەریەک لەو ڕۆڵانە.. ئەمەش کاردەکاتە سەر بەرەوپێشەوەچوونی تەواوەتی پڕۆژەکە. لە حەفتەی کۆتایدا حەوت گرۆی جیاوازمان هەبوو، کە بەرپرسیاربوون لە حەوت شێوازی جیاوازی کارەکە. شەوی کۆتایی سێ نمایشتی جیاوازی لە خۆگرت: یەکەمیان لە کاتژمێری هەشتی ئێوارەوە دەستی پێدەکرد، دووهەمیان لە نیوەشەوداو سێهەمیان لە کازیوەی بەرەبەیاندا . یەکەم نمایشتیان ڕاگوزاری، دووهەمیان هێمن و پابەند بە کرۆکی خودی پیەسەکە و سێهەمیشیان زیاتر مۆرکێکی ئاهەنگسازی لە خۆگرت. هەرسێ نمایشتەکەش هاوکاری لەگەڵ یەکتریدا دەکرد تا ببنە هەڵگری هەڵوێستەیەک بۆ دەربڕینی ئەو کارە سێ ساڵەییە. ئەمەش گرێی ئەو نهێنیەی بۆ ڕەواندینەوە: ئەوەی کە بۆی دەگەڕاین دەکرێت بیگەینێ. بەرەنجام کۆتایی نییە، هەموو ڕێبازەکان دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام بگۆڕدرێن]. کۆنفرانسی باڵندەکان لە زۆر وڵاتی جیادا پێشکەشدەکرێت؛ لە هەر وڵاتەش فۆرم و شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت. بەشێکی لە ئەفەریقا، ناوچە جیاوازەکانی پاریس، کالیفۆرنیا، بە هاوکاری هیندییە سورەکانیش لە ناوچەی مینسوتا، لەسەر شەقامە جیاوازەکانی بروکلین لە نیورک. بەڵام هەمیشە بە شێوازی جیاواز و لەیەکنەچوو، ئەو شێوازانەی کە پێویستی بە بەردەوامبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی جیاواز هەبووە. ئەم نمایشتە جۆراوجۆرانە ئەوەی بۆ بروک و گرۆکەی دووپاتکردەوە کە [ناوەڕۆکی کۆنفرانسی باڵندەکان پانتاییەکی جیهانی گەورەی هەیەو دەتوانێت هەموو بەربەستە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان زۆر بە ئاسانی ببڕێت].

گەشتی کۆنفرانسی باڵندەکان هەر بەردەوام دەبێت، لەگەڵ ئەو بەردەوامیەشدا تێگەیشتنی نوێ، شێوازی جیاواز و فۆرمی هەمە چەشنە لەدایک دەبێت. دوا نمایشتی ئەم کۆنفرانسە شانۆییە لە یەکێک لە شەوەکانی ناوچەی بروکلین لە شاری نیورک کۆتایی پێدێت. لەو شەوەدا بەسێ شێواز و ستروکتوری جیاواز پێشکەشی دەکەن. یەکەمیان: لە دوای کاتژمێری هەشتی ئێوارەوە دەستپێدەکات،ئەم شێوازەیان شانۆیەکی ڕەق، پڕ لەپێکەنین و ژیان دەبێت. دووەمیان لە نیوەشەوەدا، کە گەڕانێک دەبێت بە دوای بەها پیرۆزەکاندا، هاودەم ونزیک ، ریتوال و ڕووناکی مۆم. دوا شێوازیش لە تاریک و ڕوونی بەرەبەیاندا دەستپێکردووەو لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا کۆتایی پێهاتووە، لێرەدا نمایشتەکە شێوازێکی کۆراڵ ئامێزی لە خۆگرتووە. هەموو شتێک لە ڕێگای گۆرانییەکی ڕاگوزارییەوە ڕوویداوە. لەم پڕۆسەیەدا هونەری ڕاگوزاری ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. پیتەر بروک میتۆدێکی بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو بینەرە هەمە چەشنەیە. ئەمەش لە ڕوانگەی

یەک ئامانجی زۆر ئاسانەوە: [تا بەشوەیەکی باش لە ڕاستی شێوەیەک لە شێوەکان و چۆنیەتی وەرگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران بگەین]. پیتەر بروک دواتر لە هەشتاکاندا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر کولتوورو داستانە دێرینەکانی ڕۆژهەلات. لەگەڵ هەژدە ئەکتەری سەر بە ولات و نەتەوە جیاوازەکان و بە هاوکاری «Carrirére Jean Claude» میتۆلۆژیای مەهاباهاراتا دەکاتە گەشتێکی شانۆیی. ئەو نمایشتە میتۆلۆژییە نۆ کاتژمێر دەخایەنێت و دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین پرۆژە شانۆییەکانی هەزارەی ڕابردوو. مەهاباهاراتا کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر تێکڕای ڕەووتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیەوە هەیە. نمایشتەکە زیاتر ناودەنرێت بە پرۆژەی سەدەیەک. لەم چیرۆکە خوداوەندیەدا زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەکتەرێکی ڕەشی درێژی ئەفەریقی ببێتە کوڕەی ئافرەتێکی بچوکی سپی یابانی.

**مەهاباهاراتا**

پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٨٤دا لەگەڵ کۆمەڵێ لە پسپۆڕان، نووسەری گەورە، ئەکتەرو سینۆگرافی سەر بە شانزە ولاتی جیا، دەکەونە خۆئامادەکردن بۆ نمایشتکردنی پرۆژەیەکی گەورە، سەرلەنوێ لەو پرۆژەیەدا «ڕۆژهەلات» وەک سەمبولێکی میتۆلۆژی دەبێتە دەروازەی ئەو خەونە. خەون لە فەنتازیاکانی داستان و ئەفسانەکانی ڕۆژهەلاتەوە دەکرێت بە ستروکتورێکی ئەوروپی.

«مەهاباهاراتا»«١٢» وەک داستانە شیعرێکی نەفەس درێژی گەلی هیندستان دەکرێتە زەمینەی ئەو گەشتە پڕ لە فەنتازیاو خەونەی پیتەر بروک. یەکەم هەنگاوی لۆژیکی خۆیی و گروپەکەی «مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لە پاریس» ئەوەیە ڕووبکەنە هیندستان. بروک لەو گەشتەیدا ئاماژە بەو حورمەت و خۆشەویستیە گەورەیەی هیندیەکان دەکات بۆ داستانی «مەهاباهاراتا»: [ئەوەی زیاتر لە هیندستان یارمەتی داین ئەو کلتووره دەوڵەمەندەی بوو، لەوێ لە هەموو جۆرە تەکنیکە هاوبەشەکان نزیکبووینەوە، کە بوونێکی ڕاستەوخۆی لە نێو هەموو کولتوور و هونەری گەلاندا هەیە. ئەو تەکنیکانەی چەندین ساڵە ئێمە لە پرۆژەو لێکۆڵینەوەکانماندا، لە ڕێگەی هونەری ڕاگوزارییەوە خەریکی دۆزینەوەی بووین؛ بە تێگەیشتنێکی قوڵەوە لە هیندستان گەڕاینەوە، کارەکەمان بووە پرۆژەیەکی قوڵ و لەبەرچاو، نەک تەقلید و دووبارەکردنەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی –گەر بکرێت بڵێین بەرئەنجام– پرۆژەکە تەنها بەهایەکی شانۆیی، هونەری و ڕۆشنبیری لە خۆناگرێت، بەڵکو دەکرێت بڵێین بەهاو سیمایەکی مرۆڤدۆستانەی گەورە لە خۆدەگرێت].

مەهاباهاراتا یەکێکە لە گەورەترین و مەزنترین کتێبە دێرینەکانی جیهان، دادەنرێت بە درێژترین چیرۆکە شیعر کە تائێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نووسرابێت. ئەم شاکارە بە زمانی سانسکریتی نووسراوەو زیاتر لە سەدهەزار بەیت پێکهاتووەو لە هەژدە کتێبی گەورەدا کۆکراوەتەوە. مێژووی یەکەم دەسنوسی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم یان پێنجەمی بەر لە دایکبوونی مەسیح. بەلام ئەم شاکارە دوا شێوەی کۆتایی و تەواوەتی خۆی وەرنەگرتووە، بەڵکو دوای ئەو مێژووە بەردەوام لە حەوت، یاخود هەشت هەزار ساڵی تردا، داڕشتن و نووسینەوەی ئەم داستانە شیعرەیە هەر بەردەوامبووە، تا سەدەی سێهەم، یاخود چوارەمی دوای لەدایکبوونی مەسیح. لەم مێژووە بەدواوە مەهاباهاراتا زیاتر فۆرم و شێوازی کۆتایی پێدراوە.

پیتەر بروک بەم شێوەیە باس لەیەکەم ڕووبەڕووبونەوەی خۆی لەتەک مەهاباهاراتادا دەکات: [بۆ یەکەمجار نمایشتێکم لە نمایشتەکانی «کاتاکالی» بینی، گوێم لە ووشەی «مەهاباهاراتا» بوو کە پێشتر گوێم لێنەبووبوو. سەمازانێک بە سەمایەکی خواوەندانەوە دیمەنێکی لەم کارە پێشکەشکرد. یەکەم دەرکەوتنی لە پشت پەردەکەوە بووە خورپەیەک کە هرگیز لەبیرم ناچێتەوە، جلەکانی سوورو ئاڵتونی بوو. دەموچاوی سەوزو سور، لوتی خڕێکی سپی هەروەک تۆپی بلیارد، لەبری ڕیش و سمێڵی شتێکی وەک دوو مانگی سپی لە شێوەی هیلالدا لە دەمیەوە هاتبووە دەرێ و پەنجەکانیشی کۆمەڵێ شێوازو ئاماژەی شفرەئاسای غەریبیان هەبوو. لە ڕوانگەی جوڵە بەهێزو توندەکانیەوە

هەستم بەوەکرد کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بەڵام چ چیرۆکێک؟ لەوە زیاتر کە کەشتێکی ئەفسانەیی و دوو و سەر بە کولتوورێکی جیاوازبوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی منەوە نەبوو! دواجار لە ڕوانگەی کۆمەڵێ سیمیناری گرنگ و نزیکبوونەوەو گوێگرتن لە پسپۆڕانی زمانی سانسکریتی، لەوەگەیشتم کە ئەم بەرهەمە یەکێکە لە مەزنترین کارەکانی مرۆڤایەتی – وەک هەموو پرۆژەیەکی تری مەزن – زۆر دووره لێمانەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر نزیکە لێمان]. دواتر ئەم داستانە مەزنە بۆ بروک دەبێتە دەروازەیەکی دەوڵەمەند و ئەفسونی بۆ پرۆژەیەک کە ستروکتورە مێژووییەکەی سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە. بروک خۆی سەبارەت بەم داستانە شیعرییە بەرزە دەڵێت: [شاکارێک تەنها «هیند» توانیوێتی بیخولقێنێ، بەڵام دەنگدانەوەی بەهەموو مرۆڤایەتی دەبەخشێت].

### ناوەڕۆکی مەهاباهاراتا

ئەم شاکارە مێژووی شەڕێکی دوورو درێژی خوێناوی لە نێوان دوو ئامۆزادا دەگێڕدرێتەوە: پانداڤاس، پێنج برا بوون، لەگەڵ کایۆراڤاس، سەد کەس بوون. ئەم شەڕی خێزانە لەسەر ئەوەبووە کامیان دەسەڵات بگرێتە دەست. ئەو ناکۆکییە بە جەنگێکی زۆر گەورەو خوێناوی کۆتایی دێت، کە تێکڕا چارەنووسی جیهان دەچێتە تەرازووی ئەو گەمە خوێناوییەوە. لەم داستانە شیعرییەدا شانزە کاراکتەری سەرەکی هەیە. هەریەک لەو کاراکتەرانە پێناسەیەکی ئاشکراو خودێکی چڕوگران لە خۆدەگرێت. هەریەک لەو کەسایەتیانەش ڕووداو و گێڕانەوەی تایبەتی بە خۆی هەیە. بێگومان ڕووداوی هەر یەک لەو کارەکتەرانەش بەشێکە لە ڕووداوە گەورەو سەرەکییەکە. زۆربەی پسپۆڕو شارەزایان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ئەو ڕووداوانەی لە «مەهاباهاراتا»دا دەگێڕدرێنەوە، بنەمایەکی مێژووی هەیە. لەلایەکی تریشەوە هەندێکی تر دەڵێن، سەد دەرسەدی ئەو داستانە تەنها ئەفسانەو داستانێکی میتۆلۆژییە. بەڵام ئایا داستانێکی شیعری وەها گەورەو مەزن چۆن لە پرۆژەیەکی شانۆیدا بەرجەستەدەبێت.

هاریکارو نووسەرو ئامادەکاری پرۆژەکە « Jean-Claude Carriére » سەبارەت بەو پرۆسێسە لەو نامیلکە تایبەتەی کە لەگەڵ پیتەر بروک سەبارەت بە فیلم کردنی پرۆژەکەدا دەریان کردووە دەڵێت: « کە مەشق و پرۆڤە لە سێبتەمبەری ١٩٨٤دا دەستپێکرد، پیەسەکە ئامادەکرابوو، بەڵام هیچ کۆتایی و بەرەنجامێکی لەخۆنەگرتبوو، هەموو شتێک بەپێی ئەو نۆ مانگەی کە مەشقی تێداکراوە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بۆ ماوەیەکی درێژ ئێمە نەماندەزانی پیەسەکە چەند دەخایەنێت، وە چەند کاتژمێر نمایشتکردن پێویستدەبێت، یان بە شێوەیەکی گشتی چەند پیەس بەکاردەهێنرێت». کەواتە گەڕان و هەڵکۆڵین لەو دیدە قوڵ و دەوڵەمەندەوە بنەمایەک بوو بۆ ئەفراندنێکی بێ وێنە؛ هەموو پرۆژەیەکیش ئەزمونێکە بەناو کۆمەڵێ توخم و بەهای نادیاردا، لەبەر ئەوە هیچ پانتای و داڕشتەیەک لەو گەشتە ئەندێشەدارو هەڵچووەدا جێگیرو پیرۆزنییە؛ تەنها ئەگەری گەڕان و ئەزمونکاری فەلسەفەی بەردەوامی و بەدیهێنانی ئەو جیهانەیە. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لە نیشانە گرنگەکانی فەلسەفەو کاری پیتەر بروک.

### سێ کوچکەی مەهاباهاراتا

ئەم داستانە لە نمایشتێکی نۆ کاتژمێریدا و لە سێ بەشدا، وەک سێ کوچکەیەکی درامی تێکهەڵکێش پێشکەشکراوە. داڕشتەی گوتاری شانۆییەکە لە پانتاییەکدا کە ئەفسونی مۆسیقای ڕۆژهەلات و سەماو جلوبەرگێکی ڕەنگیندا دەکرێتە زەمەنێک بۆ پیشاندانی ئەو داستانە ئەندێشەدارە. بروک لەو سێ کوچکە شانۆییەدا کە بریتین لە «یاری زار، پەناهەندە لە دارستان، جەنگ»، لەو پێکهاتەیەدا ناوەڕۆکی داستانەکە دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و هەموو شێوازەکان. شێوازەکانیش لەو ناوەندە دەوڵەمەندەوە سەرچاوە وەردەگرن. نمایشتەکە دەبێتە ئەو شانۆ

«پیـرۆز»ەی کـە بروک لـە کـتـێـبی «پانتـایی بۆش»دا باسی لێـوەکـردووە، لەتەک ئەو شـێـوازە «جەماوەر»ییـەی سـەرەتاکەی لەلای شەکسپیرە، و برۆک بە بایەخ و ستایشـەوە تێیدەڕوانێت، وە پێیوایە ئەو شانۆ شیعر ئامێزە بەرزەی شەکسپیر نەفەسێکی قوڵی جەماوەریش لەخۆدەگرێت.

## پیتەر بروک و ئەنتۆنان ئارتۆ

ئەفسون، ڕیتواڵ و دیدی ئەنتۆنێن ئارتۆ «١٨٩٦–١٩٤٨» کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئێستاتیکای شـانۆی پیتـەر بروکـەوە هەبوو«١٣». ئەفـسـونی پڕ لە خـورپە، سـەرسـامی و تیـشکە ناتەباو توندوتیژەکەی، جیهانی شیعری و جەستە، وزەی ئەکتەر و دیدی ڕێژی؛ تێکڕا ئەمانە جێگای سەرنج و تێڕامانی پیتەر بروک بووە، ئەو سەرسامییە وا لەم هونەرمەندە دەکات بکەوێتە گەڕان و مەشقێکی پڕ لە داهێنان. بروک لە شـەسـتـەکـاندا بۆ ئەو مـەبەسـتـە، هاوتەریب لەسـاتی بەرهەمـهـێنان و پێـشکەشکردنی شـالیـر و مـارا – سـاد«١٤» و بەهاریکاری «چارلس مـاروتیـز» و لە نێـو شـانۆی شاهانەی شـەکسـپـیردا گـروپێک دادەمـەزرێنێ بەناوی «تیـپی شـانۆی توندوتیـژی». مەبەست لە دامـەزراندنی ئەو تیـپـە وەڵامـدانەوەی هەندێ لەو پرسـیـارانەبوو کـە لەوەوبەر خـودی (ئارتۆ) وروژاندبووی. کاری تیپەکەش شێوە لابورئاسایەک لە خۆدەگرێت، بروک بۆ ماوەی دە ساڵ لەگەڵ ئەو تیپـە، گەڕان بووە بە دووی ئـەو شـانۆ «پیـرۆزە»دا کە بەشـێکی گرنگی کـتێبـەکەی «پانتـایی بۆش» داگیردەکات«١٥».

ئەنجـامی ئەو پرۆژە ئەزمـونگەریە توندوتیژەی پیتـەر بروکیش بەشـێـوەیەکی زۆر کـورت و چڕ لە ساڵی ١٩٦١دا لە یانەی شانۆی هونەری دراماو مۆسیقا لە ئەکادیمیای لەندەن پێشکەش دەکرێت.

ئاهەنگی کردنەوەی ئەو لابورە تودوتیژە بە یەکێک لە تەقەلا سـەرەتاییە ئەزمونگەرییەکان «تەوژمی خـوێن» دەکرێتـەوە کـە لە بنەڕەتدا «ئارتۆ» خـۆی بۆ شـانۆ توندوتیـژەکـەی خـوی نوسیـوە. سـەرەتا «تەوژمی خوێن» بە بێدەنگی و دواتر بە دەنگەوە ئـەو نمایشتـە پێشکەشکراوە. ئەو ئەزمونەی ئارتۆش تیـشکێکی خـێرایە بۆ سـەر ژیانی مرۆڤـایەتی. لە مـاوەیەکی زۆر کورتدا دڵدار، جـەنگاوەر، قـەشـەو سۆزانییەک دەبینی. ئـەم کاراکتـەرانە لە چرکەساتێکی زۆر گراندا نـەفرەت لە بوونی خۆیان دەکەن و کتوپڕ لە چاو وندەبن. هەموو شانۆیەکە تەنها سێ چرکە دەخایەنێت.

پیـتـەر بروک سـەبارەت بەو پرۆگرامـە ئەزمـونگەرییـە دەڵێت: [پرۆگـرامـەکـە بە پیـەسـە سێ چرکەییەکەی ئارتۆ «تەوژمی خوێن» دەستی پێکرد. نمایشتەکەمان بە شێوەیەک بەرجەستەکردبوو کە زۆر لە ئارتۆ ئارتۆتربوو. دیالۆگـەکـانمان بە شـێـوەیەکی تـەواوەتی کـردبوو بە هاوار]. ئەمـە جگە لە نمایشـتکردنی هـەندێ دیمەنـی کـورتی «هاملێت» بـە شـێوازی «مـاریۆنێت» شـانۆی بووکـەشـووشـە دەخـاتـەڕوو، هەروەهـا ئەو تـەقـەلایە دادەنرێت بە یـەکـەم هـەوڵـە ئـەزمـونگەریەکـانی بروک بـۆ بەرجەستەکردن و خوێندنەوەیەکی جیاوازتری بەرهەمەکانی شەکسپیر. ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی هـەندێ دیمـەن لە بەرهـەمـەکـانی «ژان ژینیـە» بەتایبـەتیش «پەردەکـان» کـە لەوەوبەر بەهیـچ جـۆرێک پێشکەش نەکرابوو.

هەروەها گەڕان و پێشینەکانی ئەوان زەمینەو جیهانبینیەکی تری لەخۆگرتووە کە زیاتر تایبەتە بە خۆیان، شانۆی توندوتیژی بەر لە هەموو کەسێک، وەک ڕاڤەکردنێک ڕووبەڕووی خۆیانیان کردۆتەوە. ئارتۆ لەبەکەرهـێنانی وشـەی «توندوتیـژ» مـەبەسـتـێکی سـادی نەبووە، بەڵکو هاوارێک بووە بەسـەر شـانۆیەکی بێبەزەییدا کە هیچ هـەستێکی بەزەیی نەبووبێت بۆیان. ئەو پرۆژانە دەروازەیەک بووە بۆ بروک و ئەکتـەرەکانی تا لەوێوە هەنگاوی هەڵکەوتوو جیاواز بنێن. تا ئەو ڕێگایانەی کـە چنراون بە مـەترسی، ئەزمـونە ناتەبـاو چڕوگرانەکان بکەنە دەروازەیەک بۆ جیـهـانێکی نادیاری پڕ لە نهـێنی. لەهەمان کاتدا ئـەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیتـەر بروک و تیپە شانۆییە توندوتیـژەکەی بەدەربوون لە کـاریگەری، گـەڕانەوەو سـود وەرگـرتن لە بۆچون و دیدەکـانی ئارتۆ. هـەربۆیەش بەرئـەنجـامی ئەو تاقیگەیە «تەوژمی خوێن» پێشکەشدەکەن کە ئارتۆ خۆی وەک تەقەلایەکی ئەزمونگەری نووسیبووی.

دواتر لە ساڵی ١٩٦٨دا بروک بۆ شانۆی نەتەوایەتی ئینگلیزی بەهەمان ئاراستەو لە ژێر کاریگەری ئارتۆ و شانۆی توندوتیژدا، شانۆنامەی «ئۆدیب»ی سنیکا نمایشت دەکات. ئەم پرۆژەیە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین هەوڵە ئەزمونگەرییەکانی پیتەر بروک، بەتایبەتیش لەڕووی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕیتواڵی و بەرجەستەکردنێکی جیاوازی چەمکی زمان و وشە. دەنگ لەم نمایشتەدا دەبێتە توخمێکی گرنگ، بەرجەستەکردنی «وشە»ش لەو بۆتەیەدا کراوەتە ئامرازێکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە.

پیتەر بروک ئاماژە بەوەش دەکات کە چۆن بەئاراستەیەک کاریان کردووە کە دووربووە لە زمانی پەیڤین و دیالۆگەوە. زمانی جەستە، سرووت و ئەفسونی کراوەتە بنەما گرنگەکانی ئەم پرۆژەیە، لەپێناوی ئەوەی شانۆ بگۆڕێت بۆ جێگایەکی پیرۆز تا بتوانرێت واقیعێکی مەزنتر لەوەی کە هەیە تیایدا بدۆزرێتەوە. لە شەستەکانی شانۆی ئینگلیزیدا بڕوایەکی پتەو هەبووە بۆ گۆڕان و تێکشکانی شێوازی گێلانەو ستروکتوری ئەو چینە برژواو مامناوەندەی ناو کۆمەڵگای ئینگلیزی. پیتەر بروک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو زەمەنەدا نەیتوانیوە زۆرشت پیشانبدات، لەم ڕووەوە دەڵێت: [لە شەستەکاندا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئینگلیزیدا پیاوێکمان بە ڕووتی خستۆتە سەر شانۆ؛ ئێستا ئەو مەسەلانە هێندە ئاسایی و تەبایە، تاکە ڕێگایەک هەوڵی بۆ بدەیت تا لەڕێیەوە بینەرانی پێ سەرسام بکەیت ئەوەیە کە ئەکتەر بە جلوبەرگەوە بێنە سەر شانۆ!].

**ئێمەو ئەمەریکا..!**

نمایشتی «مارا – ساد» یەکێکە لە نمونە بەرزو سەرکەوتووەکانی پیتەر بروک لە بواری پراکتیزەکردنی شانۆی توندوتیژی «ئەنتۆنان ئارتۆ»دا. ئەو سەرکەوتنەی پیتەر بروک لە ڕوانگەی نمایشتی «ئێمەو ئەمەریکا» و لەسەر شانۆی دویک لە ساڵی ١٩٦٦دا بەردەوام دەبێت. ئەو بەردەوامیەش بەهاو گرنگییەکی مەزن دەبەخشنە ئەزمونەکانی پیتەر بروک لەبەرامبەر تێکڕای ئەزمونی شانۆیی جیهانیدا.

یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو لە جیهاندا، پەلاماردانی هێرشی دڕندانەی وڵاتێکی زەبەلاحی وەک ئەمەریکا بوو بۆ سەر وڵاتێکی بچوکی وەک ڤێتنام. ئەو جەنگە خوێناوی و توندوتیژە چەندین ڕاوبۆچوون و هاواری دژ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرزکردوە. پیتەر بروک ئەم مەسەلەیە وەک هەڵوێستێکی گرنگی هونەری وەردەگرێت. شانۆیەکی بەرهەڵستکار وەک ئەزمونێکی گرنگ وپرۆسەیەکی هونەری، بەتایبەتی دوای نمایشتکردنی مارا – ساد دەبێتە پێداویستییەکی گرنگ. شانۆنامەی «یو. ئیس» یان ئێمەو ئەمەریکا لەسەر شانۆی «دویک» دەبێتە یەکێک لە گرنگترین پرۆژە هونەرییەکانی شەستەکان. بروک سەبارەت بەم پرۆژەیە دەڵێت: [هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکە ئەوەبوو کە چۆن ڕووداوە هاوچەرخەکان بچێتە ناو شانۆوە؟ ئێمە گرنگی بە شانۆیەکی بەرهەڵستکار دەدەین. لە ڕوداوەکانی ئەمڕۆی جیهانی هاوچەرخماندا، چ شتێکە کە ڕووبەڕووی شتێکی تر دەبێتەوە! کێ ڕووبەڕووی کێ دەبێتەوە؟ سەبارەت بە مەسەلەی ڤێتنام دەتوانین بڵێین مەسەلەیەکە کە هەموو کەسێک و تاکێک دەگرێتەوە. هەروەها دەکرێت بڵێین هیچ کەس و تاکێکیش ناگرێتەوە. گەر مرۆڤ توانی «تەنها بۆ یەک ڕۆژ» ترس و توندوتیژی ڕووداوەکانی ڤێتنام لە مێشکیدا هەڵبگرێت و لەگەڵ ئەو ژیانە هێمن و تایبەتەی خۆیدا بەراوردی بکات کە تیای دەژی، شڵەژان و تێکچونێکی گەورەی تێداڕوودەدات کە زۆر ئەستەمە بەرگەر بگریت]. بیست و پێنج ئەکتەر لەو پرۆسەیەدا بە پەیوەندییەکی پتەو و بێوێنەدا بەشداردەبن. پیتەر بروک ئەو گروپە بە «گرۆی ئەکتەر» ناودەنێت. گرۆکە بە لێکۆڵینەوەی چڕو وەرگرتنی هەڵوێست و تێڕوانین لە گرفتەکانی ئەو جەنگەی ڤێتنام دەستبەکاردەبێت. ئەو پرۆسەیەش چەندین مانگی خایاندووەو دواتر لە ماوەی پانزە هەفتە مەشق و پرۆڤەی چڕو بەردەوامدا هەر ئەکتەرێک لەو گرۆیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ڤێتنام و مەسەلەکەیدا دروستکردووە. پیتەر بروک سودێکی زۆر لە هەموو تەوژمە شانۆییەکان

وەردەگرێت بۆ خولقاندن و بەدیهێنانی شانۆیەکی جیاواز و بەرهەڵستکار. بەتایبەتیش کاریگەری شانۆی زیندوو، شانۆی توندوتیژ، شانۆی هەژاری گرۆتسکی و شانۆی تۆماری پیتەر ڤایسی بەسەرەوەبووە. بەڵام بروک هەموو ئەو کاریگەریانە دەخاتە خزمەتی بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی سەبارەت بە شانۆی بەرەنگاری و ڕیسواکردنی هێرشە دڕندانەکەی ئەمەریکا بۆ سەر ڤێتنام.

پیتەر بروک دەڵێت: [ لەکاتێکدا ئەکتەرەکان لە کۆتایی هەموو نمایشتێکی «ئێمەو ئەمەریکا»دا بە بێدەنگی دادەنیشتن، وەک هەندێک لێکیان دەدایەوە، گلەیی و تاوانبارکردنی بینەران نەبوو، بەڵکو ئەوەش دووبارە پرسیارکردنەوەبوو لە ئێمە، لە هەموو شەوێکدا، سەبارەت بە هەڵوێستمان لەم چرکەساتەدا، ئێستاو ئا لێرەدا، چی لە ناوەوەماندا، لە جیهاندا، لە چواردەورماندا ڕوودەدات. ئەکتەرەکان لەو حاڵەتەدا بەخۆیانەوە سەرقاڵبوون].

بێدەنگی دوای هەموو نمایشتێک ئەو هەڵوێستە تووڕەیەبوو دژ بە جەنگ، بە ئەمەریکاو ئەو بازرگانانەی جەنگ کە تەقەلای بەردەوامی جەنگ دەدەن. پیتەر بروک لە شەستەکاندا و بە پڕۆژەی «ئێمە و ئەمەریکا» هەموو کۆمەڵگای ئەوروپی و تەنانەت ئەمەریکاش ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ دەکاتەوە. پەردەهەڵماڵینێکە دژ بە دوژمنکاری ، توندوتیژی و خوێنڕشتن لە مێژووی نوێی مرۆڤایەتیدا، (ئێمەو ئەمەریکا) هاوارێکە دژ بە هەموو داگیرکردن و پێشێلکردنێکی مافی مرۆڤ. لەهەمانکاتدا دوپاتکردنەوەی بڕوایەکی قایمبوو بە هونەر و توانا ئەفسانەییەکەی شانۆ.

### فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن

ئەمڕۆ پیتەر بروک بە شێوازێکی ترو ئاراستەیەکی جیاوازترەوە کاردەکات. پڕۆژەو نمایشتەکانی ساکار و ئاسان و دوور لە هەموو جۆرە شتێکی ناتەباو ئاڵۆزییەکەوەیە. گەشتەکەی بۆ سوید جێ سەلماندنی ئەم بۆچوونەبوو. شانۆنامەی «کۆستیم» لە نووسینی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئەفەریقی «کان سێمبا Can Thembas »(١٦) و ئامادەکردنی بۆ شانۆ «بارنی سیمۆن Barney Simon »«١٧ » ئەم کارە خاوەن ستروکتورێکی ساکار و پێوەدانگێکی تا ڕادەیەک دیارو بێهێزی هەبوو «لە ڕووی پێودانگی درامییەوە». بەڵام لەهەمانکاتدا دنیایەکی نوێ لە ساکاری و ڕوون و ئاشکرایی لەخۆگرتبوو. زۆر لە ڕەخنەگرە شانۆییەکانی ئەوروپا ئاماژە بەوە دەکەن کە نمایشتەکانی ئەمڕۆی پیتەر بروک ئەو دینامیکیەی جارانی لەدەستداوە؛ ئەو پریشکە بەهێزو ئەفسونییەی کە پانتاییە بۆشەکانی دەکردە دۆزەخێکی گەورە، ئەمڕۆ بەتەواوەتی بزربوون. پانتاییە بەتاڵەکەی بۆتە فۆرمێکی ئێستاتیکای ساکار؛ لەو فۆرمەدا پەیوەندیەکان و داستان و بەها مرۆڤایەتیەکان بوونەتە یەکەیەکی فەلسەفی و هونەری کە ئاستێکی پڕ لە دەربڕینی ئاشکرایان هەیە.

کۆنفرانسەکەی هێلسینفۆش لە فینلاند لە تەنها چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری ساکارەوە دەبێتە سیمینارێکی گرنگ. پیتەر بروک زۆر بە قوڵی سەرلەنوێ سەبارەت هونەری شانۆ و سیما گرنگەکانی، ئێستاتیکاو تێڕوانینە نوێکان و ڕۆڵی شانۆ لە ژیاندا، هەروەها سەبارەت بە گرۆ نێونەتەوەییەکەی دەدوێت.

ڕێژیسور لەلای پیتەر بروک پێویستە وەک ئەرکۆلۆگێکی زیرەک بەدووی گەنجینە نەدۆزراوەکاندا بگەڕێت. لەو گەنجینەیەشدا تەنها لە چەمکێک زیاتر پێویستی بە شتی تر نییە، ئەو چەمکەش بەرلەهەموو شتێک دەبێت لە «ژیان»دا بیدۆزێتەوە، نەک لە هونەرو مەسەلە تیۆریەکاندا. ئەمەش لە ڕێگای قوڵبوونەوەو تێڕوانینی وردو وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانەوە چنگدەکەوێت.

شانۆنامەی «کۆستیم» بەرجەستەکردنێکی ئاشکرای شاری «سۆپیەتۆن» و ڕۆژگاری پەنجاکانی کۆمەڵگای ئەفەریقی ژێر دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستییە. ئەو ڕژێمەی بەهۆی دروستکردنی کۆمەڵێ شارۆچکەی زۆرەملێوە، دانیشتوانە ڕەشەکان بە تەواوەتی لە کۆمەڵگای ئەفەریقی و کۆمەڵگای سپی پێستەکان دادەبڕێت. شاری سۆپیەتۆن ناوچەیەکی زۆر هەژارو پڕ لە توندووتیژی و تاوان و تلیاک و سۆزانی و ئازار و سوکایەتی پێکردن بووە. بەڵام لە هەمانکاتدا زەمینەیەکی لەباری هەبووە بۆ

بەرهەمهێنانی مۆسیقا و شیعر و هونەر. بەکارهێنانی جەستەو هەموو کەرەستەو وێنە جیاوازەکانی فۆرم لە لای پیتەر بروک ئامرازێکی دەوڵەمەندی دەربڕینبوون بۆ پەیوەندیکردن و وەلاوەنانی زمانە ئەدەبییە ئاساییەکەی ئەدەبی شانۆ. سالانێکی درێژە ئەم هونەرمەندە گەورەیە زمانی جەستەی کردۆتە زمانێکی گرنگی دەربڕینی شانۆ، هەر لەم ڕووەوە ڕووکردنە کیشوەرە ڕەشەکەی گەردوون، نەک دۆزینەوەو پەرەپێدانی ئەزمونەکانیەتی ، بەڵکە خولقاندنی جیهانێکی نوێی زمانی جەستەو سیما «دەموچاو»ە کە دەبنە وزەیەکی سەرنجڕاکێش و بزوێنەر.

جێگای سەرنجە، هەموو ماسولکەو دەمارەکانی دەموچاو بەشێوەیەک دروستبوون کە جێگای هەموو هەست و سۆزەکانی دەرونی مرۆڤی تیادەبێتەوە. لە سینەمادا تەنها بیرکردنەوە بە شێوازێکی ڕاست ئەنجامێکی باش دەداتبەدەستەوە. دەکرێت بە هۆی هێزی کامیراو تەکنیکەوە زۆر شت بەخێرایی بگەیەنرێت. ئەکتەری ئەوروپی بە گشتی هەموو وزەکانی دەربڕین لە سیمایدا کۆدەکاتەوە، بەکارهێنانی جەستەو زمانی دەربڕین لەلای ئەکتەری ئەوروپی زۆر کەمە. بۆ نمونە هیچ هەست و سۆزێک لە قاچەکانی ئەم ئەکتەرانەدا نابینرێت؛ بەڵام لە ئەفەریقا و هیندستان و بەشێکی زۆری کیشوەری ئاسیادا بە تەواوەتی بە پێچەوانەوەیە. لەم گەردوونە فراوانەدا منداڵان هەر لە دایکبوونەوە فێری ئەوەدەکرێن کە زمانی جەستە بەشێکی گرنگی ژیان و پەیوەندیکردنە. لەو کلتوورەدا دەکرێت قاچ لە دەم زیاتر پێبکەنێت، قۆڵ و باڵ بەهەمان شێوەی پەنجەکان توانایەکی زۆری دەربڕینیان هەبێت. ئەفەریقاییەکان لەسەردەمی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا، لەو کیشوەرە ڕەش و پارچە پارچە کراوەدا، زمانی جەستە ئامرازێکی دەوڵەمەندی سەر شەقام و کۆڵانەکان بووە. بەدوواداهاتنی کارەساتەکان و هاوکاری و دڵدانەوەی یەکتری بە زمانی جەستە دەربڕدراوە. پیتەر بروک بەم شێوەیە باسی ئەم سیما دەوڵەمەندەی ئەفەریقیەکان دەکات: [ئێمە لە شەستەکاندا زۆر بە چڕی و لەئاستێکی بەرزو قوڵدا مەشقمان بە ئەکتەرەکان دەکرد، تا زمانی جەستە بکەنە ئامرازێک بۆ زمانی شانۆ؛ بەڵام ئەو زمانە هونەرییە هەر لە سەرەتاوە لەلای ئەکتەرە ئەفەریقیەکان لەسەر ئاستێکی بەرزدا بەدیدەکرا. ئەو هەڵوێستە فیزیکییە، جەستەیەکی نەرم و دەوڵەمەند، بنەما سەرەتاییەکانی ئەو ئەکتەرانە بوو، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە توانیمان لە شانۆدا زۆر بە ئاسانی ڕووبەڕووی یەکتر ببینەوەو لەیەکتری بگەین]. لەسەرەتاوە ئەو زمانە سروشتییە پڕ لە دەربڕینە لە گەمەوە دەستپێدەکات، گەمەش بەدەرنییە لە تەقەلاو ئاستێکی قوڵی دەربڕین. پیتەر بروک گەیشتۆتە ئاستێک کە بەلایەوە هیچ گرنگ نییە ڕەخنەگرەکان چۆن کارەکانی هەڵدەسەنگێنن، لەم ڕووەوە دەڵێت: [ ئەمرۆ گەشەو بەرەوپێشچوونی هونەری ڕێژی، نمایشتی گەورە، جێگای تێڕامان و سەرنجی من نییە، ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو. لەسەرەتای دەستکردنم بە کاری شانۆ زۆر بەلامەوە گرنگ بوو هەموو شێوازەکان بەکاربهێنم، فۆرمەکان تاقیبکەمەوە، ئەو پیەسانە بخەمە سەر شانۆ کە بەهاکانیان لە دەستدابوو]. ئەم هونەرمەندە ئێستا بە یەکجاری لە بەرهەمهێنانی فلمیش دوورکەوتۆتەوە.

دوای بە فلمکردنی مارا ـ ساد، کارمن، شالیر و مەهاباهاراتا و هەندێ فلمی تر، وازی لە بەرهەمهێنانی سینەما هێناوە. کارکردن لە سینەمادا دارایی و پێداویستییەکی زۆری پێویستە، ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمهێنانی فلمێکی سینەمایی کات و وزەیەکی ئێجگار زۆری دەوێت. پیتەر بروک ئێستە بە ئاراستەیەکی تر کاردەکات و دەیەوێت بە یارمەتی گروپێک لە ئەکتەرانی نێونەتەوەیی و نووسەرانی نزیک لە خۆیەوە، لە هەندێ مەسەلەی تایبەتی بکۆڵێتەوە؛ لە ژیان گەیشتن، تێڕامان و قوڵبوونەوە بەنێو نهێنیەکانی دنیادا لە هوموو ڕووەکانیەوە، یەکێکە لەو خاڵەگرنگانەی کە بۆتە ناوەندێکی ڕاستەوخۆی کارەکانی ئەم دواییەی: [قوڵبوونەوەو لە ژیان گەیشتن لە ڕوانگەی شانۆوە، بە ڕێگایەکی زۆر ئاسایی منی لە نمایشتی گەورەو پڕۆژە زەبەلاحەکان لاتەریکردوو بەرەو ناو ئەو پانتاییە زۆر بچوکانەی کە دەکرێت تەنها لە ڕوانگەی مرۆڤێکەوە بدۆزرێتەوە برد. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیەش باس لە هونەرێکی ساکار، یان ساکاری لە هونەر و فۆرمدا ناکات، هێندەی ئەو شێوازو فۆرمە ڕۆژێک لە ڕۆژان جێگای سەرنج و گرنگیپێدانی من بووە، ئێستا ئەو بەهاو گرنگییەی نەماوە لەلام. من ئێستا بە ئاڕاستەی ساکاریی و پاکژی کارناکەم. ساکاری هەڵبژێریت وەک فۆرمێک ئەوە

کارێکی زۆر ترسناکە؛ ناکرێت لە فۆرمەوە دەستپێبکەیت. من زۆر بە ئاگادارییەوە دەمەوێت ڕێژیسۆرە لاوەکان ئاگادارکەمەوە کە لە شێوازێکی ساکاردا کارنەکەن، چونکە گەر ساکاری بکرێتە ئامانج ئەوا خۆت لە بارێکی سارد و بیابان ئاسادا دەبینیتەوە. من خۆم بەو هەڵەیەدا تێپەڕیووم].

پیتەر بروک مەبەستی لەم ووتانە ئەوەیە کە ناکرێت ساکاری وەک دیدو فۆرمێک بەکاربهێنرێت، یان بکرێتە ئامانجی پرۆژەیەکی شانۆیی. بەڵکو ساکاری دەبێت لە خۆیەوە، لە تێگەیشتن و قوڵبوونەوەوە بێت. پیتەر بروک بەو ئاراستەیە لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت. هزرو بۆچوونەکانی زۆر لایەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری شانۆ، مرۆڤایەتی، مەشق و پەروەردەکردنی ئەکتەر دەگرێتەوە. لەلای بروک شێوەش«فۆرم» تەنها هزرو کۆمەڵێ بیروبۆچوون نییە بەزۆر خۆی بەسەر نمایشتەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو شێوەکان لە دووتوێی وێنە شانۆییەکاندا دەبێتە ئەو توخمەی نمایشتەکە ڕووناک دەکاتەوە، ناواخن و نهێنییەکانی پیەسەکە ئاشکرا دەکات. شانۆگەرییەکی ڕووناکیش لە کۆتایدا لە «فۆرم» زیاتر هیچی تر نییە! [بەم شێوەیە سەرەتای پرۆژەکانمان دەستپێدەکات، لەوانەیە بە ئاهەنگێک دەستپێبکەین، بەهەر شێوەو شێوازێک دەستپێبکەین گرنگ نییە، بەڵام هەرگیز بە هزرو بیروباوەڕ دەستپێناکەین].

پیتەر بروک ڕوودەکاتە گەنجەکان و دەڵێت: [پێویستە لەسەرەتاوە بەچەندەها دیدو بۆچوونەوە دەستپێبکەن و لە هیچ شتێک سڵنەکەنەوە. بیرۆکەی گێلانە یان هەڵەحاڵیبوون و تێڕوانینی پڕ لەتەمومژ، گرنگ نییە، دوای ئەوەی هەموو ئەوانەت تاقیکردەوە، دەتوانی لەسەرخۆ شت لابەریت. بۆ نموونە ئێمە کە دەستمان کرد بە ئۆپێرای «کارمن» چەندەها هەڵەی زەق و بیرۆکەی نابەجێ و گێلانەمان دەکرد، گۆرانیبێژە ئۆپێرالیەکان لەسەرەتادا تووشی خورپە هاتبوون، بەڵام دوایی لەو گێژاو و هەرایەدا لە نێوان چەندین تێڕوانین و دیدی گراندا سەربەستیمان دۆزییەوەو ئەکتەرو گۆرانیبێژە ئۆپێرالیەکانیش لەو گەشە پڕ لە گەمەیە گەیشتن]. پیتەر بروک دوای ئەم گەشتەی بۆ سوید و فیلاندا دەگەڕێتەوە بۆ پاریس تا سەرلەنوێ کار لە شانۆنامەی «هاملێت»دا بکاتەوە. هەموو پرۆژەو کارێکی شانۆیی ئەم هونەرمەندە گەشتێکە پڕە لە پشکنین: بەڵام بە سنگێکی فراوان و دوو چاوی کراوەوە بارودۆخێکی ڕاست بۆ گفتوگۆ دەسازێنێ لە پێناوی لەیەکتری حاڵیبوون و دۆزینەوەی شتی نوێتر. لە هەفتاکاندا پیتەر بروک لەگەڵ گرۆ نێونەتەوەییەکەیدا گەشتێکی سێ ساڵەی بە ئەفغانستان و ئەفەریقادا کردووە. بەڵام گەشتی ئەم جارەی لە نێو شانۆی خۆیدایە «Théatre Bouffes du Nord» لە پاریس و لەگەڵ یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرو هاوکارەکانی «Bruce Myers» دایە. ئەم ئەکتەرە لە سەرەتای هەفتاکانەوە لەگەڵیدا کاردەکات، جگە لەشەش ئەکتەری تری خەڵکی ڕۆژهەلات. گەشتی ئەم جارەی بروک لەگەڵ ئەم ئەکتەرانەدا بۆ ئەوەیە تا بتوانێت سەرلەنوێ پرۆسەیەکی هەڵکۆڵین لە کیشوەرە مەزن و چڕەکەی «هاملێت»دا بکات. تەقەلایەکی ترو ئەزموونێکی تر بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە دنیای ئەو پیەسەو فۆرمێک و دنیادیدەییەکی تری شانۆیی.

### هەڵوێستەیەک لەتەک «کۆستیم»دا

لەنێو هەموو یادگارە تاڵەکانی سەردەمی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقادا، ماوەیەک بەدیدەکرێت، ئەگەرچی ماوەویەکی زۆر چڕو کورتە، بەڵام ماوەیەکە پڕ لە هیوا و خۆشی. تەنها بڵێی سۆپیەتۆن یەکسەر تیشکی مۆمێک لە چاوەکانی مرۆڤدا دەبریسکێتەوە. هروژمێکی وێنە لە بیرەوەریەکاندا دەوروژێت و سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە. وێنەکانی زەمەنێک کە بۆتە زەمەنێکی ئاڵتوونی ڕۆژگارێکی ڕەش؛ کوشوهەوایەک بەتەواوەتی سۆپیەتۆنی لە هەموو شارو شارۆچکەکانی تری ئەو سەردەمە جیادەکاتەوە. لەو شارەدا، وەک هەموو شارەکانی تری خوارووی ئەفەریقا، خەڵکی لە بارودۆخێکی سەختدا ژیاون. هەژاری و دابڕان لە هەموو شتێک، لە هەموو دنیا. بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان بەتایبەتیش لەو ناوچەیەدا هەموو ئەو بارودۆخە گران و نالەبارە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری ئەوتۆی بەسەر ژیانی ئەو خەڵکەوە نەبووە.

لەم شارەدا بە پێچەوانەی هەموو شار و شارۆچکەکانی ترەوە، تواناکان گەشاونەتەوەو خەڵکی بەختیاروبوون، توانیویانە ئەوەی لە دەرونیاندا هەیە دەریببڕن. دانیشوانی ئەو شارە، لەگەڵ هەموو نالەباری ژیان و کلۆڵیەکیانەوە ئامێرەکانی مۆسیقای «جاز»یان ژەندووەو ئاهەنگیان گێڕاوە، گۆرانیان ووتووەو شیعریان نووسیوەو گفتوگۆیان لەسەر چارەنووسی داهاتووی وڵاتەکەیان کردووە. توانیویانە گەر بۆ ساتێکی کەمیش بێت، ئەو ژان و ئازارو پەژارەیە لەبیر خۆیان ببنەوە. بەڵام ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکە بواری ئەو تروسکەو هیوایەشی لێبڕیون، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی داوە ئەو بارودۆخە تێکوپێک بشکێنێ و شاری سۆپیەتۆنیش بەتەواوەتی لەسەر نەخشە بکوژێنێتەوە. هێزەکانی سیخوڕ و پۆلیس بە بلدۆزەر گەڕەکەکان و خانووە ساکارەکانی ئەو خەڵکەیان ڕووخاندووە، هەزارەها هەژارو بێدەرەتانیان ناچاری ڕەوکردنکردووە، دەزگاکانی پۆلیس خەڵکەکەیان ڕاگوێزاوەتە نێو ئەو شارۆچکە زۆرە ملێیانەی کە بەئاسانی توانیویانە کۆنترۆڵیان بکەن. شارۆچکە زۆرەملێکانیش هەمیشە دووربووە لە پەیتەخت و شارە گەورەکانەوە. لەو ناوچانەشدا کە شارۆچکە زۆرەملێکانی تیادا بنیاتنراوە، هەمیشە لەژێر فشار و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆو توندوتیژی پۆلیسدا بوون؛ شارۆچکەکان هیچ ناوێکیان لێنانرێت، تا لەئەنجامدا یەکێک لە گرنگترین ئەو شارۆچکانە دەبێتە شارێکی گەورەو بە سۆڤیتۆ دەناسرێت. زۆربەی ڕووداوەکانی سۆپیەتۆن لە ناو چایخانەی نهێنی و نایاسایی و کۆن و سەرەتاییەکاندا ڕوویانداوە. لەناو ئەو چایخانانەدا ڕەش و سپی پێکەوە کۆبوونەتەوە. ئیدی هەر لە نووسەر، مۆسیقار، دز، سیاسەتمەدار، سۆزانی و حیز و هەتیوەکان، لەوێدا یەکیان بینیوە. لەگەڵ یەکتری قسەو دواندنیان کردووەو خەونیان بینیوە. ئەو خەڵکە پێکەوە نوقمی مەیخواردنەوەو بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی تلیاک بوون؛ هەمیشە مەست و بێئاگا تەسلیم و خۆکوژی بوون. یەکێک لەو کەسانە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز چالاکیەکانی ئەو چایخانەیەی بەڕێوەبردووە، ئەویش نووسەری بەهرەمەند «کان سیمبا» بووە، ئەم نووسەرە پادشای شەوانی ناو ئەو کۆبوونەوە نهێنیانە بووە. لەیەکێک لە شەوانی ئەو چالاکیانەدا، ئەو نووسەرە عاشقە چیرۆکی «پێلیمۆن Philemon و مەتیلدا Matilda /کۆستیم» دەگێڕێتەوە. ئەویش سەرگوزشتەیەکە سەبارەت بە ئافرەتێک و پیاوێک و دەستێک جلوبەرگ. ئەو سەرگوزشتەیە بە گاڵتەو پێکەنین دەستپێدەکات و بە تراژیدیایەکی سارد کۆتایی پێدێت.

کۆمیدیا، دراما، فەنتازیا، وێنە بچوکەکانی ژیان، هەموو ئەمانە لە سەرگوزشتەی «کۆستیم»دا بەرجەستەدەبێت، نمایشتێک کە شاری سۆپیەتۆن بە مۆسیقایەک، خەندەو پێکەنین و گومانەکانی بەئاگا دێنێتەوەو تێکەڵی ژیانی دەکاتەوە.

**کۆستیم لە نێوان ریتواڵ و فۆرمێکی ساکاردا**

وەرزی یەکەمی ساڵی دووهەزاری شانۆی «Bouff du Nord» لە پاریس، وەرزێکی ئەفەریقیە. پیتەر بروک درامایەکی ساکارو فۆرمێکی ئاسانی شیعری دەکاتە شانۆیەکی نزیک و هاودەم بە ژیان. ئەفسونێک دەخولقێ، لەو ئەفسونەدا شیعر دەبێتە ریتواڵ و لەیەکەی نمایشت، ئەکتەرو بینەراندا نمایشتێکی پڕ لە وێنە و گۆرانی و سەما جۆشدەدات.

پیتەر بروک هەروەک پرۆژەو نمایشتەکانی ڕابردووی، هەر لەسەرەتاوە، لەگەڵ هەر پیەس و تێکستێکی جیاوازی سەر بە کولتووری دیکەی ئەم گەردوونە مامەڵە بکات، ئەوا هەموو بەرگ و سیماو کلێشە کولتووریەکەی لە ستروکتوری پیەسەکەدا دادەماڵێت، مەبەستی لەم داماڵینەش هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی شانە مرۆڤایەتیەکان لە ناواخنی دراماکاندا. ئەو شانە مرۆڤایەتیانەی کە بۆ بروک دەبێتە هزر و هەڵوێستەیەک لەبەردەم ستروکتورێکی هاوبەشدا، لەو ستروکتورەدا ریتواڵێکی نوێ، میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و داستانێکی گشتگری وا دەخولقێنێ کە پڕە لە ئاماژە مرۆڤایەتییەکان.

[سەرەتا دیمەنێکی شانۆیی دروستدەکەم، دوای ئەوە تێکیدەشکێنم، دروستی دەکەمەوەو سەرلەنوێ تێکیدەشکێنمەوە. لەهەمانکاتدا بیر لە چارەسەرکردنێک دەکەمەوە بۆی: چ جۆرە جل و بەرگ و کەرەستەیەک؟ چ جۆرە ڕەنگ و جوڵەیەک؟ ئەمانەش هەموویان کەرەستەی بەکارهێنانی «زمانێکی» تایبەتن و دەکرێت ئەو هەستە ناوەکیە تایبەتیەی کە من هەمە نزیکبێتەوە لە شێوازێکی دیاریکرای بەهێزەوە. دوای ئەوە هێدی هێدی شێوەکەش دروستدەبێت، ئەو شێوەیەش پێویستە بخرێتە ژێر کارێکی ئەزمونگەری پڕ لە گۆڕانکارییەوە، بەڵام هەروەک شێوەیەک دەمێنێتەوە. ئەو شێوەیەک فۆرمێکی داخراو نییە، لەبەرئەوەی تەنها لە دیمەنێکی شانۆیی زیاتر هیچی ترنیە؛ دەڵێم تەنها دیمەنێکی شانۆیی، لەبەرئەوەی دیمەنیش لە بنەمایەکی سەرەتایی زیاتر هیچی تر نیە].

## کۆستیم باسی چی دەکات؟

کۆستیم باسی جۆرە زۆرداری و سەرکوتکردنێکی ناوەکی دەکات. ئەو جۆرە سەرکوتکردنانەی ڕۆدەچێتە ناوەوە بۆ ناو خودو دەروونی مرۆڤ، لێرەوە پاڵەپەستۆیەک ڕۆحی مرۆڤ دەخوات، کۆستیم دەبێتە سیمبولی هەڕەشەیەکی ئەبەدی. هەڕەشەیەک سیمای مرۆڤ تێکدەشکێنێ و دەروونی دەکرۆژێ. کۆستیم درامایەکی ژن و مێردایەتییە. لەو شانۆیەدا چوار ئەکتەری ڕەشپێستی ئەفەریقی و «کۆستیمێک» کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەو گەمە پڕ لە ژان و ئازارەن. بەڵام پیتەر بروک بەهۆی ئەفسونی ئەو فۆرمە ساکارەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەو زمانە مرۆڤایەتیەی جەستەی ئەکتەرەکان و زمانێکی شیعری شەفاف و بەرزی نمایشتەکە پێکدێن و هەناسەیەکی پاک دەبەخشنە ئەو بەسەرهاتە تراژیدیە.

کۆستیم دەبێتە ئەندامێکی بینراو و هەستپێکراوی ئەو خێزانە. پێلیمون و مەتیلدا پێکەوە وەک ژن و مێردێکی بەختیار و ئاسایی دەژین. پیلمۆن ڕۆژانە دەچێتە سەر کار، ئێواران بە پاسە کۆن و پڕ لە خەڵکە ماندووەکە دەگەڕێتەوە. تا ڕۆژێک دێت و هەموو شتەکان دەگۆڕدرێت. گۆڕانکارییەک چارەنووسی ئەو ژن و مێردە دەکاتە خاڵێکی پڕ لە کێشەو ململانێی تراژیدی. پێلمۆن کاتێک کتوپڕ لە کار دەگەڕێتەوە، پیاوێکی نەناسراو لە جێگەکەیدا لەگەڵ مەتیلدای هاوسەریدا دەبینێت. پێلمۆن بۆیەکەمجار خۆی لەبەردەم ناپاکی و داوێنپیسی ژنەکەیدا دەبینێتەوە. دۆستی ژنەکەی لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە ڕادەکات، بەڵام لە شڵەژاویدا جلەکانی لەسەر کورسیەکە لەبیردەچێت. ئەو جلوبەرگە «کۆستیم»ە بەجێماوە دەبێتە بەندێکی دەستوپێ بەستراوی ناو ماڵەکە. پێلمۆن بەهیچ شێوەیەک ئازاری ماتیلدای هاوسەری نادات. لەسەر ئەو ڕووداوەش لەگەڵ هاوسەرەکەیدا گفتوگۆ ناکات و هاوسەرەکەشی لەماڵەکە ناکاتە دەرەوە. لەبری ئەوە ستراتیژێکی تر، بەڵام زۆر کوشندە بەکاردەهێنێ بۆ سزادانی ماتیلدا. پێلمۆن بڕیاردەدات ئەو «کۆستیمە» بەجێماوە ببێتە ئەندامێکی فەخری خێزانەکەیان. مەتیلدا بەرپرسیاردەبێت لە هەموو بەدەنگەوەهاتنێکی ئەو ئەندامە نوێیەی خێزانەکەیان. لەکاتی نانخواردندا دەبێت کۆستیمەکە لەگەڵیاندا دانیشێ و مەتیلداش خواردن بکات بەدەمیەوە. دەبێت لە کاتی چوونەدەرەوەو پیاسەی ڕۆژانی یەک شەماندا، کۆستیمەکە قۆڵ دەکات بە قۆڵیاندا و لە نێوانی هەردووکیانەوە دەڕوات. لەکاتی نووستنندا کۆستیمەکە لەنێوانیاندا ڕادەکشێ. بوونی ئەم کۆستیمە بەم شێوە ئاشکرا و تراژیدییە، دۆزەخێکی ڕاستەقینە بۆ ماتیلدا دەخولقێنێت؛ نەک هێندە بەڵکە ژیانی پێلیمۆنیش تاڵ دەکات. تا لەئەنجامدا ماتیلدا ناتوانێت چیتر بەرگەی ئەو سزا دەروونیە بەردەوامە بگرێت، لەبەرئەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

## ڕیتوالی نمایشتەکە

شانۆ بوارێکی زۆر گرنگی لەژیان گەیشتنە؛ ژیان لە بۆتەی شانۆدا دەبێتە پرۆسەیەکی گرنگی مرۆڤایەتی، پیشەی ئەکتەریش دەبێتە تەواوکەری ئەو هاوکێشە گرانە. ئەکتەرەکانی پیتەر بروک

لەنێو ئەو ئەزموونەداو لە ڕێگای شانۆوە لە ژیانی واقیعی مرۆڤ تێدەگەن. شانۆ لەئاستێکی بەرزدا، وەک هونەرێکی قووڵ و گشتگیر، لە واقیعی مرۆڤ گەیشتووە، بە شێوەیەک مرۆڤ خۆی زۆری ماوە تا لەو واقیعە بگات. ئەو ریتوالەی پیتەر بروک دەیخولقێنێ دەروازەیەکی بەرین بۆ ئەکتەرەکان دەکاتەوە، تا لە واقیعەوە لە ڕاستیەکان و فەلسەفەی مرۆڤ بگەن. پیتەر بروک هەمیشە بەم دیدە کاریکردووە. هەر لە نمایشتە ئەزمونگەریەکانیەوە کە لەشەستەکاندا بووە تەوژمێکی گرنگی شانۆی جیهانی، پانتاییە بەتاڵەکەی لە شانۆی «Bouffer du Nord» لە پاریس و تا ئەم فۆرمە ساکارەی پرۆژەکانی ئێستای.

پیتەر بروک هەمیشە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە: [ئەوەی پێویستە تەنها شانۆیەک، تێکستێک و چەند ئەکتەرێکە]. پانتایی نمایشتی «کۆستیم» داڕشتەیەکی زۆر ساکارە، ژوورێکی بێ دیوار و بەڕەیەکی جوانی ئەفەریقی، جێگایەکی نووستن لە ناوەڕاستدا و مێزێکی پچوک و یەک دوو کەسی و چوارچێوەی پەنجەرەیەکی بێ شووشە.

تەکنیکی گێڕانەوە سیمای ڕاستەوخۆی نمایشتەکەیە، کاراکتەرەکان لەسەر چەندین ئاست ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، لەهەمانکاتدا بەرجەستەی گێڕانەوەکان دەکەن، جوڵەو چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ڕووداوەکان شێوازێکی قوڵی زمانی دەربڕین ئاسای جەستەیە، نەک هونەری پانتۆمایم. پانتۆمایم دەبێتە تەنها خاڵێکی لاوەکی لەو فۆرم و پرۆسە جیاوازەدا. ئەکتەرەکان هەموویان یەک لەدوای یەک و بەشێوەی جودا دەبنە حیکایەتخوان. ئەکتەرەکان لەنێوان ڕۆڵەکانیان و کاراکتەری حیکایەتخواندا گەمەدەکەن. ریتمی مۆسیقای جاز، گۆرانی ئەفەریقی و زمانی جەستەئامێزی ئەکتەرەکان، فۆرم و شێوازێکی پڕ لەسەما و ریتوال دەبەخشێتە نمایشتەکە. نمایشتەکە فەزایەکی شیعر ئامێز لەخۆدەگرێت و وێنەکان دەبنە گۆرانییەکی غەمگین، گوناهەکەش وەک هێزێکی تراژیدی، دووی ئەو دوو پاڵەوانە تراژیدییە دەکەوێت.

پیتەر بروک وەک هونەرمەنێکی گەورە، لە چاوتروکاندنێکدا حاڵەتەکان دەکاتە هەناسەدانی ئەو ڕووداوە دژوارە، لێرەوە گومان، سزا و خەونەکان دەبنە یەکەیەکی تێکشکاوی بەرجەستەکراوی وێنە گشتییەکە. گومانی تێدانییە ئەکتەرەکان لەڕێگای هەوڵدانی بەردەوام و هاریکاریکردن و هونەری نواندنی ڕاگوزارییەوە گەیشتوونەتە گەلێ ئەنجامی گرنگ. پیتەر بروکیش وەک بەرپرسیاری یەکەمی ئەم کارە، ئەو بارودۆخە ریتوالیە گرنگەی بۆ خولقاندوون تا ببنە ئەکتەرانێک کە پڕبن لە وزەی داهێنان. ئەکتەر لەو بونیادەدا تەنها یەک توخمە، بەڵام توخمێکی گرنگ. ئەفسونی ئەو ریتواڵە ساکارە لە یەکێک لە دیمەنەکاندا دەگاتە ئاستێکی بەرز. پێلمۆن و ماتیلدا ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ هاوڕێکانیان دەسازێنن؛ ئەو دیمەنەش دەبێتە گەمەیەکی پڕ لە خەندەبارین، ئەکتەرەکان هەر خۆیان ڕۆڵی چەندین کارەکتەری تر دەبینن، بەڕیز یەک لەدوای یەک، دێنە ژوورەوەو لەلایەن پێلمۆن و ماتیلداوە پێشوازی دەکرێن. ئیدی لەپڕ ئەو پانتاییە دیاریکراوە دەبێتە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە خەڵک.

نمایشتەکە فۆرمێکی نزیک و هاودەم لەخۆدەگرێت، لەو فۆرمەدا بەئاسانی گەمەی ئەکتەرەکان و بینەران پێکەوە گرێدەدرێت. بینەران لە دڵەوە هەست بەئازاری ئەو تراژیدیایە دەکەن کە ماتیلدای تیادا دەژی. ئەمەش یەکێکە لە خاڵەگرنگەکانی ئەم بەرهەمە. ئێستاتیکای ساکار لەو پێودانگە درامیەدا دەبێتە فەلسەفەو فۆرمێکی کاریگەر بۆ ئەم قۆناغەی پرۆژەکانی پیتەر بروک.

## چەردەیەکی کورت لە ژیانی پیتەر بروک

پیتەر بروک یەکێکە لە شانۆکارە بلیمەت و هاڵکەوتووەکانی ئەم سەدەیە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئینگلیستان لە خێزانێکی بەنەژاد ڕووس لەدایکبووە. لە بواری شانۆو ئۆپێراو سینەمادا کاردەکات. وەک ڕیژیسور لە شانۆکانی لەندەن و پاریس و نیۆرک کاریکردووە.

پیتەر بروک لە کۆلیژی «Magdalen» لە ئۆکسفۆرد خوێندویەتی. هەروەها ئەم هونەرمەندە دادەنرێت بە بچوکترین قوتابی لەو کۆلیژەدا کە بڕوانامەی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا وەرگرتبێت.

پیتەر بروک هەر لەم کۆلیژەدا یەکەم تەقەلای شانۆیی خۆی بە شانۆنامەی «دکتۆر ڤاوست»ی نووسەری ئینگلیزی کریستۆڤەر مارلۆ دەستپێدەکات. هەر لەم ساڵەدا، واتا لە ساڵی ١٩٤٤دا یەکەم تەقەلای سینەمایی بە فلمی «Journey» دەستپێدەکات. پیتەر بروک سیناریۆی ئەو فلمەی لە گەشتنامەیەکی لۆرانس سێترنێس «Laurence Sternes»ی «١٧٠٠»ەکانەوە وەرگرتووە.

پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٤٨دا دەبێتە بەرپرسیاری ئۆپێرای «Royal Opera covent» بەڵام تەنها دوای دوو ساڵ لەو دەزگا هونەرییە گرنگە دەست دەکێشێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٢ تا ساڵی ١٩٧١ دەبێتە یەکێک لە ڕیژیسورەکانی شانۆی شاهانەی شەکەسپیر لە ستراتفۆرد«١٨» «Royal Shakespeare Theater». لە ئینگلستان لە ڕوانگەی خوڵقاندن و خوێندنەوە جیاواز جیاوازەکانیەوە بۆ شاکارەکانی شەکسپیر ناوبانگ دەردەکات. پیتەر بروک بۆ خوێندنەوەکانی شەکسپیر دەکەوێتە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری پۆلۆنی «یان کۆت»ەوە. بەڵام لەهەمانکاتدا سترکتوری شانۆییەکانی «سمۆیل بیکت»یش ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بەرجەستەکردنی دیدێکی مرۆڤایەتی و خولقاندنی تەکنیکێکی جیاواز لە پرۆژە و ئەزموونە شەکسپیریەکانیدا. شانۆی شاهانەی شەکسپیر هەموو خەون و خولیا هونەریەکانی پیتەر بروک ناهێنێتەدی. لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٧٣ وە واز لەو دەزگا تەقلیدییە مەزنەی شانۆی ئینگلیزی دەهێنێت و دەچێتە پاریس و لەوێ بە تەواوەتی جێگیردەبێت.

پیتەر بروک تەنها نابێتە ڕیژیسوری شانۆنامەکانی شەکسپیر، بەڵکو کۆمەڵێ پیەسی نوێ و نووسەرانی «١٩٠٠»کان و شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەهێنێتە بەرهەم: ئاندریا ڕۆسین، ژان پۆل سارتر، پیتەر ڤایس، فردیش دۆریمان، ژان ئانوێ، ئارتۆر میلەر، هنریک ئەپسن، ئەنتوان چیخەف، برناردشۆ و کرستۆڤر فرای هەندێکن لەو نووسەرانە. پیتەر بروک کاتێکی زۆر لە فەرەنسا تەرخاندەکات بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکتەر لە هونەری شانۆدا، لەهەمانکاتدا گرنگییەکی زۆریش دەدات بە لێکۆڵینەوەو بەرجەستەکردنی داستان و میتۆلۆژیا گرنگ و گەورەکانی ڕۆژهەڵات. یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی تری پیتەر بروک نمایشتکردنی هەندێ لەو پیەسانەی شکسپیربووە کە لەوەوبەر بەهاو گرنگیەکی ئەوتۆی لەبواری شانۆدا نەبووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو پیەسانە بەتەواوەتی لە فەرهەنگی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا لەبیرچووبوونەوە، بۆ نمونە شانۆنامەی «تیتوس ئەندرۆنیکۆس«١٩»». ئەم شانۆنامە فەرامۆشکراوەی شەکسپیر لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندە گەورەیە دەبێتە نمایشتێکی سەرسوڕهێنەرو گەورە. پیەسەکەش لە دووتوێی ئەو نمایشتەوە دەبێتە یەکێک لە شاکارە ناسراوەکانی شەکسپیر لەهەموو ئەوروپاو جیهاندا. پیتەر بروک ساڵی ١٩٦٢ سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر دنیای شەکسپیرو شانۆنامەی شالیر نمایشت دەکات. هەروەها ساڵانی شەستەکان دەبێتە قۆناغێکی گرنگ و کاری هزریی پرۆژەکانی پیتەر بروک. هەر لەم قۆناغەدا دید و بیرۆکەی پانتاییەکی بەتاڵی لەلا دروستدەبێت. پانتاییەکی بەتاڵ دەبێتە یەکەم کتێبی «The Empty Space». ئەم کتێبە گرنگە لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاودەبێتەوە. پیتەر بروک لەم کتێبەدا ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرنگ دەکات، وە پێناسەی شانۆ بەوەدەکات: لەو پانتاییە بەتاڵەدا ئەکتەر ڕووبەڕووی خۆی و ئەکتەرەکانی تر و بینەران دەبێتەوە. پیتەر بروک ساڵی ١٩٦٤ یەکەم گرۆی ئەزمونگەری بەناوی «شانۆی توندوتیژی» بۆ شانۆی پادشایی شەکسپیر دادەمەزرێنێت. لەگەڵ ئەم گرۆیە یەکەم هەوڵدانە ئەزمونگەریەکانی سەبارەت جوڵەی جەستە، ئاماژەو دەنگ دەستپێدەکات. ئەو پرۆژەیە لەساڵی ١٩٦٨دا ڕێگەخۆشدەکات بۆ کردنەوەی لابورێکی نێونەتەوەیەتی «Intrenationall Workshop» لە پاریس، ئەو لابووە لە دوایدا دەبێتە هۆی دامەزراندنی ناوەندێکی نێونەتەوەیی گرنگی شانۆیی لە پاریس. هەروەها ئەو ناوەندە دەبێتە ویستگەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی شانۆیی و هونەری نواندن، کۆمەڵێ ئەکتەرو گۆرانیبێژیش لە هەموو سوچێکی ئەم دنیایەوە لەخۆی کۆدەکاتەوە. ساڵی ١٩٧٠ پیتەر بروک بەیەکجاری دەگوێزێتەوە بۆ پاریس. ساڵی ١٩٧٩ لە نووسینی «Ted Hughes» نمایشتی «ئۆگاست» پێشکەشدەکات. «Ted Hughes» بەهاوکاری پیتەر بروک لەو

پرۆژەیەدا کۆمەڵێ تێکستی زۆر کۆن بەهۆی زمانێکی تازە داهێنراوی خۆیانەوە پیەسێکی نوێ دەخولقێنن. جێگای باسە کە کتێبی «ئاڤێستا»ی زەردەشت یەکێک بووە لە چاوگە گرنگەکانی ئەو پرۆژە تایبەتییە. ئۆگاست بۆ یەکەمجار لە ڤیستیڤاڵێکی شانۆیی نێونەتەوەیدا لە ئێران نمایشت دەکرێت.

پیتەر بروک لەگەڵ گروپەکەیدا گەشتێکی هونەری بەناو کۆمەڵێ شاری وڵاتە ئەفەریقیەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەکات، تا لەو «ئەگەرانە» بکۆڵێتەوە کە لەئاستی پەیوەندیکردندا دوورە لە شێوە گوزەران و شێوازی بیرکردنەوەو چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاواوە. ساڵی ١٩٧٤ پیتەر بروک ناوەندێکی شانۆیی بۆ داهێنان «CI CT» لە شانۆیەکی کۆنی بەجێهێڵراودا دادەمەزرێنێت. پیتەر بروک لەم شانۆیەدا، یەک لەدوای یەک، نمایشتە گرنگەکانی پێشکەش دەکات. هەر بۆ نمونە باخی گێلاس، تراژیدیای کارمن، مەهاباهاراتا و هاملێت و چەندەهای تر. ئەو نمایشتانەی لەو شانۆیەدا نمایشتکراون بەفەرەنسی، یاخود بە ئینگلیزی بووە و دواتریش لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا پێشکەشکراونەتەوە. پیتەر بروک لە بواری سینەمادا، زیاتر فلمەکانی لە شاکارە ئەدەبییە گەورەکانەوە ئامادەکردووە، لەوانە میری مێشەکان لە نووسینی ویلیام گۆڵدین، شالیری شەکسپیر، مارا – سادی پێتەر ڤایس، ئۆپێرای کارمنی بیزێت و داستانی ماهاباهاراتا. شێوازی فلمەکانیشی زیاتر نزیکە لە شێوازی تەوژمە نوێکانی سینەمای فەرەنسییەوە. پیتەر بروک جگە لە کتێبی پانتایی بەتاڵ هەندێ کتێبی تریشی نووسیوە، لەوانە «The Shifting point, The Devil is Boredom»، پیتەر بروک لەم کتێبانەیدا بەشێوازێکی تیۆری و پراکتیک، دیدو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە شانۆو هونەری شانۆ دەخاتەڕوو. هەروەها ئەزموونی چەند ساڵەی خۆی دەخاتە ژێر تیشکی سەرنج و ڕاڤەکردنەوە. پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٩٨ ئۆپێرای دۆن گیڤانی «مۆزارت» بۆ ڤیستیڤاڵی ئۆپێرا لە «Aix-en_provence»«٢٠» پێشکەشدەکات. هەمان ساڵ ئۆپێرای دۆن گیڤانی لە ڕوانگەی گەشتێکی هونەرییەوە لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکاتەوە.

## پەراوێزەکان

١– کۆستیم بەمانای «جلوبەرگ» دێت «Le costume» بە فەرەنسی و «Kostymen» بە سویدی. من ووشەی «کۆستیم»م وەک زاراوەیەک بەشیاوتر زانی لە ووشەی جلوبەرگ.

٢– ئۆپێرا جۆرێکە لە گۆرانی شانۆیی و بەیارمەتی ئۆکسترایەکی گەورە پێشکەش دەکرێت. ئەم هونەرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەو سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا لە فلۆرنسای ئیتالیا، وەک تەقەلایەک بۆ بوژاندنەوەی درامای گریکی سەریهەڵداوە. لە دەوروبەری ١٧٠٠ کاندا ئۆپێراو گۆرانی ئۆپێرالی زیاتر شێوازە کلاسیکیەکەی لەخۆدەگرێت. دوای ئەوە ئۆپێرا لە فەرەنسا و ئەڵمانیا پەرە دەسێنێت. ئۆپێرا و بابەتە ئۆپێرالیەکان هەر لە سەرەتاوە سیمایەکی تراژیدی هەبووە. لەو ئەتمۆسفارە تراژیدیەدا ئۆپێراکان پێشکەشکراون، بەڵام لە فەرەنسا جۆرە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دروستدەبێت، دواجار بە بێوفە «Buffa» ناسرا. ئۆپێرای کۆمیدی لە دەروازەی «Opéra-Comique» سەری هەڵداوە. مۆزارت ئەو ئۆپێرا کۆمیدیە بەرەوپێشەوە دەبات و لە ئاستێکی بەرزدا فۆرم و بنەما سەرەکیەکانی دیاری دەکات. لە ساڵانی ١٨٠٠ کان بەدواوە ئۆپێرای ڕۆمانسی و مێژوویی لە شێوازێکی گەورەو فراواندا وەدەردەکەوێت. دواتر ئۆپێرا لەسەر دەستی ریتشارد ڤاگنەردا «١٨١٣–١٨٨٣» گەلێک گۆڕانکاری گرنگی بەسەردا دێت، لەوانە مەسەلەی بەهاو گرنگیەتی دراماو بەرجەستەکردنی هونەرێکی گشتگر. لەلای ڤاگنەر ئۆپێرا تەنها گۆرانی ئۆپێرالی نیە، بەڵکو هونەرێکی تێکەڵاو سەراپاگیرە. ڤاگنەر ئەو شێوازەی ناونا «هونەری ئایندە». هونەری ئایندەش وێنەیەکی چڕوتێکەڵاوی نمونەییە بۆ هونەر و هەموو توخمە شانۆییەکانی تیا کۆدەبێتەوە. هونەری ئۆپێرا لەلای ڤاگنەر زیاتر بووە درامای وشەو ئاواز. لەگەڵ هەموو ئەو گۆرانکاریە گرنگەکانەی بەسەر هونەری ئۆپێرادا هاتووە، بەڵام تا ئێستا شێوازە کلاسیکیەکەی خۆی هەر پاراستووە. لەو فۆرم و شێوازەدا «گۆرانی ئۆپێرالی» یەکێکە لە توخمە گرنگ و سەرەکیەکانی ئەو هونەرە، تێکڕای لاینەکانی تری بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئۆپێرالی لە

خزمەتی ئەو لایەنەدان، لەوانە «گۆرانی ئۆپێرالی». گەنجینەی مۆسیقاو فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی ئیجگار زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستووین. بەرهەمەکانی ڤاگنەر، شتراوس، پیسێت، ئەلبان باری، ستراڤێسکی و چایکۆفسکی سالآنە وەک نەریت و کولتوورێکی بەرزی کلاسیکی لەسەر هەموو شانۆ جیهانییەکان نمایش دەکرێن.
٣- دیارترین پڕۆژە ئۆپێرالیەکانی پیتەر بروک برتیە لە: بوریس کۆدۆنۆڤ «پۆشکین»، لابوهیمی «پۆژینی»، زەماوەندی فیگارۆ، دۆن ژیڤانی «مۆزارت»، سالومی {شتراوس}و تراژیدیای کارمن «گوێرگێ بیزێت.
٤- ئۆپێرای تراژیدیای {کارمن} یەکێکە لەو شاکارانەی هەزارەها جارو بە شێوازی جیاواز لە هەموو جیهاندا پێشکەشکراوە. ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستە بەرزەی ناوەڕۆکە درامییەکەی لەگەڵ ئەو مۆسیقا بەچێژەی کە لەیەکەیەکی هونەری سەرکەوتودا ئۆپێراکە پێکدەهێنێت. ئەم ئۆپێرایە کۆمپۆسیتۆری فەرەنسی گێرگێ بیزێت «Georges Bizet» نووسیویەتی. بەڵام گوێرگێ بیزێت خۆی لە ژیانیدا ئەو سەرکوتنە هەتاهەتاییەی ئۆپێراکەی نابینێ. بیزێت تەنها دوای سێ مانگ بەسەر یەکەم پێشکەشکردنی کارمندا لە پاریس و ساڵی ١٨٧٥ داو لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.
٥- پیتەر بروک لە کتێبە گرنگەکەیدا «پانتایی بۆش» کە لەساڵی ١٩٦٠ دا بڵاویکردۆتەوە، شانۆ دابەشدەکات بەسەر چوار جۆری جیاوازدا: مردوو، پیرۆز، زبرو ڕاستەوخۆ.
٦- پیەسە شانۆییەکە بۆ پیتەر بروک سەرەتاو کۆتایی هەموو پڕۆژەکانە. پیەسەکە نەبێت پڕۆسەکەش لەدایکنابێت. هەر پیەسەکەیە دەبێتە هۆی تەقینەوەی هزرو خولقاندنی دیدەکان. ڕەخنەگرە شانۆییەکان دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە نمایشتی «تیتیۆس ئەندرۆنیکۆس» لەپیەسەکەی شەکسپیر بەرزو سەرکوتووترە. بەڵام بروک بەم شێوەیە وەڵامی ئەو ڕەخنەگرانە دەداتەوە: دەتوانی شانۆنامەیەکی پۆلیسیم بدەیتێ و پێم بڵێی: بیکەرە نمایشتێکی شانۆیی، هەر وەک «تیتیۆس ئەندرۆنیکۆس» خێرا وەڵامت دەدەمەوە، نەخێر، ناتوانم.. لەبەر ئەوەی ئەو پیەسە لەناواخنیدا هیچ نهێنیەک ناشارێتەوە تا بتوانم بیدۆزمەوەو بەوەش هزرو بیرم بجوڵێنێ.
٧- ئەم مەسەلەیە «بەهاو گرنگیەتی ڕۆڵی بینەران» لەلای هەندێ لە هونەرمەندەکانی شانۆ، تێڕوانینێکی تری لەخۆگرتووە. بۆ نمونە ئەو پرۆسێسە لەلای گرۆتۆفسکی بەم شێوەیە کەوتۆتەوە: ئەکتەرو هونەری نواندن، نەک «بینەران» هاوکێشەیەکی فەلسەفی و گەلێ بەبەهاو گرنگی بواری لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ و چڕبووە. هاوکێشەی دیدی شانۆو هەڵکۆڵینی فەلسەفەی ئێستاتیکاو دارشتەی نمایشت لەلای ئەم دوو هونەرمەندە ، دوو ئاراستەی جیاوازی لەخۆگرتووە. پشکنین و گەڕانی فەلسەفەی گرۆتۆفسکی لەسەر کاری ڕێژیسور و ئەکتەر بنیاتنراوە. بەڵام لەلای پیتەر بروک ئاڕاستەکە فراوانترەو تەنها کاری ریژیسورو ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو لەو هاوکێشەیەدا «بینەرانیش» لایەنێکی گرنگی ئەو پڕۆسێسەیە.
٨- مەسەلەی «زمان» و بەکارهێنانی ووشە مەسەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتی هەموو تەوژمە ئەزموونگەریەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە. مامەڵەکردن لەتەک زمان شێوازێکی ناتەباو جیاوازی لەخۆگرت. نەک هەر هێندە بەڵکو مەسەلەی بەکارهێنانی زمان بووە سترکتورو بنەمایەکی گرنگی دیدی ریژی و ئێستاتیکای هونەری شانۆ. ئارتۆ «شانۆی توندووتیژ» یەکێکە لەو تیۆریستە گرنگانەی تەوژمێکی ئەفسونی کە «زمان و ووشە» بەهای خۆی نامێنێت. بەڵکو لەبری ئەوە ئەفسون، ریتوال، شیعرییەتی ڕووداو، دەسەڵات و پانتاییەکانی داڕشتە هونەریەکە دەگرێتەوە. بێگومان پیتەر بروک لەم بوارەدا هەنگاوی گرنگی ناوە، بەڵام پیتەر بروک ڕایوایە کە گرۆتۆڤسکی گەورەترین قۆناغی لە بواری زمان، بەکارهێنانی ووشە، ئامادەکردنی پیەس و پانتایی شانۆدا هێناوەتە ئاراوە. لە شانۆ هەژارەکەی گرۆتۆڤسکیدا هەموو شتێک دەچێتە پەراوێزەوە، شانۆی هەژار شانۆی جەستەیە، جەستە دەبێتە زمانی دەربڕین و پیشاندانی دنیابینیەکەی. ئەم شانۆیە بۆ سالآنێکی دوورو درێژ لەو دیدە میتافیزیکیە ڕووت، چڕ وقوڵە بێ سنوورەیدا، دەوڵەمەندترین تەوژمەکانی شانۆ بوو لەهەموو جیهاندا.
٩- جێگای داخە پیتەر بروک مامەڵە لەگەڵ ئاڤێستا دەکات وەک کولتوورێکی بەرزو دێرینی فارسی و ناوی کورد نابات. زۆربەی سەرچاوەو لێکۆڵەرەوە ڕۆژئاواییەکانیش دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە «ئاڤێستا» کولتوورێکی دێرینی فارسەکانە. هەندێ سەرچاوەی سوێدی نەک بە فارس بەڵکو بە «ئەفغانی» ئاماژەی بۆ دەکات.
١٠- فریدالدین ابو حامد محمد کوڕی ابو بکر ابراهیم عطار نیشاپوری، دەگوترێ لەنێوان سالآنی ٥٣٧ تا ٥٤٠ ی کۆچیدا لەدایکبووە. کۆمەڵێ بەرهەمی نایابی نووسیوە کە یەکێکیان «لۆژیکی باڵدار»ە. هەموو بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە سەر بە دنیای تەسەوفن.
١١- کورتەی زمانی باڵندەکان بریتیە لە: [کۆمەڵە مەلێک ڕێکدەکەون کە بەڕێبەرایەتی پەپولە سلێمانکە (هود هود) دەکەونەڕێ بۆ گەیشتن بە سیمرخ لە لوتکەی کێوی قاف. لەڕێگا بەشێکی زۆری مەلەکان، هەریەکە بە بیانوویەک خۆیان دەدزنەوەو واز لەسەفەر دەهێنن، چونکە بەرگەی سەختی و ناڕەحەتی ڕێگا ناگرن. لەم

سەفەرەدا حەوت دۆڵی گەورە و ترسناک دەبڕن و لە دوایدا تەنیا سی مەلیان دەمێننەوە و دەگەنە مەبەستی خۆیان. کە دەگەنە خزمەتی سیمرخ، خۆیان لەوداده‌بیننەوە و تێدەگەن کە سیمرخ سی مەلە «سی مرغ»ـە. نیشانەکان زۆر ئاشکران: مەلەکان «سالکان» واتا ڕێبوارانی ڕێگای حەقیقەتن. پەپوولەسلێمانی پیر «شێخ»و ڕێبەرە، ڕێگاکەو حەوت دۆڵەکە، ڕێگای سەختی پاکبوونەوەی ڕۆحەو حەوت مەقامی سۆفیەکانە، سیمرخ زاتی پیرۆزی خودایە. خۆبینینیش لە زاتی سیمرغدا، یەکێتی وجودە کە مەقامی تواندنەوەی مرۆڤی سۆفییە لە جوانی و تاقانەیی خودادا. «سەرچاوە؛ نامەیەکی تایبەتی کاک فەرهاد شاکەلییە بۆ نووسەری ئەم باسە».

١٢- مەها لە زمانی سانسکریتیدا مانای «گەورە» یاخود «تەواوەتی» دەگەیەنێت. ماهارایاها بەمانای پادشایەکی گەورە دێت. بەهاراتەش زیاتر بەرجەستەی ناوێکی ئەفسانەییە. دواتر ئەو ناوە بەخشراوە بە یەکێک لەو هۆزانە. دەکرێت ئەو ناونیشانە بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە، مێژووی «بەهاراتای گەورەو مەزن» یاخود «مێژووی گەورەو مەزنی مرۆڤایەتی». چونکە بەهاراتا لە هەندێ خوێندنەوەی تردا مانای «هیندۆ/ نەژادیش» دەگەیەنێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەمکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبەخشێت.

١٣- شانۆی ئەورووپی لە شەستەکاندا لە ژێر کاریگەری و ڕوانگەی «ئەنتۆنین ئارتۆ» و «برتولد برێشت»ەوە بنیاتنراوە. لەسەر ئاستێکی گەورەو بەربڵاو هەموو گروپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئەورووپادا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئەو دوو شانۆکارە داهێنەرو مەزنەوە.

١٤- پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٥دا، وەک بەرەنجامێکی «تاقیگە ئارتۆییەکەی»، بۆ شانۆی شایانەی شەکسپیر، شانۆیی «مارا - ساد»ی پیتەر ڤایس لەسەر شانۆی «ئالدویک» لە لەندەن پێشکەش دەکات. پیتەر بروک میوانداری گرۆتۆڤسکی دەکات. گرۆتۆڤسکی بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە لەندەن و بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەکتەرەکانی شانۆییەکە دەخاتە ژێر مەشقێکی گرانی جەستەییەوە.

ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوەکانی شانۆ دواتر ئاماژە بەوەدەکەن کە شێوازو فۆرمی نمایشتی مارا - ساد زیاتر چەمکی شانۆی برێشت لەخۆدەگرێت نەک ئارتۆ، ئەمە جگە لە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی پیراندیلۆ. بەڵام پیتەر ڤایس خۆی ئاماژەی بەوەکردووە کە ویستویەتی هێزی دژو جیاوازی برێشت و ئارتۆ لە شانۆکەیدا کۆبکاتەوە.

١٥- بیرۆکەی «پانتایی بۆش» کە بروک بانگەشەی بۆ دەکرد بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی بابەت و فەلسەفەی شێوە «فۆرم» و بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی هەموو شێوازو بیرۆکەیەک لە پێناوی بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی نمایشتێکی شانۆیی. بروک لەم لێکۆڵینەوە قوڵەی شێوەدا دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە یەکێک لە مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەو شانۆ، یان پانتاییە بۆشە ئەوەیە هەموو ئەو شتانەی هیچ پێویستیەک، یان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی نییە لە بەکارهێنان و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک و بابەتە شانۆییەکەدا دەبێت وەلاوەنرێت. نەک هەر ئەوە بەڵکو تا ئاستێکی بەرز شانۆکە پاکبکرێتەوە لە هەموو جۆرە کەلوپەلێکی ناپێویست. هەر لەم ڕوانگەیەوە بروک لە شەستەکاندا ووتی: [هەر پانتاییەکی بۆشم بدەیتێ، من شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێ دروستدەکەم].

١٦- کان سێمبا لە پەنجاکانی ڕۆژگاری شاری سۆپیەتۆندا ژیاوە، بەرلەوەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفریقا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو کۆمەڵگا فرە کولتوورییانەی ناوچەکانی دەوروبەری شاری «یوهانێسبێری» پایتەخت تێکوپێک بدات. ئەم نووسەرە بەشێوەو شێوازێکی پڕ لە ژان و هەڵوێستەی چاوەڕوانەکراو لە «Requiem över Sophiatown»دا دەبێتە شاهیدی ڕووداوەکانی خوارووی ئەفەریقا. کان سیمبا سەر بە کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووسی ڕەش پێستەکان بووە کە زۆر بە پەرواوە لە گۆڤاری «Drum» دا نووسیویانە. لە نووسین و نۆڤێلەکانیدا هەوڵیداوە بە شێوەیەکی ڕەنگین باس لەگێژاو، لەرزو دەنگدانەوە، توندوتیژی و ژیانە پڕ لە ئازارەکەی شاری سۆپیەتۆنی بکات.

هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ڕژێمی خوارووی ئەفەریقا نووسینەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو توندوتیژ خستۆتە ژێر سانسۆرەوە. لە ئەنجامدا ناچاردەبێت خوارووی ئەفەریقا بەجێبهێڵێت و ڕووبکاتە مەنفاو لە وڵاتی سویسرا وەک پەناهەندەیەک بگیرسێتەوە. لەوێ زۆر بە هێمنی و بەشێوەیەکی بەردەوامی و خۆکوژانە ڕوودەکاتە خواردنەوەی مەی. تا لەئەنجامدا لە ساڵی ١٩٦٧دا بەتەنهایی و هەژاری سەردەنێتەوە. دواتر هەردوو هاوڕێ و شوێنپێهەڵگرەکانی «Ingrid Jonker, Nat Nakasa» کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. ئەمانیش وەک هەزارەها ڕەشپێستی تری ئەم وڵاتە ژیانیان لەژێر زەبری ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقادا تێکشکابوو. دوا ڕێگاو چارەسەر بۆ ئەوان تەنها ئەوەدەبێت کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن و خۆکوژی بکەن.

١٧- بارنی سیمۆن یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شانۆی «The Market Theatre» لە یوهانسباری پایتەختی خوارووی ئەفەریقا. بارنی سیمون ڕیژیسورو ڕۆژنامەنووس و نووسەر بووە، لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ «Athol

Fugard» بۆ شانۆی «Dorkey House Rehearsal Room» دەکەوێتە کار. لەو شانۆیەدا لابورێکی شانۆیی بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەبات بەڕێوە. هەروەها لەو ماوەیەدا چەندین پڕۆژەی گرنگ بۆ شانۆ پێشکەش دەکات. لە ساڵی ١٩٦٨ وە تا ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێ شانۆنامە لە نیۆرک و بوستۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەش دەکات. هەروەها کۆمەڵێ وتاری گرنگ لە ڕۆژنامەی «New American Review» بڵاودەکاتەوە. لە کاتی ڕاپەڕینەکانی سۆپیەتۆندا، بۆ شانۆی «Market Theatre» کۆمەڵێ شانۆنامەی گرنگ نمایشت دەکات، لەوانە کوشتنی مارا، ڕۆژە بەختیارەکان، ڤۆیسێک، ئۆدیپۆس، شەش کاراکتەر بەدوای نووسەرێکدا وێڵن، دایکە ئازاو منداڵەکانی، مێدیا، ئەنتیگۆنا و گەشتێک بەرەو کۆتاییەکانی شەو دەیەها نمایشتی تر. هەروەها بارنی سیمۆن بەشداری لە هەندێ مۆسیک درامادا کردووە کە لە شانۆی نەتەوایەتی لەندەن پێشکەشکراوە. ئەمە جگە لەوەی چەندین تێکستی بۆ کۆمپۆسیتۆرەکان بەرهەمهێناوە. ئەم هونەرمەندە چەند سیناریۆیەکیشی بۆ سینەما نووسیوەو کاری لە بەرهەمهێنانی فلم و سینەماشدا کردووە. یەکێک لەو فلمانەی کە بۆ سینەما کاری ریژی و بەرهەمهێنانی لەئەستۆ بووە فلمی «City Lovers» کە لە فلم ڤیستیڤاڵی نیورکدا بەشداریکردووە. بارنی سیمۆن لە ٣٠ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٥دا کۆچی دوایی کردووە.

١٨- شانۆی شاهانەی شەکسپیر گرۆیەکی شانۆیی نەتەوایەتی ئینگلیزیەو لەساڵی ١٩٦١دا دامەزراوە. ئەم دەزگا گرنگە شانۆکانی لە ستراتفۆرد و شاری لەندەندایە. هەروەها جگە لە شاکارەکانی شەکسپیر، شانۆنامەی نووسەرانی تریش پێشکەش دەکات.

١٩- شانۆنامەی تیتۆس ئەندرینیکۆس لە ساڵی ١٩٥٥دا تەنها سەرکەوتنێکی هونەری نابێت بۆ پیتەر بروک، وەک ڕێژیسور، بەڵکو ئەو نمایشتە بۆ ئەکتەری بەناوبانگ لۆرانس ئۆلیڤەریش دەبێتە قۆناغێکی گرنگ و سەرەتایەکی پتەوی کاراکتەرەکانی شەکسپیر لە ڕەوتە هونەریەکەیدا.

٢٠- «LAcadémie européenne de musigue» ئەکادیمیایەکی نوێیەو بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی ڤیستیڤاڵی ئۆپێرای «Aix-en-provence»یە لە فەرەنسا. یان بەواتایەکی تر وەک ڕەخنەگرەکان ناویان لێناوە بۆتە ڕۆحی ڤیستیڤاڵەکە. ڤیستیڤاڵەکەش جیهانییەو سالانە سازدەکرێت. هونەرمەندو بەرپرسیارانی ئەو چالاکیە هونەریە گەرەکیانە ڤیستیڤاڵەکە لە ڕوانگەی ئەو ئەکادیمیا نوێیەوە زیاتر بەرەو پێشەوە بەرن. ئەمە جگە لەوەی مەبەستیانە هەنگاوی ڕاستەوخۆی ئەزمونگەریانە لە جیهانی ئۆپێرادا بنێن. دامەزراندنی ئەو ئەکادیمیە نوێیەش تەنها بۆ زیاتر بە گوڕخستن و فراوانکردنی مەودای ڤیستیڤاڵەکەیە.

لەساڵی ١٩٨٥دا لەبەر فراوانبوونی سنووری ڤیستیڤاڵەکە، دامودەزگا هونەریە فەرەنسیەکان بەهاوکاری هونەرمەندی سینۆگراف و خانوبەرە دروستکردن «Bernard Guillaumot» شانۆو هۆڵی بینەرانیان زیاتر فراوان کردووە. ئەمە جگە لەوەی بە شێوازێکی نوێی ئەندازە کە لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەدەیەدا بگونجێت، کۆشکی ئەم خانووبەرە دێرینە مەزنەیان ڕازاندۆتەوە.

**تێبینی:**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێکە لە پڕۆژەی ئەو کتێبەی کە بەناونیشانی (پیتەر بروک و شانۆی هاوچەرخی جیهانی) نووسیومە. بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانم بڵاویبکەمەوە.**

# تراژیدیای میشێل فۆکۆ لە کتێبی «دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا»

مەریوان وریا قانیع

## سەرەتا

کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار (دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا)*، کتێبێکە هەڵدەگرێت زۆری لەسەر بگوترێت. نە لەبەرئەوەی ئەم کتێبە هەڵگری بەهایەکی ڕەخنەیی و مەنهەجی و فەلسەفی گرنگە و نە لەبەرئەوەش ئەم کتێبە هەڵگری دنیابینی و دیدێکی تازە یان تایبەتە بەرامبەر بە بەشێک لەو کێشە گرنگانەی کۆمەڵگای ئێمە چ لە ئێستایدا و چ لە مێژووی نوێ و دێرینیدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بەپێچەوانەوە قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە، گرنگە، لەبەرئەوەی ئەم کتێبە لێوانلێوە لە هەڵەی فیکری و فەلسەفی و مەنهەجی و تا ئەو شوێنەش من ئاگاداربم لە مێژووی نووسینی کوردیدا کتێبێک نادۆزینەوە ئەوەندەی ئەم کتێبەی کاک مەلا بەختیار لە سنووری سوکایەتیکردن بە فیکر و بە مەنهەجیەت و بە خوێنەر نزیکبووبێتەوە. لەم کتێبەدا فیکری زۆربەی هەرەزۆری ئەو فەیلەسوف و زانا و قوتابخانە فیکرییانەی ناویان هاتوە و قسەیان لەسەرکراوە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ شێوێنراون. لە بەشی هەرەزۆری ئەو بابەتانەدا کە کتێبەکەی کاک بەختیار ویستویەتی قسەیان لەسەر بکات لانیکەمی مەنهەجیەت و لانیکەمی ئەمانەتی زانستی و لانیکەمی بیرکردنەوە و تێفکرین ئامادەنییە. ئەم کتێبەی کاک بەختیار ڕستێکە لە هەڵەی گەورە و ناکۆکی و حوکمدانی دۆگمایی و سەرپێیی بەسەر دەیان تێز و تیورە و فەیلەسوف و قوتابخانەی فیکریدا. لەڕاستیدا من خۆم لە مێژووی نووسینی کوردیدا کەسێک شکنابەم بەر لە کاک مەلا بەختیار خاوەنی ئەو جورئەتە بێت کە بێ لانیکەمی شارەزایی پەلاماری دەیەها بابەتی فیکری و مەنهەجی و مێژوویی و فەلسەفیی ئاڵۆز بدات کە بۆ هەریەکێکیان ئاگادارییەکی تەواوی فیکری کۆن و هاوچەرخ و خوێندنەوەیەکی وردی چەندەها کایەی مەعریفی و ئەزموونێکی درێژی کاری مەنهەجییانە پێویستە.

بەر لەوەی وەڵامی کۆمەڵێک لە هەڵەکانی کاک مەلا بەختیار بدەمەوە، وای بەپێویست دەزانم مەبەستم لەنووسینی ئەم وەڵامە و لە ڕەخنەگرتن لەو هەموو شێواندنە گەورانەی ناو ئەم کتێبەی کاک مەلا بەختیار، ڕوونکەمەوە، نەبادا کەسانی دی مەبەستەکانم بشێوێنن و لێکدانەوەی هەڵەی بۆبکەن و کۆمەڵێک تۆمەت داتاشن کە دوور و نزیک پەیوەندییان بە مەبەستی ئەم نووسینەوە نییە. (لە ڕاستیدا ئەمرۆکە لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا تۆمەت داتاشین دەستڕەنگییەکە زۆران تێیدا شارەزان و بەشێکی گەورەی سەرمایەی ڕەمزیان لەسەر ئەم توانای داتاشینی تۆمەتە بەندە). مەبەستی هەرەسەرەکیم لە وەڵامدانەوەی ئەم کتێبەی کاک بەختیاردا بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ فیکر و نووسین و مەنهەجییەت و لەوانیشەوە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ خوێنەر. چونکە لەم کتێبەی کاک بەختیاردا دوو شت بێڕێز و بێنرخکراون، یەکەمیان فیکر و نووسین خۆیەتی، دووهەمیان خوێنەرە. نووسین قسەکردنی سەرپێیانە و دانی حوکمی نە سەلمێندراو و ڕیزکردنی ڕستێک هەڵە و شێواندنی فیکری بەشەری لە سەرەتای سەرەتاکانیەوە تا ئەمڕۆ نییە بەناوی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی خەڵکانی دی و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمانەوە. خوێنەریش گەر کەمەکێک لەلایەن نووسەرەوە ڕێزی لێبگیرێت زانیاری هەڵە و شێواندنی فیکر و بێبایەخکردنی مەنهەجی بەناوی نووسینی فیکری و فەلسەفییەوە پێنافرۆشرێت.

مەبەستێکی ترم لەم نووسینە ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکان و هەندێک لە شێواندنەکانی کتێبەکەی کاک مەلا بەختیارە، دەڵێم هەندێک چونکە زۆر زەحمەتە و کاتێکی لەڕادەبەدەر زۆری دەوێت کۆی هەڵەکانی کاک مەلا بەختیار ڕاستکەینەوە. جارێ کەم بابەت ماوە لە فیکری بەشەریدا کاک مەلا بەختیار لەو کتێبەیدا باسینەکردبێ، لە یۆنانی کۆنەوە بۆ ڕەخنەی کوردی و لە مێژووی فەلسەفەوە بۆ مێژووی ئیسلام و لە کاریگەری سانسکریتییەوە لەسەر زمانی کوردی بۆ هۆکارەکانی لەدایکبوونی فیکری پۆست مۆدێرن لە ڕۆژئاوا و لە قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەفلاتونەوە بۆ سەر گۆڤاری گەلاوێژ و پەیوەندی نێوان بونیادگەری و داگیرکەران و "جنێودانی" ڕێبینی ئەحمەد هەردی.

من لەم نووسینەدا تەنها لەیەک بەشی هەڵەکانی کاک بەختیار دەدوێم بەوهیوایەی لە ئایندەدا بە بەشێکی دیکەی ئەو هەڵانەدا بچمەوە و هێڵە گشتییەکانی بە خێنەری کورد نیشاندەم. لە هەموو بارێکیشدا مەبەستی ئەم کارەی من تاڕادەیەکی زۆر ئەوەیە خوێنەر ئەو هەڵانەی بەسەردا تێنەپەڕێت و لەو ڕاستییە تێبگات کە کاک مەلا بەختیار بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەنهەجی و فیکری بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی ئەو کتێبەی ڕەشکردۆتەوە. لە هەموو ئەو دۆخانەشدا بەهیچ جۆرێک خوازیاری ئەوە نیم هێرش ببەمە سەر کەسی کاک مەلا بەختیار وەک سیاسییەک. بەپێچەوانەوە کاک مەلا بەختیار یەکێکە لەو سیاسیانەی کورد کە من ڕۆژگارێکی درێژە دەیناسم و لەنزیکەوە دۆستایەتیم لەگەڵیدا هەبووە و خاوەنی خەباتێکی درێژە و لەم ڕووەوە شوێنی ڕێز و تەقدیرە. بەڵام ئەم کاک مەلا بەختیارە شتێکە و ئەو کاک مەلا بەختیارەی دیکە کە کەم ڕێباز و قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی ماوە نەیشێواندبێ و بەهەڵە و بەئارەزووی خۆی لێکینەدابێتەوە و زۆربەی مەرەجەکانی ئەمانەتی زانستیانەی ژێرپێخستوە، شتێکی دیکەیە. کاک مەلا بەختیارێک وەک خۆی دەڵێت، گەنجی بۆ شۆڕش و پێشمەرگایەتی تەرخانکردوە کەسێکە و بێگومان شایەنی ڕێز و تەقدیرە، جیایە لە کاک مەلا بەختیارێک بیەوێت لەیەککاتدا ڕۆڵی پرۆفیسۆرێکی فەلسەفە و پرۆفیسۆرێکی مێژوو و پرۆفیسۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی و پرۆفیسۆرێکی زانستی سیاسی و پرۆفیسۆرێکی فەلسەفەی هاوچەرخ و پرۆفیسۆرێکی فیکری پۆست مۆدێرنە و چەندان پرۆفیسۆری دیکەش، ببینێت. ئەو ئەرکانەی کاک مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا خستویەتییە سەرشانی خۆی پێویستی بە چەندان زانکۆی ڕۆژئاوایی و چەندان لێزان و چەندان ساڵی دوورودرێژی لێکۆڵینەوە و کارکردن هەیە بۆ جێبەجێکردنیان. هیچ کتێبێکیش نییە، نە بە کوردی و نە بەهیچ زمانێکی دیکە لە دنیادا، بە ئەندازەی ئەم کتێبەی کاک بەختیار لێوانلێوبێت لەو هەموو بابەتە دوور لەیەک و بێپەیوەندی و سەر بە قۆناغ و ڕۆژگاری مێژوویی جیاجیا.

بۆ ئەوەی کاک مەلا بەختیار و خوێنەریش لە مەبەستەکانم بەباشی تێبگەن من هەوڵدەدەم لەم نووسینەدا کاک "مەلا بەختیاری سیاسی" و کاک "مەلابەختیاری نووسەر" لەیەکدی جیابکەمەوە. بەرامبەر بە یەکەمیان جگە لە ڕێز شتێکی ئەوتۆ نییە باسیبکەم، بەڵام بەرامبەر بە دووهەمیان نەک شتم زۆر هەیە باسیکەم، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش دڵڕەق دەبم. هیوادارم هەم خوێنەر و هەم کاک مەلابەختیار لەوە دڵنیابن کە ئەم دڵڕەقییە هیچ پەیوەندییەکی بە مەبەست و ویستێکی کەسیەتی تایبەتەوە نییە، ئەوەندەی دڵڕەقییەکە لە گەڕاندنەوەی نرخ و ڕێز و حورمەتەوە بۆ نووسین سەرچاوەی گرتووە و لەو سەرەتا ئەخلاقیەوە دەستپێدەکات کە نابێت گەمە بە عەقڵ و خەیاڵ و تواناکانی خوێنەر بکرێت. لە ڕووی مەعریفییەوە کاک مەلا بەختیار زۆر نابەرپرسیارانە و بێ هەبوونی زانیاری پێویست دەستی بۆ چەندەها تیورە و مەنهەج و تێڕامانی فەلسەفی و زانستی بردوە و زۆر دڵڕەقانەش بەرامبەر بە گۆڤاری ڕەهەند و ڕەنج و کۆشش و هەوڵدانی نووسەرانی ئەم گۆڤارە حوکمی نەسەلمێندراو نامەسئول و بێدەربەستی داوە. لە تاوانبارکردنیانەوە بە گواستنەوەیەکی کوتومتی نووسینی ڕۆژئاواییەوە تا تاوانبارکردنیان بەوەی دژ بە نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی کوردی و حیزبە کوردستانییەکانن درێغی نەکردوە و چی بەخەیاڵدا هاتووە لەو .ڕستە تۆمەت و تاوانانەی چەندان

ساڵە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمەدا ئامادەن بۆ شکاندنی ئەم نووسەرانە بەکاریهێناوە. من لەم نووسینەدا لەسەر ئەم لایەنەیان نادوێم و هەڵیدەگرم بۆ هەلێکی دیکە.

ئەم نووسینەی ئێستامان تەرخانە بۆ لێدوان لەو چارەنووسە تراژیدییەی کاک مەلا بەختیار بە فیکر و مەنهەج و ژیان و فەلسەفەی میشیل فۆکۆی فەیلەسوفی فەرەنسی داوە. لەبەر دوو هۆ ش قسە لە چارەنووسی فۆکۆ لە کتێبەکەی کاک مەلا بەختیاردا دەکەم:

یەکەمیان: بە بەراوردکردنی بە فەیلەسوفەکانی دیکە کاک مەلا بەختیار زۆرترین لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ ئەم فەیلەسوفە تەرخانکردوە و واینیشانئەدات کە گرنگییەکی تایبەتی پێدابێت.

دووهەمیان: لەبەرئەوەی کاک مەلا بەختیار پێیوایە کە فیکری فۆکۆی خوێندۆتەوە و وەک خۆی دەڵێت " مشتومالّی کردوە" و کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردیشی بەوە تاوانبار کردوە گوایە فیکری ئەم فەیلەسوفەی شێواندوە. هەروەها کاک مەلا بەختیار، لە پەیوەندیدا بە فیکری ئەم فەیلەسوفەوە، لەیادی ناچێت چ کاک ڕێبین و چ من لەوە ئاگادارکاتەوە کە "مەسەلە فەلسەفییەکان ئاوا ناخوێندرێنەوە" وەک من و کاک ڕێبین خوێندومانەتەوە، بۆیە ئەو دەستدەبات و هەم کاک ڕێبین و هەم من و هەم خوێنەریش فێردەکات چۆن ئەم فەیلەسوفە بخوێنینەوە و هەڵە و شێواندنە گریمانکراوەکانی کاک ڕێبین و منیش بۆ ئەم فەیلەسوفە چاکدەکاتەوە.

### فۆکۆ کێییە؟

سەرەتاییترین پرسیارێک لێییەوە دەستپێبکەین ئەوەیە داخۆ کاک مەلا بەختیار میشیل فۆکۆی چۆن بە خوێنەری کورد ناساندوە و بە چ شێوەیەک بیرو بۆچوون و مەنهەجییەتی ئەم فەیلەسوفەی "مشتو ماڵ" کردوە؟
با لێگەڕێین کتێبەکە خۆی بدوێت:
کاک مەلا بەختیار لەلاپەڕە ٣٧٣ ی کتێبەکەیدا دەربارەی میشێل فۆکۆ دەنوسێت " لە فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە. لە زانکۆی (سوربون) فەلسەفەی خوێندوە و دوای (٢٢) ساڵ، لیسانسی وەرگرتوە. لەو ماوەیەدا کۆمۆنیزم فەلسەفەی کاریگەر و پێشەنگی ڕادیکاڵەکان بووە، فۆکۆ چۆتە ڕیزی حیزبی کۆمۆنیستەوە و ساڵی (١٩٥١) وازیهێناوە. هەر ئەوکاتە خویداوەتە مەسەلە سایکۆلۆژییەکان و لیسانسیشی تێدا هێناوە. پاش ئەمە دیبلۆمی لەسەر ژیانناسی دەروونی وەرگرتوە. دوای گەڕان بە وڵاتان و گوتنەوەی وانە، لە زانکۆی هامبۆرگدا بە تێزێکی نوێ دەربارەی (شێتی) دکتۆراشی وەرگرت".(مەلا بەختیار ٢٠٠٠: ٣٧٣).
هەرکەسێک ئەم دێڕانە بخوێنێتەوە و شارەزایەکی سەرەتایی لە ژیان و کارەکانی فۆکۆدا نەبێت وادەزانێت کاک مەلا بەختیار ڕاستدەکات و ئەم زانیارییە سەرەتاییانەی لێرەدا بە خوێنەریان دەبەخشێت سەرلەبەریان ڕاستن. بەڵام بۆ یەکێک تۆزقاڵێک خۆی ماندووکات و هەوڵێکی سەرەتایی بدات بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان و کارەکانی میشێل فۆکۆ، ڕاستەوخۆ بۆی ئاشکرادەبێت کە بەشی هەرەزۆری ئەو زانیاریانەی کاک مەلا بەختیار لەو دێڕانەدا ڕیزیکردون هەڵەن، هەڵەی زۆر زەقیشن.
با ئەو هەڵانە نیشانی کاک مەلا بەختیار و خوێنەران بدەین:

١ـ فۆکۆ لە زانکۆی سۆربۆن بەتەنها فەلسەفەی نەخوێندوە بەڵکو مێژوو، سایکۆلۆژیا و سایکۆپاتۆلۆجییشی خوێندوە. یەکەم کتێبی فۆکۆ کە لە ساڵی ١٩٥٤ دەینوسێت لەسەر سایکۆپاتۆلۆجییە. (Weiland 1999: 315) .

ب ـ فۆكۆ لە ساڵی ١٩٥١ دا وازی لە پارتی كۆمۆنیست نەهێناوە بەڵكو لەساڵی ١٩٥٣ دا وازیهێناوە.
ج ـ فۆكۆ لەو كاتەدا، واتە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥١ دا، خوی نەداوەتە مەسەلە سایكۆلۆجییەكان و لیسانسی وەرنەگرتوە، بەڵكو قوتابی دكتۆرابووە و خەریكی دكتۆرا بووە لە سایكۆلۆژیدا.
د ـ فۆكۆ بە تەنها یەك بڕوانامەی دكتۆرای نەنووسیوە، بەڵكو دووانی نووسیوە. لەو ڕۆژگارەدا هەموو قوتابییەكی دكتۆرا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دكتۆرا دەبوایە دوو نامەی دوكتۆرا بنووسێت، یەكێكیان نامەی سەرەكی دكتۆرایە و ئەویدیكەیان نامەی لاوەكی. فۆكۆ بڕوانامە سەرەكییەكەی دەربارەی مێژووی دێوانەیی و لاوەكییەكەی لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای كانت بووە.(Didier Eribon 1989: 132)
ز ـ فۆكۆ لە زانكۆی هامبۆرگ دكتۆرای وەرنەگرتوە، بەڵكو لە زانكۆی سۆربۆن وەریگرتوە.
ر ـ لەو ڕۆژگارەدا كۆمۆنیزم بەتەنها فەلسەفەی كاریگەر و پێشەنگی ڕادیكالآن نەبووە، بەڵكو لەپاڵ كۆمۆنیزمدا فینۆمینۆلۆژیا و وجودییەت و شیكردنەوەی دەروونی و هیگڵییەت زۆر گرنگبوون و بەهەمان ئەندازەی كۆمۆنیزم ئامادەبوون.
سەیر لەوەدایە كاك مەلا بەختیار ئەو سەرچاوەیەمان پێناڵێت كە ئەو زانیارییانەی لێوە وەرگرتوە تا بمانگواتایە ئەو هەڵانە هی كاك مەلا بەختیار نین و هی نووسەری ئەو سەرچاوە باسنەكراوەیە. بەمكارەشی كاك مەلا بەختیار دووجار خۆی تاوانبار دەكات، جارێكیان بەوەی زانیاری هەڵەمان پێدەدات، جاری دووهەمیان بەوەی دەستنیشانی سەرچاوەی زانیارییەكانی ناكات. با ئێمەش وەك كاك بەختیار نەكەین و ئەو خاڵانەی سەرەوە بە بەڵگەوە ڕوونكەینەوە. سەرچاوەی بەڵگەكانیشم ئەو كتێبەی Didier Eribon سەبارەت بە ژیانی میشیل فۆكۆ نووسیویەتی و بەیەكێك لەو كتێبە گرنگانە دادەنرێت كە لەسەر ژیان و كارەكانی فۆكۆ نووسراون (Didier Eribon 1989).

**فۆكۆ و كۆمۆنیزم**

پەیوەندی نێوان فۆكۆ و پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسی پەیوەندییەكی كورتە، بەڵام وەك كاك مەلا بەختیار بەهەڵە باسیدەكات لە ساڵی ١٩٥١ كۆتایی پێنەهاتوە. فۆكۆ لە ساڵی ١٩٥٠ دا و لەژێر كاریگەری ئالتۆسێردا دەبێتە ئەندام لە پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسیدا، ئالتۆسێر جگە لەوەی كە مامۆستای فۆكۆ بووە لەهەمانكاتدا هاوڕێیەكی نزیكیشی بووە. كاتێك فۆكۆ لە ساڵی ١٩٥٣ واز لە پاری كۆمۆنیست دەهێنێت و پەیوەندی خۆی بە ماركسیزمەوە دەپچڕێنێت پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئالتۆسێردا هەر بەردەوام دەبێت.(Didier Eribon 1989: 75)

با گوێ لە فۆكۆ خۆی بگرین بزانین چۆن چیرۆكی وازهێنانی خۆیمان لە پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسی بۆ دەگێڕێتەوە، فۆكۆ دەڵێت: " كە من وازم لە پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسی هێنا، دوای ڕووداوە بەناوبانگەكەی پیلانی دكتۆرەكان بوو دژ بە ستالین، كە لە زستانی ساڵی ١٩٥٢ دا ڕوویدا. وازهێنانم پەیوەندی بەوەوە هەبوو كە بەردەوام هەستی ناڕەزاییم هەبوو. ماوەیەكی كورت بەر لە مەرگی ستالین دەنگوباس بڵاوبووەوە گوایە كۆمەڵێك دكتۆر پیلانی كوشتنی ستالینیان داڕشتوە. ئاندرێ ڤورمسەر (سەرپەرشتكاری شانە حیزبیەكەی فۆكۆ لە زانكۆ ـ مەریوان) كۆبونەوەیەكی بۆ ئەندامانی شانەكەمان دروستكرد بۆ ئەوەی مەسەلەی پیلانەكەمان بەتەواوی بۆ ڕوونبكاتەوە. ئەگەرچی ئێمە باوەڕمان بە پاساوەكانی ئەو نەبوو، بەڵام هەوڵی تەواومان‌دا قەناعەت بە خۆمان بهێنین كە مەسەلەكە بەوشێوەیە بووە كە پێمان دەگوترێت. ئەم گوێڕایەڵییە كوێرانەیە سەر بەو جۆرە پەیوەندییەیە كە من ئێستا بە پەیوەندییەكی مەترسیداری ناونووسدەكەم، بەڵام من خۆم لەوكاتەدا پەیڕەویم دەكرد. ئەو گوێڕایەڵییە كوێرانەیە ئوسلوبی من بوو بۆ مانەوەم لەناو حیزبدا. (...) بەڵام چەند مانگێك دوای مەرگی ستالین هەواڵ بڵاوبووەوە كە پیلانی دكتۆرەكان جگە لە درۆیەكی هەڵبەستراو شتێكی دیكە نەبووە. ئێمە نامەیەكمان بۆ سەرۆكی شانەكەمان نووسی بۆ ئەو

مەسەلەکەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، بەڵام هەرگیز وەڵاممان وەرنەگرتەوە. (...) ئیدی من لەدوای ئەم بێدەنگییەوە خۆم لە حیزب دوورخستەوە"(هـ.س.پ ل ٧٥). مادەمەکی ستالین لە ٥ مارتی ساڵی ١٩٥٣ دا مردوە کەواتە فۆکۆ دوای ئەو مێژووە بە ماوەیەک وازیهێناوە. بەباوەڕی نووسەری ژیاننامەکە دەشێت فۆکۆ لە هاوین یان زستانی ساڵی ١٩٥٣ دا و دوای مردنی ستالین وازیهێنابێت. (هـ. س. پ. ل ٧٥).

خوێنەر وەک دەبینێت کاک مەلا بەختیار لە گواستنەوەی ئەم زانیارییە سادەیەدا بەهەڵەدا چووە و مێژوویەکی دەستنیشانکردوە کە چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندی بەوازهێنانی فۆکۆوە لە حیزبی کۆمۆنیست نییە، ئەمە جگە لەوەی دەستنیشانی ئەو سەرچاوەیە ناکات کە ئەو مێژووەی لێوە گواستۆتەوە. ئەمەش بۆخۆی ساکارترین و سەرەتاییترین پرنسیپی نووسینی زانستییە.

### فۆکۆ و سۆربۆن

فۆکۆ لە سۆربۆن بەتەنها فەلسەفەی نەخوێندوە بەڵکو فەلسەفە و سایکۆلۆژیا و مێژوو و ئەو شتانەی دیکەشی خوێندوە کە لەسەرەوە هێمام پێکردن. بەهەرحاڵ مادامەکی کاک مەلا بەختیار لەو پەرەگرافەدا دەڵێت سایکۆلۆژیاشی خوێندوە و لیسانس و دیبلۆمی تێدا هێناوە دەشێت چاو لەم هەڵەیەی بپۆشین، بەڵام کێشەکە بەم چاوپۆشینە کۆتایینایەت چونکە کاک مەلا بەختیار هەر لەو پەرەگرافەداو لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی سایکۆلۆژیاوە دیسانەوە چەند زانیارییەکی هەڵەی بە خوێنەر داوە. فۆکۆ لە ساڵی ١٩٥١ دا قوتابی دکتۆرایە نەک لیسانس خوێن (هـ . س پ. ل ٥٥). دکتۆراکەشی واچاوەڕواندەکرا لەسەر سایکۆلۆژیا بنووسێت نەک فەلسەفە، ئەو بابەتەشی لەو کاتەدا پێوەی خەریکدەبێت بریتیبووە لە "چەمکی کولتوور لە سایکۆلۆژیای هاوچەرخدا" (هـ. س. پ. ل ٥٦). ماوەی ساڵێک بەم تێزەوە خەریکدەبێت و دواتر وازیلێدەهێنێت. بەکورتی فۆکۆ لەساڵی ١٩٥١ دا، واتە لە "هەر ئەوکاتە" کەی کاک مەلا بەختیاردا، نەک لیسانسی نەهێناوە بەڵکو قووتابی دکتۆرابووە و خەریکی کارکردن بووە لەسەر"چەمکی کولتوور لە سایکۆلۆژیای هاوچەرخدا".

### فۆکۆ و زانکۆی هامبۆرگ

کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی هامبۆرگ وەرگرتوە. ئەم قسەیەی کاک مەلا بەختیار هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەیە ڕێک وەک ئەوە وایە من بە کاک مەلا بەختیار بڵێم تۆ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نییت، بەڵکو هی پارتیی یان حیزبی سۆسیالیست یان زەحمەتکێشانیت. لە ڕاستیدا فۆکۆ لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠ مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦١ لە هۆڵی " لویس لیارد " لە زانکۆی سۆربۆن کاتژمێری سەعات یەک و نیوی دوانیوەڕۆ دەستدەکات بە بەرگریکردن لە هەردوو بڕوانامەی دکتۆراکەی. یەکەمین جار بەرگری لەو بڕوانامە بچوکە دەکات کە لەسەر کانت نووسیویەتی و دوای ئەوەش بەرگری لە " مێژووی دێوانەیی " دەکات (هـ. س. پ. ل١٣٠). کە دێتە سەر بەرگری لە مێژووی دێوانەیی یەکەمین ڕستەی بەرگرییەکەی بەمشێوەیە دەستپێدەکات: "بۆئەوەی لەسەردێوانەیی قسەبکرێت ئینسان پێویستی بە تواناو بەهرەی شاعیران هەیە" (هـ. س. پ. ل١٣٠-١٣١). لەوکاتە دائەو پرۆفیسۆرەی کە سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی فۆکۆی کردوە ڕاستەوخۆ قسەکان بە فۆکۆ دەبڕێت و دەڵێت: "بەڵام تۆ ئەو بەهرەو توانایەت تێدایە" (هـ. س. پ. ل١٣١).

وەک ئاشکرایە کاک مەلا بەختیار لێرەدا فۆکۆی بە قودرەتی قادر کردوە بە دەرچووی زانکۆی هامبۆرگ لە ئەڵمانیا، کاک بەختیار نەک تەنها لەناوی زانکۆکەدا هەڵەیکردوە، بەڵکو لەناوی

وڵاتەکەشدا. دوا تێبینیشم لەسەر ئەم ناسینیە کورتەی فۆکۆئەوەیە، کە لەو ڕۆژگارەدا کۆمۆنیزم بەتەنها پێشڕەوی ڕادیکاڵەکان نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێک فەلسەفە و بیروبۆچوونی دیکە لە ئارادابوون کە من لەلاپەڕەکانی دیکەدا و لەباسکردنی سەرچاوەکانی فیکری میشێل فۆکۆدا نیشانی خوێنەری ئەدەم.

وەک دەبینین کێشەی کاک مەلا بەختیار بەتەنها لەوەدا نییە، وەک دواتر نیشانی ئەدەین، کە ڕووە فیکری و فەلسەفییەکانی بیری فۆکۆی شێواندوە و ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی مەبەستەکانی فۆکۆوە دواوە، بەڵکو ئەو تەنانەت لەو زانیارییە سادانەشدا هەڵەیکردوە کە کەسێک کەمەکێک ڕێزی خوێنەر و ڕێزی نووسین بگرێت، نایانکات. بەڵام با واز لەم لایەنە بهێنین و تەماشای هەڵە گەورەکانی کاک مەلا بەختیارکەین کە بەناوی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییەوە دایڕشتون و وەک هەقیقەتیش بەخوێنەری کوردیان دەفرۆشێت.

## فۆکۆ کاریگەرییەکانی ئەوانیدی لەسەری

بێگومان ڕاوبۆچوونی جیاواز لەئارادان سەبارەت بەوەی کێ کاریگەری گەورەی لەسەر فۆکۆ هەبووە و لەکوێوە هێڵە گشتییەکانی بیری ئەم فەیلەسوفە سەرچاوەیان گرتوە. لەسەر ئەم بابەتە بە سەدان ووتار و دەیەها کتێب و چەندەها لێکۆڵینەوە بە زمانە جیاجیاکانی دنیا نووسراون. بەڵام کاک مەلا بەختیار نەک بۆ هیچ یەکێک لەم سەرچاوانە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بە ئارەزووی خۆی و بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی و مەنهەجی لە سێ نیو دێڕدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کێ کاریگەری لەسەر ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە هەبووە. بەڵگەنەویستە یەکێک لەو کارە فیکرییە زەحمەتانەی لێکۆڵەرەوەیەک خۆی لەقەرەبدات مەسەلەی دەستنیشانکردنی کاریگەرییە فیکرییەکانی چەند نووسەر و فەیلەسوفێکە لەسەر چەند نووسەر و فەیلەسوفێکی دیکە. لە دۆخێکی وادا لێکۆڵەرەوە دەبێت لە دوو ڕووەوە شارەزاییەکی تەواوی هەبێت. لەسەرێکەوە شارەزاییەکی تەواوی لە فیکری هەموو ئەوانەدا هەبێت کە گوایە کاریگەریان لەسەر فلان یان فیسار فەیلەسوف هەیە یان هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە فیکری ئەو فەیلەسوف یان نووسەرەدا هەبێت کە گوایە کاریگەریی ئەوانیدیکەی لەسەرە. تەنها لەدۆخێکی لەم بابەتەدا و بە پەیڕەویکردنی ئەو دوو مەرجە، نووسەرێک دەتوانێت خوێنەر لە کاریگەرییەکانی کەسانێکی دیاریکراو لەسەر فیکری کەسێکی دیکە دەستنیشانکات. بۆ ئەمەش لەیەککاتدا پێویستی بە مەنهەجیەتی بەراوردکاری و مەنهەجیەتی مێژوویی و مەنهەجیەتی خوێندنەوەی تێکست، یان بەناویەکداچوونی تێکستەکان، هەیە.خۆ گەر لێکۆڵەرەوە ئەو دوو مەرجەی سەرەوەی تێدا نەبوو و ئەم شێوە لێکۆڵینەوەیە بواری کارکردنی ئەو نەبوون، ئەوا لانیکەم دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کەسانێکی دیکە کە لەو بوارەدا لێزانن و لەم ڕووەوە ناسراون. لە مێژووی فیکری بەشەریشدا کەم نین ئەوانەی بەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە خەریکن و ساڵانێکی درێژی تەمەنی خۆیان بۆ ناسینی فەیلەسوفێک لە فەیلەسوفەکان یان قوتابخانەیەک لە قوتابخانە فیکرییەکان تەرخاندەکەن. کاک مەلا بەختیار بەبێئەوەی هیچ یەکێک لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت و بەبێئەوەی لانیکەمی بیرکردنەوەی لەو مەنهەجانەی باسمکردن بە خەیاڵدا تێپەڕیبێ و بەبێئەوەی دەستنیشانی تاقە سەرچاوەیەکی کردبێت زۆر بە ئاسانی لە لاپەڕە ٣٧٣ کتێبەکەیدا دەربارەی ئەوانەی کاریگەریان لەسەر فۆکۆ و فیکری فۆکۆ هەبووە دەنووسێت:

مارکس لەڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە
فرۆید لەبارەی هەوەس و مەعریفەوە
کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات.

من لێرەدا خوێنەر لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم کاریگەرییانەی کاک مەلا بەختیار لەم سێ نیودێڕەدا باسیاندەکات هەرسێکیان هەڵەن، لانیکەم هەڵەن لەو شێوەیەدا کە کاک مەلا بەختیار لێرەدا هێمای پێکردون. پێشئەوەی بێمە سەر نیشاندانی ئەو هەڵانە دەمەوێت جارێکی دیکە جەغد لەسەر ئەوە بکەمەوە کە سادەترین پرسیارێک خوێنەر لە کاک مەلا بەختیاری بکات، پرسیارە دەربارەی سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی لەو سێ نیو دێڕەدا ڕیزیکردون. کەس نازانێت کاک مەلا بەختیار ئەم زانیارییانەی لە کوێوە هێناوە، ئایا ئەمە دەرنجامێکە و کاک مەلا بەختیار دوای خوێندنەوەی مارکس و فرۆید و نیتشە و فۆکۆ و بەراوردکردنی فیکری هەریەکێک لەمانە بەویدیان، بەپێی ئەو مەنهەجانەی لەسەرەوە باسمکردن، پێیگەیشتوە، یاخود ڕای کەسێکی دیکەیە و ئەو سووک و ئاسان بێئەوەی پێمانبڵێت کێیە و بێئەوەی سەرچاوەکەی دەستنیشانکات گواستوێتیەوە. کاک مەلا بەختیار ڕووناکاتەوە مارکس چۆن و کەی و لە کام کتێب و نووسیندا لە "ڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە" کاری لە فۆکۆ کردوە. ئەی فرۆید چۆن و کەی و لەکوێ و لە کام کتێبدا " لە بارەی هەوەس و مەعریفەوە" کاریگەری لەسەر فۆکۆ هەبووە، هەمان ئەو پرسیارانەش بە نیسبەت نیتشە و کاریگەرییەکانی نیتشەوە لەسەر فۆکۆ بێوەڵامن. لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە ئەو کاریگەرییانەی کاک مەلا بەختیار سەبارەت بە مارکس و بە فرۆید گریمانیاندەکات ڕاست نین. نە مارکس نە فرۆید لە ڕیزی ئەو فەیلەسوف و زانایانەدا نین کە کاریگەری شایانی باسکردنیان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووبێت. مەنهەجی مارکس مەنهەجی ماتریالیزمی دیالێکتیک و هی فرۆید شیکردنەوەی دەرونییە، ئەم دوو مەنهەجەش تاسەر ئێسقان ناکۆکن بە مەنهەجی جینالۆجی و ئارکیۆلۆژی کە مەنهەجی کارکردنی فۆکۆن. هەر فەیلەسوفێک بۆ بیرکردنەوە پشتئەستوورە بە مەنهەجیەتێکی دیاریکراو، بیرکردنەوە بێ مەنهەج خورافەتە. کەوابوو دەبێت فۆکۆ، وەک کاک بەختیار دەڵێت، مەنهەجی مارکسی بەکارهێنابێت بۆ بیرکردنەوە یان لەژێر کاریگەری ئەم مەنهەجە مارکسییەدا بیریکردبێتەوە ئەگینا چۆن لەڕووی بیرکردنەوەوە لەو دەچێت. ئەوەی یەک تۆزقاڵ زانیاری لەسەر فۆکۆ هەبێ، چ جای فیکری ئەوی "شەن و کەو" کردبێت وەک کاک مەلا بەختیار بە حیسابی خۆی کردویەتی، دەزانێت ئەمە کوفرێکی فیکری و مەعریفییە.

سەبارەت بە نیتشەش، قسەکەی کاک مەلا بەختیار تا ئەو ڕادەیە ڕاستە کە نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفە گرنگانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر فۆکۆ و بەرهەمەکانی فۆکۆ هەبووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە گرنگانە بەو نیودێڕەی کاک مەلا بەختیار نووسیویەتی لێکنادرێنەوە (سەیر ئەوەیە کاک مەلا بەختیار لەسەرەتای کتێبەکەیدا ڕەخنەی کوردی بە کورتبوون و کورتنەفەسی تاوانباردەکات، کەچی خۆی لە سێ نیودێڕدا باس لە فیکری چوار فەیلەسوف دەکات !!!!). من نایشارمەوە، نازانم دەستەواژەی "کارایی نیتشە دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات" یانیچی، نەدەکرا کاک مەلا بەختیار ئەم ڕستە ئاڵۆزە کەمکێک شیبکاتەوە و خوێنەر لە چۆنیەتی و چییەتی ئەم کاریگەرییە ئاگادارکاتەوە و بەمەش ڕەخنەی کوردی جارێکی دیکە لە کورتنەفەسی ڕزگارکات !!!؟

بەهەرحاڵ هەموو ئەوانەی باس لە لە سەرچاوەکانی فیکری فۆکۆ و ئەو فەیلەسوف و زانایانە دەکەن کە کاریگەریان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە، شتێکی تەواو جیاوازمان لەو قسانەی کاک مەلا بەختیار پێدەڵێن. من وەک سەرەتا داوا لە خوێنەر دەکەم پێکەوە گوێ لە فۆکۆ خۆی بگرین و بزانین ئەو خۆی دەربارەی کاریگەریی فەیلەسوفەکانی دیکە لەسەر بیروبۆچوونەکانی چیمان پێدەڵێت، دوای ئەوە دێمە سەر ڕاو بۆچوونی فۆکۆناسێکی بەناوبانگ دەربارەی ئەم کاریگەرییانە، لەهەردوو بارەکەشدا داوا لە خوێنەر دەکەم دەرەنجامەکانی من و ئەو سێ نیودێڕەی کاک مەلا بەختیار بەیەکدی بەراوردبکات و خۆی ببێ بە سەرپشکی هەڵسەنگاندەکان.

سەرەتا با بزانین فۆکۆ خۆی چیدەڵێت:

فۆکۆ لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی سەرچاوەکان و کاریگەرییەکانی فەیلەسوفان و نووسەرانی تر لەسەر فیکر و بیرو بۆچوونەکانی خۆی ئاوا وەڵامدەداتەوە: "من دەربارەی کاریگەرییەکانی نیتشە و بلانشۆت و باتای قسەم بۆکردی. ئەم نووسەرانە یارمەتییاندام بتوانم خۆم لە زۆر نووسەری دیکە

ڕزگـاربکەم، بەتایبـەتی لەو نووسـەرانەی لە سـەرەتای پەنجـاکـاندا لە زانکۆدا مـامـۆسـتـام بوون. دەربارەی هیگڵ و فینـۆمینۆلۆژیش شتێکم ووت، ئەمانە بەسەریەکەوە جەوهەری خوێندنی زانکۆکانی فەرەنسا بوون." (Foucault 1985: 17) هەرچەند دێڕێک دوای ئەم قسانە و لەهەمان لاپەڕەدا فۆکۆ وجـودییـەتیش دەخـاتە سـەر هیگڵـیـەت و فـینۆمـینۆلۆژیا و لەم ڕێگەیەوە ئەو چوارچێوە فـیکرییـە دەستنیشـاندەکات کە تێیدا فیکری ئەو لەدایکدەبێت (هـ. س. پ. ل١٧). کەواتە دنیـای فیکری ناو زانکۆکانی فەرەنسا لە پەنجاکاندا دنیایەک بووە تێیدا هیگڵیەت، فینۆمینۆلۆژیا و وجودییەت ڕێبازە سەرەکییەکانی ناوی بوون. فۆکۆ لەو دنیایەدا زیاتر گرنگی بەهیگڵ دەدات و دەڵێت: "هیگڵیـەت خۆی وەک ئوسلوبێک نیشـانئـەدات کە بتـوانین لەڕێی ئەوەوە بەشێـوەیەکی عـەقلانـی بیر لەو تراژیدیایە بکەینـەوە کە نەوەی پێش ئێمـە گیرۆدەی بـووبوو (مـەبەسـتی تراژیدیای نـازیزم و جەنگی جیـهـانی دووهەمـە ـ مـەریوان)، تراژیدیایەک لەهەمـانکاتدا هەڕەشـەی سـەرلەنوێ دووبارەبوونەوەی دەکرد" (هـ. س. پ. ل١٨). بە کـورتـی فـۆکـۆ لێرەدا بـاس لەو ڕێبـاز و قـوتابخـانە فـیکرییـانە دەکـات کـە لەناو زانکۆکانی فەرەنسادا لەو ڕۆژگارەدا ئامـادەبوون و ئەویش وەک قوتابیەکی زانکۆ پێیـان ئاشنابووە. بەڵام با بزانین لەدەرەوەی زانکۆکاندا چ باس بووە.

فـۆکـۆ دەڵێت: "لە دەرەوەی زانکۆکـاندا سـارتـەر بە فـەلسـەفـەکـەیەوە دەربارەی زات باڵادەسـتـبوو. مـیـرلۆپۆنتیش لەسـەر خـەتی یەکـبـرینی هیگڵـیـەت و وجـودییـەت وەسـتـابوو" (هـ. س. پ. ل١٨).. لە درێژەی ئـەو قـسـانەدا فـۆکـۆ دەڵێت: "من لە بـەردەمـی ئەم پانـۆرامـا فـیکرییـەدا بڕیارمـدا نـەبمە پرۆفیسۆری فەلسەفە، لەلایەکی دیکەشەوە بڕیارمدا بەدوای شتێکی دیکەدا بگەڕێم تەواو جیاواز لە وجودییەت. ئا لەوێوە من باتای و بلانشۆم ناسی و هەرلەوانیشەوە نیتشەم ناسی" (هـ. س. پ. ل١٨). بەڵام داخۆ گرنگی باتـای و بلانشـۆ و نیتشـە بۆ فۆکۆ لەو ڕۆژگـارەدا لـەچیدابووە، فۆکۆ لەوەڵامـدا دەڵێت: "گـرنـگی ئەمـانە بۆمن چیـبـوو؟ لەڕاسـتـیـدا ئەمـان منیـان داوەتکرد بۆئەوەی وتەزای زات و ئەولەوییەتی زات بخەمە بەر گفتوگۆ و پرسیارەوە" (هـ. س. پ. ل١٨).

کەواتە ئەوانـەی لە پەنجـاکـاندا کـاریگەری گـەورەیان لەسـەر فـیکری فـۆکۆ هەبووە، بریتـیـبـوون لە بلانشۆت، باتـای و نیتشـە و تا ڕادەیەکیش هیگڵ. لەدەرەوەی ئەم نووسـەرانەدا ئەوانەی لە زانکۆکانی فـەرەنسـادا لەڕووی فیکرییـەوە کـاریگەربوون بریتـیبـوون لە فینۆمـینۆلۆژیا و هیگلیـەت و وجـودییـەت. فـۆکۆ لەم قـوتابخـانە فەلسـەفـییـە باڵادەسـتـانە کـە کـەشی فـەلسـەفـەی ئەکـادیمی ناو زانکـۆکـانی فـەرەنسـای لەو سـاڵانەدا دەسـتنیشـانکردوە، بێـزاربووە. لەباتی ئـەمـانە ڕاسـتـەوخـۆ کـەوتـۆتە ژێر کـاریگەری بـاتـای و بلانشـۆت و نیـتـشـەوە، گـرنگی ئەمـانەش لەو ڕۆژگـارەدا بۆ ئـەو لەوەدابووە کـە ڕێگایەکی دیکەیان نیشانداوە جگە لەو ڕێیـانەی لەو ڕۆژگارەدا لەلایەن هیگڵـیـەت و فـینۆمـینۆلۆژیا و وجودییـەتەوە دەستنیشانکرابوون. وەک دەبینـین فۆکۆ لێرەدا نە باس لە مـارکس و نە باس لە فرۆید و نەباس لە "کـارایـی نیـتشـەش دەربارەی زانست و ئیـدارەی مـەیلی دەسـەڵات" ناکـات و کـەس نازانێت کاک مەلا بەختیار ئەو شتانەی لە کوێوە هێناوە.

بەڵام بێگومـان فـۆکـۆ وەک زۆربەی فـەیلەسـوفـەکـانی سـاڵانی پەنجـا بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان پەیوەندی بە فـیکری مـارکسـەوە هەبووە، جگە لەمـە فۆکۆ، وەک گوتمان، مـاوەیەک کۆمـۆنیست بووە، بۆیە گومـان هەڵناگرێت دەبێت فۆکۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێک لە پەیوەندی بە مـارکسیـزمەوە هەبووبێت. داخۆ ئەو پەیوەندییە چی بووە و بە چ ئاراستـەیەکدا بووە؟ با سـەرەتا بزانین فـۆکۆ خـۆی دەربارەی پەیوەندی خـۆی و مارکس و کـۆمۆنیـزم چیمـان پێدەڵێت: "من کـاتێک سـاڵی ١٩٥٠ بڕیـارمدا ببم بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست مارکسم باش نەدەناسی، بەڵام لەوەوە کەمن هیگڵـیـەتم قبووڵنەبوو هـەروەها بەرامـبـەر بە وجـودییـەتیش ناڕازیبووم، بڕیارمـدا ببم بە کـۆمـۆنیـست" (هـ. س. پ. ل٢١). بەمانایەکی دیکە بوونی فۆکۆ بە کۆمۆنیست لەوێوە نەهاتوە کە ئەو لەژێر کاریگەریی مارکس دا بووە،

بەپێچەوانەوە ئەو لە ڕەفزکردنی هیگڵیەت و ناڕازیبوون بەرامبەر بە وجودییەتەوە بووە بە کۆمۆنیست و وەک وتمان لەژێر کاریگەری ئەلتۆسێردا بووە بە کۆمۆنیست.

دەربارەی سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو کاریگەریانەی لەشوێنی دیکەوە وەریگرتوە فۆکۆ باسی بیرکردنەوە لە زانست و مێژووی زانست دەکات.(هـ. س. پ. ل ٢٥ ـ ٢٦) فۆکۆ دەنوسێت "لەو ڕۆژگارەدا موناقەشە تیورییەکان زۆربەی هەرەزۆریان دەربارەی بابەتی زانست بوون: پرسیارەکان پرسیار بوون دەربارەی بنەماکانی زانست و بنەماکانی عەقڵانییەت و مێژووی عەقڵانییەت" (هـ. س. پ. ل ٢٥ ـ ٢٦). لەم بوارەشدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری نیتشەدا بووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت لە نیتشەوە ئەوە فێربووم لەباتی ئەوەی "خەریکی مێژووی زانست بم، خەریکی مێژووی هەقیقەت بم"، چونکە زانست تەنها بەشێکە لە هەقیقەت و نەک هەموو هەقیقەت .(هـ. س. پ. ل ٢٩ ـ ٣٠). هەر لەوڕۆژگارەدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێرکاریگەری بیرۆکەی "دابڕانی ئەبستمۆلۆژی" لای گاستۆن باشلار و لێکۆڵینەوەی بایۆلۆژییانە لای جۆرج کانگویلهم و ئەم دوو فەیلەسوفە کاریگەری زۆر گەورە لەسەر تێڕوانینەکانی فۆکۆ لەم بوارەدا بەجێدەهێڵن. (هـ. س. پ. ل ٣١). بەتایبەتی بۆچوونەکانی جۆرج کانگویلهم، کە دواتر دەبێتە سەرپەرشتیاری بڕوانامەی دکتۆراکەشی.

هەرچی دەربارەی فرۆید و شیکردنەوەی دەروونییە فۆکۆ هیچمان پێناڵێت و ئەو شتە کەمانەشی لەم بوارەدا دەیانڵێت بەهیچ شێوەیەک دەربارەی فرۆید و کاریگەری فرۆید نین، بەڵکو دەربارەی دوکتۆرێکی فەرەنسی سەر بە قوتابخانەی شیکارگەری دەروونییە، کە (جاک لاکان)ە. لاکان دکتۆرێکی سایکۆلۆژی و یەکێک لەوانە بوو کە بە توندی داوای گەڕاندنەوەی بۆ تێزەکانی فرۆید دەکرد، بابزانین فۆکۆ دەربارەی پەیوەندی خۆی و ئەم دکتۆرە فرۆیدییە چیدەڵێت: "من (لاکان )م بەشێوەیەکی چڕوپڕ نەخوێندۆتەوە، بۆیە ناتوانم بڵێم کارەکانی ئەو بۆمن وەک جۆرێک لە خیبرەیان لێهاتوە. من تەنها چەند نووسینێکی کەمی لاکانم خوێندۆتەوە. مەسەلەیەکی ئاشکراشە بۆ تێگەیشتن لە لاکان تەنها خوێندنەوەی نووسینەکانی بەس نین. ئینسان ئەبێت بچێت گوێ لە موحازەرەکانی زانکۆشی بگرێت، سەر لە کۆڕ و سیمینارەکانی بدات و گەر کراش لێکیانبداتەوە. من هەموو ئەم شتانەم نەکرد. ساڵی ١٩٥٥ یش کە لاکان کرۆک و جەوهەری فیکری خۆی پێشنیاردەکرد، من لە فەرەنسا نەمابووم" (هـ. س. پ. ل ٣٤).

وەک ئاشکرایە ئەوەی فۆکۆ لە کوێ ئەو قسانەی سەرەوەیدا باسیاننەکات کوێ ئەو نیوە دێڕانەیە کە بە حیسابی کاک مەلا بەختیار سەرچاوەی فیکری فۆکۆن و ئەو خۆشی دوای شەن و کەوکردنی بیری ئەم فەیلەسوفە پێیانگەیشتوە. وەک نیشانماندا فۆکۆ نە قسە لە کاریگەری مارکس لە "ڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە" و نە لە کاریگەری فرۆیدە لەبارەی "هەوەس و مەعریفەوە" و نە "کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات" دەکات. کەس نازنێت کاک مەلا بەختیار ئەم قسانەی لەکوێوە هێناوە و چۆن ئەو مافەی بەخۆیداوە ئەم زانیارییە هەڵانە بە خوێنەر بدات. من دواتر نیشانی ئەدەم مارکس نەک لەڕووی دەسەڵاتەوە کاریگەری لەسەر فۆکۆ نەبووە، بەڵکو تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ ڕێک پێچەوانەی تیورەی دەسەڵاتە لای مارکس. خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ مێژووی جنس و سێکسوالییەیش ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆیدن و فۆکۆ لە کتێبی (مێژووی سێکسوالییەت)دا بە درێژی گریمانە فرۆیدیەکان دەربارەی سەرکوتکردنی هەوەسی جنسی و بەحەرامکردنی جنس لەبەریەکدی هەڵدەوەشێنێتەوە. گرنگی نیتشەش بۆ فۆک، وەک فۆکۆ خۆی دەڵێت، لەوەدایە فەیلەسوفێک بووە لەدەرەوەی فەلسەفەی زاتدا دواوە و ڕەخنە لە هەقیقەت و سیستمی هەقیەت شوێنی کارکردنی ئەو بووە، نەک ئەو نیودێڕە ئاڵۆز و نادیار و دەستنیشانکراوەی کاک مەلا بەختیار ناویدەنێت "کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات".

ئێستا با وایدابنێین فۆکۆ ڕاستمان لەگەڵ ناکات و سەرچاوەکانی فیکریی خۆیمان لێدەشارێتەوە و کاک مەلا بەختیار لە فۆکۆ باشتر دەزانێت کام فەیلەسوف و لە چ کاتێکدا و لەکوێدا کاریگەرییان لەسەر فیکری ئەو هەبووە و هەیە. بۆئەوەی ئەم ڕێیەش لە کاک مەلا بەختیار بگرین و خوێنەر لەوە ئاگادارکەینەوە کە ئەو لەسەر سیقەی برادەران و لەخۆیەوە قسەدەکات، لێرەدا بۆچوونەکانی کاک مەلا بەختیار بە بۆچوونی فۆکۆناسێکی بەناوبانگ بەراورد دەکەین تا بزانین داخۆ ئەم فۆکۆناسە هەمان قسەکانی کاک مەلا بەختیار دەکاتەوە یان شتێکی تەواو جیاوازمان پێدەڵێت. ئەم فۆکۆناسە چوار سەرچاوە بۆ فیکری فۆکۆ دەستنیشاندەکات و دەڵێت ئەم سەرچاوانە کاریگەرییان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە: (Geoff Danaher 2000)

ا ـ فۆکۆ لەژێر کاریگەری دیدی مێژوویی، یان مێژووگەرایی (مارتن هایدگەر) و (کانگولهێم)دا بوو. لەژێر ئەم کاریگەرییەدا فۆکۆ هەموو هەقیقەت و تێز و تیورەیەک دەکاتە مەسەلەیەکی مێژوویی، بەمەش ئەو ڕەهاییەیان لێدەستێنێتەوە کە فەلسەفەکانی دیکە بەم چەمکانەیان بەخشیوبوو. فۆکۆ دەبینێت کە ئەبستیمەکان دەگۆڕێن (ئەبستیم ئەبستمۆلۆژیا نییە، من دواتر ئەم خاڵە ڕووندەکەمەوە)، دەزگاکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەگۆڕێن، تیورە زانستییەکان دەگۆڕێن، دید و وێناکردنەکان دەگۆڕێن، بۆیە پێیوایە ناکرێت باس لە ڕاستییەکی موتڵەق یان لۆژیکێکی بان ـ مێژوویی و ئەبەدی بکرێت کە گوایە لەدەرەوەی سیاقە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییەکاندا دەژی و لەوێوە مێژوو و ڕووداوەکان ئاراستە دەکات. ئەمە جگە لەوەی ناکرێت یاسایەک بۆ مێژوو بدۆزرێتەوە و وەک هەقیقەتێکی موتڵەق مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. (خوێنەری وریا دەزانێت ئەم دیدە بۆ هەقیقەت تەواو دژ بە بۆچوونەکانی مارکسیزمە کە هەقیقەتێکی بابەتی و ئاراستە و ئامانجێکی نەگۆڕ بۆ مێژوو دەستنیشاندەکات).

ب ـ کاریگەری بونیادگەری و قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیش لە شەستەکان بەدوا لەسەر فۆکۆ ئامادەبووە. لەم ڕووەوە کاریگەری ڕۆلان بارت و لویس ئالتۆسێر شوێنی سەرنج و تێڕامانە، بە تایبەت ئالتۆسێر کە مامۆستای فۆکۆ بووە (هـ. س. پ. ل٧) خوێنەر سەرنجی ئەوەبدات لێرەدا کە باس لە کاریگەری قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی دەکرێت بەهیچجۆرێک قسە لە کاریگەری فرۆید ناکرێت). بەڵام هەر لێرەدا نووسەری ئەم کتێبە هێما بەو ڕاستییە دەکات کە میشێل فۆکۆ کێشەی گەورەی لەگەڵ بونیادگەریدا هەبووە. ئەو نووسەرە ئەم کێشەیە لەم دوو خاڵەدا کورتدەکاتەوە (هـ. س. پ. ل٨).

یەکەمیان: بونیادگەری نەیتوانیوە نیشانمانبدات ئەو شتانەی لەساتەوەختێکی مێژوویدا دەکرێنە دەرەوەی بونیادی باڵادەستەوە کامانەن. چین ئەو شتانەی بونیادە باڵادەستەکان نایەڵن ئامادەبن؟ چین ئەوشتانەی بێدەنگ و چەپێنراون؟ چین ئەو شتانەی کە گوتارەکان بێدەنگیانکردوون؟ لەڕاستیدا بەشێکی گەورەی فیکری فۆکۆ تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە بونیادگەری ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە. لێرەوە کاریگەری بونیادگەری لەسەر فۆکۆ کاریگەرییەکی لاواز و کورتخایەنە.

دووهەمیان: بونیادگەری ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا گۆڕان لە کوێوە دێت؟

جـ کاریگەری نیتشە لەسەر فۆکۆ: نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بیرۆکەی ئەوەی گوایە مێژوو بە شێوەیەکی عەقڵانی بەڕێوەدەچێت، ڕەفزدەکات، هەروەها ئەو بیرۆکەیەشی قبووڵ نییە گوایە مێژوو بەرە و ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات. سەرەڕای ئەمانەش نیتشە باوەڕیی بەوە نییە کە گوایە مێژوو پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامە لە عەقڵانییەتێکی نزم و بچووکەوە بۆعەقڵانییەتی بەرزتر و گەورەتر. بەپێچەوانەوە نیتشە باوەڕی وایە کە هێز و دەسەڵات، نەک هەقیقەت یان مەعریفە، لە پشتی ڕووداو و بڕیارەکانەوەن. بۆیە لای نیتشە مێژوو بەرهەمی کاری عەقڵانی و لێکدانەوە و گەشەی عەقڵ نییە، بەڵکو گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی نێوان ویست و ئیرادە جیاوازەکانی دەسەڵاتە. بەباوەڕی نیتشە لەمێژووودا هەمیشە چەند ئیرادەیەکی دەسەڵات لە ململانێدان بۆ بەدەستهێنان و

مۆنۆپۆلیزەکردنی ماناکان و پێناسەکان. هەمیشە ئیرادەیەکی سەرکەوتو کۆمەڵێک ئیرادەی دیکە بێدەنگدەکات یان هەوڵی بێدەنگکردنیان ئەدات، هەمیشە کۆمەڵێک ئیرادەی بێدەنگکراویش لە ئارادان کە هەوڵی ئەوە ئەدەن مافی قسەکردن و دواندن بەدەستبهێنن. بەپێچەوانەی مارکسیزمەوە نیتشە لە شەڕ و پێکدادانی ئیرادە جیاوازەکاندا باس لە هیچ جۆرە حەتمییەتێک ناکات، حەتمییەت لای نیتشە حیکایەتی یەکێک لە ئیرادەکانە، نەک لۆژیکێکی بابەتی کە حەتمییەت دەرەنجامەکەی بێت (هـ. س. پ. ل١٠).

هەموو ئەم بۆچوونانەی نیتشە دەربارەی هەقیقەت و دەسەلات و مێژوو و عەقلانییەت و شەڕی نێوان ئیرادەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە، نەک ئەو ڕستە نادیار و نامەفهومەی کاک مەلا بەختیار کە دەڵێت "کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەلات" کە مەگەر هەر خودا خۆی بزانێت یانی چی.

د ـ سەرچاوەیەکی دیکەی فیکری فۆکۆ بریتییە لە ڕۆشنگەریی، بەتایبەتی بۆچوونەکانی کانت دەربارەی ڕۆشنگەری. فۆکۆ ڕەخنە لەو نووسەر و فەیلەسوفانە دەگرێت کە تەواو ڕۆشنگەری بێبایەخ و تاوانباردەکەن. ئەو پێیوایە دەسکەوتی هەرە گەورەی ڕۆشنگەریی ڕەخنە یان مەیلە ڕەخنەییەکەیەتی (هـ. س. پ. ل١٠). بە نیسبەت فۆکۆوە ڕۆشنگەری بریتیی نییە لە تیورەیەک، بیرۆکەیەک، یاخود کەڵەکەبوونی بەردەوامی کۆمەڵێک مەعریفە و دەزگا بەسەریەکدا. بەمانایەکی دیکە ڕۆشنگەری کەلەپوور نییە، بەڵکو بریتییە لە مەیل و ئەخلاقییەتێک کە تێیدا ڕەخنە دەگرێت لەوەی کە ئێمە چین، لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی ئەو سنوورانەی کە بە سەرماندا سەپێنراون، هەروەها ئەزموونێکیشە دەربارەی ئەگەری تێپەڕاندنی ئەو سنوورە سەپاوانە. (هـ. س. پ. ل١١)

بە مانایەکی دیکە هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بریتییە لە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی دەربارەی ئەو شووناسە بالادەستە سەپاوانەی لە ساتێکی دیاریکراودا بەسەر کۆمەڵگا و کەسەکاندا دەسەپێنرێت و بەمەش سنوورێک دادەنێن بۆ هەڵبژاردنی ئازادی کۆمەڵگا و کەسەکانی ناوی. لە هەمانکاتدا هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بریتییە لە هەوڵدانی هێنانەکایەی کۆمەڵێک ئەزموونی تایبەت کە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو سنوورە سەپاوانە بدات. دواتر دێمەوە سەر بۆچوونەکانی فۆکۆ دەربارەی ڕۆشنگەری، چونکە کاک مەلا بەختیار فۆکۆ بەوە تاوانباردەکات گوایە دژ بە ڕۆشنگەریی و دەسکەوتەکانی ڕۆشنگەرییە.

وەک دەبینین نە فۆکۆ خۆی و نە ئەم فۆکۆناسە کە باس لە فیکری فۆکۆ و سەرچاوە و کاریگەرییەکانی ئەوانیدی لەسەر ئەم فیکرە دەکەن، نە لە دوور و نە لە نزیک باس لە فرۆید و مارکس ناکەن. ئەوەشی دەربارەی نیتشە دەیڵێت هیچ پەیوەندییەکی بەو نیو دێڕە نادیار و ئاڵۆزەی کاک بەختیارەوە نییە. بە کوردی و بە کورتی ئەو کاریگەرییانەی کاک مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا دەستنیشانیان دەکات هەرهەموویان هەڵەن و بەهیچجۆرێک نە لەگەڵ دید و بۆچوونەکانی فۆکۆ خۆیدا یەکدەگرێتەوە، نە لەگەڵ هی ئەوانەشدا کە فۆکۆناسن. کاک مەلا بەختیار بە ئارەزووی خۆی و بێ دانانی هیچ ڕێزێک بۆ مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و بێپەیرەویکردنی یەکێک لە سەرەتاییترین پرنسیپەکانی نووسین، کە دەستنیشانکردنی ناوی سەرچاوەی زانیارییەکانە، ئەحکامی جیاجیای پڕ هەڵە وەک هەقیقەت و لێکۆڵینەوەی زانستی باوەڕپێکراو و ڕاستکردنەوەی هەڵەی خەڵکانی دی بە خوێنەر دەفرۆشێت. ئێستا ئیدی خوێنەر دوای ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانە مافی خۆیەتی لە کاک بەختیار بپرسێت کاکی برا بە چ مانایەک تۆ شەن و کەوی فیکری فۆکۆت کردوە و ئایا شەن و کەوکردنی فیکر ئاوادەبێت وەک بەڕێزت کردویەتی؟ ئایا ئەو زانیارییە هەلانەت لە کوێوە هێناوە و سەرچاوەی ئەو قسانەت لە کوێدایە؟ ئایا بەڕێزتان بە چ مافێک ئەو هەموو زانیارییە هەلانە بە خوێنەری کورد ئەدات ؟

لەبەردەم ئەم جۆرە ڕەفتارە (**نا**)مەعریفییەدا من هیچ ناڵێم با خوێنەر خۆی حوکمی خۆیبدات.

**بیری فۆکۆ یان هی ئەوانیدی**

کاک مەلا بەختیار لەچەند شوێنێکی کتێبەکەیدا چەند ئیقتیباسێک نیشانئەدا و ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات گوایە ئەو ئیقتیباسانە لە فۆکۆوە وەرگیراون، یان لانیکەم دەربڕی بیروبۆچوونەکانی ئەون . لە لاپەڕە ٣٥٠ دا سێ دێڕی ئیقتیباسکراو هەن. لە لاپەڕە ٣٧٤ شدا شەش دێڕ و نیوی دیکە هەن و دوو ئیقتیباسی دیکەش لە لاپەڕە ٣٧٥ و ٣٧٦ دا هەن.
کێشەی سەرەکی ئەم ئیقتیباسانە لەوەدایە خوێنەر نازانێت داخۆ هی فۆکۆن و ڕاستەوخۆ لەوەوە وەرگیراون یان هی کەسانی دیکەن. ئیقتیباسی یەکەمیان لە لاپەڕە ٣٥٠ دیار نییە داخۆ ڕای فۆکۆ خۆیەتی یان هی (د عباس منوچهر) ییە. ئەو شەش دێڕ و نیوەش کە کاک مەلا بەختیار لە لاپەڕە ٣٧٤ دەیداتە پاڵ میشێل فۆکۆ هی ئەو نین و هی (مەتاع سەفەدی) پێشەکینووسی کتێبی (ووشەکان و شتەکان)ی میشێل فۆکۆیە. دوو ئیقتیباسەکەی لاپەڕە ٣٧٥ و ٣٧٦ یش ئاشکرا نین داخۆ هی فۆکۆ خۆین یان ڕای (میشێل فراسو)ی نووسەری کتێبی (ساختگرایی و هرمونتیکن). کاک بەختیار بەشێوەیەکی زۆر تێکەڵوپێکەڵ ئەم شتانەی ئیقتیباس کردوە و لەهەمووشی خۆشتر دەرەنجامی هەڵەی لێوە هەڵهێنجاوە.

جارێ هەرکەسێک لانیکەمی شارەزایی لەسەر فۆکۆ و فیکری فۆکۆ هەبێت، تێدەگات ئەو قسانەی لەو ئیقتیباسانەدا نووسراون هی فۆکۆ نین، چونکە فۆکۆ لەهیچ کتێب و نووسینێکیدا دەسەڵات بە چەپاندن و سەرکوتکردن یەکسان ناکات و لە هیچ شوێنێکدا ناڵێت "تەنها کاری دەسەڵات قەدەغەکردنە". کۆمیدیای گەورە لێرەدا لەوەدایە کە بەشێکی گەورەی فیکری فۆکۆ تەرخانە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو تێڕوانیانەی کە دەسەڵات بە سەرکوتکردن و قەدەغەکردن یەکساندەکەن، فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوە گرنگانەی کە تێڕوانینێکی ئیجابی بۆ دەسەڵات هەیە و بەهیچجۆرێک وەک کاک مەلا بەختیار دەڵێت پێی وانییە کاری "دەسەڵات لە کۆتاییدا سەرکوتکردنە". تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ لە جەوهەردا قبووڵنەکردنی گریمانەی سەرکوتکردن و قەدەغەکردنە و بەرگریکردنە لەو دیدەی کە پێیوایە دەسەڵات بەرهەمهێنە و هەم زاتی مۆدێرن و هەم مەعریفەی مۆدێرن و هەم دەزگا مۆدێرنەکان،بەرهەمی دەسەڵاتی مۆدێرنن (ئەم خاڵانە دواتر دێمەوە سەریان). تراژیدیای گەورە لەوەدایە کە کاک مەلا بەختیار تێڕوانینی یەکسانکردنی دەسەڵات بە قەدەغەکردن و سەرکوتکردن، بە زۆری زۆرداری دەداتە پاڵ میشێل فۆکۆ و بەم کارەشی دەیسەلمێنێت کە سەرەتایترین زانیاری دەربارەی فیکری ئەم فەیلەسوفە نییە و ئەوەی دەیڵێت جگە لە هەڵە و ئارەزووی خۆی و بێئاگاییەکی گەورە لە فیکری فۆکۆ شتێکی دیکە نییە. من لە لاپەڕەکانی دواتردا بە درێژی لەم مەسەلانە ئەدوێم و بێگومان سەرچاوەی قسەکانیشم دەستنیشاندەکەم.

**مێژووی دێوانەیی**

کاک مەلا بەختیار پێشئەوەی لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ قسەبکات سەرەتا باس لە کتێبی (مێژووی دێوانەیی) دەکات. کاک مەلا بەختیار دەربارەی ئەم کتێبە دەنووسێت: "گرنگترین و کاریگەرترین بەرهەمی فۆکۆ، شێتی و شارستانییەت: مێژووی دێوانەیی لەسەردەمی ئەقڵ (١٩٦١) بابەتی سەرەکی و گرنگی ئەم بەرهەمە دەرکەوتنی ئەقڵ و بێ ئەقڵییە لەسەرجەمی ڕۆشنگەری، و چۆن چۆنی دەرپەڕاندنی توێژێکی خەڵک بەتایبەتی شێتەکان لە جوغزی ئەقڵ" (بڕوانە: ل ٣٧٤). کاک مەلا بەختیارلەسەر ئەم نەزمە بەردەوامدەبێت و دەنووسێت: "فۆکۆ، لەو باوەڕەوە ئەم تۆژینەوەیەی کردۆتە تیۆری خۆی، گوایە پێش بایەخ پەیداکردنی ئەقڵ و ئەقڵانییەتی ڕۆشنگەری، شێتی

پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە مەعریفەوە هەبووە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئەقڵی تاک ڕەهەند ئەزموونی شێتی سەرکوتدەکرێ. لێرەوە، ئیدی لەنێوان شێتی و نەخۆشی پەیوەندی دروستدەبێ".

یەکەمین پرسیار لێرەدا ڕووبەڕووی کاک مەلا بەختیاری بکەینەوە، پرسیارە دەربارەی سەرچاوەی ئەو قسانەی لەو پەرەگرافەدا دەربارەی کتێبی مێژووی دێوانەیی دەیانکات. کاک مەلا بەختیار پێماننالێت ئەم قسانەی لەکوێوە هێناوە، ئایا ئەمە کورتکردنەوەی خۆیەتی بۆ کتێبی مێژووی دێوانەیی، بێگومان دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە، یان هی کەسێکی دیکەیە، گەر هی خۆیەتی پێماننالێت چۆن و لەسەر چ ئەساسێک و بۆچی ئەم کتێبە کاریگەرترین و گرنگترین کتێبی فۆکۆیە. بۆچی ئەم کتێبە، بۆ نموونە، لە کتێبی ووشەکان و شتەکان یان لە کتێبی (ئارکیۆلۆژیای مەعریفە) یان لە کتێبی (چاودێری و سزا) یان لە کتێبی (سیستمی گوتار) یان لە کتێبی (مێژووی سیکسوالییەت) کاریگەرتر و گرنگترە. دواجار کاریگەرترین کتێب لەسەر چی و لەسەر کێ؟ لەکام کایەی فیکری و مەعریفیدا؟ لەسەر کام تێز و تیورە و تێڕوانین؟ ئایا ئەم کتێبە لەڕووی مەنهەجییەوە گرنگە یان لەڕووی دەرەنجامە مێژوویی و فیکرییەکانییەوە؟ بابەتی کتێبەکە گرنگە یان چۆنیەتی خوێندنەوە و مامەڵەکردنی ئەم بابەتە؟ وەک دەبینین ئەم هەموو پرسیارە سەرەتاییانە کە ئەلف و بای نووسینی زانستین و هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەن هەرهەموویان لە نووسینەکەی کاک مەلا بەختیاردا بێوەڵام و بێدەستنیشانکردن و سەلماندن بەجێهێڵراون. ئەو ڕاستەوخۆ دەنوسێت ئەم کتێبە گرنگترین کتێبی ئەم فەیلەسوفەیە و خوێنەریش دەبێت وەک هەقیقەتێکی ڕەها لێیقبووڵکات. کۆمیدیای گەورە لەوەدایە کاک بەختیار لە دەستنیشانکردنی بابەتی کتێبەکەدا هەڵەدەکات، هەڵەیەکی زۆر گەورەش. کتێبی مێژووی دێوانەیی، وەک کاک بەختیار دەڵێت، بەتەنها باس لە دێوانەیی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ناکات، ئەم کتێبە باس لە چەمکی دێوانەیی لە سێ سەردەمی جیاواز دەکات:

یەکەمیان: ڕۆژگاری ڕێنیسانسە، کە بە هەندێ حیاسابات دوو سەدە بەر لە ڕۆشنگەرییە.

دووهەمیان: ڕۆژگاری کلاسیکە، کە لە نزیکەی ١٦٥٠ وە دەستپێدەکات و لە ١٨٠٠ دا کۆتاییپێدێت، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆژگاری ڕۆشنگەرییە.

سێهەمیان: ڕۆژگاری دوای کلاسیک یان ڕۆژگاری مۆدێرنەیە.

بێگومان گەر کاک مەلا بەختیار ئەم کتێبەی بخوێندایەتەوە یان لانیکەم زۆر سەرپێییانە لاپەڕەکانی هەڵدایەتەوە ئەوکات دەیزانی ئەم کتێبە بەتەنها باسی دێوانەیی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ناکات و لەپاڵ سەردەمی ڕۆشنگەریدا دوو سەردەمی دیکەش ئامادەن. بەڵام ئەو کە کتێبەکەش ناخوێنێتەوە، پێماننالێت ئەو قسانەی دەربارەی ئەم کتێبە نووسیویەتی لەکوێوە هێناونی. من زۆر پێ لەسەر ئەو سەرچاوەیە دادەگرم، چونکە ئەو کورتکردنەوەیەی کاک مەلا بەختیار نیشانی خوێنەرانی داوە، کورتکردنەوەیەکی زۆر نووقسان و لەڕاستیدا بەو شێوەیەی کە کاک بەختیار نووسیویەتی هەڵەیە. دواتر بەدرێژی دێمە سەر ئەم مەسەلەیە.

بەڵام گەر ئێمە ئەو ڕایەی کاک مەلا بەختیارمان قبووڵکرد کە دەڵێت ئەم کتێبە گرنگترین کتێبی فۆکۆیە و فۆکۆ فەیلەسوفێکی ئاڵۆزە، ئیدی چۆن ئەم بەڕێزە ڕێی بەخۆی داوە ئەم کتێبە سێ سەد لاپەڕەییە بۆ پێنج تا شەش دێڕ کورتکاتەوە؛ کورتکردنەوەیەکیش وەک ووتم هەڵەیە. یەکەمین سەرنجم لەسەر ئەم ناساندنەی کاک مەلا بەختیار بۆ کتێبی مێژووی دێوانەیی ئەوەیە کە ناساندنێکی کاریکاتێرییانەیە. کەسێک ناساندنەکەی کاک مەلا بەختیار بخوێنێتەوە، تێناگات چۆن فەیلەسوفێک لەسەر ئەو قسە سەیرانە دکتۆرا وەردەگرێت و چۆن ئەو کتێبە دەبێت بە یەکێک لە گرنگترین کتێبە فیکرییەکانی سەدەی بیستەم. ئەوەی بەلای منەوە شوێنی سەرنجە ئەو جورئەتە مەعریفییەی کاک مەلا بەختیارە کە بەو ئاسانییە فیکری یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم و ناوەرۆکی یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی ئەو سەدەیە بەو سادەییە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی

مەعریفی دەشێوێنێت و لە پێنج دێڕ و نیودا بە خوێنەری کوردی 'دەناسێنێت'. (لێرەدا حەزدەکەم جارێکی دیکە سەرنجی خوێنەربۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشم کە کاک مەلا بەختیار لەسەرەتای کتێبەکەیدا نووسینی ڕەخنەی کوردی بە کوورتنەفەسی تاوانباردەکات و ئەوە وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە گوایە ئەو زوو هەستی بەم کوورتنەفەسییە کردوە و هەوڵیداوە بە نووسینی درێژ چارەسەریکات. کەچی لە هەمان کاتدا کاک بەختیار سڵ لەوە ناکاتەوە کتێبێکی فەلسەفی ئاڵۆز و گرنگی سێ سەد لاپەڕەیی بۆ پێنج دێڕ و نیو کورتکاتەوە !!!)

من بۆ ئەوەی خوێنەر لە گرنگی ئەم کتێبە ئاگاداربکەمەوە هەوڵئەدەم لێرەدا زۆر بە کورتی تێزە سەرەکییەکانی کتێبەکە و چەند بەسەرهاتێکی دیکەی ئەم کتێبە بە خوێنەری کورد بناسێنم، گەرچی تەواو دڵنیام بەم کورتکردنەوەیە زوڵمێکی گەورە لەو کتێبە دەکەم و ئەم هەوڵەی منیش، وەک هەر هەوڵێکی دیکەی کورتکردنەوەی کتێبەکانی فۆکۆ، بێ کەموکوڕی نابێت. بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لەم کتێبە خوێنەر دەبێت هەم خودی کتێبەکە و هەم بەشێکی باشی ئەو موناقەشات و لێکدانەوە جیاجیایانەی دوای دەرچونی کتێبەکە کەوتنەوە، بخوێنێتەوە.

وەک ووتمان کتێبی (مێژووی دێوانەیی) بڕوانامەی سەرەکی دوکتۆراکەی فۆکۆیە. نووسینی ئەم بڕوانامەیە و قبووڵکردنی بە پلەی دکتۆرا چیرۆکێکی درێژە و لەزۆر ڕووەوە چیرۆکی ململانێی ڕووە تازەکانی فیکری فۆکۆمان لەگەڵ فیکری باڵادەستی ئەو ڕۆژگارەدا نیشانئەدات. با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە ئەم بڕوانامەیە زۆر بەزەحمەت قبووڵدەکرێت و مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی ئەوکاتەی زانکۆکانی فەرەنسا لەبەشێکی گەورەی نوێکارییەکانی ناو ئەو بڕوانامەیە تێناگەن. فۆکۆ گەرچی ئەم بڕوانامەیە لەساڵی ١٩٦٠ دا لە فەرەنسا پێشکەشدەکات بەڵام ئەو لە نێوان ساڵی١٩٥٥ تا ١٩٥٨، کە لەسوید ئەبێت و بەم بابەتەوە خەریکدەبێت، دەگاتە قۆناغەکانی کۆتایی نووسینی ئەم کتێبە. بەڵام فۆکۆ دوای ئەوەی سوید بەجێدەهێڵێت و ئەچێت بۆ پۆڵەندا و ئیدی لەوێ، لەپۆڵەندا، تەواوی دەکات (Foucault 1985: 12)

فۆکۆ سەرەتا دەخوازێت بڕوانامەکەی لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید پێشکەشکات، چونکە دەزانێت ئەو شێوە بیرکردنەوە و نووسینەی ئەو خاوەنیەتی لە فەرەنسا لەلایەن پرۆفیسۆرە تەقلیدییەکانەوە قبووڵناکرێت. (Didier Eribon 1989: 104). بەڵام چارەنووسی ئەم کتێبە لە سوید بەهیچ مانایەک لەو چارەنووسە باشترنەبوو کە فۆکۆ لە فەرەنسا بۆ ئەم کتێبەی چاوەڕواندەکرد. ئەو پرۆفیسۆرە سویدییەی فۆکۆ چەند بەشێکی بڕوانامەکەی دەخاتە بەردەست تەواو لە ئوسلوب و شێوازی بیرکردنەوەی فۆکۆ سەرسامدەبێت، بەڵام ئەو باوەڕی وادەبێت ئەم تێزانە زیاتر لە ئەدەبەوە نزیکن تا زانست، لەبەر ئەم هۆیە بڕوانامەکە قبووڵناکات. ئەو پرۆفیسۆرە خۆی مامۆستایەکی پۆزەتیڤیستی تەقلیدی دەبێت و ناتوانێت لە نوێکارییەکانی ناو کتێبەکەی فۆکۆ تێبگات. دواجار فۆکۆ نامەیەکی بۆ دەنوسێت و پێیدەڵێت "من مێژووی زانستی"سایکۆلۆژیا نانووسمەوە، بەڵکو مێژووی کۆمەلایەتی، ئەخلاقی و مێژووی ئەو وێنە سیاقییە دەنوسمەوە کە تێیدا زانستی سایکۆلۆژیا هاتۆتەکایەوە و گەشەیکردوە" (هـ. س. پ. ل ١٠٥). یەکێک لە هۆکارەکانی بەجێهێشتنی سوید و چوونیشی بۆ پۆلەندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ڕەفزکردنەی کتێبی مێژووی دێوانەیی لە سوید. چەندان ساڵ دوای ئەم ڕووداوی ڕەفزکردنە و دوای بەناوبانگبوونی فۆکۆ لە دنیادا ئەو پرۆفیسۆرەی بڕوانامەکەی فۆکۆ ڕەفزدەکات و ڕازینابێت لە ئۆپسالا دکتۆرا بە فۆکۆ بدات، لەلایەن زانکۆی ئۆپسالاوە تووشی لێپرسینەوە دەبێت. لەو لێپرسینەوەیەدا گلەیی ئەوەی لێدەکرێت کە چۆن دەقێکی وا گرنگ و کەموێنەی ڕەفزکردوە و گرنگییە فیکرییەکانی نەبینیوە. (هـ. س. پ. ل١٠٦)

مێژووی دێوانەیی بە پلەی یەکەم کتێبێکە دژ بەو دیدەی کە پێیوایە ئەو گۆڕانە گەورانەی لە سەدەی هەڤدەهەمدا لە پەیوەندی نێوان عەقڵ و دێوانەییدا دێنەکایەوە لە جەوهەردا تەعبیرن لە پێشکەوتنێکی ئەخلاقی و هاتنەکایەی دنیایەکی ئینساندۆستانە (هیومانیستانە). فۆکۆ لە مێژووی

دێوانەییدا لە هاتنەکایەی دنیایەکی نوێ و شێوازێکی نوێی دەسەڵات و پەیوەندییەکی نوێی نێوان دەسەڵات و مەعریفە ئەدوێت. ئەم کتێبە لەو پەیوەندییە ئەدوێت کە دکتۆرەکان بە نەخۆشەکانیانەوە دەبەستێتەوە، دکتۆرەکان وەک نوێنەری عەقڵ و دەسەڵات و نەخۆشەکانیش وەک نوێنەری دێوانەیی. بەبۆچوونی فۆکۆ ئەم پەیوەندیە تایبەتە دەبێتە بنەمای هاتنەکایەی مۆدێلێکی نوێی دەسەڵات کە پایەکانی خۆی لەسەر زانستە ئینسانییەکان دەچەسپێنێت. لەم پەیوەندییەدا فۆکۆ لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و مەعریفی و ئەخلاقییە ئەدوێت کە تێیدا ماناکانی دێوانەیی و ماناکانی هاتنەکایەی زانستی سایکۆلۆژیا لەدایکدەبن فۆکۆ بە دورودرێژی لەو مانا گرنگانە ئەدوێت کە دێوانەیی بۆ هاتنەکایەی شوناسی عەقڵ و هەموو فەلسەفەی عەقڵانییەت هەیبووە.

لەم کتێبەدا فۆکۆ ئەو ساتەوەختە دەستنیشاندەکات و لێکدەداتەوە کە لەسەدەی هەڤدەهەمدا و لەپڕێکدا دابەشبوون و جیاکردنەوەیەکی گەورە لەنێوان عەقڵ و دێوانەییدا دروستدەبێت. ئەم دابەشبوونە شێوەیەکی دەزگایی دەگرێتەخۆی و یەکەمین خەستانە بۆ نەخۆشی دەروونی و بیمارانی ڕۆحی دروستدەکرێت. لەم نەخۆشخانانەدا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژئاوادا بیماری ڕۆحی و بیماری دەروونیی دەبنە بابەتێک کە دکتۆرەکان کاری لەسەربکەن و پێوەی خەریکبن. شێتخانە وەک دەزگا، وەک دامەزروێکی دابڕاو لە کۆمەڵگا، وەک شوێنێک بۆ شاردنەوە و جیاکردنەوەی ئەوانەی بە بیمار ناودەبرێن، دروستدەکرێت.

فۆکۆ دەڵێت لەم ساتەدا بۆ یەکەمین جار ئەوانەی بە دێوانە ناونووسدەکرێن هەم دەشاردرێنەوە و هەم لە شوێنێکیشدا کۆدەکرێنەوە. شێتخانەکان دەبنە سومبولی بەشە نەخۆشەکەی کۆمەڵگا و دەرەوەی شێتخانەکانیش دەبێتە سەرزەمینی عەقڵ و عەقڵانییەت. لەو ساتەدا و بۆ یەکەمین جار پەیوەندیەکی پێچەوانە و ئاڵۆز لەنێوان عەقڵ و دێوانەییدا دروستدەبێت، عەقڵ بۆ ئەوەی وێنەکان و ماناکانی خۆی بسەلمێنێ و لەوێوە شوناسی خۆی وەک شوناسی باڵادەست دەستنیشانکات، دێوانەیی دەکاتە دژەدیوی خۆی و دەزگای بۆ دروستدەکات و لەشوێنێکدا کۆیدەکاتەوە و دەیشارێتەوە و دیسپلینی دەکات. بەبۆچوونی فۆکۆ ئەمە یەکەمینجارە لە مێژووی ڕۆژئاوادا کۆمەڵگا بۆ بەرگریکردن لە شوناسێکی دیاریکراو بەشێک لە خۆی بشارێتەوە و بەم شاردنەوەیەشی دنیایەک تووڕبداتە دەرەوەی خۆیەوە کە لە قۆناغەکانی پێشتردا بەشێک بووە لە خودی کۆمەڵگا خۆی. لە سەدەی هەڤدەهەمدا و لەناو ئەو دەزگا نوێیانەدا، وەک فۆکۆ نیشانمان ئەدات، لە سەد کەس یەک کەسی خەڵکی پاریس بەناوی دێوانەییەوە لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا دەگیرێن و لەیەکێک لەو شێتخانە زۆرانەدا کۆدەکرێنەوە.

لە مێژووی سایکۆلۆژیا و ئەخلاقی تەقلیدیدا ئەم گۆڕانکارییە تازانە وەک پێشکەوتنێک لە ئەخلاق و گەشەیەک لە کولتوور و بەرەوپێشەوەچوونێکی ئینساندۆستانە ئەدرێنە قەڵەم. ئەوەی فۆکۆ لەم کتێبەدا نیشانمانئەدات گومانکردنە لەم مەسەلانە، گومانکردنە لەوەی بنیادنانی ئەو دەزگا داخراو و پڕکراو لە ئینسانی جیاجیا بە ناوی دێوانەییەوە بەشێکبێت لە پرۆسەی گەشەکردنی ئەخلاق و بەرەوپێشەوەچوونی زانست و هاتنەکایەی ئینساندۆستی. بەم گومانەشی فۆکۆ گومان لە بەشێکی گەورەی فەلسەفە و فیکری ڕۆژئاوایی دەکات. بەباوەڕی فۆکۆ هاتنە کایەی ئەو گۆڕانانە لە سەدەی هەڤدەهەمدا بەشێک نین لە هیومانیزم و گەشەی ئەخلاق و گەشەی کولتوور، بەڵکو لە جەوهەردا هێمان بۆ هاتنەکایەی شێوەیەکی نوێی دەسەڵات و لەدایکبوونی دنیایەک کە تێییدا چاودێری و دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی دەروونی دەبێتە پایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەعریفییەکانی. بەباوەڕی فۆکۆ لەپشتی دروستکردنی شێتخانەکانەوە تەنها پێشکەوتنی زانستی پزیشکی ئامادە نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا پرۆژەی دابڕاندن و پەڕگیرکردن و شاردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگاش ئامادەیە کە بەناوی دێوانەییەوە دەبرنێە ناو ئەو دەزگا پزیشکییە تازە دروستکراوانەوە. کتێبی مێژووی دێوانەیی نیشانمانئەدات کە مەبەستی سەرەکی لە کردنەوەی شێتخانەکان بەرهەمهێنانی ئینسانی 'ئاساییە'، گێڕانەوەی کەسە 'نائاسایی' یەکانە بۆسەر ڕێگای ڕاست و کردنەوەیانە بە 'کەسانی ئاسایی'. لە

دیدی فۆکۆ وە ئەم شێوە تازەیەی مامەڵەکردنی نەخۆش و بیمارانی دەروونی لەهەمانکاتدا هێمایەکی ئاشکرای هاتنەکایەی جۆرێکی نوێی دەسەڵاتە کە کاری سەرەکی چاودێریکردنی ڕۆحیی ئینسان و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ناوەکیی ئەو ڕۆحەیە بەو جۆرەی کە ستراتیژە باڵادەست و نوێکانی دەسەڵات دەیخوازن. ئەم ستراتیژەی دەسەڵاتە کە دواجار لە سەدەی بیستەمدا و لە پەرگیرترین شێوەیدا، دەڵێم پەرگیرترین شێوەیدا نەک لە هەموو شێوەکانیدا، نازیزم و فاشیزمی لێدەکەوێتەوە. لەم مۆدێلەدا شێوە دەسەڵاتی دکتۆر لە پەیوەندیدا بە نەخۆشەوە دەبێتە ئەو مۆدێلە تازەیەی دەسەڵات کە لەسەر بناغەی دیسپلینکردنی تاک و گروهەکان کاردەکات و شێوازێکی تایبەتی فەرد و فەردانییەت بەرهەمدەهێنێت و مۆدێلێکی تایبەتی 'ئاساییبوون'یش پێشنیاردەکات. گرنگی ئەم کتێبەی فۆکۆ لەوەدایە هاتنەکایەی ئەم شێوازە نوێییەی مامەڵەکردنی دێوانەکان، بەپێچەوانەی هیومانسیتەکانەوە، وەک شێوەیەک لە گەشەکردنی ئەخلاقی و دەزگایی بێگوناه نابینێت، بەڵکو لەپشتییەوە هاتنەکایەی ئەو شێوە مۆدێرنەی دەسەڵات دەبینێت کە لە پاڵ عەقڵ و عەقڵانییەت و مەعریفەی نوێدا میکانیزمەکانی دیسپلینکردن و کۆنترۆڵ و چاودێریکردن بەرهەمدەهێن.

کەوابوو دێوانەیی لای فۆکۆ بە تەنها بە مانای شێتیتی نایەت، وەک کاک مەلا بەختیار بە هەڵە تێیگەیشتوە، بەڵکو بە مانای هەموو ئەو شتانە دێت کە دۆخێک لە دۆخەکانی عەقڵ بە ناعەقڵانی و دۆخێک لە دۆخەکانی مانا بە بێمانای لە قەڵەمئەدات، (هـ. س. پ. ل ١٤١). دێوانەیی مانای جۆرێک لە ئەخلاق و فیکر و بیرکردنەوە و خەیاڵ کە لەگەڵ فۆرمە باڵادەستەکانی مانا و ئەخلاق و خەیاڵ و عەقلانییەتدا نەگونجێت. دێوانەیی مانای دیدی ئەوانەی کە دەکەونە پاشخانی کۆمەڵگاوە و وێناکردنێکی دیکەیان بۆ دنیا و دیاردەکان هەیە کە ناکۆک یان جیاوازە لە وێناکردنە باڵادەستەکانی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی. هەر لێرەشدا ئەوە وەبیر خوێنەر دەهێنمەوە کە ئەو عەقلانییەتەی لەناو ئەوروپادا دێوانەیی بە شێتبوون ناونووسدەکرد و دەزگای دیسپلین و کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی بۆ دروستدەکرد، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەدەرەوەی ئەوروپادا زۆربەی گەلانی دنیایان بە گەلانی نا عەقلانیی و دێوانە دەدایە قەڵەم کە دەبێت لە ڕێگای کۆلۆنیالیزمەوە بهێنرێنەوە سەر ڕێی ڕاست و بکرێنەوە بە 'ئینسانی ئاسایی'. ئەم خاڵە گرنگەی فیکری فۆکۆیە دواجار لای ئێدوارد سەعید دەبێتە مەنهەجی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندیەی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە گرێدەدات و وا لە سەعیدیش دەکات یەکێک لە کتێبە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم بنوسێت، مەبەستم کتێبی "ئۆریانتالیزم" یان "ڕۆژهەڵاتناسیی" یە.

کەوابوو فۆکۆ لەکتێبی مێژووی دێوانەییدا نامانباتە ناو دنیای شێتێتییەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر عەقڵ، نا ئەو دەخوازێت بمانباتە ناو ئەو سەرزەمینەوە کە تێیدا ستراتیژێکی عەقلانی دیاریکراو، بۆ بنیادنانی شوناسی خۆی وەک شوناسێکی عەقلانی باڵادەست، دنیایەک لەدەرەوەی خۆیدا دروستدەکات و ناویدەنێت دێوانەیی. فۆکۆ بەهیچ مانایەک دژ بە عەقڵ و عەقلانییەت نییە، بەڵام لەو ڕاستییە ئاگادارماندەکاتەوە کە دەشێت لە پشتی کارکردنی عەقڵەوە ستراتیژەکانی چاودێری و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردن ئامادەبن. فۆکۆ تەنانەت ئەم ستراتیژانەی دەسەڵات بە خراپ ناونووسناکات، چونکە لە دیدی ئەودا دواجار هەر ئەم شێوە تازانەی دەسەڵاتن کە تاکەکەس و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر دەسکەوتی دیکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا فەراهەمدەکەن، ئەوشتەی فۆکۆ دژایەتی دەکات گۆڕانی ئەم شێوە تازەیەی دەسەڵاتە بۆ دەسەڵاتێک کە تێیدا هیچ خاڵێک بۆ بەرگریکرن نەمێنێتەوە و خۆی لە فۆرمی هەیمەنەیەکی تەواو و دەزگای داخراو و تەکنیکی تۆتالیتاریانەی دیسپلینکردندا ئامادەکات.

تێزێکی گرنگی دیکەی فۆکۆ لەکتێبی مێژووی دێوانەییدا ئەوەیە کە عەقڵ شتێکی موتڵەق نییە و وەک زۆر شتی دیکە مێژووی هەیە و هەرجارەی لە پەیوەندیدا بە شتێکی دیکەوە شوناسی خۆی دیاریدەکات. فۆکۆ نیشانمان ئەدات هەمیشە عەقڵ لەدەرەوەی خۆیدا ناعەقڵێکی تایبەتی

دروستکردوە کە نەیتوانیوە و نەیویستوە بەشێوەیەکی دیالێکتیکیانە لەگەڵیدا یەکبگرێت. بەباوەڕی فۆکۆ خودی ئەو ناعەقڵانەش وەک خودی عەقڵ خۆی مێژوویەکی تایبەتیان هەیە. بەم مانایە دێوانەیی بریتییە لەو سنوورەی کە عەقڵ سەرزەمین و کایەکانی خۆی پێ لە دەرەوەی خۆی جیادەکاتەوە. دێوانەیی ئەو دەرەوەیەیە کە ڕێی پێنادرێت بێتە ناوەوەی عەقڵ، دێوانەیی مانایەکە کە نابێت بێتە ڕیزی ئەو مانا دانپیانراو و قبووڵکراوانەوە کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوەدا ئامادەن. بۆئەوەی ماناکانی دێوانەیی لە خەیاڵی خوێنەری کورد نزیکەمەوە لێرەدا نموونەی پەیوەندی بەرگریی کوردیی و دەسەڵاتی بەعس دەهێنمەوە. هەمووومان دەزانین بەعس لەپاڵ تاوانبارکردنی بەرگریکارانی کورد دا بە خیانەت و یاخیگەری و نۆکەرایەتی، هەمیشە تۆمەتی دێوانەییشی داوەتەپاڵیان. (هدۆلە مجانین) یەکێک لەو دەستەواژە تایبەتانەیە بەردەوام بەعس بۆ پێناسکردنی بەرگری کوردی لە عێراقدا بەکاریهێناوە. دێوانەیی بەرگری کوردیی، لە دیدی بەعسدا، لەوێوە هاتووە ئەم بەرگرییە هەڵگری هەقیقەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دیکەیە کە لەگەڵ هەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەعسدا ناگونجێت. ئەم دوو جۆرە لە هەقیقەت لە پەیوەندیەکی ململانێکەر و دژایەتیکەر و یەکدی نەفیکەردان. لەم سیاقەدا دێوانەیی مانای شێتێتی یان بێعەقڵی نییە، بەڵکو دێوانەیی ناونانێکە کە لەپشتیەوە هێزێکی دیاریکراو نایەوێت کۆمەڵێک هەقیقەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریی دیکە قبووڵکات کە لەگەڵ هەقیقەتە باڵادەستەکانی خۆیدا یەکانگیرنین. عەقڵانەیتی بەعسیزم کە عەقڵانیەتی بەرگری کوردی قبووڵ ناکات ڕاستەوخۆ بە دێوانەیی تاوانباری دەکات. هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە دەگیران و بەعس زیندانی دەکردن لە زیندانی ئیسلاحییەدا بەند دەکران و وەک نەخۆشی سایکۆلۆژی و دێوانە مامەڵەدەکران و دەبوایە لە زیندانەکانی بەعسدا ببنەوە بە مرۆڤی ' ئاسایی'.

وەک گوتم زەحمەتە بتوانین ئەم کتێبە کووربتکەینەوە و ماناکانی بە کورتی بخەینە بەردەستی خوێنەران، بەڵام وەک ئاشکرایە کاک مەلا بەختیار نە لە مەغزا و گرنگی ئەم کتێبەی فۆکۆ تێگەیشتوە و نە دەزانێت بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی ئەم کتێبە لەکوێدایە و نە ئاگادارە کە ڕۆحە ڕەخنەیی و گرنگییە مەنهەجییەکانی لە کوێدان.

کاک مەلا بەختیار دوای ئەم شێواندنە گەورەیەی کتێبی مێژووی دێوانەیی و کورتکردنەوەی بۆ ئەو چەند دێڕە نائومێدە ڕاستەوخۆ دەنووسێت: "لەم کورتە پێناسەیەوە (مەبەستی پێناسی کتێبی مێژووی دێوانەییە ـ مەریوان) ، وا چاکە بێینە سەر گەوهەری فیکری فۆکۆ لەسەر دەسەڵات، کە مەبەستی سەرەکی باسەکەیە." ( مەلا بەختیار ١٩٨٩: ٣٧٤) لە دوای ئەم دێڕەوە ئیدی خوێنەر چاوەڕێی ئەوەیە کاک بە ختیار "گەوهەری فیکری" فۆکۆی دەربارەی دەسەڵات بۆ شیبکاتەوە، ئەو بۆچوونە تازانەی بۆ شیبکاتەوە کە فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات و میکانیزمەکانی کارکردنی و ئەو پەیوەندییانەی کە دەسەڵات و مەعریفە بەیەکەوە گرێدەدات، لێکبداتەوە. یان لانیکەم بەشێوەیەکی گشتی هێڵە گشتییەکانی تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ نیشانبدات و ئەو فۆرمە جیاوازانەی دەسەڵات بخاتە ڕوو کە فۆکۆ قسەیان لەسەر دەکات. یان گەر ئەمانەش ناکات لانیکەم پێمانبڵێت لە کوێدا بیری فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات لە بیری فەیلەسوفەکانی بەر لە خۆی جیاوازە. ئاخر دەربارەی ئەم بابەتانە مەکتەبەی عەرەبی و فارسی پڕن لە کتێب و لە مەکتەبەی کوردیشدا چەند نووسینێکی باش نووسراون. بەڵام کاک مەلا بەختیار لێرەشدا خوێنەر تووشی نائومێدییەکی گەورە دەکات و " گەوهەری فیکری فۆکۆ"، کە فۆکۆ لە سەدەها لاپەڕەدا دەربیبڕیوە و فۆکۆ ناسەکانیش بە هەزاران لاپەڕەیان دەربارە نووسیوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە سێ دێڕ و نیودا بەم شێوەیە کورتدەکاتەوە: "فۆکۆیەک بەو شێوەیە بڕوانێتە سەردەمی ڕۆشنگەری و گیانی مۆدێرنێتەیە پێی وابێ ڕۆشنگەری دەستی هەبووە لە سەرکوت کردنی شێت و شێتی لە مەعریفەی ڕابوردوو دابڕیووە و بەستویەتیەوە بە نەخۆشییەکانەوە. تێزی لەم بابەتە ئاخۆ تۆ بڵێی جگە لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵییە لاوەکییەکان، دەسەڵاتی سیاسی پێ باش بێ؟" (هـ. س. پ ل ٣٧٤).

ئەم چواردێڕە هەموو قسەی کاک بەختیارە لەسەر جەوهەری فیکری فۆکۆ، ئەمە هەموو ئەو قسانەیەتی کە لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ دەیانکات. کاک بەختیار لەپاڵ ئەم چوار دێڕەی خۆیدا ئیقتیباسێکی حەت دێڕ و نیوی دەهێنێتەوە کە لەلایەن مەتاع سەفەدییەوە نوسراوە و ئەو بەزۆری زۆرداری دەیکاتە هی فۆکۆ. ئەم ئیقتیباسەش چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندی نییە بە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆوە. ئەم ئیقتیباسە لای مەتاع سەفەدی، نەک لای فۆکۆ، پەیوەندی بە قسەکردن لەسەر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەوە هەیە کە زانستە ئینسانییەکان بە تەکنۆلۆژیاوە گرێدەدات. هەموو خوێنەرێکی دەرەجە پێنج و شەشی فۆکۆ دەزانێت ئەم ئیشکالیەتە فیکرییە تەواو جیاوازە لە ئیشکالیەتی دەسەڵات و بەتایبەتی لە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ. دواجار مەتاع سەفەدی چیدەڵێت و چۆنی دەڵێت چ پەیوەندییەکی بە فۆکۆوە هەیە، مەتاع بەوە بەناوبانگە کە ناسیۆنالیستێکی عەرەبی پەڕگیرە و قسەکردنیشی لەسەر فۆکۆ دابڕاو نییە لە ڕەخنەی ناسیۆنالیستانەی عەرەبی لە ڕۆژئاوا. بە کورتی کاک مەلا بەختیار لەباتی ئەوەی تۆزقاڵێک خۆی ماندووکات و هەوڵدات بگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی فۆکۆ خۆی لەسەر دەسەڵات، کە هەزاران لاپەڕەن، و خەتەکانی تیورەی دەسەڵاتمان لەوڕێیەوە نیشانبدات، کەچی دەچێتە سەر چەند دێڕێکی مەتاع سەفەدی و بەزۆری زۆرداری کردویەتییە ڕاو بۆچوونی میشیل فۆکۆ. وەک وتیشم کۆمیدیاکە لەوەدایە ئەو دێڕانە چ لە دوور چ لەنزیک پەیوەندیان بە تیورەی دەسەڵاتەوە لای فۆکۆ نییە و لە ئیشکالیەتێکی دیکە ئەدوێن دوور لە ئیشکالیەتی دەسەڵات. بەڵام با واز لەم لایەنە ئاڵۆزەی فیکری فۆکۆ بهێنین و تەماشای ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بکەین کە کاک بەختیار نووسیویەتی.

ئەم پەرەگرافەی کاک بەختیار ئەوەندە هەڵەیە ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەکانی نووسینی کتێبێکی دەوێت. زێدەڕەویناکەم کە دەڵێم چاککردنەوەی ئەم هەڵانە پێویستی بە نووسینی کتێبێک هەیە، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەم پەرەگرافە چاککاتەوە ناچارە بەهەموو ئەو چەمکانەدا بچێتەوە کە کاک بەختیار لەو چەند دێڕەدا بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی بەکاریهێناون. مەبەستم لەو چەمکانەش چەمکەکانی دێوانەیی، دەسەڵات، ڕۆشنگەری، مۆدێرنە، نەخۆش، سەرکوتکردن، مەعریفە، دەسەڵاتی لۆکاڵی و دەسەڵاتی سیاسییە. ئەم چەمکانە بەشێکی گەورەی ئەو چەمکە فەلسەفییانەن کە فۆکۆ لە زیاد لە کتێبێکیدا کاری لەسەرکردون و بەهۆیانەوە هێڵە گشتییەکانی فیکری خۆی نیشانداوین. ئەم چەمکانە لای فۆکۆ مانای تایبەتیان هەیە و لەناو نەسەقی فیکری ئەو فەیلەسوفەدا بارگاوین بە دەیان دەلالەتی جیاجیا کە بەداخەوە من لێرەدا مەودای نیشاندانیانم نییە و خوێنەر دەتوانێت بە گەڕاندنەوە بۆ کتێبەکانی فۆکۆ ئەو مانایانەی بۆ ئاشکراببێت. کاک مەلا بەختیار هەموو ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەداتە پاڵ یەکدی و بەهیچجۆرێک مانا و دەلالەتەکانیان دەستنیشانناکات. ئەمە جگە لەوەی کاک مەلا بەختیار هەموو ئەم چەمکانەی وەک ووشەی ڕووت و لە بەکارهێنانە ڕۆژانەییەکانیاندا بەکارهێناوە. هەموو خوێنەرێکی ڕاستەقینەی دەقە فەلسەفی و فیکرییەکان ئەو ڕاستییە دەزانێت کە مەسافەیەکی مەعریفی و دەلالی گەورە هەیە لەنێوان مانای ووشەکاندا وەک ووشەی ناو زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە و ماناکانیان کاتێک دەبن بە چەمکی ناو دەقە فەلسەفییەکان. قسەی ڕۆژانە جیایە لە قسەی ناو دەقە فەلسەفییەکان. چەمک بارکردنی ووشەیە بە کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی تایبەت لە پەیوەندیدا بە مانا و دەلالەتی کۆمەڵێک چەمکی دیکەوە، چەمک ووشەی ڕووت نییە و ماناکانی چەمکی دەسەڵات لای فۆکۆ زۆرجیاوازە لە ماناکانی ووشەی دەسەڵات لە بەکارهێنانە ڕۆژانەییەکەیدا. دێوانەیی، وەک لە سەرەوەش نیشانماندا، لە زمانی ڕۆژانەدا مانایەکی هەیە و لای فۆکۆ کە دەبێت بە چەمک و مانایەکی دیکە دەگرێتە خۆی. کاک مەلا بەختیار نەک گوێ بەم ڕاستییە فیکری و مەنهەجییانە نادات، بەڵکو ئەو خۆی چۆن لە مانا گشتییەکانی ئەو ووشانە تێدەگات، ئاواش سەپاندونی بەسەر فیکری یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەمدا. دێوانەیی کە لای کاک مەلا بەختیار یەکسانە بە شێتی، لای فۆکۆ چەمکێکە لەیەککاتدا هێما بۆ شێوازێکی نوێی دەسەڵات و پێکهاتێکی دیاریکراوی مەعریفە و پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان

دەسەڵات و مەعریفە و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەکات کە لە چەمکی زات و ئەخلاقی تەقلیدیی و دیدێکی هیومانیستی سوونەتییەوە دەستپێناکات. کێشەی کاک مەلا بەختیار لەوەدایە دەرک بەم جیاوازییە گرنگانە ناکات کە سەر بە ئەلفوبای خوێندنەوەی مەنهەجی دەقە فیکریی و فەلسەفییە جیاجیاکانە.

بەکورتی کاک مەلا بەختیار کە لە کتێبی مێژووی دێوانەیی تێنەگەیشتوە و لە پێنج دێڕ و نیودا و بەشێوەیەکی سەرسورِهێنەر بێبایەخ و بێنرخی دەکات، ڕاستەوخۆ بابەتەکە دەگوازێتەوە و دەچێتە سەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ، کە بەکرۆکی باسەکەی خۆی دەداتە قەڵەم. سەیر لەوەدایە کاک مەلا بەختیار هەر ئەم پێنج دێڕ و نیوەش دەکاتە سەرچاوەی ڕا و بۆچوونی فۆکۆ بەرامبەر ڕۆشنگەری و گیانی 'مۆدێرنێتە'. واتە کاک مەلا بەختیار ئەم پێنج دێڕ و نیوە جارێک بۆ ناساندنی کتێبی مێژووی دێوانەیی بەکاردەهێنێت، جارێکی دیکە وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسینی بیر و ڕای فۆکۆ بەرامبەر بە ڕۆشنگەری و جارێکی دیکە وەک سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونی فۆکۆ بەرامبەر بە گیانی مۆدێرنیەتە بەکاریدەهێنێت. لەڕاستیدا شتی وا هەر لە توانای کاک مەلا بەختیاردایە، هەر ئەوە ئەتوانێت لە پێنج دێڕ و نیودا لەسەر ئەو هەموو کێشە فەلسەفییە گەورانە بنووسێت کە لای فۆکۆ بە سەدەها لاپەڕەیان ویستووە تا تەعبیریلێکردون. (تکایە خوێنەری بەڕێز ئەوەت لەیاد نەچێت کە کاک مەلا بەختیار زۆر نارەزایە بەرامبەر بەوەی کە ڕەخنەی کوردی کوورتنەفەسە و ئەم هاتوە تا ڕەخنەی درێژ بنووسێت!!!). بێگومان بۆ خوێنەرێکی سادەی فیکری فۆکۆ ئاشکرایە کە هەریەکێک لەم بابەتانە بابەتی جیاوازن و بۆ قسەکردن لەسەر هەریەکێکیان پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ بەشێکی زۆری نووسینەکانی فۆکۆ هەیە.

با لە تێڕوانینی فۆکۆوە بۆ ڕۆشنگەری دەستپێبکەین. کاک بەختیار لە نیودێڕدا و بەشێوەیەکی کاریکاتێری تێڕوانینی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری بۆ ئەوە کورتکردۆتەوە گوایە دەستی هەبووە لە سەرکوتکردنی شێتەکاندا و شێتی لە مەعریفەی ڕابووردو دابڕیوە.

سەرەتا کتێبی مێژووی دێوانەیی، وەک ووتم، کتێبێک نییە دەربارەی ڕۆشنگەری و هەڵوێستی فۆکۆ لە ڕۆشنگەری، بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی فۆکۆ دەربارەی ڕۆشنگەری ئێمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵێک نووسینی دیکەی فۆکۆ کە ڕاستەوخۆ لەسەر ڕۆشنگەری و ماناکانی ڕۆشنگەری و گرنگی ڕۆشنگەری نووسیونی. وەک لە لاپەڕەکانی پێشودا نیشانماندا ڕۆشنگەری یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی فیکری فۆکۆیە و فۆکۆ بەمانا "کانت" یەکەی فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە. بەڵام با جارێ ئەم مەسەلەیە هەڵگرین بۆ دواتر و ڕاستەوخۆ لەو چەند دێڕەی کاک بەختیار ڕامێنین.

وەک پێشتریش ووتمان فۆکۆ ناڵێت ڕۆشنگەری شێتەکان سەرکوتدەکات، ئەو دەڵێت لە ڕۆژگاری ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەریدا شێوەیەکی نوێی دەسەڵات دێتەکایەوە کە پایەکانی لەناو زانستە ئینسانییەکاندایە و لەپاڵ میکانیزمەکانی چاودێری و دیسپلین و کۆکردنەوە و شاردنەوەدا کاردەکات، نەک سەرکوتکردن. چاودێری و دیسپلینکردنیش سەرکوتکردن نیین، بەڵکو بەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەتی کەسایەتی و زاتییەتە و مۆدێلێکی تایبەت بۆ ئاساییبوون و نا ئاساییبوون بەرهەمدەهێنن کە پەیوەندیان بە سەرکوتکردنەوە نییە. کاک مەلا بەختیار دەڵێت گوایە فۆکۆ وتوویەتی ڕۆشنگەری شێتی لە مەعریفەی ڕابووردو دابڕیوە، بەڵام ئەوەی کاک مەلا بەختیار لێیبێدەنگە و باسیناکات 'مەعریفەی ڕابردوو' ە، ئەم مەعریفەیە چییە و کامەیە و ڕۆشنگەری چۆن ئەم دابڕانەی بە ئەنجامگەیاندوە و ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بە دێوانەییەوە هەیە، هەموویان لە باسکەی کاک مەلا بەختیاردا بێوەڵامن.

بەهەرحاڵ من لەم ڕستەیەی کاک مەلا بەختیار تێناگەم و نازانم یانیچی 'ڕۆشنگەری شێتی لە مەعریفەی ڕابووردو دابڕیوە'. من کە دەڵێم لەم ڕستەیە تێناگەم لەهەمانکاتدا دەزانم فۆکۆ لە سیاقێکی تایبەتدا گوتوویەتی مۆدێرنە گوتارێکی تایبەتی دەربارەی دێوانەیی هێناوەتە کایەوە، لەم

گوتارەدا دێوانەیی، کە لای فۆکۆ یەکسانە بە هەموو بیرکردنەوە و وێناکردن و فانتازیا و هەقیقەتێک کە لەگەڵ بیرکردنەوە و فانتازیا و وێناکردن و هەقیقەتی باڵادەستا نەگونجێت، دەبێتە مەسەلەیەکی پزیشکی و دەزگای شاردنەوە و کۆکردنەوە و گلدانەوەی بۆ دروستدەکرێت. فۆکۆ هاتنەکایەی ئەم دەزگا نوێیانە و کردنی دێوانەیی بە نەخۆشییەکی سایکۆلۆژی و بەخشینی چارەسەرەکەشی بە سایکۆلۆژیا دەکاتە سەرەتای ئەو تیورە نوێیەی کە دەربارەی دەسەڵات لە کتێبەکانی دواتریدا بەرهەمیدەهێنێت، دەسەڵاتێک کە پایەکانی لەناو مەعریفەی مۆدێرن و تێز و تیورە تازەکاندایە نەک لەناو ستراتیژەکانی سەرکوتکردن و قەدەغەکردن و سزادانداا. بەڵام هەموو ئەم تازەکارییانەی فۆکۆ لەکوێ و ئەو گاڵتەپێکردنە لە کوێ کە دەڵێت ڕۆشنگەری لای ئەم پیاوە مانای سەرکوتکردنی شێتەکان. من بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گاڵتەکردنەی کاک بەختیار بە فیکری ئەم فەیلەسوفە ناچارم وەستانێکی درێژ لەسەر ڕۆشنگەری ڕاوەستم. ئاخر تۆ بڵێی کاک مەلا بەختیار ڕاستبکات و فۆکۆ ڕۆشنگەری بەو شێوە ببینێت کە ئەو باسیدەکات؟ تۆبڵێی ڕۆشنگەری لای فۆکۆ بریتیبێت لە ڕۆژگاری سەرکوتکردنی شێتەکان؟ تۆبڵێی بۆچوونەکانی کانت دەربارەی ڕۆشنگەری، کە تاڕادەیەکی زۆر هەمان بۆچوونی میشێل فۆکۆن دەربارەی ڕۆشنگەری، کۆمەڵێک بۆچوون بن بەرامبەر شێت و شێتێتی؟

تۆبڵێی کاک مەلا بەختیار بەڕاستیبێت کە دەڵێت ڕۆشنگەری لای فۆکۆ مانای سەرکوتکردنی شێتی و شێتەکان؟ من نایشارمەوە لێرەدا و لەبەردەم ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیاردا جگە لە پاشاگەردانییەکی مەعریفی گەورە و سوکایەتییەکی بێسنوور بە فیکر و غیابی سادەترین شێوازی بەرپرسیارییەتی مەعریفی هیچیدی نابینم. لە ڕاستیشدا شەرم دەکەم لەوەی کە ئەمجۆرە ڕستانە بەزمانی نەتەوەکەی من نووسراوە و بۆ خوێنەری نیشتیمانەکەی من نووسراون. ئاخر بیروبۆچوونی فۆکۆ لەسەر ڕۆشنگەری یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی گفتوگۆی فەلسەفی و فیکریی هەفتاکان و هەشتاکانە. لەسەر ئەم مەسەلەیەش دەیەها ووتار و چەندەها کتێب بە زمانە جیاجیاکانی دنیا نووسراون. کاک مەلا بەختیار تەنانەت زەحمەتی ئەوەشی نەکێشاوە بۆ ئەو ووتارە کوردیانەش بگەڕێتەوە کە لەسەر ئەم بابەتانە لە کتێبخانەی کوردیدا ئامادەن. لەگۆڤاری ( ئازادی) ژمارە چواری ساڵی ١٩٩٤ دا هەم ووتارە بەناوبانگەکەی کانت لەسەر ماناکانی ڕۆشنگەری و هەم تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ئەو ووتارە و بۆ ڕۆشنگەری لەلایەن نووسەرانی گۆڤارەکەوە وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی و لە ژمارە دووی گۆڤاری (دەروازە) ی دانیمارکیشدا کاک ڕێبوار سیوەیلی و من جارێکی دی هەردوو وتارەکەمان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە).

ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار لەسەر تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری لە بێئاگاییەکی گەورەوە لە فیکری فۆکۆ و ئەو گفتوگۆ و لێدوانە فیکری و فەلسەفییانەوە هاتووە کە زیاد لە بیست ساڵە لە ئارادان. بۆیە من لە خاڵی داهاتوودا هەوڵئەدەم بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرەکانی ڕۆشنگەری بدوێم و دواتریش نیشانی بدەم فۆکۆ چ دید و تێگیشتنێکی بۆ ڕۆشنگەری هەیە. بەم کارەشم هیوادارم خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرابێت کاک مەلا بەختیار چ سووکایەتییەکی بە فیکری ئەم فەیلەسوفە کردوە.

بێگومان مەبەستی سەرەکی کاک بەختیار لە تاوانبارکردنی فۆکۆ بە دژایەتیکردنی ڕۆشنگەری لەوێوە هاتووە، گوایە کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی و من و نوسەرەکانی دیکەی ڕەهەند بەشێوەیەکی گشتی سەر بە فیکری فۆکۆین و فۆکۆش دژ بە ڕۆشنگەرییە، بۆیە ئێمەش دژ بە ڕۆشنگەری و پێشکەوتنی کورد و کۆمەڵگای کوردین. بەدیوی ئەودیویشدا ئەوەی ڕۆشنگەرە و ئەوەی بەتەنگی کۆمەڵگای کوردییەوەیە کاک مەلا بەختیارە کە بە حیسابی خۆی فیکری فۆکۆی "شەن وکەو" کردوە و ڕاستی لەهەڵە بۆ جیاکردوینەتەوە. با واز لەم کۆمیدیایە بهێنین و بزانین پەیوەندی نێوان میشێل فۆکۆ و ڕۆشنگەری چۆنە؟

## ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرەکانی

سەرەتا با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفە گرنگانەی ڕەخنەیان لە ڕۆشنگەری گرتووە. بەڵام ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری تەقلیدێک نییە فۆکۆ دایهێنابێت، ڕەخنە لە ڕۆشنگەری مێژوویەکی درێژی هەیە و ڕۆشنگەرەکان خۆیان لەنێو خۆیاندا ڕەخنەیان لە یەکدی گرتوە و دوای ئەوانیش بەشێکی گەورەی فیکری مرۆڤایەتی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا بریتییە لە ڕەخنە لە وێناکردن و بۆچوونەکانی ڕۆشنگەری دەربارەی ئینسان، عەقڵ، زانست، ئەخلاق و مێژوو.

پێشئەوەی چەند نموونەیەک لەو ڕەخنانە نیشانی خوێنەران بدەم، دەخوازم سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی و زۆر بە کورتی گرنگترین گریمانە و وێناکردنە فیکرییەکانی ڕۆشنگەریی بە خوێنەران بناسێنم، بۆئەوەی خوێنەر بزانێت باسی چی و کێ و کام تێگەیشتن و چ ڕۆژگار و سەردەمێک دەکەین و وەک کاک مەلا بەختیار قسەی گشتی و پێناسنەکراوی ڕۆژانە نەکەین.

### سەردەمی ڕۆشنگەری کامەیە؟

بەشێوەیەکی گشتی هەندێک ڕۆشنگەری بەکۆی ئەو کۆمەڵە تێروانینە فەلسەفی و فیکری و مەعریفییانە دەڵێن کە لە سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمدا لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسوفەوە نیشاندراون. هەندێک کەسی دیکە ڕۆشنگەری تەنها بە بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی سەدەی هەژدەهەم دادەنێن، کەسانێکی دیکە هەن ڕۆشنگەری بە کۆی ئەو بیروبۆچوونانە یەکساندەکەن کە لە نێوان شۆڕشی ئینگلیزی ساڵی ١٦٨٨ و شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ هاتوونەتە کایەوە (Delius 2000: 62). هەندێکی دیکە ڕایان وایە زەحمەتە سەرەتای ڕۆژگاری ڕۆشنگەری دەستنیشانکەین، بەڵام کۆتاییەکەی لە فەیلەسوفی ئەڵمانی کانتدا بەرجەستەدەبێت (Dominiq Floscheid 1998: 43). وەک ئاشکرایە زیاد لە سەرەتا و کۆتاییەک بۆ سەردەمانی ڕۆشنگەری هەیە و مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە تەنها ووشەی ڕۆشنگەری بەکاربێنین و وابزانین دەزانین باسی چی و کێ و کام سەردەم و ڕۆژگار دەکەین.

بەهەرحاڵ دەشێت لەپاڵ ئەو دەستنیشانکردنانەی سەرەوەدا بڵێین سەردەمانی ڕۆشنگەری بریتییە لە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازا کە لە سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمدا لە ڕۆژئاوا هاتۆتە کایەوە. بەڵام داخۆ ناوەرۆکە فیکریی و فەلسەفییە گشتییەکانی ئەو بیرو بۆچوونانە چین؟ دەشێت بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکانی ڕۆشنگەرانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەمشێوەیە کورتکەینەوە: (De Costa 1989: 15-20)

ا ـ ئینسان بوونەوەرێکی عەقلانییە و گەر هاتوو نۆرم و بەهاکانی لێکدانەوەی عەقڵانییانە بەسەر کۆمەڵگا و ئینسان و دیاردەکاندا پیادەبکرێن، دەشێت هەم کێشەکانی کۆمەڵگا و هەم کێشەکانی ئینسان چارەسەربکرێن. (ڕۆشنگەرانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم بەهیچجۆرێک بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو دەشێت ڕۆژگارێک بێتەکایەوە کە عەقڵ و بەرهەمەکانی عەقڵ خۆیان ببنە سەرچاوەی کێشەی گەورە گەورە بۆ کۆمەڵگا و ئینسان و سروشت، بۆ نموونە بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمیاوی و پیسکردنێکی ترسناکی ژینگە و دروستبوونی کون لە توێژی ئۆزۆندا وەک دەرنجامی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ).

ب ـ ڕۆشنگەران عەقڵیان بەسەرچاوەی هەموو هەقیقەتێک دەزانی و بەشێوەیەکی گشتیش هیچ شێوەیەکی هەقیقەتیان قبوول نەبووە لەدەرەوەی عەقڵدا بوونی هەبێت. (ئەم دیدە لە سەدەی هەژدەهەمەوە لەژێر ڕەخنەیەکی توندایە و فەلسەفەی ڕۆمانسیەت ڕاستەوخۆ بەگژاچوونەوەی ئەم عەقڵگەراییە پەرگیرەیە)

ج ـ لەدیدی ڕۆشنگەراندا عــەقڵ حــەکــەمــێکی بێــلایەن و بـەتوانـای نێــوان دیاردە و ڕووداوە جیاجیاکانە و عەقڵ شتێکە لەدەرەوەی هەر دەسەڵات و هێز و ئیرادەیەکی تایبەتدایە. (ئەم بۆچوونەش هەرزوو لە سەدەی نۆزدهەمدا کەوتە بەر ڕەخنە)

د ـ عەقڵ شتێکی گەردونییە و لەهەر جێ و شوێنێک بێت هەمان شتە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرنسیپە گەردونییـە هەمـوو جیـهان ببێت بەیەک و ئینسان وەک هاوڵاتییـەکی جیهانی مامـەڵەی لەگـەڵدا بکرێت، نەک وەک ئەندامـی نەتەوە یان دەوڵەتێکی دیاریکراو. (ناسـیـۆنالیـزمـی پەرگـیـر و جینۆسـایدە هاوچەرخـەکانی کۆتایی سـەدەی بیسـتـەم ئەم دیدە خـۆشـبینەی ڕۆشنگەریان بۆ جـاری چەندهەم بە درۆ خستەوە).

هـ ـ ڕۆشنگەران باوەڕیان وابوو کـە مـێـژوو ئامـانجـێکی هەیە و بەرەو ئـەو ئامـانجـە لە جـوڵە و بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامدایە. بیرۆکەی بەرەوپێشەوەچوون یەکێک لە بیرۆکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنگـەرییـە. ( ئـەم بیـرۆکـەیە لە سـەدەی بیـسـتـەمـدا و لەلایەن فـرانکفـۆرتـیـیـەکـان و دەرەوەی فرانکفۆرتییەکانەوە بەردەوام لەژێر چەکوشی ڕەخنەیەکی فەلسەفی و فیکری قووڵدابووە)

و ـ جیهان لەناو ئەو مێژووە ئامانجدارەدا و بـەیارمەتی پێشکەوتنی عەقڵی و زانستی سنوورەکانی بزر دەبێت و دەبێتە نیشتیمانی هەمووان، لەو دنیا کۆسمۆپۆلیتییـەدا ئاشتی سەرتاسەری و عەدالەت دێتەکایەوە و هارمۆنییەت هەموو دنیا دادەپۆشێت.

(ئەم خاڵەیان ئەوەندە ناڕاستە کە لێرەدا پێویست بە نموونەهێنانەوە ناکات).

وەک دەبینـین بۆ هـەریەکـێک لەو خـاڵانەی کـە ڕۆشنگەری پێـشنیـاریـان دەکـات مـرۆڤ دەتوانێت چەندان نموونە بهێنێتەوە کە مێژووی مرۆڤایەتی نە بەو ئاراستـەیەدا ڕۆیشـتوە کە ڕۆشنگەرەکان چاوەڕوانیـان دەکرد و نە ئەو گریمـانانەش ڕاستی خـۆیان سـەلماندوە کـە ئەوان بەرگریان لێـدەکرد. بەڵام ئایا ئەمـە مـانای کۆتایی ڕۆشنگەرییـە، ئایا ئەمـە مـانای ئەوەیە کە ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون شـتێکی تەواو تێپەڕیوە و ئێمـە لەمڕۆدا لەسـەر گـۆڕی ڕۆشنگەری ڕاوەسـتاوین؟ ئایا ڕۆشنگەربوون لەمڕۆدا چ مانایەکی هەیە؟.

بێگومـان ڕۆشنگەری وەک کۆمـەڵێک گریمانەی ئایدیۆلۆژی و وەک کۆمـەڵێک چاوەڕوانی و پرۆژەی ئایدۆلـۆژییـانـەی مێـژوویی کـۆتایی پێـهـاتوە، بەڵام ڕۆشنگەری وەک هەڵوێسـتـێکی فـەلسـەفی، وەک مـەیلێکی دیاریکـراوی کـارکـردنی فـیـکری، وەک جـۆرێک لە تـەمـاشـاکـردن و مـامـەڵەکـردن و هەڵوێستوەرگرتن لە فیکر و کۆمەڵگا و ئینسـان و جیهان، ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیندوترە. من لێرەدا بۆ تێگەیشـتن لـە ڕۆشنگەری بەم مـانایە هەوڵـئـەدەم زۆر بە کورتی بۆچوونەکانی فـەیلەسـوفی ئەڵمـانی ئیمـانۆێل کانت بە خـوێنەران بناسێنم، چونکە کانت یەکێکە لەو فەیلەسـوفە ڕۆشنگەرە گەوارانەی کە ڕاستەوخۆ لەسەر دەستنیشانکردنی ماناکانی ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون کاریکردوە.

### کانت و ڕۆشنگەری؟

بەناوبانگترین پێناسـێک لە فیکری فـەلسـەفیدا بۆ ڕۆشـنگەری کرابێت ئەو پێناسـەیە کە کانت لە سـاڵی ١٨٧٤ دا لە ووتاری "ڕۆشـنگەری چیـیـە" دا دەیکات، (وەک ووتم ئەم ووتارە دوو جـار لەلایەن نووسـەرانـی گـۆڤـاری ئازادی و گـۆڤـاری ڕەهەندەوە کراوە بە کـوردی). بەپێی پێناسـەکـەی کـانت ڕۆشنگەری سـەر بـە قـۆناغ و سـەردەم و ڕۆژگـارێکی دیاریکراو نیـیـە، ڕێبـازێکی ئایدیۆلۆژی یان فـەلسـەفی تایبـەت نیـیـە، بەرگریکردن لە نـاوەرۆکێکی ئایدیۆلـۆژی دیاریکراو نیـیـە، بەپێـچـەوانەوە ڕۆشنگەری مـانای کـامڵـبوونێکی فیکری کـە ئینسـان والێکات بـە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە تـەمـاشـای خۆی و ئەو دنیایە بکات کە تێیدا دەژی. بەلای کانتەوە ڕۆشنگەری بریتییە لە " بەجێهێشتنی ئینسان بۆ قـۆناغی وابـەسـتـەیی و ناکـامڵی عـەقڵی"، وابەسـتـەیی و ناکـامـڵـییـەک کـە " ئینسـان خـۆی لێـیـان بەرپرسـیـارە". لای کـانت وابەسـتـەبوون و ناکـامـڵی ئینسـان مـانای بێـدەسـەڵاتی ئینسـانـە لە

بیرکردنەوەی سەربەخۆدا، بەباوەڕی کانت کامڵبوون مانای ئەوەی "ئینسان خۆی عەقڵی خۆی بەسەربەخۆیی و بەبێ ئەوامری یەکێکی دی بەکاربێنێت". بەکارنەهێنانی سەربەخۆیانەی عەقڵیش بەلای کانتەوە لە بێغیرەتی و ترسەوە سەرچاوەیگرتووە، بەبۆچوونی کانت ئینسانی ترساو و بێغیرەت هەمیشە پێویستی بە ئەمرو نەهییەکانی یەکێکی دیکە هەیە و ناوێرێت بەسەربەخۆیی عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت. بۆیە دەڵێت: "دروشمی ڕۆشنگەری بریتییە لە: ئازابە و بوێرە عەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربێنە" (Delius 2000: 62).

وەک ئاشکرایە کانت لەم پێناسەیەدا ڕۆشنگەری نابەستێتەوە بە ناوەڕۆکی فەلسەفەیەکی دیاریکراو و پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی تایبەتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەک هەڵویستێکی فەلسەفی و ئەخلاقی و مەعریفی لەبەرامبەر دنیا و دیاردەکاندا پێناسیدەکات. لەم بۆچوونەدا کانت ڕۆشنگەری گرێدەدات بە توانای ئازادانە و بوێرانەی بەکارهێنانی عەقڵ خۆیەوە لەدەرەوەی ئەمر و نەهی کەسێکی دیکەدا. ڕۆشنگەری لێرەدا مانای توانای عەقڵ لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و نەترسانی لەوەدا کە سەربەخۆبێت. وەک ئاشکرایە ئەم پێناسەیە پێناسێک نییە باسی ناوەڕۆکی کارە فەلسەفییەکانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم بکات، یان بەرگری لە ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی یان فیکری تایبەت بکات و وەک تاقە هەقیقەتێک بە سەر ئینسان و کۆمەڵگا و مێژوودا بیسەپێنێت، بەڵکو پێناسێکە دەخوازێت باس لە پەیوەندییەکی دیاریکراوی نێوان عەقڵ و دەسەلات و ئازادی بکات. ڕۆشنگەر ئەو کەسەیە کە خاوەنی عەقڵێکی ئازادە و دەیەوێت و دەوێرێت لەبەردەمی جیهان و دەسەلاتدا ئازادانە بدوێت و ڕازینابێت بەپێی ئەمر و نەهی کەسێکی دیکە بیربکاتەوە. ڕۆشنگەر کەسێکی کامڵە و کامڵبوونیشی لە سەربەخۆبوونی بەکارهێنانی عەقڵیەوە سەرچاوەدەگرێت. بەم مانایە ڕۆشنگەری بەرهەمی فەیلەسوف و بیرکەرەوەیەکی دیاریکراو نییە، یاخود بەتەنها بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووی فەلسەفەدا نییە، بەڵکو هەڵویستێکی عەقڵییە لە بەرامبەر دنیا و فیکر و زاتی ئینسان خۆیدا. ڕۆشنگەر لەم پێناسەدا ئەو کەسەیە کە دەوێرێ و دەتوانێت خۆی بۆ خۆی بیربکاتەوە و خۆی بۆ خۆی عەقڵ و توانا هەستییەکانی خۆی بخاتە گەڕ و ڕێ بەوەش نادات یەکێکی دیکە لەباتی ئەو و بۆ ئەو بەناوی ئەوەوە بیربکاتەوە. یەکێک لەداواکردنەکانی کانت لە کەسی ڕۆشنگەر ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە لە ڕابوردووەوە بۆی ماوەتەوە و تەسلیمی حوکمەکانیان نەبێت و خۆی دواهەمین حوکمیان لەسەربدات و ئازادانە بیربکاتەوە.(هـ. س. پ. ل٦٢) بەم مانایە کانت یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنگەری بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و پێناسەکردنەوە و پێداچوونەوەی ئەو دید و بیر و بۆچوون و پرۆژە و وێناکردنانە دەزانێت و داوادەکات هەر کەسە و ئێستای خۆی و ئەو ڕابووردوەی کە ئێستای بەرهەمهێناوە ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیانە بخوێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لای کانت، کە تێیدا دەستنیشانی ڕۆشنگەری و هەڵویستی ڕۆشنگەرانەدەکات، بریتییە لە ئازادی. بەلام چ ئازادییەک؟ کانت لە وەلامدا جەغد لەوە دەکات کە ڕۆشنگەری مانای ئەوەی ئینسان ئازادبێت لەوەدا کە عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا و بەوپەڕی ئاشکرایی و بێ شاردنەوە و ترس و تۆقین بەکاربهێنیت. کانت پێیوایە ئینسان دەبێت تا ئەو ڕادەیە عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت تا دەبێتە "ڕۆشنفکرێک کە بۆ جمهوری خوێنەرانی هەموو دنیا" بدوێت. خوێنەر سەرنجبدات کانت لێرەدا باس لە خوێنەری جیهانی دەکات و بەم باسکردنەشی ڕەهەندێکی گەردونی بە ڕۆشنگەری ئەدات. بە مانایەکی دیکە کانت دەخوازێت بڵێت ڕۆشنگەری مانای بوونی جۆرێک لە ئازادی لێکۆڵینەوە لە هەموو بوارەکانداو گوێڕانەگرتن بۆ ئەو شتانەی کە دەشێت وەک تابو و حەرام و نەشیاو پێشنیارکرابن. لەهەمانکاتدا ڕۆشنگەر وەک ئەو کەسە دەبینێت کە هەمیشە ئەوەی لەبەرچاودایە کە بۆ جمهورێکی جیهانی و گەردونی قسەدەکات. ئەم بەجیهانی بوونەی جمهور و فیکر لە جەوهەردا لابردنی ئەو ڕێگرە لۆکاڵی و کولتوورییانەیە کە دەشێت کەسانی ناڕۆشنگەر

بەناوی فیکر و مەنهەج و فەلسەفەی خواستراوەوە وەک ڕێگر بۆ فیکر و هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە دروستیکەن. ڕۆشنگەربوون لای کانت هەمیشە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە.

بەکورتی ڕۆشنگەری لەم بۆچوونە کانتییەدا بە پلەی یەکەم مانای بەکارهێنانی عەقڵە بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دواتر بوونی ئازادی بۆ بەکارهێنانی عەقڵ لەهەموو مەودا و ڕووکارێکی واقیعیدا، سێهەم بوونی ڕەهەندێکی جیهانی لە بەکارهێنانی عەقڵدا.بەم مانا کانتییە ڕۆشنگەری شتێکە هەمیشە لەگەڵماندایە و شتێک نییە سەر بە قۆناغێکی مێژوویی تێپەڕیو. ڕێک لەم دیدەوەیە فۆکۆ خۆی بە یەکێک لەو ڕۆشنگەرانە دەزانێت کە بەردەوامی بە پرۆژەی کانت و ڕەخنەی کانت لە کۆمەڵگا و جیهان و کارکردنی عەقڵ لەناو جیهاندا، ئەدات. بەڵام پێش باسکردنی ئەم بابەتە با سەرنجێک لەو ڕەخنانە بدەین کە ڕووبەڕووی گریمانە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆشنگەری کراونەتەوە و ئێمەش لە بڕگەی پێشوتردا بەکورتی نیشانماندان.

هەر کەسێک کەمەکێک شارەزای مێژووی فیکر بە گشتی و مێژووی فەلسەفە و زانستییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بێت، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە بۆچوونەکانی ڕۆشنگەری بۆ ئینسان و ڕۆڵی عەقڵ و ماهییەتی مێژوو هەرزوو لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتییەوە کەوتە بەر ڕەخنە و پێداچوونەوەی سەختەوە. فۆکۆ یەکەمین کەسێک نییە کە ڕەخنەگرانە تەماشای ئەم گریمانانەی ڕۆشنگەری و ماناکانیانی کردبێت. هەموو فەلسەفەی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەهەم، لە شیلینگەوە بۆ گۆتە و لە گۆتەشەوە بۆ هیگڵ فەلسەفەیەکە دژ بە گریمانە ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆشنگەری و ڕەخنەیەکی گشتگیرە لە کۆی ئەو باوەڕە بێسنوورەی ڕۆشنگەری بە عەقڵی ئەبەخشێت. من لێرەدا کات و شوێنی ئەوەم نییە هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕەخنانە نیشاندەم، بەڵام هەوڵئەدەم هێما بە سێ کەس لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی گریمانەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ بکەم و لەبەر نەبوونی مەودا واز لە چەندەها شێوازی دیکەی ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری دەهێنم. هەموو ئەمانەش بۆیە دەکەم بۆئەوەی کاک مەلا بەختیار وانەزانێت ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری شتێکە لە گەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرت و دوای ئەوانیش لەگەڵ فۆکۆدا دەستپێدەکات، بەڵکو لەمێژووی فیکری بەشەریدا کەلەپورێکی دەوڵەمەندی ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری لەئارادایە، کە وەک ووتم هەندێکیان بۆ سەردەمانی ڕۆشنگەری خۆی دەگەڕێتەوە. ئەو سێ ڕەخنەگرەش من لەم بەشەی باسەکەمدا باسیاندەکەم بریتین لە مارکس و نیتشە و فرۆید، (De Costa 1989: 15-16)

مارکس فەیلەسوفێکی ئاڵۆزە گەرچی لە خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییە سادەکاندا کراوەتە یەکێک لە فەیلەسوفە هەرە ئاسانەکانی مێژووی فەلسەفە. هەڵوێستی مارکس لە ڕۆشنگەری هەڵوێستێکی دووفاقە، ئەو بە مانایەک لە ماناکان فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە و سەر بەو هێڵەی ڕۆشنگەرییە کە لە سەدەی هەڤدەهەمەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا فەیلەسوفێکە دژ بە ڕۆشنگەری و دیدەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ. چۆن؟

مارکس فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە بەو مانایەی وەک زۆربەی ڕۆشنگەرانی بەر لەخۆی هەڵگری دیدێکی گەشبینە بۆ مێژوو و لەپاڵ بیرۆکەی پێشکەوتندا باوەڕی وایە کە مێژووی کۆمەڵگاکان مێژووی بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایانەیە و ئایندەش هەڵگری چەندەها مژدەی گەورە گەورەیە دەربارەی یەکسانی و ئازادی و سەرفرازی هەمەلایەن و هەتاهەتایی. بەباوەڕی مارکس ڕۆژگاری ئازادی ڕەها و کۆمەڵگای بێجیاوازی و مێژووی بێناکۆکی لە پێشمانەوەیە و وەک پیاوێکی ڕۆشنگەر چاوەڕوانی بەهەشتێک بوو هەموو مرۆڤایەتی وەک گشتێک بە ئاسودەییەکی هەمیشەیی بگەیەنێت. بەم مانایە مارکس تا سەر ئێسقان ڕۆشنگەرە (ڕۆشنگەرە بەپێی قیبلەنوما و نەخشە و مژدە گەورەکانی ڕۆشنگەری).

بەڵام مارکس لە باوەڕنەبوونیدا بەو خاڵەی گوایە عەقڵ وەک موتڵەقێک، وەک ئامرازێکی بێلایەن و وەک ئامرازێ بۆ گۆڕان دەتوانێت کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان چارەسەربکات، دەبێتە فەیلەسوفێکی دەرەوەی ڕۆشنگەری. سەرەتا مارکس جەغد لەو پرنسیپە مەنهەجییە گرنگە دەکات کە ئەوە عەقڵ نییە دەستنیشانی واقیعی کۆمەڵایەتی دەکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە واقیعی کۆمەڵایەتییە کە سنوور و توانا و جەوهەری عەقڵ لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەستنیشاندەکات. لێرەدا مارکس ڕاستەوخۆ عەقڵ و ووشیاری ئینسان دەبەستێتەوە بەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە کە ئینسانی تێدا دەژی و بەم بەستنەوەیەش ئەو سەربەخۆیییە لە عەقڵ دەسێنێتەوە کە ڕۆشنگەران پێیان بەخشیبوو.

خاڵێکی دیکەی گرنگی ڕەخنەی مارکس لە بۆچوونی ڕۆشنگەران بەرامبەر بە عەقڵ لەوەدایە کە مارکس باوەڕی بە یەکێتتی عەقڵ نییە و لەباتی یەک عەقڵ باوەڕی بە بوونی زیاد لە عەقڵێک لە هەر قۆناغێک لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، مارکس فەیلەسوفێکە عەقڵ و وشیاری بەپێی ئینتیمای چینایەتی بەشبەشدەکات و لەنێوان ئەو بەشە جیاوازانەشدا دژایەتی و ناکۆکی و ململانێ دەبینێت نەک هارمۆنی.

بەکورتی مارکس بە سەندنەوەی سەربەخۆیی لە عەقڵ و بە دابەشکردنی ناوەکیانەی و بە سەندنەوەی ڕۆڵی بێلایەنی و ناوبژیکەر لێی یەکەمین شەپازلەیەکی فیکری و فەلسەفی لەو دیدەی ڕۆشنگەری ئەدات بۆ عەقڵ کە کەمەکێک لەمەوپێش باسمانکرد. مارکس سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمبوون لە عەقڵ و ووشیاری دەستێنێتەوە و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بەو ژێرخانە ئابوورییە نادیارەوە کە لەژێرەوە کۆنترۆڵی توانا عەقڵییەکان و کۆنترۆڵی ناوەرۆکە جیاوازەکانی ووشیاری دەکات. بەوەی عەقڵ لای مارکس دەبێتە پابەندی ئەو دنیا ماتریالییەی تێیدا دەژی، یەکەمینشتێک لێیدەسێندرێتەوە ئۆتۆنۆمبوونی عەقڵ و ناوبژیکەربوونیەتی. بەمەش مارکس عەقڵ لەوە دەردەکات هێزێکی ئۆتۆنۆم و دابەشنەبوو وناوبژیکەری بێلایەنبێت. بەم کارەشی دەبێتە فەیلەسوفێک کە دژ بە گریمانەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ و ڕۆڵی عەقڵ بیردەکاتەوە.

کەوابوو گەشبینی تێڕوانینی مارکس بۆ مێژوو وەک گەشەکردنێکی بەردەوام بەرە و کەماڵ و ڕوو لە ئامانجێکی گەردونی هەمیشە پێشکەوتوتر لە ئامانجەکانی بەر لەخۆی، دەیکاتە فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەر، بەڵام سەندنەوەی ئۆتۆنۆمی لە عەقڵ و بەستنەوەی کاروکردەوەکانی ئینسان بە ژێرخانێکی ئابووری پڕ لە ململانێوە، نەک بە عەقڵێکی سەربەخۆوە، تەواو لە ڕۆشنگەرەکان دووریدەخاتەوە. بەم مانایەش مارکس فەیلەسوفێکە پێیەکی لەناو ڕۆشنگەریدایە و پێیەکەی دیکەی لە دەرەوەیدایە.

ڕەخنەی نیتشە لە ڕۆشنگەری بە ئاراستەیەکی جیاواز لە ئاراستەی ڕەخنەکانی مارکسدا تێدەپەڕێت. ڕەخنەی نیتشە لە پێناسەکردنی ئینسانەوە دەستپێدەکات و ئەو شوێنەی دیکارت و ڕۆشنگەری بە ئینسانی دەبەخشن ئەو لە ئینسانی دەسێنێتەوە. بەباوەڕی نیتشە ئینسان باڵاترین بوونەوەری سەرزەوی نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە لەپاڵ بوونەوەرەکانی دیکەدا و ئەمەش وادەکات ئینسان بەهیچ مانایەک شتێکی پیرۆز نەبێت. ئینسان لای نیتشە گیانلەبەرێکە وەک هەموو گیانلەبەرەکانی دی. عەقڵ، کە ڕۆشنگەران بە خاڵی جیاکەرەوەی ئینسانیان لە بوونەوەرەکانی دیکە دادەنا، لای نیتشە ئەو ئامرازە بێگوناهە نییە کە کاری دۆزینەوەی هەقیقەت و کەشفکردنی ڕاستییەکان بێت. عەقڵ لای نیتشە سەرزەمینێکە، وەک خودی واقیع خۆی، پڕە لە هێز و دەسەڵات و ململانێی هەمەجۆر. یاساکانی هێز و دەسەڵات و ململانێ و هەیمەنە چەند لە واقیعدا ئامادەن ئاواش لەناو عەقڵ و کارەکانی عەقڵیشدا ئامادەن. بەباوەڕی نیتشە عەقڵێک نییە لەدەرەوەی پەیوەندییەکانی هێزدا ئامادەبێت، عەقڵێک نییە لەپاڵیدا و لەناویدا پرۆژەیەکی دەسەڵات ئامادەنەبێت. لەڕاستیدا لەم خاڵەدا نیتشە زۆر لە مارکس دەچێت و تا ڕادەیەکی زۆر هەردوکیان یەک ڕەخنە دووبارەدەکەنەوە، بەڵام لەناو دوو پرۆژەی فەلسەفی و سیاسی جیاوازدا. نیتشە دژی ئەو بیرۆکە

ڕۆشنگەرییەیە کە پێیوایە عەقڵ توانای دۆزینەوە و گەیشتن بە هەقیقەتی هەیە و لەهەمان کاتدا حەکەمێکی بێلایەنە و بێلایەنانەش پێماندەڵێت ڕاستی کامەیە و هەڵەکانیش لە کوێدان. بەباوەڕی نیتشە هەقیقەت دۆزراوەی عەقڵ نییە، شتێک نییە عەقڵ بێت و دوای ئیشکردن و لێکۆڵینەوە و گەڕان بیدۆزێتەوە، بەپێچەوانەوە هەقیقەت مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە و هێزە جیاجیاکان دوای ململانێییەکی زۆر لەسەر ماناکان و چییەتی و چۆنیەتی بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕێدەکەون و ئەو فۆرمەی پێیدەبەخشن کە خۆیان خوازیارین. بەم مانایە هەقیقەت شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو شتێکی ڕێژەییە و لەدەرەوەڕا و لەلایەن هێزە جیاجیاکانەوە دەستنیشاندەکرێت. (لای مارکس هەقیقەت ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لای نیتشە بە هێزەکانی ناو واقیعەوە و لەهەردوو بارەکەشدا هەقیقەت بەرهەمی کارکردنێکی بێلایەنانەی عەقڵ نییە. لەڕاستیدا چ لای مارکس و چ لای نیتشە شتێک نییە ناوی عەقڵی بێلایەنبێت).

سیگمۆند فرۆیدیش لەسەر هەمان نەزم چەمکی عەقڵ و عەقڵانییەت بە مانا ڕۆشنگەرییەکەی دەداتە بەر ڕەخنە، بەباوەڕی فرۆید ئەوەی بڕیار و کار و کردەوەکانی ئینسان دەستنیشاندەکات بە تەنها عەقڵ نییە، بەڵکو ئەو سەرزەمینە دەروونییە تاریک و نەناسراو و داخراوەشە کە ناویدەنێت نەست. لەناو نەستدا، لەم سەرزەمینە سایکۆلۆژییە تایبەتەدا، عەقڵ نەک قسەکەری یەکەم نییە، بەڵکو لەپاڵ چەندان قسەکەری دیکەدا ئامادەیە کە بەناوی غەریزە و پاڵنەری سایکۆلۆژی ناعەقڵانی و ئارەزوی سەرکوتکراو و چەپێنراوەوە دەدوێن.

ئەگەر مارکس لەپشتی هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی ئینسان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە بونیادێکی ژێرخانی ئابووری و ماتریالی بینیبێت، نەک بڕیاری سەربەستانەی عەقڵ، ئەوا لە ئاستی سایکۆلۆژیدا فرۆید بونیادێکی نەستی بۆ کاروکردەوە و بڕیارەکانی ئینسان، دەستنیشاندەکات. لەم خاڵەشدا ڕەخنەی مارکس و ڕەخنەی فرۆید لە عەقڵ دوو ڕەخنەن تارادەیەکی زۆر لێکدەچن، بێگومان لەزۆر خاڵی دیکەدا جیاوازن، بەڵام ئێرە شوێنی خوێندنەوە و نیشاندانی ئەو لێکچوون و جیاوازیانە نییە. بەکورتی ئەگەر مارکس لەپشتی کار و کردەوە و بڕیارەکانی عەقڵەوە بونیادێکی چینایەتی دیاریکراو ببینێت، فرۆید لەپشتی ئەم بڕیار و کار و کردەوانەوە بونیادێکی سایکۆلۆژی دەبینێت. لەهەردوو بارەکەشدا عەقڵ نە تاقە گەمەکەر و نە سەربەخۆ و نە بێلایەنە.

بەڵام فرۆیدیش، وەک مارکس، بە مانایەک لە ماناکان ڕۆشنگەرە. فرۆید وەک ڕۆشنگەرێک باوەڕی وابووە ئینسان دەتوانێت ئازاد و سەربەخۆبێت و ئەوەشی ئەم ئازادی و سەربەخۆییەی بۆ فەراهەمدەکات، بەپێچەوانەی مارکسەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو میتۆدەکانی شیکردنەوەی دەروونین. بەباوەڕی فرۆید ئینسان لەڕێی ئەم میتۆدانەوە دەتوانێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ واقیع و لەگەڵ دەوروبەریدا ئاشتیبێتەوە و بێکێشە و ململانێ و گرفتی دەروونی بژی. میتۆدەکانی شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆید ئەو ڕۆڵە ئەبینن کە پرۆلیتاریا لای مارکس دەیبینێت. بەم شێوەیە فرۆیدیش وەک مارکس پێیەکی لەناو ڕۆشنگەری و پێیەکەی دیکەی لە دەرەوەی ڕۆشنگەریدایە.

بەکورتی ئەوەی مارکس و نیتشە و فرۆید بەیەکەوە دەبەستێتەوە ڕەفزکردنی ئەو دیدە ڕۆشنگەرییەیە کە عەقڵ وەک سەرچاوەی هەقیقەت و وەک دواهەمین قسەکەر لەسەر هەقیقەت و وەک گەمەکەرێکی بێلایەن نیشانئەدات. ئەم سێ فەیلەسوفە پێکەوە پایەکانی ئەو ڕێبازە فەلسەفی و مەنهەجییە دادەڕێژن کە تیایاندا چەمکەکانی زات و عەقڵ و عەقڵانییەت چەمک و زاراوەی هەرە گرنگ و سەرەکی نین. ئەم کەلەپوورە فیکرییە کاریگەری گەورەی لەسەر بەشێکی گەورەی فیکر لە سەدەی بیستەمدا هەیە و کاریگەرییەکی گەورەش لەسەر مێژووی سیاسی کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم بەجێدەهێڵێت. هەر لێرەشدا دەبێت جەغد لەو ڕاستییە بکەین کە ئەم سێ بیریارە گەورەیە ئەو وێنانەی ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا و مێژو و ئینسانی هەیە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دەگۆڕن.

مادامەکی عەقڵ لای ئەم سێ بیریارە گەورەیە شوێنی خۆی وەک دەستنیشانکەرێکی سەربەخۆ لەدەستئەدات و لەپاڵ عەقڵ و لەپشتی عەقڵەوە چەندەها هێزی دیکەمان نیشانئەدەن کە کاریگەری

گەورەیان لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئینسان هەیە، بۆیە خودی ئینسان خۆشی بەهەمانشێوە شوێنی خۆی وەک بکەرێکی ئازاد لەدەرەوەی بوونیادی ئابوری و بونیادی ئارەزوو ستراتیژەکانی دەسەڵاتدا لەدەستئەدات.

## فۆکۆ و ڕۆشنگەری

پێشئەوەی لەسەر دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری بدوێین و گرنگی ڕۆشنگەریی و هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بۆ ئەم فەیلەسوفە بە خوێنەر بناسین، با جارێکی دیکە تەماشای چەند حوکمێکی دیکەی کاک مەلا بەختیار لەسەر دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری بکەین و خوێنەر لەوە ئاگادارکەینەوە کە کاک مەلا بەختیار لەخۆیەوە و بێ لانیکەمی شارەزایی لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا و چۆنی بە خەیاڵدا هاتبێت حوکمی سەیر و سەمەرەی بەسەر ئەم فەیلەسوفەدا داوە.
کاک مەلا بەختیار دەربارەی فۆکۆ دەنوسێت " تەواوی کارە ئارکیۆلۆژیەکانی (حفریات ـ هەڵکۆڵین) مێژووی فکر و فەلسەفە، سەرەنجام لای فۆکۆ دەگاتە ئاکامێک کە خیتابی ئەبستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری هەر هەمووی سوڕانەوەیە لە دەوری میتافیزیکا و چەق بەستنێتی لەسەر زاراوەی نوێی مرۆڤ و مرۆڤایەتی. بەبێ ئەوەی توانیبێتی سیستمێکی ئەبستمۆلۆژی جیا جیا و قوڵ لەسەر بەش بەشی کۆمەڵ دابهێنێ دورکەوێتەوە لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی" ل ٣٧٥. سەرەتا خوێنەر لەوە دڵنیا دەکەم فۆکۆ لەهیچ شوێنێکدا قسەی لەم جۆرەی نەکردوە و تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم نووسینێکی فۆکۆم بۆ بهێنێتەوە تێیدا گوتبێتی کە 'خیتابی ئەبستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری ! هەرهەمووی سوڕانەوەیە لە دەوری میتافیزیکا. سەرەتا دەمەوێ خوێنەر لەوە ئاگادارکەمەوە کە فۆکۆ لە هیچ شوێنێکدا قسە لە "خیتابی ئەبستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری" ناکات لە بەر هۆیەکی زۆر سادە: دەستەواژەی "خیتابی ئەبستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری" دەستەواژەیەکی بێمانایە. چۆن؟

وەک هەمیشە کاک مەلا بەختیار پێمان ناڵێت مەبەستی لە چەمکی خیتاب و چەمکی ئەبستمۆلۆژیا چییە و ئەو چۆن و بە چ شێوەیەک بەکاریاندەهێنێت ؟ بەڵام با خوێنەر لەوە ئاگادارکەمەوە کە کاک مەلا بەختیار هەموو ئەو چەمکانە وەک ووشەی سادە و قسەی ڕۆژانە بەکاردەهێنێت، نەک وەک چەمکی فەلسەفی هەڵگری مانا و دەلالەتی دیاریکراو. کاک مەلا بەختیار گەر بیزانیایە چەمکی ئەبستمۆلۆژیا یانی چی بەوشێوە نوکتە ئامێزییە بەکارینەدەهێنا وەک لەو ئیقتیباسەی سەرەوەدا نووسراوە، هەر خوێنەرێکی نومرە چوار و نومرە پێنجی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هەڵەیەناکات کە کاک مەلا بەختیار لە بەکارهێنانی چەمکی ئەبستمۆلۆژیادا کردویەتی. کاک مەلا بەختیار ئەبستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی بە بەرهەمهێنانی مەعریفەی "جیا جیا و قووڵ لەسەر بەش بە بەشی کۆمەڵ" تێگەیشتوە. لەکاتێکدا ئەبستمۆلۆژیا چ لەدوور و چ لە نزیک پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی مەعریفەوە دەربارەی بەش بە بەشی کۆمەڵگاوە نییە. ئەبستمۆلۆژیا زانستی قسەکردن نییە لەسەر کۆمەڵگا، وەک کاک مەلا بەختیار بە هەڵە دەیەوێت لە خوێنەری بگەیەنێت، بەڵکو زانستی قسەکردنە لەسەر مەعریفە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە. با لەخۆمانەوە قسەنەکەین و بۆ دەستنیشانکردنی مانای ئەبستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەی باوەڕپێکراولەم بوارەدا:

ئەبستمۆلۆژیا "ئەو زانستەیە کە لە سەرچاوە و کێشە و مەرجەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مەعریفە دەکۆڵێتەوە. لێرەوە تیورەکانی ئەبستمۆلۆژیا دەربارەی مەسەلەکانی هەستکردن، ووشیاری،

یادهاتنەوە و هەقیقەت، گومان و هەڵسەنگاندن".(Spectrum 1999: 126). بە مانایەکی دیکە ئەبستمۆلۆژیا بریتییە لەو زانستەی پێماندەڵێت زانیاری لە کوێوە دێت، سەرچاوەکانی کامانەن، مەرجەکانی بەرهەمهێنانی چین و بەکارهێنانەکانی بە چ شێوەیەکە. لە خوێندنەوەی ئەم مەسەلانەدا ئەبستمۆلۆژیا گرنگییەکی گەورە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە ئەدات کە بریتین لە هەستەکانی ئینسان، عەقڵ، زاکیرە و خەیاڵ و میکانیزمەکانی یادهاتنەوە و بیرچوونەوە ...هتد. ئەبستمۆلۆژیا بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، ئەمەیان کاری سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، نەک ئەو بەشەی فەلسەفە کە بە ئەبستمۆلۆژیا ناودەبرێت. کاک مەلا بەختیار ئەم ئەلف و با ساکارەی دابەشبوونی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکدی جیاناکاتەوە و سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیای لێبۆتە ئەبستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی. ئەم هەڵەیەی کاک مەلا بەختیار وەک ئەوە وایە یەکێک یاری بالە و باسکە، ڕۆمان و عەریزە، یان گریان و گۆرانی لە یەکدی جیانەکاتەوە.

دواتر فۆکۆ لە قسەکردنیدا لەسەر ڕۆشنگەری باس لە ئەبستمۆلۆژیا ناکات، بەڵکو باس لە ئەبستیم Episteme دەکات، ئەم جیاوازییە لە نێوان ئەبستمۆلۆژیا، کە بە عەرەبی «نظرية المعرفة" یە لەگەڵ ئەبستیم، «البنية التحتية للمعرفة» هێجگار گرنگە. ئەبستمۆلۆژیا وەک ووتمان مانای ئەو زانستەیە کە پێماندەڵێت مەعریفە چۆن بەرهەمدەهێنرێت، بریتییە لە کۆی چەندەها تیورەیەی جیاواز دەربارەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە، لە کاتێکدا ئەبستیم مانای ئەو ژێرخانە فیکرییەی هەموو شێوەکانی مەعریفەی لەسەر بنیادنراوە و هەمیشە لەشێوەی دابڕاندا لە ئەبستیمەکانی بەر لەخۆی جیادەبێتەوە (Karskens 1986: 42-43). ئەگەر ئەبستمۆلۆژیا کۆمەڵێک تیورەبێت دەربارەی بەرهەمهێنانی مەعریفە، ئەوا ئەبستیم ئەو ژێرخانە مەعریفییەیە کە هەلی هاتنەکایەی ئەو تیورانە و چەندەها تیورەی دیکەی ڕۆژگارێکی دیاریکراو فەراهەمدەکات. ئەبستیم بریتییە لە کۆی ئەو گریمان و بەڵگەنەویستە فیکرییانەی لەساتێک لە ساتەکاندا هەلومەرجی هاتنەکایەی شێوە جیاجیاکانی مەعریفە و تێز و تیورەکان فەراهەمدەکات، بەڵام ئەبستمۆلۆژیا بریتییە لە تیورەی تایبەت دەربارەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە. بە کورتی ئەبستیم بریتییە لەو بونیادە گشتی و سەرەکیەی لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا هەلومەرجی هاتنەکایەی شێوازە جیاجیاکانی مەعریفە فەراهام دەکات. هەموو کتێبی (ووشەکان و شتەکان) ی میشێل فۆکۆ تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوەی فۆرمە جیاوازەکانی ئەبستیم لە سەردەمانی ڕێنیسانسەوە تا سەردەمی مۆدێرنە. فۆکۆ لەم کتێبەدا سێ ئەبستیمی سەرەکی لێکدی جیادەکاتەوە و لەنێوان هەریەکێکیاندا دابڕانێکی قووڵ و هەمەلایەن دەبینێت. فۆکۆ لە فەسڵی دووهەمی (ووشەکان و شتەکان) دا باس لە ئەبستیمی سەردەمانی ڕێنیسانس دەکات، دوای ئەوە لە فەسڵی سێهەمەوە تا شەشەم باس لە ئەبستیمی ڕۆژگاری کلاسیک دەکات، کە لەزۆر ڕووەوە ڕۆژگاری ڕۆشنگەرییە، دوای ئەوەش لە فەسڵەکانی دیکەدا باس لە ئەبستیمی ڕۆژگاری مۆدێرنە دەکات (Foucault 1984) . بە کورتی ئەو قسانەی کاک مەلا بەختیار دەیانخاتە سەر دەمی فۆکۆ و بەزۆری زۆرداری فیکری ئەم فەیلەسوفەی پێدەشێوێنێت، جگە لە بەسەهوداچوونێکی گەورە و تێنەگەیشتن لە سەرەتاییترین ئەو چەمکانەی ئەم فەیلەسوفە لە بەرهەمهێنانی فیکری خۆیدا کاریان پێدەکات و شێواندنێکی بە ئەنقەستی شتەکان، شتێکی دیکە نییە. هەموو ئەمانەش بۆیە دەکات بۆ ئەوەی، وەک ووتمان، وا لە خوێنەر بگەیەنێت کە گوڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی دژ بە کورد و بە کوردستان و ڕۆشنگەری و هەموو شتێکی باشی دیکەشن، چونکە لەم گۆڤارەدا چەندجارێک لەلایەن چەند نووسەرێکەوە سوود لە هەندێک بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە وەرگیراوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لێرەدا دەبێت نیشانیدەین ئەوەیە کە ڕۆشنگەری سەردەمێکی دیاریکراوە لە فیکری مرۆڤایەتییدا و بەپێی هەندێک بۆچوون نزیکەی دوو سەدەی خایاندوە (ڕۆشنگەری لێرەدا بە مانا «کانت»ییەکەی نییە)، لەم قۆناغەدا زیاد لە ئەبستمۆلۆژییایەک بەرهەمهاتوە، نەک یەک

خیتاب. بەمانایەکی دیکە لە سەردەمانی ڕۆشنگەریدا زیاد لە تیورەیەکی ئەبستمۆلۆژی دەربارەی چۆنیەتی هاتنەکایە و بەرهەمهێنانی مەعریفە لەئارادا بووە. هیوم خیتابێکی جیاوازی هەیە لە کانت و دیکارت لە هیگڵ و ڕۆسۆ لە هۆبز و لیبینتز لە نیوتن. وێناکردنەکانی هەریەکێک لەم فەیلەسوف و زانا ڕۆشنگەرانە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە جیاوازە لەویدی و هەریەکێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری تیورەیەکی ئەبستمۆلۆژی تایبەتە و ناکرێت کورتیانکەینەوە بۆ یەک ئەبستمۆلۆژیا. ڕاستە فۆکۆ دەڵێت فیکرەی ئینسان فیکرەیەکی گرنگە لە فیکری سەردەمی ڕۆشنگەریدا، بەڵام فۆکۆ کە لە کتێبی "ووشەکان و شتەکاندا" بە مێژووی زانستە ئینسانییەکاندا دەچێتەوە ناڵێت فیکرەی ئینسان لای ئەم فەیلەسوفانە میتافیزیک بووە. جگە لەمە لە ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژیدا فۆکۆ باسی ئینسان ناکات، بەڵکو باسی گۆڕانی ئەو ئەبستیمانە دەکات کە لەو ڕۆژگارانەدا ئامادەبوون و یەکێکیان شوێنی ئەویدیکەیانی گرتۆتەوە. فۆکۆ لەو کتێبەدا بە دوورودرێژی باسی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە و چۆنیەتی گۆڕانی ئەبستیمەکان دەکات، فۆکۆ لەو کتێبەدا ئەوەمان نیشانئەدات چۆن لە سەردەمانی ڕۆشنگەریدا ئەبستیمی نوێ دروستدەبێت و شوێنی ئەبستیمی بەر لەخۆی دەگرێتەوە. ئەگەر کاک بەختیار تاقەتی هەبوایە تەماشایەکی سەرپێیی کتێبی "ووشەکان و شتەکان" ی میشێل فۆکۆی بکردایە قسەی وای نەدەکرد وەک لەو ئیقتیباسەی سەرەوەدا کردویەتی.

بەپێچەوانەی قسەکەی کاک مەلا بەختیارەوە کە دەڵێت گوایە فۆکۆ گوتوویەتی ڕۆشنگەری "سیستمی ئەبستمۆلۆژیای قووڵ" ی بەرهەمنەهێناوە، فۆکۆ وەک وتمان لە کتێبی "ووشەکان و شتەکان" دا لە سەدان لاپەڕەدا باس لەوەدەکات کە ڕۆشنگەری ئەبستیمێکی نوێی هێناوەتەکایەوە، ئەبستیم نەک ئەبستمۆلۆژیا. بەمانایەکی دیکە فۆکۆ باوەڕی وایە ڕۆشنگەری نەک تەنها لە ئاستی ئەبستمۆلۆژیادا تیورەی تازەی هێناوەتەکایەوە و چەمکی ئینسان و عەقڵ و چەندەها دید و وێناکردنی دیکەشی داهێناوە، بەڵکو هەموو ژێرخانی بەرهەمهێنانی مەعریفەشی گۆڕیوە (واتە ئەبستیمی گۆڕیوە). خۆش ئەوەیە زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبی "ووشەکان و شتەکانی" فۆکۆ تەرخانە بۆ باسکردنی چۆنیەتی هاتنەکایەی ئەم ئەبستیمە نوێیە کە دواتر هەلومەرجی هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان فەراهەمدەکات. وەک پێشتر ڕوونمکردوە کاک مەلا بەختیار تاقەتی ئەوەی نەبووە تەماشایەکی سەرپێیی ئەم کتێبە بکات بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت فۆکۆ هەرگیز نەیووتوە کە ڕۆشنگەری 'ئەبستمۆلۆژیای قووڵی' بەرهەمنەنهێناوە.

هەر لێرەشدا دەمەوێت خوێنەر لەو خاڵە ئاگادارکەمەوە کە دەستەواژەی "سیستمی ئەبستمۆلۆژی قووڵ" دەستەواژەیەکی بێمانەیە. سیستمی ئەبستمۆلۆژی قووڵ و تەنک بوونی نییە، ئەبستمۆلۆژیای دیکارتی و ئەبستمۆلۆژیای نیوتنی و ئەبستمۆلۆژیای کانتی و ئەبستمۆلۆژیای مارکسی هەن، بەڵام ئەبستمۆلۆژیای قووڵ و تەنک جگە لە دەستەواژەیەکی بێمانا شتێکی دیکە نییە. دەشێت تیورە ئەبستمۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی دیکە پۆلینکەین، بەتایبەتی لە پەیوەندیاندا بە ڕێبازە گەورەکانی فیکر خۆیەوە وەک ڕێبازی عەقلانەت یان ڕێبازی ئەزمونگەری، تەجریبیەت. ئەبستمۆلۆژیا هەیە لە ئەزموونەوە دەستپێدەکات و پێیوایە مەعریفە بەرهەمی ئەزموونەکانی ئینسانە، ئەم ئەبستمۆلۆژیایە پێیدەگوترێت "ئەبستمۆلۆژیای تەجریبی"، ئەبستمۆلۆژیای هیوم سەر بەم قوتابخانەیەیە. ئەبستمۆلۆژیای تریش هەیە لە ئەزموونەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە عەقڵ و ئەو قاڵب و مەقولە عەقڵییانەوە دەستپێدەکات کە لەدەرەوەی ئەزموونداو لەناو عەقڵی ئینساندا وەک پێدراوێکی پێشین ئامادەن، ئەم جۆرە ئەبستمۆلۆژیایەش پێیدەگوترێت "ئەبستمۆلۆژیای عەقلانی"، وەک ئەبستمۆلۆژیای کانتی. لەهەردوو بارەکەشدا قسە لە ئەبستمۆلۆژیای تەنک و قووڵ نییە، ئەم جۆرە ئەبستمۆلۆژیایە تەنها لای کاک مەلا بەختیار دەستدەکەوێت. وەک وتیشم ئەو شەش دێڕ و نیوەی کاک مەلا بەختیار لە کۆتایی لاپەڕە ٣٧٤ دا داویەتیە پاڵ میشێل فۆکۆ، بۆئەوەی بیسەلمێنێت گوایە فۆکۆ قسەی لەو

بابەتەی کردوە، هی فۆکۆ نین و هی پێشەکی نووسی کتێبەکەی فۆکۆ، «مطاع صفدی» ین. کاک مەلا بەختیار ئەم دێڕانەی مەتاع سەفەدی لە خوێنەر کردوە بە هی فۆکۆ و بەئارەزووی خۆشی لێکیداوەنەتەوە.

فۆکۆ هەرگیز نەیگوتوە ڕۆشنگەری مەعریفە و تیورە و فیکر و فەلسەفەی گرنگ و تازە و قووڵی بەرهەمنەهێناوە، خۆزگە کاک مەلا بەختیار دەیتوانی تاقە حەرفێکی ئەم قسانە بسەلمێنت و سەرچاوەیەکی فۆکۆ خۆیمان نیشانبدات کە ئەو قسە سەیرو سەمەرانەی تێدا نووسرابێت. فۆکۆ هەرگیز نەیگوتوە ڕۆشنگەری زانیاری و تێز و تیورەی نوێی بەرهەمنەهێناوە، فۆکۆ دەڵێت ناتوانین بەرهەمهێنانی ئەو زانیارییە تازانەی ڕۆشنگەری بەرهەمیهێناون لە ستراتیژە نوێکانی دەسەڵات داببڕین. تازەیی تێزە فیکرییەکانی فۆکۆ لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەدایە کە فیکر و مەعریفە و تێزو تیورە جیاجیاکان بە میکانیزمە تازەکانی دەسەڵاتەوە دەبەستێتەوە. گرنگی فیکری ئەم فەیلەسوفە لەوەدایە کە نیشانمان ئەدات بەبێ گەشەدان بە تەکنیکەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵکردن، بەبێ داهێنانی ئەرشیتێکتی نوێی زیندان و قوتابخانە و کارگە، بەبێ داهێنانی جەدوەلی ئامادەبوون و نائامادەبوون، بەبێ زانیاری نێو نەخشەکانی چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و تێبینینووسین لەسەر هەڵسوکەوتی کرێکاران، بەبێ دابەشکردنی زەمەن بۆ زەمەنی بچوک و دەستنیشانکردنی ئەو چالاکیانەی لەو زەمەنە کورتانەدا دەبێت جێبەجێبکرێن، بەکورتی بەبێ گەشەکردنی ئەم هەموو تەکنیکە نوێیانەی دیسپلینکردن نەدەکرا زانستە ئینسانییەکان لەدایکبن. زانست بەبێ تێبینی و چاودێریکردنی ووردی بابەتە دیراسەکراوەکان نایەتە کایەوە، دەسەڵاتی مۆدێرن دەیەها تەکنیکی نوێی تێبینیکردن و چاودێریکردنی هێنایە کایەوە کە ڕاستەوخۆ بوونە یاریدەدەری هاتنەکایەی کۆمەڵێک زانست کە کاریان لێکۆڵینەوە و ناسین و کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر ئینسان و ڕەوشت و هەڵسوکەتەکانی. بەم مانایە هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان مەحاڵبوو بەبێ گەشەکردن و داهێنانی ئەو هەموو میکانیزمە تایبەتانەی بەهۆیانەوە ئینسان دەبێتە بوونەوەرێکی تێبینیکراو و چاودێریکراو و بینراو. لەم ڕووەوە کتێبی "کۆنترۆڵ و سزا" ی فۆکۆ ئینجیلی ئەم جۆرە لێکدانەوە تازانەیە. لە زیاد لە کتێبیکیدا فۆکۆ پەیوەندییەکی توند و گرنگ لەنێوان هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان و تەکنیکەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا دەبینێت، دەسەڵاتێک لەباتی ئەوەی ئینسانەکان لەناوببات و سزای جەستەییان بدات، هەوڵئەدات چاودێری و دیسپلین و دەستەمۆیانکات، لەباتی ئەوەی جەستەیان هەلاهەلاکات، هەوڵئەدات بەهێزیانکات و تواناکانی بەرهەمهێنانیان تێدا زیادبکات. لەم چاودێریکردن و تێڕوانینە بەردەوامەدایە زانستە ئینسانییەکان دێنە کایەوە و زانیاری تەواو لەسەر ئینسان و ڕەوشت و خو و ئارەزووکانی بەرهەمدەهێنن. بە مانایەکی دی ئەوەی فۆکۆ دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە زانست و فیکر بەهیچ جۆرێک بەرهەمی گەڕان نین بەدوای هەقیقەتێکی موتڵەقدا، بەڵکو لە پەیوەندییەکی پتەودان بە تەکنیک و ستراتیژەکانی دەسەڵاتەوە.

بێگومان هەرکەس ئازادە لە قبوڵکردن یان نەکردنی ئەم دەرەنجامە فیکریانەدا کە میشێل فۆکۆ بەدرێژایی ژیانی فەلسەفی خۆی بەرگریلێکردون و دوای خۆشی چەندان فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتی و ئەکتیڤیستی سیاسی هەن کە بەرگریان لێدەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی منە کاک مەلا بەختیار کە نازانێ فۆکۆ چیکردوە و چی ووتوە و چ ڕایەکی لەسەر ڕۆشنگەری هەیە و کە بێئاگایە لەو هەموو تازەکارییە مەنهەجی و فیکری و فەلسەفیانەی ئەم فەیلەسوفە ئەنجامیداون، کەچی بێهیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی و بەلۆژیکی قسەی سادەی سەرجادە ئەو مافە بەخۆی ئەدات بەناوی فەلسەفە و فیکرەوە چەندان بۆچوونی هەڵە و نا مەعریفی و کاریکاتێری بخاتە سەر دەمی یەکێک لە فەیلەسوفە گرنگەکانی سەدەی بیستەم. ئەوەی بەلای منەوە مایەی نیگەرانی و لەڕاستیشدا مایەی ترسێکی گەورەیە ئەو جورئەتەیە کە سیاسییەک بەخۆی ئەدات بۆ ئەوەی وەک چۆن لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا خوتبەئەدات، بەهەمان شێوە بەناو کایە ئاڵۆز و زەحمەتەکانی فیکری

بەشەریشدا تێپەڕێ و وەک خۆی دەڵێت "شەن و کەوی کات". بێگومان من کە ئەم قسەیە دەکەم مەبەستم نییە بڵێم لە کۆبونەوە حیزبییەکاندا قسەی باش و گرنگ ناکرێت، نا هەرگیز من ئەم دیدە ناسەلمێنم، بەڵام دەمەوێت بەرگری لەو ڕاستییە بکەم کە قسەی ناو کۆبوونەوە حیزبییەکان و بەرهەمهێنانی فیکری و فەلسەفی و مەنهەجی دووجۆر قسەی جیاوازن. هەریەکێکیان لۆژیک و میکانیزم و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە و تێکەڵکردنی یەکێکیان بەویدیکەیان هەم گوناهێکی فیکری و هەم گوناهێکی سیاسیشە.

کاک مەلا بەختیار هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەنوسێت گوایە فۆکۆ گوتوویەتی گوتاری ڕۆشنگەری "لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی" دوورنەکەوتۆتەوە. من دیسانەوە تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم دێڕێکی فۆکۆم بۆ بدۆزێتەوە کە تێیدا نووسیبێتی گوتاری ڕۆشنگەری "لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی" دوورنەکەوتۆتەوە. فۆکۆ کە باوەڕی وایە ڕۆشنگەری نەک تەنها خیتابەکان و ستراتیژەکانی دەسەڵاتی گۆڕیوە، بەڵکو خودی ئەبستیم، واتە ژێرخانی هەموو بەرهەمهێنانی مەعریفیشی، گۆڕیبێت، ئیدی چۆن دەڵێت " لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی" دوورنەکەوتۆتەوە. دوایی 'خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی' یانیچی؟ بەداخەوە کاک مەلا بەختیار وەک چۆن چەندەها ڕستەی لەم جۆرەی بێ هیچ لێکدانەوە و شەرحکردنێک بەجێهێشتووە، ئەم ڕستە نادیار و ئاڵۆزەشی ڕوونەکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا قەبارەی کتێبەکەی ٤٣٠ لاپەڕەیە و دەکرا تەرخانیکات بۆئەو جۆرە ڕوونکردنەوانە. ئاخر ئەو کە بە حیسابی خۆی باسی زیاد لە میحوەرێکی فیکری فۆکۆمان بۆ دەکات نەدەبوا عەزێتی ئەوەی بدایەتە بەرخۆی و بۆ نووسینەکانی فۆکۆ خۆی بگەڕێتەوە و نیشانماندا لەکوێدا فۆکۆ لەو جۆرە قسانەی کردوە کە کاک بەختیار دەیخاتە سەر دەمی. ئاخر ئەمە ئەگەر پێشێلکردنی سادەترین مەرجی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبێت، ئەگەر ئەمە ڕێزنەگرتنێکی گەورەی نووسین و بەسووک و ئاسان دانانی نەبێت، چی ترە. کاک بەختیار بە حیسابی خۆی فیکری ئەم فەیلەسوفە شیدەکاتەوە و هەڵەی کاک ڕێبین و من دەربارەی چۆنیەتی تێگەیشتنمان بۆ ئەم فەیلەسوفە ڕاستدەکاتەوە، کەچی جیاوازی نێوان ئەبستمۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا ناکات و ئەبستیم و ئەبستمۆلۆژیاشی لەیەکدی بۆ جیاناکرێتەوە. لەکاتێکدا ئەم جیاوزییە گرنگترین کارێکە فۆکۆ لە کتێبی "وشەکان و شتەکان" دا کردبێتی و هەنگاوی یەکەمی تێگەیشتنە لە بەشێکی گرنگی فیکری فۆکۆ.

بەڵام با واز لەم هەموو هەڵە و شێواندنانەی کاک مەلا بەختیار بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری و بزانین ئەو شتانەی فۆکۆ دەربارەی ڕۆشنگەری دەیڵێت چ لە دوور یان لە نزیک پەیوەندی بەو قسانەوە هەیە کە کاک مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا ڕیزیکردوون و بێهیچ بەرپرسیارییەک خستوونیەتیە سەر زاری ئەم پیاوە فەرەنسییە.

فۆکۆ لە نوسینێکی زۆر بەناوبانگ و گرنگیدا کە باس لە دید و تێڕوانینی فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت بۆ ڕۆشنگەری دەکات، بە ئاشکرا مەبەستەکانی خۆی لە ڕۆشنگەری لەپاڵ پێناسەکەی کانتدا ڕوون دەکاتەوە ( وەک ووتمان ئەم ووتارەی فۆکۆ هەم لە گۆڤاری ئازادی و هەم لە گۆڤاری دەروازەدا کراون بە کوردی. تکا لە خوێنەر دەکەم بۆ ئەو دوو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە). ئێمە پێشتر بۆچوونەکانی کانتمان دەربارەی ڕۆشنگەری ڕوونکردەوە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەو ڕاستییەیە کە فۆکۆ بەرگرییەکی تەواو لە بۆچوونەکانی کانت بۆ ڕۆشنگەری دەکات و بەتەواوی ئەو بۆچوونانەی قبووڵە. فۆکۆ پێیوایە مەبەستی کانت لە ڕۆشنگەری ئەو ساتەوەختە تایبەتەیە کە تێیدا بیرکردنەوە لە ئێستا و لە کێشەکانی ئێستا دەبنە گرنگترین مەسەلەیەکی فەلسەفی لەفیکری مرۆڤایەتیدا. ئێمە پێشتر نیشانماندا کە مەسەلەی سەرەکی بیرکردنەوەی ڕۆشنگەرانە لای کانت مەسەلەی سەربەخۆبوونی عەقڵی و جورئەت و وێرانە. فۆکۆ ئەم دیدە کانتییە والێکدەداتەوە وەک ئەوەی ڕۆشنگەری ئەو ساتەوەختە تایبەتەبێت کە تێیدا فەلسەفە و فەیلەسوفان و بیریارانی دیکە کاری سەرەکی خۆیان بە ناسین و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئێستاوە خەریککەن، بەو ساتەوەختەوە کە تێیدا فیکر ئامادەیە و

بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە تەماشای پێکهاتەکانی ئێستا دەکات. (بەر لە ڕۆشنگەری فەلسەفە و فیکر باسیان لە خودا و پلان و مەبەستە خوداییەکان دەکرد، لەو شێوە فیکرە ناڕۆشنگەرەدا ئێستا و هەنووکەییبوون، وەک بابەتێکی فەلسەفی، بوونێکی سەربەخۆیان نەبووە. ئێستا هەمیشە وەک درێژکراوەی میتافیزیک و ئاین و دنیایەکی موفاریق تەماشاکراوە). لێرەوە فۆکۆ لەو وتارەی سەرەوەدا لەپاڵ کانت و بۆچوونی کانتدا ڕۆشنگەری یەکساندەکات بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئێستا و ئەو هەلومەرج و دنیایەی لە ئێستادا ئامادەیە. ڕۆشنگەری یەکسانە بە هەستکردنی ئینسان بە ئێستاییبوونی خۆی ودروستکردنی پەیوەندییەکی سەربەخۆ و ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەو ئێستایە. کەواتە ڕۆشنگەری لای فۆکۆ، تەواو وەک لای کانت، مانای بەرگریکردن نییە لە تێزێکی فیکری یان ئایدیۆلۆژی دیاریکراو، بەڵکو بریتییە لە هەڵوێستێکی مەعریفی و فەلسەفی دیاریکراو بەرامبەر بە ئێستا. لەم دیدەدا هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە ئەو هەڵوێستەیە کە تێیدا فیکر لەوپەڕی سەربەخۆییدا پەلاماری ئێستا ئەدات و هەوڵئەدات بیناسێ و لایەنە ڕووناک و تاریکەکانی، جەبر و ئەگەر و تواناکانی گۆڕانی دەستنیشاناکات. لەهەمووشی گرنگتر هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە لای فۆکۆ، وەک لای کانت، هەمیشە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بە ساتەوەختی ئێستا.

فۆکۆ ڕۆشنگەری وەک شێوازێکی تایبەتی هەلوێستی فەلسەفی دەبینێت، ڕۆشنگەری جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی عەقڵییە کە تێیدا سەربەخۆبون و ڕەخنەییبوون پایە گرنگەکانیەتی، هەروەها هەڵوێستێکی تایبەتە بەرامبەر بە واقیع نەک ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی فیکری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی. ناوەڕۆکەکان دەگۆڕێن، ئەوەی دوێنێ ڕاستبووە مەرج نییە ئەمڕۆ ڕاستبێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لەو هەڵوێستە تایبەتانەی فیکر لەبەرامبەر واقیع و کێشەکانیدا کە بە ڕۆحێکی ڕەخنەیی و گۆڕانخوازەوە ئامادەن. ڕۆشنگەری ئەو شێوازە تایبەتەی هەڵوێستی عەقڵی و فیکرییە کە هەوڵئەدات لە هەنووکەییبوونی ئێمە لە نێو مێژوو دنیا و هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا تێبگات، ڕۆشنگەری بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی ڕەخنەییانەی ئێستا و کردنی ئێستا و کێشە و ئەگەرەکانی بە بابەتی بیرکردنەوە. ئەم مانا کانتییەی ڕۆشنگەرییە کە فۆکۆ لەو وتارەدا بەرگریلێدەکات. بەباوەڕی فۆکۆ پرسیاری ڕۆشنگەرانە بریتییە لە پرسیارگەلی لەم بابەتە: ئێستای ئێمە چییە؟ ئەو 'ئێستایە' چییە کە هەموومان لە ناویدا ئەژین؟ ئایا ئێمە لەم 'ئێستایەدا'، لەم ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەدا، چین و چ شوناسێکمان هەیە؟ ئایا هەم ئێمە و هەم فیکر دەشێت چ ڕۆڵێک لەم ئێستایەدا ببینین؟ (Linssen 1992: 369). بەباوەڕی فۆکۆ ئەوانەی لە فیکری فەلسەفیدا ئەم کەلەپوورە فیکری و تەرزی بیرکردنەوەییەیان داڕشتووە بریتین لە کانت، هیگڵ، هیگڵییە لاوەکان، مارکس، نیتشە، ماکس ڤێبەر، باتای، هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ. فۆکۆ خۆشی دەخاتە سەر هەمان هێڵ. (هـ. س. پ. ل ٣٦٩).

بە بۆچوونی فۆکۆ ئەو جیاوازییەی ڕۆشنگەری لە بیرکردنەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە لەم باوەشکردنەی ڕۆشنگەریدایە بە ئێستادا. بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییە فۆکۆ دوو جۆر "من" لە یەکدی جیادەکاتەوە. " من "ی دیکارت، یان دیکارتی، لە "من" ی کانتی. منی دیکارتی منێکی نامێژووییە، منێکی موتڵەقی دەرەوەی کات و سات و سەرزەمینێکی دیاریکراوە، بەڵام منی کانتی منێکی دەستنیشانکراوی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوە. (هـ. س. پ. ل ٣٧١). منی یەکەمیان منی دەرەوەی کات و شوێنە، منی دووهەمیان منێکە نووقم لەناو کێشە و ململانێ و باس و خواستەکانی ڕۆژگاری خۆیدا و منێکە دەخوازێت دیدێکی ڕەخنەییانەی بۆ هەموو ئەو شتانە هەبێت.

ئێستا ئیدی هیوادارم خوێنەر لە دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری تێگەیشتبێت و هیوادارم ئەم دیدەی کە من لەم چەند لاپەڕەیەدا نیشانمدا، بەو نوکتە گەورەیەی کاک مەلا بەختیار بەراوردکات کە دەڵێت ڕۆشنگەری خەریکی سەرکوتکردنی شێتەکان بووە، یان سیستمی ئەبستمۆلۆژی قووڵی بەرهەمنەهێناوە.

## تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ

تەوەرەیەکی دیکەی قسەکردنی پڕ هەڵەی کاک مەلا بەختیار لەسەر میشێل فۆکۆ قسەکردنیەتی لەسەر تێگەیشتن و "ئەندێشەکانی" فۆکۆ لەسەر دەسەڵات. بە حیسابی کاک مەلا بەختیار ئەم "ئەندێشانەی" فۆکۆ جەوهەری وەڵامەکەی ئەوە بە بۆچوونەکانی کاک ڕێبین و من و گوایە کاک ڕێبین لەم ڕووەوە فیکری فۆکۆی شێواندوە و ئەوەشی من لەپاڵ ئەم فەیلەسوفەدا ئەیلێم زۆر ترسناکە و دوارۆژی کورد دەخاتە مەترسییەوە. من لەم بەشەی باسەکەمدا ئەوە نیشانی خوێنەر ئەدەم کە کاک مەلا بەختیار تەواو بەپێچەوانەی مەبەست و بۆچوونەکانی فۆکۆوە دواوە و ئەوەی بەلایدا نەچوبێت "ئەندێشەکانی" فۆکۆیە لەسەر دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار کە بەڵێنی ئەوە بە خوێنەر ئەدات لەسەر "ئەندێشەکانی" فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات بدوێت ئیدی ئەو چاوەڕوانییەک لای خوێنەر دروستدەکات کە لانیکەم لەم بەشەی باسەکەیدا تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ شیکاتەوە و دوای شیکردنەوەشی بیسەلمێنێت کە فۆکۆ هەموو شێوەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە و دەسەڵات بە سەرکوتکردن یەکساندەکات و بەتەواویش دژی دەسەڵاتی لۆکاڵی و سیاسی و مەرکەزییە. بەڵام کاک مەلا بەختیار نەک ئەم ئەرکە مەعریفییە سەرەتاییانە جێبەجێناکات، بەڵکو وەک عادەتی هەمیشەی بە چەند دێڕێک و بەچەند حوکمێکی هەڵە و نەسەلمێندراو هەم خۆی و هەم خوێنەر بەهەڵەدا ئەبات. سەرەتا با بزانین کاک مەلا بەختیار تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ بە چی تاوانباردەکات (لێرەدا خوێنەر دەبێت لەو ڕاستییە ئاگاداربێت کە کاک بەختیار تەنها یەک وشەشی لە فۆکۆ خۆیەوە وەرنەگرتوە بۆ سەلماندنی قسەکانی، ئەوەی ئەو کردویەتی بەسەرچاوە دوو ئیقتیباسن لە کتێبێکی دریفۆس و ڕابێنووە وەریگرتوون کە ڕێک بەپێچەوانەی ویستی کاک بەختیارەوە شتێکی تەواو پێچەوانە لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ نیشانئەدەن. من دواتر دێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە). با ئێستا بزانین کاک بەختیار فۆکۆ بەچی تاوانباردەکات:

١ ـ فۆکۆ دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە: کاک مەلا بەختیار دەنووسێت "فۆکۆ دەسەڵاتی "سەردەمی مۆدێرنیتەش ڕەتدەکاتەوە. واتە نەک هەر دەسەڵاتی ستەمکار، بەڵکو دەسەڵاتی بەرهەڵستکاریش ڕەتدەکاتەوە" ل ٣٧٨. (بێگومان کاک مەلا بەختیار وەک عادەتی هەمیشەی تاقە دێڕێکی فۆکۆمان نیشان نادات کە تێیدا ئەم بۆچونە بەزۆر دراوەپاڵ فۆکۆیە بسەلمێنێت)

٢ـ دەسەڵات لە هەمووشوێنێک سەرکوتکەر و قەدەغەکەر و سانسۆرکارە.

٣ـ فۆکۆ هەم دژ بە دەسەڵاتی لۆکاڵی و هەم دژ بە دەسەڵاتی مەرکەزییە: کاک مەلا بەختیار دەنووسێت "فۆکۆ دژایەتی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان و دەسەڵاتی سیاسیشی کردوە" ل ٣٧٤. سەیرە کاک مەلا بەختیار دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان لە مانا سیاسییەکانیان دادەبڕێت، لەکاتێکدا فۆکۆ پێیوایە ئەوەی لە لۆکاڵدا ڕوودەدات بە هەموو مانایەک سیاسییە. فۆکۆ یەکێک لەو فەیلەسوفانەیە کە ئەم جۆرە جیاکارییانەی قبوڵنییە.

٤ـ فۆکۆ دەسەڵاتی سیاسی پێباش نییە. بەڵام کاک بەختیار زەحمەتی ئەوە ناکێشێت پێمانبڵێت کام دەسەڵاتی سیاسی بەلاوە باشنییە و لەبەرچی. ئەمە جگە لەوە یەک نووسینی فۆکۆمان نیشاننادات تێیدا نووسیبێتی من دژ بە دەسەڵاتی سیاسیم، یان دەسەڵاتی سیاسیم پێباش نییە.

٥ـ فۆکۆ دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاناکاتەوە: کاک مەلا بەختیار لەلاپەڕە ٣٧٧ دەنوسێت" لە ڕاستیا، فۆکۆ وەک پێشتر باسمان کردوە، دەسەڵاتی سەراپا لەسەر بنجی بیروباوەڕەکەی، ڕەت دەکاتەوە. جیاوازی لەناو دەسەڵاتەکانیش ناکات. دەڵی (هەموو دەسەڵاتەکان یەکسانن)".

٦ـ دەسەڵات ڕێ لە خەملێنی زانست و مەعریفە دەگرێت.

بۆ سەلماندنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، کە بێگومان هێز نییە لە دنیادا بیانسەلمێنێت چونکە هەموو فیکری فۆکۆ دژ بەو تێڕوانینەیە بۆ دەسەڵات، کاک مەلا بەختیار دوو ئیقتیباس دەهێنێتەوە و تیایاندا

دەیەوێت نیشانیبدات گوایە دەسەڵات لای فۆکۆ هەمیشە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرە، ناهێڵێت زانست بخەملێ و وشیاری فریودەرانە و بێئاگایی و نەزانی بەرهەمدەهێنێت. بێگومان ئەوەی ئەو ئیقتیباسانە بە وردی بخوێنێتەوە تێدەگات کە کاک مەلا بەختیار خۆی دووچاری کوفرێکی مەعریفی و هەڵەیەکی هێجگار هێجگار گەورە کردوە. ئەو نووسەرانە ناڵێن فۆکۆ ئەم دیدەی هەیە بۆ دەسەڵات، چونکە هەرکەسێک تەنها یەک وتاری فۆکۆی دەربارەی دەسەڵات خوێندبێتەوە، یان وتاری یەکێکی دیکەی لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ خوێندبێتەوە هەڵەی ئەفسانەیی واناکات. بەشێکی گرنگی ژیانی فیکریی فۆکۆ تەرخانبوو بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو بۆچوونە بۆ دەسەڵات کە یەکسانی دەکات بە سەرکوتکردن. گەر بەوردی سەرنجی ئەو ئیقتیباسە بدەین دەبینین دەڵێت "گریمانەی سەرکوتکردن لە نەریەتێکدا ڕیشەی هەیە کە دەسەڵات سەرومڕ بە دیاریکراوی، ڕەتکردنەوە و ناچارکاری دەزانێت". کەواتە ئەم نووسەرە دەڵێت نەریەتێکی تایبەت هەیە لە فیکردا کە دەسەڵات بە سەرکوتکەر دەزانێت. ئەو ناڵێ ئەم نەریەتە نەریەتی فیکری فۆکۆیە. چونکە هەموو فیکری فۆکۆ دژ بەم نەریەتە تەقلیدیەی یەکسانکردنی دەسەڵاتە بە سەرکوتکردن و ناچارکردن و ڕەتکردنەوە. ئەو ئیقتیباسانە قسە لە نەریەتێکی تایبەتی تەماشاکردن و تێگەیشتنی دەسەڵات دەکەن کە هەرچیەک بێت ئەو نەریەتە نییە کە فۆکۆ بەرگری لێدەکات، فۆکۆ نەک بەرگری لەم نەریەتە ناکات و باوەڕی بە گریمانەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر نییە، بەڵکو سەرجەمی فیکری فۆکۆ هەوڵدانێکە بۆ سەلماندنی ناڕاستی و نا دروستی ئەم دیدە بۆ دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار تاقە ڕستەیەکی فۆکۆی نەهێناوەتەوە تێیدا ئەم پیاوە دەسەڵات بە قەدەغەکردن و سەرکوتکردن و نەفیکرن یەکسانبکات، یاخود گوتبێتی دەسەڵات نایەڵێت مەعریفە بەرهەمبێت و زانست "بخەملێت". فۆکۆ تا مرد دژایەتی ئەم تێڕوانینە سادەیەی بۆ دەسەڵات کرد و ئەو پێیوابوو دەسەڵات هەم مەعریفە و هەم زانست و هەم هەقیقەت و هەم زات و هەم بەرگریش بەرهەمدەهێنێت. لەم ڕووەوە ڕەخنەی سەرەکی فۆکۆ لە قوتابخانەی فرانکفۆرت بەگشتی و لە هێربێرت مارکۆزە بەتایبەتی لەوەدایە کە ئەوان دەسەڵات بە چەپاندن و سەرکوتکردن یەکساندەکەن.

با وەک کاک مەلا بەختیار نەکەین و ئەو قسانەی سەرەوەمان بە بەڵگەوە بسەلمێنین. سەرەتا با گوێ لە فۆکۆ خۆی بگرین و دوای ئەویش پەنادەبەینە بەر فۆکۆناسێک بۆ ڕوونکردنەوەی "ئەندێشەکانی" ئەو لەسەر دەسەڵات:

بێگومان خوێنەر بۆ دڵنیابوون لەو قسانەی من دەتوانێت بۆ هەر یەکێک لە کتێبەکانی فۆکۆ بگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا) و (مێژووی سیکسوالیەت) و ئەو دەیەها چاوپێکەوتنانەی دیکە کە فۆکۆ تیایاندا بەدرێژی و بێبێزاربوون خەتەگشتییەکانی تیورەی دەسەڵاتی خۆی جار دوای جار شیدەکاتەوە. لە کتێبی کۆنترۆڵ و سزادا فۆکۆ دوو شێوازی دەسەڵات لەیەکدی جیادەکاتەوە: دەسەڵاتێکی سزابەخش بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی دیسپلینکەر. دەسەڵاتی یەکەمین بە دەسەڵاتی قۆناغی بەر لە مۆدێرنە دەداتە قەڵەم کە ستراتیژی کارکردنی لەسەر سەرکوتکردن و ترساندن و ئازاردان و دواجار کوشتن کاردەکات، لەکاتێکدا دەسەڵاتی مۆدێرن، واتە دەسەڵاتی دیسپلینکەر، لەسەر زیادکردنی تواناکانی جەستە و بەرهەمهێنانی مەعریفی و تەکنیکەکانی دیسپلینکردن کاردەکات. هەموو کتێبی کۆنترۆڵی سزای میشێل فۆکۆ هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکە سەرەکیەی کە دەیەوێت نیشانیدات دەسەڵات بەرهەمهێنە، نەک سەرکوتکەر و دژی خەملینی زانست نییە، بەڵکو زانست بەرهەمدەهێنێت.

لە کتێبی مێژووی سێکسوالیتەدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ دژ بەو گریمانە فرۆیدیە کاردەکات کە دەڵێت دەسەڵات کاری سەرکوتکردنی غەریزەکان و ئارەزوەکانە، بە باوەڕی فۆکۆ دەسەڵات ئارەزووەکان نەک سەرکوتناکات، بەڵکو بەرهەمهیاندەهێنێت و ڕێگاکانی تێرکردنیشیان دەستنیشاندەکات. خوێنەر دەتوانێت بۆ بەرگی یەکەم و دووهەمی ئەم کتێبە بگەڕێتەوە.

من لێرەدا و لەبەر نەبوونی کات و شوێن هەوڵئەدەم کۆی ئەو بۆچوونانەی فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات لەڕێی کتێبی "چەند سەرنجێک دەربارەی مارکس" ـەوە نیشاندەم:

.Michel Foucault, Remarks on Marx. Semiotext (e) Columbia University , 1991

ئەم کتێبە چاوپێکەوتنێکی درێژی مارکسییەکی ئیتالییە لەگەڵ فۆکۆدا و تاڕادەیەکی زۆر تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر تیورەی دەسەڵات. لەم کتێبەدا مارکسییە ئیتالیەکە دەخوازێت لەپاڵ زۆرشتی دیکەدا لەو جیاوازییانە تێبگات کە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ لە تیورەی دەسەڵات لای فرانکفۆرتییەکان جیادەکاتەوە.

فۆکۆ لەوەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پرۆژە فیکرییەکەی خۆی و پرۆژەی فرانکفۆرتییەکان تا ڕادەیەک لەیەکدەچن، فۆکۆ دەڵێت "فرانکفۆرتییەکان بەر لەمن بەو ئیشکالییەتە فیکری و سیاسی و فەلسەفییانەوە خەریکبوون، کە دوای ئەوان منیشیان خەریککرد"، هەروەها دەنوسێت: "بەباوەڕی من فرانکفۆرتییەکان کۆمەڵێک کێشەیان هێنایە کایەوە کە تا ئێستاش گرنگن و تائێستاش بەردەوام کاریان لەسەردەکرێت، بەتایبەتی مەسەلەی کاریگەرییەکانی دەسەڵات کە پەیوەستن بە عەقلانییەتەوە، عەقلانییەتێک لە ڕۆژئاوادا لە سەدەی شانزەهەمەوە ئامادەیە" (هـ. س. پ. ل ١١٧). وەک ئاشکرایە فۆکۆ لەو چەند دێڕەدا دەیەوێت بڵێت ئەوەی هەم فرانکفۆرتیەکان و هەم ئەوی خەریکردوە مەسەلەی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەسەڵاتە، پەیوەندیەک کە لەسەدەی شازدەهەمەوە لە ئارادایە و تائێستاش بەشێکی گرنگی فیکری بەشەری پێوەی سەرقاڵە.

فۆکۆ لەدرێژەی قسەکانیدا دەنووسێت: "پرسیاری فرانکفۆرتۆیەکان ئەوەبووە چۆن عەقڵ لەو دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیەی دەسەڵات جیاکەنەوە". چونکە ئەم دەستێوەردانە دوو جەنگی جیهانی و دەیەها قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەوەرە گەورەی خستۆتەوە و بەرپرسیارە بەرامبەر هاتنەکایەی نازیسم و فاشیزم و بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و پیسکردنی ژینگە و زیادبوونی ڕەهەندەکانی هەژاری و بێکاری و ژوورەکانی غاز و کوشتنی بەکۆمەڵ و جینۆساید. ئاریک فرۆم ئەم هەلومەرجەی بەناویەکداچوونی عەقڵ و دەسەڵات و گرێدانەوەیان بە سیستمی سەرمایەدارییەوە بە هۆکاری هاتنەکایەی جۆرێک لە سایکۆلۆژیای تایبەت دەزانێت کە بە سایکۆلۆژیای "ترس لە ئازادی" ناونووسیدەکات.

فۆکۆ لەدرێژی وەڵامەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی فرانکفۆرتییەکان بە بەڵێن و مژدەکانی ڕۆشنگەرییەوە و باسی نەهاتنەدی ئەو بەڵێنانەی ڕۆشنگەری دەکات کە گوایە "پیادەکردنی عەقڵ ئینسان بەرەو بەدەستهێنانی ئازادی دەبات" فۆکۆ دەڵێت "فرانکفۆرتییەکان نیشانیاندایین کە عەقڵ لە گەشەی خۆیدا بەردەوام پانتایی ئازادی بەرتەسککردۆتەوە و بەردەوام زۆرشتی لە ئازادی سەندۆتەوە. (...) ئەمەش ئەو مەسەلە گرنگەیە هەم فرانکفۆرتییەکان و هەم زۆربەی ئەوانەی دەرەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش پێوەی خەریکن" (هـ. س. پ. ل١١٨). بێگومان خوێنەر لێرەدا دەبێ لەو ڕاستییە ئاگاداربێت کە نە فۆکۆ و نە فرانکفۆرتییەکان لە ڕەخنەیاندا لە عەقڵ و عەقلانییەت بانگێشەی ناعەقلانییەت و دوژمنایەتکردنی ڕۆشنگەری ناکەن، ئەوان دەیانەوێت ئەوە ڕاستییە بسەلمێنن کە عەقڵ ناعەقلانییانە خراوەتە گەڕ و ڕۆشنگەری تەواو ناڕۆشنگەرانە بەکارهاتووە. ئەم ڕەخنەیە لە عەقڵ ڕەخنەیەکە بە ئاراستەی گەڕاندنەوەی ڕەهەندە ڕۆشنگەر و توانا ئازادکەرەکانی عەقڵ بۆ خودی عەقڵ نەک نەفیکردن و پەککختستنی..

وەک دەبینین فۆکۆ پرۆژەکەی خۆی لە پرۆژەی فرانکفۆرتییەکان بەتەواوی دانابڕێت و ئەوەمان پێدەڵێت کە ئیشکالییەتی سەرەکی زۆربەی فەیلەسوفان و زانا کۆمەڵایەتییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم و دوای کارەساتی هۆلۆکۆست و کامپی بەکۆمەڵی کوشتنی گۆلاک لە ڕوسیا و دوای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی هتد...، ئیشکالییەتی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەسەڵاتە. ئەم ئیشکالییەتە

نوێیە لەوکاتەوە ڕۆڵی پارادایمێکی فەلسەفی دەبینێت بەشێکی گرنگی فیکری بەشەری تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پێوەیخەریکە. ئەم ئیشکالییەتەش لە جەوهەردا ئیشکالییەتێکە دژ بەو ڕۆحی عەقڵ پەرستییە سادەیەیە کە ڕۆشنگەری تێیدا عەقڵی وەک بتێکی پیرۆز مامەڵە دەکرد. لەلاپەڕەکانی پێشوتردا ڕەخنەی مارکس و نیتشە و فرۆیدمان لەم دیدە عەقڵگەرایە نیشاندا، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

فۆکۆ دەڵێت "من گەر پێشتر، واتە پێشئەوەی دەست بە نووسینی کۆمەڵێک لە کتێبەکانم بکەم، بیر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتم باشتر بخوێندایەتەوە، ئەوکات کاتێکی زۆرم بۆ دەگەڕایەوە و زۆرشتیشم لەوانەی کەنووسیوە نە ئەنووسی و چەند هەڵەیەکیشم نەدەکرد کە کردوومن (...). ئەگەر بە گەنجی قوتابخانەی فرانکفۆرتم بخوێندایەتەوە ئەوکات لەوانەبوو دواتر هیچیدی نەکەم جگە لەوەی سەرنج و تەعلیق لەسەر کۆی کارەکانی ئەوان بنووسم" (هـ. س. پ. ل ١١٩ ـ ١٢٠).

تا ئێرە بە کورتی وەڵامی فۆکۆ دەربارەی ئەو شتانەی کە لای فرانکفۆرتییەکان شوێنی سەرنجی ئەوبوون و وەک فەیلەسوفێکیش کاری لەسەرکردون. دوای ئەوە نووسەری کتێبی ( چەند سەرنجێک دەربارەی مارکس) ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەوە لە فۆکۆ دەکات داخۆ ئەو شتانە کامانەن کە ئەو لە فرانکفۆرتیەکان جیادەکاتەوە؟

لە وەڵامدا فۆکۆ پێ لەسەر چەندخاڵێک دادەگرێت کە یەکێکیان تیورەی دەسەڵاتە، فۆکۆ دەڵێت: "بێگومان کۆمەڵێک جیاوازی هەن، بۆنموونە چۆنیەتی تەماشاکردنی چەمکی زات. لای فرانکفۆرتییەکان چەمکێکی زات چەمکێکی تەقلیدیە و بەمانا فەلسەفییە تەقلیدییەکانی بەکارهاتوە. سەرەڕای ئەمەش هەڵگری شێوەیەک لە هیومانیزمی مارکسیستانەیە" . خاڵێکی دیکەی جیاوازیمان ئەوەیە " فرانکفۆرتییەکان کەمتر لەمن خۆیان بە مێژووەوە خەریککردوە. ئەو مێژووەش ئەوان جارنەجارێک خۆیانیان پێوەخەریکردوە مێژوویەک بووە پێشوەخت نووسراوەتەوە و ئەوان پرسیاریان لە چۆنیەتی نووسینەوەکەی نەکردوە." (هـ. س. پ. ل١٢٤، ١٢٥).

جیاوازییەکی دیکە کە فۆکۆ باسیدەکات بریتییە لەوەی کە فرانکفۆرتییەکان لەپاڵ مارکس و فرۆیدا "بەدوای زاتێکی ئازادا دەگەڕان کە مرۆڤایەتی بزریکردوە، نەک بەدوای شتێکدا کە سەرلەبەر تازەبێت و لە ئێستادا نەزانین چییە و چۆن دروستیدەکەین" (هـ. س. پ. ل ١٢١). بۆ نموونە مارکس "کۆمۆنەی سەرەتایی وەک سەردەمی زێڕین و فرۆیدیش قۆناغی بەر لە کوشتنی باوکی، واتە قۆناغی بەر لە هەستکردن بە گوناهـ، بەقۆناغی نموونەیی دادەنێت" (هـ. س. پ. ل ١٢١). هەردوو قۆناغەکەش تێپەڕیون و سەر بە ڕابردووی کۆمەڵگا و مێژووی ئینسانن. بەباوەڕی فۆکۆ فرانکفۆرتییەکان لەم ڕووەوە ڕوویان لە ڕابووردو و سەردەم و زاتێکی بزربووە"، نەک لە ئایندەیەک کە شتەکان تیایدا "ڕادیکاڵانە جیاوازبن". فۆکۆ ڕایوایە پرۆژەی ئازادی "گەڕانەوە نییە بۆ جەوهەرێک، یان ئایدیال و نموونەیەک لە دوامانەوە"، یان "بۆ ڕۆژگارێکی دیاریکراو، یان بۆ وێنەیەکی ئازادی ئینسان و کۆمەڵگا" کە سەرمایەداری و عەقڵانییەتی ئامرازی شێواندویەتی و لەبیربیردۆتەوە، بەباوەڕی فۆکۆ دەبێت "ڕوومان لە ئایندەبێت و بەدوای شتێکدا بگەڕێین تەواو جیاواز، تەواو داهێنراو و تەواو نوێ" (هـ. س. پ. ل ١٢٢).

لە کتێبێکی دیکەدا بەناوی "دەسەڵات و مەعریفە" کە هەڵبژاردەیەکی تایبەتە لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ فۆکۆدا کراون و لە پەیوەنیدا بە مەسەلەی دەسەڵاتەوە فۆکۆ ئاوا باسی جیاوازی خۆی و یەکێکی وەک هێربێرت مارکوزە دەکات: "من هەروەها خۆم لە کەسێکی وەک هێربێرت ماکۆزە جیادەکەمەوە، ئەو ڕۆڵێکی زیاد لە حەد بە چەمکی سەرکوتکردن ئەدات. ئاشکرایە دەسەڵات شتێکی لاواز و بێتوانا دەبێت گەرهاتو بەتەنها کاری سەرکوتکردن و داپڵۆسین بێت، گەرهاتو بەناوی بەرزەمنێکەوە تەنها لە میانەی سانسۆرکاری و دەرهاویشتن و ڕێپێگرتن و بێدەنگکردنەوە کاریکرد و

بوونی خۆی تەنها لەڕێی نەفیکردنەوە نیشانبدات. بەپێچەوانەوە ئەگەر دەسەڵات بەهێزبوو ئەمە، وەک وررده وردە خەریکە هەموومان دەرکیپێدەکەین، بەهۆی ئەوەوەیە دەسەڵات کاریگەرییەکانی خۆی لە ئاستی ئارەزوەکاندا بەرهەمدەهێنێت، هەروەها لە ئاستی بەرهەمهێنانی مەعریفەشدا. دەسەڵات نەک ڕێ لە مەعریفە ناگرێت، بەڵکو خۆی مەعریفە بەرهەمدەهێنێت" (Foucault 1980: 59). فۆکۆ هەر چەند دێڕێک دوای ئەم دەربڕینە بەردەوامی بە قسەکانی ئەدات و ئەڵێ: "لەبەرئەوە من نارازیم و دڵتەنگم کاتێک دەسەڵات کورتدەکرێتەوە بۆ میکانیزمەکانی سەرکورتکردن و چەپاندان، ئەم کورتکردنەوەیە زۆر خراپ و ناتەواوە هەروەها دەشێت زۆر مەترسیداربێت" (هـ. س. پ. ل ٥٩).

وەک دەبینین فۆکۆ لێرەدا تەواو دژ بەو قسانەی کاک مەلا بەختیار دەدوێت کە دەڵێت دەسەڵات ناهێڵێت زانست "بخەملێت" و بەردەوام خەریکی سەرکوتکردنە. فۆکۆ ئەو بۆچوونەی کە دەسەڵات یەکسان ناکات بە سەرکوتکردن لەچەندەها شوێنی دیکەدا دووبارەدەکاتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی (Breekbare vrijheid) بەمشێوەیە باس لە دەسەڵات دەکات (داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم کە ئەم ئیقتیباسە زۆر درێژە):

"من هەمیشە چەمکی دەسەڵاتم بەمانای پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەکارهێناوە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هەمیشە بۆ ئەم چەمکە کۆمەڵێک وێنە و تێگەیشتنی تەقلیدی هەن: لەم تێگەیشتنە تەقلیدییەدا گەر تۆ باسی دەسەڵاتت کرد ئەوکات تۆ ڕاستەوخۆ بیر لە ستراکتوری سیاسی، حوکومەت، چینی باڵادەست، ئاغایەک بەرامبەر بە کۆیلەیەک و شتی دیکەی لەم بابەتە دەکەیتەوە. بەڵام من کاتێک قسە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات دەکەم بەهیچ جۆرێک مەبەستم ئەو شتانە نییە. مەبەستی من لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بریتییە لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئینسانەکاندا ـ بۆ نموونە لەچاوپێکەوتنێکی ئاوادا، یان لە پەیوەندی خۆشەویستیدا، یان لە پەیوەندی ئابووری بەدەزگاییکراودا ـ مەسەلەی دەسەڵات ئامادەیە: هەموو ئەم شتانە جۆرێکن لە پەیوەندی تیایاندا لایەنێکیان دەخوازێت هەڵسوکەوت و جوڵانەوەکانی لایەنەکەی تر بەڕێوەببات. بەڵام ئەم پەیوەندییانە دەتوانن شێوەی جیاواز و ئاستی جیاواز بگرنە خۆیان؛ ئەم پەیوەندیانە پەیوەندی پڕ جوڵەن، واتە کۆمەڵێک پەیوەندین کە دەشێت بگۆڕێن و هەرگیز و بۆ هەتاهەتایە بە یەکشێوە نامێننەوە. بۆنموونە لەسەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا و بەحوکمی ئەوەی من لە ئێوە پیرترم ئێوە بەشەرمەوە پرسیارتان لەمن دەکرد، (واتە لەو کاتەدا من دەسەڵاتدارتر بووم)، دەشێت لەدرێژەی قسەکانماندا مەسەلەکە تەواو پێچەوانە ببێتەوە. دەشێت منیش بەرامبەر بە یەکێکی دی، بەحوکمی ئەوەی لەمن گەنجترە، تووشی شەرمکردن ببم. وەک دەبینن ئەم جۆرە پەیوەندیانەی دەسەڵات پڕ جوڵە و قابیلی وەرچەرخان و ناجێگیرن. سەرەڕای ئەمانە پەیوەندیەکانی دەسەڵات تەنها کاتێک دەتوانن ئامادەبن کە کەسەکان ئازادبن. ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان بەتەواوی لەژێر ڕەحمی ئەویدیدا بێت و لەژێردەستی ئەودا وەک داشی دامەی لێهاتبێت، واتە ببێتە بابەتێک کە ئەویدی بێحیساب و تا ئەوشوێنەی دەخوازێت توندوتیژی بەرامبەر بەکاربهێنێت، ئەوکات بەهیچجۆرێک ناتوانین باس لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بکەین. بۆئەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دروستببن، دەبێت هەردوو لا تا ڕادەیەکی دیاریکراو ئازاد بن. (...) بە مانایەکی دیکە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەناچاری و بە شێوەیەکی هەمیشەیی گریمانی بوونی بەرگری و ئەگەری بەرگریکردن دەکەن. ئەگەر بەهیچشێوەیەک توانای بەرگریکردن لەئارادانەبێت، ئەوکات بەهیچجۆرێک قسە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناکرێت. لەهەر کایەیەکی کۆمەڵایەتیشدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەبێت، ئەوە لەبەرئەوەیە لەهەموو شوێنێکدا ئازادی هەیە" (Foucault 1998: 97). فۆکۆ لەدرێژی ئەم قسانەدا ئەڵێت "من هەرگیز نەمگوتوە و کەسیش ناتوانێت ئەو قسانەم بۆ هەڵبەستێت گوایە دەسەڵات سیستمێکی سەرکوتکەر و بێدەنگکەر و موهەیمنە و کۆنترۆڵی هەمووشتێک دەکات و بەهیچ شێوەیەک هیچ پانتاییەک بۆ ئازادی ناهێڵێتەوە" (هـ.س.پ ل ٩٧). لەهەمان کتێبدا فۆکۆ دەنوسێت:"بەباوەڕی من هیچ کۆمەڵگایەک بوونی

نابێت بەبێ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، گەر مەبەستی ئینسان لەم پەیوەندییانە کۆی ئەو ستراتیژانە بێت کە تاکەکان لەڕێیانەوە هەوڵئەدەن ئاراستە بۆ هەڵسوکەوتەکانی ئەوانیدی دابنێن، یان هەر بەتەواوی ئەو هەڵسوکەوتانە دەستنیشانکەن" (هـ. س. پ. ل ١٠٣ـ ١٠٤). هەر لەدوای ئەم وەڵامەوە ڕاستەوخۆ ئەو دووکەسەی چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ فۆکۆدا ئەنجامئەدەن دەپرسن : "کەواتە تۆ ڕات زۆر لە ڕای سارتەر جیاوازە، ئەو ڕای وابوو دەسەڵات خراپەیەکی تەمام عەیارە". فۆکۆ لەوەڵامدا ئەڵێت: "بەڵێ. من بەهیچجۆرێک ڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە. (...) دەسەڵات خراپەکاری نییە. دەسەڵات بریتییە لە کۆمەڵێک گەمەی ستراتیژی. (...) دەسەڵات لەناو حەزلێکردندا، لەناو عەشقدا، لەناو ئارەزوی جنسیشدا ئامادەیە" (هـ. س. پ. ل ١٠٥).

خوێنەر کە ئەم دێڕانەی فۆکۆ دەخوێنێتەوە ئەو هەستەی لادروستدەبێت وەک ئەوەی ئەم فەیلەسوفە زانیبێتی کەسێکی وەک کاک مەلا بەختیاری لێپەیدادەبێت و نەزانانە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی قسەی لەو بابەتەی بۆ هەڵدەبەستێت کە لەسەرەوە بە خوێنەرامان نیشاندا. وەک دەبینین فۆکۆ لەم پەرەگرافەدا بەئاشکرا دژایەتی ئەو بۆچوونە دەکات کە دەسەڵات بە سەرکوتکردن یەکساندەکات و بەرگریش لەو بۆچوونە دەکات کە دەسەڵات بەرهەمهێن و پڕجوڵە و گرنگە. لە وەڵامدانەوەی هێربێرت مارکۆزەشدا دەڵێت ئەوەی دەسەڵات بە سەرکورتکەر دەزانێت هەڵگری دیدێکی پڕمەترسییە.

بێگومان فۆکۆ ئەو فەیلەسوفە نییە کە عاشقی دەسەڵات بووبێت، ئەو دژایەتییەکی سەرسەختی دۆخێک لە دۆخەکانی دەسەڵاتی کردوە، فۆکۆ ئەو دۆخە ناویدەنێت "دەسەڵاتی هەیمەنەی هەمەلایەن" یان "جڵەوکەری تەواوەتی" (هـ. س. پ. ل٨٧ و ل١٠٥). فۆکۆ دەربارەی ئەم دۆخە تایبەتەی دەسەڵات دەنووسێت "لێرەدا پەیوەندیەکانی دەسەڵات لەباتی ئەوەی پڕ جوڵە و کراوەبن بۆ ستراتیژییەکانی گۆڕانی ئەو لایەنە جیاوازانەی لەناو ئەو پەیوەندیانەدا ئامادەن، بەتەواوی داخراون و ڕەقهەڵاتون. لەکوێدا تاکەکەسێک یان گروهێکی کۆمەڵایەتی توانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەتەواوی دابخات، ئیفلیج یان تەواو پەکبخات، یان لەڕێگای ئامرازێکی ئابوری، سیاسی یان سەربازییەوە نەهێڵێت بگۆڕێت و پێچەوانە ببێتەوە ئەوکات قسە لە هەلومەرجی جڵەوکردنی تەواوەتی دەکەین" لێرەدا هیچ پانتاییەک بۆ ئازادی نامێنێتەوە (هـ. س. پ. ل٨٧). کەواتە فۆکۆ دژایەتی دەسەڵاتێک دەکات کە داخراوە و هەموو ڕێگایەکی لە گۆڕان گرتبێت، دەسەڵاتێک هێز بەکاربهێنێت، جا چ هێزی سەربازی بێت یان مۆنۆپۆلیزەی ئابووری، بۆئەوەی جڵەوی هەموو ئەوانەبکات کە لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدان. کەسێکیش کەمەکێک ویژدان و ڕۆحیەتێکی ئازادیخواز و دیموکراسخوازی هەبێت و عاشقی دەسەڵات و ئیفلیجکردنی کەسانی دیکە و جڵەوکردنیان نەبێت، بێدوودڵی ئەم دیدەی فۆکۆی قبووڵە. ئەم دیدەی فۆکۆ دیدێکە بەرگری لە ئازادی دەکات دژ بە فاشیزم.

خوێنەر بۆ دڵنیابوونی زیاتر و شارەزابوونی زیاتر لە بۆچوونەکانی فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات، دەتوانێت تەماشای ئەم دووکتێبە بکات:

1-Power/Knowledge ed Colin Gordon New York, Pantheon 1980.

بەتایبەتی بڕوانە دوو وتاری Two Lectures و Truth and Power

2- Thomas E. Wartenberg, The Forms of Power: From Domination to Transformation. Philadelphia, Temple University Press 1990.

ئێستا گەرهاتوو باوەڕمان بە فۆکۆ خۆی نەکرد و پێمانوابوو کاک مەلا بەختیار لە فۆکۆ خۆی باشتر دەزانێت ئەو چی بەرامبەر دەسەڵات و ماناکانی دەسەڵات گوتووە و ئەم پیاوە فەرەنسییە بەڕۆژی ڕووناک درۆمان لەگەڵدا دەکات و دەسەڵات لای ئەو، وەک کاک مەلا بەختیار نیشانیداوین،

هەمیشە یەکسانبووە بە سەرکوتکردن و بێدەنگکردن و ڕێگربووە لە "خەملاندنی" زانست. دەڵێم گەر ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیەبێت و باوەڕ بە فۆکۆ خۆی نەکەین چی لەوە لۆژیکیترە پەنابەرینە بەر فۆکۆناسێک و لەڕێی ئەوەوە بزانین تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ چییە و "ئەندێشەکانی" ئەم فەیلەسوفە دەربارەی ئەم مەسەلەیە کامانەن. بۆ ئەم مەبەستەش پەنادەبەمە بەر ئەو بڕوانامەی دکتۆرایەی کە فەیلەسوفی هۆڵەندی، میشێل کارسکێنس، بە ناونیشانی ( دەسەڵات و هەقیقەت) لەسەر گەشەی هەردوو چەمکی دەسەڵات و هەقیقەت لە فیکری فۆکۆدا نووسیویەتی. میشێل کارسکێنس لە قسەکردنیدا لەسەر کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا) و ئەو مۆدێلی دەسەڵاتەی فۆکۆ لەو کتێبەدا نیشانیئەدات ئەنوسێت: "دیسپلینکردن لەو کتێبەدا وەک تەکنیکێکی دەسەڵات پێناسدەکرێت کە لەسەدەی هەژدەهەمەوە هاتۆتەکایەوە، لەم مۆدێلەدا دەسەڵات چیدی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی چەوسێنەر و سەرکوتکەر کارناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ئیجابی، بەرهەمهێن، وەک گشتێک بەشێوەیەکی عەقڵانی لەشێوەی یاسا و بەهای دیاریکراودا کاردەکات و هەوڵی ئەوە ئەدات هەم چالاکی و هەم وێکچوونی هەڵسوکەوتی ئینسانەکان زیادبکات" (Karskens 1986: 115). بەڕای ئەم نووسەرە بۆچوونەکانی فۆکۆ لەسەر دەسەڵات لەدوای ساڵی ١٩٧٢ بە تیورەی "دەسەڵاتی ئیجابی " ناودەبرێت و ئەو کاراکتەرە تازانەی دەخرێتە پاڵ ئەم تێڕوانینە تازەیەی فۆکۆ بۆ دەسەڵات بریتین لە : (هـ. س. پ. ل ١٢٤)

١ـ دەسەڵات مڵکیەت نییە، بەڵکو ستراتیژیەتێکە کە تێیدا پەیوەندی واقیعیانە پیادەدەکرێت.
٢ـ دەسەڵات لە شوێنێکی تایبەتدا نییە ولەشوێنێکی تایبەتەوە نایەتەدەرەوە، بەڵکو لەهەمووشوێنێکدا ئامادەیە و بەردەوام لە گۆڕانیشدایە.
٣ـ دەسەڵات بەرەنجامی شتێکی دیکە نییە ( بەرەنجامی پەیوەدنییەکانی بەرهەمهێنان یان پەیوەندیە قانوونییەکان)، بەڵکو ڕاستەوخۆ گرێدراو و نیشتەجێی ئەو شوێنانەیە کەتیایاندا دەستبەکارە.
٤ـ دەسەڵات لەڕێگای سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و ئایدیۆلۆژیاوە (واتە مەعریفەی هەڵەوە) کارناکات، بەڵکو خودی واقیع خۆی بەرهەمدەهێنێت.

فۆکۆ ئەم تیورە تازەیەی دەسەڵات ناودەنێت "میکرۆفیزیای دەسەڵات". ئەم تیورەیەش ڕاستەوخۆ بەرامبەر ئەو تیورە تەقلیدیانەی دەسەڵات دادەنرێت کە بە تیورەی "دەسەڵاتی نێگەتیڤ" ناودەبرێن. لەم تیورە تەقلیدیەداکە فۆکۆ دژایەتییەکی تەواویان دەکات دەسەڵات ئەم کاراکتەرانەی هەیە:

١ـ ئەم تیورەیە بەشێوەیەکی هەڵە ناکۆکیەک لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا پێشنیاردەکات، دەسەڵات وەک شتێکی خراپ و سیاسەتێکی هەڕەمەکی پێشنیاردەکات لەکاتێکدا مەعریفە وەک شتێکی ڕاست و بابەتیی.
٢ـ لە تێڕوانینی مارکسیدا دەسەڵاتی دەوڵەت وەک بەرەنجامی ململانێی چینایەتی دەبینرێت و ئایدیۆلۆژیاش وەک شێوەیەک لەدەسەڵات.
٣ـ لەم دیدەدا دەسەڵاتی دەوڵەت وەک دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و چەپێنەر پێشنیاردەکرێت.

میشێل کارسکێنس لەدرێژایی ئەو قسانەیدا و لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنوسێت کە فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧٢وە "بەپێداگرتنێکی گەورەوە بەگژ ئەو بۆچوونەدا دەچێتەوە کە پێیوایە دەسەڵات خراپە، چونکە هەمیشە بەشێوەیەکی ناهەقانە خەریکی چەوسانەوەیە" (هـ. س. پ. ل١٦١)

دوای ئەم ڕوونکردنەوانە هیوادارم خوێنەر ئەو ڕاستیەی بۆ ڕوونبوبێتەوە کە کاک مەلا بەختیار

هەرچیەکی گوتوە دەرباری "ئەندێشەکانی" فۆکۆ لەسەر دەسەڵات هەرهەموویان هەڵەن و زادەی خەیاڵ و دەرەنجامی شێواندنێکی گەورەی ئەون بۆ بیری ئەم فەیلەسوفە و ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکانی فۆکۆن بەرامبەر بە دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵات بەڕێگری "خەملاندنی زانست" دادەنێت، فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات مەعریفە و زانست بەرهەمدەهێنێت، کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵات بە چەوسێنەر و سەرکوتکەر دادەنێت، فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات چەوسێنەر و سەرکوتکەر نییە، بەڵکو بەرهەمهێنەرە و ئەو دیدەش کە دەسەڵات بە سەرکوتکەر دەداتە قەڵەم وەک دیدێکی مەترسیدار ناونووسدەکات، کاک مەلا بەختیار دەڵێ فۆکۆ دەسەڵاتی سیاسی ڕەتدەکاتەوە، فۆکۆ لەهەموو پەیوەنییەکی ئینسانیدا شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات و شێوەیەک لە شێوەکانی سیاسەت دەبینێت. کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵاتەکان لێکدی جیاناکاتەوە فۆکۆ دەسەڵاتی "هەیمەنەی هەمەلایەن" کە هیچ پانتاییەک بۆ بەرگری و ئازادی ناهێڵێتەوە، لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات جیادەکاتەوە کە تێیدا هەموو لایەنەکان تاڕادەیەک ئازادن و توانای هەڵبژاردنیان هەیە. تائێرە وەڵامی ئەو هەڵانەی کاک مەلا بەختیار دەربارەی سیفەتی بەزۆر گریمانکراوی سەرکوتکردن و ڕەتکردنەوە لە تێگەیشتنی فۆکۆدا بۆ دەسەڵات، ئێستاش دێمە سەر مەسەلەی دەسەڵاتی لۆکاڵی و مەرکەزی بۆئەوەی هەموو ئەو قسە ناڕاستانەی تری کاک مەلا بەختیار لەم ڕووەوە دەیانداتە پاڵ فۆکۆ ئاشکراکەم.

فۆکۆ بەرامبەر دەوڵەت و دەسەڵاتی مەرکەزی کۆمەڵێک تێڕوانینی هەیە کە بەپێچەوانەی بانگێشەکانی کاک مەلا بەختیارەوە هەرچیەکبن ڕەتکردنەوە نیین. فۆکۆ لە چاوپێکەوتنەی سەرەوەداله کتێبی "مەعریفە و دەسەڵات" دا دەربارەی دەسەڵاتی مەرکەزی و دەوڵەت دەڵێت: "شتێکی ڕاستە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بزوتنەوە شۆڕشگێڕیە مارکسی و بە مارکسی ناونراوەکان وەک ئامانج و مەبەستی خەباتکردنیان گرنگیەکی تایبەتیان داوە بە دەزگاکانی دەوڵەت. بەڵام دواهەمین دەرەنجامی ئەمشێوە مامەڵەیە چیبوو؟ ئەم هێزە شۆڕشگێڕانە بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ دەوڵەتدا، کەبێگومان گەورەترە لە حکومەت، بەشەڕبێن خۆیان ناچاربوون بەهەمان ئەندازەی دەوڵەت هێزی سیاسی و سەربازی دروستبەکەن و لەوێشەوە خۆیان لە فۆرمی حیزبی سیاسیدا ڕێکخەن. حیزبێک کەلەناوەوەڕە لەسەر هەمان مۆدێلی دەزگاکانی دەوڵەت ڕێکخراوە و هەمان میکانیزمی هیرارکیەت و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی هەیە (...) من هەرگیز و بەهیچجۆرێک نەمگوتوە دەزگاکانی دەوڵەت گرنگ نین، بەڵام (...) یەکەمین شتێک کە ئینسان دەبێت لێیتێبگات ئەوەیە کە دەسەڵات هەمووی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا جێنشین نییە و هەروەها هیچشتێک لە کۆمەڵگادا ناگۆڕێت گەر هاتوو ئەو میکانیزمانەی دەسەڵات کە لەدەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و خوارەوەی دەوڵەت و لەپاڵ دەزگاکانی دەوڵەتدان و بەشێوەیەکی بەردەوام لە ئاستی بچووک و ژیانی ڕۆژانەدا ئامادەن، گۆڕانیان بەسەردا نەیەت." (Foucault 1980: 60).

بێگومان ئەم قسانەی فۆکۆ ئەوەندە ئاشکرا و بێگرێوگۆڵن پێویستیان بە لێکدانەوە نییە، فۆکۆ بەڕاشکاوی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەت و دەسەڵاتی مەرکەزی دادەنێت و دەڵێت هەموو دەسەڵاتەکان لەوێدا نین و بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕین، نابێت دەسەڵاتی مەرکەزی ڕەتکەینەوە، دواتر گەر دەسەڵات لەهەموو شوێنێکدابێ و لەناو هەر پەیوەندیەکی ئینسانیدا ئامادەبێت ڕەتکردنەوە یانی چی؟ ئەگەر دەسەڵات بەشێکبێت لە پەیوەندی خۆشەویستی، بەشێکبێت لە پەیوەندیە جنسییەکان، بەشێکبێت لەهەر پەیوەندیەکی ئینسانی تر ئیدی چۆن دەکرێت ڕەتکرێتەوە؟ من تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم بتوانێت لەهەموو نووسینەکانی فۆکۆدا ووشەی ڕەتکردنەوەمان بۆ بدۆزێتەوە لە پەیوەندیدا بە تیورەی دەسەڵاتەوە لای ئەم فەیلەسوفە، ئەم ووشەیە داهێنراوێکی مەلا بەختیاریانەیە و بەزۆری زۆرداری و لەتێنەگەیشتن و بێئاگایی و نەبوونی بەرپرسیاریەتێکی مەعریفییەوە هاتووە و بەزۆری زۆرداری خراوەتە سەر دەمی میشێل فۆکۆ. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە پرۆژەی گۆڕان لای

فۆكۆ بەهیچ مانایەک كورتناكرێتەوە بۆ پرۆژەی گۆڕانی دەوڵەت و گۆڕانی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەكی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی پەلامـاری دەوڵەت بدەیت و دەزگـاكـانی دەوڵەت بخەیتەژێر دەسەڵاتی خۆتەوە. لای فۆكۆ پرۆژەی گۆڕانی ڕاستەقینە بە گۆڕانی پەیوەندیەكانی دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەدا دەستپێدەكات، لەناو لۆكاڵەكاندا . فۆكۆ بەئاشكرا دەڵێت كە دەزگاكانی دەوڵەت گرنگن و لەڕاستیدا لەبەشی یەكەمی مێژووی سێكسواڵیەتدا بەدرێژی باس لە گرنگی دەوڵەت و گرنگی ئەو شێوە دەسەڵاتە دەكات كە بە "بیۆ ـ دەسەڵات"، یان دەسەڵاتی حەیەوی، ناویدەبات. لەو كتێبەدا فۆكۆ ئەوەمان نیشانئەدات كە بەبێ دەوڵەتی مۆدێرن مومكین نەبووە ئەم فۆرمە تایبەتانەی دەسەڵات لەدایكبن كە لەسەر ژیان و پاراستنی ژیان كاردەكەن و هەوڵئەدەن ئیدارەی ژیان بدەن. بەڵام لەهەمانكاتدا فۆكۆ باس لەو مەترسییانە دەكات كە دەشێت ئەم شێوە دەسەڵاتە مۆدێرنە هەڵگریانبێت و لەباتی ئەوەی لەسەر ژیان كاربكات و ژیان دەوڵەمەندكات ڕاستەوخۆ وەرچەرخێت بۆ كاركردن لەسەر مەرگ. بۆ نیشاندانی ئەم مەترسییانەش بەدرێژی باس لە ئەزموونی نازیەت دەكات، من لە ووتاری «ئەنفال ڕووداوێک لەدوامانەوە یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە»، بەدرێژی لەسەر ئەم مەسەلانە دواوم و لێرەدا پێویست بە دووبارە كردنەوە ناكات.

دوای ئەم قسانەی فۆكۆ خۆی و دوای ئەم هەموو بەڵگانە هەقمانە بپرسین: كاک مەلا بەختیار تكایە پێمان نالێیت ئەو هەموو شێواندنە بۆ و بەچ مەبەستێک، ئەو هەموو هەڵەیە بۆ ڕێزدەكەیت و خوێنەری كورد بۆ بە هەڵەی فیكری و مەعریفی گەمارۆ ئەدەیت؟

بەهەرحاڵ لەم خاڵەوە، واتە لە گرنگیدانی فۆكۆ بە گۆڕانی لۆكاڵەكانەوە بە ئامانجی گۆڕانی هەموو كۆمەڵگا، دێمە سەر یەكێک لە ترسناكترین هەڵەكانی كاک مەلا بەختیار لە نووسینەكەیدا . مەبەستم لەو هەڵەیەش هەڵەی لێكدانەوەی ئەو بۆچوونەی منە كە داوای بەرگری لە لۆكاڵ و داوای گۆڕانی پەیوەندیەكانی دەسەڵات لەناو لۆكاڵەكاندا دەكەم. دەڵێم ئەم هەڵەیەی كاک بەختیار ترسناكە چونكە ڕاستەوخۆ دەرەنجامی سیاسی و كۆمەڵایەتی زۆر كوشندەی لە واقیعی ئێمەدا لێدەكەوێتەوە و گەر ئەو بۆیبكرێت ئەو دیدەی ئەو دەربارەی ئەم مەسەلەیە هەیەتی لەڕووی سیاسییەوە پیادەبكات، ئەوكات كوردستان لە ئەفغانستان نزیكدەبێتەوە. چۆن؟ با سەرەتا جارێكی دیكە لەمەسەلەی دەسەڵات و دەسەڵاتی لۆكاڵی بدوێینەوە.

**دەسەڵاتی مەكەزی و دەسەڵاتی لۆكاڵی**

لە دیدی فۆكۆدا ئینسان گەر بیەوێت دنیایەكی نوێ دروستبكات، گەر بیەوێت كێشە واقیعی و ڕاستەقینەكان بخاتە بەردەمی لێكۆڵینەوە، گەر بیەوێت بزانێت ڕەگوریشەی گرفتەكان لە كوێدایە، تەنها ئەوەندە بەس نییە تەماشای دەزگاكانی دەوڵەت و دەسەڵاتی مەركەزی بكات و ئەم دەزگایانە بەسەرچاوەی هەموو خراپەكارییەكان بزانرێت، بەپێچەوانەوە فۆكۆ ئامۆژگاریمان دەكات زۆر بەوردی تەماشای ئەو میكانیزمانەی دەسەڵات بكەین كە لە لۆكاڵەكاندا ئامادەن، لەناو خانە كۆمەڵایەتییە جیاجیاكانی ناو پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتیدا . بێگومان كەس ناتوانێت لەژوورەكەی خۆیدا دانیشێ و بە نووكی قەڵەمێک و چۆنهات بە خەیاڵیدا، ئاوا دەستنیشانی ئەوەبكات كە كێشە سەرەكییەكانی كۆمەڵگا چین و لەكوێدان و بەچشێوەیەک چارەسەردەكرێن. كێشەی سەرەكی و ناسەرەكی هەر كۆمەڵگایەک لەناو ماڵ و چاخانە و سەرجادە و كارگە و خێزان و قوتابخانە و ڕۆژنامە و چاپخانە و یانە و مزگەوت و خەستەخانە و بەندیخانە و كۆی دەزگا و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە و پەیوەندی نێوان ئینسانەكاندا ئامادەن. كێشەكان، كێشە ڕاستەقینەكان، لە لۆكاڵەكاندان، بۆنمونە لەو شوێنەدایە كە قوتابییەک سەربەستانە ناتوانێت لەبەرامبەر مامۆستاكەیدا بیروبۆچوونەكانی

دەربڕێت، یان بەزۆر و لەژێر فشاری فیزیکی یان ڕەمزیدا دەکرێتە ئەندامی ئەم یان ئەو حیزب، ئەم یان ئەو یەکێتی قوتابیان و گەر نەشیکرد دەرگاکانی ئایندەی بەڕوودا داخرێت لەو شوێنەدایە کە منداڵێک هەموو مافێکی دەربڕینی ڕا و ویست و ئارەزوەی لێدەسێندرێتەوە، لەو ژووری دادگایەدایە کە ئافرەت وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و یەکسان مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، لەو زیندانەدایە کە پۆلیسێک یان ئەفسەرێکی ئاسایش دەتوانێت چەندەها فۆرمی توندوتیژی فیزیایی و ڕەمزی بەرامبەر هەرکەسێک بیەوێت، بەکاربهێنێت، لەو سەر شەقامەدایە کە نێرومێ ناتوانن ئازادانە لەگەڵ یەکدا بدوێن و گۆڕینەوەی نامەیەکی خۆشەویستی بەسبێت بۆ سەربڕینی خانمێک. کێشەکان تەنها لە ناو دەزگاکانی دەوڵەت و مەقەڕی حیزبەکاندا نین، بەڵکو لەناو ئەو هەموو خانە کۆمەڵایەتییانەدان کە کۆمەڵگایەکی هیرارکی و نادیموکرات پایەداردەکەن. کێشە سەرەکییەکان لەهەموو ئەو شوێنانەدان کە ئەو فۆرمەی دەسەڵات تێیدا سەروەردەبێت کە دەخوازێ هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسانی ئێمە جڵەوکات و ستراتیژەکانی گۆڕان ئیفلیجکات.

بێگومان کاک مەلا بەختیار ناتوانێت هەموو ئەم کێشە لۆکاڵییە نایەکسان و نادیموکراسییانە بێدەنگکات. کەس بۆی نییە بەناوی ئەوەی ئێمە کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ داگیرکەراندایە هەمووان ناچارکات ئەو مەیلە جڵەوکەرانەی دەسەڵات قبووڵکەین کە شوێن و جێی نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو دەپارێزێت و کێشە گرنگەکانی کۆمەڵگا لەبیردەباتەوە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە قەبرێکی گەورە بۆ ئازادی هەڵدەکەنێت و لەهێزە کۆمەڵایەتییەکان داوادەکات بە زیندوویی بچنە ناویەوە. من لە کاک مەلا بەختیار دەپرسم داخۆ بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا پێویستمان بەخودی ئەو ئینسانانە نییە کە ئەمڕۆ بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکانەوە داوایان لێدەکەین نا عەدالەتی و مەیلە جڵەوکەرەکانی دەسەڵات و خراپەکارییەکانمان لێقبووڵکەن؟ باشە گەر ئەو ئینسانانە توانای ئەوەیان نەبێت لە لۆکاڵیبوونی ژیانی خۆیاندا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن و بەگژ ناقانونییەکاندا بچنەوە و نەهێڵن میکانیزمەکانی دەسەڵات بیانکاتە بوونەوەرێکی بچکۆلە و ترساو و بێئیرادە، چۆن دەتوانن ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا یەکالاکەنەوە؟. ئایا مرۆڤێک هەستی وابێت لە لۆکاڵیبوونی خۆیدا کۆیلەیە و دەچەوسێتەوە و ئیرادەی پەکدەخرێت و ناقانوونی بەرامبەر دەکرێت، دەتوانێت ببێتە سووتەمەنی ئازادی و یەکالاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا؟ بێگومان بە میللەتێکی دابەش و ترساو بێقانونی بەرامبەرکراو، بە میللەتێکی بە زۆر کراو بە فەرمانبەر لەلای حیزب و بەمیللەتێکی بێئیرادە شەڕی ئازادی ناکرێت، مەگەر کاک مەلا بەختیار بیەوێت بەتەنها ئەو شەڕە بکات و بەتەنها کورد و کوردستان ڕزگاربکات. من دەزانم ئەم قسانە زۆر توندن و دەشێت تەفسیری خراپیشیان بۆبکرێت، بەڵام من نایشارمەوە ئەو دیدەم بەلاوە ترسناکترە کەپێی وایە کێشە لۆکاڵییەکانی ئینسانی ئێمە دوای دە ساڵ لە حوکمی کورد لە کوردستاندا کێشەی سەرەکی سیاسەت و سیاسەتکردن نییە.

پرۆژەی لۆکاڵی مانای پرۆژەی بەدەنگهاتنی هەرکەسێک لەشوێنی خۆیەوە بەرامبەر بێیاسایی، پرۆژەی بنیادنانی ووشیارییەکی ڕەخنەییە کە هیچجۆرە دەستدرێژییەک بۆسەر ئازادی قبووڵنەکات، پرۆژەی لۆکاڵی مانای بەخشینەوەی ئیرادە بە ئینسان و بەگەڕخستنی ئەم ئیرادایە دژ بەهەر شتێک بیەوێت پەکیبخات، پرۆژەی لۆکاڵی مانای بەقسەهاتنی کێشە ڕاستەقینەکانی ئینسان و بوونی ئەم کێشانەش بە کێشەی خودی دەسەڵات و سیاسەت، پرۆژەی لۆکاڵی و بەرگری لە لۆکاڵ مانای بەرگری لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەو نوخبە سیاسییەی بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکی سەرەکییەوە هەمووشتێک هەڵدەگرن بۆ ئایندەیەک کە هەرگیز نایەت و کەسیش نازانێت لەکوێدایە. شەڕی ئازادی بریتییە لەکۆی شەڕە لۆکاڵیەکان، ئەو ئینسانەی لە لۆکاڵێکدا فێردەبێت بەرگری لە مافی خۆیبکات و بێقانونی و نایەکسانی و بێحورمەتیکردن بەرامبەر بە خۆی و ژیان و کۆمەڵگا قبووڵنەکات لە

ئاستەکانی دیکەی دەرەوەی لۆکاڵیشدا قبووڵیناکات، ئەو ئینسانەی لە لۆکاڵدا زەلیلکرێت لەدەرەوەی لۆکاڵیشدا زەلیلە، ئەو کەسەی لە 'ناکۆکییە لاوەکیەکاندا ' گوێی لێنەگیرێت ' ناکۆکییە سەەکییەکانی ' بەئاسانی لەبیردەچێتەوە. ئەو منداڵەی لە خێزانەکەیدا ئیرادەی ئیفلیجدەکرێت و دەکرێتە قوربانی یاسا و بەهاکانی پاتریارکییەت، ئەو ئافرەتەی لە خێزاندا وەک ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو قوتابییەی مامۆستاکەی وەک کۆیلە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، ئەو ڕۆژنامەنووسەی هەموو ئەمرەکان لە حیزب و مەسئولەکانییەوە وەردەگرێت، دەبێت یەکەمجار فێرببن شەڕی ئەوەبکەن وەک ئینسان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ڕێزی ڕاو بۆچوون و ئیرادە و ویستیان بگیرێت، ئینجا چاوڕوانی ئەوەیان لێبکرێت 'ناکۆکی سەرەکی' لەگەڵ داگیرکەراندا چارەسەرکەن.

با ئەو خاڵە لای کاک مەلا بەختیار تەواو ئاشکرابێت کە چارەسەری کێشە لۆکاڵییەکان چارەسەرێکی یەکسەری و هەمیشەیی و بۆ هەتاهەتایی نییە، بەڵکو چارەسەرێکی ڕۆژانەیە و بەردەوام پێویستی بەسەرلەنوێ پێداچوونەوە و بڕیاردانەوە و چارەسەرکردنەوە هەیە. گەر شتێک هەبێت ناوی دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا لە بەدەمەوەچوونی کێشە لۆکاڵییەکاندایە و لە کردنەوەی چەندەها دەرگا و پەنجەرەدایە بەڕووی لۆکاڵەکاندا بۆ تەعبیرکردن لەخۆیان. بێگومان دروستکردنی فەزایەک بۆ چارەسەرکردنیش چەندەهاساڵی پێدەچێ و مەسەلە مەسەلەی ڕۆژ و دو ڕۆژ نییە، بەڵام هەرگیز نابێت بەناوی چارەسەری ناکۆکییە سەرەکییەکانەوە ئەم مەسەلانە پشتگوێخرێن وهەڵگیرێن بۆ ئایندەیەک کە کەس نازانێت کەیدێت. من تاسەر ئێسقان باوەڕم بەو ڕاستییەیە کە گرەوی دەسەڵات لە نیشتیمانی ئێمەدا گرەوی کردنی ئەم کێشە لۆکاڵیانەیە بە کێشەی هەرەسەرەکی کاری سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی. ئەم کارەش زەحمەتە بەبێ مسۆگەرکردن و پاراستن و فراوانکردنی تواناکانی قسەکردن و بەرگریکردنی لۆکاڵەکان لەخۆیان. کە لۆکاڵەکان بێدەنگکران ئەوکات دەبێت کەسێک لەسەرەوەڕا بەناوی هەمووانەوە و لەباتی هەموان بیربکاتەوە و بڕیاربدات، ئەوکات خۆمان بەدەستی خۆمان دنیایەک دروستدەکەین کەتێیدا بەردەوام ئازادیمان لێبدزرێت. ئەزموونی بەعس چییە جگە لە ئەزموونی داخستن و بێدەنگکردن و قڕوقەپ پێکردنی هەموو لۆکاڵەکان تاسنووری لەناوبردن و تەفروتووناکردنیان. لە لۆکاڵەکاندا خەڵک "دەبێت مافی قسەکردن و خەیاڵی سیاسییان پێبدرێتەوە، ئینجا لەوانەیە بشێت هەلومەرجی شتەکان تازەبکرێتەوە. لەدۆخێکی وادا کەس ناتوانێ بۆ کەسی دیکە و لەباتی کەسی دیکە قسەبکات و بڕیاربدات، هەرکەس خۆی دەبێتە پارێزەری خۆی و خۆی داوا و بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات.

بێگومان ئەم قسانە مانای هاتنەکایەی هەلومەرجی کەس بە کەس نەبوون و فەوزا و قەیران نییە وەک کاک مەلا بەختیار دەیەوێت بەخوێنەری بسەلمێنێت. کێشەی هەرەسەرەکی وڵاتێکی وەک عێراق بەردەوام لەوەدایە کە هەمووشتێک لەسەرەوەڕا بڕیاری لەسەر ئەدرێت و ئەوەی مافی قسەکردن و ڕادەربڕین و بیرکردنەوەی نەبێت خودی کۆمەڵگا خۆیەتی. لە کوردستانیشدا کەس داوای ئەوە ناکات دەسەڵاتی مەرکەزی لاوازبێت، کەس ناڵێت کورد نابێت شوێن و جێی خۆی قایم و بەهێزکات، بەڵام بەهێزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی بەبێ بەهێزی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان وەهمێکی گەورەیە. دواجار ئەوەی کە دەتوانێت بەرگری لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بکات ئەو چەندکەسەی ناو سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکان نین، بەڵکو خودی خەڵکی کوردستانن، ئەو خەڵکانەن کە نە " لەسەرەوە" و نە لە "مەرکەزدا" دەژین، بەڵکو لە لۆکاڵەکاندا دەژین، لەناو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی نیشتیمانی ئێمەدا دەژین. جائەگەر ئەمانە لەبەردەمی ئەزمونێکدا نەبن قابیلی بەرگری لێکردنبێت، ئەگەر ئەمانە هەستنەکەن کێشە لۆکاڵییەکانیان بونەتە کێشەی هەرەسەرەکی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا و هەستنەکەن ئیرادە و عەقڵ و خەیاڵیان ساتە کراوەکانی ئازادی دەژین، وەهمە چاوەڕوانی بەرگریلێکردنیان لێبکرێت. گەر ئەمانە لە لۆکاڵبوونی خۆیاندا نەیانتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن، نەیانتوانی ئیرادەگەرانە لەسەر دنیای خۆیان دەستبەکاربن و بجوڵێن، وەهمە بەناوی

چارەسەرکردنی ناکۆکی سەرەکییەوە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت لەدەرەوەی لۆکاڵەکاندا بەرگری لە مەسەلەیەکی دیکە بکەن. لەڕاستیدا لێکدی جیاکردنەوەی لۆکاڵ لە مەرکەز هەڵەیەکی مەنهەجی و فیکری تیورەیەکی سیاسییە کە لەمێژە لەڕووی سیاسییەوە گیانی دەرچووە، لۆکاڵ و مەرکەز بەسەدان کەناڵی جیاجیا بەیەکدیەوە بەستراونەتەوە و لەناو یەک فەزای سیاسی و مەعریفی و فیکری و دەسەڵاتدا دەجولێنەوە، ئەم فەزایە وەک گشتێک نەگۆڕێت و وەک گشتێک دیموکراتیزە نەکرێت، ئەم فەزایە لە خوارەوە ڕادیکاڵانە دەسکاری نەکرێت و سنووری گۆڕانی خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی نەکرێتەوە، ئەوکات جگە لە پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بونیادە پاتریارکی و نادیموکراتی و نایەکسانەکان هیچ دەرەنجامێکی دیکە نادەن بەدەستەوە. ئەوکاتە هێزێک دێت و بەناوی موقەدەسێکی دەرەکییەوە، لەجۆری چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکان، دەخوازێت دەم و ئیرادە و ئازادی هەموومان داخات.

سەیر لەوەدایە لە کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان پاتریارکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا کاک مەلا بەختیار ئەم قسانەی من بە بانگێشەی بەرەڵایی دەزانێت، ئەو داوادەکات مناڵان گوێ لە باوکانیان بگرن و قوتابیانیش لە مامۆستایان و ژنانیش لە پیاوان، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا منداڵان و قوتابیان و ئافرەتان ئەوەتەی هەن ئازادانە دوابن و بەزیادەوە مافیان هەبووبێ و ڕێزی ئیرادە و ڕا و بڕیاری گەورەکانیان نەگرتبێت. ئەگەر فۆکۆ ئەم داواکارییانەی لە کۆمەڵگای فەرەنسی هەبێت کە کۆمەڵگایەکە هەزارانجار لە کۆمەڵگای کوردی کراوەترە، بۆ دەبێت مارکسییەکی وەک کاک مەلا بەختیار ئەم داواکارییانەی بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک پێزیادەڕەوی و جاڕدانی بەرەڵاییبێت. پێمسەیرە پیاوێک خۆی بە نوێنەری فیکری دیالێکتیکی بزانێت و بشڵێت تا ئێستا خەباتی بۆ دەکەم تراژیدیای لەم بابەتە بە کۆمەڵگایەک بفرۆشێت کە لەهەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە کرانەوە و گۆڕان و دەسکاریکردنێکی ڕادیکاڵ هەیە، ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار گوتاری هێزە هەرە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای ئێمە وەبیر خوێنەر دەخەنەوە کە بەردەوام هاواری ئەوەیانە ڕێزی گەورەکان بگرین و لەخەت لانەدەین و ئەوەمان لەیادنەچێت کە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە. ئەم جۆرە داواکارییانە داواکاری هێزە هەرە تەقلیدیەکانی دنیای ئێمەن، بۆچوونی هەموو ئەوانەن کە هەر دەسکاریکردنێکی پەیوەندیەکان و هەر داواکارییەکی کۆمەڵایەتی بە بەرەڵایی و مەترسی بۆسەر کۆمەڵگا لێکدەدەنەوە، نەک بۆچوونی یەکێک پێیوابێت پەیڕەوی لە فیکری دیالێکتیکی دەکات.

دواجار ناکۆکی گشتی ئێمە لەگەڵ داگیرکەراندا لەسەر چییە؟ ئایا لەسەر ئەوە نییە کە داگیرکەران بەریان بە ئازادی ئینسانی ئێمە لە هەموو لۆکاڵەکانی ژیانیاندا گرتوە؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە کە داگیرکەران ناهێڵن هیچ کەسێک لە هیچ بوارێکی ژیانی خۆیدا ئازادانە بژی و بنووسێ، ئەو فۆرمە بە ژیان و زیندەگی خۆی بدات کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، ئەو شتانەبڵێت کە باوەڕی پێیەتی، بەزۆر چەپڵەی پێلێندەرێ و بەزۆر کار و کردەوە و داواکاری نابەجێی بەسەردانەسپێ و بێحورمەتی بەرامبەر نەکرێت؟ بەزۆر نەبرێت بۆ کۆڕ و مەسیرەو پرسە؟ بەزۆر لەم بەشی نیشتیمانەکەیەوە دەرنەکرێت بۆ ئەو بەشی و بەهەقی خۆی مافی کارکردن و گەشەکردنی وەزیفی و ژیانێکی هێمن و دڵنیاکەری هەبێت؟ ئایا ناکۆکی سەرەکی ئێمە ئەو ناکۆکییە نییە کە بەهۆیەوە داگیرکەران لێناگەڕێن ئێمە لە ناو ماڵ و شوێنی ئیش و سەر جادە و قوتابخانە و ناو کارگە و شەقامەکاندا وەک ئینسانی خاوەن کەرامەت و خاوەن ماف و خاوەن ئازادی بژین؟ بەم مانایە جیاکردنەوەی لۆکاڵ لە مەرکەز، لاوەکی لە سەرەکی هەڵەیەکی تیوری گەورەیە و وەک ووتم سەر بە تیورەیەکی سیاسی دیاریکراوە کە لەمێژە بەدەست کەمخوێنیەکی تیوری و فیکری و فەلسەفییەوە دەناڵێنێت. ئایا شەڕی لۆکاڵی ژنان لەگەڵ یاساکاندا، شەڕی مناڵان لەگەڵ هیرارکییەتی پڕوکێنەری خێزاندا، شەڕی گەنجان، کچان و کوڕان، لەگەڵ ئەو بەهاو ئەخلاقییەت و کەسانەدا کە بەر بەتێکەڵبوون و یەکدیبینین و

لێکدیتێگەیشتنیان دەگرن، شەڕی زیندانیان لەگەڵ یاساکانی ناو زیندانندا، شەڕی ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەڕێوەبەرەکەی ئاراستەی جوڵەی قەڵەمەکەی دەستنیشاندەکات، شەڕی ئەو دوکاندارەی باج خەریکە سەرلەبەری ژیانی دەخوات، شەڕی ئەو قوتابییەی حیزبی نەبێت لە خوێندنی باڵا وەرنەگیرێت و شانسی دۆزینەوەی کاری نەبێت، شەڕی نووسەرانێک بیانەوێت ڕێز و حورمەت بۆ نووسین و خوێنەر بگێڕنەوە، ئایا ئەمانە شەڕی ئازادی نین، ئەمانە شەڕە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگای ئێمە نین دوای دەساڵ دەسەڵاتی کوردی؟ ئەی داخۆ ئازادی چییە؟ ئازادی هەر ئەوەیە لەباتی ئەفسەرەکانی بەعس ئەفسەری کوردیمان هەبێت و لەباتی مونەزەمەکانی جاران مونەزەمەی حیزبە کوردییەکانمان هەبێت؟ ئایا پرۆژەی ئازادی پرۆژەی دەسکاریکردنێکی ڕادیکاڵی خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو خانانە نییە بەئاراستەی هەرچی زیاتر کرانەوە و دیموکراتیزەکرنی فەزا جیاجیاکانی ناوی؟ ئایا شەڕی ئازادی شەڕی دەسکاریکردنی کۆمەڵگایە یاخود شەڕی گۆڕینی مەسئولەکانە؟ بەباوەڕی من ئینسان پێویستناکات باوەڕی خۆی بە دیالێکتیک بدات بۆ ئەوەی پرۆژەی ئازادی کورتنەکاتەوە بۆ پرەۆژەی گۆڕینی مەسئولەکان.

ڕەنگە کاک مەلا بەختیار لێرەدا لێمانبێتە دەنگ و بڵێت کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە و بەڵام ئەم کێشە لۆکاڵیانە کێشەی سیاسی نین و کێشەی کۆمەڵایەتین. بەرامبەر بەم دیدە دەڵێم هەموو ئەوکێشانەی لە لۆکاڵەکاندا ئامادەن کێشەی سیاسین، چونکە ڕاستەوخۆ وابەستەی ژیان و قازانج و کەرامەتی ئەو خەڵکانەن کە پێیانەوە گیرۆدەن. دواجار چۆن دەتوانین کۆمەڵایەتی لە سیاسی و سیاسی لە کۆمەڵایەتی جیاکەینەوە، هەموو کۆمەڵایەتییەک سیاسییە و هەموو سیاسییەکیش کۆمەڵایەتییە. چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەیەککاتدا وابەستەی ململانێییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژانەیە کە لەسەرێکەوە ڕێ بەهاتنەوەی داگیرکەران دەگرێت، لەسەرێکی دیکەشەوە ڕێ لەوە دەگرێت نەهێڵێت هەمان مۆدیلی دەسەڵاتی داگیرکەران لە کوردستاندا بنیادبنرێت. کاک مەلا بەختیار بەم هەڵوێستەی دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە کە بەردەوام داوا دەکەن شتەکان هەڵگرین بۆ ئایندە.

لەئێستادا داوا نەکەین دەسەڵات ڕۆژانە دیموکراتیزەکرێت، داوا نەکەین ئینسان فێری بەرگریکردنبێت لە مافەکانی خۆی لەناو لۆکاڵەکاندا، داوانەکەین کۆمەڵگایەکی کراوە دروستکەین تێیدا سیاسەت بە زمانی کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە قسەبکات نەک بە زمانی تەئجیلکردنیان، کەچی بەردەوام باس لە ئازادی و دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنیش بکەین. خۆمان بە نوێنەری فیکری دیالەکتیکی بزانین و فەیلەسوفێکی وەک فۆکۆ بە دوژمنی ڕۆشنگەری و دیموکراسی و مەدەنییەت ناونووسکەین. ئێمە وەک میللەت، ئەگەر ئایندەیەکمان هەبێت، وابەستەی ئەوەیە چی لە ئێستامان دەکەین، ڕۆشنگەربوونیشمان لەوێوە نایەت کێ نوێنەری فیکری دیالێکتیک و کێ دوژمنی فۆکۆ و کێ بە قسە دڵسۆزی کورد و کوردستانە، ڕۆشنگەربوونمان لە توانای قسەکردنمان لەسەر ئێستاییبوونمانەوە دێت، گەر ئێستامان نەکەینە ئێستایەکی دیموکراسی و ئینسانی ئێمە لەم ئێستاییبوونەیدا ئینسانیەتی خۆی نەژی و هەستنەکات سەردەمی بەکارخستنی ئیرادەی خۆی دەژی، ئەگەر پێمانوابێت ئەوەی ئێمە لەئێستادا داوایدەکەین لە سویدیش داواناکرێت، ئەوکات بەرلەوەی قەبری دیموکراسییەت هەڵکەنین بەدەستی خۆمان قەبری ئەو دەسەڵاتە هەڵدەکەنین کە ئێستا لە ئارادایە. دواجار ئەگەر هێزێکی ناوەکیش هەبێت بتوانێت ئەم دەسەڵاتە بپارێزێت خەڵکی خاوەن ئیرادەی ناو لۆکاڵەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە، نەک ئەوانەی داوای پاراستن و مانەوەی پاتریارکییەت دەکەن. ئەوەی دەبێت زۆر بەتوندی دژی ڕاوەستین ئەو دیدە نادیموکراتی و ناشێلگیر و پڕ مەترسییەیە کە دەخوازێت لەژێر دروشمی چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکاندا مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ ئایندەیەکی نەناسراو تەئجیلکرێت. لەڕاستیدا من نازانم دوای دەساڵ حوکمی کوردی لە کوردستاندا کام کێشە بۆ کام ئایندە هەڵگرین؟

کێشە سەرەکییەکانی ئەم ساتەوەختەی خەڵکی ئێمە چەندە کێشەی مەرکەزین بەهەمانئەندازەش کێشەی لۆکاڵین، وەک گوتم ناکرێت ئەم دوو لایەنە لەیەکدی جیاکەینەوە. ئەم کێشانە لەزۆر ڕووەوە وابەستەی ئەوەن چۆن دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا دابەشکرێت، چۆن بەر بەوەبگیرێت تاکەکەسێک، تاقمێک، بنەماڵەیەک هەموو بڕیارەکان مۆنۆپۆڵنەکەن، چۆن ئابووری ئێمە ئازادکرێت، چۆن فەزای ناو خوێندنگا و کارگە و شوێنەگشتییەکان دیموکراتیزەکرێن و نەهێڵرێت حیزب وەک موڵکی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چۆن پەیوەندییەکانی ناو خێزان دەسکاریکەین، چۆن وەرزش لە هیرارکییەت و سیاسەت دەربازبێت، چۆن ڕۆژنامەگەری لە عەقڵییەتی حیزبی ئازادکەین، چۆن پەیوەندی نێوان نێر و مێ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ڕێکخەینەوە، چۆن ئافرەت وەک بوونەوەرێکی کامڵ لەهەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا ئامادەبێت و منداڵ مافی ئەوەی هەبێت منداڵی خۆی دوور لە میلیشیاکانی حیزب و هیرارکیەتی پڕوکێنەری ناو خێزانەوە، بژی؟

وەک دەبینین هەموو ئەمانە بەبێ شەڕ و ململانێی لۆکاڵییانەی هەموو ئەوانەی لەو لۆکالانەدا بێدەنگ و بێمافن، مەحاڵە. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە وەک نان و ئاو پێویستمان پێیەتی ئەو تیورانەی دەسەڵاتن کە تۆڕی پیادەکردنی دەسەڵاتمان لەهەموو خانە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ئاشکرادەکەن، نەک ئەو دیدە سادەیەی کە پێماندەڵێت با هەموو کێشەکانمان لەیادکەین، چونکە کێشەیەکی سەرەکی دیکەمان هەیە. ڕێگرتن بە گەڕاندنەوەی دەبابەکانی بەعس بۆ کوردستان و ڕێگرتن لەوەی ئاین هەموو ژیانی ئینسانی ئێمە بخوات یەک پرۆژەن، بەجێهێشتنی مۆدیلی بەعس و بەجێهێشتنی هەموو ئەو ڕووکارە تەقلیدیانەی دەسەلات کە دەخوازێت ئینسانی ئێمە جلەوکات یەک پرۆژەن، ئەو پرۆژەیەی لە لۆکاڵەکاند ئیرادەی ئینسانی ئێمە پەکدەخات و بەر بەهەموو توانایەکی ململانێکردن و سەربەخۆبوون و عەقلانیبوونی لێدەگرێت دواجار دنیایەک دروستدەکات لەسەر هەمان مۆدێلی داگیرکەران، مۆدێلێک کە کاک مەلا بەختیار دەڵێت ئێمە کێشەی سەرەکیمان لەگەڵیدا هەیە.

### کۆتایی

لەکۆتاییدا جارێکی دیکە دووپاتیدەکەمەوە، نووسینی ئەم وەڵامە بە مەبەستی شکاندن یان خراپەکردن نییە و نەبووە بەرامبەر بە کەسی کاک مەلا بەختیار، وەک ووتیشم ئەم وەڵامە ڕووبەڕووی ئەو کاک مەلا بەختیارە ناکەمەوە کە کاری سیاسی دەکات و من لە نزیکەوە وەک سەرکردەیەکی سیاسی ناسیومە، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو کاک مەلا بەختیارەی دیکەی دەکەمەوە کە خۆی وەک تیوریست و لێزانێکی بوارەکانی فیکر و فەلسەفە و مێژوو ڕەخنەی ئەدەبی و زمانناسی و فیکری سیاسی و دیالێکتیک و ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیا و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و یۆنانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و ئیسلام و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای هاوچەرخ و چەندان بواری دیکەی لێکۆڵینەوە پێشنیاردەکات. کێشەی سەرەکی ئەم کاک مەلا بەختیارەشی لەوەدایە ئەو هەموو هەڵە و شێواندنانەی کە لەم نووسینەدا نیشانماندا، وەک فیکر و مەعریفە و خوێندنەوەی فەلسەفی و زانستی بە خوێنەری کورد دەفرۆشێت. کاتێکیش پێیدەڵێین کاکی برا جیاوازییەکی گەورە، هێجگار گەورە، لەنێوان کاری فیکری ڕاستەقینە و خوتبەی ناو کۆبوونەوە حیزبیی و جەماوەرییەکاندا هەیە ئیدی ئەو دەستدەبات کتێبی گەورە و "نەفەسدرێژ" دژ بە گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی ڕەهەند دەنووسێ و کورد لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە "ستراتیژییەتی هەژمونگەری""لە ئارادایە، ئەو ڕاستییە بۆ کورد ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵێک نووسەر پەیدابوون نە ڕێزی کەس دەگرن نە ڕێز بۆ هیچ شتێکی پیرۆز دادەنێن و دژی کورد و مێژووی کورد و حیزبی کورد و ئەزموونی ئازادیی کوردن. کاتێک کەسێک ئەو دەیەها هەڵە گەورە و کوشندانە ئاشکرادەکات کە نووسەرانی زۆری لەبابەتی کاک مەلا بەختیار دەیانکەن، لەباتی بەخۆداچوونەوە و هەوڵدانی فێربوون و خوێندنەوەی زیاتر و ناسینی

حەجم و قەبارەی مەعریفی خۆیان، هاواردەکەن ئەمانە دژی کوردن، دژی سیاسەتن، دژی حیزبن، دژی دەسەلاتی مەرکەزین و ساردوگەرمی ڕۆژگاریان نەبینیوە و باشیان بۆ لواوە و مەترسیدارن بۆسەر نەوەی نوێ و هتد... من لە خوێنەر دەپرسم کێ ڕێزی کێ ناگرێت؟ ئێمە ڕێزی فیکر و مەعریفە و ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی ناگرین یان کاک مەلا بەختیار و ئەوانەی وەک کاک مەلا بەختیار بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی لەسەر زەحمەتترین بابەتەکانی فیکر دەنووسن. ئێمە گاڵتە بە عەقڵی خوێنەر و تواناکانی خوێنەر و ڕۆشنبیری کوردی دەکەین یان کاک مەلا بەختیار، ئێمە دەمانەوێت خوێنەر بە هەڵە گەمارۆدرێت و نەهێڵرێت خەیاڵ و بیر و توانا عەقڵییەکانی بکرێتەوە یان کاک بەختیار؟

من لەبەردەم ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار و چەندانی دیکەی وەک ئەودا هیچ ناڵێم تەنها ئەوەندە نەبێت کە خوێندنەوەی قووڵ و ناسینی فیکری بەشەری و فێربوونی مەنهەجی بیرکردنەوە و کردنی نووسین بە جۆرێکی قورس لە بەرپرسیاریەت و پەیامێک شوێنی ڕێز، زەحمەتترین کارێکە ئینسان بتوانێت بەرپرسیارانە پێیانهەڵسێت. بۆ ئەم مەبەستە ئینسان دەبێت ساڵانێکی درێژی عومر تەرخانکا و ڕەنجێکی بەردەوامی خوێندنەوەی مەنهەجییانە و بەخۆداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی ئامرازەکانی بیرکردنەوە و تەعبیرکردن بدات. کاری فیکری زۆر جیاوازە لە قسەزانی و خوتبەدان و حوکمدانی بێبناغە. فیکر لەکوێ و نووسینی ئینشا و فرۆشتنی هەڵوێستی سیاسی کرچوکاڵ و ڕیزکردنی ڕستێک تۆمەتی نابەجێ لەکوێ؟ کاری فیکری پێویستی بە تێرامان و خوێندنەوەی بەردەوام و ورد و دەستپاکی و ڕێزلێنانی خوێنەر و فیکر و مەعریفە و مەنهەج هەیە، ئەوەی ئەم سیفەتانەی تێدا نییە واچاکە توخنی ئەم کارانە نەکەوێت و سەر لە خۆی و لە خوێنەرانیش نەشێوێنێت.

سەرنج:
* بڕوانە: مەلا بەختیار، دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا. لەبلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ. سلێمانی ئابی ٢٠٠٠.

* ئەم نووسینە بەشێکی کەمی ئەو هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییەیە کە لەسەر کتێبەکەی (کاک مەلا بەختیار)م نووسیوە. هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرجەمی ڕانانەکانم وەک کتێبێکی سەربەخۆ بخەمە بەردەستی خوێنەران.

## سەرچاوەکان


1- Christoph Delius en Matthias Gatzemeier, Geschiedenis van de Filosofie, van de klassieke oudheid tot heden. Könemann, Keulen 2000.

2- Denise de Costa, Sprekende stiltes, een postmoderene lezing van het vrouweljke schrift van Irigaray-Kristeva- LyotardKok Agora 1989

3- Didier Eribon, Michel Foucault, een biografie. Van Gennep Amsterdam 1989.

4- Dominiq Floscheid, Van de Middeleeuwen tot nu, 1998 Uitgeverij Aristos bv, Roterdam

5- Geoff Danaher, Tony Schirato and Jen Web: Uunderstanding Foucault.. SAGE Ton publications. London 2000.
6- Kees van der Pijl, Wereldorde en Machtspolitirk, visies op de internationale betrekkingen van Dante tot Fukuyama. Het Spinhuis Amsterdam 1995. (p 42-45)
7- Linssen, Actualiteitsanallyse in het voetspoor van Michel Foucault. In: red. Erik Heijerman & Paul Wouters, Crisis van de Rede? Perspectieven op cultuur. Van Gorcum, Assen 1992.
8- Machiel Karskens, Foucault/ Waarheid als Macht. Te Elfder Ure 37/38 september 1986.
9- Michel Foucault, De Woorden en de dingen: een archeologie van menswetenschappen/ Baarn, Amboboek 1984.
10- Michel Foucault, Remarks on Marx. semiotext (e) Columbia University USA 1991
11- Michel Foucault, Breekbare vrijheid. De politieke ethiek van de zorg voor zichzelf. Boom/Parresia Amsterdam 1998.
12- Michel Foucault, Ervaring en Waarheid. Ducco Trombadori in gesprek met Michel Foucault. Te Elfder Ure. 1985.
13- Michel Foucault, Power-knowledge : selected interviews and other writings 1972-1977 / [by] ; ed. by Colin Gordon ; et al.] Brighton : Harvester Pres 1980

14- Sperna Weiland, De Mens in de Filosofie van de Twintigste Eeuw. ErikMeulenhoff/Kritak Amsterdam, 1999

15- Spectrum filosofie: personen en begriepen van Atot Z. Spectrum. Utrecht 1999.

١٦- مەریوان وریا قانیع، دەسەڵات و جیاوازی، كۆمەڵە وتار. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٠.